کتێبخانەی (PDF)

ئەلیف شەفەق

# سێ کچەکەی حەوا

له توركییەوە
فەرهاد چۆمانی

ئەم ڕۆمانە بە هەموو ئەو ژنە بەرخودێر، بوێر و پڕ خۆشەویستییانەی تورکیا لە هەر بوار و پێگەیەکدا بن، لە کۆلان بێت یان لە خوێندنگە، لە شوێنی کارەکەیاندا بێت یان لە ماڵەوە دووچاری توندوتیژی و هەراسانکردن بوونەتەوە؛ ئەوانەی کە زۆر باس لە مافەکانیان دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا یەکسانیشیان دەدەنە بەر لێپێچینەوە، وە بەداخەوەم کە ناتوانن لە دەوری تەوەری "یەکبوونی کچانە" کۆببنەوە، پێشکەش دەکەم...

Scanned with CamScanner

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ........ ٧

**بەشی یەکەم ........ ١١**

جانتا ........ ١٣

شاعیری بێ زمان ........ ٣٢

چەقۆ ........ ٤٧

یاری منداڵان ........ ٥٣

دەفتەر ........ ٦٨

باخچە ........ ٧٨

جادووگەر ........ ٨٧

حەوزی ماسی ........ ٩٤

بۆشایی ........ ١٠٦

تانگۆیەک لەگەڵ ئیزرائیل ........ ١١٥

شیعر ........ ١٢٤

ڕێککەوتن ........ ١٣٣

Scanned with CamScanner

دوایین خوانی ئێوارەی تورکە بۆرژواکان....................................................... ١٤٤

بەشی دووەم............................................................... ١٥١

زانکۆ............................................................... ١٥٣

بێدەنگی............................................................... ١٧٣

سەرقاڵی............................................................... ١٩٠

ڕاکەر............................................................... ١٩٥

ماسیفرۆش............................................................... ١٩٩

کافیاری ڕەش............................................................... ٢٠٦

فەرهەنگ............................................................... ٢١٣

فریشتە............................................................... ٢١٩

پیرۆزکردن............................................................... ٢٢٦

فوتووی مۆسیقا............................................................... ٢٣٥

کەمەربەندی پاکیزەیی............................................................... ٢٤٤

نەخۆشخانە............................................................... ٢٥٧

تاڵانکەر............................................................... ٢٦٩

ڕاکردنی ئێواران............................................................... ٢٧٣

ڕێگەی سێیەم............................................................... ٢٧٦

Scanned with CamScanner

هۆشداریی مەترسی...... ٢٨٨
گەنجێتی...... ٢٩٤
بیانی هەمەڕەنگ...... ٢٩٨
**بەشی سێیەم...... ٣٠٣**
فێرنە گولە...... ٣٠٥
ستراتیژیی بە بازاڕکردن...... ٣٢٧
لاپەڕەی بەتاڵ...... ٣٣٢
بازنە...... ٣٣٨
ژانووس...... ٣٥٨
مەزلوومەکان...... ٣٦٦
لێکدەرەوەی خەون...... ٣٧٣
سەرشان...... ٣٨٢
پەیامی دەنگیی...... ٣٩١
لیمۆزین...... ٣٩٨
کلوەبەفر...... ٤٠٢
فاڵچی...... ٤١٥

Scanned with CamScanner

بەشی چوارەم ........................................ ٤٢٣
تۆو ........................................ ٤٢٥
خەتاباریی ........................................ ٤٣٦
درۆ ........................................ ٤٥١
سەماکار ........................................ ٤٥٩
لیست ........................................ ٤٦٧
چاکراکان ........................................ ٤٧٤
ڕوخساری ئەویتر ........................................ ٤٨١
ماڵی دیوار شووشەیی ........................................ ٥٠١
سەربازی شەترەنج ........................................ ٥٠٦
ڕێڕەو ........................................ ٥١٣
پەرداخێک لە شەرابی شێری ........................................ ٥٢٢
ئەو بۆشاییەی کە خوداوەند لە دڵتدا دروستی دەکات ........................................ ٥٣٠
کاژی سوور ........................................ ٥٣٦
دۆلاب ........................................ ٥٥١
ئابڕووچوون ........................................ ٥٥٥
سێ خوو ........................................ ٥٦٨

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

Scanned with CamScanner

# جانتا

ئیستانبول، ٢٠١٦

دەمەوعەسری پایزەڕۆژێکی ئاسایی بوو لە ئیستانبول، تووڕە بوو، بە جۆرێک کە تێگەیشت دەکارێ کەسێک بکوژێ. ئەم حیکایەتە لە دەمەوعەسرێکی سەنگین و زیاد لە پێویستیش درێژ، هاوکات هێندەش جیاواز نا لە دەمەو عەسرەکانی دی، دەستی پێکرد. بە ئەزموون لەوە تێگەیشتبوو لەم دونیایەدا ژنە هەرە سەلار و جوانەکانیش هەر کاتێک دەکەونە تەنگاسیی؛ دەهری دەبن و قیامەت بەرپا دەکەن. هیچ کەسێک، بەوانەشەوە کە ئاوەزیاون لە شێتی بێ بەری نین. درکی بەوە کردبوو خۆی نە سەلارە نە جوان، وەلێ ئەوەی دەزانی توانستی لەدەستدانی کۆنترۆڵی لەوانی دی زۆر زیاترە. بەڵام ئەوی ڕاستی بێت پەیڤی "توانست" پەیڤێکی سەیر بوو. سەردەمێک کە وا دەزانرا تورکیا دەبێتە "مۆدێلی هەرە بە ڕۆژئاوایی بوو، دیموکرات و عەلمانی لە جوگرافیای ئیسلامیدا" لە کۆتاییدا مەگەر نەبووە هەواری پێکنەهاتنی توانستەکان؟ کێ دەزانێ ڕەنگبێ ئەمە ماکی شێتیی ئەویش بێت، دروست وایە، بێ ئەوەی پێکبێ؛ پووکایەوە.

هەر باشە ژیان -یان بە ڕوانگەی کەسانێک چارەنووس، ئەها ئەوەی کە دەگوترێ هەرچی بووە و دەبێ هەمووی پێشتر لە لەوحول مەحفووز نووسراوە- وێ لە ئەنجامدانی هەڵەی گەورە

پاراستبوو. ئەمە بێجگە لە خەڵوە[1] و ئەو درۆ سپییانەی کە بۆ دڵخۆشکردنی ئەوانیتر دەیکردن، هەستی دەکرد زیانی بە هیچ کەسێک نەگەیاندووە. هەر خۆی ئەگەر ئەو خەڵوەکردنەیان بە گوناهـ حسێب نەکردبایە زۆر باش دەبوو. هەرچۆنێک بووە هەموو کەسێک ئەم قەدەربازییە دەکات شایەد ئەگەر ئەو خەڵوە بچووکانە بە گوناهی گەورە حسێب بکرێن، ئەوا چاڵی دۆزەخ تا لێوارەکەی پڕ دەبوو. لەم لایەنەوە دڵی ئاسوودە بوو. لە ڕاستیدا دەردی وێ لەگەڵ مرۆڤەکان نەبوو، لەگەڵ خودا بوو. ئەگەر کەسێک هەبێت خۆی پێوە سەرقاڵ کردبێت؛ هەر ئەو بوو. کەسێك هەبێت حیساپاکی لەگەڵدا بکات هەر ئەو بوو.ئەگەرچی دەگوترێ خودا بە زوویی تووڕە دەبێت و بە تەڵەبکاریی ناسرابێت، وەلێ بە هیچ شێوەیەک ئازار نادا، بریندارکەر نابێت.

هەندێکجار بە مەراقەوە لەخۆی دەپرسی؛ هەر بەڕاست بە کێ دەڵێن "دڵزیز"؟ بەرانبەر هەموو کەس و بێ ئەملاو ئەولا باش بوون، مومکینە هەر بە باشی بمێننەوە؟ هەرە عالی جەنابیش خراپە کاریان تێ ناکات- بە ویست یان بێ قەسد.

نازپەری نالبەندئۆغلو لە چاوی ماڵبات و هاوڕێکانی مرۆڤێکی باش بوو- کەسە نزیکەکانی بە پەری ناویان دەهێنا. هاونیشتیمانییەکی ئاوەزیاو، پشتیوانی لە دامەزراوە خێرخوازییەکان دەکات و هۆشداری لەبارەی زەهایمەر بڵاو دەکاتەوە، پارە بۆ ئەو خێزانانەی پێویستیان بە کۆمەکە، کۆدەکاتەوە، سەردانی خانەی بێ سەرپەرشتان دەکات و تاوڵە لەگەڵ دانعەمرە بێ کەسوکارەکان دەکات و بە قەست پێیان

(١) خەڵوە: زەمکردن و باسکردنی ژن یان کەسانی دیکە.

دەدۆزیتەوە. لە ئیستانبوڵ بۆ پشیلە زۆر و زەوەندەکانی سەر شەقام و کۆڵانان مەمکەمژەیەکی لەنێو چانتاکەیدا هەڵدەگرت، بگرە جار جارە لەسەر خەرجی خۆی پاکی دەکردنەوە. لە نزیکەوە چاودێری دۆخی خوێندنی منداڵەکانی دەکات لە فێرگە، بەڕێوەبەر و هاوڕێیانی مێردی داوەت دەکات و خوانی ڕازاوەیان بۆ ئامادە دەکات، لە مانگی ڕەمەزاندا -بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتا و کۆتاییدا- بەڕۆژوو دەبێت، لە ڕۆژانی ناوەڕاستدا بە دزییەوە خۆی لێ دەبوێرێت، لە هەموو جەژنێکی قورباندا بێ گومان مەڕێکی خەناوی سەردەبڕێت. هەر کاتێک کەسانێک دەبینێت لە کۆڵان تف دەکەن، یان پارکەکان پیس دەکەن و لە سوپەرمارکێتەکاندا نۆرە دەشێوێنن، لە ناخەوە کاری ئەوان ڕەخنە دەکات و هەندێکجاریش بەرگە ناگرێت و پێیان دەڵێت. وەلحاڵ لە دەرەوە ڕا لێی ڕامێنی نەک تەنیا کەسێکی باشە، لە هەمان کاتدا هاوژینێکی باش، دایکێکی باش، ژنێکی باشی ماڵ، هاونیشتیمانییەکی باش، مسوڵمانێکی مۆدێرن و هاوچەرخی باش بوو. هەموو دژوازییە نەگۆڕەکانی ئەم؛ وڵاتەیشی لە خۆیدا کۆیکردوەتەوە. لە بونیادی و ڕابردووشیدا، چیرۆکی ژیانی پەری کەمێک لە چیرۆکی تورکیا دەچوو. هۆشناڵۆزیی پەری لە چیرۆکی هۆشناڵۆزیی تورکیا جودا نەبوو.

کات مینا بەرگدوورێکی شارەزا بەبێ کێماسی ئەو دوو پارچە قوماشەی لێکدا بوو، کە ژیانی پەریان داپۆشی بوو؛ ئەو قسانەی دەوروبەری لەبارەی وێ دەیانکرد و ئەوەیش کە چۆن خۆی بیری لەخۆی دەکردەوە. بە ویستی خەڵک لەسەر ئەو و خۆبیری داپۆشرابوو؛ بەجۆرێک پەری ئیتر نەیدەزانی ڕۆژەکانی تاچەند بە ویستی ئەوانیتر و چەندەیشی بە ویست و خواستی خۆی شێوەیان گرتووە. جاروبار لەناخەوە خواستی

ئەوەی هەبوو سەتڵێکی پڕ کەفاو هەڵبگرێت و کۆڵانەکان، مەیدانەکان، بیناکانی دەوڵەت، بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر بنمیچی پەرلەماندا شەڕ دەکەن وە تا دەستی پێدەگات زمانی نەگریسی خەڵک بشواتەوە. هێندە پیسی و قڕێژ هەبوو، ئەوەندە هەڵەی شیاو بۆ ڕاستکردنەوە هەبوو... پەری لێپێچینەوەی لە دونیای دڕندانەی دەرەوەی خۆی دەکرد، بەڵام زۆربەی لە ناخی خۆیدا دەشاردەوە. لەو ژنانە بوو بێ سرەوت خۆی سەرکۆنە و ڕەخنەبار دەکرد. هەر بۆیە کە بەرەو سی و پێنجساڵەی تەمەنی دەچوو، بە ژنێکی سەلار حسێب دەکرا، بە تایبەت لە ڕۆژێکی وەها ئاساییدا دوایین شت کە چاوەڕێی دەکان ڕووبەڕووبوونەوەیەتی دەگەڵ بۆشایی ڕۆحی خۆی.

دواتر، زۆر دواتر، دەیگوت؛ "هەموو ئەمانە بەهۆی ترافیکەوە ڕوویاندا". شارە گەورەکە بوو بوووە گۆڕەپانێکی دێوئاسای بنیاتنان. ئیستانبول بێ کۆنترۆڵ مەزن بووبوو و بەردەوام بوو لە فراوان بوون -ئەم شارە حەیاتەی خۆم، بەبێ ئەوەی بزانێت زۆرتر لە توانای هەزمکردن هەڵیدەلووشێت، هاوشێوەی ماسیەکی قەڵەویچکەی ژاپۆنی لێ هاتبوو کە هێشتا بە چواردەوری خۆیدا بەدوای خواردندا دەگەڕێ. پەری کاتێک ئاوڕ بۆ ئەو ئێوارە شوومە دەداتەوە، شایەد ئەگەر ترافیک وەها نەبوویایەتە گرێکوێرە، لەو بڕوایە دابوو کە ئەگەر ئەو زنجیرە ڕووداوانە نەبوایەن، هەرگیز ئەو بەشانەی لە یادەوەریدا مت بووبوون، بێدار نەدەبوونەوە.

زیاتر لە چل دەقیقەیە، لەگەڵ کیژەکەی، کە لە کورسیەکەی تەنیشتی ڕوونیشتووە لە ترافیکەکەدا ملیم ملیم دەچنە پێشەوە. لەشوێنێک لە بەردەمیان کامیۆنێک وەرگەڕاوە، دوو هێڵی پێشینەی ڕۆیشتن بووەتەوە یەک هێڵ، مارکەی

Scanned with CamScanner

جیاوازی ئۆتۆمبێل تێکچڕژابوونە نێو یەکدی و وەستابوون. ترافیک: مینا دارعەسایەکی سیحری وابوو کەوتبێتە دەستێکی بەدەوە؛ لە کاتێکدا دەقیقەکانی دەبوونە کاتژمێر، مرۆڤەکانی شێتگیر دەبوون و وەسەریان دەپەڕی. هەڵبەتە ئیستانبوڵ گوێی بەمە نەدەدا. هەرچەند هیچ شتێکی وا لەنێو ئەم کاتە، ڕاکەڕاک و سەرشێتییەدا نەبوو. تا سنوورێک بەولاوە هیچ شتێک جیاواز نەبوو ـ ها کاتژمێرێک کەمتر، ها زیاتر، ها پشێوییەک کەمتر، ها شێتێک زیاتر.

شێتی، وەک ماددەیەکی هۆشبەر بە دەمارەکانی شاردا دەگەڕا. هەموو ڕۆژێ ملیۆنان ئیستانبوڵی، ڕەچەتەیەکیان لەو سەرووەوە وەردەگرت. ئەوانەی کە وشەیەکیش بەیەکەوە نەدەدوان، سڵاویشیان نەدەکرد، ئەو مرۆڤانەی پارووێکیشیان لەگەڵ یەکدی نەدەبەشییەوە، بێ ئەوەی درک بکەن شێتێتیان لەنێو خۆیاندا دەبەشییەوە. شتێک هەبوو بە ناوی "هۆشلەدەستدانی بە کۆمەڵ". هۆشلەدەستدانی پێکڕایی. ئەگەر ژمارەیەک پێکەوە هەمان خەیاڵ بکەن، ئەو دەم چیتر خەیاڵ نا، بە حەقیقەت هەژمار دەکرا. ئەگەر ژمارەی پێویست لە مرۆڤەکان بەو ڕاستییە تاڵە پێبکەنن، لەوە دەکەوێ تاڵ بێت، بەڵکو دەبێتە گەپێکی کۆمێدی.

"دەکرێ واز لە خواردنی نینۆکەکانت بهێنیت ئیتر؟" لە پڕ پەری ئاوا لە کچەکەی دەرهەڵ بوو. "دەبێ چەند جاری دی پێت بڵێمەوە؟"

"ئێی دایکە بەتۆ چی! نینۆکی خۆم نییە؟" دەنیز وای گوت و بە خواستی قوتدانەوەی تووڕەییەکەی قومێکی لەو پەرداخە کاخەزییەدا، کە لەنێوانیان دانابوو.

بەر لەوەی بەڕێکەون لەلای لقێکی ستاربۆرەک لایاندابوو.

Scanned with CamScanner

بەم دواییانە ئەم ستاربۆرەکە زۆر بەناوبانگ بووبوو چەندین جار لەلایەن ستاربەکس ـەوە بەهۆی بەکارهێنانی لۆگۆ، مینو و ناوەکەیانەوە دۆزیان دەرهەق کرابووەوە، وەلێ بەهۆی بۆشایی یاساییەوە هێشتا ئەو زنجیرە کافێیە توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێت. لەوێ دوو خواردنەوەیان هێنا: بۆ پەری دییت لایت، بۆ کچەکەیشی فراپووچینۆیەکی بە کرێم و پارچە چۆکلاتەوە.

پەری هەر زوو ئەوەی خۆی تەواو کرد، بەڵام دەنیز وەک باڵندەیەکی بریندار هێواش هێواش دەنووکی لێ دەدا و تا پێی دەکرا درێژی دەکردەوە. ئەو خۆرەی لە ئاسمانێکدا خەریک بوو کزدەبوو دوایین تیرێژەکانی بە سەربانی خانووە بێ تاپۆکان، گوممەزی مزگەوتان و شووشەی هەوربڕەکانی بە ڕەنگێکی شێوە ژەنگ بۆیە دەکرد. ئەویش بە هێواشی.

"ئەگەر نینۆکەکە هی خۆتە، ئۆتۆمبێلەکەش هی منە" پەری لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی. "لێی دەکەیەوە و فڕێی دەدەیە بەر پێی خۆت."

ئەم پەیڤانەی لە زاری هاتنە دەرێ و نەهاتن هەستی بە پەشیمانی کرد. ئۆتۆمبێلی من!!! چ قسەیەکی ناخۆشە. ئەمە قسەیە مرۆڤ بە منداڵەکەی خۆی -یان هەر کەسێکیتر- بڵێت! پارەوپوول بەر بینایی گرتبوو، یان سەوداسەریی بۆ ماڵ و موڵک کردبوویە یەکێک لەو بیچمە ناجوورانە؟ بە غەمێکەوە لێوەکانی جاوین. شەرمی لەخۆی کردەوە.

هەرچی دەنیزە گوێی پێ نەدا. دەستی لە شان و قۆڵە چلسک و لاوازەکانی وەریتان و لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوە ڕاما. لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام بوو لەسەر لێکردنەوەی نینۆکەکانی.

ترافیکەکە بڕێکی دی جووڵەی تێکەوت. جووڵەی ئەو ڕەنج

ڕۆفەرە ـی ژێریان و هەوەسی جووڵەکردنی و دەنگی لاستیکی تایەکـانی و وەسـتانی یەک بـوو. بەپێـی ئەو کەتەلـۆگەی لای بریکـارەکە هەبـوو ئۆتـۆمبێلەکە شینی مۆنتیکـارلۆ بـوو کە پێـی دەگـوترا "مۆنتیکـارلۆ بلـو" لە بروشـوورەکەدا چەنـد ڕەنگێکـی دیکەشی هەبوون: سـپیی داڤـۆس، ئەرخەوانـی ڤینیسـیا، سـووری ئەژدیهـای ڕۆژهەڵاتـی دوور، پەمەیـی بیابـانیی سـعودیە، خـاکی تیمی پۆلیسی غانا یـاخود سەوزی تـابووری سوپای ئیندۆنیسیا. کــێ دەزانــێ داخــۆ کــێ ئەو نـاوانە بەم ڕەنگـانە دەدا؟ بە چ عەقڵێک و بۆچی؟ پەری مەراقی کـرد داخـۆ شـۆفێرەکانی دی، ئەوانەی دەوروبەری هەســتیان بەوە دەکــرد کە ئەو ئۆتــۆمبێلە گرانبەها و پۆزبەخشانەیان بەستۆتەوە بە جلوبەرگی پۆلیسـی غانـا یان گێژەڵووکی سەحرا و بیابان؟

هەر ڕەنگێک بن، ئۆتۆمبێلە لوکسەکانی ئیستانبوڵ لە کێبڕکێ دابوون. لە سەگی جۆری کانیس دەچوون، ئەها ئەوانەی کە بـۆ ژیانێکی ئاسـوودە و ئاسـان هـاتوونەتە دونیـا، بەڵام بە جۆرێـک ڕێگەیان لێ هەڵەتە دەبێت و خۆیـان لە دەوروبەرێکـی نائاشـنادا دەبیننەوە، هەر ئاوا زۆربەی ئۆتۆمبێلەکـان وەک سـەگە سـادە و ڕەسەنەکان جێ جێ ڕاوەستابوون. پێشبڕکێی ئەو ئۆتـۆمبێلانەی پێشبڕکێ کەوتوونەتە نێو ئاسـتەنگی نەدۆزینـەوەی شـوێنێک بـۆ خێرا ڕۆیشتنیان، ئەو هەموو ئۆتـۆمبێلە گرانبەهایـانەی کە تەنیـا لە وڵاتانی دوور و لەسـەر تەلەفیزیـۆن بینـراون و تەنیـا بـۆ ڕێـگەی کراوە و بەرفراوان دروستکراون گیرۆدەی ترافیکێکن کە بووەتە دەربەسـت لەنێـو شارێکیشـدا کە ڕووکـارەکەی درەوشـاوەیە و ژێرەوە کۆنین.

پەری گوتی: "لە شوێنێک خوێندوومەتەوە وەک خراپترینی دونیا هەڵبژێردراوین".

"چی؟"

"مەبەستم لە ترافیکە. یەکەمین لە دونیادا. بگرە لە قاهیرەش خراپترین، ئیدی حسابی خۆت بکە. هەتا لە دەلهیش خراپترا واتە هیندیستانمان تێپەڕاندووە."

ئەگەرچی پەری نە قاهیرە و نە دەلهی-شی بینیبوو. قەیدی نییە، خۆ هیچ گومانێکی نەبوو کە ئیستانبوڵ زۆر لەو شوێنە دوورەدەستانە مەدەنیترە. هەر هیچ نەبێ ئەم شارە دەروو دراوسێی ئەوروپایە. ئەم هەموو نزیکیە دەبێ مانایەکی هەبێت. بگرە هێندە نزیک بوو ئەو مەمڵەکەتە گەورە پێیەکی بردبووە ئەودیوی دەرگای ئەوروپا، سەردەمێک بە هەموو حەز و ویستی خۆیەوە مەیلی لە چوونە ژوورەوە بوو؛ وەلێ لە کاتێکدا دەلاقەکە هێندە تەسک بێت هەرچەندە بەشەکانی تری لاشەکە پاڵ بنێ ئەوەتا تێوەناچێت. ئەمە جگە لەوەی ئەوروپا بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە دەرگای بە ڕوودا دابخات.

"چەند باشە، هەر زۆر باشە" دەنیز وای گوت.

"چۆن زۆر باشە؟" پەری بە سەرسامییەوە پرسی.

"بەڵێ چۆن. هەر هیچ نەبێ ئەوەتا لە شتێک بووینە یەکەمی هەموو دونیا، مەگەر خراپە؟"

ماوەیەکە پەیوەندی نێوانیان بەم بارەدایە. هەر کاتێک پەری لە هەر بابەتێکدا بێت بیر و ڕامانی خۆی بخاتەڕوو، دەنیز دەستبەجێ پشتگیری لە بۆچوونی پێچەوانەی وێ دەکرد. گرنگ ئەوە نییە قسەکانی پەری چەندە لە شوێنی خۆیانن و تاچەند لۆژیکین، لەلایەن کچەکەیەوە ڕووبەڕووی کاردانەوە دەبوونەوە. باشە، ڕاستە دەنیز سیانزە ساڵان بوو و دەیانەوێ لەژێر کاریگەری باوانیان -بەتایبەتی دایکیان- دەرچن. پەری ئەمەی دەزانی. تێدەگەیشت. بەڵام ئەوەی عەقڵی نەیدەبڕی ئەوەبوو بۆچی کچەکەی هێندە تووڕەیە. پەری داماو لە هیچ کام لە

قۆناغەکـانی ژیـانی، بگـرە لە تـافی لاوێتیشـدا ئـاوا تـوورە و ڕقئەستوور نەبووە. ڕاستییەکەی وابـوو کە ژیـانی سـەڵتی خـۆی زۆر سەختتر گوزەراوە. هەلومەرجەکـان سـەختتر بوون. دایکـی وێ نیو هێنـدەی خـۆی عەقڵانـی و بەرپرسیارانە هەڵسـوکەوتی نەکردووە. سەرباری هەمـوو ئەمـانە پەری لە تـافی لاوێتیـدا ئـاوا دەرهەڵ نەبـووە و فـرتەنەی بەرپـا نەکـردووە. ئێسـتا لەبەردەم تەقینـەوەی تـوورەیی کچەکەیـدا دەسـت و قـاچی بەلایەکـدا کەوتوون، لەخۆی توورە دەبوو لە ڕابـردوودا بەپێـی پێویسـت لە دایکـی تـوورە نەبـووە. لە ڕاسـتیدا ئەو کـاریگەریەی لەنێـوان: داپیرە، دایک، کچ ئەم سێ نەوەیەدا هەبوو شتێکی سەیر بوو.

پەری لەبەرخـۆیەوە ورتەی لێوەهـات: "کاتێـک دەگەیـتە ئەم تەمەنی من تۆش لەم شارەدا هەدا نادەیت".

دەنیـز لاسـایی کـردەوە، *کاتێـک دەگەیـتە تەمەنـی مـن...*" بە دەنگێکی داشۆرینەوە: "پێشتر بەم جۆرە قسەت نەدەکرد."

"چونکە پێشـان ئەم نێوە هێنـدە وێـران نەبـوو. تـادێ هەمـوو شتێک خراپتر دەبێت.!"

"نـا دایە گیـان، لەبەر ئەمە نییە. بەهـۆی ئەوەیە پیـر دەبیـت" دەنیز وای گـوت، بە دەنگێـک ئەمەی گـوت کە نیشـانی بـدات بێزار بووەە. "ئەم سەردەمەدا ئەوە تەمەن نییە مرۆڤ پیر دەکـات، بەڵکو شـێوازی قسـەکردن، شـێوازی پۆشـین، سـەیرێکی خـۆت ناکەیت!"

"ئاااا، بۆچی چیمە؟"

بێدەنگی.

پەری بە ڕاڕاییەوە سەیرێکی جلوبەرگەکەی بەری کرد. ئەمە سەرباری ئەوەی زۆر لەخۆی خەوتابوو. ئەو جلە قەدیفە مۆرەی کە لەگەڵ چـاکەتە بە مەرجـان و کـاری دەسـتییەکەی لەبەری

کردبوو لەو شوێنە کڕی بوو کە تازەگی لەپاڵ شوێنی بازاڕکردن کرابووەوە -دەتگوت تازە یەکێک ئەوەی دیکەی بووە- دەستە جلێکی گران بوو. کاتێک نارەزایی بەرانبەر نرخەکەی دەربڕیبوو دوکاندار هیچ شتێکی نەگوتبوو، لێوی داقورچاندبوو و بە بزەیەکی تەنزئامێزەوە لێی ڕامابوو وەک ئەوەی پێی بڵێ؛ "ئەگەر پارەکەت بەشی ناکا بۆچی هاتوویتە ئێرە ژنێ؟". ئەم سەیرکردنە لە بەرزەوە ڕایە کاری لە پەری کردبوو. "دەی قەینا، دەیبەم" ئەمەی گوتبوو لەکاتێکدا دڵنیانەبوو کە ئەم دەستە جلەی دەوێ. ئەوە ئێستاش تەسکی جلەکان بە پێستی هەست پێ دەکات، بژاردەی هەڵەی ڕەنگەکەی دەبینی، ئەو مۆرەی کە لەژێر ڕۆشنایی گڵۆپە فلۆرەسێنەکاندا بوێر و شیک دیاربوو، لە دەرەوە مات، بگرە نابەرچاو دیاربوو.

ئەمانە بیرکردنەوەی بێهوودە بوون، جگە لەمە کات نەبوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ و خۆی بگۆڕێ. بۆ ئێوارە لەلای سەرمایەدارێک داوەت بوون کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا پارەیەکی خەیاڵی کۆکردووەتەوە. بە پێوودانگی تورکیا دارابوونی پیاوەکە ڕیزپەڕ و نائاسایی نەبوو. ئیستانبوڵ پڕ بوو لە جێلێکی نوێی دەوڵەمەند، بەتایبەت لەوانەی کە مەبەستیانە تا بکرێ بە دزەڕێ و لاڕێدا پارە کۆبکەنەوە.

لەوەتەی هەیە حەزی لەم جۆرە داوەتی شەوانە نەبووە کە تا درەنگانێکی شەو درێژە دەکێشن. ئەگەر بەویستایە لە ماڵ دەمێنێتەوە، سەری دەخاتە نێو لاپەڕەکانی ڕۆمانێک و کاتژمێرەکانی شەوی ئاوا بەسەر دەبرد. حەزی لە خوێندنەوەی کتێب بوو، بگرە زۆریش. پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لە ڕێگەی وشەکانەوەیە. ئێوانی لەگەڵ تەنیایی خۆش بوو. ئەگەرچی تەنیایی لە ئیستانبوڵدا نیعمەتێک بوو بە دەگمەن دەستدەکەوت.

هەمیشە چالاکی یاخود ئەرکێکی وە ئەستۆ دەگرت کە پێویست بوو جێبەجێی بکات - ئەم کۆمەڵگایە دروست وەک منداڵێک کە لە تەنیایی دەترسێت بێ سرەوت دەیەوێ سۆسیاڵ بێت. لەسەر خوانی بۆرژواییەکان ئەو هەموو کەلام و ئیکرامە. جگەرە، دەمودوو، سیاسەت. پۆشاک و پێڵاوی مارکە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر چانتای دروستکراوی دەستی شارەزایان. پەری لە پێوەگرتن بە جلوبەرگی یەکدی لەلایەن هاورەگەزەکانییەوە حاڵی نەدەبوو. هەندێک ژن وەها چانتاکانیان هەڵدەگرت وەک ئەوەی غەنیمەتێک بێت لە شەڕی شوێنانی دوور بەدەستیان هێنابێت. مرۆڤ چۆن و بۆچی دەبێ فیز لێ بدات بەوەی پارچە چەرمێکی کڕیوە؟ هەروەها ئەو مەسەلەی ساختە و ئەسڵییەش هەیە. خانمانی چینی ناوەند و دەوڵەمەند کاتێک کەلوپەلی ساختەیان دەکڕی بۆ ئەوەی لە قەیسەری و دوکانە گومانبارەکانی دەوروبەری نەبینرێت، خاوەن دوکانەکانیان بانگدەکردە ماڵێ. ئۆتۆمبێلەکانیان پڕ لە شانێل، لویس ڤیتۆن، بۆتێگا، جامەکانیان ڕەش و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانیان لەبەر قوڕ و چڵپاو نەدەخوێنرانەوە (شوێنەکانی دیکەی ئۆتۆمبێلەکە خاوێن و باوێن)، تەقەڵی لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوونی خواپێداوەکان لێدەدا، وەک ئەوەی لەنێو فیلمی سیخوڕی دابن ئۆتۆمبێلەکانیان دەخستنە نێو گەراژە تایبەتەکانی ڤێلاکان. پارەکە بە نەختی دەدرا، پسوڵەیان پڕ نەدەکردەوە و هیچ پرسیارێکی دیکەش نەدەکرا. لە چالاکی داهاتووی کۆمەڵایەتیدا دیسان هەمان خانمەکان بە تیلەی چاو سەیری چانتای یەکدیان دەکرد. لە ڕاستیدا ئەمە زەحمەتییەکی زۆر بوو. ئەگەر ئەو هەموو وزەیە لە کارێکی تردا خەرج کرابوایە باشتر نەدەبوو؟

«ژنان بۆچی هێندە یەکدیان بەچاو دەپێوا؟»بە دیقەتەوە، بە

پێشــداوەرییەوە، بە مەراقێکــی هەڵچــووەوە چاویــان تێدەبڕی و بەدوای هەڵە دیار و نادیارەکاندا دەگەڕان.جوانکــاریی نینۆک، کێلۆ زیادەکــان، خنــێ شــۆڕبووەوەکان، چەوریــیە لێکراوەکان، ڕوخســارە بۆتۆکســییەکان، تارمــاییە شــاردراوەکان، ئەو قژانەی ڕەنگی تۆخیان لێ درابوو. زیپکە و چرچ و لۆچییە شاراوەکانی ژێــر چیــنە بۆدرەکــان... هــیچ شــتێک لەو دزە نیگایــانە قوتــاری نەدەبوو. لە هەموو داوەتییەکدا زۆربەی ژنەکان هەم قوربانی هەم بکەری ئەم کونجکۆڵییە بێ ئامانە بوون. ئەوی ڕاستی بێت پەری هیچ حەزی لەوە نەبوو بچێتە ئەم ئێوارە خوانە خۆنمایشییە.

پەری بێ بیرکردنەوە بە دەرفەتی زانی بۆ ئەوەی کــچەکەی قاچەکــانی بکێشــێتەوە و بــای باڵەکــانی بــدات جگەرەیەکــی داگیرساند. دە ســاڵ زیــاتر بــوو وازی لە جگەرەکێشــان هێنــابوو. بەڵام بەم دوایــیانە پــاکێتی هەڵــدەگرت. جــار جــارە ئــاوا بەبای دەکــرد. ئەگەرچــی بە چەنــد مژێــک دڵــی دادەکەوت و فڕێی دەدا. کاتێک پاشماوەی جگەرەکەی فڕێــدەدا هەســتی بە تەنکە خەتابــارییەک دەکــرد. دواتــر بــۆ ئەوەی تــامی دەمــی خــۆش بکاتەوە بنێشتی نەعنای دەجووت، ئەگەرچی زۆریش حەزی لێ نەبوو. "ئەگەر جۆرەکــانی بنێشــت نمــوونەی ڕژێــمە سیاســییەکان بوایەن، بێ گومــان بنێشــتی نەعنــا فاشــیزم دەبــوو" بەردەوام ئــاوا بیری دەکردەوە - تۆتالیتار، ستەمکار، بێ بەرهەم.

"ئەرێ دایە دە ئەم نەفــرەتە بکــوژێنەوە" دەنیــز هەر کە پێــی نایەوە نێو ئۆتۆمبێلەکە وای گوت؛ "مەگەر نازانی زیانمەندە؟" منــداڵان لەم تەمەنە وەهــا مامەڵەیــان لەگەڵ جگەرەکێشــەکان دەکــرد وەک ئەوەت خــوێنمژ بــن و لە تابووتەکانیــان هــاتبنە دەرەوە. دەنیز چەند هەفتەیەک پێشتر لە خوێنــدنگا سیمینارێکی لەبارەی زیانەکــانی جــگەرە پێشــکەش کردبــوو، نمــرەی تەواوی

بەدەستهێنابوو. لەوێڕۆژێـوە بە هەوەس و ڕژدییەکـی زۆرتـرەوە جاڕی شەڕی دابوو لەگەڵ هەر جۆرێکی تـوتن (بە تـایبەت لە دژی جگەرەکێشانی دایکی).

"باشـە، باشـە" پەری وای گـوت، وەک ئەوەی بـیەوێ بەم جوڵەیەی  دەستی لەسەری خۆی دووری بخاتەوە.

"بەخوا من سەرۆککۆمار بوایەم ئەو دایک و باوکانەی لەکن منداڵەکانیان جگەرە دەکێشن هەر بەراستی سزام دەدان!"

"دە باشە هەر باشە تێکەڵی سیاسەت نابێت" پەری بە چرپەوە ورتەیەکی وای لێوە هات. دواتـر بۆ ئەوەی جامەکەی بکـاتەوە دوگمەکەی داگرت.

ئەو دوکەڵەی بۆ دەرەوە بەبای کرد پێچێکـی دا؛ بەجۆرێـک کە چـاوەڕێی نەدەکـرد لە پەنــجەرە کـراوەکەی ئۆتـۆمبێلی تەنیشیانەوە چووە ژوورێ. شتێک کە مرۆڤ لەم شارەدا نەتـوانێ خۆی لێ قوتـار بکـات هەر ئەمە بـوو: ناچار بـوون بە ژیـانێکی تـێکەڵ و بەیەکـداچوو لەگەڵ کەسـانی دیـکەدا. لە شـەقامە پیادەکـان تـاکە جەسـتەیەک دەڕوات: ڕێبوارەکـان لەنێـو کەشـتییەکاندا بەپـاڵ یەکـدییەوە دادەنیشـت؛ لە ئۆتۆبـووس و میتـرۆدا مرۆڤەکـان دەچـنە بـاڵ یەکـدییەوە. بەریەک دەکەون، جەستەکان لێک دەخشێن، وەک تـوخمە بەباچووەکـانی گـوڵە پەپوو[1]

دوو پیـاو لەنێـو ئۆتـۆمبیلی تەنیشـتیان دابـوون. هەردووکیـان وێکـڕا ڕوو لە پەری خەنینەوە. بـۆ هەر ژنێـک کە لە ئیسـتانبوڵ دەژیـت پێویسـتی بە دانەیەک لە *فەرهەنگـی سـەرەتایی باوکسالاری* هەیە. پەری کە ئەوەی هاتەوە بیر  بەپێی ماددەکانی

(1) Taraxacum officinale

ئەو فەرهەنگە: ئەگەر ژنێک دوکەڵ بە ئاراستەی پیاوێکی نەناس (ئۆتۆبێلەکەی) دەربداتەوە ئەمە بە ڕوونی داواکردنی سێکس لێی، بەمە ڕوخسار و پێستی سوور هەڵگەرا. ئەم شارە دەریایەکی بە گێژەن بوو. ژنان لەنێو ئەو پیاوانەدا کە هاوشێوەی شاخە بەفرینەکان کەمێکیان دیارە و نازانرێ لەژێرەوە چیان شاردوەتەوە دەگەڕان. یەکسانی بە گوتەش بوونی نەبوو، تا بە ڕاستی هەبێت.

«لەم کلتوورەدا چاوەڕوانی بۆ ئەوە هەبوو ژنان بەردەوام چاو لەبەر پێی خۆیان بېڕن. دەبوو ئەم جنسە لەتیفە بۆ ئەوەی پەیامی ئابڕوومەندیی بدات تا دەتوانێ سەری خۆی شۆڕ بکاتەوە». بەم حاڵەوە مرۆڤ چۆن دەکارێ ئۆتۆمبێل لێبخوڕێ، چۆن دەتوانێ بە ڕێگادا بڕوات، هەڵبەتە ئەمەش بابەتێکی دیکە بوو. ئەمە وێڕای ئەوەی مرۆڤ دەبوو لە هەمبەر مەترسییەکانی شار، بە تایبەت جارسکردن و دەستدرێژییدا بەردەوام لەسەر هەست بێت.» وەلحاڵ پەری لەوە حاڵی نەدەبوو چۆن چاوەڕێ دەکرا ژنان هەم چاوبەرەژێربن و هەم هەر چاوێکیشیان بکەنە چوار چاو. بۆ ئەوەی خۆی لەو پیاوانەی لە ئۆتۆمبێلی تەنیشتیدا بوون ڕزگار بکات هەرزوو جگەرەکەی فڕێدا دەرەوە و جامەکەی داخستەوە. لەو ساتەدا ئاگای لێ نەبوو کە چرای ترافیکەکە لە سوورەوە بووەتە سەوز. ئاگایشی لێ بوایە خۆ هیچ شتێک وەجوڵە نەکەوت.

بەڵام لەودەمەدا لە ناوەڕاستی ڕێگادا چاوی چووە سەر دەربەدەر و کۆڵانگەڕێک. لە درێژیدا دەتگوت کۆڵەکەیە، دەموچاو تیسکن، چرچ و لۆچی نێوچاوانی لەتەمەنی خۆی پیرتری نیشان دەدا. لەکەی سوور بە چەنەگەیەوە بوون، بڵق و بڵۆقی ئێگزیما بە دەستوپلییەوە بوون. بیری کردەوە کە "یەکێکە

لەو هەزاران سووریانەی کە ژیانی خۆیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشتبوو و ڕایانکردبوو". ئەگەرچی خەلکی ئێرەش دیار نەبوو وەلێ دەشیا هەویش بێت. تورک یاخود کورد یان قەرەجێک، یاخود هەموویان بەیەکەوە. لە مەملەکەتێکی وەها پڕ گۆڕانکاری، کۆچ و تێکەڵدابیە کێ دەتوانێ بێتو بلێ سەدا سەد لە ڕەگوڕیشەی تاکە ئێتنیکێکەوە هاتووە- هەڵبەت ئەگەر ڕاست و ڕەوان درۆ لەگەڵ خۆی و منداڵەکانی نەکات.

پیاوەکە قاچ و بەلەکی بە قوڕی وشکبووەوە بوون. ئەو پاڵتۆ دڕاو و زوێڵەی کە ئێخەکانی بەرز کردبوونەوە بەهۆی قرێژ و چلکەوە ڕەنگی بۆ ڕەش گۆڕابوو. نیوەجگەرە بە سووراوەکەی پەری هەڵگرتەوە و بە کەیفەوە قومی لێ دەدا. غروور، بگرە مەیدانخوازیی لە نیگاکانیدا هەبوو. دەتگوت زیاتر لەوەی قەرەجێک بێت، ئەکتەرێکە ڕۆڵی قەرەجێک دەبینێت و لە نمایشەکەی خۆی زۆر دڵنیایە و چاوەڕێی چەپڵەڕێزانە.

بەمشێوە ژمارەی ئەو پیاوانەی کە دەبوو پەری خۆیان لێ لەبای گێلی بدات ژمارەیان گەیشتە سێ پیاو، بە شڵەژاوییەوە ڕووی وەرگێڕا. مەلێ ئەو پەرداخی قاوەیەی لەنێوانیان دابوو وەبیری نەمابوو. دەست بەرکەوتن و ڕژانی هەموو شلەکە بەسەر جلەکانی یەک بوو.

"ئاهــــ، دە ئیتر نـا!!!" پەری لە کاتێکدا بە تۆقینەوە لەو لەکەیە ڕادەما کە جلەکانی داگرتبوو ئاوا زریکاندی.

دەنیز فیکەیەکی لێدا، زۆر ڕەزامەند بوو بەوەی ڕوویدا.

"تۆش دەتوانی بلێی نەخشێکی مۆدەی تازەیە" وای گوت.

"مۆدێلی جلی بە قاوە!"

پەری گوێی پێنەدا. بەدەم ورتە ورتەوە دەستی بۆ چانتاکەی ڕاهێشت کە لەنێو قاچەکانی دانابوو -ڕەنگ ئەرخەوانی، بە

پیسەی وشترمل داپۆشراو، تەقلیدێکی لێزانانە بوو، هەڵبەتە ئەگەر گیرەی[1] هەڵەخوێندنەوەی وشەی هەرمێس حساب نەکەین. پاکەتێک کلینسی دەرهێنا. لە کاتێکدا دەیزانی ئەگەر هەوڵی سڕینەوەی بدات پەرتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدا بەم سەرە ئاڵۆسکاوەوە هەڵەیەکی کرد کە هیچ کام لە شۆفێرە ئەزموونداره‌کانی ئیستانبوڵ نایکەن: جانتاکەی فڕێدایە کوشنی دواوە، ئەوە لە حاڵێکدا کە دەرگاکان کلۆم نەدرابوون.

پەری بە تیلەی چاو هەستی بە جوڵەیەک کرد. کچە سواڵکەرێکی زۆر زۆر تەمەن دوانزەساڵانی بەدیکرد ڕووەو ئەوان دێت. بە جلوبەرگێکی فشوفۆڵەوە کە بەدەنە لاوازەکەی ڕادەفڕاند، لەپی دەستی بۆ پێشەوە ڕاگرتبوو، بەبێ ئەوەی لە ناوقەد بەرەو خوارەوەی بجوڵێ، دەتگوت لەنێو ئاودا بەرەوپێش دەڕوات. لەپاڵ هەر ئۆتۆمبێلێک نزیکەی دە چرکە دەوەستا و دەچووە لای ئەوی دواتر، جگە لەوەی ئەزموونی ئەوەی وەرگرتبوو کە ئەگەر لەو ماوە کەمەدا هەستی بەزەییان زیندوو نەکاتەوە هەرگیز زیندوو نابێتەوە. ئەها باسیان لەوە کردووە "مرۆڤ لە یەکەم نیگا عاشق.."، کچیژگە هیچ ئەگەرێکی بۆ ئەمە نەدەهێنشتەوە، بەڵام شتێک هەبوو بەناوی "بەزەیی لە یەکەم نیگادا". لەمە دڵنیابوو، ئەوەی پێی دەتوگرێ بەزەیی لەمدا هەیە و لەودا نییە. چاوەڕوانیکردن لەوانەی کە نیانە بێ مانا بوو.

کاتێک کچەکە لە ڕەنج ڕۆڤەرەکە نزیک کەوتەوە هەم پەری هەم دەنیز بەشێوازێکی خۆکارانە سەریان وەرسووڕاند. لەگەڵ ئەوەشدا سواڵکەرەکانی ئیستانبوڵ بۆ فەرامۆشکردن و ئاوڕلێنەدانەوە لەسەر هەست بوون و ڕاهاتبوون. لەو ساتەدا کە

(١) گیرە: ئەکسێنتی ئینگلیزی. نەتوانینی بەباش گۆکردنی وشەیەک. زۆرتر لەکاتی ئاخاوتن بە زمانێک کە زمانی دایکی نەبێت.

دایک و کچ سەریان وەربادایەوە، کچێکی دیکەی لە هەمان تەمەن لەپی دەستی کردبووەوە و چاوەڕێ بوو. ئەگەر خۆیان لەو سوالکەر دزیوەتەوە لەلای ئەوی دیکەوە تووش دەبوون.

بەهەرحاڵ لەو ساتەدا چراکە سەوز بوو و ترافیکەکە وەک سۆندەی باخچەیەک کە فیچانەوەکەی چاککرابێتەوە و فیشکە بکات ئاوا بەربوو. پەر لەو دەمەدا کە ویستی پێی بە بەنزیندا بنێ بیستی دەرگای دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی بە خێرایی فیسکەکردنی چەقۆیەک کرایەوە و داخرایەوە. لە ئاوێنەکەیەوە بینی کە چانتاکەی وەک ئەوەی بە پەتێک ڕابکێشرێ لە ئۆتۆمبێلەکەیەوە دوورخرایەوە.

"دزەکان!" ئاوا هاواری کرد پەری. بەهۆی شڵەژاویەوە دەنگی کەوت. "یارمەتیم بدەن، چانتاکەمیان دزی! دزا!"

ئۆتۆمبێلەکانی دواوە بێ ئاگا لە ڕووداوەکان، بە هەوەسی ئەوەی ساتێک زووتر بڕۆن شێتانە دەستیان لەسەر هۆڕنەکانیان داگرت. دیاربوو هیچ کامیان نیازیان بە کۆمەککردن نەبوو. پەری ساتێک، تەنیا ساتێک تێستێکی کرد. لە هیکرا لێزانانە سووکانەکەی بادایەوە و ئۆتۆمبێلەکەی لە ڕیزەکە دەرهێنا، لایدایە لای شۆستە و چواریەکەی داگیرساند.

"ئەوە چی دەکەی دایکە! شێت بووا!"

پەری وەڵامی نەدایەوە. کات نەبوو تا تێبیگەیەنێت. بینی دەرۆزەکەرەکان بەکام ئاراستەدا ڕایانکرد. هەستێک لە ناخییەوە - ڕەنگبێ پاڵنەرێکی ئاژەڵی- دەیگوت کە دوایانبکەوێت و بیاندۆزێتەوە و چانتاکەی وەربگرێتەوە.

"دە وازی لێبێنە دایکە. هەیە و نییە چانتایەکە. بگرە ساختەشە!"

"پارە و کرێدیت کارتەکانمی تێدان."

دەنیز بە نیگەرانییەوە لێی ڕاما. نەیدەویست نیگاکانی لەسەر لا بیات. دیاربوو کە هەمــوو سەرسـەختییەکەی، زمانە زبـر و دڵرەقییەکەی بەرانبەر دایکی بوو. نیازی نەبوو لەبەردەم خەلکدا لێی تیژ بێ. زیاتر لەوە دڵنیابوو کە لەنێـو دەریـای خۆڵەمێشیدا دڵۆپێکی خۆڵەمێشی بێت و ئەهوەنی بەو ناوە ببەخشێت و بچێتە نێوانەوە.

"لێرە دانیشە، دەرگاکـان کلۆم بـدە، چاوەڕێم بـکە" پەری وای گوت. "بۆ تاکە یەکجار چی دەڵێم ئاوا بکە، تکایە!"

"بەڵام دایکە... شێت بووی؟"

"بە ڕێزەوە قسە بەرانبەر من بکە!" پەری وای گـوت. بێ بیر کـردنەوە، بگـرە بـێ هـیچ بیرکـردنەوەیەک، لە ئۆتـۆمبێلەکەوە فڕکانی دەرەوەی کرد. لەبیری چووبوو کە پێڵاوی پاژنە بەرزی لەپێدایە. پێڵاوەکانی داکەنـدن و بەپێخواسـی هەنگـاوی نـا. لەو دەمەدا دەنیز بە حەپەساوییەوە چاوەکـانی بووبـوونە بەردەفاڵی[1] حەوت ڕەنگ و بە دەمی ئاوەڵاوە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەوە تەماشای ویی دەکرد.

پەری هەڕاکەی کـــرد. بەبەرچـــاوی دەســـتەیەکەوە، بە هەسـتکردن بە هەمـوو قوڕسـایی تەمەنـی، ڕوومەتەکـانی سوور هەڵگەڕاو، ژنـی ماڵەوە، دایکـی سـێ منـداڵ هەڕاکەی دەکرد. هەسـتی بەوە دەکـرد کە مەمکەکـانی لەنێـو جـلە مۆرەکەیـدا هەڵدەبەزینەوە، بەڵام هیچی لەدەست نەدەهات. هاتەوە بیـری کە لە گۆڤارێـک خوێنـدبوویەوە بـۆ ژنـانی وەرزشـەوان پەرە بە "ستیانێک کە کۆتایی بە هەڵبەزینەوە مەمەکـان دەهێنـێ" دەدرێ. خۆزگە یەکێک لەو داهێنانە پەرجووئاسایەی دەبـوو. با وابێ.

(١) بەردەفاڵ: ئەو بەردە ڕەنگاوڕەنگانەن کە فاڵچییەکان فاڵی پێدەگرنەوە.

Scanned with CamScanner

کاتێک چووە نێو شوێنێکەوە کە ناوی نەدەزانی بە هەستێکی ئازادانە و سەمەرەوە، وێڕای سەیرکردنی شۆفێرەکان و قریشکەی ئەو نەورەسانەی بەسەر سەرییەوە دەخولانەوە ئاراستەی کۆڵانەکانی گرتەبەر. گومان بیات، تاکە چرکەیەکیش هێواش ببێتەوە و بوەستێ، هەڵبەتە لەهەمبەر ئەو کارەی کردی دەتۆقی. لەشتی تیژو دڕ ترسا، لەوە ترسا پێ بەسەر پارچەی شکاوی شووشەی بیرەدا یان دەرزی فڕێدراویدا بنێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێواش هەنگاوی نەنا. دەتگوت هەنگاوەکانی سەربەخۆ و بێ ویستی خۆی دەجوڵان.

ئەگەرنا پێشتر، کە زۆر گەنجتر بوو، پەری موبتەلای ڕاکردن بوو. چەندە حەزی بەوە دەکرد لەسەر پێستی هەست بە با و بە نیازی ڕاکردن لە ڕابردووی، ڕابکات. سەردەمێک کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندکار بوو، بێ ئەوەی گوێ باو و بۆران بدات هەموو ڕۆژێک چەندین کیلۆمەتر ڕایکردووە. لە ژیانیدا هاوشێوەی زۆر خۆشی و سەرکەوتنی بێدەنگانەی بچووک ئەمەیشی لەبیر کرد، و درێژەی پێ نەدا.
بەڵام ئێستا، لە ئیستانبوڵ، دوای چەندین ساڵ، لەپێناو جانتایەکی ساختەدا دز ڕاودەنێت؛ لەنێو ئەو هەموو خەڵک و ئۆتۆمبێلە ڕایدەکرد و ڕایدەکرد.

Scanned with CamScanner

# شاعیری بێ زمان

دەیەی هەشتاکان، ئیستانبوڵ

ئەو کــاتەی پەری منــداڵ بــووە، ناڵبەنــدییەکان (ناڵبەندئۆغوڵلەری) لە بەشی ئاسیای ئیستانبوڵدا لە گەڕەکێکی چینی ناوەند، لە کۆڵانێکدا بەناوی شاعیری بێ زمان نیشتەجێ بوونە. ئەو بۆنەی لەمیانی پەنجەرە کراوەکانەوە دەهاتە ژوورێ - بۆنی ماست و سیر، باینجان سوورکردنەوە، بۆنی قاوەی تازە ستێنراوە، پیدەی تازە لە فڕن دەرهێنراو و لە ڕۆژانی ناڵەباریشدا بۆنی تێکەڵە- هێندە زۆر بوو بە هەموو شوێنێک بڵاودەبووەوە لە دزر و کەلێنەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. وەلێ دانیشتوانی گەڕەک هەستیان بەم دۆخە نەدەکرد، تەنیا کەسانی بیانی و غەریبەی کۆڵان هەستیان پێ دەکرد. هەندێکجار بۆ تێگەیشتن لە کەموکوڕی شوێنێک یاخود زانینی وردەکارییەکانی بان دەبێ ببیتە "خۆییش" یان بێگانەی. بەڵام دەکارین بێژین هیچ بێگانەیەک سەری بەم کۆڵانەدا نەدەکرد. هەموویان یەکدیان دەناسی. ئەو هەموو دەباڵ یەکدیدا ژیانە دوو کاریگەری هەبوون: یەکێکیان سوودبەخش و ئەوی دیکەش زیانمەند. دەرودراوسێ هاوکاری یەکدیان دەکرد، باری قورسی ژیانیان بەش دەکرد. وەلێ هەموویان چاویان لەسەر یەکتری بوو. لە ناوەندێکی وەها داخراودا، بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە قابیلی قەبوڵ نەبوو.

ماڵەکان هاوشێوەی کێلی فەرامۆشکراوی گۆڕەکانی

گۆڕستان ڕیز بووبوون. ئەو خەڵکە کە نێوماڵەکانیان تەمام پاک و پوختە دەکرد، کاری کارگوزارانی شارەدارییان گرانتر دەکرد. ماڵی خۆیان تۆزی نەدەگرت، وەلێ دوودڵیان نەدەکرد لەوەی پەلکوپاڵ. کاخەز و زبڵ فڕێ بدەنە دەرەوە. بێزاری وەک تەنکە تەمێک نیشتبووە سەر ڕوخساریان، هەراوزەنا و دەنگەدەنگی ئەو منداڵانەیش کە لە کۆڵانەکەدا وازیان دەکرد، پەرتە و بڕانەوەی بۆ نەبوو.

لەبارەی ئەوەی داخۆ ناوی کۆڵانەکە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە و قسەی جیاواز هەبوون. هەندێکیان دەیانگوت لە سەروەختی خۆیدا لەم نێوەدا شاعیرێکی ناسراوی دەورانی عوسمانی لێرە ژیاوە. بەپێی گێڕانەوەکان هۆنیارەکە بەو بەخشیشە ڕازی نەبووبوو، کە لەهەمبەر ئەو بەیتی پێداهەڵگوتنانەی بۆ کۆشک و سەرا ناردبوونی وەریگرتبوو، گلەییەکەی گەیشتبووەوە سوڵتان. سوێندی خواردووە بێتو بەپێی لایق و شایستەیی خۆی پاداشت نەکرێ، جارێکی دیکە دەمی ناکاتەوە.

"حوکمداری حەوت دەوڵەت و سێ کیشوەر و پێنج دانە دەریا، گەورەشای سێبەری یەزدان لەسەر زەوین، بێ شوبهە بەم عالیجەنابییە بێ سنوورە ئەم بەندە ناچیزەی خۆی ئیحیا دەکاتەوە. وەلێ بێتو تەنازوول نەکات، منیش ئەمە بە بەکەمزانینی شیعرەکانی خۆمی دەزانم، تا مردن بە لاڵی دەمێنمەوە. «چونکێکوم شاعیرێکی مردوو لە شاعیرێکی لاڵ چاکترە.")

بەر لەوەی بترنجێتە نێو ئەو بێدەنگیە قووڵەی، کە بەفرەباری نیوەشەوان دروستی دەکرد، بەم ئاوایە قسەکانی خۆی کردبوون. ئەوەی کردی بەهۆی ئەوە نەبوو کە سنووری خۆی نازانێت: لە زیهنی ئەودا مانای حوکمدار لە حورمەت، ترس و ڕاستگۆیی چاوگەی دەگرت، هەر هیچ نەبێ لە گەورەکانی خۆی وەها فێر

Scanned with CamScanner

بووە. بۆ فەرمانڕەوا ملکەچی بێ چەند و چوون! وەلێ لەگەل ئەوەشدا هۆنیار بوو، دڵی بۆ ئازادی و مەستی لێ دەدا. هەرگیز لەنێو قوتووە داخراوەکاندا بەرگەی نەدەگرت، هەر دەبوو کونێکی هەواگۆڕکێ وەدۆزێ، دەبوو تیشک و تیریژ بێنە ژوورێ. هێندێکی دی بایەخ، پێداهەلگوتن و خۆشەویستی گەرەک بوو- ئەگەر هێندێکی دی پارە کۆوەکا، ئەوە خراپ نەدەبوو. شاعیربوون وادەکا گوزەران سەخت بێت.

کاتێک سولتان ڕووداوەکەی وەبەر گوێیان دەکەوێ کاردانەوەی نابێت، بگرە لەهەمبەر ئەم هەموو زاتکردنەیدا دلخۆش دەبێت. بەڵێن دەدا ئەمە چارەسەر بکات. هاوشێوەی هەموو خۆسەپێنەکان ئەمیش لەهەمبەر تایەفەی هونەرمەندانـدا هەستی دژبەری پەرە پێدەدا. لە لایەکەوە بە ناڕوون و نادیاری ڕاست و چەپ و گوێنەدان بە یاسایەکان، لە لایەکی دیکەشەوە بە پڕ ڕەنگ و سەیری دادەنان. کاتێکیش سزای دەدان و دیارنەدەمان کەیفی دەکرد. وەلحاڵ کەیفی بەوە دەهات کە چەند هونەرمەندێکی لە دەربارەکەیدا، لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. حەزی دەکرد بسترێن، خەندەلێو و خۆشڕابوێریان بکات، بەیت و باڵۆرەی نیشتمانپەروەری بهۆننەوە وەلێ هەرگیز لەبارەی پرسە سیاسییەکانەوە ورتەیان لێوە نەیەت. سولتان بڕوای بە "کاروباری خودایی" هەبوو: دەیگوت " با جوتیاران جوتی خۆیان بکەن؛ پینەدۆز کاری پینەدۆزی خۆیان بزانن؛ شاعیرەکان دەم لە گیا و گوڵ و پەپوولە بژەنن، وەلێ کاری حوکمداری بۆ تاکە حوکمڕانێک بەجێبهێڵن".

بەڵام ئەمە چارەنووسە، سولتان کوڕێکی لەم شێوەیەی هەبوو، یەکێک لە نۆزدە کوڕەکانی! ئەو وەلەندە لەو هەفتەیەدا پیاوانی دەرباری ڕەگەڵ خۆی دابوو و بۆ شکاندنی باوکی دەستبەکار

بووبـــوو. پاشـــا بـــۆ ئەوەی خـــوێنی ڕەچەڵەکەکەی نەڕژێ خنکاندبووی. لەگەڵ ئەوەشدا کاروباری عوسمانی هاوشێوەی ژیـان بە هەمـان نەریـت مـامەڵەی لەگەڵ مەرگـیش دەکـرد. خانەدانەکـان دەخنکێنـران، یاخییەکـان کەڵلـەیان دەپەڕێنـرا، جارییەکان لەنێو گونیە دەخرانە دەریـاوە. بۆ هەنـدێکیان پەت و هەندێکیان شمشێر و هەشبوو زیندان...

سەرەنجامی مرۆڤەکان بەپێی کـارو پێگەکەیـان بـوو. هەموو هەفتەیەک کەڵلەسەرەکان بە دەرەختەکانی بەردەم سـەرا نمـایش دەکـران؛ کەڵلـەسەری کەسـایەتییە گرنگەکـان بە پەمـۆ پـڕ دەکرانەوە، چینی جاهیـل و نەزان بە سـامان. شـاعیرەکەی لەمەڕ خۆشـمان لە نـاخەوە بێـدەنگ کرابـوو. تـا دوایـین هەناسـەکانی دەمی نەکرایەوە.

هەندێک لە نیشتەجێبووانی گەڕەکیش ئەم حیکایەتەیان تەواو جیـاواز دەگێـڕایەوە. بەپێـی گێڕانەوەکانیـان؛ بـوویەرەکە تەواو پێچەوانە بوو. کاتێک شاعیر ئازایانە داوای پاداشتەکەی کردووە، سوڵتان لەو هەموو چەقاوەسوویی و بێ ڕوویییەی دەهـری بـووە. هەر لەوێ فەرمانی سزادانی دابوو، "هەر ئێستا زمانی ببڕن."

ئێتـر ئەوە چەنـد سـەدەیەکە ئـاوایە... ئەوە تـۆی دەمەوەری دەکەیت، حەد و حدوود ناناسیت، سـەر لەهەمبەر نـادادی بەرز دەکەیتەوە، لە پێشدا زمانت بە بڕین دەچێت. پەیڤەکان لەدەسـت دەدەیت، وەک لێکردنەوەی گۆشت لە لەشت.

دوای ئەوەی زمانی شاعیرەکەیان بڕیوە پارچە پارچە کـراوە، سوورکراوەتەوە، دەرخواردی پشیلەکانی حەوت گەڕەک دراوە. دە وەرە ببینە ساڵ لە دوای ساڵ بەهۆی قسـەی زبـرەوە تـامێکی سـەیری هەبـوو؛ ڕۆنـی کلکـیش لەگەڵ نـۆک سـووربکرێتەوە فایدەی نەبووە. پشیلەکان دەمیـان لـێ نەداوە و ڕۆیشـتوون. ژنـی

Scanned with CamScanner

شاعیرەکە، کە لە پەنجەرەی قەفەسدارییەوە شایەتی ڕووداوەکە بووە، بە دزییەوە هاتووەتە دەرێ، پارچەکانی کۆکردوونەتەوە و بەیەکەوە دووریـوینەتییەوە. کـارەکەی خـۆی بە هایـیدارییەوە لەسـەر چرپـاکە بەجێهشـتووە و بە مەرامـی دۆزینـەوەی نەشتەرگەرێک کە بکارێ زمانەکە بخاتەوە نێو دەمی مێردەکەی چۆتە دەرێ. وەلێ زنیزگە هێشتا پێی لەماڵی نەبردۆتە دەرێ نەورەسێک لە پەنجەرە کـراوەکەوە دزە دەکـاتە ژوورێ و دەنووک لە زمانەکە گیر دەکات و هەڵدەفڕێتەوە. نەورەسەکانی ئیستانبوڵ بەوە ناویـان بە دونیـادا بڵاوبووبـوویەوە کە بێ ئەوەی گوێ بە تام و بۆ بدەن هەرچیـان ڕەچاو کردبا دەیـانخوارد، ناشبێ بەم بارەش زۆر سەرسام ببین. باڵندەیەک کە چاوی ئەو ئاژەڵانەی دوو هێندە لەخۆیشی گەورەترن دەردەهێنێت و ئاوقای گەدەیان دەکا هەرچۆنێک بێت هەموو شتێک دەخوات. ئیدی بەم ئاوایە شاعیر هێندەی قوللـەی ڕۆشنایی ماسیگرەکان تـا کۆتایی تەمەنی بەبێدەنگی مایەوە. ئەو بەیتانەی ئەو هێشتانەیکنێ نەیگوتبـوون باڵندەیەکی سپی لەفڕینی نێوان ئاسمان و سەر بیناکان دەینەخشاندن و بە قریشکەوە بە تەمامی عالەمدا بەیانی دەکـرد. تەنێ ئەوانەی گوێرادێرانیـان دەزانـی دەیـانتوانی ئەو شیعرانە ببیستن، کە لە گمەی نەورەسەکەوە دەتکان. تەنیا ئەوان گوێیان گرت. ئەوانی دی هەر گوێشیان لێ نەبوو.

ڕاستینەی حیکایەتی پشت ناوەکەی هەرچییەک بێت، ئەو کۆڵانەی ناڵبەندییەکان تێیدا نیشتەجێبوون برێـک بێدەنگ و هەندێک هەژارانە بـوو. لەو شـوێنە موحافەزەکـارەدا بـاڵاترین فەزیلەتی بەسەر سێ دۆخەکەی ماددەدا چەسپابوو: ملکەچییەکی بێ چەندوچوون بۆ خودا -هەروەها بۆ ئەو حـاجی مەلایەی کە (ئەو) دیـاری کردبـوو- ، بە تەسـلیمبوونێکی بـێ دوایـی د

سـەقامگیرییەکی دانەچەمیـوەوە ملکەچبـوون (مـاددە لە دۆخـی ڕەقیدا)؛ ئەگەر چەندە پیس و پۆخڵیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابێـت، قەبولکردنی ڕووباری ژیان وەک خۆی (ماددە لە دۆخی شـلی)، بە بیرکردنەوە لەوەی هەرچی ماڵ و موڵک و غەنیمەتە دواجار دەبێتە هەڵم، ئاواش واز لە تووڕەیی و هەوەسەکانت بهێنە (ماددە لە دۆخـی گـازی). هەمـوو کەسێـک ئەوەی قەبـوڵ دەکـرد کە پێشتر لە چارەیـدا نووسـراوە. دەبـوو هەر ئەشـکەنجەیەک کە لە چارەدا نووسراوە بە ناچاری دەبوو بچێژرێ. ئەمە ئەو ئەشـکەنجە و ئازارەیشی دەگـرتەوە کە نیشـتەجێبووانی گەڕەکەکە دەیانـدایە یەکدی: شەڕی تۆپێن، دەنگەدەنگی وەکیل "وای ئەوە تۆ چۆن میوە لە باخەکەی من دەڕنی!" و بە قوترە[1] لێدانی زۆریشەوە.

مـاڵی پەری خانوویکی ڕەنـگ بنەوشـەیی دوو نهـۆمی بـوو. سـاڵ بەسـاڵ بە چەنـد ڕەنگێـک بۆیە کرابـووەوە: سـەوز وەک سەوزی عەلوکەی بەخـوێ، ڕەنـگە قـاوەییەکەی مرەبـای گـوێز، ڕەنگە مۆرەکەی تورشیاتی شێلم. ناڵبەنـدئۆغلوییەکان نهـۆمی ژێرەوەیـان بەکـرێ گرتبـوو؛ خـودان خـانووەکە لە نهـۆمی سەرەوەدا دەژیا. بەوەدا کە خێزانەکە دەوڵەمەند نەبـوون -هەمـوو جۆرە سەروەتێک خۆی لەخۆیدا زێدەبارییە، بەپێودانگی کات و شوێن- پەری بەبێ ئەوەی هەست بە بێبەشبوون لە هـیچ شـتێک بکات، گەورە بووبوو. ئەگەرچی بە تێپەڕبوونی ساڵەکان هەسـتی بە خەمگینی نێـو ماڵباتەکەی خـۆی کردبـوو. گەورەبـوون واتە: درککردن بوو بە کەموکوڕییەکانی دایک باوکی.

پەری دوایین مـنداڵی ناڵبەنـدئۆغلوییەکان بـوو. *دوایین بەری پیرەدار*. دوو کوڕەکانیان لەسەردەمی گەنجێتی دایبـاب هـاتبوونە

---

(١) قوترە: تێلا، قوترمە.

بوون، کە بۆ ئەوان سوپرایزێک بوو. سالانی سەرەتای تەمەنی وەک منداڵێکی نازدارەی باوان، چاودێریکراو، داینکردنی هەموو پێداویستییەکانی بەسەر بردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێک دایک و باوکی لە ژوورێکدا بەتەنیا بووبن هەستی کردووە کە بای پشێویی هەڵیکردووە.

دایک و باوکی هێندەی مەیخانە و مزگەوت لێک ئەوەشاوە بوون.

لە دەمی قسەکردندا برۆکانیان دەهێنانەوە یەک، تۆنێکی ڕق لە دەنگیاندا هەبوو، ئەوانی وەک دوو ئەڤیندار نا، بەڵکو وەک دوو ڕەقیبی ئەزەلی یاری شەترەنج دەبینی. بە ڕوانین لە هەڵمەتەکانی دواتریان؛ لەسەر زەمینی چوارگۆشە و بریندارەدا هاوسەرگیرییەکەیان بە لێدانی نیازمەندبوون بە بردنەوە و خستنی قەڵا و فیل و وەزیرەکانی یەکدی درێژە پێدەدا. هەر کامیشیان ئەوی تری وەک "ستەمکاری ماڵبات" دەبینی و یەکدیان وەک کەسێک دادەنا کە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێ و هەر کامیان پەتکێشی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە "کش و مات!" بەوی دیکە بڵێ. ڕق و کینەیان بەرانبەر بە یەکدی هێندە قووڵ بووبێتەوە ئیدی بۆ ئەوەی خۆیان بە مەزلووم بینن پێویستیان بە هیچ هۆکارێک نەبوو. پەری لەو تەمەنە منداڵییەی خۆیەوە تێدەگەیشت کە دایک و باوکی بە خۆشەویستییەوە هاوسەگیریان نەکردووە، نەک تەنێ ئەمڕۆ بەڵکو هیچ کاتێک یەکدیان خۆشنەویستووە.

چەندە سەخت بوو منداڵی دوو کەس بیت کە هەرگیز یەکدیان خۆشنەویستووە.

ئێواران باوکی لەسەر ئەو مێزە دادەنیشت کە شووشەی

ڕاکی[١] و مەزەکانی لەسەر ڕیز کردبوو: جگەر، پاقلە، ئارتیشۆ بە ڕۆنی زەیتوونەوە، کاڵەک، پەنیری سپی و خۆشترین شتێک کە حەزی لێبوو ئەویش سەلاتەی مێشک بوو. وەلێ مەنسور بەگ کەسێکی خۆرا[٢] نەبوو. خواردنی تەنێ لەپێناو ئەوە دەخوارد تا بە سکی ناشتاوە نەخواتەوە. هەر مەزیەکی وەک تامکەرێکی بەبیانوو دەخوارد و هێواش هێواش هەرسی دەکرد. "قومار ناکەم، دزی و فزی ناکەم، جگەرە ناکێشم، وەدوای کچ و کاڵ ناکەوم، نە سووخۆرم، نە دزیم کردووە، ئێوچاوانم سپییە، زیان بە هیچ کەسێک ناگەیەنم، ئەگەر بڵێی درۆ و خاپاندن لە کتێبی مندا نییە، هەرچۆنێک بێت ئەگەر ئەم بەندە داماوە ئێواران بادۆچکەیەک هەڵبدات خودا لێی بەزۆر ناگرێت، با لەو هێندە گوناهەشم خۆش بێت ئاخر." جار جارە ئاوای دەگوت. زۆرجاران بۆ ئەو ئێوارە خوانانە یەک دوو هاوڕێی یاوەریان دەکرد. باسیان لە سیاسەت و سیاسەتڤانان، حاڵ و باری مەمڵەکەت دەکرد. هاوشێوەی زۆربەی هاونیشتمانیانی ئەم مەملەکەتە ئەوانیش زۆربەی قسەکانیان تەرخان دەکرد بۆ ئەو شتانەی زۆر کەم حەزیان پێ هەبوو.

"بەدونیادا بگەڕێ و ببینە، دەبینی شێوازی خواردنەوەی هەموو کەسێک جودایە،" مەنسوور وای بە کچەکەی دەگوت. خۆی لە گەنجیدا وەک ئەندازیاری بزوێنەری کەشتی زۆر شوێنان گەڕابوو."لەو شوێنەی کە دیموکراسی تێدا هەیە کاتێک کەسێک سەرخۆش دەبێت دەگری و دەڵێ: 'ئاه خۆشەویستە جوانەکەی من چی بەسەرهات؟' لەو شوێنەیش کە دیموکراسی نەبێت، کابرا دەگری و دەڵێ؛ 'ئاه مەملەکەتە جوانەکەی من چی بەسەرهات؟'"

---

(١) ڕاکی: خواردنەوەیەکی کهوولی تورکییە.

(٢) خۆرا: زۆرخۆر

هێندەی پێ نەدەچوو لە قسان وەڕز دەبوون و دۆخەکە وەردەگەڕایە سەر ئاهەنگێک. مەنسووربەگ و هاوبادەکانی بە نەرمی گۆرانیان دەگوت سەرەتا بە نەوای باڵکان، دواتر گۆرانییە شۆڕشگێڕییەکانی دەریای ڕەش (قەرەدەنیز)، دواتر کلامە خەمگینەکانی ناوەندی ئەنادۆڵ. وشەگەلی سترانی کوردی، تورکی، زازایی، ڕۆمی، ئەرمەنی و لادیۆنۆ وەک هەڵقەی دووکەڵ بەرز دەبوونەوە و پێک دەبەسترانەوە.

پەری لە سووچێک بۆخۆی ڕوونیشتبوو و تەماشای دەکردن. لەو کاتانەدا دڵی تەنگ دەبوو. ویستی بوو بزانێت باوکە خۆشەویستەکەی بۆچی هێندە دەردەدارە. نە دەیتوانی لەو قەڵای حوزنە دەریچێت، نە لە هەوڵدانیش دەکەوت، چونکە وەک هەموو ئەندامانیماڵبات شایەتیان دەدا؛ پەری کچی دایکی نا، بەڵکو کچی باوکی بوو.

لەنێو چوارچێوە نەخشێنراوەکەی قەد دیوارەکەدا ئەتاتورک بە چاوە شینە مەیلەو خۆڵەمێشی و ڕۆشنایی ڕەنگ زیوینی نێو چاوەکانییەوە لەوان ڕامابوو. پۆرترێتەکانی ڕێبەری مەزن بە هەموو سووچێکی ماڵەکەوە بوون. لە ناندێن ئەتاتورک بە یونیفۆرمی سەربازییەوە، لە ژووری دانیشتن ئەتاتورک بە ڕێنکۆتەوە، لە ژووری خەوتنی دایەوبابەشدا ئەتاتورک بە پاڵتۆ و کەڵپاک (کڵاوی خوری)یەوە، لە ڕێڕەوەکەشدا ئەتاتورک بە سەرشان و دەستەوانەی پەمۆوە.

"ئەگەر پێشینانی ئێمە نەبوایەن ئێمەش بە دەردی ئێران دەچووین، هەرگیز ئەمە لەبیر مەکە" مەنسوور وای بە کچەکەی دەگوت. "ئیدی من بە ناچاری ڕیشێکی پانم بەردەدایەوە، لە هەورەبانەکە بە دزییەوە مەیم بەرهەم دەهێنا. هەڵبەتە پشتەملیان دەگرتم، دەستگیریان دەکردم و لە مەیدانەکاندا دارکوتیان

دەکردم. وە تۆش کچەکەم، لەم تەمەنەوە دەبوو چارشێو لەخۆت وەربێنی. ڕەش ڕەش!"

بە ئاوایەکی گشتی هاوڕێ و هاوبادەکانی مەنسوور مامۆستایان، کارمەندانی بانک و ئەندازیاران بوون. ئەوانەی بەلایەنی کەمەوە هێندەی ئەو هۆگری ئەتاتورک و بنەماکانی بوون. هەندێک لە ئێوارەکان بەپێی کات شیعری قارەمانانەی دەخوێندەوە، ئەگەر سرووشیشی بۆ هاتبا دەشینووسین. زۆربەی ئەو شیعرانە لە ڕووی سەروا و ڕیتمەوە هێندە لەیەکدییەوە نزیک بوون و لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هێندە دووبارە بوون، کە وەک هەمان دەنگی بە گوڕ دەهاتنە گوێ.

پەری حەزی دەکرد لە ژووری دانیشتن بمێنێتەوە و گوێ لەو ئاخاوتنە سۆزدارانە بگرێ. مەنسوور و هاوڕێکانیشی خۆیان بەسەرەوە نەدەبرد. بگرە سوپاسگوزاری ئەوە بوون کە هۆگری بە قسەکانیان هەیە و بۆ ئەمەش بۆ گەنجێتی و داهاتووی پەری هیوادار دەبوون. بەم ئاوایە هەموو ئێوارەیەک پەری بە درێژایی سالانی منداڵی بەدەم خواردنەوەی ئاوی پرتەقاڵ لەو کوپەیەدا کە باوکی زۆر خۆشیدەویست لەپاڵ باوکی دانیشت. لەلایەکی کوپەکە واژۆی ئەتاتورک، لەلایەکەی تریش ئەم گوتەیەی نووسرابوو: *"دونیای شارستانی زۆر پێشکەوتووە. ناچارین پێبگەین و بچینە چوارچێوەی ئەو شارستانێتییە."* پەری ئەو کوپە فەخفووریەی زۆر خۆشدەویست، سەرمەستی ئەو هەستی خلیسک و لووسێتییەکەی بوو لەنێو لەپی دەستەکانیدا، بەڵام کاتێک خواردنەوەکەی ناوی تەواو دەبوو دەتگوت شانسی پێڕاگەیشتن بە دونیایی شارستانی لەدەستداوە، نیگەرانی ناخی دادەگرت.

بەبەردەوامیش دانەدەنیشت هەڵبەتە. سەتڵی سەهۆڵەکەی پڕ دەکردەوە، تەپلەکی جگەرە و سووتەکی بەتاڵ دەکردەوە و

نانی پارچە دەکرد و بەبەردەوامی کارێک هەبوو بیکات لەبەر ئەوەی دایکـی لەوێ نەدەبـوو. سـەلما هەر کە خـوانەکەی ڕادەخست و خواردنەکانی لەسەر مێزەکە دادەنان دەچووەوە هۆدەکەی خۆی و تا بەیانی ڕۆژی دواتر نەدەهاتە دەرەوە. پێدەچوو لەو شوێنەی کە لێ پالکەوتووە لەوێوە گوێیان لێ بگرێت. نەبیستن ڕێی تێنەدەچوو، دیوارەکان هێندەی پەرە کاخەزێک تەنک بوون. بەڵام لەنێوان سەلما و مەنسووردا هەر لە زووێکەوە دیوارێک لەنێوانیان هەڵچنرابوو، دیوارێک هەموو ساڵێک ڕیزێکی دیکەی بۆ زیاد دەبوو.

سەلما حەیامێک پێش، چووبووە نێو تەریقەتێکەوە، بە پێشەوایی مامۆستایەک بوو کە گوتارەکانی پڕ بەلاغەت و لەڕوانگەکانیشیدا زۆر توند بوو -پێیان دەگوت (ئوزوومباز) ئەفەنەدی- بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە هەرکوێ نیشانە و ڕەمزەکانی بتپەرستی و کافرەکان هەبێت دەیخاتە بن پێی و وەک ترێ دەیپلیشێنێتەوە. گاڵتەکردن بەوەی کە ناسناوەکەی لە ترێ گوشین و ئەگەری خواردنەوەیشی سەرچاوەی گرتووە تۆسقاڵێک شێخی تەریقەتی نیگەران نەکرد. ئەو لە کارەکەدا تەنیا بەشی پلیشاندنەوەی وەرگرتبوو.

هەر بە چاوی سەر دەبینرا کە سەلما لەژێر کاریگەری ئەو مەلا دەمارگیرەدا گۆڕاوە. ئیدی هەر بەوە نەوەستا تەوقە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریدا نەکات، بگرە ئەوەیشی قەبوڵ نەبوو لەنێو ئۆتۆبووسدا لەسەر ئەو کورسییە دابنیشێت، کە پیاوێک زووتر لەسەری دانیشتووە -ئەگەر ئەو پیاوە نەزاکەتی ئەوەیشی نیشاندابێت لەبەر خاتری وێ لەسەر کورسییەکە هەستابێت. هاوشێوەی هەندێک لە هاوڕێکانی مەیلی بۆ پۆشینی پەچە و چارشێو نەبوو، بەڵام بەیانییەک لەپڕ بووە باڵاپۆش. لای وێ

Scanned with CamScanner

شێوازی مۆسیقای پۆپ بێ سەمەر بوو. هێنانەوە ماڵێی هەموو جۆرێکی شیرینی، دۆندورمە، کێک و چیپس و چۆکلاتە - بەوانەشەوە کە لەسەریان نووسرابوو حەڵاڵ- قەدەغە کرد. چونکە لە ئوزوومباز ئەفەندیەوە گوێی لە وتارێک گرتبوو کە ئەو جۆرە بەرهەمانە بیستبوو کە لەنێو ئەمانەدا جەهالەت، لەنێو جەهالەتیشدا ئێسکی بەراز هەن. دیسان بە هەمان هۆکار لەباتی شامپۆ گڵ، لەجیاتی هەویری ددان تەنێ سیواک و لە شوێن مۆمیش فتیلە و یەک تۆپەڵ ڕۆنەکەرەی دانابوو.

لەگەڵ ئەحبابە هاوباوەڕەکانیان گەشت و گەڕان لە کەناراوەکانی ئیستانبوڵ و دەوروبەری ڕێکدەخەن، هەوڵ دەدەن ئەو ژنانەی بە جلی ژێرەوە خۆیان لەبەر خۆر هەڵخستووە ڕازی بکەن، ڕۆحیان ڕزگار بکەن و تا درەنگ نەبووە تۆبە بکەن. برووشەری پڕ لە نیشانەی سەرسوڕمان و ڤیرگولی کەم و ڕستەی سادە و نووسینی پڕ لە هەڵەی کارەساتبار بڵاودەکەنەوە، هەوڵیان دەدا ئەوە ڕوون بکەنەوە، کە خودا نایەوێ کچەکانی حەوا ئاوا نیوەڕووت بەنێو خەڵکیدا بسوڕێتەوە.

ئێوارانیش دوای ئەوەی کە کەناراوەکان چۆڵ دەبوون، هەمان برووشەرەکان بە دڕاوی و لکەگرتوویی بەبادا دەفڕین، وشەگەلی "جەستە" ،"گوناهـ"، دۆزەخ" وەک قەوزەی وشکبوو بەسەر لمەکەدا پەرش بووبوونەوە.

سەلما لە ئەزەلییەوە کەسێکی خرۆشاو بوو، بەڵام لەم قۆناغە نوێیە ژیانیدا، بۆ هێنانی کەسانی دیکە بۆ سەر ڕێگەی حەق تەواو زۆربڵێ بووبوو. کە مەنسووریش نیازێکی بە "ئیسلاح بوون" نەبوو، چیتر لەماڵەوە نەدەچوونە باڵ یەکدی. ئیدی ماڵۆچکەی ناڵبەندئۆغلوویەکان بووبووە مەکۆی شەڕ.

بڕوا و ناسنامە وەک گاشەبەردێکی ئاسمانی بەسەر ماڵی ئالبەندئۆغلوییەکان کەوتبووە خوارێ و خێزانەکەی بەسەر دوو لەتدا دابەش کردبوو. هاکانی کوڕە بچووکیان کە تا دوا ئەندازە دیندار و نەتەوەپەرست بوو، بێ هیچ دوودڵییەک لاگیری دایکی بوو؛ ئومێدی کوڕە گەورەشیان ئەگەرچی حەیامێک بێ بڕیار بوو، لە هەموو ئەو شتانەی دەیکرد و دەیگوتن پێیەوە دیار بوو مەیلی چەپی هەیە. ڕۆژان هاتن و چوون دوای ئەوەی چەپ بوونی تەواو ڕوون بوویەوە، دەرکەوت کە دەبێتە مارکسیستێکی تەمام عەیار.

ئەم نیوە و پارچەبوونە پەری خستبووە دۆخێکی سەختەوە. هەم مەنسوور هەم سەلما قەستیان بوو وەلای خۆیدا ڕایکێشن. ناچاربوونی بەوەی لەنێوان دینداریبە بێ چەندوچوونەکەی دایکی و ماتریالیستیبە بێ چەندوچوونەکەی باوکیدا بڕیارێک بدات خەریک بوو کچێژگەی ئیفلیج دەکرد. چونکە پەری نا لەباریدا هەبوو هەوڵی دەدا هیچ کامیان نەشکێنێ و خەمگینیان نەکات. لە کاتێکیشدا کە لەو کەشەی تێیدا دەژیا ئەو هەموو دەمەدەم و دەنگەدەنگەی هەست پێکرد، بڕیاری ئەوەیدا بێدەنگییەکی ناڕوونانە هەڵبژێرێ. هەرچەندە ئەو هەموو ئاگرەی لەنێودا هەبوو، هەموویانی بەدەستی خۆی کوژاندەوە. هێندەی بەڕژێتە سەر ئەوەی بڵێ با ئەوانی دی پێکبهێنمەوە، با دۆخەکە ئەهوەن بکەمەوە ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ لە خۆی وەدوور کەوتەوە. هەرچەند دەیکرد تا منداڵ بوو بە تەواوی منداڵ، تا گەنجیش بوو بەتەواوی گەنج نەبوو، هەمیشە بە فرسەخ لە تەمەنی خۆیەوە دوور بوو.

بەرچاوترین شوێنی ئەو خەرەندەی کەوتبووە نێوان دایک و باوکی، ژووری دانیشتن بوو. لەو دوو ڕەفەیەی لە سەرووی

تەلەفیزیۆنەوە بوو یەکەمیان بۆ کتێبەکانی مەنسوور تەرخان کرابوو: کتێبی لۆرد کینرۆس ئەتاتورک: دووبارە لەدایکبوونەوەی میللەتێک، کتێبی نوتق (گوتار) ی ئەتاتورک، سەرجەمی بەرهەمەکانی نازم حیکمەت، تاوان و سزا ی دۆستۆیفسکی، دکتۆر چیڤاگۆ ی بۆریس پاستێرناک، چوارینەکانی عومەری خەیام، کە هێندەی بخوێنرێتەوە بەرگەکەی گەچڵا بوو.

هەرچی ڕەفەی دووەم بوو جیهانێکی تەواو جیاواز بوو: ئەسپگەلی قەبارە جیاواز و ڕەنگی جیای کۆنەساڵان -یالی ئاڵتوونی بە کلکی ڕەنگاڵەییەوە، لەسەر پاشوو وەستاو، لە دەمی غاردا، ئەسپی قەزەم لە دەمی لەوەڕاندا، ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی، ماین- لەو ڕەفەیەدا هەبوون. بەڵام وردە وردە کتێبی بۆ زیاد دەبوون: *فەرموودە* کۆکراوەکانی بوخاری، کتێبەکانی ئیمامی غەزالی، *ڕێبەری دەستنوێژ و نوێژخوێندن، ژیانی ئەخلاقی لە ئیسلامدا، کتێبی ژنانی مسوڵمان، سیفاتەکانی سەبر و قەدرزانیی، لێکدانەوەی خەونەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە..* سووچی سەرەوەیشی بۆ تاقانە کتێبەکەی ئوزوومباز تەرخان کردبوو: *چۆن دەتوانین لە دونیایەکدا کە بەخێرایی خراپ دەبێ بە پاکی بمێنینەوە؟* تا کتێبەکان زۆرتر دەبوون ئەسپەکان سانتیم سانتیم وەلا دەنران، لە لێواری خەرەندێک کۆکرابوونەوە.

تۆفانی ئەو بیر و هەستەی کە بە ماڵێدا دەگەڕا پەری حەپەساندبوو. بیستبووی کە خودا یەکە و تاقانەیە. وەلێ ئەو خودایەی کە دایکی بە ترس و تۆقینەوە لێی دەپاڕایەوە لەگەڵ ئەو خودایەی کە باوکی بە گلەییەوە دەردەدڵی بۆ دەکرد مەحاڵ بوو هەمان شت بن. ئەوە ئەو دوو مرۆڤە کە ئەگەرچی لەسەر هەمان چرپاش ناخەون، هەمان ئەڵقەیان لە پەنجەدایە،

چۆن دەکارین هێندە دژیەکانە ویّنای ئافرێتەر بکەن؟ ئەوە چۆن دەکرا هەمان هەبوو، یەکانە حەقیقەت، هێندە جودا لێی تێگەن؟

Scanned with CamScanner

# چەقۆ

ئیستانبوڵ، ٢٠١٦

هێندەی نەبرد پەری دوو دزە بچووکەکەی لە دوورەوە بینی. هێندەی توانیبوویان بە تاڵووکە هەڵاتبوون، وەلێ پەری بەلەزتر بوو. بڕوای بە بەختی خۆی -هەڵبەت ئەگەر ئەمە ناوی بەخت بێت- نەدەکرد. ئەگەر دڵنیاش نەبێت کە هێشتا چانتای ویان پێیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەدوویان کەوتبوو. بە پەرۆشییەوە ڕاوی دەنان. خۆی بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا کرد؛ لەگەڵ هەر هەناسە هەڵمژینێک سنگی دەکزایەوە.

منداڵەکان لەوێ بوون. پیاوێکیشیان لەکن ڕوونیشتبوو. پەری هەر زوو ناسییەوە. خودی ئەو کۆڵانگەڕە بوو کە قەیرێ پێش ئێستا پاشماوەی جگەرەکەی کێشابوو!

پەری هەنگاوێک ڕووەو ئەوان چوو، بەڵام هیچ قسەیەکی نەکرد. بێ بیرکردنەوە، وەختە بڵێم بە ڕەمەکێکی ئاژەڵییەوە هەڵسوکەوتی کرد: لەپڕ شڵەژا. ڕاوانی دزەکان ئاسان بوو، بەڵام ئەوە گرنگ بوو کە دوای گرتنیان دەبوو چی بکات، بۆ ئەوە هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو.

کۆڵانگەڕەکە وەک ئەوەی چاوەڕێی هاتنی وێی کردبێت بە هێمنی خەنییەوە. لە نزیکەوە جیاوازتر دەهاتە بەرچاو؛ گۆنا ئێسکنەکانی بەشێوەیەکی سەیر دەبریقانەوە، لە قوڵایی ڕەشکەی چاوانیداترووسکاییەک هەبوو. ئەگەر لەبەر پەژمووردەیی قەد و قیافەتی نەبوایە، دەکرا بڵێین لەخۆباییانە دیار بوو. چانتاکەی

Scanned with CamScanner

پەری بە توندی لە کۆشی نابوو؛ وەک خۆشەویستەکەی بێت و دەمێک بێ نەیبینیبێت، ئاوا بەخۆیەوە ڕایگوشیبوو.

"ئەمە هی منە" پەری وای گوت، بە هەستکردن بە گرێیەک لە گەروویدا.

کۆلانگەڕەکە نیگایەکی گاڵتەئامێزانەی تێگرت. تۆقەی چانتاکەی کردەوە و بەرزی کردەوە وە لەپڕ سەراوژووری کرد و تێنگر تونگر هەرچی لەنێویدابوو هەڵیڕشت؛ کلیلەکانی ماڵەوە، سووراو، تەلەفۆن، قەڵەمی چاو، چاویلکەی خۆری، قەڵەم پەندان، شووشەی بچووکی عەتر، پاکێتی دەسەسڕ، شانە، سانتی ژنانە... هەروەها جوزدانەکەی. پیاوەکە ئەمەی دواییانی بە هایبدارییەوە هەڵگرتەوە. یەک یەک شتەکانی نێوی دەرهێنان؛ پارەی کاغەز، کارتەکانی متمانە، ناسنامە، مۆڵەتی شۆفێری، وێنەی خێزانی. بێ ئەوەی گرنگی بە شتەکانی دیکە بدات پارەکانی خستنە تەنکەی گیرفانی، تەلەفۆنەکەیشی لەلای خۆی دانا. فیکەیەکیشی لێدا بە ئاماژەی نیشاندانی بێ پەروایەکەی. لەو دەمەدا کە خەریک بوو جوزدانەکە فڕێبدات وەستا. دیاربوو شتێک سەرنجی کابرای ڕاکێشا. وێنەیەک کە پەری هێندە لەمێژە بە ئاگاییەوە هەڵیگرتبوو، تەنانەت لە خوێیش و نزیکەکانی خۆیشی شاردبوویەوە؛ وێنەیەکی کامێرای خێرا[1] بوو. یادگارییەکی کۆنەساڵ بوو، نهێنییەک کە هیچ کەسێک نایزانێت.

کۆلانگەڕەکە بە بایەخەوە لە ڕوخساری کەسەکانی نێو وێنەکە ڕاما. پیاوێکی تەمەن نێوەنجی و سێ کچی گەنج بوون؛ پرۆفیسۆرێک و سێ لە خوێندکارەکانی. بە پاڵتۆ و ملپێچەوە

(1) Polaroid

بەپاڵ یەکدییەوە وەستابوون، بە ڕوویکی خەندانیشەوە. لە پشتیانەوە کتێبخانەی بادلین لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دیار بوو، لەنێو یەکێک لە ڕۆژە هەرە ساردەکانی زستاندا بۆ هەتا هەتایە زیندانی بووبوون.

کۆلانگەڕ وەک ئەوەی زانکۆی ئۆکسفۆردی لە یەکێک لە فیلمەکان دیبێت ئاوا سەری بەرز کردەوە و بە ڕووی پەریدا زەردەی هاتێ[1]. کێ چووزانێ ڕەنگە زانیبێتی یەکێک لەو کچانەی نێو وێنەکە هەمان ئەو ژنە بێت کە ئێستا لە هەمبەر ویدا وەستاوە. بەڵێ، پەری یەکێک بوو لەو سێ خوێندکارە. بە مەودای ساڵەکان کەمێک قەڵەو بووبوو، سەرەتای چرچیی بەسەر ڕوخسارییەوە دەرکەوتبوو. قژی کورتر و تەنکتر بوو، وەلێ چاوەکانی هەر وەک خۆی مابوونەوە.

کۆلانگەڕەکە بایەخی بۆ وێنەکە هێندە نەخایاند، گرتی و فڕێیدایە لاوە. دوای ئەوەی چەند چرکەیەک بە هەواوە خولایەوە دواتر وێنە پۆلاریدەکە کەوتە سەر ئەرز.

پەری بێ ویستی خۆی سڵەمییەوە، بە هەستێکەوە کە وێنەکە ڕۆحلەبەر بێت و ئازار درابێت. گومانی برد ئەگەر قسە بکات چانتاکەی -وە وێنە بەهادارەکەی- لە کابرا وەردەگرێتەوە. کۆڵانەکە بێ چرپە و هەست بوو، شەقامەکە وێنەدانەوە ڕووناکی ئاسمانی دەدایەوە. تۆ بڵێی چەندە لە شەقامی سەرەکی وەدوور کەوتبێتەوە؟ هێشتا گوێی لە هاژ و هووژی ئۆتۆمبێلەکان دەبوو، بەڵام وەک ئەوەی لەپشت دیوارێکی شووشەییەوە بێت کپ بوو. لەپڕ ترسا، شڵەژا.

لەو دەمەشدا کۆلانگەڕەکە هەروا وەستابوو. نە شتێکی گوت

---

(١) زەردە هاتن: پێکەنین یان بزەیەکی سیس بوو و شەیتانی.

نە هیچی کرد. پێدەنگی نێوانیان هێندە خەست بوو، پەری هەستی بەوە کرد کە لەنێو بارستایی زبڵەکەی ئەوێدا گوێی لە هەڵێکەی مشکێک بوو. دیار بوو کە ئەم کۆڵانە لە پشیلەکانی ئیستانبوڵ دوورە؛ وەختە بڵێم لە دەرەوەی سنوورەکانی شار بوو.

کۆڵانگەڕەکە گیرفانەکانی پاڵتۆکەی گەڕا، ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕا دۆزییەوە و دەریهێنا. زەرفێکی نایلۆن و قوتیلکەیەک لە سیکۆتین[1]. پیاوەکە قوتیلکەکەی لەنێو زەرفەکە بەتاڵ کردەوە. دواتر چەند فوویەکی پێدا کرد و شێوەی باڵۆنێکی بچووکی وەرگرت. چاوێکی لێ کرد و خەنییەوە، دەتگوت وادەزانێ ئەوەی لە دەستیدایە گۆی بەفرین[2]ـە و هەر کلووێکیشی مروارییەکە. زەرفەکەی بە جۆرێک کە لووت و دەمی بشارێتەوە لەسەر دەموچاوی دانا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، چەندبارەی کردەوە. کاتێک دووبارە لەسەری بەرز کردەوە ئەدگاری بەتەواوی گۆڕابوو. هەم لێرە بوو، هەم لە دوور. پەری ئەودەم حاڵی بوو ئەو کەسەی لەبەرانبەریەتی سیکۆتینخۆرە. پەری ئەودەم دەمارەکانی سپێنەی چاوانی بینین - هاوشێوەی درزە سوورەکانی خاکی سووتاو. ئەگەرچی دەنگێک لەناخەوە پاڵی پێوە دەنا هەرچی زووە لەوێ وەدوور کەوێتەوە و بگەڕێتەوە لای ئۆتۆمبێل و کچەکەی، بەڵام وەک ئەوەی کەتیرەکە ڕژابێتە بن پێیەکانی بێ ئەوەی جووڵەیەک بکا ڕاوەستابوو.

هەر کە کۆڵانگەڕەکە دواجار وادەرکەوت وەک ئەوەی

---

(١) لە دەقە تورکییەکەدا ناوی جۆری سیکۆتین، یاخود کەتیرەکەیشی هێناوە: Baly

(2) snow globe

زەرفەکە دابنێ یەکێک لە منداڵەکان باکەوت[1]ـەکەی لەدەست ڕاپسکاند، بە خرۆشانەوە پاشماوەی سیکۆتینەکەی هەڵمژی. منداڵەکەی دیکە بە نائارامییەوە چاوەڕێ بوو هێندێکی بۆ بمێنێتەوە. سیکۆتین ماددەیەکی دڵخواز بوو بۆ منداڵانی سەر شەقام و ئەوانەی لە تەمەنێکی زووەوە بەکێشی کاری لەشفرۆشی کرابوون، حاڵێکی سیحراوی وای دەدانێ کە وەک پەڕ سووکەڵەیان بکات و بۆ سەربان، گومەزەکان و هەوربڕەکان بیانفڕێنێ و بیانباتە مەملەکەتێک کە نە بەندیخانە، نە ڕاگیرخانە، نە هەژاری، نە دەستدرێژیکاران و زۆڵ و تەرەسی لێبن. لەو شوێنە خەیاڵکردەدا تا دەیانویست دەمانەوە، بە لقەکانییەوە ترێی ڕەنگ زێڕین و قۆخی پڕ لە ئاویان تامدەکرد. لەو بەهەشتە سیحراوییەدا کە نە سەرما نە زۆرداری و نە برسییەتی پێی نەدەگەیشت شەیتانۆکەیان ڕاوەکرد و گاڵتەیان پێ دەکردن، دەیانخستنەوە نێو چرای سیحری و زیندانیان دەکردن. هاوشێوەی هەموو خەیاڵە جوانەکان هەڵبەتە ئەمەش نرخ و بەهای خۆی هەر دەبێت. باڵی جەستەیی منداڵەکانی سەر شەقام ڕام دەکات، تا زیاتر و زیاتر بۆنی پێوە دەکەن لە ناوەوەڕا دەیانخوات و زیانی دەگاتە خانەکانی مێشک؛ پەلاماری دەمارەکانیان دەدات، گورچیلە و جگەریان وێران دەکات.

کۆلانگەڕ گورچ و چاپووکانە لەپڕ هەستایەوە سەرپێ. ئەو ئەدگارەی ڕوخساری داگرت تاسێنەر بوو.

"کچەکەم پۆلیسی ئاگادارکردووەتەوە، ئەوە باش بزانە!" پەری ئاوا هاواری کرد، لەناخەوە هەستێک گڕیگرت و دامرکایەوە. "پاش چەند دەقەیقەیەکیتر دەگەنە ئێرە."

---

(١) باکەوت: غەنیمەت.

کـۆلانگەڕ وەک ئەوەی چـاوەڕێی ئەم قسـەیە بووبێـت هەنگـاوێکی هەڵێنا، هەنگـاوێکی دیـکەش. هەنگاوەکانی وەها بوون وەک ئەوەی بیەوێ کـاتی پـێ بـدات تـاوەکو پەری ڕای خۆی بگۆڕێـت یـان ئەوەی دڵنیـای بکـاتەوە ئەوەی ڕوودەدات پەری خۆی بەرپرسیار دەبێـت، بـۆیە لەسـەرخۆ و بە قورسییەوە دەجولایەوە.

دوو منداڵەکە لەو نێوەدا نەمابوون. پەری نەیـدەزانی کەی و بەرەو کـوێ قوچانـدوویانە. هەر هەستیشـی بەوە نەکردبـوو کە دیارنەماون. هەروا بە چاوی مۆڵەقەوە لە کـۆلانگەڕەکە ڕامابوو. ئەو شـای کـۆلانە چەپەکەکـان بـوو، سـوڵتانی زبڵـی ڕۆکراو. ستایلی نا بەڵکو ڕژدی و سەنگینی جوڵەکانی کەسێکی بەیادی پەری دەهێنایەوە -یەکێـک کە لە ڕابـردوودا بەنـدی کـردووە و بەجێی هێشتووە؛ کەسێک کە لە ژیاندا هیچ کەسێکی هێندەی وی خۆشنەویستووە، کەسێک کە ڕۆژانێـک شێت و سەرمەستانە ئەڤینداری بوو بوو.

وەرچەرخـا و لەژێـر ڕۆشـنایی کـزی کـۆلانەکەی وێـوەتر و لەنێو تـۆزدا ئـاوڕی بـۆ وێـنە خێـراکە دایەوە. یەکێـک بـوو لەو وێنانەی کە لە یادگارییەکـانی زانکـۆی ئۆکسـفۆرد مـابوویەوە - تاکە وێنەیەک کە پرۆفیسۆر ئازووریشیان لەگەڵ بـووە. بەرگەی ونبوونی نەدەگرت.

کە سـەری بەرز کـردەوە و بینـی کە لـووتی کـۆلانگەڕ بەخوێندا هاتووە، ئەو دڵۆپە خوێنانەی دەڕژانە سەر سنگی هێنـدە درەوشاوە بوون، لە بۆیە دەچوون. وەلێ کابرا گوێشی لێ نەبوو. بە جوڵەی خێراوە ڕووەو وێ دەچوو.

پەری لە ترسان هیکێکی کـرد. دەنگـی خـۆی زۆر بێگانە و کێوی هاتە گوێ. برندەی چەقـۆکەی بینـی، ئەمە بەر بەر لەوەی چەقۆکەی بەرز بکاتەوە و ڕایوەشێنێ.

# یاری منداڵان

## دەیەی هەشتاکانی ئیستانبوڵ

درەنگانی شەوێکی هەینی هاتن. مینا باڵندە شەوگەڕەکان کە بە مەبەستی ڕاوکردن چاوەنۆڕی ئەوە دەکەن تاریکی باڵ بەسەر شاردا بکێشێ، وابوون. لەباتی زەنگلێدان دەرکەیان دایە بەر مستان. سەلما دوایین کەس بوو دەنگ و گرمەی ماڵەکەی بیست. چونکە درەنگ خەوتبوو. بۆ سبەینێ چاوەڕێی هاتنی میوانیان دەکرد، بۆ ئەوی یەکێک لە خواردنە هەرە بەتامەکان - گۆشتی برژاوی بەرخ- تا درەنگانێکی شەو لەسەر پێ بوو، تازەگی چاوی چووبووە خەو. تا سەلما وەخەبەر هات و هەستایەوە پۆلیسەکان هاتبوونە ژووری و ئەو هۆدەیەی هەردوو کوڕەکەی ناڵبەندئۆغلوییەکان تێدا دەخەوتن سەراوژووریان کردبوو. دوای ئەو هەلکوتانە سەر ماڵیە سەلما جارێکی دی شەوان بە چاکی نەخەوت. ئەویش دەبووە باڵندەیەکی شەوگەڕ.

هەرچەندە پۆلیسەکان هەموو شتێکیشیان سەراوژوور کردبێت هێشتا بە حاڵ و باریانەوە دیاربوو کە بۆ ئومێدی کوڕە گەورەیان هاتوون.

ئومێد بە تاقیتەنێ لە سووچێک ڕایانگرتبوو، ڕێگەیان نەدەدا لەگەڵ ماڵباتەی ڕووشیان لەیەک بێت. بینینی ئومێد بەم حاڵەوە ناخی پەری نۆ ساڵانی پڕ کەسەر کرد. ئەمەی بە هیچ کەسێک نەگوتبوو، وەلێ ئومێدی کاکی لە هەموویان خۆشتردەویست. بەدەم هەر پێکەنینـــێکەوە دوو چـــاوی گەورە و کـــاڵ و

نێوچاوانێکی بە باهۆی هەبوو. گۆناکانی ئومێدیش هاوشێوەی پەری بە هێسانی سوورهەڵدەگەڕان. بەپێچەوانەی پەری، ناوی بەخۆیەوە بوو؛ پڕ ئومێد و گەشبین بوو. سەرباری جیاوازی تەمەنیان، ئومێد هەمیشە لە پەرییەوە نزیک بووە. لەبەرخاتری خوشکۆلەکەی لەگەڵ ویدا هەموو یارییەکی دەکرد، هەندێ جار دەبووە چەتە و جارجاریش بە کاهیین.

دوای ئەوەی لە زانکۆ ئەندازیاری کیمایی خوێند ئومێد بەسەر خۆیدا داخرا. سمێڵی بەردانەوە، قژی درێژکرد، بە دیوارەکانەوە وێنەی ئەو کەسانەی هەڵواسی کە پەری لەوەوپێش نەیدیبوون: باپیرەیەکی ڕیش خۆڵەمێشی؛ ڕیشێکی بازنەیی، بە چاویلکەی تەلەوە، پیاوێکی نوورانی؛ هەروەها پیاوێکی قژ ئاڵۆز و ڕەنگ تۆخ و شێواو. بێجگە لەوان پیاوێکی قژ کۆوەبووی شەپقەبەسەر. کاتێک پەری لێی پرسی ئەم پیاوانە کێن "ئەمە مارکسە، ئەوەیتر گرامش ـە. کەسە شێواوەکەش هاوڕێ چێ ـیە" کاکی ئاوای بۆ ڕوونکردووەتەوە.

"همم" پەری وا بەرسڤی داوەتەوە، ئەگەرچی ئەشتەبا لەو شتانەی کاکی باسیان دەکا تێنەگەیشتووە وەلێ بەو خرۆشانەی لە دەنگی کاکیدا هەبووە کاریگەر بووە. "باشە ئەدی ئەمەیان؟"

"ڕۆسا" کاکی بە میهرەبانییەکەوە وەک بڵێی باس لە دۆستێکی دەکات کە حەیامێکە بیری دەکات وای گوتووە.

"بریا ناوی منیش ڕۆسا بوایە."

ئومێد پێکەنیوە، "ناوی تۆ خۆشترە، بەڵام ئەگەر حەز دەکەیت ناوت دەنێم ڕۆسا-پەری، بەشکم تۆش لە داهاتوودا ببیتە شۆڕشگێڕ."

"شۆڕشگێڕ مانای چییە؟"

ئومێد بۆ ساتێک وەستاوە. "شۆڕشگێڕ، بەو کەسە دەڵێن حەز

بکات هەموو منداڵەکان یاریان هەبێت، بەڵام هیچ کامیان زۆروزەوەند یاریان نەبێت."

"باشە..." پەری ئەمەی بە سەرلێتێکچوونەوە گوتووە. ئەوەی بیستبووی نیوەی بەدڵ و نیوەیشی بە دڵ نەبووە. "باشە چەندەی هەبن بە زۆر دادەنرێ؟"

ئەو پۆستەرانەی کە ئێستا پۆلیسەکان لە دیوارەکانیان کردنەوە ئەوانە بوون. دوای ئەوەی هیچ شتێک نەمایەوە بیدڕێنن ڕبای کتێبەکان بوون. (لەبەر ئەوەی هاکان نێوانی لەگەڵ خوێندنەوەدا خۆش نەبوو هەموو کتێبەکان هی ئومێد بوون) کتێبی مانیفێستۆی کۆمۆنیزم، کتێبی دۆخی چینی کرێکاری لە بەریتانیا-ی فریدریچ ئەنگلز، کتێبی شۆڕشی بەردەوام-ی ترۆتسکی، کتێبی سڵاو لە کەتەلۆنیا-ی جۆرج ئۆروێل، کتێبی یۆتۆپیای تۆماس مۆر... بە ئەبرۆی هاتووەوەیەکەوە بە خێرایی لاپەڕەکانیان هەڵدەدایەوە کە داخۆ نامەی تایبەت یاخود تێبینییەکی نووسراو نییە. هیچ شتێکیان نەدۆزییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان بەسەر کتێبەکاندا گرت.

"ئەم گووانە بۆ دەخوێنیتەوە کوڕە؟" ئەفسەری پۆلیسەکان وای گوت. *ماچی ژنەی جالجالۆکە* ی بەدەستەوە گرت، بەرانبەر ئومێد بایدەدا. "مەگەر تۆ مسوڵمان نیت، تورک نیت؟ باوکت تورکە و مسوڵمانە، دایکت تورکە و مسوڵمانە. حەوت پشتەی ئەژدادت هەروا. تۆچی، ها؟ چیت داوە لەم زبڵەی بێگانان؟"

ئومێد چاوی لە پێیە پەتییەکانی بڕین؛ ئەنگوستەپێکانی وەک بڵێی بیانەوێ هەست بە تەناهی خۆیان بکەن چووبوونە پاڵ یەکدییەوە.

"ئەگەر ئەو ڕۆژئاواییە بەڵای خوایانە کێشەیەکیان هەیە با

خۆیان چارەی بکەن" ئەفسەرەکە وای گوت. "ئێمە لە ولاتی خۆمان وەک گوڵ دەژین، هەمووومان وەک یەکین، لێرە چین و مین نین. هەر ناشزانین ئەم وشەیە مانای چییە. قەت دیوتە کەسێک لەوی دی بپرسێ 'مامۆ تۆ سەر بە کام چینیت؟' هەڵبەتە نەتدیوە! یەک ئایین، یەک میللەت، تاکە هەموو شت تێدە گەیت؟"

ئەفسەرەکە هێندەی تر لە ئومێد نزیک بووەتەوە، وەک ئەوەی بیەوێ بۆنی پێوە بکات بۆی چەماوەتەوە. "بۆ کۆتایی هێنان بەم پروپووچییە لەم مەملەکەتەدا کودەتای گەورە ئەنجامدران. ئێستا چەپەکان هاتوون وەک قارچک هەڵدەتۆقێن! وادەزانی ڕێگەتان دەدەین؟ ئەو کتێبانەی خوێندوونەتەوە پڕن لە بوختان و درۆ. مەرەکەبی چی، خۆ هەر هەموویان بە ژەهر نووسراون! نەکا تۆش ژەهراوی بوویت، ها؟"

ئومێد ورتەی لێوە نەهاتووە.

"پرسیارێکم لێ کردی، گێلە!" ئەفسەرەکە بەدەم فشکردنەوەی تفنکەکانی[(١)] ئاوا بەسەریدا هاواری کرد. "گوتم تۆش ژەهراوی بوویت!"

"نەخێر" ئومێد وەتۆ[(٢)] بەرسڤی دایەوە؛ دەنگی هەر هێندەی چرپەیەک دەبیسترا.

"هممم، ئەگەرنا بەڕای من بە دڵنیاییەوە وایە" پیاوەکە وای گوت، سەری ڕادەتەکاند وەک ئەوەی ڕەوایەتی بە قسەکەی خۆی بدات.

دۆشەکەکان، کەنتۆر، چەکمەجەکان، تا ئەوەی نێو سۆپای دارانیش.. کونێک نەما سەیری نەکەن، کونجێک نەما نەیپشکنن.

(١) تفنک: کونەلووت.
(٢) وەتۆ: ئاوا، بەمشێوەیە، بەم ئاوایە.

وەک ئەوە وابوون ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێن نەیاندۆزیبێتەوە، ئەمەش بە هەر هۆکارێک بێت ئەوانی دەهری کردبوو.

"هەموو شوێنێک بگەڕێن. ڕوونە کە حەشاریان داوە" ئەفسەر وەها فەرمانی بەسەر پیاوەکانیدا کرد. جگەرەیەک دەکوژێنێتەوە و یەکێکی دی دادەگیرسێنێ، سووتەکەکەیشی بەگۆڕێ وەردەکات.

"ببەخشن... بە دروستی بڵێن چیمان حەشارداوە؟" لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی دیکەی ماڵبات لە گۆشەیەک لە بەرانبەر ویدا وەستابوون، مەنسوور بەم قسەیە دەمی کردەوە. قژە بژەکەی ئاڵۆسکا بوو، پیجامە خەتخەتەکەی لۆچ بووبوو؛ سۆلی[1] پەڕۆینەشی لەپێدا دابوون.

"کە دۆزیمانە دەیبرمە شوێنێکت، ئەودەم دەزانی" ئەفسەرەکە وای وەڵامی دایەوە. "وەک بڵێی نازانی بەدوای چیدا دەگەڕێین."

پەری بە زبری ئەم وشانە ڕاچڵەکی و دەستی باوکی گرت. وەلێ چاوەکانی هەر بەسەر کاکییەوە بوون. دەموچاوی وەک گەچ سپی هەڵگەڕابوو، بۆ ئەو خەمگین بوو.

پۆلیسەکان ژوورەکانی دیکەی خەوتن، گەرماوەکە، تواڵێت، ئەو دۆڵابانەش کە خەیارشۆر و بیبەری وشکی تێدا هەڵگیرابوون هەموویان سەراوژوور کرد. دەنگی داخستن و کردنەوەی چەکمەجەکان، ئەو قوتووانەی وەلادەدران، ئەو چەقۆ و چەتاڵانەی بە ڕاست و چەپدا فڕێدەدران لە ئاندێتەکەوە دەهات. ئێستا لەو شوێنەی کە هەمیشە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بە سەرخوانێک داپۆشرابوو پشێوی حاکمە. دەمژمێرێک، یان ڕەنگبێ زیاتر تێپەڕی. لە دەرەوە، لە ئاسمانێ تروسکەی

---

(١) سۆل: نەعل.

ڕۆشنایيەک دەرکەوت، دروست هاوشێوەی پدوو[1] تەقینی ئەو منداڵەی کە تازە ددانی دێن و دەردەکەون.

"ئەدی منـدالەکە؟" ئەفسـەرەکە وەهـا گـوت. قـنچکە جـگەرەکەی خسـتە سـەر فەرشـەکە و بە پـاژنەی پـێڵاوەکەی کوژاندییەوە. "تەماشای نێو یارییەکانی منداڵەکەتان کردووە؟"

سـەلما، کە هێشـتا چـاوی لەسـەر ئەو فەرشـەی هەر ڕۆژی پێشتر پـاککردبووەوە هەڵنەبڕیبوون قسـەیکرد. "گەورەم ڕەنگە هەڵەیەک ڕوویـدابێت. ئێمە ماڵبـاتێکی بـێ گوێبەنـدین. لە خوا دەترسین."

وەک ئەوەی هەر گـوێی لە قسـەکان نەبووبێـت پیـاوەکە ڕووەو پەری وەرچەرخـــا و ســـەری چاوەکـــانی کـــرد. "کەلوپەلەکانت لەکوێن؟ نیشانمان بدە."

پەری چاوەکـانی ئەبـڵەق بـوون. بـۆچی هەموویـان بـاس لە یارییەکانی وێ دەکەن ئاخر سـەرەتا شۆڕشگێڕەکان، ئێستاش پۆلس؟ خۆیشی ئەوەندە زۆر یاری منداڵانەیشـی نەبـوون. "پێتان ناڵێم."

مەنسـوور کە تـا ئەودەم دەسـتی پەری گرتبـوو کـچەکەی ڕاپسکاند و گوتی "ششش".

"لێگەڕێ بیانپشکنن. هەرچۆنێک بێت هـیچ شـتێک نیيە لێی بترسـین." دواتـر وەک ئەوەی قسـەکانی ئاراسـتەی کەسێکی دیـاریکراو بکـات، "لەژێـر چرپاکەیـدا لەنێـو سـندووقە پەمەیيەکەدان." وای گوت.

دوای ئەوەی پۆلیسەکان چەند دەقیقەیەکیان پێچوو گەڕانەوە، زیـاتر لەو شـتەی ئەفسـەرەکە بە سـەرە پەنجەکـانی گرتبـوو ئەدگاری سەر ڕوخساری بوو کە پەری شڵەژاند.

"وای، وای! بڕوانن چیم دۆزییەوە" ئەفسەر وای گوت.

(١) پدوو: پووک

پەری تـا ئەوکـاتە چەکـی نەدیبـوو. کە لەگەڵ ئەوانەی لە تەلەفیزیۆن دیبوونی بەراوردی دەکـرد حـاڵی دەبـوو کە هێنـدە بچووک دیاربوو، بە جۆرێک کە گومانی کرد ڕاستەقینە بێت.

"لەنێو لانکەکەدا حەشاریدابوو، لەژێـر یـاریی منداڵانـدا، وای چ زیرەکانەیە!"

سەلما بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی؛ "بە حەقی قورئان ئێمە ئاگامان لێ نەبووە."

"حەتـمەن تـۆ ئاگـات لـێ نەبـووە ژنـێ، بەڵام کـوڕەکەت دەیزانێت."

ئومێـد گـوتی؛ "ئەوە هـی مـن نیـیە،" ڕوخسـاری سـوور هەڵگەڕابوو. "داوایان لێ کردم چەند ڕۆژێک بیشارمەوە. سبەی بۆیان دەگەڕێنمەوە. من هەر نازانم بەکاریشی بهێنم."

"دە بڵێ بزانم کێ داوای ئەوەی لـێ کـردووی بیشـاریتەوە؟" ئەفسەر ئاوا پرسی.

ئومێد نقومی بێدەنگی بوویەوە.

لە دەرەوە، لەو نزیکـانە دەنگـی بانگـدەری مـزگەوت بەرز بوویەوە.

"دەی باشە، بابڕۆین" ئەفسەرە گوتی، "ئەمیش بێنن."

مەنسـوور هەر کە چەکەکەی بینـی سـڕ بـوو و دەسـتی بە پـاڕانەوە کـرد. "بەڕێـزم تکـایە. دەبـێ هەڵەیەک ڕوویـدابێت. حەتمەن ڕوونکردنەوەیەکی هەر هەیە. کوڕەکە دڵزێڕینەکەمـان ئازاری کەس نادات. هیچ کەس بە دەستی ئەو خراپەی تـووش نابێت."

ئەفسـەرەکە کە گەیشـتبووە زارکـی دەرکێ بەسـەر پـاژنەی پێڵاوەکانییەوە وەرچەرخا. "دیسان هەمان حیکـایەتی پڕووپـووچ!

ئاگاتان لە ماڵ و منداڵتان نییە؛ ئەوانیش دەچن دەبنە وەڵداشی[1] کۆمۆنیستە بێ خواکان، ئەمانە دەخەنە نێو هەزارەها پیسییەوە. کە کاریش لەکار ترازا ئاوا لارەملە دەکەن و دەپاڕێنەوە. ئاهـ و واخ دەکەن. ئەگەر بەباشی چاودێریان ناکەن بۆچی منداڵتان ناوەتەوە گەوجە؟ کێری خۆتت پێ نەگیرا؟"

ئەفسەرەکە بە جوڵەیەکی چاپووکانە پیجامەکەکەی داکێشا و تا سەر ئەژنۆکانی هێنایە خوارەوە. شۆرتە، ئەگەر کۆنیش بوو وەلێ سپی و پاکەکەی پیاوی داماو دەرکەوت. یەک دووانێک لە پۆلیسەکان پێکەنین. ئەوانی دیکەش وا خۆیان نیشاندا کە گرنگی پێ نادەن. چەندێکیشیان بە شەرمەوە سەیری ئەولایان کرد.

پەری لە دەستییەوە هەستی پێکرد کە باوکی هەموو وزەی لەدەستدا و پەنجەکانی وەک ئەوەی پەنجەی جەستەیەکی بێ هەست و خوێن بن. لە بیستنی بێدەنگی باوکییەوە هەستی کرد؛ بوونە شایەتی شەرمەزاربوونی ئەو پیاوەی کە لەو ڕۆژەوەی دەنگی بیستووە و حەیرانی بووە، ڕێزی گرتووە، وەک نموونەیەک چاوی لێ کردووە و شێتانە خۆشیویستووە، وایکرد پەری بکەوێتە نێو پشێوی هەستەکانی خۆیەوە. تا مەنسوور بەدەم لەرزەوە پیجامەکەی هەڵکێشایەوە پۆلیسەکان لەدەرکە بەودیودا چووبوون. ئومێدیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

* * *

---

(١) وەڵداش: هاوەڵ.

ئومێد چەند ڕۆژێک دەستگیرکرا. لەو ماوەیەداماڵباتەکەی چاویان پێ نەکەوت. بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی نایاسایی کۆمۆنیستی تۆمەتبار کرابوو، دانی بەوەدا نابوو کە چەکەکە هی خۆی بووە -ئەمە دوای ئەوەی کە بە ڕووتی و چاوی بەستراوەوە بە قەرەوێڵەیەکی ئاسنینیان بەستووەتەوە. بگرە ئەو کاتەی جەمسەرە کارەباییەکانیان بە سەرییەوە بەستووەتەوە و قۆڵتیەکەیان دوو هێندە بەرز کردووەتەوە، "دانی بەوەدا ناوە" کە سەرۆکی خانەیەکی نووستوو بووە کە پلانیان داناوە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی وڵات بکوژن. هێندە ئەشکەنجە درابوو ئیتر درکی بە هیچ نەدەکرد، هەرچیان پێ گوتبوو بە کامی گیانی وە ئەستۆی خۆی گرتبوو. بۆنی گۆشتی سووتاو، بۆنی ئاسنینی خوێن، بۆنی ترشاوی میز و فاخیر "فوارە" -ناساوەکەی لەوەوە هاتبوو کە تەکنیکەکانی سزادانی بە سۆندە بووە- هەروەها بۆنی ئەو بنێشتە نەعناعەی دەیجوو.

هەر کاتێک ئومێد لەهۆشخۆی چووە بەو ئاوە ساردەی پێداکراوە وەهۆشخۆیان هێناوەتەوە. ئەو پۆلیسانەی شەوانە ئەشکەنجەیان دەدا هەمانیش بۆ بەیانییەکەی مەڵهەمیان لە برینان هەڵسووتووە، بۆ ئەوەی درێژە بە لێکۆڵینەوەکەیان لەو بدەن. هەندێکجار فاخیر فوارە کە هاتووەتە لای؛ سکاڵای لەبارەی کەمی مووچەکەی، زۆری کاتژمێرەکانی کارکردنی و ڕەودووکەوتنی کچە بێعەقڵەکەی لەگەڵ پیاوێکی لەخۆگەورەتر و خودان ژن و ماڵ و منداڵ دەکرد. دوای شەش مانگ ئەو جووتە گیانی بەگیانییە بە ترس و لەرزەوە لێیانداوە هاتوونەتەوە. "خۆ هەر لەوێ دەستم دەنایە بینیانەوە بەڵام..." وەلێ فاخر فوارە دڵی نەهاتووە. ئەویش هاوشێوەی هەموو جەللادەکانی دی لەهەمبەر ئەندامانی ماڵباتەکەی بە پارێز، بۆ سەرووی خۆی ملکەچ و بۆ هەموو ئەوانی دیکەش غەددار بوو.

هەندێکجار ئومێدیان ناچار دەکرد گوێ لە مارشی ئیستیقلال یان زریکە و هاواری گومانلێکراوانی دیکە بگرێت؛ بەهەمان شێوە ئەوانی دیشیان بە گوێگرتن لە زریکەکانی ئومێد سزا دەدا. جارێکیان بە ئیهمالی بووە یان چی بەر لەوەی ئەشکەنجەی بدەن لەبیریان چووە پەڕۆیەک بخەنە نێوان ددانەکانی، گازی لە زمانی خۆی گرتووە، وەختە بڵێم زمانی خۆی لەناوەڕاستی ڕا دوو پارە کردووە. تا ماوەیەک، ماوەیەکی زۆریش، چەشەی نە لە ترش نە لە شیرینی سەر زمانی نەدەکرد.

دەگوترا دوای کودەتاکەی ١٩٨٠ لە هەموو شوێنێکی وڵات، لە گرتووخانە و قەرەقۆڵ و خانەکانی چاکسازیدا ئەو شێوازە باوانەی ئەشکەنجەدان ئیدی کەمبوونەتەوە. وەلێ حەقیقەت شتێکیتر بوو. بە هێسانی وازیان لە خووەکانی کۆن نەدەهێنا. ئەگەرچی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریان بەسەردا هاتبوو. فەلاقەکردن کەمبووبۆوە، شوێنی خۆی بۆ ستراپادۆ(١) چۆڵ کردبوو -ڕێکارێکی پاکترە. سووتاندن بە جگەرە، نینۆک و ددان دەرکێشان وەکو جاران هەڕمێنی نەبوو. ئەم شێوازە کۆنانە ئاسەواریان لەدوای خۆیان بەجێدەهێشت. کارەباڵێدان خێراتر و کاریگەرتر بوو. بەهەمان شێوە دەرخواردانی پیسایی یەکدی یاخود چەند ڕۆژێک ڕاگرتنیان لەنێو زێرابدا. لە دەرەوە ڕا هیچ ئامـاژەیەکی مامەڵەکردنێکی خراپ بەدینەدەکرا. ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لووتیان بە هەموو شتێکدا دەکەن و پارێزەرە ئەوروپاییەکانی مافەکانی مرۆڤ بێ ئاگادارکردنەوە هاتبان هیچ شتێکیان چنگ نەدەکەوت.

---

(١) Strappado

هەڵواسین بە قۆڵ، جۆرێکە لە ئەشکەنجەدان، هەردوو دەستی ئەشکەنجەدراو لە دواوەڕا دەبەستنەوە و بەو شێوەیە بەهەوایەوە دەکەن.

دواجار ئومێد بە هەشت ساڵ و چوار مانگ و بەبێ ئازادکردنی مەرجدار، حوکمدرا.

***

ناڵبەندئۆغلۆییەکان هیچ ڕۆژێکی سەردانیکردنیان نەبواردووە و چوونەتە زیندان. هەندێکجار مەنسوور و کوڕە گچکەکەی، جاروبار سەلما و کچەکەی، جارجارەش مەنسوور و کچەکەی دەچوون، بەڵام هیچ کاتێک نەبووە مەنسوور و سەلما پێکەوەبن. لەنێو چەند دەستە مرۆڤێکدا چاوەنۆڕ دەبن، هەزاران ڕاڕا، هەزاران کە ئاسەواری دیدەنییەکی زەحمەت هەڵدەگرن، لەپاڵ مێزێکی پلاستیکی دادەنیشتن و قسەیان لەهەمبەر یەکیدا کردووە، مێزەکە هەزار شایەتی دەویست تا ڕوون بێتەوە کە ڕەنگی سپییە. زیارەتکاران لەلایەکەوە، زیندانییەکان لەلایەکەوە. وەک چۆن فەرمان کراوە، دەبوو دەستەکانیان وا دابنرێن لەبەر چاوانبن، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک شتێکیان پێ نەدا و شتێک وەرنەگرێت. بەمشێوەیە دادەنیشن، لەو درزەوە کە کەسەر کردوویەتییەوە، هەوڵیان دەدا لەوێوە پێکەنینە زۆرەکی و وشە پچڕ پچڕەکان بگەیەننە یەکدی.

جارێکیان کاتێک ئومێد هەستا بڕوات مەنسوور پەڵەیەکی خوێنی بینی، لەکە خوێنەکە لەسەر شێوە و هێندەی پەلکە بییەک دەبوو. ئەم شێوازە ئەشکەنجەدانەیان بەسەر دەستەبژێرێک کەمدا جێبەجێ دەکرد: زیندانییە سیاسییەکان، هاوڕەگەزباز و ئەو نێرەمووکانەی لەسەر شەقامەکان کۆدەبوونەوە.

مەنسوور جۆرێکی لێهات وەک بڵێی تیغیان لەگەرووی ناوە. هەرچەندی ویستی خۆی بگرێ نەیتوانی، ئەو شینە پیاوە بەدەم ڕاتەکانی شانەکانییەوە دەستی بە گریانێ کرد. خواکردی ئومێد کە دەمێک بوو گەڕابووەوە ژوورەوە، گوێی لە پڕمەی گریانی

باوکی نەبوو. وەلیێ پەری کە لەگەڵ باوکی چووبوو بیستی و هەرگیز لەبیری نەکرد. دوای ئەو ڕۆژە جارێکی دی نەیانبردەوە دیدەنیی کاکی. لەباتی هەندێ داوایان لێ کرد نامە بۆ ئومێد بنووسێت. نووسیشی. چەندینجار. لە نامەکانیدا باسی شتە جوانەکانی کرد، بەجۆرێک کە بەکەیف و بێخەمتر دیار بێت لەوەی هەیە، -وەها فێرکرا. دونیا پڕیەتی لە دادگەری، ژیان ئاسوودەیە و بە هوردی پەیڤەکانی هەڵدەبژاردن. تەنێ بۆ ئەوەی تۆسقاڵێک ئاهێک بە دڵی کاکیدا بێنێت توانای خەیاڵی خۆی زێدە کرد.

وەلیێ پەری بەردەوام لە خەونەکانیدا ئومێدی دەدی. بە ترسەوە ڕادەپەڕی. لەو کاتانەوە لە خەونەکانیدا قیژەی لێ دەدا و بەدەم بینینی مۆتەکەوە وەهاگا دەهاتەوە. لەو شەوانەدا بە هێمنی هەڵدەستا و دەچووە نێو ئەو کانتۆرەی لە ژوورەکەی دابوو، لە ژوورەوە دەرکەکەی دەگرت. کاتێک لەو شوێنە داخراو و تەنگوستەچاوەدا خەیاڵی بۆ ئەوە دەکرد کە بە تەنێ لەگەڵ کاکی دایە؛ لەهەمان قاوشدا، بە هەمان سزادانەوە. بە هەر هۆکارێک بێت پەنا وەبەر کانتۆرەکە بردنی ترسەکەی دادەمرکاندەوە.

❋ ❋ ❋

لەباتی ئەوەی کەوتنە ئەودیوی شیشەکانی زیندانی ئومێد ناڵبەندئۆغلوییەکان یەکبخاتەوە هێندەی دیکە پەرتەوازەی کردن، هەرکامیان جەمسەرێکیان گرت. مەنسوور هاوژینەکەی خەتابار دەکرد. خۆی بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر کار بوو؛ کەسێک کە دەبوو هۆشی بەسەر منداڵەکانەوە بێت؛ سەلما بوو. ئەگەر لەجیاتی ئەوەی کاتی خۆی بە چوونە لای مەلا دەمارگیرەکان بەهەدەر بدات ئاگای لە منداڵەکانی بوایە لەوەدابوو پێش بە

ڕووداوێکــی وەهــا بگیــرێ. هەرچــی ســەلما بــوو ڕێــک بە پێچەوانەوە بیری دەکردەوە. کەنارنشین، تێکشکاو و زیز بوو. هاوســەرەکەی بە هۆکــاری ڕووداوەکــان دەزانــی. مەگەر هەر مەنسوور نەبوو گەرای بێدینی لەسەر منداڵەکان دەچاند؟ ئەو گوتە پڕوپووچانەی لەبارەی ماتریالیزم و بیری ئازاد دەیخستە مێشکیانەوە ئەوانی لاڕێی کارەسات کرد. ئەو شتەی هاوسەنگی مرۆڤ دەپارێزێ ترسی خودایە، کاتێک ئەو ترسە نەماوە ئەوەتا ڕۆڵەکانیان بەهەڵەدا چوون. دیارە کە سەبەبکاری هەموو ئەوەی ڕوویدا مەنسوورە. دەمەوەریان کرد. لێک گیربوون.

ســاڵ لەدوای ســاڵ هاوســەرگیرییە ساردەکەی مەنســوور و سەلما وەک قەپێلکێکی ناو بەتاڵی لێ دەهات. هەنووکەش ئەو قەپێلکە شکاوە و دوو لەت بووە، جووتەکە هەریەکە و خۆیان لە لایەک دەبینـنەوە. هەوای نێـو مـاڵەکە، وەک ئەوەی حوزنی کەسانی نێو ماڵەکەی تێگەڕابێ، قورس و خنکێنەر بوو. پەری وای بیــر دەکــردەوە ئەو مــێش و پەپــوولانەی لە پەنــجەرە کراوەکـانەوە بە ڕێـکەوت دێـنە ژوورەوە بە هەڕاکە دەفـڕنەوە دەرێ. مێشــوولە لەخوێنتێرنەبووەکـانیش وایـان لـێ هـاتبوو تـا خەمگینی دە خوێنیان نەگەڕێ ناڵبەندئۆغڵوییەکانی نەدەگەست.

ئیدی لێپرسینەوە لە خـودا لەلایەن پەرییەوە لە وان ڕۆژانەوە دەستپێکردووە. نە وەک ئەوەی دایکـی فێری کـردووە شـەوانە بەر لە خەوتــن دەتـوانێ نـزا بخـوێنێ، نە وەک ئەوەی بـاوکی پێشنیاری بۆ کردبـوو دەیتـوانی لەهەمبەر ئافرێنەردا بێ مەرج بوەستێ. لەباتی ئەمە هەرچەنـد سەرزەنشت و شکایەت هەیە و دایــک و بــاوکی زاتــی دەربڕینیــان نەبــووە هەمــووی کــردنە گوللــەتۆپێک و بــۆ خــودای هەڵــدەدان. لەگەڵ "ئەو" هەمــوو

پرسێکی گەنگەشە دەکرد، ئەو پرسیارانەی کە دەیزانی وەڵامێکی ئاسانیان نییە بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەیبیستێ بە چرپەوە- لەوی دەکردن. بۆچی خوداوەند ڕێگەی بەو هەموو ناهەقییە دەدا؟ چۆن ئەوەی پێ هەزم دەکرا مرۆڤە باشەکان شتی خراپیان بەسەر بێت؟ ئەودیوی دیوار و شیشەکانی زیندان دەبیستێ و دەبینێ؟ ئەگەر بیبینێ و نەبیستێ دیارە وەک دەڵێن هێندەش بە توانا نییە. ئەگەر نا و بیبینێ و بیبیستێ ئەودەم دادمەند نییە. بەهەر حاڵ و بارێک بێت خودا وەک ئەوەی گوتراوە وانییە. ئەو کاردانەوەیەی کە دایکی و مامۆستاکەی ئوزوومباز ئەفەندی نەیانتوانی بوو ئاراستەی بکەن، ئەو خەمەی کە باوکی و راهاتنەکەی لەسەر بەدمەستیی خەمیان نەبوو، ئەو خەمەی کاکی گەورەی نەیدەخوارد ئەو خەرەندەی کەوتبووە نێوان خۆی و کاکی بچووکتری دەیکردنە تەندوورێکی خۆڵەمێشی، فیکرەکانی خۆی لەبارەی خوداوەندەوە تێدا تێکەڵ دەکرد. هەموو ئەو تێکەڵە عەجیبەی لەنێو فرنی زیهنیدا دەبرژاند، کەم کەمە دەئاوسا و لێوارەکانی دەسووتاند.

کە لە وشەی "ڕەب" وردەبییەوە چەندە پەیڤێکی سادەبە، وەلێ چەندەش ئاڵۆزە. بەو ئەندازەیە لێتەوە نزیکەکە هەرچی دەکەی دەبینێ و دەبینێ هاوکات گەیشتن بەو مەحاڵە. بەڵام پەری سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەو وەدۆزێ. چونکە بڕوای بەوە هەبوو ئەگەر سەرکەوتووبێت لەوەی خودای دایکە دیندارەکەی و ئافرێنەری باوکە سیکۆلارەکەی یەکبخات، ئەوا دەکارێ بە جۆرێک باوانیشی پیکبێنێتەوە. لەبەر ئەوە نە وشەی خودا نە وشەی ئافرێنەری

بەکار نەدەهێنا، پەیڤی ڕەب-ی لەخۆی نزیکتر هەست پێدەکرد. ئاه بریا پێکهاتنەوەیەک ڕوویدەدا، ئەودەم گرژی کەمتر لەنێو ماڵباتی ئاڵبەندئۆغڵوییەکان ڕوویدەدا، کێ چووزانێ ڕەنگە لە هەموو دونیا وابوایە.

پارچەکانی ڕەب وەک پارچەکانی پەزڵێک[1] بوون کە هیچ کات بەیەکەوە هەموار نابن. ئەگەر پەری ئەم نهێنیە هەڵبێنێ، لەنێو ئەو هەموو بێمانایيەدا، مانا دەبووە چلێک و دەستی پێوە دەگرت، لەنێو ئەو هەموو شێتێتییەدا تۆسقاڵێک لۆژیک و لەنێو هەموو پشێویەدا تەباییەکی دەدەۆزییەوە، بگرە بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا فێر دەبوو چۆن بەختەوەر بێت.

لە کاتێکدا هاوتەمەنەکانی بە سەنگ و سادەیی ئەو کۆلارانەی دەیانفڕاند لە کۆڵاندا یاریان دەکرد، لە فێرگەدا وەک ئەوەی هیچ ڕۆژێک سبەینێی لەدوا نەیەت جەفەنگ و وازیان دەکرد، هەرچی نازپەری ئاڵبەندئۆغڵووە تارادەیەکی زۆر ڕژد و بەنێو خۆ داخراوییەوە بە دزییەوە سەرقاڵی دۆزینەوەی -کە هەرچیشی دەکرد نەیدەدۆزییەوە- خودا بوو.

(1) Puzzle.

# دەفتەر

ئیستانبوڵ، دەیەی هەشتاکان

"وەرە لەهەمبەر من ڕوونیشە" مەنسوور لە یەکێک لەو شەوە دەگمەنانەی کە بەتەنیا لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو وای بە کچەکەی گوت.

پەری دەستبەجێ داواکارییەکەی بەجێهێنا. ئەگەرچی لەهەمانماڵیشدا دەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا بیری باوکی دەکرد. لەوەتەی ئومێدیان بردبوو بەردەوام دۆشداداەما، لەنێوان بوون و نەبووندا.

"گوێڕادێرە حیکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە" مەنسوور گوتی. "لە دەورانی پێشوودا نەیژەنێک هەبوو، کە لە هیچ کەسێکی دی نەدەچوو، سۆفیگەر، پشت لە دونیا کردوو، قەلەندەرمەشرەب. هەر کاتێک شووشەیەکی ڕاکی و شەرابی بینیبێ، تووڕە بووە. 'دەزانن کە هەر دڵۆپێک لەمە حەرامە؟' بەم شێوەیە لە دەوروبەرەکەی خۆی تووڕە بووە. دواتر شووشەکە وەرگرتووە و پەنجەیەکی تێخستووە، دوای چەند چرکەیەک چاوەڕوانی پەنجە تەڕەکەی دەرهێناوە و ڕایوەشاندووە. 'ئەو دڵۆپە حەرامەم لێ دەرهێنا و فڕێمدا' وای گوتووە. 'ئیدی دەتوانن بە کامی دڵ لێی بخۆنەوە.'"

مەنسوور بە حیکایەتەکەی خۆی پێکەنی - قاقایەکی نزم و خەماوی. "ئەگەر لەم دونیا فانییەدا خواستێک دەدڵ نەگرین، بۆچی بژین؟"

پەری بە وردی لە ڕوخساری باوکی ڕاما. لە پرسیارەکەیدا یاخیبوونێکی شاراوەی هەست پێکرد. بەڵام بەرانبەر کێ؟ کۆمەڵگە؟ دیندارەکان؟ یاساکان؟ تۆبڵێی باوکی خۆشەویستی لەکێ یاخی بوو؟ بە شەرمەوە پرسی: "دەتوانم جارێک تاقی بکەمەوە؟"

"چی؟ دەتەوێ ڕاکی بخۆیتەوە؟" مەنسوور بەدەم قاقاکێشانەوە وای گوت.

پەری بە بێدەنگییەوە ئەرێی کرد. تەنێ بۆ ئەوەی لەیەکیان نزیک بکاتەوە و ببێتە چارەی تەنیاییەکەی باوکی، دەیانتوانی بە دڵخۆشییەوە بەیەکەوە بخۆنەوە.

مەنسوور سەری بادا. "هەر ئەوە مابوو! هێشتا حەوت ساڵانی."

"هەشت" پەری ئاوا بۆی ڕاست کردەوە.

مەنسوور بۆ ساتێک وەستا. "ئەوەی ڕاستییێت هیچ کات حەزم نەکردووە بیخۆیتەوە. وەلێ ئەگەر ڕۆژێک بخۆیتەوە یەکەم بادە لەگەڵ باوکت لێدەوە، یەکەم جگەرە لەگەڵ باوکت داگیرسێنە. قەدەغە تەنێ ناخۆشی لەدوایە. ئەمە ئەو شتەیە کە مێشک جاجاڵۆکەییەکان لێی تێناگەن! لەجیاتی ئەوەی گەنجەکان لە دەرەوە بخۆنەوە با لەماڵەوە بە ئازادانە بخۆنەوە. هەڵبەت کاتێک دەگەنە تەمەنی هەژدە ساڵی!" ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. "بەڵام وادیارە ئەو توندڕەوانە تا ئەوکات هیچ خواردنەوەیەک ناهێڵن. ڕەنگبێ تەنیا لە مۆزەخانەدا شووشەیەک نمایش بکەن، وەک چۆن نازییەکانیش وایان کرد: مۆزەخانەی کەلوپەلی نارەسەنەکان. واباشە تا زۆر درەنگ نەبووە تامی بکەی.."

مەنسوور وای گوت و گڵاسێکی تا نیوە پڕ لە ئاو کرد و بە سەری ملاک دوو دڵۆپە ڕاکی تێ کردن. پەری تەماشای کرد

وەک مەرەکەبێکی خۆڵەمێشی بەنێو ئاوەکەدا گەڕا. لە هەمان کاتدا باوکیشی بە نیگایەکی خەندەوارەوە تەماشای وێی دەکرد.

"ئەو دڵۆپانە دەبینی؟ من و هاوگیانەکانم ئاواین. ویستمان لەنێو دەریایەک لە نەزانی و جەهالەتدا لێک بئالێین، وەلێ ئەوەتا پەرتەوازە دەبین." مەنسوور بادەکەی ڕووەو کچەکەی هەڵبڕی و "بەخۆیشت دەی!" وای گوت. "دایکت ببینێ، بەخوا کەولمان دەکات."

پەری بە لارەملێیی و شەرمێکەوە پێکەنی.

"بەخۆشیت!"

پەرداخەکەی بەرز کردەوە بە وریاییەوە قومێکی لێدا. یەکراست ڕووی گرژ بوو. کارەسات! تامی لە هەموو ئەو شتانەی تاوەکو ئەودەم تامی کردبوو ناخۆشتر بوو. بۆنی لە هی ڕەزیانەش توونتر بوو. ئەوە چۆن باوکی دەیتوانی هەموو ئێوارەیەک ئەو شتە ناخۆشە بەوپەڕی ئیشتیاوە بخواتەوە؟

"بەڵێنم پێ بدە" مەنسوور وای گوت. "هەرگیز بڕوا بە حیکایەتەکانی پیرێژنە سیحرییەکە نەکەیت. خۆ تێدەگەیت باسی چی دەکەم؟"

پەری دوای ئەوەی ویستی بە پارچە نانێک لە تامی دەمی قوتاری بێت گوتی "بەڵێ"، "ئەها دەڵێن بەسەر منداڵدا باز مەدە باڵای کورت دەبێت. پەنجەکانت مەترقێنە باڵی فریشتەکان دەشکێنی. لە تاریکیدا فیکە مەکێشە، بەمە بانگی شەیتان دەکەیت. ئەم جۆرە شتانە."

"ڕێک وایە، هەموو ئەو شتە بێ مانایانە. ابڕوانە، یاسایەکی زێڕین هەیە من زۆر حەزم لێیەتی. بۆتۆشی پێشنیار دەکەم. هەر شتێک کە بە چاوی خۆت نەتدیوە، بە گوێی خۆت گوێت لێنەبووە، دەستت لێی نەداوە و لەگەڵ عەقڵ و لۆژیک

ناگونجێک هەرگیز بڕوای پێ مەکە. بەڵێن دەدەیت؟"

پەری بە ویستی بەدەستهێنانی ڕەزای باوکی ورتەیەکی لێوە هات: "بەڵێن بێت."

مەنسوور بە خواستی جەختکردنەوە لەسەر قسەکانی خۆی پەنجەی ئاماژەی بەرز کردەوە. "تەنێ پەروەردە دەتوانێ ڕزگارمان بکات! ئەمە تاکە ڕێگایە. دەبێ بچیتە باشترین زانکۆکانی دونیا بخوێنی. خولیایەکی وەهام هەیە ڕۆڵەکەم." تێستێکی کرد. بیری لەوە کردەوە کامە زانکۆ بێت. "لەنێو منداڵەکانمدا تەنیا تۆیت بتوانی ئەمە بکەیت. برایەکت لە زیندانێ دایە، براکەی دیکەت بووە سەرسەری و لەکۆڵم بۆوە. بەڵام تۆ جیاوازیت. زۆر بخوێنە، لە نەزانی دەرچۆ، بەڵێنێکی مەزنم پێ بدە."

"بەڵێنێکی مەزنت پێ دەدەم باوکە."

"ئەگەرچی..." بەدەم بیرکردنەوە مەنسوور وای گوت؛ "پیاوان حەز لە ژنێک ناکەن کە زۆر خوێندەوار و هۆشمەند بێت. نامەوێ بەهۆی منەوە لەماڵێ بمێنیتەوە."

"قەیدی چییە، خۆ من قەت هاوسەرگیری ناکەم، لەکنە تۆ دەمێنمەوە."

مەنسوور پێکەنی. "بڕوام پێ بکە ڕات دەگۆڕێ، بە تایبەت کەمێکی دی گەورە ببە. بۆچی زەجر بەدەست پیر و پەککەوتەیەکی وەکو من بکێشی؟ بمخەرە خانەیەکی بەساڵاچووانەوە. نامەوێ تەمەداری دایکت بم و موحتاجی ببم. ناتوانم وەڵامگۆی تووک و جادووەکانی وێ بم. باشترین شت ئەوەیە لە خانوویکی پاکی بەساڵاچوواندا بم؛ لەگەڵ ئەو دۆستانەم دابم کە بە ڕێزەوە یادێک لە پێشینانمان دەکەنەوە. ئەگەر بێینە سەر تۆ، هەڵبەتە دەبێ کەسێکت خۆشبوێ،

Scanned with CamScanner

خۆشبویی.//وەلێ ئەکەی عاشقی کەسێک بیت گرنگی بە زانین نادات! ئەو پیاوەی خۆشت دەوێ پیاوێک بێت ئازادانە بیر بکاتەوە و گەشە بەخۆی بدات. بەڵێنێکی دوو هێندە مەزن؟//

"بەڵێنێکی قەبە باوکە" پەری بە هۆشێکی ئاڵۆزەوە وای گوت. کاتێک دەیەویست لە کورسییەکەی بێتە خوارەوە شتێک پەڕیە هۆشییەوە. "بەڵام ئەدی خودا؟ خۆ ئەو نابینین، نایبیستین... ناتوانین دەستی لێوە بدەین... ئەدی یاسا زێڕینەکە چی؟"

ئاهێکی قووڵ و درێژی هەڵکێشا. "نهێنییەکت لا بدرکێنم؟ کاتێک باس دێتە سەر خودا گەورەکانیش هۆشیان ئاڵۆز دەبێت. منداڵان هەروەتر و زۆرتریش."

"باشە، بەڵام ئایا خودا حەقیقەتە؟" پەری بە شەرمەوە پرسی.

"بەخوا، ئینشاڵڵا وایە. لەو دونیا کاتێک ئەوم بینی، بەر لەوەی هیچ شتێکم لێ بپرسێ من لەو دەپرسم لەوەتەی هەیە لەکوێ بووە. دەمێکە ئێمەی بەم حاڵەی خۆمانەوە بەجێهێشتووە!"

مەنسوور پارچە پەنیرێکی ئاوقای دەمی کرد و بە هێواشی جووتی.

"باوکە گیان... بە بۆچوونی تۆ بۆچی خودا یارمەتی کاکەمی نەدا؟ بۆچی ڕێگەیدا ئومێد هەموو ئەو شتانەی بەسەر بێن؟"

مەنسوور پەنیرەکەی قوتدا. "ئاهـ، گیانەکەم خۆزگە دەمزانی." لە دەمی قسەکردنیدا سێوی ئادەمییەکەی وەک پووشێکی نێو ئاوێکی بەخوڕ سەردەکەوت و ژێردا دەکەوتەوە.

بێدەنگییەک هاتە ئاراوە. پەری لەبێزاریدا پەنجەی پێیەکانی خوراندن؛ هەستی کرد پێویستە باسەکە بگۆڕێ. هەر خۆی قسەکردن لەسەر ئومێد وەک داخستنی بەری مانگ بە هەوری دۆخی ناڕۆشنی ڕۆحیانی هێندەی دیکە تاریکتر کرد. "باشە ئەدی بەهەشت و دۆزەخ؟"

Scanned with CamScanner

"بەخوا پیاوێک نیم چوونە بەهەشتم عەیان بێت. لەم دۆخەدا دوو ئەگەر هەن؛ ئەگەر خودا لەگاڵە حاڵی نەبێت کار لەکار دەترازێ. ڕێک و ڕاست بەرەو دۆزەخ. بەڵام ئەگەر خاکەرا و قەلەندەر مەشرەب بێت، کە بە هیوام وابێت، ئەودەم هیوایەک دەبێت. ئەودەم لە بەهەشت لەگەڵ تۆ یەکدی دەبینینەوە. ئەدی ناڵێن چەمەکانی لەباتی ئاو شەرابی پێدا دێ!"

پەری وروژا. ئەگەر خوداوەند وەک ئەوەی دایکی بەدەم سوێند خواردنەوە دەیگوت سەخت، سزادەر و تۆڵەسێن بێت باوکی خۆشەویستی بەختێکی وای نابێت. "بەڵام من نامەوێ تۆ بچیتە دۆزەخەوە" بە نیگەرانییەوە ورتەیەکی لێوەهات.

مەنسوور بینی ئەم منداڵە ئەو قسانەی زۆر بە جدی وەرگرتوون، بە ماناداریيەوە پێکەنی. "تۆ خەمی ئەوەت نەبێت، پلان بی-یەکمان دەبێت."

"پلان بی؟"

"تۆ قازمەیەک بخەرە نێو گۆڕەکەمەوە و حەقت نەبێ. تونێلێک هەڵدەکۆڵم و دێمە دیدەنیت."

چاوەکانی پەری ئەبڵەق بوون "باوکەههه! دۆزەخ زۆر قووڵە، چەوێک هەڵدەیتە نێوی بە حەفتا ساڵ دەگاتە بنی" دایکم وای دەگوت."

"هەڵبەتە وای گوتووە." مەنسوور ئاخێکی هەڵکێشا. "ئەوکاتە منیش حەفتا ساڵ هەڵدەکۆڵم. ساڵێکی ئەم دونیایە لەو دونیا تەنیا یەک دەقیقەیە، خەمت نەبێ. بەهەر جۆرێکە دێم و دەتدۆزمەوە." لەپڕ ڕووی گەشایەوە. "هێندەی نەمابوو لەبیرم بچێت، شتێکم بۆ هاوردووی!"

مەنسوور هەستایەوە و جانتا پێستەکەی هێنا. لەنێویدا قوتوویکی زیوین، کە بە قردێلەیەکی قەدیفەیەکی سوور پێچرابووەوە دەرهێنا.

"بۆ منە؟" بە دیقەتەوە لە پاکێتەکە ڕاما.

"ئایکەیتەوە؟"

قوتووەکە دەفتەرێکی تێدابوو. لەسەر بەرگەکەی پوول و مۆزایکی ئاوێتەیی هەبوو، ڕەنگ فەیرووزی، کاری دەست بوو. دەفتەرێکی ناوازە بوو.

"پروانە گیانەکەم، تۆ منداڵێکی نائاساییت. سەرت لە پرسی گەورە دەخوری. لە هاوتەمەنەکانت ناچیت. خواستی ئەوان چۆکلاتە و شیرینییە، تۆ خودا، ئایین، بڕوا، دادپەروەریی... لەم تەمەنەوە دیفچوونت دەستپێکردووە. خەمبارم بۆتۆ. ئەمانە بابەتی سەختن. ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەزانم، بڕوا بەو کەسانەیش ناکەم بانگەشەی ئەوە دەکەن. درۆ دەکەن." مەنسوور وای گوت. "هیچ کەسێک نیبە سەدا سەد بزانێت. دایکت و ئەو مەلا ڕیشنە پۆشتەبەش دەگریتەوە." گلاسی ڕاکییەکەی نۆش کرد."حەز بە ئایین ناکەم، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا خودام زۆر خۆشدەوێ! دەزانی بۆچی؟"

پەری سەری بۆ ڕاست و چەپ بادا.

"چونکە تەنیایە پەری گیان. دروست وەک من... وەکو تۆ، ئەویش تەنهایە" مەنسوور بەدەم دۆشدامان و بیرکردنەوەوە وای گوت. "لەو بەرزەوە لە شوێنێکە، بەتاقیتەنێ، هیچ کەسێک نیبە قسانی لەگەڵ بکات. قەیدی نییە لەوانە هەندێک فریشتەی بەدەورەوە بن، بەڵام تۆ بڵێ فریشتەکان تاچەند دەردەدڵی لەگەڵ

دەکەن؟„بە ملیاران مرۆڤ لێی دەپاڕێنەوە، دەڵێن 'ئەوەم پێ ببەخشە، ئەوەم بە نسیب بکە، پارە بە تەلیس، دوایین مۆدێلی ئۆتۆمبێل...' هەمان قسە، دووبارە و دووبارە، وەلێ هیچ کەسێک زەحمەتی ناسینی ئەو بەخۆی نادات."

چاوەکانی مەنسوور بۆ ساتێک کەسەر دایانگرت، بادەکەی پڕکردەوە. "کاتێک مرۆڤەکان بەدەم ڕێگاوە ڕووداوێک دەبینن کاردانەوەیان چی دەبێت؟ هەر ئەودەم 'دەڵێن خودا پەنامان بدات.' بڕوا دەکەیت! لە یەکەم کاردانەوەیاندا بیر لە خۆیان دەکەنەوە، نەک لە قوربانییەکان. دەزانی چەند کەم کەس هەن کە نزا بۆ ئەوانی دی دەکەن؟ تەنێ بۆ خۆیان.

هەر خۆی هەموو نزا و پاڕانەوەکان هێندە لەیەکدی دەچن. *بمپارێزە، پەنام بدە، بەرزم بکەرەوە...* هەمووو شتێک من ئەگەر لێیان بپرسی ناوی لێ دەنێن "دینداری" ئەگەر لەمنیش بپرسی دەڵێم 'خۆپەرستییە لە لیباسێکی دیکەدا'.

پەری سەری لارکردەوە. دەیەویست دڵنەوایی باوکی بکات، بەڵام بۆ ئەمە هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو.ماڵەکە نوقمی ژێر بێدەنگییەکی وەها ناسک ببوبوو لەوەدابوو ئاخێک هەڵکێشی بەسەر یەکدا برووخێ. پەری خولیای ئەوە بوو بزانێت ئاخۆ دایکی لەودیوی دیوارەکەوە لەسەر چرپاکەی گوێی لێیان گرتووە، ئەگەر گوێی لێ گرتوون چی بە بیردا دێت.

"لەمەودوا، کەوابێ هەر کاتێک پرسیارێک لەبارەی خوداوەند -یاخود لەبارەی خۆتەوە- بە بیرتدا هات ڕوونیشە و لەم دەفتەرەدا بینووسە."

"وەک یاداشتی ڕۆژانە؟"

Scanned with CamScanner

"بەڵێ، بەڵام یاداشتنامەیەکی تایبەت" مەنسوور وای گوت، خرۆشابوو. "دەتوانی ئەم دەفتەرە بە درێژایی ژیانت بەکاری بهێنی!"

"بەڵام ڕووپەلەکانی بەش ناکەن."

"هەڵبەتە بەشناکەن! تاکە ڕێچارە، سڕینەوەی ئەو شتانەیە پێشووتر نووسیوتن. تێدەگەیت؟ بنووسە و بیسڕەوە، گیانەکەم. ناتوانم فێرت بکەم چۆن بیری خەمۆک و تاریک لەسەرت دووربخەیتەوە، من خۆم لەم تەمەنە هێشتا فێرنەبوومە." مەنسوور تێستێکی کرد. "بەڵام خۆت دەتوانی بیسڕیتەوە."

بنووسە و بیسڕەوە. بڕوا و گومان. وەڵام و پرسیارەکان. هەم گرنگی بە زانیاری بدە، هەم ئەوانەی دەیانزانی بخەرە ژێر پرسیارەوە. هەرگیز لەیەک شوێندا ڕاگرەت[1] هەڵمەدە. لەم دونیایەدا با هیچ ئەدرەسێکت نەبێ، تەنێ شوێنپێت جێبمێنێ. ئیبن عەرەبی چی گوتووە؟ *ڕێبواریی ئێمە کاروانی عیشقە، ئەو کاروانە ڕوو لەهەرکوێ بکات ئێمەش بەدوویدا.* هەرگیز مەڵێ نیشتەجێبووم، ڕەگم داهێشتن، یان بلێی بووم یان دۆزیمەوە. سەر بە هیچ گێتۆ[2]، ناسنامەی دەستەجەمعی، کۆمەڵ و کۆمەڵە و خێڵێک مەبە. هەموویان بە هەڵەتدا دەبەن، ڕێوێڵت دەکەن. تۆ

(١) ڕاگرە: ئەو ئاسنە شێوە قولاپیەیە کاتێک کەشتیەکان دەیانەوێ لە شوێنێکی کەنار دەریا لەنگەر بگرن هەڵیدەدەنە نێو ئاو. لە تورکیدا نووسراوە ڕاگرەت هەڵمەدە، کە مەبەست لێی بە شوێنێکەوە مەگیرسێوە.

(٢) گێتۆ: لە هەر شارێکدا بێت ئەو شوێنەی، یان ئەو ناوچە و گەڕەکانەی کەمینەیەکی دیاریکراوی ئیتنیکی، نەژادی، ئاینی تێدا نیشتەجێن و بە هیچ کلۆجێک شوێنەکەیان چۆڵ ناکەن.

هەر تەنیابە. بە تاقیتەنێ. گەیشتن نا، چوون، تەنیا هەرچوون...

ئایا هەر بەڕاست باوکی دەیەویست ئەوە بڵێ؟ بەهەر جۆرێک بێت ئەو وانەیەی پەری دوای چەندین ساڵ لە قسەکانی ئەو ئێوارەیەیان هەر ئەمەی دەگەیاند.

ئەو شەوە، پەری ڕۆژنڤیسکەکەی کردەوە و یەکەم سەرنجی خۆی نووسی: *وێدەچێ خودا ڕەنگاوڕەنگ بێت، هەزاران پارچەی هەن. لە هەندێک کەس بپرسی؛ پڕیەتی لە بەزەیی و ڕەحمەت. لە هەندێکی دی بپرسی؛ تووڕە، دوور و ستەمکار. بەمن خودا سێتێکی لێگۆیە*[1]. وەک ئەوە وایە هەر کەسە و بە دڵی خۆی شێوەی پێ بدات.

(١) لێگۆ: میکانۆ

# باخچە

ئیستانبول، دەیەی هەشتاکان

کاتێک بۆ یەکەمجار پەری "منداڵەکەی نێو تەم"ی بینی تەمەنی هەشت ساڵان بوو. ئەو ڕووداوە بۆ هەمیشە دەیگۆڕی و وەک لاولاوەیەک ئەزموونی ژیانی پێچەڵپێچ کرد.

بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو خانووانەی دەوروبەریان، خانووی ماڵی نالبەندئۆغلوییەکان هەرچوارلای بە باخچەی سەوز دەورە درابوو. زۆربەی کاتیان لە باخچەی دواوەی ماڵەوەیان بەسەر دەبرد. لەوێ بەردەوام چالاکییەک هەر هەبوو. بۆ ئەوەی لەبەر هەتاوێ وشک ببنەوە بیبەر، باینجان و بامێیان بە بەنەوە دەکرد، بە شووشە دۆشاوی تەماتە دروست دەکرا، بۆ جەژنەکانی قوربان سەروپێیان تێدا دەکوڵاندن. جارجارەش، پارچە پەمۆیەکی چکۆلە بەهەواوە دەفڕی- وەک پەڕەمووچێکی کۆترێکی پێکراو وابوو.

پەرژین و چەپەرێکی تەختەیی باخچەکەی لە دونیای دەرێ دابڕیبوو، نێوانی تەختەکان هێندە بەرفرەهـ بوو ئەگەر لە دوورەوە سەیرت کردبایە لە ددانی کەلی دەمێک دەچوو، پەری زۆر کەیفی بەوە دەهات لەگەڵ منداڵە دراوسێکان لە باخچەکەدا وازی بکات. دووەم شت کە زۆر حەزی لێ بوو کۆبوونەوەی تەواوی کۆڵان بوو بۆ شۆردنی فەرش و ڕاخەر، بۆ ئەو بوویەرە کە شەش مانگ جارێک دەقەوما ڕۆژانی دەژماردن. دەبوو هەوا خۆش بوایە، فەرشەکان بە تەمامی بە قڕێژ و هەموانیش کەیفیان لەجێ بوایە.

Scanned with CamScanner

ئەوەتا دیسانەوە ڕۆژێکی وەها، ڕۆڵی خۆی ئەنجامدا بە بردنەوە دەرەوە فەرش و لاکێشەکان و بەپاڵ یەکەوە لەسەر چیمەنەکە ڕایخستن. بەوانەی قاڵیکاری کرابوون و ئەوانەی لە کارگە دروستکرابوون ژمارەی ئەو فەرشانە دەبوو بشۆردرێن گەیشتبووە دوانزە دانە. منداڵانی گەڕەکی شاعیری بێ زمان زۆر دڵخۆش بوون بەم حاڵ و بارە. لە دونیای نەخش و کەوان و فۆڕمدا قاقایان دەکێشا، بە ڕاست و چەپدا فڕکانیان بوو و وەها خەیاڵیان دەکرد بەسەر فەرشی فڕیوەوە ئۆقیانووسەکان دەبڕن.

لەو دەمەشدا لە کونجێکدا مەنجەڵێکی کانزایی وەسەر ئاگر نرابوو و قوڵپەی دەهات. ئەو ئاوەی بە تاس لێی دەردەهێنرا بەسەر فەرشەکاندا دەکرا. دواتر سابوونیان لە لاکێشەکانیان دەدا و فلچەیان لێدەدا، ڕایان دەدا و لە ئاویان دەدا. دووبارە و چەند بارە. هەموو ژنێکیش شانی وەبەر ئەو کارە سەختە نەدەدنا. بۆ نموونە سەلمای دایکی پەری، بەهۆی ئەوەی کارەکەی پڕ مشەقەت دەبینی لە سووچێک دەوەستا و چاودێری دەکرد. هەرچی ژنە جەسوور و کارامەکان بوون لە زووینکەوە دامێنیان لێ هەڵدەکرد. بە ڕوومەتی ئاڵ ئاڵەوە، قژیان لەژێر چەفیەکانیان دەهاتە دەرێ و پەرێشان دەبووەوە و بە پێخواسی پێشێلی فەرشەکانیان دەکرد.

دوای ئەو نیوەڕۆیە منداڵان بە چەند دەمژمێرێک لە قوڕ قەڵایان چێدەکردن، مرەبایان لە قوتووی شقارتە هەڵدەسووت و مێشیان پێ ڕاو دەکردن، شووتیان دەشکاند تا دەنکەکانی وشک بکەنەوە، بە چڵی سنەوبەر تاجیان چێدەکرد، پشیلەیەکی گەورەی قەڵەو یان دووگیانیان ڕاودەنا. ئیدی شتێک نەدەما نەیکەن، بێزار بوون... ئەوە لە کاتێکدا هێشتا لە سێ بەش، یەک بەشی مافوورەکان شۆردرابوون. دواتر هەموو منداڵەکان

چوونەوە ماڵەکانیان. جگە لە پەری. ئێرە باخچەی ماڵی ئەوان
بوو، هەرچۆنێک بوو لانەی ئەوان بوو. لە باخچەکەدا مایەوە،
لەنێو ئەوانەدا کە فەرشەکانیان دەشۆردن.

ڕۆژێکی خۆش بوو، هەوا خۆرەتاو و مامناوەند بوو. ژنان
خەڵوەیان دەکردن و پێدەکەنین، دەستران. یەکێک لەوان
گاڵتەیەکی بێزەوەری کرد؛ ئەگەرچی پەری بەچاکیش لێی
حاڵی نەبوو، بەڵام لە گرژبوونی ڕووی دایکییەوە حاڵی بوو کە
شتێکی زیانمەندی گوتووە.

دواجار ژنەکان بڕیاریاندا هەر لە باخچەکەدا نانی نیوەڕۆیان
بخۆن. ئەو خواردنانەی زووتر ئامادە کرابوون - دۆڵمەی کەلەم،
بۆرەکی پەنیر، خیارشۆر، کسرە[1]، کفتە، شەکلەمە- هێنابانە
دەرەوە. سینییەکی گەورەیان لە ناوەڕاستی باخچەکە دانا.
خواردنەکانیان، پیدە و ماستاوێکی سپی سەر بە کەف کە
دەتگوت لە دەستی خودایەکی جوامێرەوە هاتووەتە دەرەوە.

پەری کە هێندەی گورگێک برسی بوو پڕ دایە پارچەیەک
بۆرەک. وەلێ هێشتا پەری پارووی یەکەمی لێ نەدابوو گوێی
لە قیژەیەک بوو. سەلمای دایکی کە بێ ئاگایی خۆی
جوڵابووەوە خۆی بە یەکێک بە مەنجەڵە لەکوڵەکاندا کێشابوو،
لە بەختی خۆی بێ ئەوەی وەربگەڕێ توانیبووی لێی وەدوور
بکەوێتەوە. بەڵام قۆڵی چەپی تاوەکو سەرەپەنجەکانی سووتا.
ژنانی دیکە خوانەکەیان فەرامۆش کرد و هەڕاکەی یارمەتیدانی
سەلمایان کرد.

"ئاوی ساردی پێدا بکەن." یەکێک لە ژنەکان وای گوت.
"هەویری ددان! باشترین شت بۆ سووتان هەویری ددانە."

---

(1) کسر یاخود قسر، خوردنێکە لە ساوەر، کەمێک سەوزە و ڕێژەیەکی
زۆر پیواز ئامادە دەکرێت.

ژنێکی دیکە گوتی، "سرکە، سرکە! وەڵاهی بیللاهی سووتاوییەکانی پوورە ئایسەلم بە سرکە چاک بووەوە. سووتاوییەکەی وێ زۆر خراپتریش بوو."

لە کاتێکدا هەریەکەیان بۆ ئالیکاریکردنی سەلما هەراکەی ژوورێیان کرد پەری هەروا لە باخچەکەدا بە تەنیا مایەوە. تیرێژێکی خۆر کەوتبووە سەر ڕوخساری، لە نزیکی وێ مێشێک ویزەی دەهات. لەو لای ڕێگاکەدا لە نزیک دار هەنجیرەکە پشیلە خڕپنەکەی بینی. چاوەکانی خەواڵوو بوون. ئەوەی بە خەیاڵدا هات لە باخچەکە بچێتە دەرەوە و پشیلەکە نەوازش بکات. شفتەیەکی هەڵگرت، بەسەر حەوشەکەدا بازیدا. بە یەک قەڵەمباز خۆی هەڵدایە دەرێ. لە پشیلەکە نزیک کەوتەوە.

"تۆ ناوت چییە، کچە بچکۆلەکە؟"

پەری کاتێک وەرچەرخا پیاوێکی گەنجی بینی، کە کراسێکی سوور و سپی خەتخەتی لەبەردابوو، دەتگوت لەوەتەی کڕیویەتی نەشۆردووە و لە ژێریشەوە پانتەڵۆنێکی لەبەر کردبوو. ئەو شەپقەیەی لەسەری نابوو وا دیار بوو خەریکە لەسەر بکەوێتە خوارەوە. پەری هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە، چونکە دەیزانی نابێ قسە لەگەڵ غەواران بکات. بەڵام دووریش نەکەوتەوە. ڕەنگە ئەو پیاوەش وەک ئومێدی کاکی شۆڕشگێڕ بێت. پێیوابوو ئەگەر ناوە ڕاستییەکەی خۆی نەڵێ، کەواتە زانیاری بەو پیاوە غەوارەیە نەداوە.

"ناوم ڕۆسایە" وای گوت.

"بەڕاستە! قەت ڕێکەوتی ناسینی ڕۆسا ناوێکم نەکردووە" پیاوەکە وای گوت.

ڕوخساری ڕووەو خۆرەکە هەڵبڕی. "وادیارە پیشلەت خۆشدەوێن، ئافەرین!"

دەنگی نزم و خنکاو بوو، بەهەر هۆکارێک بووە پەری
دەنگی ئەوی بە دانەی دەنگە فاسۆلیایەکی سەر لێواری پەنجەرە
چواند. هاوشێوەی ئەو دەنکە فاسۆلیایە دەنگی ئەو بێگانەیەش
دەشاردرایەوە و دەگۆڕا.

"لەو کونجەی ئەوێ داکانە پشیلەیەکی لێیە،" لەپڕ پیاوەکە
وای گوت. "پێنج بێچووی بوونە، هەموویان تووکە حەرامەیان
هاتووە، چەندە شیرینن. چاوی هەموویان پەمبەن."

پەری وا خۆی نیشاندا کە گرنگی پێ نادات و بەردەوام بوو
لە نەوازشکردنی پشیلەکە. دوایین پارچەی شفتەکەیشی
دەرخواردی پشیلەکەدا.

پیاوەکە هەنگاوێک لێی نزیک کەوتەوە، بۆنی تووتن، ئارەقە
و خاکی شێداری لێ دەهات. بۆ ئەوەی چاوانی بیبڕێتە
چاوەکانی پەری هاتە سەر چیچکان. خەنییەوە. "مخابن دایکی
هەموویان دەخنکێنێ."

پەری هەناسەی لەبەر خۆی بڕی. لەو خوارەوە، لەو زەوییەی
کە سەگی بەرەڵای تێدا دەگەڕان و هەندێکجاریش مەڕە
ئامادەکراوەکان بۆ قوربانی تێیدا دەلەوەڕان ئەستێلکێک هەبوو،
هەر کاتێک لە حەوت هەشت سانتیم زیاتر باران باریبوایە،
بەهۆی ئەوەی ئاوی زێرابی تێکەڵ دەبوو هیچ کەسێک بەکاری
نەدەهێنا. وەک ئەوەی لە بینینی تەرمی ئەو پشیلانەی بەسەر
ئاوەکەوە بوون بترسێ بە نیگەرانییەوە ئاوڕی بۆ ئەو لا دایەوە.

پیاوەکە بە پیش خواردنەوەیەکەوە گوتی: "خووی پشیلەکان
وایە."

پەری نەیتوانی نەپرسێ، "باشە بەڵام بۆچی؟" پەری
"کەیفیان بە چاوی پەمبە نایەت." پیاوەکە وەها بەرسڤی
دایەوە. چاوەکانی خۆی گەورە و قاوەیی بوون، خوارەوەیان

داچۆڕابوو و بەسەر ڕوخسارە لاوازەکەیەوە تا بڵێی لەیەکەوە نزیک بوون. "وادەزانن کە بێچووە ڕێویان بووە بۆیە دەیانکوژن."

پەری مەراقی کرد داخۆ بێچووی ڕێوی چاوەکانیان پەمبەیە یاخود نا، ئەگەر وابێ داخۆ داکانەی ڕێوییەکان چۆن بیریان لەمە دەکردەوە؟ لەنێوماڵباتەکەی خۆیدا تەنێ ئەو چاوەکانی شین بوون، تا ئەوکاتە هیچ کەسێک لەو بارەیەوە پرسیاری لێ نەکردبوو.

پیاوەکە کە بینی منداڵەکە سەری ئاڵۆسکاوە پێکەنی دەستی بە قژیدا هێنا. "واچاکە من بچم سەیرێکی ئەو بێچووانە بکەم. تۆش حەز دەکەیت بێیت؟"

"من؟"

پیاوەکە لێوەکانی چرچ کردن و بۆ ماوەیەک هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. "بەڵام زۆر نەرمونۆڵن بێچووە داماوەکان. بەڵێن دەدەیت کە ئازاریان نادەیت؟"

"بێگومان، بەڵێن بێت." پەری بەپەلەپرووزێ وای بەڵێن پێدا.

لەوسەری کۆڵانەکەوە پەنجەرەیەک کرایەوە. پیاوێک بەرانبەر با هاواری کرد و بە دەنگێکی پڕ هەڕەشەوە گازی کوڕەکەی خۆی کرد. سەلیم، سەلیم! وادیار بوو ئەگەر تا دوو دەقیقەی دی بۆ نانی نیوەڕۆ نەگاتەوە ماڵێ، قاچەکانی دەشکێنێ.

پیاوەکە لەپڕ شڵەژا، بەڕاست و چەپی خۆیدا ڕوانی. "با بەیەکەوە نەڕۆین، تا نەمانبینن." وای گوت، "من لەپێشەوە دەڕۆم. تۆش بەدوامدا وەرە."

"بێچووە پشیلەکان لەکوێن؟"

"ئەها هەر ئەوەتان لێرووکانە." بێگانەکە ئاماژەی بە

شوێنێکی نادیار کرد و هەنگاوەکانی خێراتر کردن. "بەڵام دیسان بە ئۆتۆمبێل دەڕۆین. ڤۆسفۆسەکەم ئەوەتا لێرەیە."

پەری بەم شێوەیە وەدوای ئەو پیاوە کەوت کە نەیدەناسی. ئەگەرچی گومانیش لەوە بکات ئەوەی خەریکە هەنگاوی بۆ دەنێت هەڵەش بێت، لە ژیانی خۆیدا ئەوە یەکەمجاری بوو خۆی بڕیارێک لە کردە و ڕەفتارێکی بدات. بەبێ ئەوەی دایک و باوکی قسەی تێدا بکەن. ئەوەی هەستی پێدەکرد جۆرێک لە ئازادی بوو.

دواتر، کابرا لەسەر شانەوە نیگایەکی وای لە پەری گرت کە پڕ بوو لە ڕامانی ڕفاندن. لە کۆڵانەکە سووڕایەوە و لەبەر چاوان ونبوو. لەو ساتەدا کە پەریش بە تەمابوو بسووڕێتەوە، شتێک -کە زیاتر لەوەی ژیری بێت فیزیکی بوو- ڕایگرت. بە هەستێکی سەمەرەوە هەستی بە داپچڕان کرد. وەک ئەوە وابوو بایەکی وەک سەهۆڵ سارد بەسەریدا هەڵبکات. لەرزی. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتان زیاتر پەری سەرسام و حەیری کرد ئەو چینە تەمە بوو کە هەموو شتێکی وەژێر خۆی دابوو- هاوشێوەی کرانەوەی تۆپە قوماشێک لە دوکانێکی کوتاڵفرۆشیدا ئاوا چین چین تەم کەوتبوو. درەخت، پەرژین و فۆڕمی ڕووەکانی نزیک خۆی دەبینین، بەڵام لەودیوی ئەوانەوە دونیا نادیار بوو. بۆ ساتێک تەمەکە سەرلێشێواوی کردبوو، کچێژگە لەبیری کردبوو بەرەو کێندەرێ و بەرەو چ ئامانجێک هەنگاو هەڵدێنێ.

پەری لەنێو ئەو هەورە خۆڵەمێشییەدا شتێکی سەمەرەی بینی: منداڵێک بوو، لە تەمەنی دوو سێ ساڵان؛ بەسەر ڕوخسارە خڕپنەکەیەوە ئەدگارێکی پاکیزە و لە ڕوومەتێکییەوە تاوەکو ملی لەکەیەکی مۆر هەبوو. دەتگوت هەندۆکەک پێش تێستا مەمەی خواردووە و کەمێکی بەلالێویدا هاتووەتە خوارێ، بۆیە لێوەکانی تەڕ بوون.

پەری بە سەرسامییەوە لە زارۆکەکە ڕامابوو. وازی لەوە هێنا وەدوو پیـــاوێکی غەوارە بـــکەوێ. ئەوەی دەیبینـــی زۆر سەرنجڕاکێشتر بوو.

"پەری، ئەوە لەکوێی؟" دەنگی دایکی بوو بە نیگەرانییەوە لە ماڵە ڕەنگ بنەوشەییەکەوە بەرز دەبووەوە.

پەری هەرزوو وەڵامی نەدایەوە. کاتێک بەدەم چاوی ئەبڵەق و جارجار کوتانییەوە لە زارۆکەکەی نێو تەم ڕامابوو حەپەسا.

"پەری! وەڵامم بدەرەوە!" سەلما هاواری کرد.

وەک بڵێی منداڵەکەی نێو تەم دەنگی بناسێتەوە ڕووی گـرژ کـرد. تەمەکە دەستی بە ڕەوینەوە کـرد. هەرچی زارۆکەکەش بوو، وەک وێنەیەکی لە سڕینەوەهاتوو هێدی هێدی پەرت بـوو و دیار نەما.

"ئەوە لێرەم دایکە گیان" پەری وای گوت، دواجار کە توانی قسە بکات گەڕایەوە دواوە و هەڕاکەی ماڵێی کردەوە.

دواتـر، پرسـیاری ئەوەی کـرد داخـۆ لە هـیچ کـوێیەکی گەڕەکەکەدا پشیلەیەک هەیە بێچووی بـووبن. هـیچ کەسـێک پێزانینێکـی لەم بـارەیەوە نەبـوو. تێگەیشـت کە پیـاوەکە درۆی لەگەڵ کـردووە. لەوەش حـاڵی بـوو کە لە لێـواری بەڵایەکـی گەورە گەڕاوەتەوە.

پەری بە تێپەڕبوونی کـات لەوە حـاڵی دەبـوو کە بە مـوو لە بـوونە هەواڵ گەڕاوەتەوە. بە ئەگەری زۆر ناویـان نەدەنووسـی، تەنیا پیتی یەکەمـی پ. ن. ناوەکانیـان دەنوسـی، لە وێنەیەکـدا شریتێکی ڕەشیان بەسەر چاوانیـدا دەهێنـا. هەواڵەکەیـان لەڕیـزی هێرشی خوێناوی سەرۆکی مافیایەک لە ئیستانبوڵ یاخود شـەڕی چەکداری لە شارێکی سەرسنوور لە باشووری ڕۆژهەڵات یـان هەواڵـی قەدەغەکردنـی کتێبـی هێلـی کەمەرەیـی هێنـری میللەر

شوێنی دەگرت. ئەو حیکایەتەی خوێنی لە دەماران وشک دەکرد لە تەواوی مەملەکەت دەخوێندرایەوە، سەریان بە ڕاست و چەپدا بادەدا و چوکە چوکیان دەکرد "گوێی شەیتان کەڕ بێت" و بە تەختەیاندا دەکێشا، سوپاس گوزاری ئەوە دەبوون کە ئەو بەڵایە بەسەر ئەوان نەهاتووە و بەسەر کەسانی دیکە هاتووە.

پەری لە دواساتی بوونە قوربانی دەستدرێژی گەڕابووەوە. لەم وڵاتە چەند ژنی دیکە، چەند مرۆڤی تر لە لێواری کارەسات گەڕاونەتەوە -یاخود نەگەڕاونەتەوە. ئەوی لەو بەڵا و کارەساتە ڕزگاری کرد ناونا "زارۆکەکەی نێو تەم". کە نەیتوانی عەقڵی پێ بشکێ و بە دڵ هەستی پێ بکات داخۆ زارۆکەکە لە کوێوە هات، هەر ئاوا باسەکەی داخست. بەڵام بە هەمان خەیاڵ -بێگومان ئەگەر خەیاڵ بێت- بە درێژایی ژیانی ڕوویەڕووی ڕێکەوتی چاوەڕوانەکراو بووەوە. نەک تەنێ لەو ساتانەدا کە لە تالووکە دابووە، بەڵکو لە دەمو ساتی ئاساییشدا زارۆکەکە دەردەکەوتەوە. لە ژوورەوە بوایە یان لە دەرێ، شەو بوایە یان ڕۆژ جیاوازی نەبوو، ئەو چینە تەمە لە هەموو شوێنێک دەکەوت. وەک ئەوەی بیەوێ بە پەری بداتە قەبوڵ کردن کە چەندە تەنیایە هەرچوار دەوری دەگرت.

ساڵێک دواتر، لە تەمەنی نۆزدە ساڵانیدا کاتێک بۆ چوونە زانکۆی ئۆکسفۆرد باولەکەی ئامادە دەکرد ئەو نهێنییەی لەنێو باولەکەیدا هەڵگرت. قەدەغە بوو بێجگە لە ئەورووپاوە لە هیچ شوێنێکی دیکەوە بەرهەمی سپیایی یان گۆشت بهێنە نێو بەریتانیا، بەڵام کەس نەیگوت نابێ فۆبیاکانی منداڵی، خەباڵە پەنهان و تراوماکان لەگەڵ خۆتدا بهێنیت.

# جادووگەر

ئیستانبوڵ، دەیەی هەشتاکان

دەمەو ئێوارەیەک پەری غیرەتی دایە بەر خۆی، بڕیاریدا نهێنییەکەی لای ئەو کەسە بدرکێنێ کە پێوابوو نزیکترین کەسیەتی.

"واتا چۆن؟ لەخەیاڵدایت؟" مەنسوور وای پرسی، لە کاتێکدا ئەمەی پرسی کە بە دەستییەوە پەنداتێک و تۆڕەوشە[1]ی لەبەردەم بوو. چەند ساڵێک بوو هەمان ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.

"خەیاڵ و شتی وا نییە باوکە" پەری بە بێزارییەوە وای گوت.

"بە دروستی خۆشم نازانم چییە. بەردەوام هەمان کۆرپەلە دەبینم."

"باشە بە دروستی ئەو منداڵە لەکوێدا دەبینی؟"

گۆناکانی پەری سوور هەڵگەڕان. "بە هەواوە، وەک بڵێی دەفڕێت."

مەنسوور بۆ ساتێک هیچی نەگوت. ئەستەم بوو ڕوخساری بخوێنرێتەوە. "تۆ کچە ژیرەکەی خۆمیت." دواتر کە دەمی کردەوە وای گوت. "یان ئەوەتا دەتەوێ وەک دایکت پیر بکەیتەوە؟ بە قسە و باوەڕی بەتاڵ ئەم مێشکە جوانەت پڕ بکەیتەوە؟ ئەگەر وابێ مەوەستە. بەڵام من چاوەڕوانی زیاترم لە تۆ هەبوو."

(1) Crossword

"داوای لێبوردن دەکەم" پەری وای گوت، لە دەمێکدا کە خەمگین بوو بەوەی خەیاڵی باوکی سەبارەت بە خۆی شکاندبوو.

بە شەرمەوە هەقی بە باوکی دا. هەرچۆنێکە دەستی لە کۆرپەلەی نێو تەمەکە نەداوە. ئەگەرچی بە چاوەکانی بینیبووی ـوە بەم دواییانە دەنگیشی دەبیست- بەڵام بەهۆی سەمەرەیی پێشهاتەکەوە وای لێهاتبوو بڕوا بە هەستەکانی خۆی نەکات. وەلحاڵ بەگوێرەی یاسا زێڕینەکەی باوکی شتێک نەبوو بەناوی "کۆرپەلەی نێو تەم". ئەمە قسەی پووچ بوو. لەنێو سەری پەری دابوو. داهێنراو بوو.

"دونیای مەدەنی لەسەر بیروباوەڕی بێ بنەما بنیاتنەندراوە پەری گیان. لەسەر بنەمای زانین، عەقڵ و تەکنەلۆژی بنیاتنراوە. من و تۆش سەر بەم دونیا مەدەنیەین."

"دەزانم باوکە."

"کەوابێ ئیتر ئەم باسە دابخە. ئەمان لای دایکت باسی نەکەیت."

بەڵام نەدەکرا. ئەگەر ئەو زانا گەردونیانەی باوکم ئەگەر هەر کامیان بۆخۆیان یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت، دەروونی مرۆڤ چەند یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەن. یەکێک لەوان ئەگەر گوترا "نەکەی چلەمین دەرگا بکەیتەوە" یاخود "هەرگیز سەیری نێو ئەو سندووقە نەکەیت." حەتمەن ئەو دەرگایە دەکرێتەوە و تەماشای نێو ئەو سندووقە دەکرێت. ئەگەر حەقی پێ بدەین دەبێ بڵێین پەری هێندەی توانی نهێنییەکەی شاردەوە. بەڵام کاتێک دووبارە کۆرپەلەکەی نێو تەم دەرکەوتەوە، ترسا، ڕێک و ڕاست هەڕاکەی لای دایکی کرد.

"ئاه ڕۆڵەکەم، بۆچی تا ئێستا بۆت باس نەکردووم؟" سەلما

وای گوت، نێوچاوانی بەهۆی نیگەرانییەوە چرچ بوو.
پەری نوتقی گیرابوو. "بۆ باوکمم باس کرد."
"باوکت؟ مەگەر ئەو چی دەزانێت؟" سەلما چاوانی لە ئاسمانێ بڕین. "ئێستا بڕوانە، ئەمە لە لەمەچێترەکان دەچێت. تایەفەی جنۆکەکان نادیارن. هەندێکیان باش و بڕێکیشیان خراپن. قورئان لەبارەی جنۆکەکانەوە هۆشداریمان پێ دەدا. هەموو شتێک دەکەن تا مرۆڤێکیان بکەوێتە بەر چنگان، بەتایبەت بە ئێمەی ژنان سەغڵەت دەبن. دەبێ ئێمەی ژنان هۆشیارتر بین."

بەپێی گوتەکانی سەلما ئەمانە لە ئاگری بێ دووکەڵ چێبوونە، هێشتا کە ئادەم و حەوا لە باخچەی بەهەشت وەدەرنەنراون هاتوونەتە ئێرە، واتە ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە باسی بکەین، ئەم دونیا فانییە هی جنۆکەکانە. ئەوە مرۆڤەکان بوون دواتر وەک میوانی بێ داوەت هاتوون. جنۆکەکان لە دوورانی دوور -چیا ئەستەمەکان، ئەشکەوتە بێ بن و زەوییە بەیارەکان- دەژیان، بەڵام زوو زوو دابەزیونەتە نێو شار و لە توالێتە بۆگەنەکان، گەنجینە نیمچە تاریکەکان و مەزارگە تاریکەکاندا ماونەتەوە. بۆ ئەوەی بە کامی دڵ بەو نێوەدا بخولێنەوە دەبوو بە ئاگابن، چونکە ئەگەر بەنی ئادەمێک بە ڕێکەوت پێ بە جنۆکەیەکدا بنێت، خوانەکردە لەوێ پان و پلیشی دەکردەوە.

سەلما سەرەتا چەمایەوە و نەوازشی قژی پەری کرد. لەهەمبەر ئەو جووڵە سادە و دڵخۆشکەرەدا پەری خەنییەوە. "پێویستە چی بکەم؟" بە نیگەرانییەوە پرسی.

"یەکەم؛ جارێکیتر هیچ شتێکم لێ نەشاریتەوە. خودا هەموو

ڕۆشن ڕەنگ بوو، چەند ڕۆژێک دواتریش دەبریقابەوە، دیسانەوە هیچ شتێک ڕوونەدا. ئەوشەوە بە ڕێنمایی مامۆستا و بە پێداگری دایکی پەری چەند دەمژمێرێک لەژێر ڕۆشنایی کزی دارتێلی سەر شەقام بە تاقیتەنێ ڕوونیشت. بە چرپەیەک ڕادەپەڕی. ڕۆژی دواتر منداڵەکەیان نارده ڕاونانی سەگ بەرەڵلاکان. بەڵام ئەوە سەگەکان بوون پەریان ڕاونا.

"ئەی جن، دوایین چانست پێ دەدەم" مامۆستا وای گوت کاتێک بۆ جاری دووهەم چوونەوە سەردانی، قوتەدارێکی گێلاسی بەدەتەوە بوو. "سەیرکە یان بە خۆشی خۆت دێیە دەرەوە یان چاکت دەکوتم ها!"

هێشتا پەری لەم قسانە حاڵی نەبووبوو، کە پیاوەکە زەبرێکی لە پشتی وەشاند. ئەو منداڵە قیژەیەکی وای لێ هەستا.

سەلما ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما، "مەرجە لێی بدەیت؟"

"هیچ ڕێچارەیەک نەماوەتەوە" جادووگەرەکە وای گوت.

"دەبێ بترسێنرێ، دەنا چۆن دێتە دەرەوە؟"

"ڕێگە... بەمە نادەم" سەلما لە دەمێکدا کە لێوەکانی چوبوونەوە ناو دەمی و تەنک بووبوونەوە وای گوت. هەرچەندە ڕێز لە مامۆستا بگرێت، بەڵام ڕێی تێنەدەچوو لێگەڕێ ئازاری کچەکەی بدات. "لەسەر ئیزنت."

دایک و کچ بە شڵەژاوییەوە بە تاڵووکە لە ماڵەکەی هاتنە دەرێ، بەڵام سەرەتا دەبوو سەلما پارەیەکی چاکی بداتێ.

"خەمت نەبێ، چاک بوومەتەوە." پەری کاتێک گەیشتنە وێستگەی پاسەکان وای گوت. دەستی دایکی گرت و ڕایگوشی. "وابزانم جنۆکەکان دەرچوون و ڕۆیشتن."

"پەنا بەخوا ڕۆیشتوون ڕۆڵە" سەلما وای گوت و ماچێکی نێوچاوانی کچەکەی کرد. "بەڵام لە گوینە هەر سات بگەڕێنەوە

نێوت. ئەگەر گەڕایەوە حەتمەن پێمبڵێ. خێڵی جنۆکەکان تۆڵەخوازن."

"باشە، پێتدەڵێم."

بەڵام پێی نەدەگوت. دوای ئەو ڕۆژە چەندین جار کۆرپەلەکەی نێو تەمی دیبووە، وەلێ لای کەس نەیدرکاند. دایکی زۆر خورافی و دیندارێکی سەرسەخت، باوکیشی زیندە هۆشپەرست و ماتریالیستێکی سەرسەخت بوو. سەلما بۆ هەموو ئەوانەی ئاکارێکی ڕێزبەر، بگرە کەمێکیش لە سەرووی ئاساییەوە بوایەن ئەرکەکانی ئیسلامی بۆ دەژماردن، بەڵام مەنسوور هەموو ئەمانەی بە "قسەی پووچ، زبڵ" دادەنان. هەرچی پەری بوو بۆخۆی بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا دەگەڕا.

هەستی کرد زۆر بژاردەی لەبەر دەست نین، درکی بەوە کرد دەبێ ئەو نهێنییە لەناخی خۆیدا بشارێتەوە. ئەگەر بێزارکەریش بێت ئەو ڕووداوەی وەک یەکێک لە سەمەرەکانی ژیانی خۆی قەبوڵ کرد، وەک ئەوەی تیغێک لە گەروویدا قەبوڵ بکات وابوو، نە دەیتوانی قووتی بدات نە فڕێی بداتە دەرەوە، بۆیە لە ڕاهاتن لەگەڵی زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو. بەم ئاوایە کۆرپەلەکەی نێو تەم - جا جنۆکە بێت، پرووپووچی شێتێک بێت، یان زادەی خەیاڵ بێت- وەک تۆڕەوشەیەکی حەل نەکراو لە گۆشەیەکی هۆشیدا چەسپا.

دوای ساڵانێک، بەر لەوەی بۆ زانکۆی ئۆکسفۆرد وەربگیرێ، لە ڕۆژنامەکەیدا وای نووسی: *ئەز نە مینا دایکا خۆ دیندارم، نە وەک باوکم بەوە ڕازیم کە بوون لە پێنج هەستەوەرەکە پێکدێ. کەوابێ من لەکوێم؟ بۆ ئەوانەی نە بە ڕەهایی دیندارن، نە بە ڕەهایی هۆشپەرست و عەقڵانین پێکهاتێک، یان شێوەیەکی دیکە نییە؟ بۆ نموونە ڕێگەی سێیەم؟ کێ چووزانێ؟*

# حەوزی ماسی

ئیستانبول، ٢٠١٦

کاتێک دایک و کچ گەیشتنە کۆشک چارەکێکی دەویست بۆ دەمژمێر نۆ. بالکۆنی ئاسنینی نەخشێنراو، پلیکانەی مەرمەڕی سپی، حەوزی مۆزاییکی، کامێرای چاودێری بە باشترین تەکنەلۆژیاوە، دەرگا ئۆتۆماتیکییەکانی باخچەکە، حەوشە تەلدڕکاوییەکان...زیاتر لەوەی ماڵێکی شاهانە، لە پەناگەی دوورگەیەک دەچوو. خۆی لە شار جیاکردبووەوە، کۆشکێکی دەورەدراو بوو بە شوورا. بۆ ئەوەی سوالکەرەکان، دەستگێر و کەسە نەخوازراوەکان بە لێواریشیدا ڕاگوزەر تێنەپەڕن، هەموو ڕێکارێکی تەناهیی گیرابووە بەر.

پەری دەستی ڕاستی زامداری بە سنگییەوە نابوو، سوکانەکەی بە دەستی چەپ گرتبوو. لە ڕێگا لە دەرمانخانەیەک وەستان، کابرای سمێڵ بابڕ و تەمەن نێوەنجی خودان دەواخانە برینپێچی کرد. پەری لەوێ دەموچاوی شۆردن، هێندەی توانی خۆی ڕێکخستەوە. کاتێک پیاوەکە لە پەری پرسی چۆن زامدار بووە، پەری "سەوزەم ورد دەکرد" دەستبەجێ وای گوت. "مرۆڤ کاتێک بە پەلەپرووزێ خواردن دروست دەکات شتی وا هەر ڕوودەدات."

خودان دەرمانخانەکە پێکەنی. خودان دەرمانخانەکانی ئیستانبوڵ زۆرزان، ئەزموندار، سارد و گەرمی دیو و زانا بوون. نە درۆیەکیان بەسەردا تێدەپەڕی، نە کنەی ڕاستییە بەسوێکانیان

دەکرد. ئەو سۆزانیانەی لەلایەن موشتەرییەکانیان یان بە دەستی نەرەسان لێیان دەدرا، ئەو ژنانەی مێردەکانیان لێیان دەدان، یان ئەوانەی لە ترافیکدا بەدەستی شۆفێرێکی دی بەرەچاوی شین دەبووەوە، بە گشتی شلوشێواوەکان ڕوویان لە دەواخانە دەکرد و داوای چارەسەرییان دەکرد، چونکە ئەگەر بڕواشیان بەو حیکایەتانە نەکردبا کە هەڵیاندەبەستن بەلایەنی کەمەوە دەیانزانی زۆریان لێ ناکرێ و دڵشکاویان ناکەن.

پەری کاتێک لە باندجە ڕاما و لەژێر گۆزەکەوە سوورایەکەی بینی ڕووی داموچکا. بۆئەوەی ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی وەلام سەخت نەبێتەوە ئەگەر بیریشی لەوە کردەوە باندجەکەی لێ بکاتەوە، بەڵام ترسی خوێتبەربوون بەشی ئەوەی کرد بڕیارەکەی بگۆڕێت.

کە گەیشتنە بەردەم دەرگای حەوشە، پاسەوانێکی ترسێنەر بە جلێکی خۆلەمێشییەوە، کە هۆقەیەک کۆلۆنیای لەخۆ هەڵسووتبوو لێیان نزیک بووەوە. تا کابرا ئۆتۆمبێلەکەی پارک کردن پەری و دەنیز بەنێو باخچە پڕ لاولاوەکەدا ڕەتبوون. شنەبایەک خشپەی بە گەڵای دارچنارەکان خستبوو.

"ترساندمیت، ببوورە" پەری بەو مەبەستەی چیتر بێدەنگی لەنێوانیاندا حاکم نەبێت وای گوت. وەک ئەوەی لەوە بترسێ بشکێتێ دەستی لە کچەکەیدا.

"هەڵبەت ترسام" دەنیز وای گوت. "وەختەبوو خۆت بگلێنیتە نێو گژوبەندێکەوە! هێند نەمابوو بتکوژێ!"

بێگومان هەقی بوو. وەختەبوو کۆلانگەڕ لەو کۆلانە چەپەکە پەری بکوژێت. بەڵام ئەوەی دەنیز لێی بێ ئاگا بوو دروستی پێچەوانەکەیشی بوو. پەریش وەختەبوو کۆلانگەڕ بکوژێ.

"هەق بە تۆیە گیانەکەم، دڵنیابە جارێکیتر کاری وا ناکەم.

بەلام با دواتر قسە بکەین باشە؟" کاتێک گەیشتنە بەردەم پلیکانەی ماڵەکە پەری وای گوت. "بەلام، هیچ شتێک بە باوکت مەڵێ، با لەخۆیەوە نیگەران نەبێت."

دەنیز ئێستێکی کرد. سەری بادا. "بەخوا ناتوانم بەڵێنت پێ بدەم. باوکیشم مافی ئەوەی هەیە پێی بزانێت."

لەو ساتەدا کە پەری خەریک بوو شتێک بێژێ دەرگایەکی گەورەی ڕازاوە بە گوڵی داریـن لەودیـوەوە کرایەوە. خزمەتکارێک کە چاکەتێکی ڕەش و بلووزێکی شیفۆنی سپی لەبەردابوو لەدەروازەکە وەستابوو، خەنییەوە. لە پشتییەوە غەڵبەی میوانداریی و بۆنی ئامادەبووان هات.

"بەخێربێن، فەرموون تکایە." خزمەتکارەکە وای گوت.

ژنە خزمەتکارەکە شێوەئاخاوتنێکی تایبەتی هەبوو. پێدەچوو مۆلداڤی، جۆرجی یان ئۆکرانیی بێت. یەکێک بوو لەو هەزاران کرێکارەی لە ئیستانبوڵ کاریان دەکرد و منداڵەکانیان لای دایک یان دراوسێکانیان مەزن دەبوون، هەموو مانگێکیش مێردەکانیان چاوەڕێی پارەی دەستی وانیان دەکرد.

کاتێک چوونە ژوورەوە، پەری مێردەکەی بینی کە بە ڕوخسارێکی پەشۆکاوەوە لەنێوان میوانەکانەوە ڕووەو ئەوان دەهات. بە چاکەت و پانتۆڵی خەنەیی، کراسێکی سپیی و بۆنیباخێکی شین-قاوەیی و پێڵاوە وەک ئاوێتە بۆیاخکراوەکانی، دیار بوو کە عەدنان گرنگی بە چۆنیەتی دەرکەوتنەکەی داوە. لە ماڵباتێکی ئاساییەوە هاتبوو و خۆی خۆی پێگەیاندبوو. لە بواری سێکتەری کاری کردبوو و هەنگاو هەنگاو هەڵکشا بوو. هەموو جارێ دەڵێ بۆ سەرکەوتنەکانی جگە لە خودا خۆی بە قەرزدارباری هیچ کەسێک نازانێت. هەرچەند پەری ڕێز لە زیری و کارامەیی مێردی دەگرێت، بەلام دڵنیا نەبوو لەوەی

Scanned with CamScanner

بۆچی خودا ئەو بە کەسانی دیکە دەداتە پەسند کردن. عەدنان شانزە ساڵ لە پەری مەزنتر بوو. جیاوازی تەمەنیان لەوکاتانە زیاتر دەردەکەوت کە مێردەکەی لێی تووڕە دەبوو و چرچەکانی ڕوخساری زیاتر بەدەردەکەوتن، دروست وەک ئێستا.

"ئەوە ئێوە لەکوێن؟ پەنجا جار پەیوەندیم پێتەوە کردا چی بەسەر جلوبەرگەکەت هاتووە؟"

"تەلەفۆنەکەمم ونکرد، نەمتوانی پەیوەندیت پێوە بکەم" پەری هێندەی توانی بە دەنگێکی ئارامەوە ئەمەی گوت. "دەکرێ دواتر قسەی لەسەر بکەین؟"

"دەزانی بۆچی دواکەوتین باوکە؟" دەنیز بەم پرسیارە خۆی هاویتە نێو قسەکانیان. "چونکە دایکم لە کۆڵان وەدوای دزان کەوتبوو بۆیە!"

"چی؟"

دەنیز ئەو تاڵە قژەی کەوتە سەر چاوانی وەلاینا. لە باوکی دەچوو. بەژنەزراڤەکەی، لووتە درێژ و خۆباوەڕییەکەی لە باوکییەوە وەرگرتبوو. "ئەگەر باوەڕ بە من ناکەیت لە خۆی بپرسە." وای گوت. دواتر ڕووەو ئەو کچە هاوتەمەنەی ڕۆیشت کە پێدەچوو لەنێوانی میوانە کامڵەکاندا گیری خواردبێت.

عەدنان بە مەراقەوە، بە نیگەرانییەوە لە پەری ڕاما. وەلێ داخبار بەوەی کە بوار بۆ ڕوونکردنەوەی بوویەرەکە نەبوو. خودان کۆشکەکە قسەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ناسراو بڕین و ڕووەو ئەوان هات. پیاوێکی نێوشان پان، لەشێکی کەتە و سەر ڕووتاوە بوو، پێستی هاوشێوەی خووگرتووان بە کحوول مەیلەو پەمەیی بوو. بەهۆی جوانکارییەوە هیچ چرچێک بەسەر ڕوخسارییەوە نەبوو. لە کاتی پێکەنینیش هێڵەکانی دەمووچاوی

بە ملـبم بەرچـاو نەدەبـوون، تەنیـا لە لالیوەکـانی منێلێکر
دەردەکەوت.

"دواجار هاتن!" پیاوە بازرگانەکەی خـودان مـاڵ وای گوت.
بە نیگا خەندەوارە شینەکانی سەیرێکی پەری کرد. "دەستت چی
لێهاتووە؟ نەکا کەسێک هەوڵی ڕفانـدنی دابێتی؟ ئێ خەتای
خۆتە، هێندە جوان نەبوویتایە!"

پەری خۆشـی لە گـاڵتەی هـات و خەنـدەیەکی کـرد. هەم
بەهـۆی دەسـتی و هەم بەهـۆی جلەکـانییەوە بە پێویسـتی زانی
ڕوونکردنەوەیەک بدات. " لەڕێگا بەڵایەکمان بەسەرهات."

عەدنان بە نیگەرانییەوە ئەبرۆکانی هێنانەوەیەک. "بەڵا؟"

"شتێکی ئەوتۆ نەبوو گیـانەکەم" پەری وای گـوت و قۆڵی
مێردەکەی گرت -ئاماژەیەک بـوو تـا پرسیاری زیـاتر نەکات.
ڕووەو بازرگانەکە وەرچەرخا. "مـاڵێکی چەنـد جوانتـان هەیە" بە
ناسکییەوە وای گوت.

"مـاڵەکە بـۆ جـوانی جـوانە، بەڵام بەچـاوچووین! هێشتا
بەڵایەکمان تێنەپەڕاندووە و ئەویدی بەسەرماندا دەبارێ. سەرەتا
بۆڕییەکانمان تەقین. نهۆمی ژێرەوە ئـاوی تێـزا تـا ئەژنۆکانمان.
دواتر برووسـکە لێـدا و درەختێـک بەسـەر بانەکەمانـدا کەوت،
دەزانـی؟ هەمـوو ئەمـانە لە مـاوەی ئەم چەنـد مـانگەی دوایی
ڕوویاندا!"

"مووروووە شینکە بە شوێتێکەوە هەڵواسن" عەدنان وای گوت.

"بەخوا چەند دانە مووروووە شینکەشـمان هەڵواسین. سوودی
نەبوو. بەڵام ئێستا شتێکی باشترمان کردووە. ئەمشەو فاڵچییەکمان
بانگهێشت کردووە!"

"ئا، بەڕاستە؟" پەری پرسی، ئەمەی گوت بۆ ئەوە نا گرنگی
بە بابەتەکە دەدات، بەڵکو هەستی کـرد پێویستە شتێک بڵێت.

بەمدوایانە پەری هەستی دەکرد لەنێو کۆمەڵگەدا گرنگی زۆر بە فاڵچی و جادووگەران دەدرێ. لە وڵاتێکدا کە زۆرتر لە سەقامگیری ناڕوونی هەیە، هۆگریی بۆ پێشبینیکردن و تەخمینکردن ڕێکەوتێک نەبوو. نەک تەنیا ژنان، پیاوانیش هۆگری بووبوون، ئەگەرچی هەوڵیان دەدا نیشانی نەدەن. ئەو کەسانەی لەم ڕەوشی درێژخایەنی ناسەقامگیری سیاسیی و ناڕوونی دەستووریدا، سەیری گۆی بلووری دەکەن و فاڵ دەگرنەوە ـ چ ڕاست یان ساختە بێت- لێڵیان ڕوون دەکردەوە، هاوشێوەی کیمیاگەرەکان. جۆرێک لە پێداویستی گشتیان بەجێدەهێنا.

"ئەو هەتیوە بێوێتەیە، هەموو کەسێک هەر وادەڵێن" بزنسمانەکە وەها درێژەی بە قسەکانیدا. "قسە لەگەڵ جنۆکەکاندا دەکات. تەنیا قسەش نییە ها! ئەم هەرچی فەرمان بکات ئەوان جێبەجێی دەکەن. ژنی جنۆکەی هەن. حەرەمێکی گەورە، سەیری ئەم کەیفە!" کە ئەمەی گوت بە دەنگێکی گەپجاڕانەوە پێکەنی، بەڵام کە بینی پەری پشکداری پێکەنینەکەی ناکات، خۆی کۆکردەوە. چاوەکانی تێبڕین. "چی ڕوویدا؟ تۆش کە هاتیتە ئێرە دەڵێی لە خەیاڵدایت."

"من؟" پەری وای گوت، بە لەرزەیەکەوە لە دەنگیدا. کۆرپەلەکەی نێو تەم بە خەیاڵیدا هات. هەر باش بوو کە بازرگانەکە جگە لە دەنگی خۆی نیازی بە بیستنی هیچ دەنگێکی دیکە نەبوو. "بەر لەوەی بەڵگەنامەی پشکەکە وەربگرم لەگەڵ ئەو بریکارەی بۆرسا ئاشنا بووم، کە قسەی لەگەڵ فاڵچی کردبوو، شێتانەیە، وانییە؟ بازاڕی فاڵچییەکان و بەڵگەنامەی پشکداریی." قاقای کێشا. "ژنەکەم سەری لەم کارە ئاڵۆسکا. بەڵام خۆ داماوە خەتایەکی نییە، دوای ڕووداوی کەشتییەکە هۆشی تێکچووە!"

هەموو ڕۆژنامەکان ئەم ڕووداوەیان بڵاوکردەوە. نزیکەی چوار هەفتە بەر لە ئێستا، بە درێژایی سەد و دوو مەتر، کەشتییەکی سەرالیۆن بە بارێکی وشکەوە خۆی بە بەندەرەکەدا کێشا و لەسەر وشکانیی لەنگەری گرت. دیواری دەریا و بالکۆنی ڕووەو باشووری ڕووخاند. وای چەندەش کۆن بوو ئەو بالکۆنە، میراتێکی دیرۆکی بوو! پاشماوەی دوایین سەدەی ئیپراتۆریەتی عوسمانیی بوو.

قەیسەر ویلیامی دووەم لە سەردانە بەنێوبانگەکەیدا بۆ ئیستانبول دروست لەم بالکۆنە دانیشتووە، لەگەڵ پادشایەتی عوسمانی کە بە سەرمەستی کولتوور و هێزی ئەڵمانی ناودێر بووە دانیشتوون و لە هەمبەر یەکدی چایان خواردۆتەوە. هەمان پاشا دواتر بانگەشەی ئەوەی دەکرد قەیسەر مسوڵمان بووە. حاجی ویلیام! بە گوتەی بەربڵاو گوایە هەر وێ دەمێ قەیسەر لە دایک بووە سورەتی فاتیحایان بە گوێدا چرپاندووە. گوایە دۆستی جیهانی ئیسلامی و پارێزکاری لە لەرزە نەهاتوویەتی. هەموو ڕۆژێنک لە هۆدەی خۆی بە دزییەوە نوێژ دەکات. هەڵبەت هەموو ئەو دەنگۆ و بێژانە بە زانایییەوە بڵاودەکرانەوە. هەموویشی لەپێناوی ئەوەدا زەمینەیەکی لەبار بێتە ئاراوە تاوەکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاوشانی ئەڵمانیا شەڕ بکات.

ئینجا بە درێژایی دیرۆک چەندە شتی دیکەی تێدا ڕوودداوە ئەم بالکۆنە. بۆ نموونە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر (شۆڕشی بۆلشەڤیک) میراتەی گەنجێکی تورک بوو لە ئیستانبول، کە سەوداسەری کچەسەماکارێکی بیلاڕووس بووە. دوای ئەوەی ناتوانێ کچە بە ماڵباتەکەی بداتە قەبول کردن، دەمانچەکەی بەسەری خۆیەوە ناوە و خۆی کوشتووە. ئەو گوللەیەی کە بەر

سەری کوڕێژگە کەوتووە و سەری کونکردووە و لەپەنا گوێی چەپی هاتووەتە دەرەوە لەسەر دیوارەکە چاڵێکی چێکردووە، دوای ساڵانی ساڵ بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات هەر بە دیوارەکەوە ماوەتەوە.

ئەم کۆشکە بە درێژایی ماوەکەی بووەتە شایەتی سەرکەوتنی فارەمانەکان و ژێرکەوتنیان، هەڵکشانی ئیمپراتۆریەتییەکان و ڕووخانیان، بەرفرەبوون و بچووکبوونەوەی نەخشەکان و بوونە تۆز و باری گەورەترین تووڕەییەکان. وەلێ تا ئەو کات هیچ کەشتییەک خۆی پێدا نەکێشابوو. گەمییەکە خۆی بە لەنگەرکەدا کێشاوە و تا نێو کۆشکەکە هاتووە. یەکێک لە تابلۆکانی فەخرولنیسائی دری بوو، هێندەی نامێنێ خۆی بە چلچرای مۆرانۆدا بکێشێ بە شێوەیەکی پەرجووئاسا دەوەستێت. ئێستا بە یادی ئەو ڕۆژە گەمییەکی دەستکردی هەڵواسراو دروستکراوە، بۆ ئەوەی دووبارە دەرفەت بداتەوە خودانی ماڵەکە بۆ بەیادداهێنانەوەی ڕووداوەکە.

"وادیارە هاتووی شیرینەکەم!" ترساین لەوەی ئەمشەو نەتوانین بتبینین" لەپشتیانەوە دەنگێک بەرز بوویەوە.

ئەمە هاوسەری بازرگانەکە بوو. لە کاتێکدا کە فەرمانی بەسەر چێشتلێنەرەکان دەکرد، پەری بینیەوە. پۆشاکێکی زمرووتی، یەخە بەرز، پشت کراوە و پڕ بە قەدی لەبەردابوو کە بەدەستی دیزاینەر دروستکرابوو. ئەنگوستیلەیەکیش لە هەمان ڕەنگ لە پەنجەیدا دەبریسکایەوە. نقێمەکەی هێندەی هێلکەی پەرەسێلکێک دەبوو. لێوەکانی بە سووراوێکی درەوشاوە سوور کردبوون، قژیشی وەها کۆکردبووەوە پێستی بزنێکی دەهێنایەوە بیری پەری، کە بۆ تەپڵێک گوڕێندرابێت.

پەری گـوێی؛ "ترافیـک..." لە دەمێکـدا مـاچی هەردوو روومەتی ژنەی خودان ماڵی دەکرد.

لە وادەیەک چەنـدە دوادەکەون دوابـکەون، لە زاراوەی ئیستانبوڵدا تـاکە وشـەیەکە کە داوای لێبووردنـت بـۆ مەیسەر دەکـات. هیچ کەسێک لـۆمەی ئەوی دی نەدەکـرد بەهـۆی نارەحەتییەکـانی تـرافیکەوە. پەری لە سیمای خـودان ماڵەکـانی رووانی و کە زانی پۆزشەکەی سـەریگرتووە، ئەهـوەن بـوویەوە. بەڵام مێردەکەی خۆی رەزامەند نەبووبـوو. پێویسـت بـوو لەگەڵ ئەو بە تەنێ قسان بکات.

"چ نییە، مەگەر نایزانین؟" خودان مـاڵ وای گـوت. هاوکـات سەرتا قەدەم لە پەریدا راما. چی پۆشیوە، چەنـدە پـارەی خەرج کردووە، پێڵاوەکانی چۆنن، مارکەی جانتـاکەی چییە؟ هەڵبەتە هەر زوو هەموو لەکەکانی سەر پۆشاکەکەی پەری بینین.

"ببوورن کـات خۆگـۆڕینم نەبـوو" پەری وای گـوت. لەژێر نیگـا کونجکۆڵەکانیـدا هەسـتی دەکـرد رووتە. وەلـێ لە هەمان کاتـدا تـامی ئـازادییەکی سـەمەرەی کـرد. دوای ئەمە هەمـوو داوەتکراوەکـان دەیـانتوانی بە لیباسـی زوێـل زوێـل و دڕاو بێنە میوانی. تەنێ بۆ شۆککردنی خاتوونە بەلەنجەکان!

"گـوێی پـێ مەدە، ئەوە چ قسـەیەکە، لێـرە هەر خۆمـانەین" ژنەی خودان مـاڵ وای گـوت، هەرچەنـدە ڕوخسـاری وەدرۆی دەهێنـایەوە. "دەتەوێ یەکێـک لە پۆشـاکەکانی مـن بە قەرز بپۆشیت؟"

پەری سـەری بە ڕاسـت و چەپـدا بـادا. دەبـوو، بەڵام بەبێ ویسـتی خـۆی شـتێک بەسـەر جـلە گرانبەهـاکەی ژنە دەهـات. "لەباتی دانیشتن لەسەر دڕک حاڵە شڕەکەی خـۆم باشـترە" وەها بیری کردەوە. "هیچ پێویست نییە، سوپاس. لوتفتان نواند."

"کەوایە وەرە شتێک بخۆ، وێدەچێ لەبرسان بمری" ژنە وای گوت.

"چی دەخۆیتەوە؟ سوور، سپی؟" بازرگانەکە وای گوت.

"سەرەتا دەبێ بچمە دەستشۆرییەکە" پەری وای گوت.

پێویست بوو هەناسەیەک وەرگرێ.

لەکاتێکدا بەدوای خزمەتکارێکەوە بەرەو ناوەوەی کۆشکەکە دەڕۆیی، هەستی بە نیگاکانی مێردەکەی دەکرد لە دواوەی ڕا. عەدنان بڕوای بە هیچ کام لە قسەکانی نەکردبوو، لەنێو مەراق و دوودڵی دابوو.

***

پەری چووە دەستشۆرییەکە و دەرکەی لەدووای خۆیەوە گاڵەدا، سەری کلۆزێتەکەی دادایەوە و لەسەری ڕوونیشت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەسەری پەنجەکانی لاجانگەکانی شێلان، لە هیکڕا بێهێزی خۆی بەسەردا کێشابوو. نە تاقەت نە نیازی بەوە هەبوو بچێتە دەرەوە و بەرەوڕووی ئەو مرۆڤانە بێتەوە. بریا دەپەنجەرەی ئەو توالێتەوە چووبا و ڕۆیشتبا.

بە دیقەتەوە باندجەکەی کردەوە. چەقۆکە لەسەر تا ئەوسەری لەپی دەستی دڕیبوو، وەلێ برینێکی قووڵ نەبوو، پێویستی نەدەکرد بدوورێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کەمترین جوڵە ئازارەکەی تازە دەبووەوە، دیسان خوێنی دەدەڵاندەوە. لەگەڵ هەر ترپەیەکی دڵی تەزوو بە برینەکەیدا دەهات، ئێستا هەست بە مەترسیی ئەوەی ڕوویدا دەکات. دەمی وەک قوم وشکبوو. دووبارە دەستەکەی پێچایەوە.

بۆ ئەوەی دەموچاوی بشوا هەستایەوە سەرپێیان. لەو ساتەدا شتێکی وای بینی چاوەکانی بە سەرسامییەوە ئەبڵەق بوون. لە هەمبەریدا حەوزێکیی گەورەی ماسی هەبوو، دەستشۆریی و

Scanned with CamScanner

بەلوعەکان لەسەری دروستکرابوون. لە پشتی شووشەکەوە دەستەیەک ماسی هەبوون. هەموویان یان زەرد یان سوور بوون ڕەنگی درێسی ئەو تیپە بوون بازرگانەکە هەواداری بوو، پیاوەکە هەواداریی سەرسەختی گالاتاسەرای بوو، لە ستادیۆمەکە کورسییەکی تایبەتی گرتبوو و لە هەموو دەرفەتێکیشدا هیچ یاریزانێکی خۆشەویستی خۆی نەبوو وێنەی لەگەڵ نەگرتبێت. نیازی بەوە هەبوو بەو زووانە بیێتە سەرۆکی یانەکە، لەو پێناوەدا لەپشت پەردەوە مانۆڕێکی دەستپێکردبوو.

پەری لە پەناگەی ئەو ماسیانە ڕاما. لە هەردوو لای دەستشۆرییەکەدا بنەجێ کرابوو و هەروەها خاولی بەدەست دروستکراویش لە هەردوو لایەوە دانرابوون. لەسەر ئەرزەکە، لە هەرچوار لا مۆم دانرابوون. بۆنێکی خۆش و شیرینی کرد. بۆنی ئەو شلەی پاککردنەوەیەش کە بەکاریهێنا بەهەر هۆکارێک بووە کۆلانگەڕی هێنایەوە یاد.

لەپڕ، شتێکی چاوەڕوانەکراو و شێتانەی هاتە خەیاڵ ئەنجامی بدات. ڕەنگبێ بتوانێ لە سووچێکی ئەو کۆشکە ڕازاوەیەدا چەکووشێک وەدۆزێ. ئەو حەوزە پارچە پارچە بکات، لە کاتێکدا شووشەکان بە ڕاست و چەپدا پەرش دەبنەوە سەیری ماسیەکان بکات کە دەکەونە سەر زەمینە مەڕمەڕییەکە. بەدەم هەڵپەڕاندنی کلک و دەمی کراوەوە بۆ وەرگرتنی هەناسە بە خرۆشانەوە بۆ دەربازبوون دوور دەکەونەوە، تا ڕێڕەوەکە دەڕۆن، لەژێر ڕۆشنایی چلچراکەدا بکەونە ژێر قاچی میوانان، لە دەرگای دواوە بچنە دەرێ و لەو سەری داڵانەکەوە خۆیان بگەیەنە ئەوسەری و دروست لەو کاتەدا وەختە بخنکێن دەگەنە دەریا و خۆیان دەخەنەوە نێوی. وە لەوێ بەو دۆست و ئاشنایانەیان کە لەوەتی هەن لەوێدان و بێزار بوونە، شاد دەبنەوە.

Scanned with CamScanner

ئازەهاتووەکان بۆ ماسییەکانی دی باسی ئەو کۆشکە ڕازاوەیەی سەر دەریا دەکەن، باس لەوە دەکەن لەبەرانبەر نیگەرانی ئەوەی بۆ ئێوارە چیان پێ دەدەن وازهێنان لە ئازادییەکەیان چ هەستێکە. هێندەی پێناچێ ماسییە قاچاخەکان دەبنە خۆرد و خۆراکی ماسییە گەورەکان، جگە لەوە ئەو ماسیانەی لە ژیانێکی ئەهوەن و ئاسوودە ڕاهاتوون بۆ ئەوان ژیان لەنێو ئاوە مەترسیدارەکان سەخت بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ساتێک ئازادیان بە ژیانی ساڵانێکی نێو حەوزەکە نەدەدا.

ئاخ بریا چەکوشێکی دەدۆزییەوە... دۆزیبایەوە و ئەو گەردوونە دەستکردەی بشکاندبا.

لەڕاستیدا هەندێکجار لە خەیاڵی خۆی دەترسا. لە بیرکردنەوەکان، لە کردەکانی خۆی.

# بۆشایی

ئیستانبوڵ، دەیەی نەوەدەکان

کەوتنە زیندانی ئومێد، ڕۆڵی چرایەکی لەنێو ماڵباتی ناڵبەندئۆغلودا گێڕا کە لەنێو تاریکیدا هەڵکرابێت، هەم بۆخۆیان هەم بۆ دەوروبەریان هەرچی خاڵی لاواز و کەموکورتی بوو دەریخست. لەنێوەندی ژیانیان بۆشاییەکی مەزنی چێکرد. هەریەکەیان هەوڵیاندا بەجۆرێک ئەو بۆشاییەیان پڕ بکەنەوە. مەنسوور زۆرتری دەخواردەوە. هەر ئاوا لەپڕ برەکەی زیاد نەکرد، دڵۆپ دڵۆپ. بەدەم گۆرانیگوتن و گەنگەشە سیاسییەکانەوە لەگەڵ هاوڕێکانی ئەو پیاوە خۆشمەشرەبە دوای خواردنەوەی چەند بادەیەک ئیدی خەیاڵ بووبوو. زۆربەی جاران حەزی دەکرد بە تاکی تەنێ لەسەر مێزەکە دابنیشێ. لە دەمی خواردنەوەدا تاکە هاودەمی وی بێدەنگی بوو. حوزنەکەی هێندە لەناخەوە و قووڵ بوو، پەری حەزی نەدەکرد باوکی ئاڵۆز بکات. نەیدەزانی چی بکا بۆ ئەوەی باوکی وەکەیف بێنێتەوە.

جەستەی مەنسوور تا توانی بەرگەی ئەم ڕیتمەی گرت، ئەم فەوتان و پەککەوتنەی لێ وەدەر نەدابوو، جگە لەو نیوە بازنانەی لە نیوەمانگی ئاسمانێیان دەکرد کە لەژێر چاوانییەوە دەرکەوتبوون. تەندرووستی کەوتە لێژی. بەیانیان بە لەشێکی داهێزراوەوە، وەک ئەوەی لەخەودا بەردی کێشابنەوە بە نارەقەکردنەوە بێدار دەبووەوە. هەندێکجار هۆشی دەئاڵۆسکا و

قسەکانی بیردەچوونەوە. یان لەهەموو کەسێک دوور دەکەوتەوە و نوقمی بێدەنگیی دەبوو و هەوڵی دەدا لەرزەکیی جەستەی بشارێتەوە، یان ئەوەتا زیاد لەپێویست قسەی دەکردن و قسەکردنی وەک خۆپارێزی بەکاردەهێنا. ئیدی کە عەیان بوو ناتوانێ کار بکات ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکرد زووتر لە وادەی خۆی خانەنشینیان کرد. بەمجۆرە زۆرتر کاتی لەماڵەوە بەسەر دەبرد. ئەم گۆڕانکارییە هیچ بە دڵی ژنەکەی و هاکانی کوڕی نەبوو. ئیدی مەنسوور وەک ئەو ئیپراتۆریەتەی لێهات کە سەختی دەبینی لە دوو بەرەوە شەڕ بکات، لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ ژنەکەی، لە ڕۆژئاواشەوە شەڕی تازە سەرهەڵداو لەگەڵ کوڕەکەی. لەهەردوو بەرەکەشدا هەر خۆی دۆڕاو بوو.

باوک و کوڕ بەردەوام بە توندی شەڕیان دەکرد، لەنێو ماڵدا دەنگی هەردوو پیاوەکە تێکەڵ دەبوو، خوانی بەیانیانیش دەبووە مەیدانی یەکدی تۆمەتبارکردن. پەیڤی یەکدی داوەشێن بەرز دەبوونەوە، وەک تەرمی ئەو ماسیانەی دوای تەقینەوەی دینامیت دەکەوتنە سەر ڕووی ئاو. لە ڕووکاردا هۆکاری شەڕەکانیان پرسی بچووک بوون؛ *تۆ فڕکە بە چای دەکەیت، وای چ کراسێکی بێ زەوقانەت لەبەر کردووە....* بەڵام ئەو دەمەدەمە لەژێریدا زۆر قووڵ بوو.

سەلما هەمووجارێک، بێ لێبەدەری، لایەنگیری کوڕەکەی بوو. کاتێک شەڕ لەگەڵ کوڕەکەی بوو، بە پەرۆشییەکی زیاتر لە شەڕکردن بۆخۆی بەرەنگار دەبووەوە. هاوشێوەی بازێک کە بێچووەکانی دەپارێزێ بڕندەتر و پڕ وزەتر بوو. ئەمە مانای دوو بەرابەر بە یەک بوو. ناهەقی بوو. هاوسەنگییەک بوو پەری ناچار دەکرد بەهانای ئەو باوکەیەوە بچێت کە هێندەی هەموو

دونیا خۆشبدەویست. پەریوۆکە چی بکات، بە هەموو هێز و گوڕی خۆیەوە پشکداری لە شەڕی ماڵەوەدا کرد، وەلێ ئەو شەڕکەر نەبوو. بونیاد و خووی وێ جیاواز بوو. خواخوای بوو شەڕ و ئاڵۆزی نەبێت.

ئەو هاکانەی کە قەت وەنەبوو قیمەتی خوێندنێکی باش بزانێت هێندەی پێنەچوو زانرا کە وازی لە زانکۆ هێناوە، نیازی وانەبوو جارێکیتر بگەڕێتەوە *ئەو گەورە بێ بەهایە*. پێداگری کرد، دایە داری قوڕعانێ. بە نقوومکردنی دایک و باوکی بۆ نێو خەمگینیەوە لە شەوێکدا دوایین خاڵی بۆ ژیانی خوێندەڤانی خۆی دانا. زیهنی بەر لەوەی بکرێتەوە، داخرا، مۆری لێدرا. لە چاوانییەوە دیاربوو لە ژیانیدا چەندە ناڕەحەتە. تووڕەبوو. بە کارفەدان بوو. بەردەوام گلەیی لە حاڵی خۆی دەکرد.

هاکان وایلێهاتبوو تەنێ بۆ تێرکردنی سکی، جلگۆڕین و خەوتن بەرەو ماڵ دەبووەوە. وەک باڵۆنێکی دەمبا ماوەیەک بەبێ ئامانج چەند جارێک بەختی خۆی تاقیکردەوە - تا ئەو کاتەی هەندێک هاوڕێی دۆزینەوە. بەدەم زللەلێدان لە لاجانگی یەکدییەوە سڵاویان لە یەکدی دەکرد؛ پەیڤگەلی وەک "شەڕەف"، "ناموس"، "نیشتمانپەروەر"یان زۆر بەکاردەهێنا. تا ئەو کاتەی بە هاوکاری ئەوان کارێکی بۆخۆی دۆزییەوە. هەر زوو خووی ڕەشبینی و بێ باوەڕیی ئەوانی گرت. دواتر کارێکی لە ڕۆژنامەیەکی خۆجێیی تابلیی نەتەوەپەرست دۆزییەوە. ئەگەرچی تابلێی لە ڕووی زمان و نووسینەوە لە ئاستێکی نزمدابوو، بەڵام نێوانی لەگەڵ پەیڤان باش بوو: دەستی بە نووسینی پەیڤاگرین کرد. لەژێر ناوی خوازراوەوە، ئیدی ڕۆژ دوای ڕۆژ پەیامەکانی تیژتر دەبوون و دەستی بە وتاری هێرشبەرانە کرد. هەموو هەفتەیەک تاخمێک لە "خائینانی وڵات" نزمسرووشتەکانی

نێومـان، سـێوە ڕزیوەکـانی ئاشـکرا دەکـرد: یەهودییەکـان، ئەرمەن، ڕۆم، کـــورد، عەلەوی، زازا، لازەکـان... لای ئەو بـۆ تورک هیچ نەتەوەیەکی دیکەی جگە لە تورک نەبوو متمـانەی پێ بکرێت. نەتەوەپەرستی وەک دەستە جلێکی کەمتەرخەمـانە دووراو پـڕ بە بەری ڕۆحـی هاکـان بـوو. بە پاڵپشـتی ناسـنامە نـوێیەکەی هەسـتی بە بەهێـزی، بەبنەمـا و نەبەزیـوی دەکـرد. ئەمریکـا، ئیسـرائیل، ڕووسـیا لەبـارەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە ماخۆلیای گەورەیـان هەبـوو، بەهەر لایەکـدا دەیڕوانـی تیـۆرەی گەلەکۆمە و لۆبی نهێنی دەبینی.

"تۆ وادەزانی تەنێ کوڕێکـت لە زینـدانە؟ لەم ماڵەدا منیش بەندیم" ڕۆژێک هاکان ئاوا بەسەر باوکیدا گووڕاندی، جارێکیتر لە دوای دەنگەدەنگێکـی سـەر خـوانی سـپێدە "ئومێـد بەختـی هەبـوو، ناچـار نییە هەمـوو ڕۆژێـک گـوێ لە قەمبۆرەکانـت[1] بگرێ."

"شـەرمەندە بیـت! بـرا دامـاوەکەت بە خۆشـبەخت دەزانـی خـوێڕیلەی سـووک؟" مەنسـوور وەهـا بـاگۆی دایەوە، دەنگـی زیندەتر لە دەستانی دەلەرزی.

پەری سـەربەرەوژێر، بە ملکەچییـەوە گـوێی لەوان گرتبـوو. چەندە سەخت بوو گوێگرتن لە شەڕی نێو خێزان.

"واز لەو کـوڕێژگەیە بێنـە، ئیـدی گەنـجە" سـەلما بەرانـبەر مێردەکەی ورتەیەکی لێوەهات.

"گەنجێکی نابەرپرس کە بە پارەی باوک دەژییێت!" مەنسوور وای گوت.

---

(1) قەمبۆر: قسەی زل و گەورە گەورە. فڕ و فیشاڵ.

"ها، وادیارە ناتەوێ لەسەر خوانەکەت نان بخۆم، وانییە؟ باشە، لەمەودوا دەستی بۆ ناهێنم." هاکان سەبەتە بەتاڵەکەی نانی بەرەو دیوارەکە هەڵدا، سەبەتەکە وەک تۆپێکی پلاستیکییەکە بەر دیوار کەوت و پارچەکانی بەو ناوە وەربوون. "مەگەر کێ دەیەوێ نانی کهولییەک بخوات؟"

ئەم پەیڤە پێشتر بە هیچ شێوەیەک لەو ماڵەدا بەکار نەهێنرابوو. هەندێک وشە هەن گێڕانەوەیان نەکردەیە. بە بەرپرسی خێزان بگوترێ "کهولی" سنوور بەزاندنە، بەڵام ئەوەتا ڕوویدا. هاکان کە چیتر بەرگەی ئەو بێدەنگییەی هاتبووە ئاراوە نەدەگرت، بە خەشم و قینەوە هەستا لەماڵێ دەرچوو.

سەلما دەستی بە گریان کرد. لەنێو هەنسکەکانیدا دەنگی بەرز و نزم دەبووەوە. "دەستمان لێ وەشێنراوە دڵنیام، هەموومان. ئەمە سزای گوناهەکانمانە."

سەلما وایدەبینی بێچارەیی کوڕە گەورەکەی وەک سزای خوداوەند و ئاگادارکردنەوەی دەبینی. دڵنیابوو لەوەی بەهۆی ئەوەی گوێیان بە یەکەم پەیامی خوداوەند نەداوە قەزا و بەڵای زۆرتریان بەسەردێ.

"گەمژانەترین شتە تاوەکو ئێستا لە ژیانمدا بیستبێتم!" مەنسوور وای گوت.

"خودا بەو مەزنییەی خۆیەوە بۆچی دەبێ خۆی بە لەنێوبردنی ماڵباتی ناڵبەندئۆغڵوییەکانەوە مژوول بکات؟ مەگەر کارێکی دیکەی نییە؟"

"چونکە دەیەوێ دەرسی ئێمە... تۆ... دابدات."

"باشە ئەو دەرسە چییە؟"

"دەیەوێ هەڵەکانت ببینی" سەلما وای گوت. "تا نەتێنەگەیت هیچ کاممان ئارامی بە خۆمانەوە نابینین."

"ئەگەر پێتوابێت ئەوەی بەسەر ئومێددا هات تۆڵەکردنەوە بوو لەلایەن خوداوە، یان پێتوابێت بۆ ئەوەی دەرسی ئێمە دابدات ئەوی خستە زیندان و بەر ئەشکەنجەدان، ئەوا کێشەیەک لە تۆدا هەیە ژنەکە، لە تۆ یان لە خوداکەتدا."

سەلما ورتەیەکی لێوەهات "تۆبە... تۆبە."

بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی کە سەلما بە تووڕەیی خوداوەند ناوزەدی دەکرد، بەچەند ڕۆژێ، هەندێکجار چەند هەفتەیەک بە ڕێکوپێکی هیچ شتێکی نەدەخوارد، تەنیا هەندێک نان، ماست، ئاو و ئەگەر هەبوایە بە خورما خۆی ڕادەگرت. نەزرەکان؛ مامەڵەکردنێکی سۆزەکییانە لەگەڵ ئافرێتەر... شەوان زۆر کەم دەخەوت، کاتی خۆی بۆ دوو شت تەرخان دەکرد کە هۆشیان ئارام دەکردەوە: نزاکردن و پاککردنەوەی ماڵ. هەر لەو شوێنەی کە لێی دەخەوت، بەسەر مۆبیلیاتەکانەوە چینی تۆزی ویتا دەکرد، لەنێو دۆڵابە دارینەکانیشدا هەستی بە پێڕەوتی پندەکان دەکرد - نازانم چۆن بوو بێجگە لە وێ هیچ کەسێکی دیکە گوێی لێ نەدەبوو؟ بەو تێکەڵەیەی لە ئەسپرینی تواوە، سرکەی سپی، ئاولیمۆ و کاربۆن دروستی دەکرد هەموو شوێنێکی تەڕدەکرد. دواتر دەوەستا، فلچەی لێدەدا، ڕەونەقی پێدەدا و دەیسڕییەوە. ماڵباتەکە هەموو سپێدەیەک لە بۆنی کەسکوونی پاککەرەوەکان وەئاگا دەهاتنەوە.

سەلما هێندە دەستەکانی دەشۆردن، بۆنی ماددە پاککەرەوەکانی لێ دەهات. پێستە وشکبووەکەی دەستانی وەک پوولەکە دانە دانە هەڵدەوەری، خوێنی لێ دەهات، ئەمەش دەبووە هۆی ترسی زۆری لە میکرۆب و بەو هۆیەشەوە زۆرتر دەستەکانی دەشوشتن. هەروەها ئیدی پەنجەوانەی ڕەشی دەکردە دەستەکانی. بەهۆی ئەو جوببە نیلییەی لە حیجابەکەیەوە تاوەکو

پێڵاوەکانی ئاودامان پۆشیبووی ئەوانەی دەیانبینی وایاندەزانی بەهۆی پەڕگیرییەوە ئاوا خۆی داپۆشیوە، بەڵام ئامانج لەمەودا ئەوەبوو حاڵ و باری دەستەکانی بشاریتەوە. ئێوارەیەک کاتێک پەری و سەلما لە بازاڕ دەگەڕانەوە، پەری لەدواوەیەوە بوو و لەنێو ئەو ڕووناکییە کزەی سەرشەقام دایکی نەبینی- ژنە هێندەی تێکەڵ بە ڕەنگە تۆخەکانی ئێوارە بووبوو.

مەنسوور کە بەهۆی دیمەنی تازەی ژنەکەی شێتگیر بووبوو چیتر نەیدەویست لەگەڵ وێ دەرکەوێت. ئیدی هەر خۆی دەچوو بۆ بازاڕکردن. بە تێڕوانینی ئەو پۆشەنیی ژنەکەی ئاماژەی هەرچی شتێکی دزێوی ڕۆژهەڵاتە، هەموو ئەو شتانەی دژیان دەوەستێتەوە و پەسندیان ناکات لەخۆیدا هەڵگرتبوو. ناوی لێنابوو "ئەوپەڕی جەهالەتی دیندارەکان" کاتێکیش لەبارەی هیچ دین و کولتوورێکی دیکەوە نازانن دەڵێن؛ "جگە لەو فێرکارییە کلێشەییە" بەوەی کە ڕێگە و ڕێبازی خۆی بە ڕاسترین ڕێگە دەزانی - تەنیا لەبەر ئەوەی لەنێو ئەو کولتوورەدا لەدایک بووە، هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ ئەو شتانەی فێری بووبوو نەدەکرد- تێنەدەگەیشت.

لە بەرانبەر ئەوەشدا ئەو حاڵ و هەڵسوکەوتانەی مەنسوور کە سەلمای نیگەران و بێزار دەکرد کورتەکەی ئەوە بوو؛ ئەوەی کە لە چاوی مێردەکەیدا بە کەم سەیر دەکرا، ئەو داشۆرینەی لە دەنگیدا هەبوو، ئەو خۆباوەڕییەی لە بەرزکردنەوەی چەناگەیدا نیشانی دادا. "گوتبەریی تایبەت بە عەلمانییەکان" ئەو وای ناودەنا. ئەوەی کە خۆیان پێ لەسەرووی کۆمەڵگە و لە دەرەوەی کۆمەڵگە حسێب دەکرد. نەیدەتوانی لەو خۆپەسندییەی کە لە بەکەمگرتنی ئەو کولتوورە سەدان ساڵەیەدا دەنواند تێبگات.

بەم شێوەیە بێ ئەوەی تاکە وشەیەکیش قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەن، سەلما و مەنسوور لەنێوماڵێدا هەریەکەیان لووتیان بە لایەکدا بوو. ئەوەی بە عیشقەوە نەیانتوانیبوو وەدی بهێنن بە ڕق پڕیان دەکردەوە.

هەرچی پەری بوو خووی دابووە کتێب خوێندنەوە. بۆ ئەو گەنجانەی کە لەنێو ماڵباتی زویر و زیزدا گەورە دەبن ئەدەب باشترین پەناگەیە. چیرۆک، ڕۆمان، شیعر... لە کتێبخانە بچووکەکەی فێرگەکەیدا هەرچی کەوتبا بەر دەستانی هەڵیدەلووشی و دەیخوێندەوە. کاتێکیش هیچی لەبەر دەستان نەبوو بۆ خوێندنەوەی سەری دەنایە نێو ئینسکلۆپیدیاکان. لە عەباسییەکانەوە تاوەکو زۆمبییەکان هەندێک زانیاری وەردەگرت و کۆی دەکردەوە، کە هیچ سوودێکی بۆ ئێستای ژیانی وێ نەبوو. بە هیوای ئەوە بوو ڕۆژێک بێت پێویستی پێی هەبێت. ئەگەرچی بە کاری هیچ شتێکیش نەدەهاتن، وەلێ تەنیا بە ویستی فێربوونەوە درێژەی بە خوێندنەوە دەدا.

کتێبەکان داهێنەرانە و ئازادکەر بوون. پەری پێی وابوو لانەی وێ جیهانی وێژەیە. پشووەکانی هەفتە لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرێ، ئەگەر پێویست بووایە نانیشی نەدەخوارد، بەڵکو بەدەم خواردنی سێو یانژی چەرەزات ئەو کتێبانەی بە خواستن هێنابوونی یەکێکیانی تەواو دەکرد و دەستی بەوی دیکە دەکرد. ئەوەی بۆ دەرکەوت کە پێویستە هاوشێوەی ماسوولکەکان هزریش ڕاهێنانی پێ بکرێت. ئەمە وێڕای یادگە. بەهۆی ئەوەی لە وانەی لەبەر و دەرخدا زۆر دڵنیا نەبوو، زانیارییەکانی -ناوی لانیبی ڕووەکەکان، مێژووی شەڕ و پەیمانە ئاشتەواییەکانی دەورانی عوسمانی- بۆ ئەوەی لە یادگەیدا بمێننەوە پەرەی بە تەکنیکی وێناندن و پەیڤاندن دا. سووربوو لەسەر ئەوەی لە

ئەدەبیاتەوە تا بیرکاری، لە فیزیاوە تا کیمیا.. لە هەموو وانەکان زۆر باش بێت. بە ئاواتەوە بوو. بەکۆشش بوو. هیچ کەسێک نەیدەزانی خوێندەوە بۆ وێ جۆرێک بوو لە ڕاکردن.

هەستی بەوە دەکرد ئەو هەموو خوێندنەوەیە لەبەرچاوی ئەوانی دیکەی ون کردووە. گوێشی پێ نەدەدا. هاوشێوەی هەموو ناڵبەندئۆغلوییەکان پەریش لە منداڵییەوە مەیلی وەلای تەنیایی هەبوو. گوێی بەوەش نەدەدا کە هاوپۆلەکانی پاشناوی "بەرخۆڵەی مامۆستا/کاسەلێس". کاتێک کچە ناودارەکان بانگیان نەدەکردە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونیان، ئەودەمەی دەچوونە سینەما و هەواڵیان بە وێش نەدەدا ئەگەرچی دڵی دەئێشا، بەڵام ئیدی ئەمە لای وێ سوابوو. لەلایەکی دیکەوە هاوڕێی تازەی دۆزیبوونەوە: کچێژگەیەک کە کەوتبووە ژێر باری ئەو بەڵێنانەی پێی درابوو، کوڕێک کە گوایە دایکی ڕێگەی خراپی گرتووەتە بەر و بەو هۆیەوە بووبووە گاڵتەجاڕی ئەوانی دیکە، کچێکی دیکە بەهۆی ئەوەی لاڵەپەتە بوو و دەمی تەتەڵەی دەکرد پەراوێز خرابوو.. ئیدی پەری ئەو بژارانەی کە هیچ کەسێک پەسندیان نەدەکرد پەری خۆشی دەویستن. لەگەڵ ئەوانی دیکە دۆستایەتی دەکرد، وەک خۆی.

مانای ژیان کۆششکردن، زۆر کۆشش کردن بوو. لە ئەڤینداربوون، پێکهێنانی خێزان و وەدەستهێنانی کاریش تێدەگەیشت -هەر هیچ نەبێ لە ڕووی تیۆریکییەوە. بەڵام کەیف وسەفا، تەمبەڵی کردن و خۆ ژارکردن... ئەمانە ئەو کارانە نەبوون پەری بیانزانێت.

کتێبەکان بوون نیشتیمانی وێ لە هەمان کاتیشدا هەواری هەمیشە لێوە کۆچەربوویشی بوو.

# تانگۆیەک لەگەڵ ئیزرائیل

ئیستانبوڵ، دەیەی نەوەدەکان

کاتێک پەری پێی نایە نێو یانزە ساڵییەوە، دایکی بۆ بەجێهێنانی ئەو هیوایەی کە ماوەیەک بوو دەدڵی گرتبوو، چووە حەج. کاکی گەورەی لە زینداو بوو، برا بچووکەکەیشی خوانەبێ کەس نازانێ لەلای کێ دەمایەوە، ئیدی ماڵ بۆخۆی و باوکی مایەوە. خواردنی ئامادە دەکرد (بۆ نیوەڕۆ شفتە و پەتاتە، بۆ ئێوارانیش شفتە و ماکەرۆنی) قاپ و دەورییەکانی دەشۆرد (بە پریشک و پاڵەوە) لە تەلەفیزیۆنیش چیان پێ خۆش بوایە سەیریان دەکرد. بە جۆرێک وەک گەشتێک وابوو.

پەری سپێدەیەک لەگەڵ ئازاری سکی وەئاگا هاتەوە. سەرەتا وای زانی خواردنی ئەو هەموو شفتەیە هۆکاری سک ئێشەکەین، ئەگەر مینووی خواردنەکان بگۆڕێ باش دەبێت. بەڵام کاتێک چووە دەستشۆرییەکە بەسەر ڕێکەوتێکی سەیرەوە بوو: دڵۆپە خوێن بە جلەکانی ژێرەوەیەوە بوون. پێشهاتنی شتی وای لە کتێبانەوە خوێندبووەوە، هەروەها لەو کچانەی گەرەکیش، کە بە تەمەن لە وێ گەورەتر بوون. کاتێک ئەوان لەنێوان خۆیاندا بە چرپە باسیان کردبوو، بیستبووی. "ئای دیسانەوە پوورم هاتووەتەوە سەردانم" وەها بە تونکڵدارییەوە

زاڵەیان[1] دەکرد. "لە دواوەڕا سەیرم بکە" وایان بە یەکدی دەگوت کاتێک یەکێکیان پێش ئەوەی تر دەکەوتەوە. بەڵام پەری پێی وانەبوو هێندە زوو ڕوو‌بدات. وای دەزانی لە تەمەنی چواردەساڵان و ئەوانە ڕوودەدات. پێویست بوو تا ئەو تەمەنە لە دایکی بیشاریتەوە. سەرچەفێکی کۆنی هێنا و بڕی. ساڵانێک بوو دەشۆردرا و وشک دەکرایەوە و بەکاردەهێنرا. بەمشێوەیە نهێنییەکی دیکەی سەرباری نهێنییەکانی بوو.

سەلما دوای دوو هەفتە گەڕایەوە. تاوەسووت[2] بووبوو. لاواز بووبوو. وەک ئەوەی خۆی بەسەر قەنەفەکەدا بەربداتەوە باسی لە گەشتەکەی کرد.

"دوای ئەو قەرەپەستە و شێلانەی تونێلی پیادەڕەوییەکە، سعودیەکان ورياترن." سەلما وای گوت. "بەڵام گوێ بە درم و ئاهۆ[3] نادەن. هێندە نەخۆش کەوتم دەمگوت دەمرم!"

"هەر باش بوو نەمردی خانم، ئەگەرنا بێ تۆ چیم دەکرد" مەنسوور وای گوت.

"سوپاس بۆ خودا لە ماڵی خۆمدام" سەلما وای گوت بە دەم ئاه هەڵکێشانەوە. "هاتبا و چاک نەبوومایەتەوە، لەوێ دەیانناشتم، لەو خاکە پیرۆزەدا."

"دیمەنی پێش بێلایی گۆڕستانەکانمان لە ئیستانبوڵ زۆر جوانترن" بەدەم درێژەدان بە تەنزەکانییەوە مەنسوور وای گوت. "هەروەها هەوای تازەی دەریاشمان هەس. ئەگەر لە مەدینە مردبای گیانی خۆت ئەسپەردەی دارخورمایەک دەکرد. ئەمە لە

---

(1) زاڵە: گلەیی، گازەندە، سکاڵا.
(2) تاوەسووت: خۆرانگاز، سووتان بە تین و تاوی تیشکی خۆر.
(3) ئاهۆ: پەتا، نەخۆشییە گوێزراوەکان.

کاتێکدا لە ئیستانبوڵ دارەبنێشت[1] ئەفلامـوور[2]، سپیدار... هەرچیت بوێ هەن. باشترین شت ئەوەیە لەژێر یاسەمین گۆڕەوشارت بکەن. بە درێژایی ڕێگا بۆنڕێژی دەکات."

وەک ئەوەی قسەکانی مێردەکەی پڕیشکە بن و لە ئاگر بەرز بینەوە، سەلمایان ڕاچڵەکاند.

پەری کە لە دووبارە پێکهەڵپژانی وان دەترسا وەدەنگهات: "چی لەنێو پڕیاسکەکەت دا هەیە دایکە گیان؟ هیچ شتێکت بۆ ئێمە هێناوە؟"

"چۆن نایهێنم؟ ئەو مەککە گەورە و گرانەم هێناوەتەوە؟" وەڵامەکەی وابوو.

مەنسوور و پەری خرۆشان، وەک دوو منداڵی بەهەوەس ڕوویان دەدرەوشایەوە. یەک لە دوای یەک پاکەتەکان هەڵپچڕان: خورما، هەنگوین، سیواک، قوڵۆنیا، بەرماڵ، دەسرۆک، شووشەی بچووک لە ئاوی زەمزەم...

"چۆن دەزانی ئەم شلەیە پیرۆزە؟" مەنسوور بەدەم ڕاوەشاندنی یەکێک لە شووشەکانەوە پرسی. "هیچ کامیانت تاقی کردوەتەوە؟ ڕەنگبێ ئاوی بەلوعەبێت بیفرۆشن."

سەلما شووشەکەی لەدەست فڕاند و کردییەوە، بە قومێک هەمووی خواردەوە. "ئەمە ئاوی پاکی زەمزەمە، بەڵام عەقڵی تۆ پاک نییە ئەفەندی! زەمزەم چیت لێ بکات!"

"دەی باشە، باش." مەنسوور شانێکی لێ هەڵتەکاند.

پەری بە ئاماژەکردن بۆ یەکێک لە قوتووەکانی لە هۆوە لە سووچێک کەوتبوو پرسی: "ئەدی ئەمە چییە دایکە؟"

سوپرایزێک لە قوتووەکە هێنرایە دەرەوە: لەژێرییەوە

---

(١) دارەبنێشت: Pistacia lentiscus درەختێکە هاوشێوە دارەبەن.

(٢) ئەفلاموور: زەیزەفوون، ئیهلامور

پەندۆڵێک، لە هەردوو لایەوە دوو منارەی هەبوون، لە شێوەی مزگەوتێک دابوو، کاتژمێرێکی دیواری ڕەنگ برۆنزی بوو. سەلما باسی دەکرد کە؛ وا پرۆگرام کراوە دەموساتی بانگدانی هەزار شاری سەر ڕووی ئەم دونیایە نیشان دەدات. دواتر لە ژووری دانیشتن بەو دیوارەوە، کە بە ئاراستەی قیبلە و دروست لە بەرانبەر پۆرتریتی ئەتاتورک دابوو، بە بزمارێکەوە هەڵیواسی.

مەنسوور بەدەم تێکنانی ئەبرۆکانییەوە گوتی؛ "لە ماڵەکەمدا، لەژێر بنمیچەکەمدا مزگەوتم ناوێ."

"بەڕاست؟ بەڵام من ناچارم لەژێر بنمیچەکەمدا لەگەڵ بێ ئیمانێک بژیم" سەلما ئاوا بەزوویی بەرپەرچی دایەوە.

"بروانە خانم، تاوەکو ئێستا چەندە گوناهم کردبێ نیوەیان ئۆباڵیان بە ئەستۆی تۆیە. ئەگەر ئەو شتە سەمەرەیەت نەهێنابوایە منیش نەدەکەوتمە نێو ئەم دۆخەوە. ئەوە چ کاتژمێرێکە لە شێوەی مزگەوت بێت؟ هەر ئەوە مابوو! دایگرە!"

"دایناگرم" سەلما هاواری کرد. "بەلامەوە جوان بووە، پارەم پێداوە، لەو خاکە پیرۆزانەوە تاوەکو ئێرە هێناومەتەوە. لەوێ نەخۆش کەوتم، وەختەبوو بمرم. ئیدی من ژنحاجیم، کەمێک ڕێز بنوێنە بەرانبەرم!"

پەری یەکەمجار بوو گوێی لێبێ دایکی بەسەر باوکیدا دەگوڕێنێ. ئەو ژنەی ساڵانێک بوو گلەییەکانی بە دانبەخۆداگرتن، یان بە دەنگێکی کز و نەوییەوە دەگوتن، بیستنی هاوارکردنی بەم دەنگە بەرزە و نارەزایی دەربڕینەکەی، پەری حەپەساند. دواتر کاتژمێرەکە هەروا بە دیوارەکەوە مایەوە، بەڵام بە مەرجی ئەوەی کە ئالارمەکەی نەکرێتەوە. ئەم خاڵە هاوبەشە هیچ کامیانی ڕازی نەکرد.

مەنسوور دواتر هەموو ڕۆژەکە ڕۆچووە نێو تۆراتێکی

قووڵەوە. بۆ ئەو مەسەلە ئاین نەبوو، بڕوا نەبوو، گەمارۆدان بوو. هەستی دەکرد گەمارۆدراوە. ناچاربوو بەردەوام تەرزی ژیانی خۆی بپارێزێت، وەک دوورگە-وڵاتێکی چکۆلە کە هەرچوار دەوری بە سوپای وڵاتان تەنرابێت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هیکرا کارەباش بڕا. لەنێوان پۆرتریتی ئەتاتورک و کاتژمێرە بانگدەرەکەدا بە تاقیتەنێ لەسەر مێزی ڕاکی خواردنەوەی دانیشتبوو مەنسوور، هێندەی پێ نەچوو گوتی حاڵ و باری تەواو نییە. وەک ئەوەی سڵاو لە بوونەوەرێکی نەبینراو بکات دەستی بۆ سەر دڵی برد، سەری لار بوویەوە و بەلادا کەوت.

جەڵتەی دڵ لێیدا.

پەری بەدرێژایی ژیانی ئەو شەوە شوومەی لەبیر نەکرد. سات دوای سات تاریکتر دەبوو، گرمۆڵەی نێو شانەکانی خۆی بوو. باوکی بەدەم بەرکەوتنی نێوچاوانی بە مێزەکە وەک پەیکەرێکی بێ گیان کەوتە سەر ئەرز، بە ترسەوە لە گواستنەوەی بۆ سەر قەنەفە، دواتر لە خستنەسەر قەرەوێڵەیەک و بردنی بۆ نێو ئەمبولانس و گەیاندنی بۆ فریاگوزاری و بردنی بۆ ژوورێک، کە پڕی بوو لە ئامێری دەنگدار، ڕاما. تاکە شتێک کە بیری لێ کردەوە ئەوەبوو داخۆ ئەمە سزایە یاخود نا. نەکا لەبەر ئەوەی باوکی پەلاری لە کاتژمێری دیوار داون خودا لێی تووڕە بووبێت؟ ئەگەرچی بیری لەوە کردەوە پرسیار لە دایکی بکات، کە لە تەک وێدا فرمێسکی دەڕشتن، بەڵام وازی لێهێنا. لەو وڵامەی دەیداتەوە ترسا. واتە ئەمەیە دەسەڵات و ڕێگەی خودا؟ سەرەتا ڕێگەی بە مرۆڤ دەدات قسە و گاڵتە بکات و خۆی بێت، دواتر دەڵێ "وای ئەوە تۆ بووی بێ پەردە ئاخاوتی؟" و ئاوا سزای پێ دەچێژێت؟ چەند ترسناکە وەها بیر لە خودا

بکەیتەوە کە خودا وەها تۆڵەسێن، سەخت و سزادەرە. زەمانی خودا زەمانی خۆشەویستی بوو یان زەمانی ترس؟

ئەوشەوە پەری و سەلما لەژووری چاوەڕوانیدا لەسەر قەنەفەیەکی شڕۆڵ و دڕاودا چەندین دەمژمێر چاوەڕێ بوون. گوورزەیەک لە تریفەی مانگ پەنجەرەکەی دەبڕی و دەهاتە ژووری، تێکەڵ بە تیشکی ناحەزی فلۆرەنسی گڵۆپەکان دەبوو و وندەبوو. تەلەفیزیۆن کرابووەوە، بەڵام دەنگیان بڕیبوو. لەسەر شاشەکە ژنێکی جل سووری درەوشاوە چەرخەکەی دەخولاندەوە، کاتێک لەسەر "ئیفلاس" وەستا تووشی نائومێدی بوو. ئەوی لەوێ سەیری تەلەفیزیۆنی دەکرد پیاوێکی سمێڵ پەشتراوی کەتە بوو، کە کاری پاککردنەوەی دەکرد و قاقایەکی کرد. لەو کەسانە بوو کە دڵخۆش دەبێ بە دۆڕان و شکستی کەسانی دیکە.

"سەلما بە هێمنی گوتی؛ "دەچم نوێژ دەکەم."

"دەتوانم منیش بێم؟"

سەلما وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەو قسەیە بکات نیگاکانی لە کچەکەی بڕین. "زۆر باشە. خودا نزا و پاڕانەوەی منداڵان قەبوڵ دەکات."

پەری بە ئارامی سەری ڕاتەکاند. ئەگەرچی جگە لەو یەک دوو نزایەی لە خوێندنگە فێری کرابوو هیچی دیکەی نەدەزانی. پێشتر نوێژی نەکردبوو. کاتێک دایکیشی ویستبووی فێری بکات سەرسەختیی کردبوو. ئەو کچی باوکی خۆی بوو. -مەنسوور بە پێچەوانەی ژنەکەی- نزاکانی لە کورتی، تایبەتی و باوبوون بەدوور دەگرت. بەڵام ئێستا پەری ئەوەتا ئامادەبوو بەدوای ئاوی دایکیدا بڕوات. چونکە ئەها ئەگەر باوکی خۆشەویستی خودای تووڕە کردبێت، دەیویست هەرچی لەدەستی دێت بیکات بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو دۆخە بکاتەوە.

لە دەستشۆرییەکانی نەخۆشخانە دەستنوێژیان هەڵگرت. ئاوەکە سارد بوو، بەڵام پەری بەسەر خۆی نەهێنا. لە سووچێکی ژووری چاوەڕوانیکردن نوێژەکانیان دابەست. هێشتا تەلەفیزیۆنەکە کرابووەوە و ژنە جلسوورەکە بە پەرۆشەوە چەرخەکەی بادەدا.

لە نەبوونی بەرماڵ چاکەتە خورییەکانی خۆیان ڕاخست. دایکی هەرچی دەکرد پەری وەک دەنگدانەوەیەکی دواکەوتوو لاسایی دەکردەوە. کاتێک سەلما دەستەکانی لەسەر سنگی هێنانەوە سەر یەک، پەریش هەمان شتی کرد. سەلما چەمایەوە، کڕنووشی برد، گەیشتە سەر بەرماڵەکە؛ پەریش بەهەمان شێوە. بەڵام جیاوازییەک هەبوو لەم نێوەدا. لێوەکانی دایکی بەردەوام دەجووڵانەوە و ورتەیەکی لێوە دەهات، هەرچی لێوەکانی پەری بوون بێ جووڵە بوون. لەپڕ ئەو کەنیشکەیە ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە خودا خۆشی لەمە نایەت. نزای بێدەنگ چۆن دەبێ ئاخر! وەک نامەیەکی بەتاڵ. وەک زەرفێک کە هیچی لەنێودا نەبێت. بڕیاریدا کە پێویستە شتێک بڵێت. دوای ئەوەی کەمێک خەیاڵی هێنا و برد کەنیشکەکە ئەمەی گوت:

"خودای خۆشەویست،

دایکم دەڵێ هەموو ساتێک چاوت بەسەرمەوەیە. سوپاست دەکەم... ئەمە شتێکی باشە، بەڵام کەمێکیش نائارامم دەکات، چونکە هەندێکجار دەمەوێ لە ژوورەکەمدا تەنیابم. بەهەرحاڵ. دایکم ئێژێ هەموو شتێک ـبەوانەشەوە کە لەبەرخۆمەوە دەیانڵێم- دەبیستی. بگرە بیرکردنەوەکانی نێو سەریشم. هەرچی ڕوودەدات دەبینی. بیرم لەوە کردەوە، چاوەکانی ئێمە بچووکن؛ چاو تروو کانێکمان چرکەیەک دەخایەنێت. ئەگەر وابێت دیارە

چاوانی تۆ گەورەن، چاوترووکانێکت هەرەکەم دەمژمێرێک دەخایەنێت. باوکی من پیاوێکی چاکە. لە ژیانمدا خۆشەویسترین مرۆڤە. دڵی پاکە. ئەگەر هەر گوناهێکیشی کردبێت ناکرێ چاوپۆشی لێ بکەیت؟ دەتوانی کاتێک لە باوکم رادەمێنی چاو بترووکێنی؟

هەروەها کاتێک من لە کەسێک تووڕە دەبم باوکم دەڵێ 'تۆ منداڵێک نیت، دەتوانی لێبوردەبیت' ئەگەر تۆش -هەمبەسم ئێوەش- لە باوکم تووڕەن، تکایە دەتوانن لێی خۆشبن و چاک و سەرحاڵی بکەنەوە؟ بەڵێنت پێ دەدەم لەمەودوا هەموو شەوێک نزا دەکەم.

ئامین

تێبینی: نازانم ئێستا دایکم لە نزاکانیدا چی دەڵێ، بەڵام ئەگەر شتی خراپ لەبارەی باوکمەوە بڵێ، دەکارن خۆتانی بەسەرەوە نەبەن و گوێی پێ نەدەن؟"

پەری لەسەر چاکەتەکەیەوە دایکی خۆی بینی کە سەری بە ڕاست و چەپدا بادا و هەردوو لەپی دەستەکانی بە دەم و چاویدا هێنا و لەنوێژەکەی بوویەوە. ئەویش هەمان کاری کرد و مۆری لە نامەکەیدا.

بەیانی ڕۆژی دواتر مەنسوور لەکاتێکدا ناوشانی نابوونە سەر سەرین ڕاکشابوو، لەگەڵ میوانەکان گاڵتەی دەکرد. دوای چەند ڕۆژێک بە خەرجییەکی زۆر لەسەر کەوتوو وئامێری ڕێکخەری لێدانی دڵ لە نەخۆشخانە دەرچوو. ئاگاداریان کردبووەوە کە واز لە خواردنەوە بهێنێت، چایی ڕوون بخواتەوە و دووربێت لە ڕاڕایی، دەتگوت کاتێک دەڵێی "ڕاڕایی" میوانێکی ڕەزاگرانە کە واز لەوە دەهێنێت داوەتی ماڵێی بکەیت. بە هەر حاڵ و بارێ مەنسوور گوێی بەمانە نەدا. وەک کەسێک کە تانگۆی

لەگەڵ ئیزرائیل کردبێت دەیگوت چیتر ترسێکی نەماوە.

بەم خەیاڵ و ویتایەوە دەهاتە خەونەکانی پەری: باوکی بەردەوام لە خەونەکانیدا دەبینی کە بەشێوەیەکی سەمەرە، ناجێگیر و بەدەم میوزیکێکەوە کە مووی لەش قیت دەکاتەوە بەدەم پەیکەرێکەوە -بەخواستی خۆی- سەما دەکات.

# شیعر

ئیستانبوڵ، ٢٠١٦

پەری لە دەستشۆرییەکەدا بێ ئەوەی جووڵەیەکیش بکات وەستا، لەبەردەم ئاوێنە نەخشدارەکەدا لەخۆی ڕامابوو. ئەو دۆخە خوێنساردییەی لەگەڵ کچەکەی تێی کەوتبوو نەمابوو و شوێنی خۆی دابووە نائارامییەک، کە نەیدەزانی چ ناوێکی لێ بنێ. کاتێک لەنێو حەوزەکەدا لە ماسییەکان ڕاما، ئەها لە کاریکاتێرەکاندا ئەو کاراکتەرە بەدبەختەی هاتەوە یاد کە دوورگەیەکی بێ هاوار و بانگدا دەیەوێ بە مەلەکردن خۆی قوتار بکات. لەم ژیانەدا دەتوانرێ واز لە خراپترین خووەکان بهێنرێ، کەموکورتییە تایبەتەکان سەرڕاست دەکرێنەوە، دەکرێ واز لە هاوڕێیەتی گیانی بەگیانی بهێنرێ، بگرە هۆگربوونیش تێدەپەڕێنرێت، بەڵام ڕەنگە سەختترین شت هۆگری مرۆڤ بێت بە شوێنەوە. بۆچی ناتوانین واز لەو کۆڵانانە بهێنین کە سواون، لە شارەکان، لە دووبارەبوونەوەکان؟ لەو شوێنەی ئەگەر خەمگینیشمان دەکات، بۆچی وازمان لێ نەدەهێنا و دوورنەدەکەوتینەوە؟ بۆ کەسپینەزانێک؟

لەودیوی دەرگاوە قاقایەکی گوێ لێبوو. بازرگانەکە بوو، بەو دەنگە گرەیەوە نوکتەیەکی دەگێڕایەوە. پەری گوێی لێ نەبوو، بەڵام لە کاردانەوەکانەوە دیار بوو، کە شتێکی بێ مانا بوو.

"ئاه، لە ئێوەی پیاوان!" دەنگی ژنێک هات وای گوت، بە تۆنێکی نیوە گازەندە و نیوە دۆستانە.

پەری لچی داقورچاند. هیچ کاتێک لەو خاتوونانە نەبووە، بە جۆرێک کە هەمووان گوێیان لێبێ، بە تایبەت بە دەنگێکی وەها عیشوەدارەوە بڵێ "ئاه، لە ئێوەی پیاوان!"

هەمیشە وابووە، چ پیاو بووبێت چ ژن، ئەو مرۆڤانەی لە رابردوودا زێدەتر لە ئاسەواری برینێک، لە چاویاندا حوزن و تەنیاییەکی دیار و نادیار، لە رۆحیشیاندا چاڵ و چۆڵی نابەرچاو سەرنجیان راکێشاوە. بوێرانە کاتی بۆ ئەم جۆرە مرۆڤانە تەرخان دەکرد. لەگەڵ وان دۆستایەتییەکی باش و هەرماوی دەبەست. بەڵام لەو مرۆڤە دەگمەنانە وێوەتر بە رووی هیچ کەسێکدا نەدەکرایەوە. پەری شەرمن و کەنارگیر بوو، بە ئاسانی لە هیچ کەسێک نزیک نەدەکەوتەوە. لەو گەنگەشانە بێزار بوو کە لێک دەچوون و بڵێ و بڵێ بە هیچ کوێ نەدەگەیشتن. مەیلی راکردنی دەکرد، لەو خوانە گرانبەها بۆرژوایەدا هەستێکی هەبوو کە ناتوانێ بێزارییەکەی بشارێتەوە. رەنگبێ پێویست بەوە بکات هەر خۆی یاری بۆخۆی دابهێنێ، بۆ ئەوەی بە دزییەوە وازی بکات.

زووبەزوو دەموچاوی شۆرد. سووراوەکەی تێکچووبوو، ئەگەر تاقمی پشتەچاوی لەو کۆڵانە لاتەریکە ونەکردبوایە مەیلی بەوە بوو ماکیاژەکەی تازە بکاتەوە. بەدەم شانەکردنی قژی بە پەنجەکانی خۆی دیسانەوە لە ئاوێنەکەدا لەخۆی رامایەوە. هێشتا جوان و شۆخ دیاربوو! بەڵام هەندێک ژن هەن نە باری جوانییەکەیان پێ هەڵدەگیرێ، نە دەتوانن بەوای جوانییەکانیانەوە بژین، ئەویش یەکێک بوو لەو ژنانە. دەرگاکەی کردەوە. کاتێک کچەکەی لەهەمبەر خۆدا بینی تاسا، شڵەژا.

"باوکم دەڵێ بۆکوێ چوو، ئەو پیاوە دڵی پێتەوەیە."

"دەموچاوم شۆرد." پەری دوودڵ بوو. "چیت بۆ باوکت باس کرد؟"

Scanned with CamScanner

بۆ ساتێک سۆزێک لە چاوانی دەنیزدا هەڵبوو و دامرکابەوە. کز، تیشکێکی زووتێپەڕ. "هیچ شتێک."

"باشەم سوپاس گیانەکەم، دەی با بچینە ژووری."

"ساتێک بوەستە، ئەوەم بیرچوو،" ئەمەی بەدەم ڕامێشتنی شتێکەوە گوت.

ئەمە ئەو فۆتۆ پۆلارۆیدە بوو کە پەری لە کۆڵانەکەدا بەدوایدا گەڕا و نەیدۆزییەوە. پێدەچوو دەنیز لەسەر ئەرز دۆزیبێتییەوە و بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت خستبوویە گیرفانییەوە.

"دایکە بۆچی پێشتر ئەوەم نەدیوە؟"

لە وێنەکەدا چوار کەس بوون. پرۆفیسۆرێک و سێ خوێندکاری کچ بوون. سێ کچ کە خویا نەبوو داهاتوو چی بۆ ئەوان هەڵگرتووە لە هەواڵ، دڵخۆشی و ئومێد، سێ کچی حازر و نازر بۆ گۆڕینی دونیا. پەری ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کە تیایدا وێنەکەیان گرتبوو. دەیانگوت "سەختترین زستان کە زانکۆی ئۆکسفۆرد گوزەراندبووی." هەمووی لەبیربوو: ئەو سپێدانەی ئێسکی مرۆڤیان سڕبردە دەکرد، ئەو بۆڕیانەی چلوورەیان گرتبوو، بارینی ئەو حەمکە بەفرەی کە هەموو جەستەی داگرتبوو- خرۆشی ئەڤینداریی بوو.

"ئەو کەسانە کێن دایکە؟"

ئەگەرچی پەری دڵیشی کەوتە خرۆش، وەلێ هەروا بێدەنگ مایەوە. ورتەیەکی لێوەهات "هەروا وێنەیەکی کۆنە."

"هەر لەبەر ئەمەیە لەنێو جوزدانەکەت هەڵی دەگریت؟ لەپاڵ وێنەی منداڵەکانت؟" بە دەنگێکی پڕ لە گومانەوە. "دەی پێمبڵێ ئەمانە کێن؟"

پەری ئاماژەی بۆ سێ ژنە گەنجەکەی نێو وێنەکە کرد. یەکێک لەوان چەفیەبەسەر بوو. سورمەی لێواری چاوە بادەمییەکانی دابوو. "ئەمە مونایە. خوێندکارێکی ئەمریکی بە رەگەز میسری بوو."

دەنیز بە مەراقەوە لە لێزانی ماکیاژکردنی کچە گەنجەکە راما.

"کچەکەی دی شیرینە... نزیکترین هاوڕێم بوو." پەری وای گوت. "لە ئێران لەدایک بووبوو، لە بەریتانیا گەورە بووبوو. هێندە گەڕابوو بەتەواوی هەستی واربوونی بۆ هیچ کوێیەک نەبوو."

"تۆ چۆن ئەوان دەناسیت؟"

پەری بۆ ساتێک شڵەژا. "هاوڕێیانی زانکۆم بوون. لەهەمان ماڵ پێکەوە دەژیاین. هەموومان هەمان وانەمان لای هەمان پرۆفیسۆر دەخوێند. بەڵام لە هەمان کاتدا نا."

"وانەکە لەبارەی چییەوە بوو؟"

خەندەیەکی نەرم بەسەر ڕوخساری پەرییەوە دەرکەوت. "مژاری وانەکە... خودا بوو."

"وای!" دەنیز وای گوت، ئەمە نیشاندانەی کاردانەوەی بوو لە هەمبەر ئەو شتانەی گرنگی پێ نەدەدان. پەنجەی نایە سەر ئەو پیاوە باڵا ناوەنجییەی لە ناوەڕاستی واندا وەستابوو. ئەو قژە زەرد-قاوەیەییەی کە شێوەیەکی نارێک و بژی وەرگرتبوو، چاوە سەوزەکانی لەژێر کاسکێتەکەیدا دەبریسکانەوە، چەناگەی بەهێز و ڕێک بوو، ڕوخساری نەرم بوو، بەڵام بە تەواویش ئارام دیار نەبوو.

"باشە ئەمە کێیە؟"

تەزووی خرۆشانێکی ناڕوون بە ڕوخساری پەرییەوە دەرکەوت. "ئەو مامۆستامان بوو."

"بەڕاستە؟ زیاتر لە خوێندکارێک دەچێت تا لە مامۆستا."
"مامۆستایەکی توند بوو." بە بزەیەکەوە پەری وای گوت.
"شتی وا چۆن دەبێت؟" دەنیز پرسیاری کرد. "ناوی چی بوو؟"
"ئازوور!"
"ناوێکی چەند سەیرە. ئەوێ کوێیە؟"
"بەریتانیا... زانکۆی ئۆکسفۆرد."
"چی؟ بۆچی پێت نەگوتووم لە ئۆکسفۆرد بوویت؟!"
پەری دوودڵ بوو، نەیزانی چ بێژێ. خۆیشی نەیدەزانی کە بۆچی ئەمەی لای کەس باس نەکردووە. "بەر لەوەی دەربچم وازم لێ هێنا" ئەمەی بە دەنگێک گوت کە تا دەهات زوڵاڵتر دەبوو.
"لەوێ چۆن وەرگیرای؟"
پەری پرسیاری کچەکەی وەک لێپێچینەوەیەکی خۆبەزۆرزانانەوە لێکدایەوە. سەرسامییەکی داوەشێن. سەرباری ئەوەی ساڵانێکی لەبەردەمدا مابوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەنیز لە ئێستاوە نیگەرانی تاقیکردنەوەکانی چوونە زانکۆی بوو. خوێندکارێکی زۆر سەرکەوتوو نەبوو. سیستمی خوێندن لەسەر کێبڕکێی خوێندکاران بنەمای دانرابوو. هاوشێوەی ئەمەنی کچێنیی پەری، کە لە خوێندنی بەردەوام نەدەوەستان، ئەگەرچی جگە لە خوێندن ژیانێکی دیکەشیان نەبوو، ئێستاش ئەم سیستمە بەهەمان شێوە ژیان و وزە و توانای داهێنانی دەنیز و خوێندکارانی دیکەی وێران دەکرد.
"نمرەکانم بەرز بوون، لە بژاردەکان دەرچووم. باوکم هاوکاری کاروباری وەرگرتنی کردم. سوپاسی دەکەم ڕەحمەتی گوتی پێویستە بچم و دونیا ببینم."

"مەبەستت باپیرەمە؟" دەنیز وەها پرسیاری کرد، لە کاتێکدا سەخت بوو بۆی وێنەی ئەو پیاوە سەر لەرزەکە و ئەم پیاوە کەسایەتییە بەهێزە وەرچەرخێنە بەراوردی یەک بکات.

پەری پێکەنی. "بەڵێ، باوکە گیانم هەمیشە شانازی بە منەوە دەکرد."

"ئەدی ئەنکەم؟ ئەو شانازی پێوە نەدەکردی؟" دەنیز بە مەکرەوە ئەمەی پرسی.

"دایکم نیگەران بوو لەوەی لە وڵاتی غەریبان شتێکم بەسەر دێت. هەڵبەت زۆر گەنج بووم ئەو کاتە. ئەوە یەکەم دابڕانم بوو لە ماڵێ. بۆ دایکێک ئاسان نییە." پەری هەناسەیەکی هەڵکێشا، بۆخۆیشی سەیر بوو کە سۆزی بۆ دایکی جوڵا.

دەنیز بۆ ساتێک وەستا و بیری کردەوە. "هەموو ئەمانە کەی ڕوویاندا؟"

"دەوروبەری ١١ ئەیلول بوو. نازانم بۆ ئێوەی گەنجان چ مانا و ڕامانێک هەڵدەگرێت."

"هەڵبەتە دەزانین لە ١١ ی ئەیلول چی ڕوویدا" دەنیز وەها هەڵشاخا. دواتر لەپڕ ڕوخساری بە درککردن بە شتێک گەش بوویەوە. "واتە بەر لەوەی لەگەڵ باوکم یەکدی بناسن" وای گوت. "کەوابێ وازت لە زانینگەی ئۆکسفۆرد هێنا و گەڕایەوە ئیستانبوڵ، وازت لە خوێندن هێنا و شووت کرد، بە دوای یەکەوە سێ منداڵت بوون، بوویە ژنی ماڵەوە. وای چەند جیاوازیت، براڤۆ!"

"بەڵام خۆ هەوڵی جیاواز بوونم نەدەدا." پەری وای گوت. ئیدی لە قسە زبرەکانی کچەکەی بێزار بووبوو.

دەنیز خۆی لەبای گێلیدا و لێوی ژێرەوەی خۆی گەست. "بۆچی وازت لە زانینگە هێنا؟"

"سەخت بوو... وانەکان، تاقیکردنەوەکان..." پەری بە قوتدانەوەوە لێرە درۆکانی پچڕاند.

دەنیز بەبێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت بە تیلەی چاو لە دایکی ڕوانی؛ زۆر ڕوون بوو کە بڕوای بەو قسانەی بیستنی نەکرد. هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە ئەو ژنەی کە لەوەتی لەدایک بووە لەهەمبەر خۆی بینیویەتی، چاوەڕوانی لێ هەبووە هەموو خەون و ئاتاجەکانی فەراهەم بکات، پێشتر بیری بۆ ئەوە نەچووە ژیانێکی تەمامێک جیاوازی هەبوو بێت. بەهەر هۆکارێک بێت مرۆڤ نایەوێ بیر لە گەنجێتی دایکی -بەتایبەت ئەو گەنجێتییە سەرکێشانە بووبێت- بکاتەوە. ئەمە بیرکردنەوەیەکی بێزارکەرانە بوو. کە دەڵێی دایک؛ واتە ئەو کەسەی کە هەموو دۆڵە ئارامەکانی، گۆلە مەندەکانی و شاخە هەزاربەهەزارەکانی وەک لەپی دەستت بناسیت، وەک پارچە سەرزەمینێک کەشفت کردبێت. دەنیز زۆر کەیفی بەوە نەدەهات کە ئەو کیشوەرە هێشتا نەخشەکەی دیار نییە و کەیفی بەوە نەدەهات ئەگەر پار و بەشی نادیار هەن.

"ئەمجا دەتوانم وێنەکە وەربگرمەوە؟" پەری پرسیاری کرد.

"ساتێک بوەستە."

لە کاتێک ڕۆشنایی گڵۆپەکانی بنمیچەکە دەلەرزانەوە دەنیز وێنەکەی لە خۆی نزیک خستەوە؛ تا ڕاددەی خێل بوون لێی ورد بوویەوە؛ وەک ئەوەی لە شوێنێکی وێنەکەدا بەدوای پەیامێکی پەنهاندا بگەڕێ. لەپڕ وێنەکەی هەڵگێڕایەوە و لە پشتی وێنەکە ڕاما، نووسراوەکەی ئەودیوی بینی. "لە شیرینەوە بۆ پەری، خوشکانە پێت دەبێژم/ بیرت نەچێت مشکۆڵە ئیتر من نە ژن، نە پیاو، نە فریشتەم و نە ڕۆحێکی سافیلکەشم هەیە..."

"ئەو مشکۆڵەیە کێیە؟" دەنیز بەدەم حیلکە حیلکەوە پرسی.

Scanned with CamScanner

پەری نائاگایانە سەری دانەواند. "شیرین وای پێدەگوتم."

"تۆ... مشکۆلە؟!" دەنیز گاڵتەی دەکرد. "ئەگەر من ناوێکم لێ نابوایەیت ئەمە دوایین شت دەبوو بە خەیاڵمدا دەهات، دەبوو پێیان گوتبای پڵنگی ونجڕکەرا!"

"گۆڕاوم؛ تۆش بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێی" پەری گوتی. "دەی ئیتر، کاتی ڕۆیشتنە."

لە ئەبرۆ تێکنراوەکانی دەنیز دیاربوو کە هێشتا پرسیارەکانی دوایان نەهاتووە. "ئەدی ئەو گوزارەی 'نە ژن، نە پیاو نە فریشتە؛ چییە؟"

"تەنیا شیعرێکە. نیوەدێڕێکی شاعیری ئێرانی حافزە" پەری ورتەیەکی وای لێوە هات. "شیرینەکەم، دەی وێنەکەم بدەوە."

لەپڕ لە ساڵۆنەکەوە هۆریا و دەنگی چەپڵەلێدان بەرز بوویەوە. هەندێکیان هەندێکی دیکەیان هان دەدا. دەنیزی مەراقدار دوای کەمێک دوودڵی وێنەکەی بۆ دایکی ڕاهێشت، بە هەنگاوی نا دڵنیاوە گەڕایەوە نێو ئاهەنگەکە.

پەری کە لە ڕاڕەوەکەدا بەتەنێ مابوویەوە، وێنەکەی توونـد بە دەستییەوە گرتبوو. سەرسام بوو بەوەی هەستی کرد وەک گیانلەبەرێـک گەرم بـووە. ئەگەر بیـری لـێ دەکەیـتەوە چەنـد سـەیرە؛ لە کاتێکـدا سـاتەکان دەڕۆن، دڵەکـان سـەخت دەبـن، جەستەکان دەپرووکێن، سوێندەکان لەبیر دەکرێن و بەهێزتـرین بڕواکان دەکەونە لەرزین؛ وێنەیەک، کە دوو لایەنـی ڕاسـتی و درۆی لەخـۆدا هەڵگرتـووە، بەتـایبەت کە گوزارشـتە لە لایەنە درۆینەکەی بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێـت، بە ڕاستگۆییەکی بێ کۆتاییەوە دەمێنێتەوە.

پەری هەوڵیدا سەیری ڕوخساری کەسانی نێو وێنەکە بکـات. مەبەسـتی بـوو چـاو ببـڕێتە چـاوی ڕابـردوو. شـیرین، مونـا و

Scanned with CamScanner

پرۆفیسۆری خۆشەویست ئازوور.. سێیەم کچی نێو وێنەکە خۆی بوو. ئەو دەم ئێستای خۆی بینیبوایە دەبوو چی گوتبا؟ ڕەنگبێ بە دڵی نەبوایە.

وێنەکەی خستەوە نێو جوزدانەکەی. پشتی ڕاست کردەوە خۆی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ زۆر لەو مرۆڤانە ئامادە دەکرد کە حەزی پێ نەدەکرد. بە هەنگاوی گرانەوە بە ئاڕاستەی سالۆنەکە چوو.

# ڕێککەوتن

ئیستانبوڵ، دەیەی نەوەدەکان

کاتێک بۆ زۆربەی ئەو مرۆڤانەی ڕۆڵ دەنوێنن "بڕوا" دەبێتە قسەی بەرباس. وەها قسە دەکەن وەک بڵێی ئەو بیرکردنەوانەی ئەمڕۆیان لەوەتی هەن بەقایان پێ بووە. ئەمە لەکاتێکدا مەسەلەکە خۆی وانییە. مرۆڤ بە چەندین وەرزدا تێدەپەڕێ تا گەورە دەبێت؛ هەم بە وەرزی بڕواداری هەم بە وەرزی بێ باوەڕیدا. بێجگە لەمە زیهنی مرۆڤ چۆن پێشدەکەوێت؟

لە ماوەی ساڵانی خوێندن لە ناوەندیدا پەری لە نێوان "بڕواداری" و "بێ بڕوایی"دا زۆر هات و چوو. ئەگەرچی بە باوکیشی نەگوت، بەڵام دوای ڕووداوی جەڵتەکەی باوکی بۆ ماوەیەک پەیوەست بەو بەڵێنە مایەوە کە بە خودای دابوو. هەموو شەوێک بەر لەوەی بخەوێت بە گەرمییەوە نزای بۆ سەلامەتی و تەندروستباشیی باوکی دەخوێند. بە هیوای ئەوەی لە چاوی خودا وەک پشتیوانی باوکی دەرکەوێت ماوەیەک "دینداربوون"یشی تاقیکردەوە. بێگومان ئەمە ڕێککەوتنێک بوو کە عەقڵ و لۆژیک قەبوڵی نەدەکرد، بەڵام مەگەر هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ خوداوەند تاڕاددەیەک وەها نییە؟

وەلێ سەختییەک لە نزاخوێنیدا هەبوو کە حسێبی بۆ نەکردبوو: دەبوو بە یەک نەوا نزا خوێندرێت. لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی، وەک هێڵێکی پەیوەست! پەری هەر کاتێک نزای دەخوێند مێشکی بۆ دوو پار دابەش دەبوو: لە ناخەوە

دەیان دەنگ هەبوون، دەنگێک بە نیەتێکی پاکەوە دەلالایەوە و دەنگێک هەموو شتێکی سەرکۆنە دەکرد، دەنگێکیش بێباک، وێنای نەخوازراوی بە خەیاڵدا دەهاتن- مردن، زوڵم، کۆمەڵکوژی، گۆڕستان، تاریکی، هەندێکجاریش وێنای سێکسی. زۆر شەرمی لە سینەمای خەیاڵی خۆی دەکردەوە. ئەمە لە کاتێکدا هەموویان بە زەبوونییەوە نزاخوێنی خۆیان دەکرد، بۆچی وێ نەیدەتوانی بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی خۆی پێبەست بکات؟ بەو نیگەرانییەوە کە ئەو وێنانەی دێتە بەرچاوی نزاکانی قرێژن دەکەن لەسەرەتاوە دەستی پێ دەکردەوە، پەلەی دەکرد هەرزوو تەواویان بکات، بەر لەوەی بیرە خراپەکان زیهنی داگیر بکەن.

لەباتی ئەوەی بە تاکی تەنێ لەماڵەوە بێت، پێی وابوو ئەگەر لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە خودا بپاڕێتەوە بەڵکە بتوانێت دەنگەکانی ناخی کپ بکات. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هاوتەمەنی خۆی دەستیان بەوە کرد سەردانی مزگەوتەکانی ئەو ناوەی خۆیان بکەن. سەرسام و حەیرانی ئەو تیشکە نەرم و جوانە بوو کە لە پەنجەرە بەرز و درێژەکانییەوە، لە ئاوێزە و هێڵە هونەرکارییەکانی سینانی بیناسازەوە دەهاتە ژوورێ. بەڵام چەپەک بوونی شوێنی ژنان، کە دەخرانە کونجێکی دواوە یاخود لە سەرەوە لە پشت پەردەوە، کە بەردەوام لەچاو دوور، دروو‌خراوە بوون و ڕووناکییە کزەکەی ئەوێ هەموو جارێ دڵتەنگی دەکرد.

جارێکیان پیاوێکی تەمەن ناوەنجی وەدوایان کەوتبوو، لەبەردەم حەوشەی مزگەوت پێیان گەیشتەوە و لەبەردەمیان قووت بوویەوە.

"وا شیاوترە کچانی لە تەمەنی ئێوە لە ماڵەوە نوێژەکانیان

بکەن." وای گوت، وەک ئەوەی کەسێک بۆچوونی ئەوی پرسیبێت. چاوی بە سەرتاپای جەستەی پەریدا گێڕا. ڕوانییە مەمکەکانی.

"مەگەر ئێرە ماڵی خودا نییە؟ دەرگاکەی بۆ هەموو کەسێک کراوەیە" پەری بەم شێوەیە ناڕەزایی دەربڕی.

پیاوەکە سنگی خۆی قەپ کردەوە و هەنگاوێك ڕووەو پەری چوو. جەستەی وای نیشان دەدا کەسێکە تا بڵێی باش دێتە بەرچاو و تا باسیشی بکەیت خراپە. هۆشدارییەک بوو. "ئەم مزگەوتە بەشی پیاوەکان ناکات، جەماعەت چوونەتە دەرەوە و لەسەر پەیژەکان نزاخوێنیی دەکەن. شوێنمان نییە بۆ کچانی مەکتەبلی."

پەری لەوە نیگەران بوو کە وتاربێژی مزگەوتەکە گوێی لە قسەکانیان بوو و بۆ پاراستنی ئەوان هیچی نەگوت.

جارێکیش لە ئوسکودار بۆ ئەوەی جوانی ئەو مزگەوتە دیرۆکی و کەڤنارە ببینێت ویستی پەردەی ئەو بەشەی نهۆمی دووەم هەڵبداتەوە کە ژنەکانی جیاکردبووەوە. پیاوان لەو خوارەوە بوون، هیچ کامیان ئەوانی نەدەبینین. سەرباری ئەوەش ژنێک کە سەرتابەخوار چارشێوێکی لەخۆیەوە وەرپێچابوو بە ورتەکردنی تووڕەییەکەیەوە دەستبەجێ هەستا و پەردەکانی دادانەوە. دیار بوو ئەوە تەنیا پیاوان نین دەیانەوێ ژنان لەبەر چاوان دوور بن. بەداخەوە هەندێک لە ژنەکانیش هەمان زیهنیەتییان هەبوو.

پەری دینداریی تاقیکردەوە، بڕواداری تاقیکردەوە، پڕ بەدڵ هەوڵیدا لە دایکی نزیک بێتەوە. بەڵام مەودا و کەلێنێک لەنێوان خۆی و ئەو ئاینەدا هەبوو کە لەسەر ناسنامەکەی نووسرابوو. مەگەر جێکردنەوەی شوێنی نووسینی ئایین لەسەر ناسنامە

خزمەتی بە کامە عەقڵ دەکرد ئاخر؟ کێ دەیتوانی بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە زارۆکێکی تازە لەدایک بوو مسوڵمان، کریستیان، دیان یاخود بێ دینە؟ هەڵبەتە خودی زارۆکەکە خۆی نییە. ئەو مافی قسەکردنەی کە بە مەلۆتکەیەک نەدراوە، لەڕاستیدا لە گەورەییش نەدەدرا. هەمیشە کەسانی دیکە بەناوی ئێمەوە زانیارییەکانی ئێمە پڕدەکەنەوە.

ئەگەر پەری خانەی ئاینی پڕ بکردایەتەوە ڕەنگبوو وەها بنووسێت: "لەبەرزەخدا." "دوودڵ." "هێشتانەکێ بڕیاری نەداوە." "هێشتا لە جەدەل دایە." ئەگەر هەندێکیان بۆ بەهەشت و بڕێکیشیان بچنە دۆزەخ، دڵنیا دەبوو ئەو "بەرزەخ"دا دەبوو. خۆی لە باسکردنی ئەو پرسە لەگەڵ کەسانی دینداری تەمام عەیار دەشاردەوە، چونکە هەر دڵکیان بەوە کردبوایە کە لەنێوان گومان و بڕوادا دێت و دەچێت دەستیان بە تەڵقینەکانیان دەکرد. *"فلانە کتێبت خوێندوەتەوە؟ ئەگەر هەموو ڕۆژێک ئەم نزایانە بکەیت هیچ گومانێکت دەدڵدا نامێنێ."* چەندەش پێداگرن، چەندە لەخۆیان دڵنیان. بۆ هەندێک کەس ئارەزووی بەدەستهێنانی کەسێکی "بێ ئیمان" بۆ نێو ئایینەکەی خۆیان وەک خەڵاتێک وابوو. ئومێدیان بە بەدەستهێنانی خاڵی زیاتر هەبوو لەلایەن خوداوە؟ پەری نەیدەزانی بۆچی هەموو شتێک وەک پێشبڕکێ تێدەگەن. مەگەر بڕوا شتێکی خودی، تایبەتی، لە ناخەوە و سەیروسەفەرێکی هەمیشەیی نییە؟

لەو ڕۆژنفیسکەی باوکی پێشکەشی کرد وای نووسی: *وادیارە من تاهەم لە بەرزەخدام. ڕەنگبێ لەساتێکدا بیر لە زۆر شت بکەمەوە، بەڵام هیچ کامیان بە هۆگربوونەوە پەیوەستی خۆیانم ناکەن.*

* * *

ئەو ڕۆژەی کە پەری بە پلەی یەکەم لە دواناوەندی دەرچوو، لەگەڵ باوکی پێکەوە قاوەڵتیان ئامادەکرد. تەماتەیان قاش کرد، سەوزەیان پاککردەوە، هێلکەیان سوورکردەوە، ئۆملێتێکی هێندە پڕ بەهاراتیان ئامادەکرد وەک ئەوە وابوو هەر پارووێک زمانیان شەقار بکات. لەرزەکیی مەنسوور خراپتر بووبوو. کاتێک پیازی دەجنی پەنجەی خۆی بڕی. پەری خۆی لەبای گێلیدا، وەک چۆن خۆی لەو زارۆکەی نێو تەم لە گێلیدا، کە لەگەڵ ئەوان لە چێشتخانەکەدا بوو.

دوای قاوەڵتی مەنسوور و پەری ڕوویان لە یەکێک لەو ناوەندانە کرد کە هاوکاری ئەو خوێندکارانەیان دەکرد قەستیان بوو لە زانکۆکانی دەرەوە بخوێنن. چووە ڕیزی ئەو گەنجانەوە کە پێشتر چەندین جارە سەردانی ئەو ناوەندەیان کردوە و ئێستاش بە خرۆشانەوە لەگەڵ دایبابیان دانیشتبوون. ماوەیەکی زۆر سەیری برووشووری زانکۆکانیان کردبوو. لەو برووشوورانەدا خوێندەڤانی سپی، ڕەش و ئاسایی و لە هەموو نەتەوەکان بەیەکەوە وێنەیان دانرابوو. هەموویان جیاوازبوون، وەلێ سەرجەمیان بە کەیف دیاربوون.

بە ئۆتۆمبێل چوونە ناوەندەکە. مەنسوور پێداگر بوو خۆی لێی بخوڕێ، بە نیازیش بوون بەم زووانە ئۆتۆمبێلەکەیان بفرۆشن، وەک ئەوەی تاکە باخی زەیتوونەکەیان بفرۆشن. باوکی بۆ ئەوەی خەرجی خوێندنی پەری بدات، ئەو پارەیەی کۆیکردبووەوە تەرخانی کرد. لە ڕێگادا لەو ترافیکەدا وەستان کە کەوتبووە نزیک مزگەوتی بەنێوبانگی کلێج عەلی پاشا و لە کەنار دەریادا دروستکرابوو. نەورەسەکان وەک دانەی مرواری بەدەوری گوممەزی مزگەوتەکەوە نیشتبوونەوە.

"باوکە چ شتێک وایکرد هەرگیز باوەڕدار نەبیت؟" پەری پرسی.

"زۆر شتی ساختەکارانەم بینی، زۆر وتاری بێ بنەمام بیست. دواجار بڕیارمدا خۆم ڕێگەی خۆم وەدۆزم."

" باشــە ئەدی لەبــارەی خــوداوە؟ مەبەســتم ئەوەیە بــڕوا بە هەبوونی دەکەیت؟"

"بێگومـان بـڕوام وایە. ئەگەرچـی لەهەمـبەر هەر کردارێکی نهێنییەکەیشی نەزانم."

دوو هاوســەر کە پێــدەچوو ئەڵمــانی بــن لە حەوشــەی مزگەوتەکەدا وێنەیان دەگرت. ژنەکە جلێکی ئاودامانی درێژی لەبەر کردبوو، بەو چەفیەیەی لە دەرگەی مـزگەوتەکە پێیاندابوو قژ و قۆڵەکانی پێ داپۆشیبوو. ڕەنگە ئاگادار کرابێتەوە. لەبەرانبەر ئەمەدا پیـاوەکە نەعـلەی لەپـێ کردبـوون و شـۆڕتی لەبەردابوو. مەنســوور بەدەم ئامــاژەدان بە ئەوان ئــاهێکی هەڵکێشــا. "ئەگەر ژنبوایەم، دڵنیابە ڕەخنەم لەم دۆخ و بارە دەگرت."

"بـۆچی؟" پەری پرسـی، ئەگەرچـی وەڵامەکەیشـی تەخمین کردبوو.

"چونکە بنەمای کولتووری پیـاو ئـایینە. لە ژنـدا جیاوازە، بە ستاندارتی جیاوازتر لە پیاوان."

ئۆتـۆمبێلێکی سـوور لە پاڵیـانەوە وەسـتا، دوو گەنجـی لەنێو دابوون. تەواو دەنگیان دابوویە و گوێیان لە گۆرانی دەگرت.

مەنســوور ئــاهێکی هەڵکێشــا. "ئەوی ڕاسـتی بێـت مـن زۆر بـنەچەی بەکتاشـی - مەولەوی - مەلامـی خـۆمم خۆشـدەوێ. هەمـوو ئەو بنەمـا کۆنـانەی کە بەهایـان بە مـرۆڤ دەبەخشـی، ئازاردانیان ڕەتـدەکردەوە، هەمـوو کەسێکی وەک یەک دەدی، گاڵتەی بە دەمارگیری دەکرد چوون و لەدەستچوون. لەم خاک و هەردە نەماون. تەنێ لێرووکانە؟ لە هیچ شـوێنێک نەمـاوەتەوە. کپ کرا، بێدەنگ کرا. هەموو شتێک بە سیاسیی کرا. بۆچی؟

«بەناوی دین و دینداری خەڵکی لە خودا دوور دەخەنەوە.»

چراکە سەوز بوو. پێش چەند چرکەیەک - دوای نا-شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە دوایانەوە بوون دەستیان بەسەر هۆڕنەکانیانەوە نابوو. مەنسوور پێی پێوەنا. "تۆ بڵێی چۆن لە سکی دایکیان خۆیان گرتووە؟"

"باوکە گیان! بڕواداریی هەستی هاوسەنگی و دڵنیایی بە مرۆڤ نابەخشێت؟" پەری وا پرسیاری کرد.

"ڕەنگبێ، بەڵام لەدوادواییەکەیدا هەموومان دەمرین. چوونە نێو جەنجاڵی، کۆمۆنە و کۆمەڵەکان و خۆ حەشاردان تێیاندا چ سەمەرێکی هەس؟ مرۆڤ بە تەنیا لەدایک دەبێت و بە تەنیا دەمرێت."

ئەگەرچی پەری دەمیشی هەڵێنایەوە تا قسان بکات، بەڵام باوکی درێژەی پێدا.

"کە بچووک بوویت لێت پرسیم 'ئاچیتە دۆزەخ وایە؟' لەبیرتە؟ وێدەچێ دایکت تۆی ترساندبێت.

تۆش پێتگوتم 'ئەگەر بشچم تونێلێک دەکۆڵم و دێمە دەرەوە!'"

مەنسوور پێکەنی. "دەزانی بۆچی هێندە خواستکاری چوونە بەهەشت نیم؟"

"بۆچی؟"

"چەندی تەماشای ئەو بیچمانە دەکەم کە دەچنە ئەوێ - ئەها ئەوانەی بێ ناوبڕ هەموو نوێژەکانیان دەکەن، بەڕۆژوو دەبن، وەلحاڵ ئەوانەی هەموو فەرمانێک وەک خۆیان جێبەجێ دەکەن. هەڵبەتە هەندێکیان زۆر ئەهوەن و چاکن، ئەوانە لەلایەک. بەڵام زۆربەیان دەچن نزا دەکەن و دێنەوە بەرتیل وەردەگرن، قسەوقسەڵۆک دەکەن، نەگریسانە دەڕوانن. من لەوە

تێناگەم. لەخۆم دەپرسم؛ ئەگەر ئەو هەتیوانە بچنە بەهەشت ئاخۆ مەیلم لێیە بچمە ئەوێ؟ لە دۆزەخەکەی خۆمدا بە ئارامی بۆخۆم دەسووتێم چاکترە."

پەری نیگەران بوو. "ئاهـ باوکە گیان، تکایە لای کەسی دیکە وەها بێباکانە قسان مەکە. بەڵایەک بەسەر خۆت دێنی."

"خەمت نەبێ گیانەکەم، تەنێ کاتێک دەگەڵ تۆدام دەمەوەر دەبم. هەروەها کاتێکیش چەند پێکێک هەڵدەدەم. مادام ئەو تیپە دیندارانەی باسیان دەکەیت لەسەر مێزی ڕاکییەکەمدا نین گوێیان لێم نابێت. وابزانە لە تەنیاهی دام." بە حوزنێکەوە خەنییەوە.

دوای مەودایەک گەیشتنە نزیک سەرای دۆڵمە باخچە.

مەنسوور پرسی "چیرۆکی ماسییەکانی ئێرەت بیستووە؟"

سوڵتان موڕادی چوارەم، لە شەوێکی تووش وتۆفاندا، لە شوێنێک، کە هێندە لە شوێنی حەوانەوەی دوور نەبووە ڕوونیشتووە. دیوانی سیهام-ی قەزا- ی شیعرە هەجووەکانی نەفیعی[1] بەدەستەوە دەبێت. هێشتا دەستی بە خوێندنەوەی نەکردووە برووسکەیەک لە یەکێک لە درەختەکانی نێو باخچەی سەرا دەدات. سوڵتانی پەشۆکاو هەر بەوە ناوەستێ دیوانەکە فڕێدەداتە نێو دەریا، بگرە هەمان شەو واژۆی لەسەر مەکتووبێکیش کردووە تا نەفیعی وەک دوژمنێکی لەمێژینە سزا

(١) نەفیع: ناوی عومەر عەبدوڵلا ئەرزەڕوومی (م١٥٧٢-١٦٣٥ ز). خەڵکی ئەرزەڕووم بووە. بە نەژاد کوردە. دواتر چووەتە ئیستانبوڵ و لەوێ لە دەوڵەت ئەرکدار کراوە. بەڵام بەهۆی ڕەخنە و هەجووەکانی زۆر جار تووشی ئاریشە بووە. ئەگەرچی کوردی، تورکی، عەرەبی و فارسی زانیوە، بەڵام سەرجەم شیعرەکانی بە تورکی نووسیون. تا داوجار بەهۆی ڕەخنەکانییەوە بڕیاری خنکاندنی بۆ دەرچووە.

Scanned with CamScanner

بدرێت. دوای چەند ڕۆژێک جەستەی شاعیرەکەیان لەئاو دەرهێناوە، بە گوریسێک خنکاندوویانە.

"با نەزانێک دەستی خۆی ببینێت، ئەودەمە دەزانیت ترس چییە" مەنسوور وای گوت. "دونیا چەندی چەشتووە بەدەست باڵادەستە نەزانەکان و نەزانە باڵا دەستەکان." ئەمەیشی گوت و دواتر سەری بادا، "هەر بەو هۆیەشەوە ماسییەکانی ئەم لایەی بۆسفۆڕ ڕەشن" ئەمەشی بۆ قسەکانی زیاد کرد. "بەهۆی ئەوەی حوبریان خواردووەتەوە. پەیڤیان لە شیعرەکان و لە جەستەی شاعیریش ورتکە گۆشت."

پەری لە جامەکەوە لە دەرەوە و ئاوی ئەو دەریایە ڕاما کە بەهۆی تیشکی خۆرەوە زیوین دەهاتە بەرچاو. نە ئەو ماسییانە و نە ئەوەی بەسەر شاعیرەکەدا هاتووە هەرگیز لەبیر ناکات. لە منداڵییەوە ئاوا بووە. پارچە خەمگینە پەرشبووەکانی ژیانی کۆدەکردنەوە و بە گرنگییێدانەوە هەڵیدەگرتن. کەسانی دیکە چۆن پوول و دەسرۆک کۆدەکەنەوە و کۆلێکشنی پارەی ئاسن دروست دەکەن، ویش "کۆلێکشنی حوزن" ی دروست دەکرد.

پەری حەیری و سەرسامی حیکایەتەکانی باوکی بوو. لەگەڵ ئەو حیکایەتانە مەزن بووبوو. بەڵام هەندێکجار کەسەری نێو حیکایەتەکان وەک ئەو تەڵزم و دڕکەی دەچێتە ژێر پێست، وابوو. نە دەیتوانی فڕێی بدات نە دەری بکات. هەندێکجار وەها بیری دەکردەوە هەرچوارلای -نەک تەنیا جەستەی، بگرە هۆشیشی- بە دڕک و تەڵزم گیراوە.

"باشە بۆچی ئەمانەت بۆ باس دەکەم؟" مەنسوور بە وزەیەکی تازە تێگەڕاوەوە وای گوت. "دەبا باسی زانکۆی ئۆکسفۆرد بکەین! وای! دڵەخورپەت نییە؟"

پەری پێکەنی. "بوەستە هێشتا زووە. هێشتا دیار نییە کە دەچم."

"دیارە!" مەنسوور وای گوت. "سەرلێدانمان کردووە. لە تاقیکرنەوەکان دەرچوویت. هەستێک پێمدەڵێ وەردەگیرێیت."

سەرلێدانی چەند زانکۆیەکی دیکەی بیانیشیان کردبوو، بەڵام مەنسوور بە تایبەت مەبەستی ئۆکسفۆرد بوو. کاتێک گەنج بوو لە ئیستانبوڵ لەگەڵ کەسێکی هیپی ئاشنابوو. چەندین هەفتە بە تورکیادا گەڕان. مەنسوور ئەوێ دەمێ بۆ یەکەمجار لە دەرەوە، بە چاوی کەسێکی دیکەوە ڕوانییە مەملەکەتەکەی خۆی. سەرسام بوو بەوەی ئەو شتانەی بەلای خۆیەوە ئاسایی بوون بۆ کەسێکی بیانی دەرئاسا بوون. هاوڕێ هیپییەکەی دوای تورکیا ڕووی لە ئێران کرد. ئەگەرچی قەت نەیدیتەوە، بەڵام لەبیری نەکرد.

"بەڵام زۆر گران لەسەرمان دەکەوێ" پەری وای گوت.

"تۆ وازی لێ بێنە بۆ من. کە دەرچوویت یەختێکم بۆ بکڕە و هەندە!"

نیگاکانیان تێک گیربوون. پەری پێکەنی. ئەگەر لەو بارەیەوە هەوڵیشی دەدا قسان نەدا، بەڵام پێیەوە دیار بوو لە هەموو شتێک زیاتر ئەوەی گەرەکە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وەربگیرێ.

"باوکە گیان... دڵنیای کە دایکم بەوە ڕازی دەبێت؟" پەری وای گوت. نیگەرانییەکەی لە چاوانی دەخوێندرایەوە. "لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکت لەگەڵ کردووە؟"

"نەخێر، هێشتا نا" مەنسوور دانی پێدانا. "لەسەر خاڵێک قسەی لەگەڵ دەکەم. کچەکەی مافی خوێندن لە یەکێک لە زانینگە هەرە باشەکان بەدەست دەهێنێت، مەگەر دڵخۆش نابێت؟ بێگومان دڵخۆش دەبێت."

پەری دەیزانی، کە باوکی بە زانینەوە درۆی دەکرد. بۆ سەرلێدانی زانکۆ، چەندین مانگ هەوڵی بەدەستهێنانی بەخشیشی خوێندنی دابوو بەبێ ئەوەی بە سەلما بڵێ. دوای هەفتەیەکیش لە هاتنەوەی نامەی وەرگیرانی ئەو باسەیان نەکردبووەوە.

سەلما تا داوا سات نەیدەزانی تاقە کچەکەی، مندالترین رۆڵەی، هەموو ڕێکارەکانی بۆ خوێندن لە بەریتانیا بەجێگەیاندوون.

Scanned with CamScanner

# دوایین خوانی ئێوارەی

# تورکە بۆرژواکان

ئیستانبول، ٢٠١٦

کاتێک پەری گەڕایەوە هۆڵە مەزنەکە، هەموو میوانەکان لە مێزی خواردن داوەرا بوون و دەستە دەستە قسەیان دەکرد. عەدنان وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی یەکێک لە بانکەکانی وەبەرهێنان لەگەڵ دۆستانی خێزانەکەیان قسەی دەکرد. بەو خرۆشانەی بە ڕوخسارییانەوە دیار بوو کە باسی سیاسەتە یان وەرزش؛ چونکە لەم وڵاتەدا ئەمانە دوو باس بوون کە وادەکات پیاوان تەواو هەستیان دەرببڕن. لەوسەر و ئەمسەری مێزەکە هەردوو خودان ماڵ دانیشتبوون. بازرگانەکە بە لەخۆدڵنیایی کەسێکەوە کە دەکارێ وابکا گوێی بۆ بگرن باسی سانە خۆشەکانی خۆی بۆ دەوروبەرەکەی دەکرد؛ ژنەکەیشی بە سیمایەکی ناڕوونەوە لە دوورەوە گوێی بۆ گرتبوو. پەری سەرباری ئەوەی دەیزانی کە لەپڕ هەموو نیگاکان ڕوو لە وێ دەکەن، ڕووەو مێزەکە هەنگاوی هەڵێنان. بەر لەوەی پێیان بڵێ "سڵاو" جارێکی دیکە لە دەرکەی چوونەدەرەوە ڕامایەوە. خۆزگە دەیتوانی بچێتە دەرەوە و بڕوا، بەڵام تازە زۆر درەنگە.

"ئێ شیرینەکەم بۆ لەوێ وەستاوی؟" هاوژینی بازرگانەکە هەر زوو هەستی بە هاتنی پەری کرد. "دەوەرە لەگەڵمان نان بخۆ."

پەری بە تیزەبزەیەکەوە لەسەر ئەو کورسییە ڕوونیشت کە بۆ ویان دانابوو. دەیزانی کە ناتوانێ لەکە و دڕاویی پۆشاکەکەی وەشێرێ. هیچی لەدەست نەدەهات. هەر خۆی کاتێک لە دەستشۆرییەکە بوو زۆربەی میوانەکان بیستیان کە "لە بەلایەک قوتاری بووە". ئێستا هەموویان بە مەراقێکەوە لێی ڕامابوون و بۆ بیستنی چۆنیەتی ڕووداوەکە ئارامیان لێ هەڵگیرابوو. خۆی وەک مێشوولەیەک هاتە بەرچاو کە خرابێتە ژێر هاوێنەی مایکرۆسکۆبەوە.

"باشیت؟" ژنێک کە بەڕێوەبەری ناوەندێکی ڕیکلام بوو وای پرسی. "بەخوا زۆر نیگەرانت بووین."

"بەڵێ، بۆمان باس بکە چی قەوما" بەڕێوەبەری بانکەکە بەم قسەیە خۆی تێ سماند.

پەری لەگەڵ هاوسەرکەری نیگابان یەکانگیر بوو. نیگا خەندەوارەکانی عەدنان ئێستا هێڵ و ماکی نیگەرانیان تێدا بەدی دەکرا. دەوری و پەرداخێکی بەتاڵی لەبەردەم بوون. مێردەکەی نەیدەخواردەوە- زیاتر لەوەی هۆکارەکەی ئایین بێت، لەبەرچاوگرتنی تەندروستیی خۆی بوو.

پەری گوتی "لەسەر خوانێکی وەها ڕازاوەدا بە شیاوی نازانم قسە لەبارەی شتێکی وا بکەم." ڕووەو بازرگانەکە وەرچەرخا "لەڕاستیدا من مەراقی ئەوە لە کەللەی داوم کە داخۆ لەگەڵ مێردەکەم لەبارەی چییەوە وەها بە گەرمییەوە قسەتان دەکرد."

"گەندەڵییەکانی نێو سوپەر لیگ!" پیاوەکو وای بەرسڤ دایەوە. "ئەها ئەوانەی کە تیپەکەیان دەدۆڕێن زۆریش سوپاسگوزارن. ئەمەش وادەکات وەک فێڵباز بێنە بەر چاوی مرۆڤ." بە ئاراستەی خودان ماڵەکە نیگایەکی تەنزاوی کرد.

"دە بڕۆ!" بازرگانەکە ئەمەی گوت و وەدەنگهات. "ئەگەر

بەوێ پلار لە تیمەکەم بگریت، دڵنیات دەکەمەوە بە ئارەقەی نێوچاوانمان دەیبەینەوە."

دواتر گەنگەشەیەکی ئاگرین هاتە ئاراوە. ئەگەرچی پەری نەیدەزانی ئەم غەوغایە کەنگێ دوایی دێت، بەلایەنی کەمەوە توانی باسی گفتوگۆکان لەخۆی دوور بخاتەوە و خۆی لەپەنای ئەم گەنگەشەیەدا وەشێرێ.

ئەوانی دیکە لە زوویکەوە شۆرباکانیان تەواو کردبوو، یەکێک لە خزمەتکارەکان لەگەنی پەری بەدەستەوە بوو و هاتە ژوورەوە - سوویی گێزەر بوو. یەکێک لەوان بەبێ ئەوەی پرسی پێ بکات بادەکەی بۆ پڕ کرد لە شەرابی دۆڵی ناپا. پەری بەر لەوەی بادەکە بێنێتە سەر لێوی سڵاوێکی بۆ گیانی باوکی نارد. بەپێچەوانەی باوکی ئەو حەزی لە مەی دەکرد.

بەر لەوەی دەست بە خواردن بکات لە دەوروبەری خۆی راما. مۆبیلیاتە ئیتالییەکان، ئاوێزە و چلچرا بەریتانییەکان، پەردە فەرەنسییەکان، مافووری ئێرانی و چەندین ڕازێنەرەوە لەسەر تەرزی شێوازی عوسمانی هەموو ئەمانە وێڕای ئەوەی ماڵەکەیان بەشێوازێکی لوکس و بەرچاو دەردەخست، هاوکات هاوشێوەی زۆر ماڵی دیکەی ئیستانبوڵ ئەم ماڵەش سەنتێزی کولتوور و سەلیقەکان بوو: نیوە ڕۆژهەلاتی و نیوە ئەورووپایی. لەپاڵ تابلۆ ئەورووپاییەکان تابلۆ و وێنەی ئەو هونەرمەندە ناسراوانە هەبوو کە مۆزدەی داهاتوو یاخود ئایندەیان دەدا. پەری تەخمینی ئەوەی کرد کە بازاڕی هونەریش (هاوشێوەی سیاسەت) لە هەڵچوون و داچوون دایە و زۆربەی ئەم کارە هونەریانە یاخود لەبەهای خۆیان زۆر کەمتر یان زۆر زیاتر کڕدراون.

پێشتر پەری لەسەر زۆر خوانی وا دانیشتووە کە کۆنپارێزان لەدەوری جەم بوونەتەوە. میوانی زۆر لەو میوانداریانە بووە،

بگرە زۆر جار ئەوانەی کە شەرابیان نەدەخواردەوە پەرداخی ئاوی بەردەمیان بەرز کردووەتەوە و "نۆش.." یان کردووە. زۆر کەسی واشی دەناسی کە بەدرێژایی ساڵ خواردوویانەتەوە، لە ڕەمەزانەکانیشدا وازیان لە بادە هێناوە، بەمشێوەیە هەم فەرزەکەیان بەجێ هێناوە هەم "ژەهرکێشی" جەستەیان کردووە. لەم کولتووورە دوو ڕەگییەدا، هۆشمەندترینیشیان بڕوایان بە هەبوونی جنۆکە هەبووە و مینای شینیش هەڵدەگرن. هەروەها دیندارترینیان بۆ سەری ساڵی نوێ، لەبەردەم تەلەفیزیۆن دادەنیشن و سەیری سەماکەرەکان دەکەن. *کەمێک لەو، بڕێک لەو. مسوڵمانی مۆدێرن*... پەری ئەم شیعرەی هاتەوە یاد.

وەلێ هەموو ئەمانە لە ڕابردوو بەجێمان. ئێستا دۆخەکە لە تورکیا جیاوازترە. ئێستا هێڵەکان ڕوونترن، مەوداو کەلێنەکان بەرچاوترن. هەموو ڕەنگەکان بەسەر ڕەش- سپی دابەش بوون. جیاوازییەکان کەمبوونەتەوە. تا دێ بە دەگمەن ڕێکەوتی ژن و مێردێکی دەکات کە -هاوشێوەی دایبابی خۆی- یەکێکیان زۆر ئیندار و ئەویدی تەمامێک عەلمانی بن. کۆمەڵگا بە دیواری گریمانەیی نابەرچاو دابڕ کراوە. ئیستانبوڵ لەوەی گەورەشارێک بێت زیندەتر لە بوخچەیەک دەچێ کە بە پینەوپەڕۆ بەیەکەوە دوورابێت. مرۆڤەکان یان "پارێزکاری ئاگرین" یان "دژە-پارێزکاری ئاگرین"ن. وەگەر نا پێشان هەم بڕوادار و عەلمانی، هەم نەریتپارێز و ئەوانەش هەبوون کە قەستیان بە سەوداگەریی هەبوو لەگەڵ خوداوەند لەم وڵاتەدا بەپاڵ یەکدییەوە دەژیان. ئەوانەیش هەبوون کە هەوڵیان دەدا لەنێوانی چینە جیاوازەکاندا پرد و بوار هەڵبەستن. تا دێ کەمتر دەبنەوە. ئەوانەیش کە ماون، ترساو و هیلان.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری بکەین ئەم خوان و

میوانداریەی ئەو ئێوارەیە تەمامێک ناوازە و دەگمەن بوو. خودان ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز لەدەوری مێزەکە جەم بوو بوونەوە. لە تابلۆیەکی سەردەمی ڕێنسانس دەچوو کە نەگەیشتبووە کۆشکەکان. هەر هیچ نەبێ پەری وەها بیری دەکردەوە. بەرگەی نەگرت و سەرژمێری کردن، سەیر بوو، دروست سێزدە کەس بوون. بەڵێ، ئەگەر ئەمە تابلۆیەک بوایە دەیزانی دەبوو چ ناوێکی لێ بنرێ: دوایین خوانی ئێوارەی تورکە بۆرژواکان.

"ئۆهۆ، هەر گوێشمان لێ ناگرێ" ژنەی خودان کۆمپانیای ڕیکلام وای گوت.

پەری کە زانی ڕووی دەمی لە وێیە خەنییەوە.

"ببوورە، چیتان دەگوت؟"

"کچەکەتان گوتی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندوتانە، ئەمە ڕاستە؟"

پەری شڵەژا. ئەوە کەنگێ دەنیز قسەی لەگەڵ ئەو ژنە خۆتێهەڵقورتێنە کردووە؟ ئەگەر چاویشی بۆ دەنیز گێڕابان دەیزانی کە دەنیز لەگەڵ منداڵەکانی تر لە ژوورەکەی تەنیشتیانەوە نان دەخۆن.

"ئاا، بەڕاستی؟" ژنەی بازرگانەکە وای گوت. "ئای لە تۆ ژنێکی چەند خۆدوورگری، ئای خودایە! بۆچی تا ئێستا باست نەکردووە؟"

پەری بە نەرمی کۆکی. "لەبەر ئەوەی تەواوم نەکرد بۆیە..."

"چ قەیدیە؟" ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکە هاتە نێو قسانەوە "دیسانەوە شایستەی پێداهەڵدانی."

"ئینجا هەر لە دەمی براکەمەوە ببیستی چۆن پێداهەڵدانێکی دەکات!" ژنە خودان کۆمپانیاکەی ڕیکلام بە قاقا و کەیفەوە

وای گوت. "ئەویش لە ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی، لەگەڵ هەر کەسێک یەکدی بناسن یەکەم شت ئەمەی پێ دەڵێت." ڕووەو پەری وەرچەرخا. "لە چ ساڵێک لەوێندەر بوویت؟"

"۲۰۰۱ بەدواوە."

"وای. هەمان ساڵ کە براکەم لەوێ بووە!"

سەنگێک کەوتە سەر دڵی پەری. بە نائارامییەوە لە چواردەوری خۆی ڕاما. لەو دەمەدا شتێکی چاوەڕوانەکراوی لە مێردەکەیەوە بیست. "دەنیز گوتی وێنەیەکی ساڵانی خوێندنت لە زانکۆ لەنێو ساکەکەتدا هەڵدەگری، نیشانمان بدە."

پەری وەک گەچ سپی هەڵگەڕا. دیار بوو عەدنان ئەمە بە زانابوونەوە دەکات. کاتێک پێیزانیوە وێنەیەکی وەها لەنێو جانتاکەی هەڵدەگرێ دڵی شکاوە. هەروەها ئەوەیشی دەزانی کاتێک پەری لە تافی گەنجێتیدا بووە چی بەسەر هاتووە. ئەگەر هەموو شتێکیش نەبێت بەشێک لە سەربوردەکەی دەزانی. دەیزانی کاتێک پەری زانکۆی ئۆکسفۆردی بەجێهێشتووە لە چ دۆخ و بارێکدا بووە. ئەوبوو کە پارچە شکاوەکانی وێنەی کۆکردوونەتەوە.

یەکێکیان بە هەوەسەوە گوتی "وێنەکەت لەلایە؟ دە نیشانمان بدە!"

پەری هەرچی هەوڵی گۆڕینی باسەکەیدا وەلێ بێ سوود بوو. ئەمجارە سەرکەوتوو نەبوو. هەموویان مەراقی ئەوەبوون بزانن لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ لەسەر چ تەرز و شێوازێک بووە. بە هێواشی جانتاکەی کردەوە. وێنەکەی دەرهێنا و خستییە سەر مێزەکە. وێنە پۆلاریدەکە دەستاودەستی دەکرد. هەر میوانێک بە چاکی لێی ڕادەما و دەیدایە ئەوی تەنیشت خۆی.

"ئاه، چەندە گەنجیت!"

"وای گیان، سەیری قژی، ئەوە نیگرۆیە؟"

کاتێک وێنەکە گەیشتە دەستی ژنەی کۆمپانیای ڕیکلام چاویلکەی کردنە چاوی. "ساتێک بوەستە" بەدەم بەرزکردنەوەی ئەبرۆکانییەوە وای گوت. "ئێ! ئەم ڕووخسارە بۆ من ئاشنایە." نینۆکە بۆیەکراوەکەی تەک تەک لەسەر پیاوەکەی نێو وێنەکە دەکوتا. "ئەرێ، ئەم بێقیمەتە هەمان ئەو پرۆفیسۆرە نییە کە ناوی لەگەڵ ئابڕوچوونێک هات؟"

سیمای پەری سڕبوو.

"هەموو ساڵێک بۆ سەردانی براکەم دەهاتمە بەریتانیا. جارێکیان ڕۆژنامەیەکیی هەواڵی نیشاندام. هەواڵێک لەبارەی ئەو پرۆفیسۆرەی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەرکرابوو! بووبووە باسی سەر زاری هەمووان، چاکم لەبیرە. کارەساتێک بوو بۆخۆی." نیگاکانی ڕووەو پەری وەرچەرخاندن. "تۆش دێتەوە بیرت؟"

پەری هەروا سڕبردە بوو، بۆ درۆکردن دەستەپاچە و بۆ گوتنی ڕاستیش زاتی نەبوو. هەرباش بوو لەو دەمەدا خزمەتکارەکان بە بەرخۆرەی[1] سەر دەستەکانیانەوە هاتە ژوورێ. هەوای ژوورەوە بە هەر خۆرە خۆرەی کردنەوە ئیشتیا پڕبوو. لە دەمی پێشکەشکردنی خواردن و لە سەروەختی ئەو هۆسە شیرینەدا پەری توانی وێنەکەی هەڵگرێت و بیخاتەوە نێو جانتاکەی. دەستەکانی لە تووڕەییان وەها دەلەرزین پێویستی کرد تا کەمێک ئەهوەن دەبێتەوە بیانخاتە ژێر مێزەکە.

هێندەی نەمابوو... هێندەی نەمابوو ئەو نهێنیەی ساڵانێکە پەنهانی کردووە ئاشکرابێت.

---

(١) بەرخۆرە: موقەبیلات

Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

Scanned with CamScanner

# زانکۆ

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

نازپەری نالبەندئۆغلو کە تازەگی لە دواناوەندی دەرچووبوو، یەکەم ڕۆژ کە هاتە ئۆکسفۆرد باوکی خەمبار و دایکی لەو خەمبارتری لەگەڵ دابوون. پلانی دایباب ئەوەبوو ئەو ڕۆژە لەگەڵ پەری دابن و دوای ئەوەی بە چاوی خۆیان دیتیان کچەکەیان بنەجێ بووە دواتر ئێوارە بە ترێن بگەڕێنەوە لەندەن. لەوێشەوە بە فڕۆکە بەرەو ئیستانبوڵ، بۆ ماڵەکەیان، بەرەو هاوسەرگیرییە ڕەخسیو و هەڵوەشاوە وەلێ بەجۆرێک هێشتا لەسەر پێ وەستاوەکەیان دەگەڕانەوە. بەڵام لێک هەڵبڕانیش لە پەری هێندە ئاسان نەبوو. سەلما بەرگەی نەدەگرت و چەند جارێک نقومی نێو پڕمەی گریانەکانی دەبوو. بە درێژایی دوانیوەڕۆ ژنێژگە لەنێوان پەرێشانی گیان، خەمباری و شانازیدا دەهات و دەچوو. بەردەوام بە چمکی فەقیانەکەی فرمێسکە داباریوەکانی چاوانی دەسڕین. لەپڕ دڵخۆش دەبووەوە بە سەرکەوتنەکانی کچەکەی. لە ڕەچەڵەکی ماڵباتەکەیاندا بێجگە لە پەری هیچ کامیان هەلی خوێندنیان لە ئۆکسفۆرد -یاخود لە هیچ کام لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات- بۆ نەڕەخسابوو.

لەلایەکی ترەوە، هەرگیز نەیدەتوانی ئەوە قەبوڵ بکات ڕۆڵە بچووکەکەی، کچەکەی، هێندە لەخۆیەوە دوور، لە وڵاتێکی تەواو بێگانەدا بە تاکی تەنێ بژی. ئەم دژوەستانەوەیە ئاگادارنەکردنەوە و وەرنەگرتنی ڕای وێشی تێدابوو سەبارەت بە چوونی پەری بۆ دەرەوە. هەڵبەتە دەیزانی کە هەموو ئەمانەی

ڕوویانداوە دەستی مێردەکەی لەپشتەوەیە. باوک و کچ دوای ئەوەی هەموو ڕێکارەکانیان تەواو کردن ئەمجا سەلمایان ئاگادار کردەوە. هەموو کاردانەوەی ژنیژگە تەنکە ناڕەزایی دەربڕینێک بوو. لەبەردەم دووڕییانێکی سەختدا مایەوە. ئەگەر لەهەمبەر چوونی پەری بۆ ئۆکسفۆرد بوەستێتەوە ڕەنگە تا ماوەیەک نێوانی لەگەڵ پەری باش نەبێتەوە. بە پێشگیریکردن و لەمپەردانان لەبەر خوێندنی کچەکەی خەتابار دەکرا. چارەی ناچار هەستەکانی خۆی شاردنەوە. بریا لەم شارە غەریبەدا ناسیاوێک خزمێک هەبوایە کچەکەی پێ بسپاردایە -هەر هیچ نەبێ مسوڵمانێک یان تورکێک یان ئیستانبوڵییەک "یەکێکی ئەوێی لەمەڕخۆمان" وە هاوهۆشێک وە لەهەمان قوماش وە لە خودا ترس و قورئانخوێن وە کەنگێ بیەوێ بە ئاسانی وەرامی تەلەفۆنەکانیان بداتەوە... وەلێ لەم مەملەکەتە کەسنەناسەدا هیچ کەسێکی نەدەناسی.

ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەکادیمی تاقە کچەکەی زیاتر لە هەر کەسێک خەیاڵی ئەو بوو، بەڵام کە باسەکە دابڕان بوو لە پەری، مەنسووریش پەرێشان بووبوو. ئەگەرچی هەوڵی دەدا بیشارێتەوە، بەڵام لە دەنگ و چاوەکانییەوە دیار بوو چۆن لەخۆی کەوتووە. پەری لە نائارامی دایک و باوکی تێدەگەیشت و وەک ئەوان نیگەران بوو. پێشتر هەرگیز لێک دانەبڕابوون، پەری گچکەلانە تاوەکو ئێستا هەرگیز لە ماڵباتەکەی، ماڵ و وڵاتەکەی دوورنەکەوتبووەوە.

"سەیرکەن ئێرە چەند جوانە" پەری وای گوت. ئەمەی کەمێک ڕووەو دایبابی و کەمێکیش ڕوو لە خۆی وای گوت. ئەگەرچی سنگی بەهۆی خرۆشانەوە ئاوسابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هاوشێوەی هەر گەنجێکی دی ئامادەبوو باڵەکانی بۆ ژیانێکی تازە بکاتەوە.

Scanned with CamScanner

بای بەهارە و ئەو خۆرەی کە جار جارە لەنێوان هەورەکان دەردەکەوتەوە هەستی ئەوەی بە مرۆڤ دەدا کە خەریکە هاوین دێتەوە. ئۆکسفۆرد بە کۆڵانە بەردڕێژەکان، قوللە دەلاقەدارەکان، ڕێڕەوە ستووندارەکان، پەنجەرە چەپەردارەکان و هەیوانە ڕازاوەکانییەوە لە شاری نێو حیکایەتەکان دەچوو. هەموو شوێنێک بۆنی دیرۆکی لێ دەهات. بە ڕاددەیەک کە کافێ و دوکانەکانیش وەک ئەوە وابوون بەشێک بن لە میراتی هەزاران ساڵە. ئیستانبولیش زۆر کەڤنار بوو، وەلێ لەوێ ئاسەواری مێژوو وەک ئەوە وابوو زیاد لە پێویست مابووەوە و وەک میوانێکی نەخوازراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. بەڵام دیار بوو کە دیرۆک لە ئۆکسفۆرد وەک میوانێکی ڕێزلێگیراو مابووەوە.

ناڵبەندئۆغلوییەکان ئەو کاتەی لە دانی بەیانی مابوو بێ کار بەو تێوەدا گەڕان و بەدەم ڕوانین لەو بینا کۆنین و لاولاوە تێئاڵاوانەی ئەوێ بەسەریان برد. نەیاندەزانی ئاخۆ بۆیان هەیە بەو شوێنانەدا بگەڕێن یاخود نا، کەسێکیشیان بەدی نەکرد پرسیاری لێ بکەن، بە پارێزەوە هەنگاویان دەنا. هەندێک لەو کۆڵانە کۆنانە هێندە کۆن و بێ هەست و خوست بوون، دەتگوت دیوارە کەرپووچییەکان لە بێزاریدا لەنێوان خۆیاندا بە چپە قسان دەکەن.

کفت و کەوەڕێ بوون و برسیان بوو. لە کۆڵانی ئەلفرێد ڕێکەوتی مەیخانەیەکیان کرد. بێ بیرکردنەوە چوونە ژوورێ. بنمیچەکەی نزم، زەمینەکەی جیرەجیرکەر و میوانەکانیشی قریوە و هۆسەیان بوو. بە حەپەساوییەوە لەدەوری مێزە بچووکەکەی پاڵ پەنجەرەکە ڕوونیشتن. هەموویان بە لێوانی گەورەی هاوشێوەی پەرداخی دەستی دێوان بیرەیان دەخواردەوە. کاتێکیش ئەو کچە مەیگێڕەی کە ئەبرۆ و لێوی ژێرەوەی سمی

بوو لێیان نزیک کەوتەوە، مەنسوور ماسییەکی سێ کەسی و شووشەیەک شەرابی سپی داوا کرد.

"بێ گومان ئەم شوێنە سەدان ساڵەیە، چەندە کۆنە" فینگەر و شووشەیەک شەرابی سپی داوا کرد.

مەنسوور وای گوت. وەک ئەوەی کۆدێکی نهێنیان لەسەر نووسرابێت بە دیقەتەوە سەیری دیوارە تەختەییەکانی کرد.

لەو کاتەشدا سەلما بە ئانارامییەوە بە چواردەوری خۆیدا دەیڕوانی. شتێکیتر سەرنجی وێی ڕاکێشا بوو: لە سووچێک کوڕ و کچێکی گەنج دانیشتبوون و دەیانخواردەوە، پیاوەکە تاتۆی گوڵی بەسەر قۆڵەکانییەوە و ژنێکی قاچ و بەلەک و سینگ و بەرۆک و مل کراوە، کراوەتر لەو خەرەندەی لەنێوان خۆی و مەنسووردا هەبوو... چۆن دەیتوانی پەری لەنێو ئەو خەڵکە سەمەرەیەدا بەتاقیتەنێ بەجێبهێڵێت؟ "ڕۆژئاواییەکان لە زانست، خوێندن و تەکنەلۆژیادا پێشکەوتوون، بەڵام ئەدی ئەخلاق؟" سەلما لە خەیاڵی خۆیدا وەها بیری دەکردەوە. بۆ ئەوەی هاوسەر و کچەکەی تووڕە نەکات خەیاڵەکانی خۆی بە پەنهانی هێشتنەوە. وەلێ بێزار بوو.

ئەگەرچی مەنسوور نەشیدەزانی ژنەکەی بیر لە چی دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باش لە وەهمەکانی تێدەگەیشت، شانەکانی بەرز کردنەوە. "وای! کچەکەمان لە ئۆکسفۆرد دەخوێنێ! شانازیت پێوە دەکەین پەری گیان" وای گوت.

پەری دڵی پڕ بوو. سەرباری توانا سنووردارەکەی باوکی بۆ خۆشەویستی چەندە پارەی بۆ دابینکرد و بڕوای بە خوێندنەکەی پتەو بوو. پەری بڕیاری ئەوەی دابوو بێ ئومێدی نەکات.

"دەی با بادە بنۆشین" هەر کە شەرابەکە هات مەنسوور وای گوت. "بەخۆشی کچە ژیرەکەم و باشترین زانکۆی دونیا!"

سەلما ڕووی گرژ بوو. "باش دەزانی کە لەگەڵتان ناخۆمەوە."

"قەیدی نییە" مەنسوور وای گوت. "من بەشی تۆش دەخۆمەوە. ئۆباڵت وە ملی من. کە مردیشین تۆ لە بەهەشتەوە کۆمەکم دەکەیت."

"بریا هێندە ئاسان دەبوو" سەلما وای گوت. "لە تەرەف خوداوە شتێک بەناوی کۆمەککردنی ئەوێ نییە! تەنێ بە هەوڵی خۆت ڕەزامەندی خوداوەند بەدەست دەهێنیت."

مەنسوور لێوەکانی کرۆشتن. گوێگرتن لە وتارەکانی ژنەی دەتگوت بۆینباخێکی گوڵنەخشی توند بەستراوە.

نەیدەتوانی پری پێدا نەکات و شلی نەکاتەوە. "هەر کەسێک گوێی لێت بێ دەڵێ تۆ یەکەم کەسی دەزانیت خودا چۆن بیر دەکاتەوە. چییە، نەکا چوویتە نێو سەرییەوە؟ چووزانی ئەو چۆن لێی دەڕوانێت؟"

"چونکە هەموو شتێک لە قورئاندا نووسراوە. ئەگەر زەحمەتێکت بکێشابا و بتخوێندبایەتەوە تۆش دەتزانی." سەلما وای گوت.

"تکایە، چی دەبێ ئەگەر تاقە ڕۆژێك بەشەڕ نەیەن؟" پەری لێیان پاڕایەوە. "هەر هیچ نەبێ ئەمڕۆ؟"

مەنسوور و سەلما بە خەتابارییەوە هەریەکەیان سەیری لایەکیان کرد، بۆ ئەوەی دۆخەکە ئەهوەن بکاتەوە و باسەکە بگۆڕێ پەری ئەمەیشی بۆ قسەکانی زیاد کرد: "بەم نزیکانە بۆ ئاهەنگی گواستنەوە دێمەوە ئیستانبوڵ."

هاکان ژنی دەهێنا. ئەگەرچی هاکان کە لە زیندان هاتبووە دەرێ و لە کەناراوێکی دەریای سپی لە شارۆچکەیەکی بچکۆلە نیشتەجێ بووبوو؛ هێشتا ژنی نەهێنابوو، هاکانی برا بچووکیش بەبێ ئەوەی چاوەڕێی نۆرەی خۆی بکات بڕیاری

سەرەتا هەموویان بۆ دۆزینەوەی گۆبەندێک ژنهێنانی دابوو. ئێهـ وابێ لەژێر سەری ئەو پەلەکردنەی هاکان گەڕابوون: دواتر تێگەیشتن گەورەبوون و ئاوسانێک لە سکی بووکە خانم! هۆکاری ئەم هەموو خرۆشانە کەسایەتی پەلەپرووزێی هاکان کە خۆیەتی.

کاتی دواتری خواردنەکەیان بە بێدەنگی بردە سەر.

کاتێک چاوەڕوانی حسابداریان دەکرد سەلما دەستی کچەکەی گرت."لە کەسانی بەد بەدووربە، کوڕەکان هیچ شتێکیان نییە لەدەستی بدەن. پێویستە کچان ئاگاداری خۆیان بن."

"دەزانم، دایکە" پەری وای گوت.

"فێربوون گرنگە، باشە. بەڵام بۆ کچان شتگەلی گرنگتر هەن، لێم تێدەگەیت؟ ئەگەر ئەوت لەدەستدا دیپلۆم و میلۆمیش قوتارت ناکات."

"بەڵێ..." پەری کاتێک ئەمەی گوت کە هەوڵی دەدا خۆی لە نیگاکانی دایکی بدزێتەوە.

پاکیزەیی... ئەو باسە مەعلوومەی کە قەت وەنەبووە بە ڕوون و ڕەوانی باسی بکرێت، وەلێ بەردەوام ئاماژەی بۆ دەکرێت. هۆکاری خەڵوە و گفتوگۆی بەدزی نێوان کچ و دایک، پوور و کچەپوور، مامۆستا و کچە خوێندکارەکانی. پاکیزەیی وەک کەسێکی سەخت و بەدخوو بوو کە لەناوەڕاستی ژوورێندا خەوتووە و کەس ناوێرێ بێداری بکاتەوە؛ سێبەرێک کە دەبێ بە هۆشدارییەوە دەوروخولی بدرێت.

"من متمانەم بە کچەکەم هەیە..." مەنسوور ئەمەی گوت و هاتە نێو باسەکە؛ بەهۆی ئەوەی زۆربەی شەرابەکەی بە تاقیتەنێ خواردبوویەوە لە دەنگییەوە هەستت بە مەستبوونی دەکرد.

"منیش" سەلما وای گوت و قسەی ئەوی بڕی. "متمانەم بە کەسانی دیکە نییە."

"قسەیەکی گێلانەیە" مەنسوور وای گوت. "ئەگەر متمانەت بە کچەکەت هەیە ئەوانی تر بە تۆ چی؟ لە دونیادا بە ملیاران کەس هەیە، کامەیان دەخەیتە ژێر چاودێرییەوە؟"

سەلما لێوەکانی هەڵقورچاند. "خۆزگە بەر لەوەی بەمن بڵێی گێل چاوێک لە هەڵەکانی خۆی بکەیت. بەم حاڵەتەوە درێژەی پێ بدەیت جگەرت دەکەیت بە ئاو."

دیسانەوە پێکهەڵپڕژانەوە. کینەی هەمبەر یەکدیان دانەدەمرکایەوە. پەری کاتێک گوێی لەوان گرتبوو، بێجگە لەوەی لە پەنجەرەوە بڕوانێتە دەرەوە و ئەو زانکۆیەی کەوتبووە ناوەڕاستی شار، کە ماوەی چەند ساڵێک فێرگە و پەناگە و بە مانایەکیش لانەی دەبێت، هیچی دیکەی لەدەست نەدەهات.

ئەمە نە باوکی نە دایکی دەیانزانی. بەهۆی نیگەرانییەوە ئازار بە سکیدا دەگەڕا. خودباوەڕی هێندە وشک و نیگەرانییەکانی هێندە بەبەر بوون لەوە دەترسا لێرە هەڵنەکا، سەرکەوتوو نەبێت و دەربکرێت. ئەدی ئەگەر باوکی بێ ئومێد بکات؟

نەخشە

ئۆکسفۆرد، ۲۰۰۰

ناڵبەندییەکان لەبەردەم ئەو قوللەیە وەستابوون کە لە سەدەی یانزەوە مابووەوە و کەوتبووە بەرانبەر بینای شاروانی. قەول وابوو چاویان بەو خوێندکارەی قۆناغی دووەم بکەوێ کە بڕیاری دابوو بەنێو زانکۆکەدا بیانگێڕێ.

"سڵاو لە هەمووتان!" دەنگێکی پڕ شەوق هات.

کە ئاوڕیان بۆ دواوی خۆیان دایەوە ژنێکی گەنج، باڵازراڤی

قژ قەترانیان بینی. وەها بە فیز و ڕێک وەستابوو لە کات و شوێنێکی دیکەدا پێیبوایەت دەتگوت ئەوە هەر وەک شاژنێک لەدایک بووە. جلێکی ڕەنگ پەمبەی پۆشی بوو، کە نزیک بوو لە ڕەنگی پێست و پەری بە منداڵی زۆر حەزی لێبوو. قژە گێفەکەی بەسەر نێوشانەکانیدا هاتبووە خوارەوە. سووراوێکی سووری تیری لە لێو دابوو، گۆناکانی ئاڵ کردبوو. بەڵام سەرنجڕاکێشترینی چاوە کاڵ و کەمێک لێک دوورەکانی بوون، کە بە قەڵەمی مۆر خەتکێشی کردبوون، لە سەریشی بە ڕەنگی پیرۆزەیی سێبەری بۆ دروست کردبوون. ماکیاژێکی تۆخی کردبوو، هاوشێوەی ئاڵای وڵاتێکی شێتانە. پەنجە سمراوەکانی ڕووەو ئەوان ڕاهێشتن و بە خەندەیەکی دۆستانەوە "بەخێربێن بۆ ئۆکسفۆرد" کچەکە وای گوت، "ناوم شیرینە."

ئەگەر لەبەر لووتە باریک و چەناگە دەرچووەکەی نەشتوانین بڵێین جوان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جوانییەکی سەیری هەبوو. جیاواز بوو. یەکەم تێڕوانین و سەرنجی پەری ئەمانە بوون کاتێک بە بزەیەکەوە هەنگاوێك ڕووەو کچەکە چوو.

"سڵاو، من پەریم. ئەمانەش دایک و باوکمن." بۆ تاکە ڕۆژێک وەک خێزانێکی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەین. ئاوا لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە.

"خۆشحاڵ بووم. ئەوەی بیستم، ئێوە تورکن. منیش لە تاران لە دایک بووم، وەلێ قەت و قەت نەگەڕامەوە ئەوێ." شیرین وای گوت، وەها قسەی کرد و ئاماژەی دەکرد وەک ئەوەی هەر وەرچەرخێنی ئێران لەو نزیکانەیەتی. "ئێ؟ ئامادەی گەڕانێکن؟"

مەنسوور و پەری بە کەیفێکەوە سەری ئەرێیان ڕاتەکاند. هەرچی سەلما بوو کە کەیفی بە جلە کورت و پێڵاوە پاژنە

بەرز و ماکیاژە زۆرەکەی نەهات، ڕووی گرژ کرد. لە دیدی وێ شیرین زۆر لە خوێندکار نەدەچوو. ئەوە لە ئێرانییەک هەر هیچ!

"ئەوە چ خوێندکارێکە ئاوا؟" سەلما بڵمەیەکی لێوە هات.

پەری بەوەی کە بابای ئینگلیز و بە نەژاد ئێرانی و لە تورکی تێدەگات تووشی پەشۆکانێکی نابەجێ بووبوو وەڵامی سرتەکەی دایکی دایەوە: "دەی دایکە، تکایە، دان بەخۆتدا بگرە."

"دەی با بڕۆین!" شیرین وای گوت و دەستبەجێ زانیاری لەبارەی مێژووی ئۆکسفۆرد پێدان. هەر بەدەم قسەکردنەوە ئەوانی بەنێو کۆڵانە بەردین و خڕکەدارەکاندا دەبرد و ئاراستەی نێوەندی شاری دەکردن. لە دڵەوە و هێندە بە کەیف و خێرا قسەی دەکرد، کە وشەکان وەک لافاو لەدەمی دەهاتنە دەرێ. ئاڵبەندییەکان -بەتایبەت سەلما کە لەنێوان ئەو ئینگلیزیەی چەند ساڵێک بەرێ لە خوێندنگە فێری بووبوو لەگەڵ ئەوانەی ئێستا دەیانبیستێ هیچ لێکچوونێکی نەدەدۆزییەوە- ناچار بوو گوێ بۆ ئەو لافاوی پەیڤانە هەڵخا. پەری بۆ ئەوەی ئالیکاری دایکی بکات دەستی بە وەرگێڕان کرد. وەرگێڕانی هەندێک لە قسەکان. ئەو شتانەی کە دایکی پێی بێزار دەبوو یان نەرمی دەکردنەوە یان سانسۆری دەخستنە سەر.

شیرین باسی لەوە کرد کە هەموو فاکەڵتییەکانی نێو ئۆکسفۆرد کاروباری خۆیان وەک خۆڕێبەرییەک بەڕێوە دەبەن، ئەم قسەیە سەری لە مەنسوور شێواند. "بەڵام پێویستە ئۆتۆریتێرێک، ڕاگرێکی حاکم بەسەر هەموو شتێکدا هەبێت" بە ئینگلیزییە تێکشکاوەکەی بەم ئاوایە دەنگی لێ هەڵێنا، شیرین بە ترسی ئەوەی لەپڕ بکەوێتە کۆشی ئانارشیستێکەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد.

"ببوورە بەڵام هاوڕای ئێوە نیم" شیرین وای گوت. "بەپێی ئەزمـــوونی خـــۆم، ئۆتـــۆریتێر وەک سـیر وایە؛ هەرچەنـدە بەکاربهێنرێ بۆنی زیاتر دەبێت. هەرچەنـدە کەمتر دەسـەڵاتێکی ناوەندی هەبێت، هێندە ئازادی زیاتر دەبێت! من هەمیشە لاگیری ئازادیم."

مەنســـوور کە زۆربەی ســـاڵانی تەمەنـــی لەهەمـــبەر چەکەرەکردنـی ڕادیکاڵیزمـدا ئاواتی بە دەسـەڵاتێکی ناوەندی، عەلمانی، بەهێز و پتەو دەخواسـت تـا ڕایبگرێ، بە بیستنی ئەمە ئەبرۆکـانی تێکنـان. ئەو کـچە ئێرانییە پەیفگەلـی ئانارشیستانەی بەدەمـــدا دێتـــان. بە بۆچـــوونی مەنســـوور دەســـەڵات وەک کەتیرەیەکی پێکەوە چەسپێن وابوو -ئەو پلاستەرەی کە هەموو پارچەکان بە ڕێک و ڕاستی بەیەکەوە شـەتەک دەدات. ئەگەر ئەو نەبێت خشتەکان دەڕمێن. بیناکە هەڵدەوەشێتەوە.

"وابـزانم هەمـوو دەسـەڵاتدارییەک خـراپ نییـە" مەنسـوور پێـداگری کـرد. "بـۆ نمـوونە مافەکـانی ژنـان؟ چـی لەبـارەی ڕێبەرێکی مەدەنی دەڵێیت کە مافەکانی ژنان دەپارێزێت؟"

"سوپاستان دەکەم بەڵام ناخوازم! خۆم دەتوانم مافەکانی خۆم بپارێزم. ئاتاجمان بە دەسەڵاتێکی باڵا نییە تا مافەکانمان بپارێزێ! بڕوام بەو میکانیزمانەیە کە لەژێرەوە بڕیار بۆ سەروو بدرێت، نەک لە سەرەوە بۆ خوارێ."

کاتێـک شـیرین ئەمەی دەگـوت وەرچەرخـا و لە چەفیە و ڕۆبە درێـژ و نەتەچـاوەکەی سـەلما ڕامـا. پەری کە هەسـتی بە وزەی کەسـانی دیکە دەکـرد تێگەیشـت کە شـیرین کەیفی بە دایکیی نەهات. دیار و بەرچاو بـوو کە کـچە ئینگلیـزە بە ئەژاد ئێرانییەکە حەزی لە سەرپۆش نییە.

"دایکە گیـان وەرە." پەری وای گـوت؛ ئەمەی گـوت و ئەو

قۆڵەی بە هێواشی ڕاکێشا کە چەند ساڵێک بەر لە کاتی سووتانی مافوورێکدا ئاسەوارێکی بچووکی لەسەر بەجێ هێشتبوو. هەردووکیان وەپاش کەوتن.

دواتر دایک و کچ لەسەر ئەو پلیکانانەی لە دەروازە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان هەبوون کوڕ و کچێکیان بینی ماچیان دەکرد. پەری وەک ئەوەی خۆی بووبێت لەنێو باسک و قۆڵی کوڕەکە گرتبێتیان؛ سوورهەڵگەڕا. بەتیلەی چاو دەیبینی سەلما چۆن ئەبرۆکانی تێکناون. دایکی لەبارەی سێکسەوە هیچ شتێکی بۆ باس نەکردبوو. بگرە بەردەوام باسەکەی دادەخست، پەردەپۆشی دەکرد. جارێکیان کە پەری بچووکتر بوو لە حەمام پرسیاری ئەوەی لە دایکی کرد ئەو شتە بچووکە چییە لەنێو ڕانەکانی کوڕێژەیەکدا بوو؛ وەک دوێنێ بووبێت هێشتا لەبیریەتی. سەلما لەباتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە بە قینێکەوە هەستایەوە سەرپێ و ڕووەو دایکی کوڕەکە چوو، لەنێو هەمووان‌دا گلەیی ئەوەی لەدایکی کرد کوڕەکەی بەبێ پیجامە دەسووڕێتەوە. پەری هەم شەرمی لە خۆی کردەوە، هەم بەوەی ڕەنگبێ خولیای زانینی شتێکی بووە کە مافی خولیا هەبوونی نەبووبێت تێیدا، بەمەش خۆی هەم بە خەتابار هەم پیس دەزانی.

بە تێپەڕبوونی کات دووبارە خولیاکەی سەری هەڵدایەوە. جارێکی تریش پرسیارێکی لە دایکی کردەوە کە نەدەبوو بپرسێ. دوای تێپەڕینی ساڵانێک بەسەر دووگیانبوونی یەکەمی، کاتێک بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەم سکپڕ دەبێتەوە پرسیاری ئەوەی کرد بیر لەوە کردۆتەوە کورتاج بکات؟ کاتێک ئەو و باوکی بیریان لەوە کردۆتەوە کە دوو منداڵ بەسن بیریان لەوە کردۆتەوە ئەو نەهێننە ژیان.

"بەخوا ئەگەر بڵێم شەرمم لەخۆم نەدەکردەوە درۆیە. تەمەنم

چل و پێنج ساڵ بوو کاتێک بە تۆ دووگیان بووم." سەلما وای گوت. "تۆ بڵێی خەلکی چی بڵێن، بەم تەمەنەوە..."

"باشە کەوابێ بۆچی لەبەر خۆتت نەبردم؟" پەری وەها پێداگری کرد.

"لەبەر ئەوەی دەبووە گوناهـ لەبەر خۆمەوە گوتم لەتەروف خوداوە گوناهبار دەبم، لە ڕوانگەی دەوروبەریشمەوە خراپتر دەبوو. بەمشێوەیە وەستام، تۆم بوویت."

وەڵامێکی چەند سەیر، چەندە بێتام و چەندەش بێ هەست بوو. پەری بۆ دایکی دانی بەوەدا نەنا کە ئەم وەڵامدانەوەیە چەندە بێزاری کردووە. ئەمە لەکاتێکدا چاوەڕوانی وەڵامێکی دڵخۆشکەری لێ دەکرد. *"بۆ ساتێک بیرم لە لەباربردن کردەوە، بەڵام دواتر بیرم لەتۆ کردەوە، چەند باش بوو لەبارم نەبردیت کورپە جوانەکەم"* یاخود *"لە کلینیکەکە نۆرەم وەرگرت، بەڵام شەوی پێشتر هاتیتە خەونم: کچە چاوشین، گچکەلان و شیرینەکەی خۆم."* دەکرا ئەم شتانە بڵێ. وادیارە پەری وەک منداڵێکی ساندویچی لەنێوان هەردوو بێژەی گوناهـ و شەرم - دوو بێژەی نەریتی- لەدایک بووبوو. ڕەنگبێ هەستی بەربین تەنگییەکەی لەمەوە بووبێت.

***

دوای نیوەڕۆ شیرین ناڵبەندئۆغڵوییەکانی بەنێو بینا خڕەکەی ڕادکلیف کامێرا، تیاترۆی شەڵدۆنیان و مۆزەخانەی مێژووی زانستدا گێڕان. دواتر چوونە ئەو شوێنەی کە پەری تێیدا دەمایەوە. زیاتر لەوەی خەوگە بێت لە مۆزەخانەیەک دەچوو - ئاسەوارێکی پلە یەکی مێژوویی بوو. کچەکان لەپێشەوە و

دایـک و بـاوک لەدواوە هەمـوو بینـاکە گەڕان. پەری چەنـدە سەرسام بوویێت بە بنمیچە بەرزەکان، دیوارە تەختەییەکان و ئەو نەریتە ماوانەی کە مەیـدانخوازیان لەگەڵ سـەردەمەکان دەکـرد، هێندەش خەمگین بوو بە بچووکی و سادەیی ئەو ژوورەی بڕیار بـوو تێیـدا بحەوێـتەوە. دەستشـۆرییەک، جێخەوێـک، مێزێکـی کارکردن و دۆڵابێک. هەمووی ئەوەندە بـوو. شـەهامەتی بینـاکە لەدەرەوە لەهەمـبەر سـادەیی ژوورەکەی دژوازییەکـی سـەیری دروست کردبوو. بەڵام چ قەیدیە، پەری دەنگی نەکرد. هەستی ئەو ئازادیە پڕ خرۆشـەی کە بـۆ یەکەمجـار ژیـانکردنی بە تەنیـا پێی دابوو، لەبەها نەدەهات.

دوای ئەوەی لە ژوورەکە دەرچوون بە پلیکانەی دارین هاتنە خوارێ. پلیکانەکان هێندە تەسک و ترووسک بوون، بـۆ ئەوەی ڕێگە بە تێپەڕبوونی خوێندکارێک بدەن ناچاربوون خۆیان تی[1] بکەن. لەو ساتەدا شیرین ڕووەو پەری وەرچەرخاو چاوێکی لـێ داگرت. "ئەگەر دەتەوێ هەرچی زووتـر هـاوڕێیەک بـدۆزیتەوە دەرگاکەت بە کراوەیی بهێڵەوە. سەریان دێتنە ژوورێ و قسـەت لەگەڵ دەکەن. دەرگای داخراو واتـای 'نامەوێ بێـزارم بـکەن، دووربکەونەوە، من بێگانەم.' دەگەیەنێت."

"بەڕاسـتە؟" پەری بە چـرپە وای گـوت؛ حەزی نەدەکـرد دایـک و بـاوکی گوێیـان لەم قسـانەیان بێـت. "بەڵام ئەگەر ئـاوا سەر بخەنە سەرم چۆن وانەکانم بخوێنم؟"

وەک ئەوەی خوێندنی وانەکانی شتێکی کۆمێدی بێت لەلای شیرین، بە دەنگ پێکەنی.

وێستگەی گەڕانەکانی دواتریان کتێبخانەی بۆدلیان بـوو، یـان

---

(۱)تی: خۆخستنە سەر لا بەپێوە. بە مەبەستی کردنەوەی بوار بۆ تێپەڕبـوونی کەسی بەرانبەر.

بەو ئـاوەیەوە کە هەمـوو کەس ئـاودێری دەکـرد: بـۆد. بەبیری گێڕانەوەی شیرین لە کۆندا ئەو کەسانەی کە دەچوونە نێو ئەو بینایەوە سوێند دەدران بەوەی کە کتێبەکان نادزن و زیانیان پێ ناگەیەنن. باسی لەوەش کرد کە هێشتا لە ئۆکسفۆرد کتێبگەلێک هەن هاوشێوەی سەدەکانی ناوەڕاست زنجیریان لێ دراوە.

مەنسـوور ئامـاژەی بـۆ گوزارشـتی نێـو چوارچێوەی بە دیوارەکەوە کرد. "لەوێ چی نووسراوە؟"

"Dominus illuminatio mea: خودا ڕۆشناییمە" شیرین وای گوت و نیگای لە ئاسمانێ بڕین. ئەمەی بێ ویستی خۆی کرد یاخود بە گاڵتەپێکردنەوە، تێگەیشتن لێی سەخت بوو.

سـەلما کە زیـاتر لە وشـەکان لە جـووڵەکەی تێگەیشـت ئانیشـکێکی سـرەواندە مێـردەکەی. "دەی تەماشـا، ئەگەر لە مەملەکەتەکەی خۆمـان بەسـەر دیـواری زانیـنگەدا نووسـرابوایە 'خـودا ڕۆشـناییمە. لە قەهـرا شـێت دەبوویـت. بەڵام ئێسـتا کێشەیەکت نییە!"

"چـونکە لێـرە سرووشـتی ئـاین جیـاوازە" هەر بەسـەر بۆچوونەکەی وێی ڕەتکردەوە.

"چۆن جیاوازە؟" سـەلما بەدەم تیـزە بـزەیەکەوە وای گـوت. "ئاین هەر ئاینە."

"نەخێـر خـانم. هەنـدێک... زۆرتـر دینـدارن." مەنسـوور وای گوت. "ئاین لە ئەوروپا هەوڵ نادا حوکم بەسەر هەمـوو شتێکدا بکات. زانست ئازادە! ئەکادیمیا ئازادە! تێکەڵکردن نییە."

"زانست لە ئەندەلووس ئازاد بوو." سەلما وای گـوت. "خودا لێی ڕازی بێت ئوزوومبازە فەنـدی هەمـووی بـۆ باسـکردووین. وادەزانیت کێ بیرکاری دۆزیـیەوە؟ باشـە ئەدی فلچەی ددان؟ قـاوە! کوتـان؟ هەمـووی مسـوڵمانەکان دۆزیویـانەتەوە! ئەوی

ڕۆژئاواییەکانی فێرە زانست کرد ئێمە بووین، ئێستا هاتوون پێمان دەفرۆشنەوە."

"چ بەهایەکی هەیە کێ چی دۆزیوەتەوە؟" مەنسوور وای گوت. "گرنگ ئەوەیە لەو ماوە زۆرەدا کامەیان زۆرتر زانستی بەکارهێناوە!"

"باوکە! دایکە! تکایە بەسیکەن" پەری بەشەرمکردن لەوەی بێگانەیەک بە شەڕەکەیان دەزانێ وەها هەڵشاخا.

شیرین، یان ئەوەتا هەستی بە پشێویەکە کردووە و فووی لە ئاگرەکە دەکرد یاخود تەواو ڕێکەوت بوو، کە دەستی بە باسکردنی ئەوە کرد کە پەرستگای کریستیانەکان بوونە فێرگەکانی ئەم زانینگەیە. بێگومان پەری هیچ کام لەم قسانەی بۆ دایکی وەرنەگێڕان.

پەری لەسەر پلیکانەی کتێبخانەی بۆدلیان لەوحەیەکی بە زێڕ زاخاوکراوی بینی. چەند ناوێکی لەسەر نووسراوبوون، ناوی ئەو کەسانە بوو کە کۆمەکێکی گەورەیان بە کتێبخانەکە کردبوو. کەسانی دارا و بەهێز، هەر لە دروستبوونەوە بێ ناوبڕ هاوکاری ئەم کتێبخانە بێ وێنەیان کردووە. پەری بیری لەوە کردەوە ئەگەر ئەم کتێبخانەیە لە هەمان چاخ و سەردەمدا لە ئیستانبوڵی دەورانی عوسمانی چێکرابوایە، پێدەچوو تاوەکو ئێستا چەند جارێک وێران کرابا و هەموو جارێکیش تەبا و گونجاو لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئەو سەردەم دووبارە، بە تەرزێکی تەواو جیاواز و بە ناوێکی تازەوە بنیات دەنرایەوە، دواجاریش دەکرایە بازاڕچەیەک. هیچ سیاسەتڤانێک نەبوو لەسەرووی سیاسەتڤانی تورکەوە کە ڕابردوو بە گوێرەی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لێکبداتەوە، بیشێوێنێ و بیسووتێنێ. لە ئۆکسفۆرد درێژەپێدانی مێژوویی هەبوو؛ هەرچی تورکیایە پچڕان، هەڵبڕان. پەری بە کەسەرەوە ئاهێکی هەڵکێشا.

Scanned with CamScanner

"باشیت؟" شیرین کە لە پاڵی وەستابوو پرسی.

"بریا ئێمەش لە تورکیا کتێبخانەی وەها جوانمان هەبوایە"

پەری وای گوت. "خەمگینم."

"تۆ هێندەی دەتەوێ خەمگین بە" شیرین بە زۆرزانییەوە وای گوت. "ئەوروپاییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە کتێب چاپ دەکەن. نازانم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەنگێ دەستیان داوەتە ئەم کارە، بەڵام لەوە دڵنیام جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. ئێران، تورکیا، میسر... باشە میسرێکی دەوڵەمەند بە مێژوومان هەیە. بەڵام کامەتا کولتوور؟ کتێب واتە زانین، زانینیش واتە هێز. ئەو خەرەندە و میانەی نێوانیان چۆن پڕ دەکرێتەوە؟"

"نزیکەی ٢٨٧ ساڵ." پەری لەبەر خۆیەوە وای گوت.

"چی؟"

"ببوورە" پەری گوتی، بە دەنگێکی شەرمنانەوە. "گۆتەنبێرگ لە دەوروبەری ساڵی ١٤٤٠ ئامێری چاپی داهێنا. لە ساڵی ١٥٥٠ و دواتر لە ئیتالیا چەند کتێبێکی عەرەبی چاپکران. بەڵام بەرهەمهێنانی سیستماتیکی ماوەدرێژ نییە. چاپکردنی کتێب لەلایەن مسوڵمانانەوە بە تەواوی مانەوە لەسەردەمی عوسمانییەکان، موتەفەریقە بوو. بێگومان لەژێر سانسۆرێکی توونددا. واتە باشترین ئەگەر دابنێی جیاوازییەکەی ٢٨٧ ساڵە."

"بەخوا تیپێکی سەمەرەت هەیە" شیرین بە تیزە بزەیەکەوە وای گوت. "ئۆکسفۆرد هەر بۆتۆ باشە!"

لەو نیزکانە بێنوێکی قاوەخواردنەوەیان وەرگرت. لەکاتێکدا پەری و شیرین چاویان بۆ مێزێکی بەتاڵ دەگێڕا، مەنسوور و سەلماش کە لە دووری یەکدییەوە دەڕۆیشتن چوون دەستشۆری و توالێت بدۆزنەوە.

"کاتێک باس هاتە سەر مەودا و نێوانی پڕ نەکراوە" شیرین

وای گوت و هەر بە سەر ئاماژەی بۆ مەنسوور و سەلما کرد وادیارە لەنێوان دایک و باوکی تۆشدا مەودا و کەلێنێکی زۆر هەبە.

گۆناکانی پەری سوور هەڵگەڕان. لە ژیانیدا بە کەسێکی وەها قسەلەڕوو و بێ نەزاکەت ئاشنا نەبووە. دیسانەوە زۆر بەسەر خۆی نەهێنا. ئەو کچە وزەیەکی سەیری هەبوو. قسەلەڕوویێک کە چەندە لە هەموو شتێک دەپێچێتەوە هێندەش دروست و سەرڕاست. بۆ ئەوەی بتوانێ سەرەدەری لەگەڵدا بکات باسەکەی گۆڕی. "بڵێ لە تاران لەدایک بووین؟"

"بەڵێ، هەرەگەورەی چوار خوشکانم. باوکی داماوم! چەند حەزی دەکرد کوڕێکیان بێ، بەڵام شەیتان چرپاکەی لێ گۆڕی، ها ها! هێندەی دووکەڵکێش جگەرەی دەکێشا و بەقەد چۆلەکەیەک خواردنی دەخوارد. دەیگوت؛ هەر بەمە دەمرم. مەبەستی لە ڕژێمی ئێران بوو، نەک جگەرە، نەک کچەکانی. دواتر ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ ڕاکردن لە ئێران. دایە گیانم حەزی لێ نەبوو بڕوات، بەڵام دواتر لەخۆشەویستی زۆری بۆ ئەو ڕازی بوو. لە سویسرا گیرساینەوە. تۆ قەت چوویەتە سویسرا؟"

پەری گوتی "نەخێر. پێشتر لە ئیستانبوڵ نەچوومەتە دەرەوە"

"سویسرا شوێنێکی خۆشە؛ بێدەنگ، مەدەنی. وەک ئەوە وایە لەنێو پودینگ بە کرێمەوە بانێو بکەیت. واتە شیرینە، بەڵام زۆرا تێدەگەیت؟ حەوت ساڵی ژیانم وەک خەو لە سێوێن گوزەرا. لەوێڕۆژێوە تاوەکو ئەمڕۆ بۆ داخستنی کەلێنی ژیانم هەڵوەدام. لەوێوە هەموو ماڵبات ڕوومان لە پورتوگال کرد. تۆ بەس ئەو ماڵباتە ئێرانیانەی لە ئاوارەییدا دەژین بناسیت. هەموومان پەرتەوازەین. بەهەرحاڵ، من ئەوێم حەز لێ بوو بەڵام باوکم نا. هێشتا جگەرە و دەم بە گلەیی. دوو ساڵ لە لیشبۆنە ماینەوە، هەر

هێندەی نەمابوو پورتوگالی فێردەبووم، بام! منداڵەکان خۆزنان کۆبکەنەوە، دەچینە بەریتانیا، شاژن چاوەڕێمانە! کچێ چواردە ساڵ بووم ئاخر! مرۆڤ لە تەمەنی چواردەساڵیدا دەبێ بە دراما و زیپکەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بێت، نەک بە ئاوارەییەوە. وەلحاڵ، ئەو ساڵەی کە هاتین باوکم کۆچی دوایی کرد. پزیشک پێی گوتین جگەری بووەتە خەڵووز. بەڕای تۆ سەیر نییە پزیشکێک خوازە (مێتافۆر)ێک بەکاربێنێ؛ نازانم خۆی بە شاعیر و شت دەزانی چی؟" شیرین بە هێواشی پەنجەکانی لە مێزەکەدان و سەرنجی بۆیەی نینۆکەکانیدا. "بەریتانیا خەیاڵی باوکم بوو نەک هی من. بەڵام وەک دەبینی ئەوەتانێ لێرەم!"

"وای چەندە گەڕاویت" پەری بە گرنگپێدانەوە وای گوت. "باشە، ئەگەر پێت بڵێن خەڵکی کوێیت و مەملەکەتت کوێیە بەرسفت چی دەبێت؟"

"مەمـــلەکەت؟" شـــیرین وەک ئەوەی پرســـیارەکەی بە دڵ نەبووبێـــت لێچێکـــی بـــادا. "بـــا یاســـایەکی گەردوونیـــت پێبڵێم: مەملەکەتی مرۆڤ ئەو شوێنەیە کە ئەنکی تێدا دەژی."

پەری خەنییەوە. "خۆشە. ئەوەی تۆ لەکوێیە؟"

"لە گـــۆڕدایە. پێـــنج ســـاڵ بەر لە ئێســـتا مـــرد. منـــی زۆر خۆشدەویســـت. یەکەم نەوەی بـــووم. دراوســـێکان نامەیـــان بـــۆ نووسین، تاوەکو دوا هەناسەی چاوەڕێی گەڕانەوەی ئێمەی کرد. بۆ ئێمە مەملەکەتە ئەمەیە! لەگەڵ *مامانی* لە تاران نێژراون. واتە لەڕاستیدا لە ڕووی تەکنیکییەوە کەسێکی بێ وڵاتم."

"ئێ ئێ... ئەوە.. خەمگین بووم" پەری وای گـوت. لەهەمبەر مرۆڤگەلی وەها لەڕوو، چوست و پڕ وزە -کە ڕوون بوو شیرین یەکێکە لەوان- هەر دەستەی بەلایەکدا دەکەوت.

"دەزانـــی لە ئێران چ ناوێکیـــان لە گۆڕســـتان نـــاوە؟ جەنەتی زەهـــرا. زۆر بە فیـــزانە نیـــیە؟ دەبـــوو هەمـــوو گۆڕەکـــان ناویـــان

جەنەت" بوایە. نەدەبوو کەسیان سەرقاڵی ڕۆژی قیامەت، مەنجەڵی لەکوڵ، پردی هێندەی مووی سەر باریک کردبا. هەر کە مردی ڕێک و ڕاست بۆ بەهەشت دەڕۆی، واتە بۆ گۆڕ، هەر ئەوە و چیتر نا!"

پەری تا وێ دەمێ گوێی لێ نەبووبوو هیچ کەسێک بەو شێوە باس لە ڕۆژی دوایی بکات. بێ جووڵە وەستا؛ لە ڕیتم و تێمپۆی کچەکە هەم نارەحەت بوو هەم کەوتە ژێر باندۆریشییەوە. ئەگەرچی هاوڕێ نوێیەکەی هاوتەمەنی خۆی بوو، وەلێ دەتگوت دوو هێندەی ئەو ژیاوە. شیرین زیاتر لە ماڵباتی ناڵبەندئۆغلوویەکان شوێنی بینیبوون، ئەزموونی زیاتری هەبوو.

سەلما و مەنسووریش هاتنەوە. دواجار لەسەر پرسێک کۆک بوون (ئەگەر نەشیاندەزانی وایە). ئەگەر بەهۆکاری جیاش بووبێت، بەو کچەی ناوی شیرین بوو نارەحەت بووبوون. هەردووکیان ئەوەیان بە خەیاڵدا دەهات ئامۆژگاری کچەکەیان بکەن تا لەو کچە ئێرانییە خۆی بەدوور بگرێت.

***

دوای یەک دوو دەمژمێر، دوای تەواوکردنی بازنەیەکی تەواو لەبەردەم ئۆکسفۆرد یونیۆن گەشتەکەیان کۆتایی پێ هێنا. بەر لەوەی لێک جودا بینەوە، شیرین وەک ئەوەی دوو هاوڕێی دێرین بن پەری لەباوەش گرت. بۆنەکەی هێندە توونـد بوو پەری هەستی کرد لەنێو هەورەبۆنێکدایە.

شیرین باسی لەوە کرد کە ئینگلیزەکان بەشکۆ و بە ڕەوشتن، وەلێ کەمێک خۆیان لە بێگانان بەدوور دەگرن و بە هۆشیارییەوە مامەڵە دەکەن، پەری لەگەڵ خوێندکارانی

ئەوانەی هاوشێوەی شیرین لە کولتووری تێونەتەوەیی -یاخود ئەوانەی هاوشێوەی شیرین لە کولتووری تێکەڵەوە هاتوون- باشتر دەیتوانی هاوڕێیەتی بکات.

"کەوایە یەکدی دەبینینەوە" پەری وای گوت.

لە ناخەوە ئەمەی گوت. چونکە هەرچەندە کەسایەتی شیرین ترسی خستبووە چاوانی، چەنەلێدانی و بوێریەکەیشی هێندە سەرنجی ڕاکێشابوو.

"هەڵبەتە یەکدی دەبینەوە!" شیرین وای گوت، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕەق و زیت وەستانیان دوای ماچکردنیڕوومەتی سەلما و مەنسوور. "بیرم چوو پێت بڵێم؛ من و تۆ لە هەمان خەوگە دەمێنینەوە."

"بەراستە؟" پەری پرسی.

"بەڕاستمە." بە دڵخۆشییەوە وای گوت. "بگرە دەرووهاوسێین! ئینجا نەکەی دەنگەدەنگ بکەیت... گاڵە دەکەم. زۆر خۆشی دەیگوزەرێنین. تورکیا و ئێران. دروست وەک ئەوەی لەسەر نەخشە هەیە. بەیەکەوە هەڵدەکەین و زۆر خۆش دەبێت. ئەگەر بەر یەک بکەوین، ئێمە دەبین شەڕی سێیەمی جیهانی هەڵدەگیرسێنن!"

دواتر ڕووەو دایک و باوکی پەری وەرچەرخا و ناسناوەکەیانیانی بەشێوەیەکی سەیر گۆ کرد. "خاتوو و کاک نامبابودولو، خەمی کچەکەتان نەبێ. لێرە بەدواوە من ئەرکی چاودێریکردنی دەگرمە ملی خۆم. کچەکەتان لە دەستێکی ئەمین دایە!"

# بێدەنگی

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

کاتێک دایک و باوکی ڕاستەڕێی وێستگەی شەمەندەفەر بوون، پەری لەنێو هەستێکی قووڵی تەنیاییدا، بە هەنگاوی گرانەوە ڕووەو ئەو خەوگەیەی تێیدا دەمایەوە چوو. هەرچەندە دڵخۆش بوو بەوەی لە شەڕ و دەمەدەمەی دایک و باوکی دوور کەوتۆتەوە، هێندەش بیری دەکردن، هەر لە ئێستاوە. دوای ڕۆیشتنی ئەوان دەتگوت فەرشەکەی ژێر پێیەکانی لاچووە و لەهیکڕا ناچار بووبێت بەسەر زەمینێکی بە کۆسپ و سەختدا هەنگاو بنێت، وابوو. بە دوودڵییەوە هەنگاوی دەنا. ئەو خرۆش و غرووورەی بەدرێژایی ڕۆژەکە هەستی پێ کردبوو نەمابوو، نائارامییەکی بێتام شوێنی گرتبووەوە. هەستی بەوە کرد کە وەک خۆی گومانی دەکرد هێندە ئامادەیی تێدا نییە بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانی. بەدەم هەوڵدان بۆ وەستانەوە لەهەمبەر ئەو شنەبایە بوەستێتەوە کە بە هیچ شێوەیەک لە شنەبای خوێیاوی دەمەوعەسرانی ئیستانبوڵ نەدەچوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. بەدوای ئەو بۆنەدا دەگەڕا کە پێی ڕاهاتبوو: دارئەرخەوانەکان لە بەهاردا، لە پایزدا بۆنی جاترە کە تێکەڵ بە بۆنی مەرجانی ڕەش دەبوو، کەبابی کەستانە، سیمیت، ڕیخۆڵەی برژاو، گزۆز، جگەرە، بۆنی گەورەشارەکان... لە ئەزەلەوە، ئیستانبوڵ

هاوشێوەی جادووگەرێکی خەڵەفاو کە ڕەچەتەی دەرمانەکانی لەبیر کردبێت بۆنە هەرە پێکناهەڵەکانی تێکەڵ بە یەکدی دەکرد: بۆنە خۆش و ناخۆشەکان، بە مەهارەتەوە جوانی و ناشرینی تێکەڵ دەکرد. هەرچی لێرەیە، لە ئۆکسفۆرد، بۆنی ڕەزیانە لە هەواکەی دەهات.

مرۆڤ کاتێک دەبێتە غەوارە، هەم غەوارە هەم تەنیا، هەنگاونانیشی دەگۆڕێ. بگرە تۆنی دەنگیشی.

بە پلیکانە دارینە ڕەنگ تۆخەکاندا سەرکەوت و چووە ژوورەکەی خۆی؛ باولەکانی کردنەوە، پۆشاکەکانی دەرێنان و لەنێو دۆلابەکە هەڵیواسین، چەکمەجەکانی ڕێکخستەوە، وێنە خێزانیەکان و مینا شینەکانی خستنە سەر مێزەکە. ڕۆژنڤیسکەکەیشی خستە پاڵ جێخەوەکەی.

ژمارەیەک لە کتێبە هەرە دڵخوازەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی؛ هەندێکیان تورکی و ئەوانی دیکەش ئینگلیزی بوون: *کوندەپەپووی کوێر*ی سادق هیدایەت، *خۆشەویستی ژنە باشەکە*ی ئەلیس مۆنرۆ، *ددانی سپی*ی زاد سمیس، *دەمژمێرەکان*ی میشێل کەنینگهام، *خودای شتە بچووکەکان*ی ئەروونداتی ڕۆی، *ناپەیوەست*ی ئۆغوز ئاتای، *شارە ونەکان*ی ئیتالۆ کالڤینۆ، *هونەرمەندێک لە دونیایەکی گۆڕاودا*ی کازۆ ئیشیگورۆ.

"بۆچی بەردەوام نووسەرانی بیانی دەخوێنیتەوە؟" هاوڕێ کوڕەکەی لێی پرسی.

تا ئەودەم تاکە پیاوێک بوو لەگەڵی بچێتە دەرەوە. ئەو کات لە دوا قۆناغی دواناوەندی بوو؛ هەرچی کوڕەکەیە سێ ساڵان لەو گەورەتر بوو. لە زانکۆ بەشی دەروونناسی دەخوێند. باری خەتابارکردن کە لە پرسیارەکەیدا هەبوو پەری سەرسام کرد.

ئەوی ڕاستی بێت بەرهەمی نووسەرانی تورک و بیانیشی دەخوێندەوە. جیاوازی نەدەکرد. هەر کتێبێک سەرنجی ڕاکێشابایەت بەبێ ئەوەی نەژاد و ناوبانگی نووسەرەکەی لەبەرچاو بگرێت خۆی تێدا نقووم دەکرد. وەلێ لیستی ئەو کتێباکەی کوڕە دەیخوێندەوە لەوەی خۆی جیاواز بوو. ئەو تەنیا نووسەرانی تورکی دەخوێندنەوە. ئەوانەش نا کە لە ژیاندان، هێن ئەو نووسەرانەی مردبوون. هەروەها ئەوانەی کە *ئەوانەی کە لە ڕوانگەی ئیمپریالیزمی کولتووریدا نەخنکاون، ئەوانەی پووچ نەبوونە*" حەزی لە خوێندنەوەی نووسەرانی ڕووس و ئەمریکای باشوور بوو، هەر هێندە. وەلحاڵ ئەگەر سەیری کتێبەکانی خۆشەویستیەکەیت کردبوایە دەتدی کە پەری زێتر "ئەورووپایی" یە.

"کە لەتۆ ورد دەبمەوە، ڕێک ڕۆشنبیرێکی تورکن تێدا دەبنم" کوڕەکە بە پەری گوت، " ڕاستر بڵێم ڕۆشنبیرێکی ڕۆژهەڵاتی، کە سەوداسەری ئەورووپایە و لەگەڵ ڕیشەی خۆی لەشەڕ دایە."

پەری لەهەمبەر ئەو تۆمەتبارکردنە چاوەڕواننەکراوانە ڕاهاتبوو. بۆچی هەندێک لە مرۆڤەکان نێوانیان لەگەڵ "ڕیشە"ی خۆیان تێکدا بوو؟ بۆ نموونە "چڵەکان" جوانن. "گەڵاکان"، "بەرەکانیان"یش. بێگومان ڕەگ و ڕیشەکانی خۆشدەویست. چونکە درەختەکانی خۆشدەویست. ڕەگەکان هەم لەژێر خاک هەم لەسەر ڕووی خاک بە هەرچوار لادا بڵاودەبوونەوە. واتە ڕەچاوی یەک هێڵی ڕاست و ڕێکیان نەدەکرد. لە کاتێکدا کە ڕەگەکانیش ڕێک "یاخود بیری ڕێک و ڕاست" ڕەتدەکەنەوە، ویستی مرۆڤەکان بەوەی کە "لەسەر ڕەگ و ڕیشەی خۆت بمێنەوە" خزمەت بە کام نیوە عەقڵ دەکات؟

پەری بەهۆی ئەوەی سەوداسەری ئەو کوڕە بووبوو، سەرکۆنەی خۆی دەکرد. ئەو هەر وابوو، بەردەوام خۆی خەتابار دەکرد. ئەمە لەکاتێکدا لە هاوڕێ کوڕەکەی زیتر کتێبی خوێندبوونەوە، زۆرزانتر بوو. کوڕە تەنێ سەرەباسێکی لە گۆرکی، تورگینێف و دۆستۆیفسکی، نووسەرە بەناوبانگەکانی ڕووس خوێندبوویەوە و دەستی بە کاتەکەی خۆیەوە گرتبوو، هەرچی پەری بوو بە خولیایەکی دانەسەکناو و بە بیرێکی فراوانەوە سەرنجی ڕاکێشرابوو و هەموو شتێکی خوێندبوووە، چەندین جاران لە کۆلانە چەپەکەکانی شاری کتێبەکاندا ونبووبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا نەرمی نواند. هەر خۆی ژنان بەردەوام ئەم کارەیان دەکرد. لە کاتێکدا تێدەگەن ئەو پیاوەی لەگەڵیدان لە بوارێکدا لەخۆیان بێ زانیاری ترە، لەباتی ئەوەی ڕەخنەباری بکەن، خۆیان سەرکۆنە دەکەن؛ لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوانیان لە گەشەکردنی وی هەبێت، خۆیان هەنگاوێک دەنێنە دواوە. ئاستی هۆشمەندی خۆیان لەوەی کە دەبوو بێ دەهێننە خوارەوە بۆ ئەوەی نابەجێ شەڕ، ناکۆکی و ناکۆکی دروست نەبێت. بەم ئاوایە بۆ ماوەیەک پەری تەنێ ئەو کتێبانەی دەخوێندنەوە کە هاوڕێ کوڕەکەی لای پەسند بوون. هەرزوو ئەم بڕیارە شکستی هێنا. هیچ کاتێک لە نزیکبوونەوەیەکی دژبەرانە بەرانبەر ئەدەبیات تێنەگەیشتووە. مرۆگەلی ئەو وڵاتانەی کە هاوشێوەی تورکیا دەستوپەنجەیان لەگەڵ پرسی ناسنامە نەرم دەکەن، زیاتر گەنگەشەی ئەوە دەکەن چی ناخوێننەوە نەک ئەوەی چی دەخوێننەوە. بۆیە زیاتر کاتیان بە گەنگەشەی ئەوە بە هەدەر دەدەن کە کامە کتێب/ نووسەر ناخوێننەوە.

هەرچۆنێک بوو هێندەی پێ نەچوو جیابوونەوە

هۆکارەکەیشی زیاتر لەوەی چێژی جیاوازی خوێندنەوەیان بێت نەگونجانی سێکسی بوو. ئەگەرچی نەیشیدەگوت "نا" وەلێ پەری حەزی لێبوو هێواش بێت؛ هەرچی کورەکەیە بە تەکان و خێرا حەزی لە سێکس بوو. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پیاوگەلێک هەن کە چاوەڕێی ئەوەیان لە خۆشەویستەکەیان هەیە لە سەرجێیکردن هەموو خواستێکیان بۆ بەدی بێنێت، وەگەر نا تووڕە دەبن، دەهری دەبن؛ بەڵام ئەو ژنانەیش کە خواستەکانیان بەدیدێنن دەستبەجێ لەبەرچاویان دەکەون، مۆری "سۆزانی"یان لێ دەدەن. ئەگەر هاوتای خواستەکانی نەبێت دەڵێن "وای! وادیارە منت خۆشناوێ!" بەمجۆرە زویر دەبێت، دەتۆرێ، فشار دەکات. ئەگەر هاوتایشی بێت "وای، وادیارە ئالۆشیت" وادەڵێت و دەیشکێنێتەوە، ناتۆرەی دەداتە پاڵ، دایدەوەشێنێت. بەهەر ئاوایەک بێت دژوەستانەوەی ژنێکی گەنج لە هەمبەر ئەم زیهنیەتە ڕێدەرنەبەر بوو.

پەری دوای ئەوەی لە ژوورەکەی بنەجێ بوو پەنجەرەکەی کردەوە. سەیری حەوشەکەی کرد. هەستی بەتاڵییەک لە هەوادا هەبوو. کاتێک لە سێبەری درەختە نزیکەکانی ئەو ناوە ڕاما ڕاچەنی؛ دەتگوت ڕۆحێک یان جنۆکەیەک کە بەزەیی بە تەنیاییەکەیدا دێتەوە بە هێواشی نەوازشی دەکات. تۆ بڵێی منداڵەکەی نێو تەم بێت؟ ئەگەرێکی دوور بوو. ماوەیەکی زۆر بوو دیار نەبوو. پێدەچوو خێوێکی ئینگلیز بووبێت. ئۆکسفۆرد لە شوێنێک دەچوو کە خێوەکان بەبێ ئەوەی لە تاریکیدا سڵ بکەنەوە و یان هیچ کەسێک بتۆقێنن، بەو نێوەدا بخولێنەوە.

شتێک کە لە ئۆکسفۆرد زۆر سەرنجی ڕاکێشا "کپی"یەکەی بوو. سەخت بوو تا لەسەری ڕادێ. بێدەنگییەکی سەخت و چڕ. ئەوە لە کاتێکدا ئیستانبوڵ بە شەو و ڕۆژ

هەراوهوریا بوو؛ ئەگەر پەنجەرەکانت داخستبا و پەردەکانیشت دادابانەوە، بگرە شتێکیشت پەستاپایە گوێچکەکانت و بەتانییەکەشت کێشابایە سەر سەرت هێشتا هەرای دەرێ دیوارەکەی دەبڕی، لە درزی دەرگاوە دەهاتە ژوور و دەترنجایە نێو خەوی مرۆڤەوە. هاوارکردنی دەستگێڕە گەڕۆکەکانی کۆڵان، تەق و ڕەقی کامیۆنەکان، ئاژیری ئامبولانسەکان و ئەو کەشتیانەی بە بۆسفۆڕدا تێدەپەڕین، ئەو بێزارییەی لەدوای نیوەشەو دروست دەبوو و لەگەڵ ئەو نزایانەی کە دەخوێنران هەمووی، هەمووی لەنێو هەوای شارەکەدا هەستی پێ دەکرا و نەدەبووە هەڵم. دروست وەک سروشت، ئیستانبوڵیش نەفرەتی لە بەتاڵی دەکرد.

پەری بە سەنگێک لە سکییەوە لەسەر چرپاکەی ڕوونیشت. نیگەرانییەکەی دایبابی پەڕیبووە وێش. هەستێکی وای هەبوو ساختەچییە. ئەدی ئەگەر لەنێو ئەو حەمکە خوێندکارەی کە لەخۆی هۆشمەندتر، بە کولتوورتر و باشتر پەروەدەکراون سەرکەوتوو نەبێت؟ ئەدی ئەگەر هەڵی نەکرد؟ ئەو ئینگلیزیەی کە لە دواناوەندی ئەنادۆڵو بەسای کتێب و ڕۆمانەکانەوە زۆر هەوڵی بۆ داوە بۆ وانەکانی داهاتووی ڕەنگە بە پێی پێویست نەبێت. هەرچەندە هەوڵی دەدا بیشارێتەوە وەلێ ترسی سەرنەکەوتن تا بڵێی قووڵ بوو لەسەر دڵی. گەرووی گیرا. چاوەکانی پڕ بوون لە ئەسرین. نەفرەتی لەوە دەکرد کەسێکە هێندە سانا دەگری.

بە دەنگی لەدەرگادان ڕاچەنی. بێ ئەوەی چاوەنۆڕی دەرگا کردنەوە بێت دەرگای کردەوە و شیرین بوو، هاتە ژوورەوە.

"سڵاو دراوسێ، چۆنیت؟"

پەری بێ خواست ئاووی لووتی هەڵلوشییەوە؛ بزەیەکی کرد و هەوڵیدا خۆی سەرحاڵ نیشان بدات.

Scanned with CamScanner

"گوتم دەرکەت بە کراوەیی بەجێبهێڵە!" شیرین ئەمەی گوت لە کاتێکدا کە دەستی نابوونە کەلەکەی و لە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕاوەستابوو. "هۆکارەکەی پیاوێکە؟"

"چی؟"

"ئەوە نییە دەگری. لە هاوڕێ کوڕەکەت جیا بوویتەوە؟"

"نەخێر."

"باشە، هەرگیز بۆ خوێڕیلەیەک فرمێسک مەڕێژە، شایانی نییە. باشە ئەدی چییە؟ لە هاوڕێ کچەکەت جیابوویتەوە؟"

"چی؟ هەر ئەوە مابوو، نەخێر!"

"دەی، باشە" شیرین وای گوت، وەک ئەوەی داوای لێبووردن لە درۆیەک بکات دەستەکانی بەرز کردنەوە. "وادیارە لەم باسانەدا ڕێک و ڕاستی، وەک سپاگێتییەکی وشک. هەرچی منم وەک سپاگێتییەکی کوڵاوم. هاها!"

پەری برۆکانی تێکنان؛ بە تەواوی لە مەبەستی تێنەگەیشت.

"مادەم ئەو فرمێسکانە بۆ خۆشەویستێک نارێژێت، دەبێ بیریماڵەوەتان کردبێت" شیرین بەم قسەیە ئەنجامگیری کرد. "چ خۆشبەختی!"

"چ خۆشبەختم؟"

"بەڵێ، ئەگەر بیری ماڵەوەت کردبێت دیارە کە لە شوێنێک ماڵێکت هەیە، هێلانەیەک!"

دوای ئەوەی ئەمەی گوت خۆی هەڵدایە سەر ئەو کورسیەی لەپاڵ مێزی کارکردن بوو و لە گیرفانیدا سووراوێکی دەرهێنا؛ ڕەنگە سوورەکەی هێندە درەوشاوە بوو، پێدەچوو بۆ بەرهەمهێنانی چەند مەڕێکیان سەر بڕیبێت. "خۆ ئاساییە؟"

دیسانەوە بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بەرسڤ و ڕێدان بکات دەمپاکانی داکەندن، دەستی کرد بە بۆیەکردنی نینۆکی

پێیەکانی. بۆنێکی توونَد و کیمیایی هەوای ژوورەکەی تەنی.
"دوای ئەوەی دایبابت ڕۆیشتوون دەتوانم چەند پرسیارێک
لێ بکەم؟ شیرین وای گوت "دینداریت؟"
"مـن؟ دەڵێـی؟ نـا بە دینـدار دانـانرێم..." پەری وای گوت.
"بەڵام خودام خۆشدەوێ، گرنگە لەلام."
"هممـم. زیـاتر لەمەم پێویسـتە. بـۆ نمـوونە گۆشـتی بەراز
دەخۆیت؟"
"بێگومان نەخێر!"
"ئەدی شەراب؟ دەخۆیتەوە؟"
"بەڵێ، هەندێکجار لەگەڵ باوکم دەخۆمەوە."
"هاهــ، منیش هەروا بیرم کردبووەوە. دووڕەگیت، نیوە بە
نیوە."
پەری برۆکانی تێکنان. "ئەمەیان مانای چی؟"
بەڵام شـیرین گـوێی پـێ نەدەدا. لە گیرفانەکانیـدا بەدوای
شتێکی دیکەدا دەگەڕا. کە ئەیدۆزییەوە ڕوخساری گرژ کرد و
هەستایە سـەرپێ، بـۆ ئەوەی بـۆیەی نینـۆکە هێشتا تەڕەکـانی
تێکنەدا بە لارەڕەوت چووە ژوورەکەی تەنیشت.
پەری کە کەمێک مەراقی کرد و بڕێکیش تووڕە بوو هەستا
و بەدوای شیریندا چوو. ژووری کچە کەمێک کرابووەوە. پەری
سڕ بوو، لە هەمبەر ئەو پەرشوبڵاوییە پەشۆکا. سێتەکانی ماکیاژ،
کرێمەکانی ڕوخسـار، پەنجەوانەی تـوولێ، شووشـەکانی عەتر،
سێوی لاپـارکراو، کـاخەزگەلی نوقـل، زەرفـی بەتـاڵی چیپس،
قوتووی بەتاڵی کۆلا، پەڕەی دڕاوی کتێب و گۆڤـار بەو نێوەدا
پەرش و بـڵاو بووبـوونەوە. دیوارەکـان بە وێـنە و نووسین پڕ
کرابوونەوە. لە هەرچوار لای دیـوارەکەوە پۆسـتەری گرووپی
میوزیکی بیلومـوم هەڵواسـرابوون. وێنەیەکـی گەورەی شـاعیری

ئێرانی فەرووغی فەرووغزاد سەرنجی مرۆڤی رادەکێشا. لە سووچەکەی تری ژوورەکەدا وێنەیەکی نیچە بە سمێڵە گەورەکانییەوە رامابوو. لە پاڵیشدا کۆپییەکی قەترانێکی بچووککراوەی دەستکرد هەبوو کە لە چوارچێوەیەکی درەوشاوەی ئەستێرەییدا بوو. شیرینیش لە ژێرییەوە وەستابوو، لەنێو پشتەکۆڵەکەیدا لێکدا لێکدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا.

"مەبەست چی بوو کە واتگوت؟" دیسانەوە پەری هەمان پرسیاری کردەوە.

"ئێوە نەریتپارێز، ئێوە مۆدێرن. بەرگەی بینینی بەراز ناگرێ، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز شەراب- یاخود ڤۆدکا، تەکیلا ڕەت ناکاتەوە.. ئێستا تێگەیشتی خۆ. کە ڕەمەزان دێت شل دەبێت، لێرە و لەوێی مانگەکە بەڕۆژوو دەبێت، هەندێکجار دەیخوات. واز لە ئاینەکەی ناهێنێ، هەروەها بەوەی کە لە دوای مردن ژیانێک هەیە لەوێش دەیەوێ دەستەبەری خۆی بکات. لە هەمانکاتدا ناشیەوێ واز لە ئازادی خۆی بهێنێت، هەندێک لەم و بڕێک لەو. جوانترین پێکهاتەی چاخەکەمان، بە ناوە لاتینییەکەی *Muslimus Modemus.* هەڵبەتە چەمکێکی وەها نییە، خۆم دروستم کرد."

"چی.. نازانم باسی چی دەکەیت بەڵام تێگەیشتم." پەری وای گوت.

بێگومان تێدەگەیت. *Muslimus Modemus* قەبوڵی ناکەن *Muslimus Modemus* ن" شیرین وای گوت و لەنێو شتە ڕوون و درەوشاوەکەی -سووراوەکەی- دەرهێنا. " ئەها وادیارە لێرە بوویت!"

پەر ئەبرۆکانی تێکنان "سوپاس! وایدابنێ من وەک دەڵێیت ئاوام، ئەدی تۆ چیت؟"

"مـن؟ مـن لەم گەردوونەدا تەنـێ ڕێـوارێکم" شـیرین بەجۆرێـک ئەمەی گـوت وەک ئەوەی مەیـدانخوازی بکات. "خەلکی هیچ کوێیەک نیم. ناشبم!"

لەلایەکەوە نینـۆکی پێیەکـانی بـۆیە دەکـرد و لەلایەکی ترشیەوە درێـژەی دایە باسـی پەڕیگیـر، دووڕوو، بێباکەکان و زرەجاهیلەکـــان. فیکـــری وەک چەم دەڕژان، پەیفەکـــان دەردەپەڕیـن، فیچقەیـان دەکـرد. گـوتی کە ڕێـز لەو کەسانەی لەدڵەوە بـڕوادارن و لەوانەیـش کە لە دڵەوە بێبـاوەڕن دەگرێ. تەنێ ئەوەی بەرگەی نەدەگرت بیرنەکەرەوە، لێپرسەرەوە و ئەو تیـانە بـوون کە قەت خۆیــان پێشنەدەخســت. واتە زۆربـەی مرۆڤەکان.

پەری بێدەنگانە گوێی بـۆ دەگـرت. هەسـتی کـرد دوو پار بـووە. لەلایەکەوە کەیفـی بە خودباوەڕی شـەڕانگێزانەی شیرین نەدەهات. هەستی بە تووڕەیی کـچە دەکـرد، بەڵام بە درووستی لە چی ـلە وڵاتـی دایکـی، بـاوکی یـاخود دینەکەی- دەهـری بـووە، نەیـدەزانی. لەلایەکـی دیکەشـەوە لە قسـەکانی شیرین دەنگدانەوەی دەنگـی بـاوکی دەبیسـت. هەر چۆنێـک بـوو بۆ یەکەم شـەو، کە لە مـاڵی خـۆی دوورە ئامـادەی ئەم جـۆرە دەمـودووەی تێـدا نەبـوو. پێیوابـوو کە بـاس لە پرسـی سادەتر دەکەن: بـۆ نمـوونە لەبـارەی وانە و مامۆسـتاکان. یـان ئەوەی لەکـوێ خۆشترین قـاوە هەیە، لەکـوێ دەتـوانین ژەمـی نیوەڕۆ بخۆین و تاد. زانیاری سادە و ڕۆژانە.

باران دایکرد، بە نمە، بێ خۆشکردنەوە دادەبـاری، پێدەچوو شـتێک هەبێـت شـیرین ئەهـوەن بکـاتەوە، بە تـایبەت کاتێـک دووبارە دەسـتی بە ئاخـافتن کـردەوە ، ئەگەرچـی هێشتا پڕ لە هەست و سـۆز بـوو لەگەڵ ئەوەشـدا دەنگـی نەرمتـر و ئارامتر

بوو. "ببوورە، بە قسە پڕوپووچەکانم دامگرتیت. خۆت دەزانی بروات بە چی هەیە، هیچ پەیوەندی بە منەوە نییە. نازانم بۆچی ئاوا پێتمەوە گرت نازانم. ئەو زمانەی خۆمم پێ دابین ناکرێ."

"کێشە نییە" پەری وای گوت. "هەر باشە دایکم لێرە نییە."

شیرین خەنییەوە؛ ئاوای خەنینەوەی منداڵانەبوو.

"باسی خوێندکارەکانی دیکەم بۆ بکە" پەری گوتی "زۆر ژیرن؟"

"ها! وادەزانی هەرچی لە ئۆکسفۆرد بوو ئەنشتاینە؟" شیرین وای گوت. "گوێبگرە، هەمەجۆرەی خوێندکار لێرە هەن. دەتوانم شەش جۆری جودات بۆ بژمێرم."

گرووپی یەکەم، ئەوانەن کە هەوڵی ڕزگارکردنی دونیا دەدەن. ئەوانەی بێ پسانەوە بەشداری لە کەمپینەکانی سۆشیاڵ-دادگەری دا دەکەن. بلووز ئەستوورەکان، ئەوانەی گەردانەی نقێمداریان لە ملە، ئەوانەی خراپ قژیان چاککردووە، کۆت و پانتۆڵ گنجاوییەکان، ڕوخسارە ڕژد و ئەوانەی کە بۆ هەر ساتێک کۆکردنەوەی واژۆ و نووسینی داواکاری پێنووسیان پێیە بەرچاو دەکەون. کۆبوونەوە ڕێکدەخەن، پۆستەر وبرووشەر ئامادە دەکەن، لە گەنگەشەیەکی گەرم دێتە دەرەوە و دەچنە نێو گەنگەشەیەکی تر. بەم ئەورووپا. ئەمانە لە ماڵباتە زەنگینەکانی ئەورووپا بوون، زۆربە هەرە زۆریان یەکتری دەناسن. هەموویان لە پشوودا دەچنە هەمان شوێنی بەلەمەوانی، دواتر بە پێستی برۆنزی و فۆتۆکانیانەوە دەگەڕانەوە. لەگەڵ ئەو کەسانە دەردەچوون کە خوویان لێک نزیک بوو. ئێژن لە ئەورووپا کرواسانەکانیان تازەتر و کاپوچینۆکانیان خەستترن؛ چ بە هەوا بێت، یان هەورەکان شتێک هەر دەبوو بۆ لێ نزیک بوونەوە.

گرووپی سێیەم، دەرچووانی قوتابخانەی جیاکاری بوون.

لێـــزاردە بەکۆمەڵایەتیکردەکـــان بـــوون. ئەوانەی بەشـێوەیەکی گشتی ئەو قوتابخانانە هەڵدەبژێرن کە پێشتر هاوڕێیەکیان چووەتە ئەوێ، بەخێراییەکی زۆر پارتەکەی خۆیان وشکدەکردەوە. بە وزە و متمـانە بەخۆبـوونێکی دواییـنەهـاتوو خۆیـان بە شتی دەرەوەی وانەکـانەوە سـەرقاڵ دەکـرد. سەولکێشیان دەکرد، بەلەمەوانیـــان دەکـــرد، شـــانۆییان چـــێ دەکـــرد، لە کـاتە بەتاڵەکانیشیاندا دەچوونە تای-چی و لەوێ کاراتەیان دەکرد. ئەو هەموو چالاکیە دەبوو تینوویان بکات، لەپاڵ هەمـوو ئەمانەشدا زوو زوو کۆدەبـوونەوە هەم جلـی پۆشـتەیان لەبەر دەکـرد هەم خواردنەوەی بە کالیتەیان دەخـواردەوە. هێنـدە بە ئاسانیش هیچ کەسیان بۆ نێو یانە و بەزمی خۆیان قەبوڵ نەدەکرد.

گرووپـی چـوارەم؛ خوێنـدکارە بیانییەکـانی نێـو ئۆکسفۆرد بوون. هیندی، چینی، عەرەب، ئیندۆنیسی و ئەفریقایی... ئەمانە لە گـرووپە ژێرینەکـان بـوون. گرووپـی هەرە ژێـرین بـوون، تەنێ لەگەڵ هاونیشتمانییەکانی خۆیـان دەمودوویـان هەبـوو. بەشێوەی گـــرووپ و بە حەســـرەتی زمـــانی دایکـــی خۆیـــان، بەردەوام بەیەکەوە شێویان دەخـوارد، وانەکانیـان دەخوێنـد، جگەرەیـان دەکێشـا و هاودەمییـان دەکـرد. هەرچـی گرووپـی سـەرووی گرووپـی ئەمـان بـوون تەواو بە پـێچەوانەوە: بە هەر هۆکارێـک بـووە تـا پێیـان دەکـرا خۆیـان لە هـاو مەملەکەتەکانیـان بەدوور دەگـرت. ئەوانەی دەکەوتـنە نێـو ئەم پۆلبەنـدییەوە هەوڵیـان دەدا وەک ئینگلیزەکـان -یـانەخۆ ئەمریکاییەکـان- بئـاخڤن، بەردەوام ئەکسێنتەکەیان دەگۆڕی.

گرووپـی پێـنجەم؛ بلیمەتەکـان بـوون! ڕژد، کـارامە، ژیـر، خولیـادار، قـووڵبیر بـــوون و لەو جـــۆرە کەســـانە بـــوون کە سەوداسـەری ئەو زانیارییـانە بـوون کە سـنوورەکانی تێدەپەڕانـد. هەر بە خۆت نەبوو ڕێزت بـۆ دەنوانـدن، وەلـێ دۆسـتایەتیکردن

لەگەڵ وان کە هیچ، هاودەمی کردنیشیان نەکردە بوو. لە ماتماتیک، فیزیا و فەلسەفە وەک ترووسکە دەگەشانەوە؛ بەڵام جگە لەمانە لە کونجە بێدەنگ و چەپەکەکانی خۆیان لە سای تیشکی خۆر ڕوودەنیشتن. ئەگەرچی لە کتێبخانەکان فرکانیان دەکرد بەرەو پۆلەکانیان، لە ڕێڕەوەکاندا گەنگەشەیان لەگەڵ مامۆستاکانیان دەکرد و پڕ وزە دەبینران، لەگەڵ ئەوەشدا عەجەمی بوون، حەزیان بەوە بوو تەنیا بن.

پەری، لە دەمێکدا کە گوێی بۆ شیرین ڕادێرابوو لە هیکڕا بە نیگەرانییەوە هەستی بە خرۆشانێکی تێکەڵ کرد. هەم ئامادەبوو بۆ هەڵدانەوەی نهێنی و پەنهانی ئەو دونیا نوێیە هەم هۆی لێ دەدزییەوە. "تۆ چۆن هەموو ئەمانە دەزانیت؟"

شیرین قاقایەکی کێشا. "چونکە لەگەڵ هەموو کوڕ -هەروەها کچەکان-ی نێو ئەو گرووپانە چوومەتە دەرەوە."

"بەڕاستی؟" پەری بە نیگەرانییەوە وای گوت. شۆک بووبوو. لاڵەپەت بوو. "باشەی ئەدی گرووپی شەشەم؟"

"هاه!" شیرینبە چاوە هەنگوینییە درەوشاوە و توخەکانی وای گوت. "ئەوان دوای ئەوەی دێنە زانکۆ گۆڕانکارییان بەسەردا دێ! مراوییەکی ناشیرین بن دەبنە قاز، کولەکەی ئێسکن بن دەبنە ئۆتۆمبیل، سەندرێلا بن دەبنە شاژن. بۆ هەندێک لە خوێندکارەکان زانکۆ وەک عەسای سیحری وایە؛ دەستت لێ دەدات و هۆ! لە بۆقێکەوە دەبیتە شاژن."

پەری سەری بادا. "واتە چۆن؟"

"ئەمە لە شێوەی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە کاریگەری کەسێکی دیکەوە ڕوودەدات... بە ئەگەری زۆر بە دەستی مامۆستایەک. ئەگەر ڕێکەوتی مامۆستایەکی هۆشمەند، پڕزان و لە کەس نەچوو بکەیت خودان بەختیت.

Scanned with CamScanner

مامۆستایەک کە بتگریتە خۆی و قفڵەکانی مێشکت بکاتەوە."

تۆنی دەنگی شیرین سەرنجی پەری ڕاکێشا. "کەسێکی وەها دەناسیت؟"

"بێگومان دەیناسم، منیش لە گرووپی شەشەمدام" شیرین وای گوت. "ساڵێک بەر لە ئێستا منت ببینیوایە نەتدەناسیمەوە. ڕێک تۆپێک بووم لە تووڕەیی. ئێستا ئارامم."

پەری بیری لەباڵە خۆیدا وای بیر کردەوە؛ ئەگەر ئەمە حاڵ و باری ئارامیی بێت دەبێ حاڵ و باری پێشانی چۆن بووبێت.

"باشە چی ڕوویدا؟"

"بە پرۆفیسۆر ئازوور ئاشنا بووم" شیرین وای گوت. "چاوەکانی کردمەوە! کۆمەکی کردم ناخی خۆم ببینم؛ ئێستا مرۆڤێکی ماقوولترم."

"ئەو پرۆفیسۆر ئازوورە کێیە؟"

"نازانیت کێیە؟ شیرین وای گوت. "ئازوور لێرە وەک ئەفسانەیەک وایە."

"چ وانەیەک دەڵێتەوە؟"

ڕووی شیرین بە بزەیەک گەشایەوە. "خودا!"

"بەڕاست؟ مەگەر لە ئۆکسفۆرد وانەیەک لەبارەی خوداوە دەخوێندرێت؟"

"ئەوی ڕاستی بێت" شیرین وای گوت. "خۆیشی کەمێک وەک خودایەک وایە. بیووره بەڵام. نۆ دانە کتێبی هەن، بەردەوام لە پانێلێکەوە دەچێتە پانێلێکی دی، لە کۆنفرانسێکەوە بۆ یەکی دی. واتە تەمام ناودارە. ساڵی ڕابردوو لە لیستی ۱۰۰ کەسیی هەرە ناوداری گۆڤاری تایم دابوو."

لە دەرەوە با هەڵی کردبوو؛ لە شوێنێکی ئاپارتمانەکەدا پەنجەرەیەک کرایەوە و داخرایەوە.

"من دوو جار سیمیناری ئەوم وەرگرتووە!" شیرین بە خۆشانەوە درێژەی بە ئاخاوتنەکەیدا. "ئاهــ، هێندەی شتی فێرکردین! شێتانەبوو! دوای هەر وانەیەک کۆڵەپشتەکەم تا زارکەکەی پڕ لە فۆتۆکۆپی دەبوو. هەزارەها شتی سەمەرە؛ شیعر، فەلسەفە، مێژوو. بە هەڵە لێم حاڵی مەبە. حەز بەمانە دەکەم؛ هەر خۆی ئەگەر حەزم لێی نەبوایە بۆچی زانستە مرۆییەکانم دەخوێند؟ بەڵام ئازوور، ئەو باسگەلەی کە هیچ کەسێک تۆزقاڵێکی لەبارەوە نەدەزانی دەیدۆزینەوە و دەرخواردی دەداین و پێی قوت دەداین. زۆری لێ دەکردین. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پڕ کەیف بوو. دەزانی زۆر گۆڕام، زۆر کاریگەری کردە سەرم، منی ڕاچەناند. مێشکی کردمەوە."

شیرین هەر کە دەستی بە ئاخاوتن دەکرد وەک ئەو ئۆتۆمبیلەی ستۆپی نەمابێ درێژەی پێ دەدا؛ ئەگەر لە دەرەوە ڕا هێزێک نەبوایە وەستان کە هیچ، بگرە هێواشیش نەدەبووەوە. بە خێرایی درێژەی پێدەدا: "پێویستە تۆش بچیتە سیمینارەکانی ئازوور. وەک وانەیەکی بژاردەکی. هەڵبەتە ئەگەر ئازوور ڕێگە بدات بچیتە وانەکانییەوە. ڕازی کردنی وی سەختە. بەز لە کێنج بکەیتەوە ئاسانترە.(١)"

پەری بە پێکەنینەوە باگۆی دایەوە. "ئێمەش لە تورکیا هەمان پەند بەکار دەهێنین. بۆچی بەشداریکردن لە وانەی ئەو هێندە سەختە؟"

"پێویستە ئامادەیی ئەوەت تێدا هەبێت وەک ئەکادیمییەک وانە وەربگریت. واتە پێویستە قسە لەگەڵ ڕاوێژکارەکەت

---

(١) لە تورکیدا پەندێک نووسراوە، کە هەرە نزیکەکەی لە مانای ئەو پەندە کوردییە بوو، کە بە مانای شان خستنە ژێر باری کارێکی گران دێت.

بکەیت، فلان و فیساری زۆرە. ئەگەر ڕاوێژکار ڕەزامەند بێ، دەچێتە ژووری. ئەم بەشەی کەمێک ئومێد بەخشە. سەخت بکەویتە بەر دڵی کابرا. سەمەرەترین پرسیارەکانی ئاخیرەت لە مرۆڤ دەپرسێ."

"لەبارەی چییەوە؟"

"کچێ هەموو شتێک دەپرسێ... باش و خراپ... بڕوا و زانست... من و ئەوانیتر...." شیرین ئەبرۆکانی تێکنان و بەدوای پەیڤگەلی دیکەدا دەگەڕا. "هاوشێوەی هەڵبژاردنی کەسێکی ئەکادیمی. بە دروستی نەمدەزانی بەدوای گەیشتنە چییەوەیە. لە کۆتاییدا تەنێ چەند خوێندکارێک قەبوڵ دەکات بچنە سیمینارەکەیەوە."

"بەڵام تۆ دوو جاران هەڵبژێردراوی بۆ پشکداربوون لە سیمینارەکانی" پەری وای گوت، بە هەر هۆکارێک بووە هەستی بە جۆرێک لە بەخیلی کرد.

"ڕاستە" شیرین وای بەرسڤ دایەوە. وەنەبوو هەستیش بە غرووری نێو تۆنی دەنگی نەکەیت.

بێدەنگییەکی کورت لەنێوانیاندا هاتە ئاراوە.

"ئاوەکو ئێستا بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێک دیدەنیم هەیە لەگەڵ ئازوور. بۆ ڕاوێژکاریی هۆش." شیرین بە خرۆشانەوە ئەمەی گوت. "وادیارە کەمێک زێدەڕەویم کرد. زۆر قۆزە. مەبەستم هێندەش قۆز نییە. سێکسییە!"

پەری سوور هەڵگەڕا. بەدەم نەزانینی بەوەی کە دەبێ چی بکات لەسەر کورسییەکەی خۆی ڕوونیشت. ئەگەر هەروایی تەماشات کردبان هەردووکیان لە کولتووریی ئیسلامییەوە هاتبوون و لەسەر خاکی هاوشێوەدا لەدایک بوونە، وەلێ شیرین

Scanned with CamScanner

چەندە جیاواز بوو. چەندە لەگەڵ خۆی و ڕەگەزەکەی تەبا و چەندەش بێ ترس بوو!

"وای گیان، تۆ ئەڤینداری مامۆستاکەیت بوویت" پەری دوای بێدەنگییەکی پڕ نائارامی وای گوت. "مەگەر ئەمە شتێکی هەڵە نییە؟"

شیرین سەری بە پشتدا خست و قاقایەکی بەرزی کێشا. "ئۆف، هەر زۆریش، زۆر هەڵەیە. بە فەرمانی خاوەندشکۆ هەر ئێستا فەرمانی گرتنم دەرکە."

پەری کە شەرمی لە سادەییەکەی خۆی کردەوە شانەکانی هەڵتەکاندن. "ئەوە... سیمینارەکە خۆش دێتە بەر گوێ. وەلێ من دەبێ جەخت بخەمە سەر هەندێ کار وباری دی."

"واتە زۆر سەرقاڵی بە کاری فانییەوە. شیرین بەدەم تێبڕینی نیگا بڕندەکانی لە هاوڕێ تازەکەی وای گوت. "کاتت نییە تا بیبەخشیتە خودا!"

ئەگەرچی هەر بە گاڵتەشەوە گوتبێتی، قسەکەی شیرین هێندە چاوەڕواننەکراو و شێوازی گوتنەکەی هێندە ڕەق بوو، پەری پڕینگایەوە. نیگاکانی لە پەنجەرەکەوە بڕینە ئاسمان، کە بەدەم دوایین تیشکەکانی بەر لە ئاوابوون شیوەی قورقوشمی دەنواند. با و باران، هەر لەسەرەتای پاییزەوە کزەی زستان هەست پێدەکرا؛ پەری هەموو ئەمانەی دوای چەندین ساڵ بەیاددا دەهێنانەوە. یەکێک بوو لە خاڵەکانی وەرچەرخان لە ژیانیدا، بەڵام زۆر درەنگ لەمە حاڵی بوو.

# سەرقاڵیی

ئیستانبوڵ، ۲۰۱۹م

ئۆردوڤر[1] سـەڵاتەی باینجـانی بـرژاو، مریشـکی چەرکەزی، تێتگینار بە پاقلە، دۆڵمەی کوولەکە، قەڵێی هەشـت پێ- لەسای پێداهەڵـدانەکان شـێفەکە ئەونـاوەی پـاککردەوە. پەری هەر کە ئەختەبووتەکەی دی سـێبەرێک کەوتە سـەر ڕوخساری. ئەوی ڕاستی بێت دەمێک بوو وازی لە خـواردنی هێنـابوو؛ بە نووکی چنگاڵەکەی بەڕێزەوە وەلای خست.

هێنـدەی نەبـرد گـاڵتە و گەپجـاڕی هەوای ژوورەکەیـان پڕ کـرد. لەو سـەری مێزەکەوە بـۆ ئەوسـەری میوانەکـان کەوتنە دەمودوو. لە فیلەکانی نێو دونیای تۆپی پێ دەستیان پێکـرد و بۆ کۆتـایی پـێ هێنـانیش بردیـانەوە سـەر دڵخـوازترین باسـی سەر خوانەکانی ئیستانبوڵ: سیاسەت! وەک چۆن هەر کاتێـک زیاتر لە چوار تورک پێکەوە کۆببنەوە هەر دەبێ ئەو پرسیارە بکـرێ، لێرەش هەمان پرسیار کرا: حاڵی ئەم مەملەکەتە چی بەسەردێ؟

قسەکردن لەبـارەی سیاسـەتەوە یـاریی میللـی ئێمەیە، لە هەر سووچێی وڵاتدا، خولیایەکە منداڵ تا پیـر پێیەوە سـەرقاڵن. بەڵام هـیچ کەسـێک هێنـدەی بۆرژواکـان، کە وایـان دادەنـا کەرامەتەکەیان بـۆ خۆیـان دەگەڕێتەوە خۆشنەدەویست.هەڵبەتە تەنـێ ئەو کاتـانەی کە لە حەرەمـی ماڵەکانیانـدا بـوون! پەری

---

(۱) جۆرە خواردنێکە

بۆرژواکانی ئەم مەمەلەکەتەی بە شووتی دەچواندن: دەرەوەی سەوز و ناوەوەی سوور. سەوز ڕەنگی ئایدۆلۆژیای پارێزکاری و باروودۆخی ئێستایی، سووریش ڕەنگی کاردانەوە و نارەزامەندیی. بەردەوام کەلێنێک لەنێوان ناسنامەی گشتی و دەرەکی و خودپەسندی ژیانی تایبەتیدا هەبوو بە تایبەت کە قسە لەبارەی ئەهلی کار بێت. هەمیشە بە ئامانج دەگیرێن و بەردەوام بە ڕاگوڕکێ و چینپارێزییەوە دەژیان. لەنێو خەڵکیدا تێرامان و دونیابینی خۆیان دەشارنەوە و ئەگەر ناچار نەبن دەنا خۆیان لە باسی سیاسەت دەدزییەوە؛ ئەگەر ناچاریش بوایەن هەندێک شتی بێ زیان و هەروایان دەگوت، هەر ئەوەندە. لەهەمبەر ئەو شتانەی کە نیگەرانیان دەکردن -کە ئەمە زوو زوو ڕووی دەدا- بە ڕوون و ڕاشکاوی کاردانەوەیان نەدەبوو؛ چاویان دەنووقاندن، گوێیان کەڕ و زمانی خۆشیان دەگەستەوە.

وەلێ لەنێو چوار دیواری ماڵێدا تەمامێک جودا بوون، زۆر جیاواز! دەکەوتنە نێو وەرچەرخانێکەوە. دەما کو لە ماڵێ دەبوون ئەو نەبانی و بێباکییەی لە دەرەوە هەیانبوو وەردەگەڕایە سەر بوێری، چرپەیان دەبووە هاوارکردن، خۆگرییەکەشیان دەبووە شێتگیریی. بۆرژواکانی ئیستانبوڵ بە خواستی قەرەبووکردنەوەی بێدەنگییەکەی دەرەوەیان، لە ئاهەنگی شەوانەی ماڵان و میوانداریە تایبەتییەکاندا لە باسکردنی سیاسەت تێر نەدەبوون.

پەری ئەو ساڵانەی لە زانینگە بوو، چەندین پەرتووکی لەبارەی ڕۆڵی گرنگی بۆرژواکان بە درێژایی مێژوو خوێندبووەوە. لە ڕۆژئاوا بۆرژوازیەت ماوەیەک پابەند بە بەها لیبراڵییەکان و لە دژی فیوداڵیزم ڕۆڵێ پێشەنگیان بینیوە. هەرچی لێرەیە سنفی کەپیتالیست هێشتا قۆناغی گەشەسەندنیان

تێپەڕاندووە و وەک شتێک کە دواتر هاتبێتەوە بیریان و فیکرێکی نیوەناچڵ بێت هەروایی بە هەواوە بوو. ئەگەر مارکس مانیفێستوی کۆمۆنیزم ی لە تورکیا بنووسیبا، ڕەنگبێ بە تەواوی تێزەکانی گۆڕیبان. بۆرژوازیی لەمەڕ خۆمان لەباتی ئەوەی کۆمەڵگا بگۆڕن لەلایەن کۆمەڵگاوە تارومار کرابوون. ناکۆک لەگەڵ حاڵ و باری خۆیان، بگرە حولحولی بوون. هیچ سات و سەردەمێک نەبووە سەربەخۆ بن.

کۆتایی و سەرەتای هەموو شتێک لەم وڵاتەدا دەوڵەت بوو. دەوڵەتی کۆنپارێزی دەسەڵاتدار هاوشێوەی گەرداوە هەورێکی مەزنی سەروەختی تۆفان، لە ڕازاوەترین ڤیلاوە تاوەکو سادەترین خانووە بێ تاپۆکان؛ بەسەر هەموو ماڵێکەوە داهاتبوو. بۆ وێنا با ئەم یالی[1] یانە وەربگرین. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەلایەن دەڤشیرمەیەکی[2] بە نەژاد کرواتی کە ناوی یونس پاشا بووە، بنیاتنراوە. بە هۆکارێک پاشا لەبەر چاوان کەوتووە ئەو دەوڵەتەی کە سەرەتا دەستباری بۆ ڕاگرتبوو ئەمجارە دەستی بەسەر ماڵ و موڵکەکەی داگرت و دایە کەسێکی ڕاستگۆتر. ئەگەرچی سەدان ساڵ بەسەر ئەمەدا تێپەڕیوە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چینی باڵا بەو ترسەوە دەژین کە شتێکی هاوشێوە دووبارە بێتەوە.

---

(١) بەو خانووە دوو تا سێ نهۆمییانە دەگوترێ کە لە هەردوو ڕۆخی گەرووی بۆسفۆڕ لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە دروستکراون.

(٢) دەوشیرمە- دەڤشیرمە: لە سەردەمی فراوانخوازی عوسمانییەکان بەرەو ئاسیای بچووک، وڵاتانی بەلکان و بەشێک لە ئەورووپا سوپای عوسمانی لە هەر ماڵێك (جگە لەو ماڵانەی کە تاقانە کوڕێکیان هەبووە) کوڕێکیان لێ سەندووە و لە سەرای سوڵتان بە شێوەیەکی تایبەت پەروەردەکراون. دواتر لە کاروباری دەوڵەت سوودیان لێ بینراوە. دەگوترێ زۆر وەزیر و گزیری ئەو دەورانی عوسمانیان لە دەڤشیرمەکان بوون.

پەری لە ڕوخساری ئەوانە ڕاما کە دەوروخولی مێزەکەیان دابوو. لە ڕاستیدا دەوڵەمەند، ئەوی هەڵپەی دەوڵەمەند بوون بوو، ئەوانەش کە هەر زۆر دەوڵەمەند بوون هەموویان بە هەمان پلە خەمبار بوون. هەموویان پێگە، هێز وسەروەتیان بە ڕاددەیەکی زۆر بە دەوڵەتەوە پەیوەست بوو. بەهێزترینیش لەوە دەترسا پەکی بکەوێ، داراترینیان لەوە دەترسیا بکەوێتە تەنگەبەرێکەوە. وەک چۆن لە تەمەنێکی بچووکەوە ئایینی مرۆڤ دەستنیشان دەبێت، بە هەمان شێوەش نەریتی دەوڵەتیش دیاری دەرا. زاڵبوونی ترس. چینی بۆرژواکان بەم هەموو پڕشنگداریی و شکۆمەندییەوە هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ منداڵێک کە لە بابی دەترسێ!! لەم مەمەلەکەتە باوک زیاتر لەوەی مانای خۆشەویستی و میهر بدات؛ مانای زاڵێتی و هێزی دەدا.!! کاتێکیش بەم جۆرە بێت جیاواز لە هاوچینەکانی خۆیان لە ئەورووپا بۆرژواکانی ئێرە نە پێشهەنگاوییەکیان هەبوو نە سەربەخۆیی، نە بەردەوامیان هەبوو نە بیرێکی کۆگر. لەنێوان ئەوەی کە دەبوو بین و ئەوەی کە خوازیار بوون بین دا گیریان خواردبوو -"دروست وەک خۆم" پەری وەها بیری کردەوە.

دروست وەک خۆم...

بۆنی مۆمە بۆندار و بەرامی خواردن و عەتری هەموویان تێکەڵی یەک دەبوو. ئەگەرچی ئەوانەی کە جگەرەیان دەکێشا پەنجەرەی بالکۆنەکەیان کردبووە و کزە بایەکی فێنکی لێوە دەهاتە ژوورێ لەگەڵ ئەوەشدا هەوای ژوورەکە سەنگین و گەرم بوو. پەری سووسەی ئەوەی کرد کە گرژی و ناهەڵی لەنێوان هەندێک لە داوەتکراوەکاندا هەیە. سیاسەت دەریایەکی بە تۆفان و پڕ پارچەی شکاوی گەمیە بوو. دۆستی دەکردنە دوژمن. وەلێ پێچەوانەکەیشی ڕاست بوو. کەسانێک کە هیچ

هاوبەشییەکیان بەیەکەوە نەبوو کۆی کردبوونەوە، دژبەری دەکردنە دۆست.

دوای نیو کاتژمێر، کاتێک سۆسەکان بەسەر دەورییەکانەوە وشکبوونەوە شێوە و فەسالّی میوانەکانیش گۆڕانی بەسەردا هات، چارەیان تێکنا، بزەکان بوونە ڕژدی. بە سەرسوڕمانەوە جەختیان لەسەر بۆچوونەکانیان دەکردەوە، بە هەمان خرۆشان و بزڕکانیشەوە گەنگەشەیان لەبارەی داهاتووی تورکیاوە دەکرد وەها باسیان دەکرد کە داهاتووی تورکیا جودا نییە لە داهاتووی جیهان و لەبارەی ئەمریکا، ئەوروپا، هیندستان، پاکستان، چین، ئیسرائیل و ئێرانیشەوە هەڵیان دایە. دیار بوو کە متمانەیان بە هیچ کام لەو وڵاتانە نییە. ئەو لۆبییە شووم و مەقاشانەی لە دژی تورکیا لەبن فێڵ بوون، ئیمپریالیزم و خزمەتکارەکانی، ئەو دەستە شاراوانەی لە دوورەوە هەموو کارێک ڕایی دەکەن...

چۆن کاتێک بە کۆڵانێکدا دەڕۆن بە گومانەوە دەیانڕوانییە تەنەرخۆر و سوالکەرەکان، هەمان ڕوانینیشیان لەمەڕ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەبوو: وەک ئەوەی هەمیشە چاولەڕێی هێرش و ڕووتکردنەوە بن لێیان.

# ڕاکەر

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

بوونە خوێندکار لە ئۆکسفۆرد بە دوو جۆر باندۆری کردە سەر پەری. یەکەمیان سینەماتۆگرافیک بوو. زانینگە، بینا کۆنە حەوشەدارەکان، باخچە پڕ لە ئارامییەکانی، قوللە بەرزەکانی تا ئەشقی ئاسمان، سەربانە سایەدارەکان، سالۆنە فەرمییەکانی نانخواردن و بیناسازییە بەرچاوەکەی ئەو هەستەی لەناخی ویدا دروست دەکرد، کە هەموو شتێک لە گوینە ڕوویدات؛ دەتگوت هەر وردەکارییەکی پارچەی فیلمێکە -فیلمێک کە پەری ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ- ئەو خرۆشانەی لە ناخیدا زیندەتر دەبوو، بڕوا و متمانەی بەوەی کە خەریکە کارێکی گرنگ ئەنجام دەدا، زۆرتر دەکرد.

هەندێ ڕۆژان بەم هەستەوە لە خەو ڕادەبوو، پڕ وزە و ویستەوە؛ وەک بڵێی ئەگەر بە باشی بخوێنێ هیچ شتێک نامێنێتەوە بەسەریدا زاڵ و سەرکەوتوو نەبێت. ئەگەر دەرچوویا پلانی ئەوەبوو یان لە زانکۆ بمێنێتەوە یان لە دامەزراوەیەکی متمانەپێکراوی نێودەوڵەتی کار وەدۆزێ. خواستی ئەوە بوو باوکی شانازی پێوە بکات. هەر لە ئێستاوە دیپلۆمە ڕازاوەکەی لەنێو چوارچێوەیەکدا و لە ژووری دانیشتن لەپاڵ یەکێک لە پۆستەرە هەڵواسراوەکانی ئەتاتورک دەهێنایە بەرچاوی. ئێواران کاتێک مەنسووری باوکی تەماشای سەرکردەی پیرۆز دەکرد بادەکەی ڕووەو سەرکەوتنی کچەکەی بەرز دەکردەوە.

دووەم کاریگەرییەکەی سەر پەری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەمامێ پێچەوانەی کاریگەرییەکەی یەکەم بوو. کلۆسترۆفۆبی[1] جۆرێک لە بەسەر خۆدا داخران، نیگەرانیی، زۆرهانیی ترس، ئیتر شوێنێک نەبوو بە سانایی بتوانی فەتحی بکەیت. شیفرەکانی تەنێ یەک بە دوای یەک دەکرانەوە. کاتێک پەری دەکەوتە تەنگەبەری ئەم هەستانەوە دەچووەوە نێو خۆی؛ بەهۆی سەختیی وانەکانی، باری مەوداداریی مامۆستاکانی چاوترسێنی دەکرد و دەکەوتە زیندانی وەهمەکانی خۆی.

لە دووکانەکاندا ملپێچی بە ناوی زانکۆ نەخشێنراو، بلووس و ورچەپەڕۆیینە دەفرۆشران. زیاتر لە خوێندکاران گەشتیاران سەردانی ئەوێیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی نەگرت و کوپەیەکی قاوەی کڕی. تەمای وابوو کە بۆ ئاهەنگی کاکی بچێتەوە لەگەڵ خۆی بیباتەوە و بیکاتە دیاری دایکی. بە ئەگەری زۆر سەلماش وەریدەگرت و لەسەر شێڵفەکان لەپاڵ ئەسپە فەخفوورییەکان و کتێبگەلی دوعا و فەرموودەکان دایدەنا.

سپێدەیەک، لەو دەم و ساتانەدا کە هێشتا مانگ بە ئاسمانەوەیە، کچە خوێندکارێکی بینی بە گوارەی گوێیانی و ڕوومەتە ئاڵ ئاڵەکانییەوە ڕایدەکرد. لە ئیستانبوڵ سەرباری ئەو ئاستەنگییانەی ڕێگاکان بۆیان دروست دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک هەوڵی ڕاکردنی بەیانیانی دابوو. کەیفی پێهات.

---

(١) ترس و سترێسی ئەو کەسەیە کە هەست دەکات یاخود دەکەوێتە شوێنێکی تەنگەبەری بێ دەرباز و دەروو.

تێرە بەبێ خەمی پلیکانەی تێکشکاو، چاڵ و چۆڵی ڕێگا، دەستدرێژیی پیاوان و ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەکەناری ڕێگاش دەڕۆن هێواش ناکەنەوە، بۆخۆی ڕاکردن شتێکی جیاوازە. هەمان ڕۆژ جووتێک پێڵاوی ڕاکردنی کڕین.

دوای چەند تاقیکردنەوەیەک ئاڕاستە ئایدیالەکەی خۆی وەرگرت. لە پردی ماگدالەنەوە بە ئاڕاستەی باخچەی ڕووەکی ڕایکرد و بەلای کاتێدراڵی کریست چەرچدا تێپەڕی، تا ڕۆخی ڕووباری تایمز ڕایکرد و ئەگەر هێزی مابوایە ڕێگەی گەڕانەکەی درێژە پێدەدا و دەگەڕایەوە. پەری هەستی دەکرد شەقامە بەردڕێژەکان هەندێکجار لەژێر قاچەکانی دەڕۆیشتن؛ دەتگوت ئەم کۆڵانە خۆش، کۆنین و پێچاوپێچانە ئەوسەریان لە سەدەیەکی دیکە دێتە دەرەوە. سەختترین کار ئەوەبوو ڕیتم و تێمپۆی وەربگرێت، هەر هێندەش کە وەریگرت ئەوەتا دەمژمێرێک بێ ئەوەی لەدەستی بدات درێژەی پێ دەدا. زیاتر لە خێرایی ئەو مەودایەی لەکن گرنگ بوو کە دەیبڕی. کاتێک تەزە تەڕەکەی بە ملییەوە نووسا و دڵی بە ڕاددەی ئەوەی ئازاری بدا خێرا لێی دەدا هەستی دەکرد چووەتە نێو جەستەیەکیتر، هەستی دەکرد قۆناغێکی تێپەڕاند. شایەد ئەگەر هەمیشەیی چێژێکی هەبێت هەر بەم جۆرە دەبوو.

لە ئۆکسفۆرد ژمارەیەکی زۆر کەس ڕایاندەکرد-مامۆستایان، خوێندکاران و فەرمانبەران. دەتتوانی بەهێسانی خولیایانی وەرزشکردن و ئەوانی تر کە تەنیا بەهۆی ئەوەی بەڵێنیان بە کەسانێک -پزیشکەکانیان، هاوسەرەکانیان، یان بە خۆیان- داوە وەرزشیان دەکرد. ئەگەر پەری بەخیلی بەوانەش بردبێت کە لە خۆی بزێوتر و چالاکتر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا

خۆشنوود بوو بەو ئاستەی خۆی. هێشتا هەر سوور بوو، بێ ئەوەی بلێی ڕۆژانی دەوام و کۆتایی هەفتە؛ هەموو ڕۆژێک ڕایدەکرد. گاهێ دوای خۆرنەوەزان و گاهێ بەر لەخۆر کەوتن چەند جارێک بۆ ئەوەی هۆشی و فیکری کۆوەکا بەشەوان ڕایدەکرد. خۆی مقەیەدی دیسپلینێکی ئاسنین کردبوو. ئەمەش بە هۆکاری فزیکی نا، هۆکارەکە زیهنی بوو. کاتێک ڕایدەکرد، لەخۆی هەڵدەهات.

لەو سەروبەندانەدا کاتێک هاوڕێی کەسێکی تر ڕایدەکرد، خواستی بوو بزانێت ئەو کەسە بیر لەچی دەکاتەوە. بەڵکە بیری لە هیچ شتێک نەکردبێتەوە. بۆیە پەری بەدەگمەن دەیتوانی ئەو چرپانەی ناخی خۆی کپ بکاتەوە. کاتێک وەهم، ترس و نیگەرانییەکان وەک جاڵجاڵۆکەیەک پەتیان لەنێو سەریدا دەچنی هەوڵی دەدا خێراتر ڕابکات. هەر جارێک ئەو هەوا شێدارەی هەڵدەمژی کە خەریک بوو دەبووە باران بیری دەکردەوە؛ مرۆڤ چەندە لە وڵاتی خۆی دوور بێت نیگەرانی و خەمگینییەکانی ڕابردووی هەروا بەسەر کۆڵیەوە دەبن.

# ماسیفرۆش

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

بەو هەفتەیەیان دەگوت هەفتەی تازە هاتووان. یەکەمجار بەر لە وەدەستهێنانی هیچ تێگەیشتنێک، بێچووە خوێندکاران[1] لەدەمی ئاسینی زانکۆ و دەورووبەرەکەی و لە کاتی پەیدابوونی هاوڕێی تازە -وە ڕەنگین دوژمنی تازەش- هەترەش لێ بڕانیان، بە ئامانجی ئەوەی هەرچی زووە ئەوەی هەیە لەسەر خۆیانی وەلابەن وەک چۆن درەختی بەعەبەد[2] لەگەڵ هاتنی یەکەم سەرما هەموو گەڵاکانی دەوەرێن ماوەی چەند ڕۆژێک کەوتنە تەنگەبەرەوە. لە کەیف و سەفای مەقەڵی و برژاندندا، پیکنیک کردن، ئاهەنگی یەکترناسین لەگەڵ مامۆستاکان، پێشبڕکێی خواردن، چای دوای ژەمی ئێواران، سەماکردن، کاراوکی[3]، ئاهەنگەکانی پۆشەنیی... پەری بە تیشێرتی تایبەت بە قۆناغی

---

(١) لە فەرهەنگی زارەکی و چینێکی کۆمەڵگای ئێمەدا وەک توانجێک پێیان دەڵێن (قاز).

(2) Ginkgo biloba

(٣) کاراوکی، جۆرە یارییەکە کە لە ژاپۆن دروستکرا. کە گۆرانیبێژی تازەکار گۆرانی، دەڵێت لەگەڵ میوزیکێکی، تۆمارکراو و بەبەکارهێنانی مایکێک. زۆرینەیجار گۆرانییە باوەکانی، کۆمەڵگا بەکاردێت وە لەسەر شاشەیەک دەقی، گۆرانییەکە نیشاندەدرێت. وە لەکاتی، نووسرانی، دەقی، گۆرانییەکە ئەوا ڕەنگی، نووسینەکە لەگەڵ کاتی، میوزیکەکە دەگۆڕێت، ئەمەش بۆ ئەوەی گۆرانیبێژەکە بزانێت کە لەو ساتەدا کامە وشە دەربڕێت و هاوتای میوزیکەکە بێت.

بەکەم بە حەپەساوییەوە لەوێیەوەدا دەخولایەوە؛ لەگەڵ چەند خوێندکار و کرێکارێک بە شەرم و سڵەمینەوە ئاخێزی وایدەزانی جگە لەو هەموویان لەخۆیان زۆر دڵنیان.

هێندەی بەسەردا نەچووە کە زانکۆ بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی "ئێلیتیست"[۱]- بڕیاری "هەمەڕەنگی زیاتر"ی دابوو. بە تایبەت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە توانای داراییان نەبوو بەخششی زانکۆیان پێدەدان. کاتێک پەری دەیڕوانییە سیمای کەسانی دەوروبەری خۆی، نیوەبازنەیەکی ئیتنیکی، نەژادی و ئایینی دەبینی، بەڵام ڕەچاوکردنی بارودۆخی داراییان سەختتر بوو.

لەژێر ئەو جوڵە تادارەدا پەری هەستی بەوەکرد کە هەندێکیان نیگای کوڕان و هەندێکیان نیگای کچان دەکەن. بگرە کوڕێک کە لە هۆوەی وەستابوو وادەردەکەوت نیگاکانی یەکانگیری وێ کردوون. باڵابەرزێک بوو؛ کژە زەردەکەی کورت بڕیبوو، نیوشانێکی پان و وەستانێکی سەرکەشانەی هەبوو، تەخمینی پەری وابوو یان مەلەوانە یان بەلەمەوان.

دەنگێک بەرز بوویەوە: "خۆتی لێ بەدوور بگرە"

کاتێک پەری ڕووی وەرگێڕا، لە پشتییەوە کچێکی سەربەچەفیەی بینی، کە تا وێ دەمێ نەیدیبوو.

"لە یانەی بەلەمەوانی زانکۆیە، بە زیادەوە ناوداره" کچە بە چاو داگرتنێکەوە وای گوت. کلی لەچاوە بادەمییەکانی کردبوو. "هاتووە ماسی ڕاو بکات."

"بەڵێ؟"

"مەبەستم ئەو کوڕەیە، هەموو ساڵێک هەمان شت دەکات. لە دواتر بە پۆزبڵندی و خۆپەسندییەوە دێ باسی ئەوە دەکات

---

(۱) دەستەبژێری"

ماوەی هەفتەیەکدا چەند ماسی بە تۆڕەوە بوون. ئەو لەهەوڵی وەی دایە ڕیکۆردی ساڵی پاری بشکێنێ، وام بیستووە."

"ی دەڵێی ماسی... مەبەستت کچە خوێندکارەکانە؟" پەری وای گوت.

"ئەدی کچێ! لایەنی سەیری ئەم کارە ئەوەیە هەندێک لە کچەکان گلەیان نییە وەک گێلەماسیی مامەڵەیان دەکرێ." بە دەنگێکی ئەنزنامێزەوە ئەمەی گوت. پەری بە دیقەتەوە گوێی لێ گرتبوو.

"پرسیار لەوانەی ئێرە بکە بڵێ کێ پێویستی بە فیمینیزمە؟" کچە وەها درێژەی بە قسەکانی دا. "دەزانی چی دەڵێن: 'بۆ ژنانی هیندستان، نایجیریا و عەرەبستانی سعودی پێویستە، نەک بۆ ژنانی ئینگلتەرا، ئێمە دەمێکە ئەمانەمان تێپەڕاندووە!' جاری بۆ ئۆکسفۆرد هەر پێویست نییە، مەگەر وانییە؟ بەڵام لە ڕاستیدا وانییە. دەتزانی کە کچانی ئێرە سەرنەکەوتووترن؟ لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا جیاوازییەکی زۆری ڕەگەزی هەیە. کچێکی قۆناغی یەکەمی ئۆکسفۆرد هێندەی کچە دێهاتییەکی میسر پێویستی بە فێمینیزمە! ئەگەر لەگەڵ بۆچوونەکەمدایت ئەم ڕووبەڕەم بۆ واژۆ دەکەیت؟" وای گوت و تۆمارێکیی کاخەزیی بۆ پەری ڕاهێشت کە بە قەڵەم جاف لەسەری نووسرابوو "تیمی فێمینیستی ئۆکسفۆرد".

"ببورە، واتە تۆ فێمینیستی؟" پەری بە پارێزەوە ئەمەی پرسی. ئەگەری بۆ ئەوە دانەنابوو پەچەبەسەرێک فێمینیست بێت.

"هەڵبەتە" کچە وای گوت. "فێمینیستێکی مسوڵمانم؛ ئەگەر کەسانێک هەبن وابزانن ئەمە ڕێی تێناچێ، ئەمە کێشەی خۆیانە."

لەودەمەیدا پەری واژۆکەی دەکرد هاوڕێ کوڕەی جارانی خۆی هاتەوە بیر. نەک تەنێ دژی ئەدەبیاتی ئەورووپا بوو، بگرە

دژی هەموو ئایدۆلۆژیاکانی ڕۆژئاوا بوو، بە تایبەت فیمینیزم!
ئەمە سەفستەیەکە بۆ ئەوە داهێنراوە تاوەکو باجییەکانی
لەمەڕخۆمان لە پرسە سەرەکییەکە -واتە جیاوازی چینایەتی-
دووربخەنەوە. بۆ کۆتاییهاتنی چەوساندنەوەی ئابووری و
کۆتاییپێهێنان بە هەر جۆرە جیاکارییەک پێویست بە
جولانەوەیەکی جیاوازی ژنانە ناکات. هەرچۆنێک بێت
ڕزگاری ژنان بە ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا وەدی دێت.

"سوپاست دەکەم" کچە لەکاتێکدا قەڵەم و کاخەزەکەی لێ
وەرگرتەوە وای گوت.

"هەر بەو هۆیەوە؛ ناوی من مونایە، ناوی تۆ چییە؟"

"پەری."

"خۆشحاڵبووم بە یەکترناسینمان" مونا وای گوت.
خەنینەوەکەی پڕ شەوق بوو.

مونا بۆ پەری گێڕایەوە کە ئەمریکاییەکی بە نەژاد میسرییە و
لە نیوجێرسی لەدایک بووە. کاتێک تەمەنی دە ساڵان بووە لە
گەڕاونەتەوە لە قاهیرە نیشتەجێ بوون. دوای چەندین ساڵ لەوێ
هەڵیان نەکردووە و دووبارە گەڕاونەتەوە ئەمریکا. دووەم ساڵی
خوێندنی بوو لە ئۆکسفۆرد، وەلێ بەهۆی ئەوەی زیاتر مەیلی
بەلای فەلسەفدایە بەشەکەی دەگۆڕێت. وەک باسی دەکرد
دایکیشی باڵاپۆشە، بەڵام دادەی بێ چەفییە. "وەک دوو
خوشک دوو بژاردەی جیاوازمان هەیە لە ژیاندا."

"واتە مەبەستت ئەوەیە... خۆت باڵاپۆشیت هەڵبژارد، ها؟"

"بێگومان باوانم مافی هەڵبژێریان پێدام. باڵاپۆشیم بڕیاری
خۆمە، گوزارشتە لە بڕواکەم. خودباوەڕی و ئاسوودەییم پێ
دەبەخشێت." سێبەرێک پەڕیە سەر ڕوخساری. "بریا دەتزانی هەر
بەو هۆیەوە چەند جار سەرکۆنە کراوم."

Scanned with CamScanner

پەری لەو کـچەدا دایکــی خــۆی بەدیکــرد لەتەمەنێکــی گەنجتردا. هەمان پێداگری، هەمان بەرگری. "دایکیشم بالاپۆشە." بە هێمنی ئەمەی گوت.

"ئا؟ بەڕاستە؟" چاوەکـانی مونـا کە چاوەڕێ بـوو لەو باسـەدا چەنـد شـتێکی دیـکەی گــوێ لێبـێ درەوشـانەوە، بەڵام پەری باسەکەی داخستبوو. نیازی بەوە نەبوو بۆ بێگانەیەک بەیانی ئەوە بکات نێوانی لەگەڵ دایکی خۆش نییە.

"باشـە، دڵنیـام دیسـان یەکـدی دەبینینەوە. مـن بەردەوام لێرە شتێک هەر هەیە واژۆی بۆ کۆبکەمەوە" مونا وای گـوت. "وەرە تۆش ببە خۆبەخش. زۆر شت هەن پێویستیان بە چارەسەرە."

بەر لەوەی لێـک هەڵبـبڕێن تەوقەیـان کـرد - شـەتەک؛ ئەمە تەرز و شێوازی مونا بوو.

هەمـان شـەو پەری لە ڕۆژنڤیســکەکەیدا ئەمەی نووســی: «*کەسـگەلێک هەن دەیـانەوێ دونیـا بگـۆڕن، هەنـدێکی دی یـا هاوسەر یا هاوڕێکانی. ئەوانەی دەشیانەوێ خۆیان بگۆڕن زۆر کەمن. ئەگەر لەمن بپرسن وادیارە من دەمەوێ خودا -تێگەیشتن لە خودا- بگۆڕم. شتێکی چەنـدە شکۆدار دەبـوو. بە سـوودی هەموو لایەک.*»

* * *

کاتێـک پەری لە ئیسـتانبوڵ بـوو ناچـار بـوو ژیـانێکی سـادە بگوزەرێنێ، ناشکرێ بڵێین لەمەدا سەرکەوتوو بوو. بۆیە کاتێک لە ئۆکسفۆرد بارە کولتوورییەکەی سەر شـانی وەلاچـوو چێژی لە تەنیاییەکەی دەبینی. ئەگەرچی هۆکاری دوورەپەرێزییەکەی لە خۆدەرخستن داخراویـی نەبـوو. هەنـدێک لە چالاکییەکـان (چای ژووری خوێنـدکارەکان، کۆبـوونەوە لەگەڵ مامۆستایان) بێ بەرامبەریش بوون، بەڵام بـۆ ئەوانەی دی (پاسـتای بچـووکی

فێگان- ڕووەکی، شیرینییەکان، پیزای ڕووەکییەکان) دەبوو پارە خەرج بکەیـــت. دووربـــوون لەو هەیـــاهووە بـــۆ بـــودجە سنووردارەکەی باشترین شت بوو. لەباتی ئەمانە لیستی ئەو کـــارانەی پێویســـتن ئامـــادە کـــرد: وەدەســـتهێنانی ناســـنامەی خوێندکاری، دۆزینەوەی کتێبی وانەکانی بە نرخێکی هەرزانتر، کـــردنەوەی حســـابێکی بـــانکی خوێنـــدکاریی. بـــۆ دۆزیـــنەوەی هەرزانتـــرین ڕێگـــا بـــۆ مـــانەوە لەژیـــان نرخـــی دوکـــان و سوپەرمارکێتەکانی بە یەکدی بەراورد دەکردن.

وادیارە بەهۆی کۆتاییهاتنی هەفتەی تازەهاتووەکان بە هەموو بەزم و کەیفخۆشـــیەکەیەوە، خۆشـــحاڵترین خوێنـــدکار پەری بووبێت. قۆناغی ئەکادیمی هەر زوو دەستیپێکرد. پەری کە ئارام بوویـــۆوە بە چـــوار دەســـت ڕۆتینـــی ســـیمینار، وانەکـــان، لیســـتی خوێندەوە و ئەرکەکانی ڕێکخستن. خوێندنی وانەکانی بۆ پەری بەتەواوی پەتێکی پتەو بوو تا لەنێو ئەو کەشوهەوا بێگـانەیەدا خۆی دەستی پێوە بگرێت.

شیرین لە دەم و کاتی جیـاوازدا دەهـات و لەدوای خۆیشیدا بـۆنی عەترێکـی بەهەوای ژوورەکەوە بەجێدەهێشـت و دەچوو. ژیـــانی ڕۆژانەیـــان، بە تـــایبەت ئێـــواران بە تەواوی جیـــاواز و ڕێکنەخراو بوو. وەلێ زۆربەی ڕۆژەکـان بەرچـایی و نیوەڕۆیـان بەیەکەوە دەخوارد. بە پێچەوانەی ئەو هەموو لێکنەچوونەیان زۆر شت هەبـوو قسەی لەبـارەوە بـکەن. هەر زوو هاوڕێیەتییەکەیان پتەو بوو.

لەو نێوەشدا پەری وانەی ئەو سیمینارەی لەبیر نەچووبوو کە شیرین باسـی کردبـوو و زوو زووش وەبیـری دەهێنـایەوە. لەنێو لیســـتی وانەکـــانی بەشـــی فەلســـەفە و ژمـــارەیەک سەرەباسـی سـەرنجڕاکێش و ئـاڵۆز -ستۆیسـیزم، دەروونزانـی و زانیناسـی؛

بۆچوونە فەلسەفییەکانی پلاتۆ. ژیانی باش و درۆی ڕاستینە، تۆماس ئەکویناس: ڕەخنەکانی سەدەی ناوەڕاست و لایەنگرەکانی. ئایدیالیزمی ئەڵمانی و فەلسەفەی کانت- لەنێو ئەو باسانەدا ئەو باسەی دۆزییەوە کە بەدوایدا دەگەڕا.

لە کۆتاییەکانی لیستەکەدا سەرەباسێک نیگای بەکێش دەکرد: خودا. لە ناساندنەکەی پاڵی ئەمە نووسرابوو: *ئەم وانەیە، لە چاخە دێرینەکانەوە تاوەکو بە ئەمڕۆ دەگات، لە فیلۆلۆژییەوە تاوەکو شیعر، لە ڕۆحانییەتەوە تاوەکو زانستی مێشک، لە فەیلەسووفە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە تاوەکو هاوشێوەکانیان لە ڕۆژئاوا پشت بە هەموو ئەمانە دەبەستێت و لێکۆڵینەوە لەبارەی خوداوەندەوە دەکات.*

ناوی مامۆستاکەش لەنێو کەوانەیەکدا نووسرابوو: پرۆفیسۆر ئەنتۆنی زەکەریاس ئازوور[1]. لە ژێریشیدا تێبینییەک نووسرابوو: *ئاگاداریە: ڕەنگبێ ئەم وانەیە بۆتۆ شیاو نەبێت. وەرگرتن سنووردارە، سەرەتا پێویستە لەگەڵ پرۆفیسۆر قسە بکەن!*

ناساندنی وانەکە سەرنجی پەری ڕاکێشا، ئەو شێوازە چەندە خۆپەسندانەش بێت، چەندەش پاڵنەرانە بوو هێندەش داوەتکارانە بوو. ئەگەر کەمێکیش بیری لە ڤەکۆڵینی زیاتر کردبێتەوە هەوڵە سەرشێتانەکانی یەکەم ڕۆژی هەر زوو لەبیر کرد. وادیارە شیرین لەسەر حەق بووە. پەری زۆر سەرقاڵ بوو، "پێویست بوو چاوەڕوانی خوداوەند بکات.

(1) Anthony Zacharias Azur

# کاڤیاری ڕەش

ئیستانبوڵ، ٢٠١٦

خواردنی سەرەکی ئیسۆتۆی بە قارچ و بەرخی بە زەعفەرانی لە فڕن سوورکراوە بوو. دەوروبەرەکەیشی بە سەوزەی سوورکراوە ڕازێنرابووەوە، لەسەر دەوری گەورەی زیوین پێشکەش دەکرا. پێشخزمەتەکان بە جلوبەرگە کانیانەوە بە هەوایەکەوە هاتن و لە کاتی هەڵگرتنی سەرپۆشەکان کەشێکی وەها تیاترۆیانەی هەبوو، هەندێک لە میوانەکان چەپڵەلێدانیان بە پێویست زانی. میوانە بەتامخۆرەکان و شەرابنۆشەکان تادەهات زیاتر وەدەنگ دەهاتن و زیندەتر بوێر دەبوون.

"ئەگەر ڕاستگۆبم، بڕوام بە دیموکراسی نییە" ئەمە ئەو ئەندازیاری تەلارسازە گوتی کە لەهەر چوار لای شار سوودی گەورەی لە پڕۆژە مەزنەکان بینیوە. "ڕۆژئاواییەکان وەعزمان بۆ دەدەن کە دیموکراسی تاکە بژاردەیە، درۆزنانە! ئێوە تەماشای سەنگاپوورە بکەن ڕێک چیرۆکێکی سەرکەوتنە. ئەوەتا ئەگەر دیموکراسیش نەبێت دەکرێ. چین، ڕووسیا، و ئەوانیتریش. ئێمە لەسەردەمی خێراگوزەردا دەژین. پێویستە بە خێرایی برووسکە بڕیار بدەین. لە کاتێکدا ئەورووپا بەهۆی گەنگەشەی بێ سوودەوە کات بە فیڕۆ دەدات؛ سەنگاپوورە ڕێچکەی خۆی گرتووەتەبەر. بۆچی؟ چونکە سەرنجیان چڕکردۆتەوە. دیموکراسی کات بەفیڕۆ دەدات، پارە بەهەدەر دەدات."

Scanned with CamScanner

"برافۆ خۆشەویستم" ئەمە ئەو ئەندازیاری دیکۆری ناوەوەی ماڵ گوتی کە پێدەچوو بەمزووانە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندازیارە تەلارسازەکە بکات. "هەمیشە گوتوومە دیموکراسی بۆ تیمە لەم مەملەکەتە زیادەیە. با دان بەوەدا بنێین لە ئەورووپاش کەوتوونەتە دەردەسەری بەدەستییەوە، جارێ بۆ ئێرە هەر ناشێ!"

ژنی بازرگانەکەش هاوڕایان بوو. "کوڕەکەم لەبواری یاسا-کاردا کاردەکات. مێردەکەم بە هەزاران کرێکاری هەن. بەڵام دەنگی ماڵباتەکەمان سێ دەنگن! شوفێرەکەمان پێنج منداڵی هەن. براگەورەکەی لە گوندێکی دوورەدەستی ئەنادۆل دەژی؛ سێ ژنی هەن، یانزە منداڵی هەن! پێموانییە لە ژیانیاندا کتێبێکیان خوێندبێتەوە، بەڵام دەنگەکانمان هێندەی یەکدین. لە ئەورووپا خەڵک خوێندەوارە. دیموکراسی لەوێ زیان بە هیچ کەسێک ناگەیەنێت. خۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وانییە. پێدانی مافی یەکسانیی دەنگدان بە جاهیل و خوێندەواران وەک ئەوە وایە شقارتە بدەیتە دەستی منداڵێک. هەموو ماڵەکە دەسووتێنن!"

ئەندازیاری تەلارسازی پەنجەی ئاماژەی بە ڕیشیدا هێنا و کەوتە نێو ئاخاوتنەکان. "گیانە با هێندە نەڕۆین. ناشتوانین بە تەواوەتی واز لە سندووقی دەنگدان بهێنین. ناتوانین ئەمە بۆ دونیای شارستانی بەیان بکەین. هەر هێندە بەسە دیموکراسییەکی کۆنترۆڵکراو و سنووردارمان هەبێت. سەرۆکێکی بەهێز لەدەسەڵات بێت و تیمێکی بژاردە لە بیرۆکراس و تەکنۆکرات هەبن. کاتێک کەسی یەکەم دەزانێت چی دەکات، ئەودەم ئۆتۆریتێر شتێکی باش دەبێت. ئەگەر وانەبێت وەبەرهێنانی بیانی چۆن ڕوومان تێدەکات؟"

هەرکەس ڕووەو ئەو ئەمریکاییە وەرچەرخا، حسابداری سندووقی کۆمپانیایەکی تایبەتی ئەمریکی بوو، لەگەڵ ئەوان

Scanned with CamScanner

لەسەر مێزەکە بوو حسابدارێک بوو کە سەردانی شارێ کردبوو- پیاوەکە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەو وەرگێڕانەی وەرگێڕەکە لەپەنا گوێی دەریچرپاند ئاگای لە قسەکانیان بێت. کاتێک هەستی بە نیگای هەموویان کرد ڕوویان لەو کردووە، بە نائارامییەوە جوڵەیەکی کرد. "بێگومان هیچ کەسێک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نائارامی ناوێ. دەزانن لە واشنتن چ ناوێکیان لێرە ناوە. ڕۆژهەڵاتی شۆرباو. ببورن بەڵام ئێرە ڕێک بووەتە جوگرافیای کێشمەکێش."

هەندێك لە میوانەکان خەنینەوە، ئەوانیدی کەمێک ڕوویان ترش کرد. ڕاستە کێشمەکێشە، بەڵام کێشمەکێشی ئەوان بە ئەوان بە کامی دڵ ڕەخنەیان لێ دەگرت، بەڵام ئەگەر ئەو ئەو پیاوە دەوڵەمەندە ئەمریکییە نەیگوتبا فرە خاس دەبوو.

"هاوڕای تێزەکەی منە" ئەندازیاری تەلارساز لە کەلێنی پارووی ڕیسۆت کە ئاخنیبوویە دەمییەوە وای گوت.

"ئێ، تادێ هەموو کەسێک دێتە سەر هەمان ڕا" بەڕێوەبەری بانک بەم قسەیە حەقی بە قسەکەیدا. "دوای شکستی بەهاری عەرەبی هەر کەسێک هۆشی لەسەردا بێت سەرکردایەتییەکی بەهێز و سوودەکانی سەقامگیری ڕەتناکاتەوە."

"دیموکراسی پاسێ[1]، ئیتر گوزەشت! دەزانم ئەمە هەندێک کەس تووشی شۆک دەکات، بەڵام با وابێت" ئەندازیاری تەلارسازی وای گوت. نازی بەوە دەکرد کە بۆچوونەکانی پەسندکراون. "من خۆم قەت دیکتاتۆریەتێکی نابازیاک ڕەتناکەمەوە."

"کێشەکە ئەوەیە دیموکراسی لەم مەملەکەتەکی لەمەڕ خۆمان

[1] passé

وەک خاڤیار وایە؛ زۆر نایابە" ئەمە ئەو پزیشکەی جوانکارییە گوتی کە دوای ئیستانبوڵ لە ئەورووپا چەند کلینیکێکی کردبووەوە. "زۆر گران لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێت."

"ئێ خۆ چیتر ئەورووپاش بڕوای بە دیموکراسی نەماوە" ڕۆژنامەنووسە ناودەرەکە وای گوت، کە ئەمەی دەگوت بە چەقۆی دەستی پارچە گۆشتێکی بەرخی ورد دەکرد. "ئەگەر باس لە یەکێتی ئەورووپا بکەی ئەوەتا هەڵدەوەرێ."

کاتێک ڕووسیا لە ئۆکراینا بووە پڵنگ، هەموویان بوونە پشیلەی شیر بۆ دانراو" ئەندازیارەی تەلارساز کە تەواو کەوتبووە سەر هەوای خۆی ئەمەی گوت. "ئەم سەدەیە، سەدەی پڵنگەکانە. ئێمەش خەریکە دەبینە پڵنگ. هەڵبەتە ئەوکاتە خۆشیان ناوێین. بەڵام لێمان دەترسن، خۆی هەر ئەمە گرنگە."

"من وەک خۆم دڵخۆشم کە ئێمەیان لە یەکێتی ئەورووپا وەرنەگرت" ژنەی خودان کۆمپانیای ڕێکلام وای گوت. ئەگەرنا وەک یۆنانمان لێ دەهات." بە هێواشی نەرمەی گوێی خۆی ڕاکێشا و کەشکەی پەنجەی لە مێزەکەدا. *با گوڵلە بێت بۆ گوێی شەیتان.*[1]

"یۆنانەکان؟ خوخوای گەڕانەوەی دەورانی عوسمانییەکانیانە؛ لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئێمەدا زۆر بەختەوەرتر بوون" ئەندازیاری تەلارساز بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت. بەڵام کە ئەدگاری سەر ڕووی پەری بینی خەندەکەی نیوەچڵ ما. ڕووە و عەدنان وەرچەرخا و چاوێکی لێ داگرت. " وادیارە هاوسەرەکەت خۆشی لە گاڵتەکانی من نەهاتبێت."

عەدنان کە بەدەم دانانی دەستێکی لەژێر گوێی بۆ هەموو

(١) ئەم کارە لە کەلتووریی تورکان بە مەبەستی دوورخستنەوەی چاوی بەد و بەچاوچوون دەکرێت.

قسەکان گرتبوو بە خەندەیەکی مەنگەوە باگۆی کابرای دایەوە.
"دڵنیام کە وانییە" بە نەزاکەتەوە ئەمەی گوت.
پەری چاوبەرەژێری قاپەکەی بەردەمی بوو کە ڕۆنی ریسۆتۆی بەسەرەوە مەیی بوو. پەری دەیتوانی خۆی لە دەرزیتاژنکردنەکانی ئەندازیاری تەلارساز نەبان بکات؛ ڕێک وەک دووکەڵی چرووت، دەیتوانی وای بخەملێنێ کە شتکی نەویستراوە، بەڵام دەشکرێ بەرگەی بگرێت. دەیتوانی قوونی بداتەوە، بەڵام ساڵانێک لەوەوپێش، دوای ئابڕووچوونێک لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، بەڵێنی ئەوەی بەخۆی دابوو کە هەرگیز جارێکیتر پاسیف نەبێت.
"بەڵام ڕاستە" پەری وای بە مێردەکەی گوت. "خۆشت دەزانی کەیفم بە ئاخاوتنی وەها حەماسی نایەت. دیموکراسی بە کافیار و دەوڵەتەکان بە پڵنگ بچوێنی، ئەمە هاشوهووشی نەتەوەپەرستییە." بەهۆی ئەوەی پاش ماوەیەکی خۆش یەکەم جار بوو قسە بکات هەموویان ڕوویان ڕووەو پەری وەرچەرخاند. "ناتوانین واز لە دیموکراسی بهێنین. جگە لەمە هیچ دیکتاتۆرێکی نیازباش بوونی نییە."
"ئەوە بۆچی؟" دەستبەجێ ئەندازیاری تەلارساز پرسی.
"چونکە ناکرێ خودای بچکۆلە هەبێت. ئەگەر کەسێک یەکجار بە ڕۆڵی خودا هەستا، زوو یان درەنگ بەجارێ شووڵی لێ هەڵدەکێشێ."
هۆشی گەڕایەوە لای پرۆفیسۆر ئازوور. ئەگەر ئازوور کەمێکیتر سادەتر بوایە، قەبوڵی ئەوەی کردبا ئەویش هاوشێوەی خوێندکارەکانی "قانییەکی خاکەڕایە" تۆ بڵێی حیکایەتی ئەوان جوداتر نەبوایە؟
"کەمێك واقیعبینبە" ئەندازیاری تەلارسازی بە ڕەقییەوە ئەمەی

گوت. "ئێرە چینی دەستەبژێری ئۆکسفۆردەکەی تۆ نییە. ئێمە باس لە ڕاستینەی سیاسیی دەکەین. بڕوانە دراوسێکانمان: سووریا، ئێران، عێراق! ئەمانە فینلەندا، سوید و دانمارک نین. هەرگیز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراسی لەسەر تەرزی ئەسکەندەناڤیا بنەجێ نابێت."

"ڕەنگە بنەجێ نەبێت." پەری وای گوت. "بەڵام ناشێ واز لە خەیاڵ بۆ کردن، داواکردن و تاقیکردنەوەی بهێنین. ناتوانی ڕێگە لە ویستمان بگریت."

"ئارەزوو! ئەشتۆ پەیفێکە! ئەمەتا ئێستا کەوتیتە نێو سێلاوێکی ترسناک" ئەندازیاری تەلارساز بەدەم دانانی لەپی دەستەکانی لەسەر مێزەکە و خۆچەماندنەوەی بۆ پێشەوە وای گوت. "منیش و تۆش هێندە گەورەبووین کە بزانین مرۆڤ دوای تەمەنێک واز لە ئارەزووەکانی دەهێنێ."

"ئا ئا، چ پێویست دەکات باسەکە بێنیتەوە سەر تەمەن گیانە" ژنی بازرگانەکە بەم قسەیە هاتە نێو باسەکە، هەوڵی دەدا دۆخەکە هێمن بکاتەوە.

پەری هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئەوەی دەزانی کە چاوەڕێ نەدەکرا "ژنێکی ڕێکوپێک، سادە و تۆکمەی تورک" بێت و لەنێو کۆمەڵێک کەسدا بەرگری لە ئارەزوو بکات. وەلێ ئەو زووێکەوە گەرەکی بوو دەست لە یانەی ژنە تورکە ڕێکوپێک، سادە و تۆکمەکان بکێشێتەوە. ئەگەر دەستلەکارکێشانەوەکەی قەبوڵ نەکرێ، کۆڵێ ڕازی بوو بەوەی دەربکرێ.

"ئەگەر مەبەستت ئەوەبێت من گەیشتوومەتە تەمەنێک کە پێویست دەکات واز لە هەموو خولیا و ئارەزووێک بهێنم، یان پێتوابێت پێویستە نەتەوەکانیش هاوشێوەی ژنە ماندووەکانی ماڵ

بە چارەنووس و دیکتاتۆرەکەی خۆیان ڕازی ببن و واز لە خەیاڵ و ویستیان بهێنن، ئەوا بەهیچ شێوەیەک هاوڕات نیم." پەری وای گوت. "ئەگەر ڕاستیت دەوێ، بەزەییم پێتدا دێتەوە."

بۆ ماوەیەک هیچ کەسێک نەیزانی دەبێ چی بڵێت، بێدەنگییەکی چڕ کە وەختە بڵێیم دەڵوا دەستی لێوە بلەوێت ژوورەکەی داگرت. بازرگانەکە زانی پێویستە بەهانای ئەم دۆخە بگات، چەناگەی هەڵبڕی و شانەکانی بەرز کردنەوە؛ هاوشێوەی سەماکارێکی فلامینکۆ دەستەکانی لێکدان و بە دەنگێکی خەندەوارەوە: "ئێ، ئێ کوا خواردنەکەی دواترمان هەر نەهات؟"

دەرکەی نێوان ژووری نانخواردن و چێشتخانەکە پاڵنرا و کرایەوە؛ پێشخزمەتان بە لەز و خێرا هاتنە ژوورێ.

# فەرهەنگ

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

لە ئۆکسفۆرد شتێکی وا لە *یانە* و و ڕێستۆرانتەکاندا نەبوو، ژمارەیەکی زۆریش لەو خوێندکارانە هەبوون کە باری داراییان باش بوو. بەڵام پەری دوای ئەوەی بۆ جاری یەکەم لەگەڵ دایک و باوکی چوو، جارێکیتر پێی تێنەخستنەوە. ئەمە لە کاتێکدا لە سەرووی سەد کڵەب و دەستە هەبوون کە دەیتوانی بچێتە نێویان، بەڵام لە هەموویان بە *تیمی فێمینیستیەکان* یشەوە خۆی بەدوور دەگرت. نەیدەویست جگە لە خوێندن، دەورکردنەوەی وانەکان و هاوڕێیەتیکردنی شیرین کات بۆ هیچ شتێکیتر تەرخان بکات. بۆ کوڕەکانیش هەروەها. عەشق گرێیەک بوو کە هەست و ئەندام و هۆرمێنەکانی تێکدەئاڵاندن، دابڕانەکانیش لەو خراپتر. چالاکییە ڕۆمانسییە پێکەوەییەکان، نانخواردنەکانی نیوەڕۆیان، خواردنی ئێواران، هەنگاونانەکان، شەڕکردنەکان لەسەر پرسی بێبەها و دووبارە ئاشتبوونەوەکان. ئەڤین شتێکی پڕ لە مشەقەتی بوو. بەهەمان شێوە هاوڕێیەتیش هۆگری و ئەمەکیان گەرەکە. ئەگەر جارجار یەکێک لە خوێندکارەکانیش خوێتی بۆ هەڵچووبا و هاتبایە بەردەمی، هەموو جارێ بەجۆرێکی وا هەڵسوکەوتی دەکرد تا پەیوەستی نێوانیان پتەو نەبێت. تەنیا و بێگانە بوو. تاکە دروشمێکی بۆخۆی داهێنابوو: بخوێنە، بخوێنە، بخوێنە!

پەری کە بە درێژایی ژیانی خوێندنی بە سەرکەوتن

ڕاهاتبوو، یەکەمجاری بوو بە تەواوی هەست بە سەختییەکانی ئەکادیمیا بکات. کێشەی لە ڕاگەیەشتن بە وانەکان نەبوو، بەڵام بەشداریکردنی لە گفتوگۆی نێو سیمینارەکان و ئامادەکردنی باسەکان سەخت بوون. ئاسان نەبوو بە زمانێک گوزارشت لەخۆی بکات کە زمانی خۆی نەبوو. بەردەوام بیری باوکی دەکرد، بەڵام بەوە غوربەتەکەی دادەمرکاندەوە کە بکارێ وابکات شانازی پێوە بکات.

بڕوای ئەوەی بەخۆی هێنابوو کە؛ بۆ ئەوەی لە ئۆکسفۆرد سەرکەوتوو بێت دەبێ ئینگلیزییەکەی پێشبخات. وەک چۆن نەمامێک تا بێتە درەختێک پێویستی بە دڵۆپەکانی بارانە، مێشکیشی بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارشت لەخۆی بکات پێویستی بە وشە بوو. دەستەیەک کاخەزی تێبینی ڕەنگاوڕەنگ و لەزگەی کڕین. ئەو پەیڤگەلەی لەسەر دەنووسین کە پێیوابوو لە نزیکترین دەرفەتدا پێویستی بە بەکارهێنانیان دەبێت- هاوشێوەی هەموو بێگانەکان ئەویش سەوداسەری وشەی تازە بوو بوو.

جارێکیان لە وانەیەکدا کاتێک بە دەنگێکی بەرز ئەرکەکەی خوێندەوە مامۆستاکەی سەرکۆنەی شێوازەکەی کرد. پەری بەسەرخۆیدا شکایەوە. ئەو ڕستانەی کە وایدەزانی زیرەکانە و جوانن، بۆ مامۆستاکەی پەیڤگەلی بێمانا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ورەی خۆی نەشکاند. درێژەی بە کۆکردنەوەی وشە و فەرهەنگەکان دا. وشەکان بۆ ئەو لەو سەدەف و مەرجانانە دەچوون، کە هەر کاتێک لەگەڵ ماڵباتەکەی دەچوونە کەنار دەریا کۆیدەکردنەوە- جوانیی بێ هەژماری هەڵکشان و داکشان، بگرە بەپێچەوانەی سەدەفەکانی دەریا پەیڤەکان هەناسەیان دەدا، زەپ و زیندوو بوون.

***

بەهۆی ئەوەی بەباشی ئاراستەی خۆی نەدەدۆزییەوە، سەرەتا چەندینجار وندەبوو. هەروا ڕێگەی پێچاوپێچ، کۆڵانی تەسک و بەرتەنگ و بازنەی بە هەنگاوەکانی دەنەخشاندن. لەو گەڕانە بێ سەمەرانەیدا بە کتێبفرۆشییەکی زانی، ناوەکەی سەرنجی ڕاکێشا: دوو جۆر هۆش. زەمینە خراپ و تێکچووەکەی بەردەم دووکانەکە لەگەڵ هەنگاونانی ڕێبواران تەق و لۆقی بوو، لەهەر دیوارێک تا بنمیچەکە کتێب لەسەر ڕەفەکان دانرابوون، لەنێو ئاگردانی سووچەکەدا وێنە کۆنەکانی ئۆکسفۆرد دانرابوون؛ لە دوو ژوورەکەی نهۆمی سەرەوەش کە بە پەیژەیەکی دارین بۆی سەردەکەوتی بە سەلیقەوە، کتێبگەلی فەلسەفی، دەروونزانی، فەلسەفەی ئایین و مێژووی زانست دانرابوون. وێنە لەچوارچێوەگیراوەکانی قەد دیوارەکە و ئەو نیودەرە پاستیلیانەی و بەدرێژایی ڕۆژ قاوەی بێبەرامبەر لە ڕێگەی ماکینەکەی قاوەوە وایکرد ئێرە ببێتە دڵخوازترین شوێن بۆ پەری.

ئەو دوو هاوسەرەی ئێرەیان بەڕێوەدەبرد (ژنەکە سکۆتلاندی و پیاوەکەش پاکستانی بوو) سەرسام بوون بەوەی کە پەری دەیزانی ناوی کتێبفرۆشییەکەیان لە چییەوە هاتووە. ناونیشانی شیعرێکی مەولانا بوو، پەری یەک دوو دێڕیشی دەهاتەوە بیر: *"هۆش دوو جۆرن: یەکەمیان؛ هۆشی وەدەستهێنراوە.... تۆ، لە فێرگەدا منداڵ چۆن فێردەبێت ئاوا فێری دەبیت... سەرچاوەی دووەمی هۆش لە گیانیدایە.. . تۆ لە دڵتدا بەدوای کانیدا بگەڕێ!"*

"ئافەرین" ژنەکە وای گوت. "هەر کاتێک ویستت دەتوانی بێیت و لێرە کتێب بخوێنیتەوە.."

"بۆ پەرەپێدانی هۆشت، هەردوو جۆرەکەش!" پیاوەکە گوتی. پەری هەروایشی کرد. لە ماوەیەکی کەمدا ئەمەی لێ بووە

خووێنک، قاوەکەی وەردەگرت و ٥٠ پەنی دەخستە قوتووی بەخشش، لەسەر یەکێک لە نیودەرەکان ڕوودەنیشت تا ئەوکاتە پشتی وەژان دەکەوت و ئەژنۆی دەگیران دەیخوێندەوە و دەیخوێندەوە. بۆ ئەوانەی حەزیان لە خوێندنەوەی کتێب بوو ئۆکسفۆرد بەهەشتێک بوو. سەردانی کتێبخانەی دیکەشی دەکرد. لە کونجێکی چەپەک شوێنێکی بۆخۆی دەگرت و زیاتر لەوەی بتوانێ بیانخوێنێتەوە کتێبی لەبەردەم خۆی کەڵەکە دەکردن و زەرفێک کراکەری هەڵدەپچڕی و سەری ڕۆدەبردە نێو ڕووپەلەکان.

یەکێک لە شتە بە باندۆرەکان لەسەر پەری ئەوەبوو لە سالۆنە بە شکۆکان نان بخوا کە لە ساڵی ١٣٧٩وە مابووەوە. تاقمی مێزە زیوینەکە شێوەی مێزی قوتابخانەیان هەبوو، خواردن لەلایەن پێشخزمەتگەلی سپیپۆشەوە پێشکەش دەکرا. پەری لەوێدا، کاتێک دەرودیواری چواردەوری بە وێنەی زەیتی خوێندکارە عەبالەبەر و سەرۆکانی پێشوویتری زانکۆی پێوە هەڵواسرا بوون و لەسەر کورسیی درێژی لە داری بەڕوو دروستکراو دادەنیشت، هەستێکی وا دایدەگرت وایدەزانی چووەتە نێو قالبێکی دیکەوە. چەند بەشێکی زانکۆکە چەندین سەدە بوو نەگۆڕا بوون. پەری مەدهۆشی دەستدان لە مێژوو و ئەو "هەستی بەردەوامی"یە بووبوو. زۆر جار تەنیا بۆ ئەوەی بۆنی ئەو کتێبانەی سەروەشیان دەکرد و لەسەر ڕەفەکان دانرابوون هەڵمژێ، سەردانی ئەو کتێبخانە کۆنانەی دەکرد. دەچووە نهۆمی ژێرەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کتێبانەی مەبەستی بوون قۆڵێکی کانزایی وەردەسووڕاند و جووڵەی بە ڕەفەکان دەکرد. لەنێو هەزاران کتێبدا کە هەر یەکەیان پەرستگەیەک بوون هەستی دەکرد دڵخۆش، ئارام و بێ کێماسییە. سەیر بوو لە کاتێکدا

لەنێو ئۆقیانووسێک لە زانیاری دابوو زۆربەی جاران ئەوەی بە مێشکیدا دەهات خوداوەند بوو.

هەستی دەکرد ناتوانێ ئەم دۆخەی بۆ هیچ کەسێک بەیان بکات. سەرباری ئەمە نە دیندار بوو نە مەعنەویاتێکی بەهێزی هەبوو. پەری تەنێ مەراقدار بوو و خودا لەنێوان زانین/نەزانیندا سەرنجڕاکێشترین مەتەڵ بوو. هەندێکجار بۆ بڕواهێنان و نەهێنان بە شتێک دەکەوتە نێو گومانەوە. ئەمەی لای هیچ کەسێک نەدەدرکاند. هەڵبەتە لەڕووی کولتوورییەوە مسوڵمان بوو. ئەو کە لەنێو کولتووری مانگی ڕەمەزان، جەژنەکان و شیرینییەکانیان هاتبوو و زۆر لایەنی دیکەیشی گەرمایان بە دڵی وێ دەبەخشی. ئیسلام وەک یادەوەرییەکی منداڵی وابوو بۆ پەری - چەندە ئاسراو بوو هێندەش دەرەهەست، چەندە ئاشنابوو هێندەش دوور.

هەمیشە ئەوە بۆ پەری سەیر بووە لە تورکیا زۆر کەس بەبێ ئەوەی لە ماناکەی تێبگەن و بزانن بە عەرەبی نزایان دەخوێند. ئەو پەیڤەکانی لا شیرین بوون. بەسەریانەوە دەلەرزی. وەک ئەوەی هێلکەبن و ترسی هەبێت بشکێن بە نەرمییەوە پیتەکانی دەخستە نێو لەپی دەستەکانی. لەسەر پێستی هەستی بە گەرماییان دەکرد. بەدوای ماناکانیاندا دەگەڕا، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و شێوازی ئیتمۆلۆژییەکانی دەدا. ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانەی بڕوایان پێ هەبوو هەروا نزاکانی ئەزبەر دەکردن. کەسانێکی واش هەبوون کە هەر نووسراوێکی عەرەبی بە پیرۆز دەزانی. زیاتر لەوەی هەوڵی تێگەیشتن بدەن، لاسایی بوو. زیاتر لەوەی کنەکردن بێت، زایەڵە بوو.. "ئاخی خۆت پەناگەی ئیمانتە، تەنێ ئەو کاتانە وەڵامەکانت دەستدەکەون کە واز لە پرسیارکردن

بهێنێ. "وایـــان دەگـــوت. ئەمە لەحاڵێکــــدا پەری حەزی بە پرسیارکردن و سەرێتیشەکەی بوو.

لە ڕۆژنفیسکەکەیدا وای نووسی: مـرۆڤ بە پرسیارەکانی وەڵامەکـان هەڵـدەبژێرێ؛ ڕۆشـنیش بە مانـدووکردنی هۆش. ئاتایستەکانیش بە ڕوانگەیەکی وەها. سەیرە لە کاتێکدا لەبارەی خـوداوە زانیارییەکانمـان تـا بڵێـی سـنووردارە؛ ژمـارەی ئەوانە چەنـدن کە دەتـوانن بڵـێن "نـازانین". دەوروبەرمـان پـڕە لە "زۆرزانەکان". هێشتا ڕێکەوتی کەسێکم نەکردووە بڵێ "دڵنیانیم، بڕیارم نەداوە، هێشتا لێیدەکۆڵمەوە." وادیارە تەنێ من هەم.

Scanned with CamScanner

# فریشتە

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

لەوەتەی پەری هاتبووە ئۆکسفۆرد، زوو زوو تەلەفۆنی بۆ ماڵەوەیان دەکرد. بە گرنگییەوە لەو کاتانەدا تەلەفۆنی دەکرد کە دەیزانی دەتوانێ لەگەڵ باوکی بە ئاسوودەیی قسان بکات. ئەو ڕۆژەش دایکی بەرسڤی تەلەفۆنەکەی دایەوە.

"پەری گیان...." سەلما بە حەسرەت و میهرەبانییەوە ئەمەی گوت، بەڵام هەرزوو تۆنی دەنگی گۆڕا. "دێیتە ئاهەنگی براکەت، وانییە؟"

"بەڵێ دایکە. ئەوە نییە بەڵێنم دابوو."

"بووکەکەمان فریشتەیەکە! هێندە شیرینە."

سەلما بەچاکی خۆی بۆ ئاهەنگەکەیان ئامادەکردبوو. بە زیادەڕەوییەکەوە کە پەری سەغڵەت دەکرد ستایشی بووکی داهاتوویانی دەکرد. پەری قسەکانی دایکی بە شیرینی پێچراوەی نێو کاخەزی ڕازاوە دەچواند. هۆکار چ بوو کە تامێکی ناخۆش لەنێو ئەو شیرینیانەدا شاراوە بوو. لەژێر ئەو ستایشە تونێکلدارەدا ڕەخنەگرتن لە پەری پەنهان بوو. وەک بووکەکەم لەگەڵ تۆمە کچێ تۆ تێبگە. جگە لەوە پەری هەرگیز نەیتوانی ببێ کەچی بووک "ڕۆڵەیەکی ئایدیاڵ" بوو: دیندار، پارێزکار، نەرمخوو، گوێڕایەڵ.

"ئای چەند باشە، لە ماڵباتەکەمان هەر لە پەرییەکمان کەمبوو"

پەری لەژێر لێوەوە ئەمەی ورتاند.

"ئەوە تۆ چیتە؟" سەلما پرسی.

"هیچ."

سەلما ئاهێکی هەڵکێشا. "پێویستە لە شەوی خەنەبەندانیش لێرەبیت."

"دایکە پێشتریش باسی ئەوەمان کردوە. تەنیا دەتوانم ڕۆژی ئاهەنگەکە بگەڕێمەوە."

"وانابێ. خەڵکی قسەمان لەسەر دەکات. دەبێ زووتر بێیتەوە."

"وای دەنا تێگەیشتبام ئەو "خەڵکە" کێن؟ بۆچی بۆچوون و فیکری ئەوان هێندە گرنگە؟"

"قسەی قۆڕ مەکە" سەلما وای گوت. "دەتەوێ بکەوینە بەر زاری دەرودراوسێ؟"

پەری چاوەکانی هەڵبڕین[1] لەم دونیایەدا تەنێ دایکی دەیتوانی بە یەک -دوو قسە سەراوژێری بکات. دەتگوت تاکە کەس سەلمایە کە دەزانێت بۆ خێراکردنی هورووژمی خوێنی پێویست دەکات دڵی کچەکەی لە کامە لایەوە بگوشێ.

"ناتوانم زیاتر وانەکانم لەکیس خۆ بدەم" پەری بەبارێکی ڕژدەوە ئەمەی گوت.

درێژەی قسەکان بەباشی نە گوزەران. هەردوو لا یەکدیان بە خۆپەرستی تاوانبار دەکرد. تامی نەما. پەری دوای ئەوەی تەلەفۆنەکەی داخستەوە هەستی بە حوزنێک کرد، حوزنێک بۆ هەموو ئەو شتانەی گوتران و نەگوتران، بۆ ئەو پچڕان و ترازانەی کە لەنێوان خۆی و دایکیدا هەبوو و قەت چاک نەدەبووەوە... حوزن جەوی پێکەوە گرێدانیان بوو.

❋❋❋

---

(١) وەک کاردانەوەیەک بۆ نیشاندانی ناڕەزایی لەهەمبەر قسەیەک کە بەو کەسە دەگوترێ.

ئەوشـــەوە بە خەمگینیـــیەوە خەوت. لە نیوەشـــەودا بە سەرتێشەیەکی قورسەوە وەئاهاگاتەوە. سەیری چەکمەزەکانی کرد، بەڵام هیچ هێورکەرەوەیەکی تێدا نەبوو. مەساجی بۆ لاجانگەکانی خـۆی کـرد، لەنێـو قوتوویەکـدا هەنـدێک خـواردنەوەی سـاردی دۆزیـیەوە، کەمێـک ئـازارەکەی دامرکانـدەوە. دیسـانەوە چـووەوە نێـو جێگـاکەی، خـۆی گرمـۆڵەکرد. وایزانـی خەوی لـێ نـاکەوێتەوە، بەڵام هێنـدەی پێنەچوو خەوێکی بینی.

*لەنێـو باخچەیەکـدا بـوو کە درەختەکانی تێکچرژابوون. بەتەنیـا، بە لیباسـێکی بەرییەوە کە بـا دەیبـرد دەگەڕا. لەپڕ بەرەوڕووی درەختێکـی کەتەی بەڕوو بـوویەوە. بە یەکێک لە لقەکـانییەوە سـەبەتەیەک هەڵواسـرابوو؛ منداڵێکیشی لەنێودابوو! نیـوەی ڕوخسـاری بە لەکەیەکـی تـۆخەوە داپۆشـرابوو. پەری شـێتگیرانە هەسـتی کـرد بەشـێک لە لقەکـانی درەختـەکە دەسـووتێن، ئەو گـڕ و بڵێسانەی بەرزدەبـوونەوە خەریـک بـوو تەواوی قەدی درەختەکە بگرنەوە. بە سەتڵێکەوە هەوڵیـدا ئاو لە جـۆگەلەیەکی نزیـک درەخـتەکە هەڵێنجـێ. ئـاوەکە لەژێـر پێیەکانییەوە سەری دەکرد. دووبارە سەری بەرز کردەوە و ڕاما، بینـی منـداڵەکە بەسـەر درەخـتەکەوە نەمـاوە. بەو جـۆگەلەیەدا دەچـوو کە بووبـووە ڕووبارێـک، کە زانـی هەڵەیەکـی کـردوە بێفەگەڕ و ترسناکە قیژەیەکی کرد. قیژەیەکی تر.*

لە شـوێتێکەوە دەنگـی لەدەرگاکاێـک دەهـات، بە هێواشـی بەڵام بە سـووربوونەوە. پەری بێ ئەوەی دڵنیابێت ئاخۆ ئەمەش بەشێکە لە خەونەکەی یاخود نا چاوەکانی کردنەوە.

"لەوێیت؟ منم، شیرین، زەندەقت بردم" لەودیوی دەرگاکەوە دەنگێک دەهات. "باشیت؟"

پەری لەسەر جێگاکەی دانیشت و بە پەشۆکاوییەوە چاوەکانی هەڵگلۆفین. "باشم" وای گوت، قوڕگی وەک گەڵای پاییزان وشک بووبوو، زمانی بە مەڵاشوویەوە نووسابوو. بڕوای نەدەکرد ڤیژەیەکی وای کردبێت لە ژووری تەنیشتییەوە گوێیان لێ بووبێت. شەرم دایگرت.

"تا بەچاوی خۆم نەتبینم دووپێم لێرە ناڕوا!"

پەری بە گرانییەوە هەستایەوە و دەرکەی کردەوە. شیرین پیجامەیەکی ڕەنگ گۆشتی سەتەنی لەبەر بوو. دەوروبەری چاوەکانی کە بێ ماکیاژ بوون و بە چینێکی ئەستووری کرێمێک داپۆشی بوون لەهەموو جار بچووکتر و کاڵتر دیاربوون.

"ئەرێ دەڵێی ژنی نێو فیلمە ترسناکەکان بووی!" شیرین وای گوت. "ئەها وەک ئەو قژزەردە شێت و وێتانەی کاتێک لە خوێنمژەکان هەڵدێن خۆیان لەنێو دۆلابدا دەشارنەوە ئاوا ڤیژاندنت."

"بێدارم کردیتەوە، داوای لێبوردن دەکەم."

"لەمن گەڕێ" شیرین لە کاتێکدا کە دەستەکانی لەسەر سنگە پڕەکەی لەبەریەک هەڵێنان وای گوت. "بەردەوام ئاوا کابووس دەبینیت؟"

"هەندێکجار..." پەری وای گوت و سەری نزم کردەوە، لەسەر دیوار و فەرشەکە لەکەیەک کەوتە بەرچاوی کە پێشتر نەیدیبوو. "ئیدی هەر خەونی بێتام و بێ مانا."

"دووپات دەبێتەوە؟"

"وادیارە، بەڵێ."

شیرین چمکێک لە قژی خستەوە پەنا گوێی خۆی. "بەخوا لە ماڵباتەکەی خۆماندا شێتم دی، خوداش دەزانێ کە خۆشم

Scanned with CamScanner

کەمێک شێت و ویتم، هەر کەسێکی وەها ببینم هەر زوو درک دەکەم."

"مەبەستت چییە؟ مەبەستت ئەوەیە من 'شێت'م؟"

"نـاڵێم شـێتێکی بـێ پەروا و هەردەمـی، بەڵام ئەو قیـزەیەی لەتۆم بیست عەجیب بوو. ئەگەر کێشەی دەروونیت هەن دەبێ بەدوو چارەسەریدا بچیت. باشترین شت ڕووبەڕووبوونەوەیە."

"من هیچ کێشەیەکی دەروونیم نییە!"

"ئاهـا!!" شیرین وەک ئەوەی ئاژەڵێکی کێوی بێت و بەدەم ڕاکردنەوە بووبێتە ئامانجی تیرێک و پێککرابێت دەنگێکی پڕ توڕەیی و ئازاراوی لێ هات. "من بەوە شێتگیر دەبم هەر کەس گـوێی لە وشـەی 'دەروون" دەبێـت دەیشـکێنێتەوە سـەر خـۆی. ئەگەر گوتبام هێمۆرۆیتینتە دڵنیام کـاردانەوەیەکی هێندە توونـد نیشان نەدادا."

"هێمۆرۆیدن" پەری بۆی ڕاستکردەوە.

"هەرچـی بێـت ئیتـر" شـیرین وای گـوت. "ئەوە تـۆی سەوداسەری فەرهەنگەکانیت."

"بڕوانە، هاتنت بۆ ئەوە بزانی چیم بەسەرهاتووە کارێکی فـرە خـاس بـوو. بەڵام مـن باشـم، هەر بەڕاسـتی باشـم" پەری وای گوت. تریفەی مانگ کە لە پەنجەرەکەوە دەهـاتە ژوور نیوەی ڕوخساری ڕۆشن کردبۆوە. "بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی کـاکم دەبێ بگەڕێمەوە ماڵەوە" ئەمەیشی بۆ زیاد کرد. "بەوەی وانەکانم لەدەست دەدەم تووشی ڕاڕایی بوومە. بەرپرسیارێتی خێزانی بەر لەهەر شتێکیترە، بۆیە نیگەرانم."

شـیرین بە تێگەیشـتنەوە سـەری ڕاتەکانـد. "باشـە، بـڕۆ ئاهەنگەکە، بەڵام کە گەڕایەوە دەبـێ زیـاتر بێیتە دەرێ. ئەرێ هێشـتا گەنجـی. وەک کونـدەپەپوو هەر ئێـوارە داهـات لە

زوورەکەت یا لە کتێبخانەیت. کەمێک خۆش ڕایبوێرە، کەمێک پەرتیکە، ستێرس فڕێدە."
"من وەکو تۆ نیم." پەری بە دەنگێکی نزمەوە وای گوت.
"واتە دەتەوێ بڵێی چێژ لە نیگەرانبوون وەردەگری."
پەری کاتێ حاڵی بوو لەم گەنگەشەیە سەرکەوتوو نابێت، دەستی بەیەکەم چارەوە گرت کە بە خەیاڵیدا هات. "تا لەبیرم نەچێ، ئەها ئەو پرۆفیسۆرەی باست کرد، سەیری سیمینارەکەم کرد."
"سەیرت کرد؟" ڕوومەتەکانی شیرین پەمەیی بوون. "پیاوێکی قۆزە وەنا؟ وای گوت لە دەمێکدا ڕوخساری دەدرەوشایەوە.
"نازانم، یەکتریمان نەدی، تەنیا لە لیستی وانەکاندا پێناسی وانەکەم خوێندەوە."
"ها!" شیرین وای گوت. "ئێ؟ چۆن بوو بەلاتەوە؟"
"سەرنجڕاکێش دیار بوو" پەری وای گوت. "ئێ... ئەدی نمرە چۆن دەدا؟ دەست تەنگە؟"
"نمرە؟" شیرین قاقایانی بێ ڕۆحی کرد.
"مەبەستت ئەوەیە سیمینارەکانی زۆر سەختن؟"
شیرین ڕووەو دەرکە وەرچەرخا. "ئامۆژگارییەکی دۆستانەت بکەم؟ لە خاتوونێکی ئێرانییەوە بۆ خوشکە تورکەکەی؛ ئەمە-لەهەمبەر- ڕێککەوتنی- دۆڕانی- یارییەکەیە- بە یەک-بە-سفر."
پەری سەری بەرز کردەوەو لێی ڕاما، مەراق بوو.
"ئەگەر ڕۆژێک یەکترتان ناسی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئازوور، مافی ئەوەت پێ درا بچیتە سیمینارەکانییەوە، نەکەی بڵێی 'وای چەند سەرنجڕاکێشە'. هیچ کەیفی پێ نایەت. ئەگەر وابڵێیت ئەو دەڵێ 'هیچ ئاسەوارێک لە سەرنجڕاکێشی لە وشەی

سەرنجڕاکێشدا نییە!" شیرین دوای ئەوەی ئەمەی گوت ڕۆیشت. دەرکەکەی لەپشت خۆیەوە داخست و پەری بەتاقیبەنێ لەنێو کابووس، پەنهان و ئەو خەمۆکییەی کە لەلای هیچ کەسێک باسی نەدەکرد بەجێهێشت.

Scanned with CamScanner

# پیرۆزکردن

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

ساڵڕۆژی لەدایکبوونی شیرین بوو. دەبووە بیست ساڵ. پیرۆزکردنەکە لە یانەیەکی سەدان ساڵە ئەنجام دەدا کە ناوی تەرف تاڤێرن[1] بوو. پەری درەنگ بەشداری لە ئاهەنگەکەدا کرد. بەو دیارییەوە کە قۆڵی شل کردبوو بە خێرایی هەنگاوی دەنان. دوای ئەوەی بیر و خەیاڵی هێنان و بردن تا بزانێ چ دیارییەک بۆ هاوڕێکەی دەکڕێت شتێکی دۆزییەوە کە تەخمینی کرد شیرین حەزی لێبێ: کۆت چاکەتێکی بە مرواری ڕازوە و درەوشاوە. بەو دیارییە پارەی زۆر لەسەر پەری کەوت.

کاتێک پەری چووە نێو ئەو شوێنە دیوار بنمیچ تەختەییە، تێنێکی شێداری هەست پێکرد. جا ژوورەوەش چەند بە هەنگامە و قەرەباڵغ بوو! ژمارەیەکی زۆر کەس لەوێ بوون، شیرین زۆر زیاتر لەوە بەنێوبانگ بوو کە پەری تەخمینی کردبوو. گرووپێک لە هاوڕێی بە هەرا دەوری شیرینیان دابوو. لە ڕۆخیشی هاوڕێ کوڕە نوێیەکەی ڕوونیشتبوو.

شیرین هاوڕێ کوڕەکەی پێش ئەمەی -خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی فیزیا بوو، کوڕێکی ژیر و سەنگین بوو- بۆیە وازی لێهێنا چونکە پەیوەندییەکیانی بەگوێرەی کاتژمێر

(1) turf tavern

ڕێکخستبوو. کاتێک پرۆگرامی هەفتانەیم بینی بڕیارمدا ئەو هەبوو شاپ بدەم" وای گوت شیرین. وانەکانی بەیانیان، کتێبخانە، هۆڵی وەرزشکردن و کاتی سیمینارەکانی هەمووی پڕ کردبۆوە. لەنێوان ٤:١٥ - ٥:١٥ ناوی شیرین نووسرابوو. کاتێکیشی لە ئێوارانی ڕۆژی هەینی بۆ دانابوو. "ئەو فەرخەمشکە منی پەستاوەتە تەنگەبەری ٧:٣٠-١٠:٣٠ بڕوا دەکەیت؟ نانخواردنی ئێوارە، سینەما، سێکس. نە بابە!" پەری کە گوێی لەو قسانە بوو سوور هەڵگەڕا، شڵەژا. ئێستاش بەدەم بیرکردنەوە لەو قسانە بە ئاڕاستەی هاوڕێکەی هەنگاوی دەنان.

"هێی پەری!"

شیرین کە بە بلوسە سەدەفیە پولدار و سک ڕووتەکەی و پانتۆڵێکەوە چاوی مرۆڤی دەچریسکاندنەوە دیارییەکەی وەرگرت و پەری ماچ کرد. "ئەوە تۆ لە کوێی؟ میوانی شکۆمەندت نەبینی، کەمێک پێش ئێستا ڕۆیشت."

"مەبەستت کێیە؟"

"هەڵبەتە ئازوورا!" بە دوو چاوی گەشەوە ئەمەی گوت. "قەیرێ پێش ئێستا لێرەبوو. تا بڵێی چەلەنگ بوو! هەروا سەرێکی دا، بادەکەی بەرز کردەوە و چوو."

دەتگوت شیرین لەوەدایە چەند شتێکی دیکەش باس بکات، وەلێ هەندێک لە کچەکان قۆڵیان گرت و ڕاپێچی کوژاندنەوەی مۆمەکانی سەر کێکەکەیان کرد. پەری هیچ کام لەو کچە بە قریوانەی نەدەناسی، کە وەستابوون و دەیانخواردەوە و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، هەروا بەچواردەوری خۆیدا ڕوانی. لەو دەمەدا ڕوخسارێکی ئاشنای بینی و حەپەسا: مونا. لەسەر پانتەڵۆنێکەوە تونیکێکی قۆڵدرێژی خاکی لەبەر کردبوو، چەفیەکەیشی لەهەمان ڕەنگ بوو لە سووچێک لەسەر مێزێک ڕوونیشتبوو، ئاوی دەخواردەوە.

"سەلام مونا."

"خۆشحالم دەتبینم" مونا وای گوت؛ وادەردەکەوت بەوە دڵخۆش بوویێت کەسێکی لێ ڕاست هاتووە تا قسانی لەگەڵ بکات.

"ئەمدەزانی لەگەڵ شیرین ئاشنان" پەری لەکاتێکدا لەپاڵ مونا دانیشت وای گوت.

"لە ڕاستیدا ناکرێ بڵێم هاوڕێین، بەڵام بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی داوەتی منیشی کرد، منیش بیرم کردەوە..." مونا ئەمەی گوت و تا دەهات دەنگی نزمتر دەبووەوە.

پەری لەو ڕاستییە حاڵی بوو کە کچە نەیدەتوانی بە زاریدا بهێنێ. شیرین لەم شارەدا لە ناودارترین خوێندکارەکان بوو. ئەگەر ناودارێکی وەها بانگهێشتت بکات ناتوانی بە سانایی و هەروایی ڕەتی بکەیتەوە. مونا خۆیشی کچێکی توند و سەخت بوو. بە هەموو خوێنگەرمی و لەخۆباوەڕییەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پێشهاتێک لەبەرچاو بگرێت، هەستابوو هاتبوو. ئێستاش لەنێو ئەو هەموو هات و هەرا و ئەو هەموو کەسانەی کە هەر ساتێ تا ساتێکیتر لە گوێن بوو لەدەست دەربچن و پەرتی بکەن ئاسوودە نەبوو، بەڵام نەیدەویست ئەمە دەربخات.

لە کاتێکدا شیرین بەفیزەوە لەگەڵ هاوڕێکانی کەیفیان دەکرد، مونا و پەری لە سووچێک ڕونیشتبوون و قسەیان دەکرد. بەبێ ئەوەی ناوەناوە ئەوە فەرامۆش بکەن پاروو پاروو کێکی ڕۆژی لەدایکبوون بخۆن. پەری ئەوەیشی زانی کە مونا زیاتر لە فێمینیزم پشتیوانی کۆکردنەوە کۆمەکە: یانەی کۆمەک بۆ بۆسنا، یانەی کاروباری ئاوارەکان، کۆمەڵەی مسوڵمانانی ئۆکسفۆرد. کچە لە هەموو ئەم یانە و دەستانەدا ئەندام بوو. لە زۆربەشیان پێشڕەو و کەسی یەکەمیان بوو. حەزی لە میوزیکیش

هەبوو، گوێی لە هیپ هۆپ دەگرت، لیریکیشی بۆ گۆرانی دەنووسین.

"وای گیان، ئەوە چۆن کاتت بەشی ئەو هەموو چالاکیانە دەکات؟"

مونا شانێکی هەڵتەکاند. "پەیوەست نییە بە تەرخانکردنی کاتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە *بەباشی ڕێکخستنی*. بۆچی خودا پێنج فەرزە نوێژکردنی بۆ داناوین؟ تەنیا بۆ ئەوەی نییە بڕوا بهێنین، بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەمان بە جوانترین شێوەی ڕێکبخەین."

پەری دوای ئەو کاتەی باوکیشی جەڵتەی دڵ لێیدا و لە سەروەختی دینداریشیدا پێنج فەرزە نوێژی نەدەکردن لچێکی هەڵقرچاند. "دیارە کە زۆر کۆک و تەبای لەگەڵ ئایین."

"لەگەڵ خۆم تەبام." مونا وای گوت.

مونا باسی شتگەلی دیکەشی کرد، باسی خۆی، ڕابردووی، خەیاڵەکانی. دوای قەیرێ قاقایەک قسەکانی پێ بڕی. کەسێک مەیدانخوازی لەگەڵ هاورێ کوڕە نوێیەکەی شیرین کردبوو بۆ پێشبڕکێی خواردنەوەی مەترە-بیرە[1]. بادە وێک دەکەوتن. کوڕەکە لەوەدابوو بە خێراترین کات هەڵیانقوڕێنێ.

چەپڵە و فیکە و هاوار بەرزبوونەوە. هەمووی خواردەوە؛ کراسەکەی تەڕ تەڕ بووبوو. بە غرورێکەوە خەنییەوە. لەنێو هەرا و زەنادا ماچێکی درێژ و تەڕی لە لێوەکانی شیرین ئەستاند، وەلێ پێویست بوو هەرزوو هەراکەی دەرێ بکات بڕشێتەوە.

مونا سەری بەردەمی خۆی کرد. "واچاکە ئیدی من بڕۆم" بە ڕێزەوە ئەمەی گوت.

---

(1) مەترە- بیرە: پێشبڕکێی خواردنەوەی زۆرترین بیرەیە، لەسەر تەختەیەکی درێژکوولە، ١٠-١٢ بادەی پڕ لە بیرە دادەنرێن، کێ دەتوانێ زۆرترین بخواتەوە، براوەیە.

"منیش لەگەڵ تۆ وەدەردەکەوم." پەری وای گوت.

لەڕاستیدا ئەو هاوشێوەی مونا بەهۆی کهولنۆشی باخود ماچەکەوە بێزار نەبوو. بەڵکو پەری بە هۆکارێکیتر ناڕەحەت بوو. هەر کاتێک لەهەمبەر خرۆشی کەسانی دیکە بێت ڕاڕادەبێت، لەترسی ئەوەی نەتوانێ هاوپێ و تەبای ئەوان هەڵپەڕێت وەک ژیشکێک گرمۆڵە دەبێت و دەچێتەوە ناو خۆی. بەهەر هۆکارێک بێت لەوەتەی خۆی ناسیوە لە ئاهەنگی چوست و پڕ چوختیدا خەمگیر دەبوو.

بەمشێوەیە پەری و مونا بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک هەستیان پێ بکات لە گچکەبارەکە هاتنە دەرێ. سێڵەمانگ[1] بوو، لەژێر پردە بەردینەکەوە خزانە نێو تاریکی کزی کۆڵانەکان.

"تێناگەم" مونا وای گوت. "تۆ بڵێی بۆچی شیرین منی بانگهێشت کردبێت؟"

ئەوەی ڕاستی بێت پەریش لە ماخۆلیای هەمان شتدا بوو. "حەزی بەوەیە هاوڕێی تازەی هەبێت."

مونا سەری بە ڕاست و چەپدا بادا. "نەخێر، شتێکی دیکە هەیە. بە دروستی نازانم چییە. دەمێکەی یەکدی دەناسین، بەڵام بەردەوام هەستم بەوە کردووە کەیفی بە من نایەت... ڕەنگبێ بەهۆی حیجابەکەمەوە بێت."

پەری کە بیری هاتەوە چۆن شیرین زەق و زۆپ لە دایکی ڕامابوو، ئیدی هیچ قسەیەکی نەکرد.

"ئەگەر وابێت، باکم نییە. کەوابێ بۆچی دەیەوێ بمکاتە هاوڕێم؟" مونا وای گوت، غروورێک خزابووە هێڵەکانی سەر ڕوخساری. "تۆ بڵێی تووشی پارانۆیا بوویم؟"

(۱) super moon، گەورەمانگ، مانگی زەبەلاح، مانگی پڕ.

"نەخێر" پەری وای گوت. "یانی بەڵێ، کەمێک. دڵنیام دەتوانن ببنە دوو هاوڕێی باش."

"با بزانین، دەبینین" مونا وای گوت. "شیرین پێگوتووم بچمە سیمینارەکانی پرۆفیسۆر ئازوور."

"بەڕاستە؟" پەری بە مەراقەوە پرسی. جەستەی بەجۆرێک لەرزی کە هۆشی نەیدەتوانی واتا و ڕامانێکی بۆ بدۆزێتەوە. "هەمان شتیش لەگەڵ من دەکات، بەردەوام پێمدەڵێ 'بڕۆ لای ئازوور'."

"وادیارە تەنیا بە من ناڵێت..." مونا ئەمەی گوت، هۆشی پەرت بووبوو. ئاماژەی بۆ کۆڵانەکە کرد. "هەرچۆنێک بێت، خەوگەکەی من لێرەوەیە."

"باشە، دەی. شەوت شاد."

"شەوی تۆش هاوڕێ" مونا وای گوت. "واچاکە زوو زوو یەکتری ببینین."

دوای ئەوەی ئەمەی گوت دەستی پەری بە هەردوو دەستەکانی گرت و بە توندی ڕایتەکاند. وادیارە تەرز و شێوازی ماڵئاوایی کردنی مونا بەمشێوەیە بوو. توند، کەمەکێک پیاوانە. ڕەنگبێ ویستبێتی ئەوە نیشان بدات چەندە پتەوە. لەنێو تاریەشەودا لەبەرچاوان ونبوو.

دیسانەوە پەری لەگەڵ موخۆلیاکانی خۆی بەتەنیا مایەوە. لە بەردەمی و لەنێو تاریکی شەودا، لەژێر ڕۆشنایی زەردی سۆدیۆمی چراکانی لاڕێگاکە درکی بە هەبوونی کەسێك کرد؛ ژنە سوالکەرێک بوو کە عەرەبانەیەکی ژەنگاوی پڕکراو لە نایلۆن و کارتۆنی پاڵدەنا، لەوانەی کە بە هیچکوێ ناگەن و هەمیشە ڕێبوارن. پەری بە دیقەتەوە لە ژنەکە ڕاما. جلەکانی پیس و پەڵۆس بوون، تەڕ و شێدار بە بەدەنییەوە نووسابوون.

قژی وەک جەوالێکی پۆخڵ وابوو. پەری چەند وردەکارییەکی دیکەشی چاو کرد: دەستوپلی بالووکەی لێ هاتبوون، سێوی ئادەمییەکەی مۆر هەڵگەڕابوو، دەوری چاوەکانیشی ئاوسابوو. لە ئیستانبوڵ مرۆڤ بەردەوام ڕێکەوتی کەسانی سیما پەرێشانی وەها دەکات. هەندێکیان لە کونجێک خۆیان ماتدەکرد؛ هەندێکیان سواڵی خۆراک و پارەیان دەکرد. وەلێ لێرە لە ئۆکسفۆرد، بینینی کەسێکی بێ ماڵ سەیر بوو؛ دژوازییەکی سەخت بوو لەگەڵ ئارامی شارەکە.

پەری هەستی بە کێشکردنێکی سەیر کرد لەلایەن ئەو ژنەوە کە بە هەنگاوی لەنگ و وردەوە دەڕۆیشت و بەدوایدا چوو. بایەکە ئاراستەی خۆی گۆڕی و تفنکەکانی[1] پەری پڕ لە بۆنێکی کەسکوون و ناخۆش بوون. بۆنێکی تێکەڵ لە میز و ئارەقە و پیسایی.

لەو کاتەدا سوالکەرەکە لەگەڵ کەسێکی نادیار و خەیاڵیدا لەشەڕ دابوو، لەبەر خۆیەوە هاواری لێ دەکرد. بە دەنگییەوە دیار بوو تووڕەیە. "دەبێ چەندجار پێتبڵێمەوە؟" ئاوا هاواری بەسەردا دەکرد. وەک ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی بکات ڕووی گرژ کرد. دواتر بە کەیفەوە قاقایەکی کێشا. وەلێ دووبارە قوڵپدانەوەی تووڕەییەکەی هێندەی نەخایاند. "نەخێر، خوێڕیلەی پیس!"

باری حوزنێک ناخی پەری داگرت. چ شتێک هەبوو خۆی -خوێندکارێکی داهاتوو ڕۆشنی ئۆکسفۆرد- لەو ژنێژگە گەڕۆکە جودا بکاتەوە کە خودانی هیچ شتێک نەبوو لە ژیانیدا؟ پێدەچێت لە لێواری ئەم خەڵکەدا هەڵدێرێک هەبوو،

---

(١) تفنک: کونەلووت

Scanned with CamScanner

هەڵدێرێک کە خەڵک لە هەڵدێران بترسێنێ. یان قلیشێک. بەبێ ویستی خۆی مرۆڤی لە بارێکەوە دەگەیاندە بارێکی دی. ئەوی دوێنێ "ئاقڵمەند" بوو، سبەی مۆری "شێت"ی لێ دەدرا. هەربۆیە پەری لە لێواری ئەو دوو خەرەندەوە نزیک بوو. درکی بەمە دەکرد.

ژنەکە لەپڕ وەرچەرخا. نیگاکانی دەتگوت پەری دووکەرت دەکەن. "بەدوای مندا دەگەڕێیت؟" ددانە بە لەکەی نیکۆتین ڕەشبووەکانی دەرخستن و بە دەنگ پێکەنی. "یاخود خودا؟"

پەری ڕەنگی پەڕی. بەبێ ئەوەی بزانێت دەبێ چ وەڵامێکی بداتەوە سەری بۆ ڕاست و چەپ بادا. بە ئاڕاستەی ژنەکە یەک-دوو هەنگاوی هەڵێنان، لەپی دەستی کردەوە و ئەو پارانەی ئامادەی کردبوو بۆی ڕاگرت. ژنە پڕی بە پارەکاندا کرد، بەخێرایی، هاوشێوەی ئەو مارمێلکانەی نێچیرەکەیان قووت دەدەن.

پەری دەستبەجێ وەرچەرخا، بە ئاڕاستەی خەوگەکەی پێی بە غارێ وەنا، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی هیوای ئەوەی دەخواست کە خۆی لە ژنە سواڵکەرەکە دوورتر دەخاتەوە. هەروەها لەوەش دڵنیابوو خۆیشی سەربە هەمان ئەو تاریکییە قووڵە و ئەو شێتییە بێ ئامانەیە.

***

ئەوشەوە تا درەنگان پەری دانیشت و کتێبی خوێندەوە. ئەگەر دەمەوبەیان سەیری چیمەنەکەی کردبا، دەیتوانی شیرینی شل و شێواو ببینێت، کە هەوڵی دەدا بە کلیلەکانی دەرگاکانی خەوگە بکاتەوە کە دەمێک بوو داخرابوون، کاتێکیش لەمەدا

سەرکەوتوو نەبوو پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی داکەندن و بە کۆمەکی هاوڕێ کوڕەکەی خۆی لەسەر دیوارە بەردینە سێ مەتر و نیو بەرزەکە فڕێدا، لەو دەمەشدا پانتۆڵە سپییەکەی سەرتابەخوار هەڵدڕا وەک گوڵێک بەسەر سمتەکانیدا کەوتە خوارەوە، دواتر هەستایەوە و یەکەم ژووری خوێندکارێک کە پێی گەیشتن پەنجەرەکەی کوتا، بەم ئاوایە هاتەوە نێو بیناکە، سەرباری ڕوودانی هەموو ئەمانە بەردەوام قاقای دەکێشا و منگەی ئاوازێکی فارسی دەکرد و پەرت و پەرێشان و سەرخۆش بوو.

# قوتووی مۆسیقا

ئیستانبوڵ، ٢٠١٦

شیرینیان لەسەر قاپی کریستاڵی هێنا، فەرمووی میوان کرا: شۆکلاتەی بە کرێم، پاستا و شیرینی بەهێی بە قەیماغ. میوانەکان پێکڕا و بە یەک نەوا بە دەنگێکی نیوە ڕەزامەند و لاگیری و نیوە گازەندە دەستیان بە قسەکردن کرد.

"ئای! دڵنیام بە لایەنی کەمەوە ئەمشەو دوو کیلۆم زیاد کردووە" ژنەی خودان کۆمپانیای ڕیکلام لەکاتێکدا بە نەرمی لەپی دەستی لە سکی خۆی دەدا ئەمەی گوت.

"دەی گوێی مەدەرێ، تا دەگەیتەوە ماڵێ هەمووی دەسووتێنی" هاوژینی پیاوە بازرگانەکە وای گوت.

"بەسیەتی ئیتر هەروا درێژە بە قسەکردن لەبارەی سیاسەت مەدەن" ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکە وای گوت. "لەم وڵاتە بەم شێوەیە درێژە پێ بدەین هەر لەم قاڵبە دەمێنینەوە."

کاتێک خزمەتکارەکە گەیشتە لای پەری بە هەوڵیدا بەجۆرێک کەس نەیبیستێ چرپاندی: "پارچەیەکی بچووکی شیرینی بەهێ هەڵدەگرم، ئەوە بەسە."

"فەرموون خانمەکەم" خزمەتکارەکە وەک ئەوەی هاوبەشێکی خۆبەخش بێت لە تاوانێک دەنگی نزم کردەوە. بەڵام ئەم قسانە گەیشتنەوە گوێی سووکەکانی خودان ماڵەکە. لەوسەری مێزەکەوە دەنگی لێ هەڵێنا: "بەهیچ شێوەیەک قەبوڵی

ناکەم! کەمێک پێش ئێستا کە دژی بۆچوونەکانمان لەبارەی دیموکراسییەوە وەستایەوە زویر نەبووم، بەڵام ئەگەر پاستاکەی نەخۆی ڕێکارەکانم دەگۆڕم."

پەری بە ناچاری ڕازی بوو. هەم شیرینی بەهێنی هەڵگرن هەم پارچەیەک لە پاستاکە. هەرگیز نەیدەتوانی لەوە تێگات بۆچی ژنان هێندە حەز بەوە دەکەن یەکتری قەڵەو بکەن "بنەمای بەراوردکاریی جوانیی." هەندێکیان بە قەڵەوکردنی ئەوانی دیکە خۆیان بە لاوازی دەمانەوە. ڕەنگیشێ لێکوتینەوەیەکی نابەجێ بێت. ئەگەر شیرین بوایە ڕەنگبوو بڵێ: "بڕوابکە مشکۆکە، بەپێی پێویستیش لێت نەکۆڵیوەتەوە!"

کاتێک خودان ماڵ ئەرخەیان بوو و چووە سەر باسێکیتر، پەری دەستی بۆ بادەی شەرابەکەی برد. ئەمشەو لەچاو هەموو جارانی دی زۆرتری خواردەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک تێبینی بکات، لە سەرووی هەمووشیانەوە خۆی. نەیدەتوانی بیر لە ڕابردووی نەکاتەوە. درزێکی گەورە کەوتبوو ئەو بەربەست و بەنداوەی کە لەبەردەم هاتنەوەیادی ساڵانی زانکۆی دانابوو. ئێستا لەو درزانەوە حوزن دڵۆپ دڵۆپ دەتکایەوە ناخی. بەشێکی دیکەی پەری کە درکی بەوە دەکرد بۆچی ئەمە ڕوودەدات و هەستی بە مەترسی و داڕووخانەکەی دەکرد، دەستی بە لێدانی زەنگ و ئاژیری ئاگادارکردنەوەی کردبوو، بۆ ئەوەی هەموو شتێک ئاسایی ببێتەوە شێتانە دەستی بە نۆژەنکردنەوەی درزەکان کردبوو.

"ئەدی بەنیاز نەبوو فاڵچی بێت؟ دەمەوێ هەندێک شتی لێ بپرسم." کچە خۆشەویستەکەی ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکە بەدەنگی کرخ و نووساوی جگەرەکێشەکانەوە وای گوت. کەس نەبوو نەزانێ کچە بۆچی نیگەرانە، لەوە نیگەران بوو

ڕۆژنامەنووسەکە لەکاتی ئێوارەخوانێک لەگەڵ ژنە کۆنەکەی بینراوە و لە یەکێک لە وێبسایتەکان هەواڵی ئەوە بڵاوکرابۆوە گوایە لەگوێنە ئەو دووانە دووبارە بەیەکەوە بژین.

"دێت" بازرگانەکە وای گوت. "دەبوو دەمژمێرێک بەر لە ئێستا گەیشتبا، وەلێ بێ شک لە ترافیک گیری خواردووە."

"ئەها، لە ئیستانبوڵ فاڵچییەکانیش نازانن کامە ڕێگا کراوەیە" حسابداری سندووقی کۆمپانیا تایبەتە ئەمریکییەکە بە گاڵتەوە وای گوت.

"دەبینی دۆستی ئازیز، ئەم فاڵچییە وەکو ئەوانیتر نییە" بازرگانەکە نیوە تورکی نیوە ئینگلیزی ئەمەی گوت. "پێشبینی قەیرانی ئابووری کردبوو!"

"متمانەکان بە پسپۆڕەکان نەماوە. باشترین شت ئەوەیە پشت بە فاڵچییەکان ببەستین، هەر ئەوە و چیترنا!" ژنەی خودان کۆمپانیای ڕیکلام وای گوت.

پەری بە ڕێزەوە ئیزنی خواست و لەشوێنی خۆی هەستایەوە سەر پێ.

"ئاە، ئای خودایە، نەکا قسەکانمان بێزاریان کردبێتی؟" بیناسازەکە وای گوت. بەهۆی ئەوەی پیاوی تۆڵەکردنەوە بچووکەکان بوو، هێشتا لەوە خۆش نەبووبوو کە پەری کەمێک بەر لە ئێستا مەیدانخوازیی لەگەڵ کردبوو.

پەری بە سیمایەکی ئارامەوە لە کابرا ڕاما. "بۆ دڵنیابوون لە ڕەوشی منداڵەکانم تەلەفۆنێک دەکەم."

"هەڵبەتە فەرموون" بازرگانەکە وای گوت. "لە نهۆمی دووەم دەتوانی بچیتە ژووری کارکردنم، لەوێ کەس بێزارت ناکات."

پەری مۆبایلی هاوژینەکەی وەرگرت. بەسەر پەیژە مەڕمەڕە فراوانەکان سەرکەوت و گەیشتە نهۆمی دووەم. پێنانە نێو

ژووری کارکردنەکە و تێست کردنی هاوسات بوو. چ شوێنێکی ڕازاوە بوو. لەو پەنجەرانەوە کە لە ئەرزی تا بنمیچەکە درێژ بووبوونەوە بەرجەوەنێکی[1] جوانی بۆسفۆڕیان نیشان دەدا؛ دیواری ڕووپۆشکراو، بنمیچی تەختەکراو مێزێکی دروستکراو لە داری ماهوون و مەڕمەڕ، قەنەفەی ڕەنگ زەردیتەبی، کەلوپەلی ئەنتیک و تابلۆگەلی گرانبەها، هێندەی لەوە دەچوو ژووری دانیشتنی باوکی مافیایەک بێت، هێندە لە ژووری کارکردن نەدەچوو.

گۆشەیەک لە دیواری ژوورەکە تایبەت کرابوو بەو ژمارەیەکی زۆر لەو وێنە لە چوارچێوەگیراوانەی بازرگانەکە لەگەڵ چەند سیاسەتڤان، ئۆلیگاریک و کەسانی بەناوبانگ گرتبوونی. پێکەنینی دیکتاتۆرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێتر لە دەسەڵاتدا نەماوە سەرنجی پەری ڕاکێشا، پێکەنینێکی کلێشەیی و فەخفووریی. لەبەردەم دەوارێکی بەدەوی بە شکۆوە لەگەڵ بازرگانەکەی لەمەڕ خۆمان تەوقەیان دەکرد. لە وێنەیەکی دیکەدا هەموو کووچە و قوژبنێکی ئەو شارەی تێیدا لەدایک بووبوو بە وێنەی خۆی داپۆشی بوو، هەروەها لە یەکێک لە مانگەکەکانی ساڵدا وێنەی خۆی و لە مانگێکی تر وێنەیلی دایکی هەڵدەواسین، لەو وێنانەدا سیمای لە سیمای بە کۆنکرێت داڕێژراوی دیکتاتۆرەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەچوو، وەها ڕامابوو. پەری هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. نەیدەزانی چ کارێکی لەو شوێنە شاهانەیەدا هەیە، کە بە پارەی پەیوەندی ژێرەوانکێ و ڕەش بناتراوە؟ لەو دەمەدا خۆی وەک بەردەچەوێنک هاتە بەرچاو، کە لەگەڵ ڕەوتی ڕووبارێکدا

---

(١) بەرجەوەن: پەیڤێکی هەوراميیە، دیمەنێکی بەرفراوانی سرووشتی، بە ئینگلیزی landscape

دەڕوات. پەری پەی بەوە دەبرد ئەگەر پرۆفیسۆر ئازوور لێرە بوایە دەیزانی چی دەڵێت: "ئەگەر ئازادی نەبێت عەشقیش نییە.!! تاکە یەک ڕێگەیش بۆ ئازادبوون هەیە: ئەو "من"ـەی پێی ڕاهاتووین و سواوە، لەلامان سانا بووەتەوە وازی لێ بهێنین! دەتوانی ئەمە بکەیت؟"!!.

وەک ئەوەی بیەوێ لە چنگ هۆشی خۆی قوتاری بێت بەخێرای ژمارەی ماڵەوە گرت. تا ئەو ساتەی دایکی، کە بۆ بینینی منداڵەکانی سەردانی کردبوو وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە نێوچاوانی بە شووشەی پەنجەرەکەوە نا، لە دیمەنی دەرەوە ڕاما. لەودیوی شووشەکەوە (شەهری- شەهر) لەژێر چریسکانەوەی هەیڤی تاڕاددەی خەیالکردەیی ڕۆشن دابوو - ماڵەکان وەک ئەوەی بە چرپە نهێنییەک بە یەکدی بڵێن شانیان وە شانی یەکدی دابوو، کۆڵانە پێچەڵپێچ و هەروازەکان کە بەسەر تەپۆلکەکاندا درێژدەبوونەوە، دوایین قاوەخانەکانی شەو کە دەرکەکانیان پێوەدەدا و ئەو کڕیارانەیش کە نەویستە لێیان دەهاتنە دەرەوە... پەری دەیەویست بزانێت ئەو منداڵانەی جانتاکەیان دزی چی دەکەن. تۆ بڵێی خەوتبێتن؟ ئەگەر خەوتبن دەبێ بە برسێتییەوە نەچووبنە نێو جێگا؟ ڕەنگبێ لەوساوە تاوەکو ئێستا خەونێکیشیان بینیبێت، ڕەنگبێ خۆیشی لە سووچێکی ئەو خەونەدا بێت و وەک ژنێکی شێت و وێت ڕاویان بنێت.

سەلما لە چوارەمین زەنگ بەرسڤی دایەوە. "خوانەکە تەواو؟"

"هێشتا ماویەتی" پەری وای گوت. "هێشتا لێرەین. منداڵەکان باشن؟"

"بۆچی باش نابن؟ کاتێکی زۆر خۆشیان لەگەڵ دایەیان بردوەتەسەر. ئێستاش خەوتوون."

"خواردنیان خواردووە؟"

سەلما دەنگێکی تا ڕاددەی دەربڕینی حەیفێ ورتەیەکی لێوە هات. "چۆن نەوەکانم بە برسێتی دەخەوێنم؟ مانتی[1]م بۆ چاککردن، وەک گورگی برسی خواردیان. داماوانە دیاربوو زۆر حەزیان لێی بووە."

پەری کە هیچی لە هونەری ئاشپەزیی سەلما وەرنەگرتبوو هەستی بەو سەرزەنشتە کرد کە لە دەنگی دایکیدا هەبوو. "سوپاست دەکەم" وای گوت پەری. "دڵنیام زۆر حەزیان لێ بووە."

"شایانی نییە" سەلما وای گوت. "دەی کەوایە دواتر یەکتر دەبینینەوە."

"ساتێ بوەستە!" پەری ئەمەی گوت و ئێستێکی کرد. "دایکە، دەتوانم تکای شتێکت لێ بکەم؟"

خشپەیەک هات. پەری درکی بەوە کرد دایکی بۆ ئەوەی باشتر حاڵی بێت تەلەفۆنەکەی نایە بەر گوێی چەپی. سەلما لەوەتەی مێردەکەی کۆچی دوایی کردووە بە ڕاددەیەکی بەرچاو پیربووە. دوای ئەو هەموو شەڕانە، سەیرە! بەهۆی نەمانی مەنسوورەوە داڕووخاوە.

"لە ژووری خەوتن... دەبێ لە چەکمەزەی دووەم یا سێیەم دەفتەرێــک هەبێــت" پەری پەیــڤ پەیــڤ دەدوا. "ڕەنــگ پیرۆزەییەکە."

"ئەها ئەوەی باوکم بەتۆی دابوو." سەلما هەمیشە بەخیلی بە پەیوەندی نێوان بـاوک و کچ بردبـوو. مردنـی مەنسـوور ئەو هەستەی پەرتەواز نەکردبوو. پەری بە ئەزمـوونی خۆی دەیزانی کە دەشێ کاریگەری مردوو بەسەر ئەوانەی کە بەخیلن هەر بمێنێ.

"بەڵــێ دایــکە" پەری وای گــوت. "داخــراوە، بەڵام لە

(١) جۆرە خواردنێکی میللی تورکی، ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسییە.

چەکمەزەی هەرە ژێری کلیلێکی تێدایە. لەژێر خاولییەکاندا. لە دیوەکەی تری ژمارە تەلەفۆنێک نووسراوە. لە پاڵیشیدا نووسراوە "شیرین". دەتوانی ئەو ژمارەیەک بدەیتێ؟"

"ناکرێ تا بەیانی بوەستیت؟" سەلما وای گوت. "چاوەکانم وەکو جاران نین."

"تکایە. دەبێ تەلەفۆنێکی بۆ بکەم."وای گوت پەری. "ئەمشەو."

"باشە، کەمێک بوەستە" سەلما بە پێش هەڵکێشانەوە ئەمەی گوت. "بزانم دەتوانم ئەنجامی بدەم."

"ئاه دایکە."

"چی؟"

"دەتوانی دواتر دووبارە دەفتەرەکە کلیل بدەیتەوە؟"

"بوەستە جارێ، با هەنگاو بچینە پێشەوە." سەلما بە بێزارییەوە ئەمەی گوت. "سەرم لێ مەشێوێنە."

پەری هەستی بەوە کرد دایکی تەلەفۆنەکەی لەشوێنێک دانا و دوورکەوتەوە. بەدەم کرۆشتنی لێوی خوارەوەی چاوەڕێ مایەوە. لە دوورەوە، لەژێر ڕووناکایی دووهەم پرد شینایی دەریا ڕەنگێکی شینباوی هەبوو. لە وێنەدانەوەی شووشەی پەنجەرەکەوە بە نەخوازراوییەوە هەستی بەوە کرد کە ورگی چەورایی پەیدا کردووە. دیسانەوە وەک ئەوەی لێی دەترسا بەخێرایی کەمێکی دی پیر بووبوو. وادیارە پیربوون چەند ڕێگەیەکی هەبوو. هەندێکیان سەرەتا جەستەی دەپووکایەوە، بڕێک کەس هۆشیان و کێتریش ڕۆحیان.

لە میشکماندا، لە قوڵایی یادگەماندا قوتوویەکی مۆسیقا هەبوو -کە نۆتەی میلۆدییەکی کۆنی دەژەند، قوتوویەکی مۆسیقا کە نهێنییەکەی ئاشکرا بووە. هەموو ئەو شتانەی کە نەدەمانەوێ

لەبیری بکەین نە بوێری بەیادداهێنانەوەمان هەیە هەموویان لەوێدا هەڵگیراون. لە دەمی سترێس و تراومادا یان هەندێکجار نابەجێ فوتوو دەکرایەوە، هەموو شتێکی دەخستە گۆڕێ. پەری ئەم دۆخەی ئێستای بەهەمان شت دەچوواند.

"ئەمدۆزییەوە." سەلما بە هەناسەبڕکێوە ئەمەی گوت.

"دەتوانی دواتر دیسان بۆی بگەڕێیت؟ تکادەکەم. کە دۆزیشتەوە دەتوانی پەیوەندیم پێوە بکەیت؟"

"سەیری تەلەفزیۆن دەکەم" سەلما بەمە گازەندەی دەربڕی، وەلێ هەرزوو بە تۆنێکی ڕێککەوتنانەوە. "باشە، ئەوەی لەدەستم بێت دەیکەم."

نێوانیان لەچاو جاران زۆر باشتر بوو. نەمانی مەنسوور ئەوانی لێک نزیکخستبۆوە. ئەو بۆشاییەی مردنی ئەو دروستی کردبوو، بووبووە پانتاییەک بۆ هاودەمی و بەسۆز هەردووکیان.

"شتێکی تر" پەری ئەمەیشی گوت. "تەلەفۆنەکەمیان دزیوە. نامەیەک بۆ عەدنان بنێرە وەلێ هیچی وای بۆ مەنووسە. تەنیا بنووسە 'پەیوەندی بە ماڵەوە بکە' من خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە."

"ئەوە چی دەگوزەرێ؟" سەلما، بە تۆنێکی گومانـاوییەوە پرسی.

"شیرین، ئەو کچە سەرشێتەی بەریتانیا نییە؟"

پەری هەستی بە خورپەی دڵی کرد.

"بۆچی گەرەکتە قسە لەگەڵ وێ بکەی؟" سەلما زۆرهانی پەری بوو. "کچێکی باش نەبوو. هاوڕێی وا هەر نەبێ چاکە."

*بەڵام باشترین هاوڕێم بوو.* پەری ئەمەی لەهۆشی خۆیدا

گوت. وەلێ زمانی خۆی قووت دایەوە. شیرین، من و مونا. ئەو سێیەمان: *گوناهبار، بڕوادار و گومانبار. خوانەناس، بڕوادار و دوودڵ.*

وەلێ لەباتی هەموو ئەمانە گوتی "ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە. ئیدی هەمووومان کەسانی کامڵین. هیچ شتێک نابێت نیگەرانت بکات. دڵنیابە زۆر لەمێژە هەمووی لەبیر کردووە."

ئەگەرچی هەوڵی دەدا وا بڕوابەخۆی بێنێ قسەکانی ڕاست، بەڵام دەیزانی هیچکامیان ڕاست نین. هەروا بە ئاسانی شیرینی لە ڕابردوو بەجێنەدەهێشت. وەکچۆن پەری بەجێنەدەهێڵدرا.

# کەمەربەندی پاکیزەیی

ئیستانبوڵ، ٢٠٠٠

پەری لە ڕۆژێکی زریانـاوی دوادواییەکـانی پـاییز گەیشتە ئیستانبوڵ، بۆ ئاهەنگی کاکی گەڕابووەوە. زۆر بیری ئەو شارەی دەکرد کە تێیدا لەدایک بووبوو- کە لێرە دەژیا چەنـدە هەستی کردبێـت تەنیـایە، وەلـێ کە لێـی دوورکەوتەوە هێنـدەی دی هەستی بە تەنیایی دەکرد. ئەو ساتەی کە باوڵەکەی دانا و دانەدانە "لیستی ئەو کارانەی دەبێ ئەنجام بدرێن" ی لەبەردەم دانران: ئەو خزمانەی دەبێ سەردانیان بکرێت، ئەو دیاریانەی دەبێ بسەنرێن، ئەو ئەرکانەی چاوەڕێی دەکەن.

پەری ئەوەی بە ڕوونی لەبەرچاو بوو کاتێک ئەو لێرە نەبووە هەوای نێو خانەماڵی ناڵبەندئۆغڵوییەکان هێندەی دیکە سەنگین و کێشـەکان زیادیـان کـردووە. یەکێـک لە هۆکارەکـانی ئەو ئاڵۆزییەی نێو ماڵەکە ئەو مەسەلەیە کە لەکۆنەوە درێژەی هەیە - ئەو پێکهەڵچوونانەی نێوان دایـک و باوکیـان. بەڵام هۆکارێکی تـازەش هەبـوو: ئامادەکارییەکـانی ئـاهەنگی بووکگواسـتنەوە. ماڵباتی بووک پێداگربوون لەسـەر ئـاهەنگێکی بە شـاهۆ و باهۆ کە *شایستەی تاقانە کچ* بێت. لە دوایین ساتدا ئەو ساڵۆنەی کە بەکرێ گیرابوو بە سـاڵۆنێکی زۆر گەورەتریـان گـۆڕی؛ ئەمەش مانای ئەوەبوو خەڵکی زیـاتر داوەت دەکـرێ، خـواردنی زیـاتر داوا دەکرێت و بە ئەنجامیش مانـای ئەوەبـوو کە پـارەی زۆرتـر خەرج دەکرێت. سەرباری هەموو ئەمـانە هـیچ کامیـان ڕەزامەند

نەبوون. هەرچەندە هەردوو ماڵبات قسەی شیرین و گرنگیان بە یەکدی دابێت، لەژێر چینی نەزاکەتەکەیان ناقابلی و بێزارییەکی توند هەبوو.

سپێدەی ڕۆژی ئاهەنگەکە پەری بە بۆنی ئەو عەترە خۆشە وەئاگا هات کە ماڵەکەی داگرتبوو. کاتێک چووە ناندێنیش دایکی بینی بەروانکەیەکی کردبووە بەری، کە بە گوڵە بەیبوون نەخشێنرابوو. سێ جۆرە بۆرەکی دروست کردبوون، بە سپێناخ، پەنیر و قیمە. سەلما بەخێراییەکی نەکردە هەویرەکەی دەبڕی، هێلکەی دەشکاندن، لەلایەکیش ئەو ناوەی پاک دەکردەوە، وێدەچوو سارد و هێواش بێتەوە.

مەنسوور کە هەستی کرد کچەکەی هاتووەتە ناندێنەکە بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر ئەو ڕۆژنامەیەی -ئەو ڕۆژنامەیەی کە مەیلی بەلای چەپەکاندا هەبوو و ساڵانێک بوو دەیخوێنێتەوە- هەڵبڕی ورتەیەکی لێوە هات: "پەری گیان بەو ژنە بڵێ، لەخۆیەوە خۆی ماندوو دەکات!"

"پەری تۆ بەو پیاوە بڵێ ئەمڕۆ کوڕەکەی هاوسەگیری دەکات، بەڵام ئەو هێشتا لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە." سەلما هەر خێرا بەرسڤی دایەوە. "هەر هیچ نەبێ یارمەتیدانێک!"

"بۆچی دەبێ یارمەتیت بدەم؟" هەرزوو دەنگی ناڕەزایی بەرزکردەوە. "خۆ ناهێڵێ قسەم لە هیچ کارێکدا هەبێت. کاتێکیش دێتە سەر پارە خەرجکردن: بێنە مەنسوور، کە دێتە سەر بڕیاردانێک: بێدەنگبە مەنسوور!"

پەری پێشێکی خواردەوە. "دەڵێی منداڵن ها، ئەوە لەو دەمەدەمکردنە بێزار نەبوون؟"

باوکی لەباتی وەڵامبداتەوە خشپەی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکە

Scanned with CamScanner

دایکیشی بە قینەوە تیرۆکەکەی بەسەر هێنا و هەڵیدایەوە. وەک ئەوەی بیەوێ هەرێمێکی ئەولە و هەویرەکەدا دیتبا. ئاسایش لەنێوانیان دروست بکات پەری هات و کورسیەکی لەنێوان هەردووکیان دانا. "ئێ؟" وای گوت. "شەوی خەنەبەندان چۆن بوو؟"

سەلما لچێکی هەڵقورچاند، بە نیگایەکی ساردەوە. "لەدەست خۆت دا. دەبوو لێرەبای."

"خۆ پێمگوتی ناتوانم بێم" پەری وای گوت. "وانەم هەبوون."

"هەمووان لەتۆیان دەپرسی. لەپشتەملە قسەم لەسەر دەکەن، 'کوڕی گەورەی ماڵ دیار نییە، کچ لێرە نییە. ئەوە چ ماڵباتێکن ئەمانە؟' وادەڵێن."

ئومێدی کاکی پەری هەرچەندە گوتبووی کە ئامادە دەبێت، بەڵام لە دوا ساتدا بڕیارەکەی گۆڕی بوو. لەوەتی لە زیندان بەربووە لەو گوندەی کەنار دەریادا یانەیەکی گۆشەگیرانەی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بە بۆیەکردنی ڕوخساری و بە خەندەیەکی هێندەی سەدەفی دەریا درزبردوو دابین دەکات، لەو کوڵبەیەی کە ناوی لێناوە "ماڵەکەم" هەندێک کار بۆ گەشتیاران دەکات. پێشتر چەندجارێک سەردانی ئەویان کردبوو. هەمووجاریش ڕێزنوێن بوو، هێندەی ڕێزنوێنییەکەیشی دوور و بێگانە بوو. دیار بوو کە ئارەزووی لێ نییە بگەڕێتەوە ئیستانبوڵ. لەگەڵ بێوەژنێکی خودان دوو منداڵ دەژیا (ئەگەرچی سەلما خۆشی لەم شێوە ژیانەی نەدەهات وەلێ دەنگی نەدەکرد.) ژنەکە دەیگوت زۆربەی کات ئومێد کەسێکی باشە، بەڵام جار جارە "کێشەی دەروونی" بەرۆکی دەگرێت، بە قسەی وێ بێت ئومێد برینی لە قۆڵ و باسک و سکی کردوون. "زیان بە هیچ کەسێک ناگەیەنێت" ژنە وای دەگوت، "بەڵام دەترسم بەلایەک

بەر خۆی بێنێت." ژنەک بە تەواوی ڕوونی کردەوە مەبەستی
ئەمە چییە، نە ناڵبەندئۆغلوییەکان زاتی ئەوەیان کرد بپرسن. لەم
دونیایەدا نهێنی و زانیاری وەها هەیە نەزانینی سەلامەتترە.
دایە گیان بوورە ئەگەر توانییام دەهاتم" پەری وای گوت،
بەو مەبەستە گوتی تا دڵی سەلما بەدەست بێنێتەوە، نیازی نەبوو
لەگەڵ بکەوێتە قەرەقەش. "دە بۆم باسبکە، چۆن بوو؟"

نای، هەر شەوە خەنەبەندانێکی ئاسایی بوو، شتێکی وەها بە
شکۆ و ڕازاوە نەبوو" سەلما وای گوت. "بەڵام لەبەرامبەردا
چاوەڕێی ئەوەبوون ئەنگوستیلەی نقێمداری بکەینە پەنجەی، ئەوە
شتێکی ترە."

سەلما وەک حسابدارێکی بە بیانوو، حسابی ئەوەی دەکرد
چەند قروش لە گیرفانی ماڵباتی ناڵبەندئۆغلوییەکان خەرج
دەکرێت و چەند لە گیرفانی ئەوانی دی، لە هەمبەر لیستی
میوانانی ماڵباتی زاوا سەرژمێری لیستی میوانانی ماڵی بووکی
دەکرد. دەتگوت تەرازووی بەقاڵێک هاتووەتە نێو ژیانیانەوە،
وەک ئەوە وابوو بە دانانی هەر شتێک لە تایێکی تەرازووەکە
لەلایەن یەکێک لە ماڵباتەکانەوە، خێزانەکەی تر ناچار بوو
هاوسەنگییەکەی بهێنێتەوە. لە کاتێکدا کە پەری سەرنجی ئەوەی
دەدا دایکی هەموو شتێک بە پێوان دەکات، هاوکات ئەوەش
جێی سەرنج بوو بۆ وێ کە بە تەلەفۆن لەگەڵ دایکی بووک
وەک کچانی مەکتەبلی قاقایان دەکێشا و گاڵتە و گەپیان
دەکرد. ئەمەش پەری حەیری و مەدهۆش دەکرد.

خەرجییەکان بە لایەک، بەڵام سەلما زۆر ڕای لە بووکەکەی
بوو. "بۆ خودا دەبێ بێڵێم، مامۆستایەکی زۆر باشیان بۆ شەوی
خەنەبەندان هێنابوو" ئاوا درێژەی بە قسەکردن دا. "دەنگی
دەتگوت جریوەی بولبولە! هەمووانی گریاند. ڕەچەڵەکی کچە

Scanned with CamScanner

لە حەوت نەوەی نەژدادی ئێمە دیندارترن. لە شێخ و مەلاکانن."
بە دانـان بە پەیـڤ بە پەیڤـی قسـەکانی ئەمـانەی دەگـوتن تـا
مێردەکەی گوێی لێبێ.

"زۆر جوانە!" مەنسوور لە کـونجێکەوە وەهـا بەرسڤی دایەوە.
"وادیـارە لە نەژاد و نەژدادیـان هێنـدە کـافر و بێ ئیمـان هەن.
پەری گیـان بەدایکـت بڵـێ شـتێک هەیە بە نـاوی 'یاسـای
دیالەکتیک'. دانپێدانانی دانپێدانان. هەر بنەمایەک دژەکەی خۆی
دەئافرێنێ، هەمـوو دژێـک دۆگمـای خۆی. لەکـوێ زۆرتـرین
حاجی و مەلا هەبن، هێندەی ژمارەی ئەوانیش گوناهبار هەن!"

سـەلما ئەبرۆکـانی تێکنـان. "پەری بەو پیـاوە بڵـێ شـتی
نابەرێک و نابەجێ دەڵێ دیسان."

"دایکە، باوکە بەسیە ئیتر تکـایە" پەری بە داهێـزرانەوە ئەمەی
گوت.

"ئەوە نییە کاکم دڵخۆشە و هـاوژینێکی چـاکی دۆزیـوەتەوە،
هەر ئەوە گرنگە."

ئەگەرچی بووکەخان تەنێ چەند جارێک بینرابوو. کچێکی
گەنجی سەرنجڕاکێش، ڕووسووری چاوکاڵ بـوو، کە بە نەرمی
دەیتروو کاندن. سەوداسەری بازنەی ئاڵتوونی بڕمەییە، کەمێکیش
شەرمنە. باڵاپۆش بوو. پەری دواتـر بەمەی زانـی کە چەفیەکەی
بە *شـێوازی دوبەیـی* دەبەسـتێت. لەوبـارەیەوە بەدواداچـوونی
کردبوو. مەڵێ *شێوازی ئیستانبولی* زیـاتر بـۆ دەموچـاو خڕەکـان
شیاو بـوو، *شێوازی دوبەیی* زیـاتر بـۆ دەموچـاو هێلکەییەکـانە،
*شێوازی کەنـداوییش* بـۆ ئەوانەی ڕوخسـارییان چوارگۆشـەیە.
پیشەسازییەکی زەبەلاحی "مۆدەی ئیسـلامی" هـاتبوو. یـان ئەوەتـا
تـازە مـۆدەی هـاتبوو یـان هـاتبوو و پەری وەبەر چـاوانی
نەکەوتبـوو. لە "پێچەی بە شـێوازی تـایبەت" ـەوە بگـرە تـا

بورکینی" تا "پانتەلۆنی ئاودامان" بوارێکی هەلۆزرانی مۆدە و کۆکردنەوەی پارە بوو.

بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی کە عەلمانی/ مۆدێرن بوون، بە باوکیشیەوە هیچی بەسەر ژنانی باڵاپۆشەوە نەبوو. بگرە ئەو فیکر و زیهنیەتەش لە وێ دوور بوو کە لەم دونیایەدا بەهۆی جلوبەرگەوە جیاوازی دەخاتە نێوان کەسەکانەوە. لەباتی ئەوە گرنگ بێت کە کەسان چیان لەسەر ناوە، ناوەوەی سەریان گرنگترە. بەڵام دروست لەم حاڵەدا شتێک هەبوو کە بە هیچ کەسێکی نەگوتووە. بەڵێ ئەمەی لای دایک و باوکی نەدرکاندبوو، بگرە سەخت بوو بۆی بۆ خۆیشی دانی پێدا بنێ، بەڵام پەری بوکی بەدڵ نەبوو. سەرباری ئەوەی کچە هیچ لای لە کتێب و خوێندنەوە نەدەکردەوە. ڕەنگبێ بە ژیانیدا خۆی کتێبێکی نەکڕیبێت. کاتێک لەلای یەک دەبوون سەخت بوو لەگەڵی بشاخڤێ. کچە حەزی لەوەبوو لە تەلەفزیۆنەوە سەیری زنجیرە بەتێوبانگەکان یان سەیری ڕاهێنانەکانی خۆلاوازکردن بکات، ئەوانەی کە پەری تۆسقاڵێک لەکنی گرنگ نەبوون. هەڵبەت ئەگەر پێویست بێت ڕاستبێژ بین؛ مێردی داهاتووی لە بوک کەم گەمژەتر نەبوو. هەر خۆی پەری هاکانی کاکی لە ناخی خۆیدا بە کەم تەماشا دەکرد و بە کەمی دەزانی. هەر وەبیریشی نەدەهاتەوە لەگەڵ برا بچووکەکەی کەی بوو سەریان بەسەر یەکەوە نابێت و بە ڕێک و دروستی پێکەوە قسەیان کردبێت.

ئەگەر خووی پەری بە جۆرێک "ڕۆشنبیرییەتێکی لەخۆباییانە" بێت، تەنێ بە دژی گەنجەکان بوو. هەروەها ئەو دانعمر و بەساڵاچووانەی کە هاوشێوەی گەنجەکان خودان بەخت نەبوون لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و هەواڵ جیای

هەرگیز لەوان تووڕە نەدەبوو. بە تایبەتی ئەوانەی دەکردنەوە. هەرگیز لەوان تووڕە نەدەبوو، بگرە بەرگەی دەیانتوانی گۆڤار- کتێب بکڕن و نەیاندەخوێندەوە، بگرە بەرگەی ڕووکەشی ئەوانەیشی نەدەگرت کە وەک کەلوپەل مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆمانە کلاسیکییەکان دەکرد و لەگەڵ مۆبیلیاتەکانی خۆیان دەیانگونجاندن.

"ئەگەر ڕۆژێک عاشق بووم، پێشک دیارە سەوداسەری عەقڵی ئەو کەسە بوومە" ئاوا بەڵێنی بەخۆی دا. "شێوە و فەساڵ و پێگەیم هیچ لە کن گرنگ نییە، تەنێ عەقڵی، ژیری و زانینەکەی."

***

ئەو شوێنەی بۆ ئاهەنگەکە بە کرێ گیرابوو سالۆنی یەکێک لە هۆتێلە جوانەکان بوو، بەسەر بۆسفۆڕدا دەیڕوانی. سەرچەفی سەتەنی مێزەکان، گوڵە ئاوریشمینییەکان، ئەو کورسیانەی بۆنباخی گوڵبەستیان بۆ کرابوو، کێکێکی شەش قاتی کە بە پەلک و شیرینی کاری دەستی ڕازێنرابووەوە، لە ناوەڕاستیشیدا درەختێکی کریستاڵی کە ڕەنگی دەگۆڕا. پەری دەیزانی ئەو هەموو نمایشکارییە کونێکی گەورەی کردۆتە گیرفانی دایک و باوکی. سەرباری ئەو کەمە پیتاکی خوێندنەی وەریگرتبوو، هەر خۆی خەرجییەکانی ئۆکسفۆرد -بە تایبەت کە کەمبوونەوەی بەهای لیرەی لەبەرانبەر ستەرلین هاتەسەر- بووبووە بارێکی گران بەسەر داهاتی ماڵبات. بڕیاریدا هەر کە گەڕایەوە بەریتانیا دەست بە کارێکی نیوە-دان بکات.

هێندەی پێنەچوو میوانەکان هاتن. کەسوکاری هەردوولا، دراوسێکانیان -وە ئەوانەی لە کاتیگۆری -ئەگەر بانگیان نەکەین

عەبەبە- هەموویان لەسەر کورسییە ڕیزکراو و ڕازێنراوەکانی سالۆنەکە ڕوونیشتن. بووک و زاوا پەشۆکاو دیاربوون؛ زاوا دەستی سڵاوی بۆ هەمووان ڕادەتەکاند، هەرچی بووک بوو بەردەوام چاوی لەبەر پێی خۆی بڕیبوو، یەکێکیان زۆر چوست و ئەوی تریان تا بڵێی بێدەنگ بوو. بووک بە تاجێکی زیوین و پێڵاوی درەوشاوەوە، کە بە نقێمی دروستکراو لە حاجی فیل ڕازێنرابووەوە، بەدلەیەکی قۆڵدرێژی قوماش دانتێل (توول)ی پۆشی بوو. ئەم مۆدێلە لە کاتەلۆگەکەی وەها باس کرابوو: "بالاپۆشی کلاس و چاو وەشەوارەهێنە" جوان و زەریف بوو، بەلام قوماشەکەی کەمێک فشوفۆڵ دیاربوو، کچە هەر لە ئێستاوە لەژێر گورزە ڕووناکییەکاندا ژێر باڵەکانی ئارەقەیان کردبوو. زاوا کە سمۆکینی پۆشی بوو هەر کە گەرمای داهات دایکەند. هیچ بژاردەیەکی وەها بۆ بووک نەبوو. میوانەکان دەستە دەستە دەهاتن و پیرۆزباییان لێ دەکردن؛ لیرەی زێڕ و پارەی؛ لیرە، دۆلار، یۆرۆیان پێوەدە کرد. جلی بوکێنی کچەکە بە ماوەیەکی هێندە پارەی پێوەکرا، دەتگوت پەیکەرێکی سەمەرەی ژێر دەستی پەیکەرتاشێکە.

لەو دەمەشدا گرووپێکی میوزیکی ناپرۆفیشناڵ لە کونجێک مۆسیقایان دەژەند. بازنەی میلۆدییەکانیان لە سترانەکانی ئەناتۆلیاوە تا دەگاتە بیتلێس هەڵبژاردبوو. هەرچەندە تەمامێ نەشازیش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نیازیان بەوەبوو جار جارە گۆرانییەکی تایبەت بە خۆشیان لەگەڵ تێکەڵ بکەن. هەر چۆنێکە ئەوانیش گرووپێکی ڕۆک بوون، لە ئاهەنگەکاندا بۆ پارە کاریان دەکرد. سەرباری ئەوەی ماڵە بووکێ ناڕەزاییان دەربڕی، بەلام لە گۆشەیەکی سالۆنەکە مەی و بادە ڕیزکرابوو و پێشخزمەتان دەیانهێنا. مەنسوور هەرەشەی ئەوەی لە هەمووان

کردبوو ئەگەر شەراب- ڕاکی نەبێت لە خۆشترین ڕۆژی کوڕەکەی ئامادە نابێت. سەرباری ئەوەی زۆربەی ئامادەبووان مەیلیان بەلای خواردنەوەی بێ کهولی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەوانە کەم نەبوو کە بە شوێنی بارەکەیان زانیبوو. یەکێک لەوانەی هەرە زوو پێی نابووە ئەو ناوە مامی بووکێ بوو. ئەو پیاوە هێندە بە خێرایی بادەکانی هەڵدەدان ئاوا بەردەوام بوویا سەروەش و مەست دەبوو، یەکێک لە خۆشییەکانی ئەو شەوەی مەنسوور ئەو بوو.

پەری جلێکی شین و سەوزی تا سەر ئەژنۆکانی پۆشی بوو. ئارایشتگەرەکە تۆپە قژێکی وای لەسەر سەر چێ کردبوو هاوسەنگی فورسایی سەری تێکدابوو. دەبوو لەگەڵ میوانەکان یەک بە یەکە دەمودوو بکات و پێبکەنێ. چاوی بۆ کونجێک دەگێڕا تا خۆی تێیەستێ، لە کاتێکدا لەبز و لوتفی بەرامبەر منداڵەکان دەنواند، دەستی پیرەکانیشی ماچ دەکرد و گوێشی بۆ هیجنەگۆیی هاوتەمەنەکانی خۆیشی ڕادەگرت، لەو دەمەدا هەستی کرد کوڕە گەنجێک چاوی لەسەر هەڵنابڕێت. بێزار و نائارام بووبوو. ئەو خۆرتە بێ تروکان چاوی لە پەری بڕی بوو. نیگای کەسێک نەبوو کە هەروا لە دوورەوە، بە ناسکی سەرسامی دەبیرێت و ئاوا لەوێ بوەستێ و پاشگەز بێتەوە. نیگایەک بوو کە داواکاری هەیە، پێداگرە و حوکم دەکات. نیگایەکی هێرشهێن و بێ ڕوو و ناقۆڵا بوو. کاتێک نیگایان یەکانگیر بوو پەری بۆ ئەوەی بێزاریی خۆی نیشان بدات برۆکانی تێکنان. بەڵام گەنجەکە وەک ئەوەی پەریش تەبای وی لەگەڵی ڕۆیشتبێت ڕوودارانە پێکەنی و بەردەوام بوو لە چاوباشقاڵییەکەی خۆی.

دوای نیو دەمژمێر کاتێک پەری دەچووە توالێت، هەمان

گەنج لەبەر لەبەردەمی قووت بووەوە. بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە
پەری دەستی بە دیوارەکەوە دا. "ڕێک دەڵێی پەریت" وای
گوت. "دایک و باوکت زۆر بە چاکی ناویان ناویت."
پەری هەستی کرد خوێن بەرەچاوی گرت؛ بێپەروا پەیڤ لە
دەمی دەهاتنە دەرێ. "پێمناڵێی کێ مافی ئەوەی پێداویت وەها
قسە بکەیت؟ چەند کاتژمێرێکە چاوت لە من بڕیون، بە چ
هەقێک ئەمە دەکەیت؟"

کوڕە گەنجەکە پەشۆکا، لێکدا چاوی دەتروکاندن. بە
دوودڵییەوە قۆڵی هێنایەوە خوارێ. ئەو خەنینەوە خودباوەڕییەی
کەمێک لەوەوپێش بەسەر ڕوخسارییەوە بوو وەرچەرخایە سەر
کینە و تووڕەیی. "پێیانگوتم کە لوتبەرزیت، گوێم پێ نەدان. هەر
لەبەر ئەوەی لە ئۆکسفۆرد دەخوێنی ئێمەت بە دڵ نییە!"

"ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ئۆکسفۆردەوە هەیە؟"

قەحبەی بێشەرم" کوڕەکە ورتەیەکی وای لە دەم هاتە
دەرێ. بە کزی بەڵام بە ڕادەیەک کە پەری توانی بیبیستێت.
دواتر لێیدا ڕۆیی.

ئەژنۆکانی پەری گیر بوون. بەدەم لەرز و پەشۆکانەوە چەقی.
مرۆڤەکان چەندە ئاسان تەقەڵیان لە کەمتەرخەمی و زیادەڕەویی
دەدا بە تایبەت پیاوانی ئەم مەملەکەتە. لەم ڕۆژهەڵاتە دڵی
پیاوان دروست دەڵێی بەندۆڵە لەوسەر دەچێتە ئەوسەر. لەنێوان
سەرسامیی زیادەڕەوانە و بەکەمزانیی زیادەڕەودا دێت و دەچێت،
دەستی "هۆگری" کە تا دوێنێ هەیبووە هەر لەجێدا
وەردەچەرخێتە سەر "نەفرەت". پەیوەندی پیاوان بەرانبەر ژنان
هەمیشە لەسەر "پەلەلێکردن" دامەزراوە. لە ڕادەبەدەر شێت و
دێوانەی دەبێت، لە ڕادەبەدەر ئارەزووی دەکات، کاتێک
خواستەکانی خۆی نایەنە دی ئەمجارەیان لەڕادەبەدەر

کاردانەوەیان دەبێت و نەفرەتی لێ دەکەن- هەمیشە و هەمیشە لەرادەبەدەر.»

کاتێــک گەڕایەوە ئێــو ســالۆنەکە بــووک و زاوای بەدەم سەماکردنەوە بینین کە هەموویان زەق و زۆپ لێیانەوە ڕامابوون. لە هەموو لایەکەوە لەژێر فشاری سەدان چاودا بوون، دەتگوت بووک و زاوا عەسایان قووت داوە، بە پشتی ڕەق و ڕاست و قۆل و باسکی ڕەقەوە بەبێ ئەوەی بەباشی یەکدی بگرنە باوەش دەلەنگـانەوە، وەک دوو خەوگەڕ کە لە خەوێکـی موگناتیسیدا بن وابوون. پەری وێ دەمێ درکی بەوە کـرد کە هـیچ شتێک بـۆ یەکتریـان ڕاناکێشـێ. خەمگیـر بـوو. وادیـاره ئەمەش هاوسەرگیریی ئەڤینداران نییە - هاوشێوەی زۆرانی دی.

خەرەندێک دەکەوتە نێوان ئەو ژنەی لەناخی پەریدا شاراوە بـوو لەگەڵ ئەو ژنەی کە چـاوەڕێی لـێ دەکـرا ببێـتە ئەو. مەودایەکی پڕ نەکراوە هەبوو لەنێوان ئەو چوارچێوە ژیانییەی بۆی گەڕابووە لەگەڵ ئەو ژیانەی کە قەستی بوو وەک تەرزی ژیان بۆخۆی هەڵیبژێرێ. بەڵام پێداگر بوو. ئەو نەیدەویست ببێتە بووکێکی وەها. ژیانی دایکی خۆی دووپاتە نەدەکردەوە.

لەپڕ "یـان ئەوەیا قەت لەگەڵ کەسێکی ئێـره هاوسەرگیری نەکەم" ئەمەی بەخەیاڵـدا هـات. ئەم خەیـاڵەی هێنـدە سـەیر و پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەو شتەی کە فێری کرابـوو، ترسا لەوەی کەسێک لەچاوەکانییەوە ببینێ و درک بکـات کە بیر لە چی دەکـاتەوە، بۆیە چاوی لەبەرپێی خـۆی کـرد. بەڵێ سووربوو لەسـەر ئەوەی مێردەکەی دەبـوو لە کولتـوورێکی دیـکە بێت. چەنـدە دوورتـر بێـت چـاترە. ئێسـکیمۆ-یەک باشـترینە! عەقبالیەعقتوق ناوەکەی بێت.

بەدەم خەیالکردنەوە لە کاردانەوەی دایبابی خەنییەوە. باوکی

داوەتی زاواکەی دەکات بۆ هەڵدانی یەک دوو پێک، شۆربای سەرکە ماسی، گۆشتی سەگی ئاوی لەگەڵ مەزەی تازە. هەڵبەتە دایکی لەودەمەدا هەوڵـی دەدا زاواکەی بکـاتە مسـوڵمان. سونەتیشیان دەکرد. عەقبالییەعقتوق دەبووە عەبدوڵڵا، دواتر کاکە ماکان ئێسکیمۆی دەبرد و دەچوونە دەرەوە تا لە ڕێگە وبانان شارەزا بێت، جارێ ئەگەر لە قاوەخانەکـان سـەرەدەری لەگەڵ چەند بەدفەساڵ و بەدخووێک بکردبا ئەویش هێندەی نەدەبرد وەک زۆربەی پیاوانی ئێرە هەڵسوکەوتی دەکرد؛ تەنێ بەهۆی ئەوەی پیپسی هەیە پێشخواردن و دوای خواردنیان داوا دەکرد. ئەفینی جەمسـەریی پەری و عەقبـالییەعقتوق لەبەردەم بنەماکـانی پاوسالاریدا بەرگەی نەدەگرت و دەتوایەوە.

درەنگـانی شـەو ئـاهەنگەکە کۆتاییهـات. ئەو میوانـانەی مابوونەوە دەستە بەدوای یەکتریەوە ماڵئاواییان کرد، کە ئۆرکێستراش کەلوپەلی خۆیان کۆکردەوە وچوون تەنێ خزمە نزیکەکان و ماڵباتەکانیان مانەوە. بۆ بەیانی تازەبووک و زاوایان دەنارده هەفتەی هەنگـوینی. دەچـوونە کەناراوەکـانی دەریـای سپی، کەناراوەکانی حەرەم- سـەلاملک، کانیـاوە کانزاییەکـان و ئەو شوێنانەی بە دیسکۆ و هۆتێلە زۆر خۆشـەکانیان بەناوبانـگ بوون و هەر بەهۆی ئەمەشەوە بووبووە جێی مشتومڕی زۆر.

بەڵام هەم بەهۆی ئەوەی سەلما زۆر پێداگری کـرد، هەم بەو مەبەسـتەی کە ئاسـانکاری دەبێـت ئەوشـەوە لە مـاڵی ئاڵبەنـدئۆغلوییەکان مـانەوە. دایـک و بـاوکی بـووکیش کە لەوبەری شار دەژیـان ئەوانیش میوانـداری کـران. بەم ئـاوایە بە دەستی پڕ جیـازی و سـەبەتە وچەپکە گـوڵێکی ئاوریشمینەوە هەموان مینی بوسێکیان پڕکرد. کەشوهەوا بۆ ئەو دەمەی سـاڵ بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو سارد بوو، باوبۆران وەک ڕۆحێکی

غەدرلێکراو کە بەدەوای تۆڵەکردنەوە بێت خۆی بە جامەکانیدا دەکێشا.

لەکاتێکدا کە مینی بووسەکە بەنێو ئەو کۆڵانەنەی باران خلیسکی کردبوون بەخێرایی دەڕۆیشت، پەری ئەوەی بەدیکرد کە دایکی بوکێ قردێلەیەکی سووری لە جانتاکەی خۆی دەرهێنا و لە کەمەری کچەکەی بەست. کەمەربەندی پاکیزەیی. پەری بە هێواشی ئاهێکی هەڵکێشا. دیسانەوە هێندە گوێی پێنەدا، هەولیدا لەگەڵ براکەی کە لەپاڵی ڕونیشتبوو لەبارەی ئێوارەوە قسە بکات. وەلێ هاکان کپ و مات بوو. نێوچاوانی ئارەقی دەردابوو، ماندوو و تووڕە دیاربوو. پەریش دەستبەجێ بێدەنگ بوو، کەوتە نێو فیکر و خەیاڵان.

# نەخۆشخانە

ئیستانبول، ٢٠٠٠

کە گەیشتنەوە ماڵەوە، ژووری دایک و باوکی درایە تازە بووک و زاوا، دایک و باوکی بووکیش فەرمووی ژوورەکەی پەری کران. بەمشێوەیە سەلما و مەنسووریش ناچار بوون دوای چەندین ساڵ دووبارە لەژوورێکدا بەیەکەوەبن، لە ژووری کوڕەکانیان خەوتن. پەریش لە هۆڵەکە دەبوو لەسەر قەنەفەکە ئێوارە بکات.

پەری بەبێ ئەوەی دەمووددانیشی بشوات هەر کە سەری نایە سەر سەرین هەستی کرد شەپۆلێک لە ماندوویتی بەسەردا درا. لەنێوان خەو و بێداریدا لە دوور ورتەیەک -چەند پەیڤێک بەر لەوەی چراکانیش بکوژێنەوە- ی هاتە بەر گوێ. هەوڵیدا بزانێت کێبە، بەڵام نە تەمەنی هەبوو ئەو دەنگەی بیستی، نە ڕەگەز، ڕەنگێ هەستی بە خێوێک کردبێت. بەدەم گوێ هەڵخستن بۆ ئەو کاتژمێرە مزگەوتییە بە منارەیەی قەد دیوارەکەوە بوو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و خەو بردییەوە.

دوای کاتژمێرێک -ڕەنگبێ زیاتر- لەخەو ڕاپەڕی. وای زانی گوێی لە دەنگێک بووە، وەلێ دڵنیاش نەبوو. ئانیشکەکانی دادانەوە و هەستایەوە، ڕەق و بێ جووڵە بوو. کاتێک گوێی هەڵخستبوو نەیدەزانی نە خۆی گوێی بۆ تاریکی هەڵخستووە نە تاریکی بۆ وی، بۆ ساتێک نەیزانی. هەناسەی خۆی ڕاگرت و ترپەی دڵی خۆی دەژمارد: سێ، چوار، پێنج... دووبارە

دەنگێـک هـاتەوە. کەسـێک دەگریـا، لەنێـو هەنسـکەکانی گریـانەکەدا گـوێی لە ورتەورتێـک دەبـوو کە هاوشێوەی ویزەویزی مێش و مەگەز وابوو. لەپڕ دەرکەیەک کرایەوە، بە توونـدی داخـرایەوە، ئەگەر ئەمە بـا نەبووبێـت تەنـێ تـاکە هۆکارێکی هەبوو: تەقینەوەی تووڕەیی.

ئەگەرچـی هەستیشـی بەوە کردبێـت کە شـتێکی خـراپ ڕوویداوە، بە ئومێدی ئەوەی کە شتێکی وا نییە و دەگوزەرێ ویسـتی دووبـارە بخەوێـتەوە. بەڵام دەنگەکـان زیـاتر بـوون. چرپەکـان بـوونە هـاوار، بە درێژایـی ڕاڕەوەکە دەنگـی پێـڕەوت دەهاتە گوێ و ورتەکان بوونە هۆسە و هەرا.

"ئەوە چیـیە ڕوودەدا ئەی هـاوار؟" پەری بەدەم ڕاپەڕیـن لە پێخەفەکەیەوە ئەمەی گـوت، دەنـگە ترسـاوەکەی بەر لە خۆی گەیشتە قوڵایی ماڵەکە.

گەیشتە ئەو ژوورەی دایک و باوکی تێیدا خەوتبوون. سەلما بەپێوەبـوو، ڕوخسـاری وەک ڕووپەڕێکـی سـپی وابـوو. بـاوکی هەردوو دەسـتی لە دواوە ڕا لێـک ئاڵانـدبوون و دەهـات و دەچوو. هاکانی کاکیشی لەکنیان بوون. جار جارە مژی قووڵی لە جگەرەی نێـو پەنجەکـانی دەدا. کاتێـک پەری لێیـان ڕامـا هەستێکی وای هەبـوو کە هـیچ کـام لەوانە ناناسێت. دەتگـوت چەند بێگانەیەکن لە پێستی ماڵباتدان و لە هەمبەریدا وەستاون.

"بۆچی هەمووتان بەپێوەن؟" پەری پرسی.

کاکی بە کینەوە لێی ڕاما، نیگاکـانی دەتگـوت دەمـی تیـژی چەقۆن. "تۆ کارت بەمە نەبێت، بڕۆوە ژوورەکەت!"

"بەڵام..."

"گوتم بڕۆ!"

پەری هەنگاوێـک کشایەوە. پێشـتر هاکـانی وەهـا نەدیبـوو.

ئەگەرچی کاکی هەر لە زووێکەوە کەسێکی تووڕەو تووشیش بوویێت، ئەمجارە تووڕەبوونەکەی ڕامنەکراو و توندوتیژ بوو.

کاتێک دەگەڕایەوە ژووری دانیشتن بە ئاڕاستەی ژووری دایک و باوکییەوە چوو، لە درزی دەرکەوە بووکی بینی بە لیباسی خەوەوە لە لێواری چرپا دانیشتووە و دەگری، قژە خوڵەمێشییەکەی بەسەر شان و ملیدا پەخش و پەرێشان بوو بوو. باوکی لەلایەک و دایکی لەلایەکەی تریدا بوو.

"سوێند دەخۆم ڕاست نییە." بە نووزەیەکەوە ئەمەی گوت. پەرێشان و لەخۆکەوتە دیاربوو.

"ئەگەر وایە بۆچی ئەمە دەڵێت؟" دایکی بە تووڕەییەوە ئەمەی پرسی.

"بڕوا بەو دەکەیت یان بە کچی خۆت؟"

دایکی بۆ ماوەیەک وەک ئەوەی هەرگیز دوایی نەیەت، ئاوا بێدەنگ بوو. "بڕوا بەوە دەکەم کە دکتۆر دەیڵێ."

پەری وەک ئەوەی هۆشی نەمابێت وابوو، کەم کەمە درکی بەوە کرد هۆکاری ئەو دەنگانەی دەیبیستن چییە، کاکی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە بووک پاکیزە نییە و بە تووڕەیی و دەربوونەوە لە ژووری خەوتنیان هاتبووە دەرێ.

"دکتۆری چی؟" بووکەکە پرسی، بە ڕووی بزڕکاو و چاوی پڕ ترسەوە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە شار. مانگ بۆ ساتێک خزایە ژێر هەورەکانەوە، بەر لەوەی تەواو ونببێت لەنێو تاریکی جەری شەودا وەک دراوێکی زیوین درەوشایەوە.

"ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی هەموو ڕاستییەکان دەربکەون" ژنەکە وای گوت، لەجێگەی خۆی قیت بووەوە و دەستی کچەکەی گرت و بەدوای خۆیدا بەکێشی کرد.

"دایکە تکایە ئەوە مەکە" بووکەکە وای گوت، بە کزی

ئەمەی گوت، دەنگی هێندەی مروارییەک ناسک بوو.

بەڵام هەیهات، ژنە نیازی بەوە نەبوو گوێ بە کەس بدات. "بڕۆ مانتۆکانمان بێنە" وای بە مێردەکەی گوت. "پیاوەکە بەوە نا کە هاوڕای بێت، بەڵکو بەوەی لە فەرمانەکانی ژنەکەی ڕاهاتووە سەری ئەرێنی ڕاتەکاند.

پەری کە خوێن بەری چاوی گرت، هەڕاکەی لای دایک و باوکی خۆی کرد. "باوکە! ڕایانبگرە. وا دەڕۆنە نەخۆشانە!"

بەسەر ڕوخساری مەنسوورەوە، کە پیجامەیەکی پەمۆی لەبەردا بوو، ئەدگارێکی نەخوێندراوە هەبوو. دەتگوت ئەکتەرێکی شانۆییە کە لەسەر سەکۆکە لەپڕ قسەکانی خۆی لەبیر چوونەتەوە، زمانی نەدەگەڕا. جارێک لە کچەکەی و جارێکیش لە بووک و دایک و باوکی ڕاما کە لەو ساتەدا بەبەردەمیاندا تێدەپەڕین. هەمان هەستی بێچارەیی ئەو شەوە هەبوو کە ساڵانێک لەمەوبەر پۆلیس هەڵیکوتابووە سەر ماڵەکەیان.

"بوەستن، با دان بەخۆماندا بگرین" مەنسوور وای گوت. "هیچ پێویست بەوە ناکا کەسیتر بگلێنینە نێو ئەم کارەوە، ئێمە ئێستا ئیتر یەک خێزانین."

دایکی بووک دەستێکی لەپشت سەرییەوە ڕاتەکاند و بەرپەرچی ئەم قسانەی دایەوە. "ئەگەر خەتا لە کچەکەم بوو خۆم سزای دەدەم. بەڵام خودا دەزانێت ئەگەر کوڕەکەتان درۆ بکات، لەم کارەی پەشیمانی دەکەمەوە."

"تکایە... پێشینانمان گوتوویانە ئەوی بە توورەییەوە هەڵدەبستێ بە زیانەوە دادەنیشێتەوە" مەنسوور وای گوت.

"وازیان لێ بێنە چیان نەکردووە بیکەن" هاکان بەم قسەیە هاتە نێو باس و دووکەڵی جگەرەکەی لە کونەلووتەکانی

دەردایەوە. "منیش دەمەوێ ڕاستییەکە بزانم، مافی ئەوەم هەیە بزانم لەگەڵ چ جۆرە ژنێک هاوسەرگیریم کردووە."

پەری بە دەمێکی داپچڕاو و حەپەساوەوە لەکاکی ڕامابوو.

"چۆن وادەڵێیت؟"

"دەمت داخە!" هاکان وای گوت. بەڕاددەیەک بێنخەم ئەمەی گوت کە ئەو وشانەی لەدەمی دەهاتنە دەرەوە لەگەڵ دەنگی نەدەسازان. بە دەنگێکی ساردەوە. "پێمگوتی تۆ کارت بەسەر ئەمەوە نەبێت."

❋ ❋ ❋

هێندەی نەبرد هەموویان لەسەر کورسییەکی نزیکترین نەخۆشخانە بە ڕیز ڕوونیشتبوون، جگە لە بووک.

دوای چەندین ساڵیش پەری ئەو شەوەی لەبیرنەکرد: بنمیچی شەقار شەقار کە هەر لە نەخشەی کیشوەرێکی ونبوو دەچوو، دەنگی پێی پەرستارەکان کە لەسەر زەمینە چیمەنتۆکراوەکە دەهاتە گوێ، بۆنی ماددەی میکرۆبکوژ و چەندەش ئەو ماددەیە بەکارهێنرابێ بۆنی لەنێونەچووی خوێن و دەرزییەکان، ڕەنگی سەوزی دیوارەکان کە لەنێوان سەوزی ئارامگا و سەوزی قەوزەدا دەهات و دەچوو، تاکە پیتێکی لەسەر نووسرابوو "فریاکەوتن"... کاتێک تەماشای ئەو هەموو ناسازییەی دەکرد تاکە یەک بیرۆکەی بە خەیاڵدا دەهات: دەلوا ئەو کەسەی کە ئێستا لە ژووری چاودێریدایە خۆی بوایە! بەڵێ، شایەد لەباتی ئەوەی درێژەی بە خوێندنەکەی بدات شووی کردبوایە یان بەشوو درابوایە. ئەگەر هاوسەرەکەی (یاخود ماڵباتەکەی ئەو) ئەو شتە پڕوپووچانەیان بەهەند وەرگرتبا، ئەگەری هەبوو لەم

نەخۆشخانەیەدا یاخود لە نەخۆشخانەیەکی هاوشێوەدا خراپ بە چاودێرییەوە.

پەری پێشتر لەبارەی شەوی سوورەوە شتی بیستبوو، بەڵام وایدەزانی ئەم جۆرە شتانەی تەنیا بەسەر ئەوانی تر -ئەوانەی لە گوندە دوورەدەستەکان، قەزاکاندا دەژین یاخود ئەوانەی دابونەریتەکانی دەرەوەی شار لەگەڵ خۆیان دەهێننە نێو شارەکان- دادێت. ماڵباتەکەی وێ ماڵباتێک نەبوو نیوەشەوێ لە پشکنینی پاکیزەییدا خۆیان ببینەوە. لەوەتەی هەیە هەروای داناوە. لە منداڵییەوە هەمان مامەڵەی لەگەڵ کراوە کە لەگەڵ براکانی کراوە، خۆشیانویستووە و لەخۆیان گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرزوو تێگەیشت کە لەپشت هەر پەنجەرەیەکەوە چاوێک هەیە چاودێری دەکات. بەهۆی ئەوەی لە کۆڵانێکی بچووکدا گەورەبووە دەبوو هەرزوو بزانێت کە نابێ کامە سنوور بەزێنێت، بزانێ چی بپۆشێ و چی نەپۆشێ لەکن بێگانان چۆن دابنیشێت، کاتێک ئێواران دەچێتە دەرەوە پێویست بزانێت کاتژمێر چەند دەبوو لەماڵ بێت، هەموو ئەمانەی بۆ دیاریکرابوون. واتە زۆربەیان.

لە ماوەی خوێندنی لە دواناوەندیدا، ئەو ڕۆحە سەرکەش و ڕامنەبووەی کە سەری لە زۆربەی هاوپۆلەکانی شێواندبوو، تا ماوەیەکی زۆر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پەری نەبوو. هاوتەمەنەکانی خۆی لەلایەکەوە تابووەکانیان تێکدەشکاند، لەلایەکی دیکەشەوە دڵی یەکدیان دەشکاند. هەرچی پەری بوو ژیانێکی ئەهوەن و ئارامی بەسەر دەبرد. بەڵام لە دوا قۆناخی دواناوەندیدا هەموو شتێک گۆڕا. پەری ئەڤیندار بوو بوو. ئەو عەشقە ماوەکورتە وەلێ بوێرانەیە هەموو ئەو سنوورانەی تێکشکاندبوو کە تا ئەودەم کێشابوونی. سەرجێی لەگەڵ ئەو

خۆشەویستە چەپەی کرد، کە بەهۆی ئەوەی پەر نەدەبیات دەخوێنێتەوە تانەی لێ دەدا. نە تەنێ جارێکیش، چەند جارێک. نەک بەهۆی ئەوەی کوڕە حەزی کرد، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە هۆکارەکە حەزی خۆی بوو. هەڵبەتە دایک و باوکی بەمەیان نەزانی. دیاربوو پێگەی "کچە خۆشەویستەکەی"ی ماڵبات چەندە فریودەر بوو. چەندە حەزی لێ بوو هەستێتەوە سەرپێ و کاکی و خێزانی بووکێ تارومار بکات. نەیکرد. نەیدەتوانی. هەستی کرد دووڕووە. لە کاتێکدا کە خۆی نە پاکیزە بوو نە شووی کردبوو دانیشتبوو چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی پاکیزەیی ژنێکی دیکەی دەکرد، وەها خۆی دەنواند.

"ئەرێ ئەوە بۆچی هێندەی پێچوو؟ تۆ بڵێی کێشەیەکی هەبێت؟" باوکی بووکێ وای گوت. کاتێک ئەمەی گوت هەستایەوە سەرپێ، دواتر دەستبەجێ دانیشتەوە.

"بێگومان هیچ کێشەیەکی نییە" ژنەکەی وەها پەرپەرچی دایەوە. ژنە هێندە تووڕەبوو کە پزیشکی ئێشکگر ناچار بوو دووجار بێتەوە تا پێی بڵێ دەنگی نزم بکاتەوە.

کاتژمێرێک تێپەڕی، یان ئەوەتا ئەوان وا هەستیان کرد. دواجار خانمی دکتۆر دەرکەوت. "هەندێکیان بەبێ پەردەی کچێنی لەدایک دەبن، ئەمەتان دەزانی؟ هەندێک پەردەی کچێنیش بە جوتبوونیش نادڕێن. لە کاتێکدا هەندێکی دی لە ئەنجامی جووڵەیەکی ئاسایی فیزیکیدا، لە کاتی وەرزشدا، ڕاکردن بگرە ڕێڕەوتیشدا ئەگەری دڕانی هەیە. پێداگری لەوەی هەر دەبێ دوو دڵۆپە خوێن ببینرێن دژایەتیکردنی عەقڵ و زانست و زانستی پزیشکییە."

بە مەبەستەوە ئەمەی دەگوت، قەستی بوو تۆزقاڵێک هەست بەو شەرمە بکەن کە بەسەر بووکێیان هێنابوو.

"دەروونـی ئەو جوانخاسـەتان وێرانکـردووە. ئەگەر چاکەی ویتان دەوێ داواتان لێ دەکەم بیبەنە لای پزیشکێکی دەروونی. دەی ئێستا برۆن. نەخۆشگەلێکمان هەن هەر بەڕاستی دەردەدار و داخـدارن. کەسـانی وەک ئێـوە تەنیـا کاتمـان بەفیـڕۆ دەدەن. بەداخەوە!"

بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی دیـکە بڵـێ پشتی تـێ کـردن و ڕۆیشت. بۆ ماوەی یەک دەقیقە هیچ کەس ورتەی لێوە نەهات. دواتر دایکی بووک بوو بێدەنگییەکەی شێواند.

"خودایە چەنـدە مەزنیـت" ژنە وەهـا هـاواری کـرد. "ویستیان کچەکەم ڕەش بکەن. بەڵام خودا زللـەیەکی لە ڕوویان دا 'ئێوە چۆن زات دەکەن پاکیزەیەک لکەدار بکەن؟ ئەو خونچە گوڵە چۆن پیس و کرێت دەکەن؟' دەی عافیەتتان بێت!"

پەری بە تـیلەی چـاو بینـی کە بـاوکی سـەری دانەوانـد، دەتگوت دەڵێ "زەوی شەق بێت و بچمە نـاوی" ئـاوا چاوی لە زەمینە کۆنکریتییەکە بڕی بوون.

"ئەوە کوڕەکەتـانە لانەواز و بـێ توانـا، گوێتـان لـێ بـوو؟ ئەگەر ئەو پیاو نەبێت چ شتێک لە دەسـت کچەکەمـان دێت؟ ئەوە کـــوڕەکەی ئێـــوەیە پێویســـتی بەوەیە بیـــبەنە شـــوێنێک بپشکنرێ؟!"

"ئارامبە خـانم" مێـردەکەی چرپانـدی. پەشۆکاو و شـەرمەندە دیاربوو.

قسەکردنی پیاوەکەی هێندەی دی ژنەی دەهری کرد. "بۆچی دەبێ ئارام بم؟ ئەوان چیان بە ئێمە کرد. پێیان دەکرێتەوە. بەگم! پێیان دەکرێتەوە!"

هاوسـات لەوسـەری ڕاڕەوەکەدا دەرگـایەک کـرایەوە و بـووک دەرکەوت. بە هەنگـاوی نەرم و ئـارامەوە بە ئاراستەی

ئەوان شەقاوی هەڵدێنان. دایکی هەنگاوێک هەڵبەزییە پێشەوە و وەک ئەوەی شیوەن بگێڕێ دەستی کرد بە لەخۆدان کرد. "خونچە گوڵەکەم" دەلالایەوە. "چۆن دڵیان هات وات لێ بکەن؟ ویستیان بتخەن، بەڵام ئینشاڵلا خۆیان دەگلێنە نێو چلپاوەوە بەرخەکەم!"

بەبێ ئەوەی گوێ بە ناڵە و زاری دایکی بدات ڕاستەڕێی دەرکەی چوونەدەرەوە بوو. بە بەردەم ماڵباتی ئالبەندئۆغلو - هەروەها زاوا کە تاڕاددەی وەلەرەخستنی کورسییەکەی ژێری قاچی دەلەرزین- سەری بەرز کردبۆوە و تێپەڕی، بەبێ ئەوەی لا لە هیچ کەسێک بکاتەوە ڕۆیشت. پەری بووکی بینی بە نینۆکی دەستکرد و دەستی خەناوی و هێڵی تۆخ و مۆرەوە لەسەر لەپی دەستی. لەو شەوە شێواوەدا هیچ شتێک هێندەی ئەو وردەکارییەی کە بەدیکرد کاریگەر نەبوو. ئەو هێڵانە ئاسەواری ئەوەبوون کە ئەو جوانخاسە لەکاتی پشکنینی پاکیزەییدا لەسەر لەپی دەستی خۆی بە نینۆکەکانی کێشابوونی...

"فەریدە... تکایە بوەستە" پەری لەپڕ وای گوت. بەکەمجاری بوو بەناوی خۆیەوە بانگی کچە بکات. تا ئەوڕۆ بۆ پەری هەر "ئەو" یان "بووک" "یانەخۆ "تۆ" بوو.

ئەگەرچی فەریدە کەمێک هەنگاوەکانی خاو کردنەوە، وەلێ نە وەستا، نە ئاوڕی دایەوە. ڕاستەڕاست پێی هەڵێنا. لەدوایەوە دایک و باوکی لە دەرکە ئۆتۆماتیکییەکان چوون بەودیودا و لەبەر چاوان ونبوون.

ناخی پەری پڕ بوو لە قەهر و تووڕەیی؛ لە کاکی، کە خودپەرستیی و متمانەبەخۆ نەبوونی هۆکاری ئەم فەلاکەتە بوو، دایک و باوکی کە هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ وەستاندی ئەوان. لەو نەریتە تاریک و نەزانانەی کە بەهای مرۆڤی بەستۆتەوە بە

نێوگەلەوە؛ بەڵام لەهەمووی زیاتر لەخۆی تووڕە بوو. دەیتوانی کۆمەکی فەریادە بکات، بەڵام نەیکرد. هەمیشە وابوو. لە دەموساتی پڕ پشێویدا، لەو دەمەکەدا کە پێویست بوو بکەوێتە خۆی و شتێک بکات، سڕ دەبوو. هەستەکانی یەک بە دوای یەک هاوشێوەی گڵۆپە کوژاوەکان، کزدەبوون و دەپووکانەوە.

کاتێک بەو مینیبووسەی بەکرێ گیرابوو دەگەڕانەوە ماڵێ، تەنێ ماڵباتی ناڵبەندئۆغلوییەکانی تێدابوو. هاکان دەیشاژۆت؛ مەنسوور لەدواوە دانیشتبوو. هەرچی پەری بوو لەپاڵ دایکی دانیشتبوو.

"ئێستا چی بکەین؟" پەری بە نیگەرانییەوە ئەمەی پرسی.

"پەنا بەخوا هیچ شتێک ڕوونادا" سەلما بەرسڤی دایەوە. "شیرینی و گوڵ و دیارییەکان دەبەین و داوای لێبوردنیان لێ دەکەین. هەرچەندە بیرۆکەی چوونە نەخۆشخانە و پشکنین هی ئێمە نەبوو بەڵام دەی. هەرچی لەدەستمان بێت دەیکەین بۆ هێنانەوەی بووکەکەمان."

پەری بۆ ساتێک لە فیکران ڕۆچوو. "مەگەر دوای ئەو ڕووداوە ترسناکە ئەو هاوسەرگیرییە سەردەگرێت؟"

تیزە بزەیەک لەسەر سیمای سەلما دەرکەوت. نیوەی ڕوخساری بەوای دارتێلەکانی سەر شەقام ڕۆشن و نیوەی تریشی لەسێبەردا بوو. "ئاهـ پەری گیان، زۆربەی هاوسەرگیرییەکان لەسەر بناغەی وەها چرووک دامەزراون، بڕوام پێ بکە. پەنا بەخوا هیچ شتێک ڕوونادات."

پەری بە سەیر، بگرە بۆ جارێک بە وردی لە دایکی ڕوانی. وە لەو ساتە کورتخایەنەدا، بە نائارامییەکی ڕاتەکێنەوە گومانی لەوە کرد کە هاوسەرگیرییەکەی دایک و باوکی وەک دەردەکەوێت وەها نییە. دەتگوت نەهامەتییەکیان تێپەڕاندووە،

زۆر نەهامەتی. هۆکاری حاڵ و باری ئەمڕۆیان لەنێو درزەکانی ڕابردوو هەڵگیرابوو.

هۆشی چووە سەر ئەو وێنە لەچوارچێوەگیراوەی لەنێو بۆفیەدا لەشوێنێک کە لەبەر چاوان نەبێت- هەڵگیرابوو. ئەوە وێنەی ڕۆژی هاوسەرگیری دایک و باوکی بوو، کە لە ستۆدیۆی وێنەگرێک گیرابوو. ڕەق، بێ خەنینەوە، وەک ئەوەی لەنێو پۆزێکی ناخۆشدا بەندکرابن وان. لە پشتیانەوە گوڵە تۆرکیدە (دەمەشێر)ێک هەبوو. دیکۆرێکی بێتام لە پشتیانەوە هەبوو، کە لە چەند قازێکی فرێو پێکهاتبوو. دایکی کە ئەودەم هێندەی ئێستا خۆی دانەپۆشیوە تاجێکی لەسەر ناوە کە لەشێوەی گوڵە بەیبوون دروستکراوە، جوانییە پلاستیکییەکەی گوڵەکان بەلایەنی کەمەوە هێندەی دڵخۆشی ئەو دووانە ساختە بوو.

پەری لە خەیاڵەکانی گوزەرا. دەستی دایکی گرت، بەنەرمی گوشی. سەلماش دەستی کچەکەی گرت، توونـد و شەتەک. ئەوە یەکەمجار بوو هێندە لەیەکەوە نزیک بن. ئەو ژنە کە هەمیشە کەللەڕەق و پێداگر و پێوەگر، ژنێک کە وای بینیبوو نابەجێ فرمێسک دەزایە چاوانی، ئێستا وای دەبینی کە لەناخی خۆیدا بەرگەگر و پێداگرە.

وەک ئەوەی هەست بە ماخۆلیاکانی کچەکەی بکات. "من مرۆڤێکی ئیماندارم" سەلما وای گوت. "پەنا بە خودا دەگرم. بێگومان هۆکارێک هەر هەیە بۆ ئەو شتانەی بەسەرمان دێن. ئەگەر خۆشمان نەزانین ئەو دەیزانێت."

پەری لە پەمەیی بوونی گۆناکانی و چرچەکانی دەوری چاوانییەوە هەستی بە ڕژدی دایکی دەکرد. سەلما وەها لەناخەوە خۆی ڕادەستی بڕواداریەکەی دەکرد، بەلاوازی نا بەڵکو زۆر بەهێزەوە لەژێر ئەو بارە دەهاتە دەرەوە. بەڵێ ڕاستە کە ئایین

هەمیشە لاگیری پیاوان بووە. بەڵام ئاخۆ دەلوا بۆ ژنانێکی هاوشێوەی دایکی مەتانەت و هێزیان پێ بدات؟ ڕۆژی دواتر پەری بە هەموو ئەو پرسیارە ئاڵۆز و بێ وەڵامانەی نێو سەریەوە، بەرەو بەریتانیا گەڕایەوە.

Scanned with CamScanner

# تاڵانکەر

ئیستانبول، ۲۰۱٦

پەری هەر کە تەلەفۆنەکەی داخستەوە بەپەلە گەڕایەوە سەر مێزی خوان. بەهۆی ئەوەی دایکی نەیتوانی بوو ژمارەی تەلەفونی شیرین پەیدا بکات خەیاڵشکاو بوو بوو. ئەگەر ئەو پەیف و قسانەیشی ئامادە کردبێتن کە قەستی بوو پێبڵێ، وەلێ نەیدەزانی شیرین چ وەلامێکی دەداتەوە. دوای ئەوەی وازی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد هێنا چەند جارێک پەیوەندی لەگەڵ شیرین گرتبوو. وەلێ ئەو دەم ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو کەتن و ڕسواییەدا تێپەڕی بوو. ئەو برینەی کەوتبووە نێوانیان هێشتا خوێنی دەدەلاند. شیرین نەیدەویست قسەی لەگەڵ بکات. پەری نەیدەزانی داخۆ دوای ئەو ماوەیە لێی خۆشبووە یان نا.

کاتێک پێی نایەوە هۆڵەکە ژنەی خودان کۆمپانیای ڕێکلام لە ڕۆخ دۆلابی خواردنەوە کهولییەکان چەقی بوو. دیار بوو چاوەڕێی وێی دەکرد.

"ئەتۆ لێرە نەبووی کاکم تەلەفونی کرد" ژنە وای گوت، ئەگەرچی خەندەیەک لەسەر لێوانییەوە بوو، بەڵام چاوانی گوزارشتێکی دیکەیان دەدا. "لای سەیر بوو کە لەگەڵ ئەو لە هەمان ساڵدا لە ئۆکسفۆرد بوون. دڵنیام هەردووکتان هاوڕێی هاوبەشتان هەبووە."

پەریش بە هەمان ڕژدییەوە بەرسڤی دایەوە. "ئۆکسفۆرد شوێنێکی گەورەیە."

ژنە بەبێ ئەوەی زۆر گوێ بەم قسەیە بدات درێژەی پێدا: "باسی ئەوەم بۆ کاکم دەکرد؛ وێنەیەکت لەگەڵ ئەو مامۆستایە گرتووە، کە ئەو کەتەی بەسەرهاتووە. زۆر سەرسام بوو."

پەری هەناسەبڕکێی پێکەوت. ئەگەرچی هێمنی بە سیمایەوە دیار بوو، وەلێ نیگاکانی نیگەرانییەکەی دەردەخست.

"ناوی پرۆفیسۆرەکە چی بوو؟ براکەم پێیگوتم، بەڵام لەبیرم کرد."

"ئازوور" پەری بە هێواشی گوتی. پیتەکانی ناوی ئەو وەک ئاگری شل بن دەنگوت لێوەکانی دەسووتێنێ.

"هاه، دروست ئەمە بوو! دەمزانی ناوێکی سەمەرەی هەیە!" بە ئاماژەی جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی دەیڵێ چەقەنەیەکی بە پەنجەکانی کرد. "ئێ، براکەم ویستی شتێک بزانێت... داوای کرد لەتۆی بپرسم، خوێندکاری ئازوور بوویت؟"

"نەخێر، ئەوەندەم پرۆفیسۆر نەدەناسی" پەری بەبێ وەستان بەرپەرچی دایەوە. "ئەو کچانەی لە وێنەکە لە تەکی وەستاون خوێندکاری وی بوون. من تەنیا هاوڕێی ئەوان بووم، ئیدی لێک هەڵبڕاین و جودا بووینەوە."

"بەڕاست، ئاوابوو؟" ژنە وای گوت؛ ئەگەرچی ئەوەی ویستی بەدەستی نەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی نەبوو هەروایی وازی لێ بهێنێت. "بە ڕێگەی فەیسبووک. بەخوا من سەرجەم هاوڕێیانی زانکۆم لەو ڕێگەیەوە دیتنەوە، بگرە هاوڕێیانی قۆناغی سەرەتاییشم. ڕۆژانی گەڕانەوە بۆ هەمان سادەیی جاران ڕێکدەخەن..."

پەری بۆ ڕزگاربوون لەچنگ ئەو ژنە بێزارکەرە، کە وەک سوپای داگیرکاریی دوژمن تاڵانی ژیانی تایبەت و ڕابردووی دەکرد، سەری بادا. ئەمە لەکاتێکدا ناوی ئازووری -

ـەرکەوتنەکانی، خەڵاتەکـانی ئەو، کتێبەکـانی هەروا، وێنە و گوتارەکانیشـی- چەنـدین جـار لە ئینتەرنێت خوێنـدبووەوە. بێگومـان ئابڕووچوونەکەیشی. هەمـوو شتێکی تێدا نووسرابوو. وەها ڕێکخرابوو کە هەرگیز لەو دونیا گریمانەییە نەسڕدرێتەوە. بێگومان هیچ کام لەمانەی بۆ ژنە باس نەدەکرد.

"براکەم گوتی ئەودەم، کچێکی تـورک هەبوو کە ئامادەی سیمینارەکانی ئەو پرۆفیسۆرە دەبوو. بووبوونە بنێشتەخۆشەی سەر زاران. ئەو وای دەگوت."

ساردی کەوتە نێوانیـان. "دەتەوێ چ بڵێی؟" پەری پرسی، بە دەنگ و بەدەنێکی ڕەق و سەختەوە.

"هیچ، تەنیا حەزم کرد بزانم" ژنەی خودان کۆمپانیای ڕیکلام عەیارانە وای گوت.

پەری بۆ ساتێک کابرای بێنەوای بە بەدەنی لاوازی، ئەو نیگا و چاوانەی کە کار لە ناخی مرۆڤ دەکەن، بە دەستە قەڵشیو و نەگزیمیەکانی، بە بۆنی سیکۆتینەوە هاتەوە بەر چاوان. سەرباری جیاوازی پێگە و بارەکەیان، ئەو ژنەش کەمتر لەو خووگرتوو و مودمین نەبـوو. بۆ ڕاکـردن لە بەشێکی زۆری ژیـانی خـۆی، مەحرەمی ژیانی کەسانی دیکەی دەدرێ. دەمولووتی دەنایە نێو زەرفێکـی پـڕ لە ڕاز و قسەوقسـەڵۆک و هەناسـەی دەدا و هەڵدەمژییەوە.

"بریا شتی سەرنجڕاکێشترم هەبوایەن تا پێت بێژم" پەری وای گـوت؛ ددانـی نـا بە پەیڤـی "سـەرنجڕاکێش" دا. "مـن خوێندکارێکی ئاسایی بووم، کەسێکی هێنـدە بێدەنگ و سەدا بووم هێندەم لەباردا نەبوو خۆم بگلێنمە نێو ئەو ئابڕووچوونە."

ژنەی ڕیکلامکـار بە هەسـتی هـاودەردییەکی سـاختەوە لێوەکانی هەڵقرچاندن.

"ئەگەر دبسانەوە قسەت لەگەڵ براکەت کردەوە، پێیڵێ کەسێکی تر بووە."

"ئاه، هەڵبەت."

بەم شێوەیە گەڕانەوە سەر مێزەکە. تا کۆتایی خوانەکە پەری هەوڵیدا چاوی لە یەکانگیریی نیگاکانی بدزێتەوە. بەوەدا درۆی لەگەڵ کردووە هەستێکی خراپی نەبوو. قەت نیازی نەبوو ڕابردووی خۆی بۆ بێگانەیەک، چجای بێگانەیەک کە سەوداسەری قسەوقسەڵۆکە وەک داڵی کەلاکخۆرە وایە، ئاشکرا بکات.

لە ڕاستیشدا ئەمە ناونانێ درۆ. هەرچۆنێک بێت ئەمڕۆ ژنێکی زۆر جیاوازترە لەو پەریەی لە گەنجێتیدا بوو. گۆڕاوە. هەر دەتگوت ئەو کچە نییە کە ڕۆژگارێک خوێندکاری پرۆفیسۆر ئازوور و دواتر هۆکاری ئابڕووبەرییەکەی بوو، وەختە بڵێم کەسێکیتر بووە...

# ڕاکردنی ئێواران

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

پەری هەر کە گەڕایەوە سەر خوێندنەکەی نوقمی نێو دەرس و وەردانەوەکانی بوو. جۆرێک لە سەرلێشێوان بوو لە ئارایەک کە پشکنین بۆ پەردەی کچێنی دەکرێ هەستی بەرەو شوێنێک بگەڕێنێتەوە کە تێیدا ئەڤینداران دەست لەنێو دەست پیاسە دەکەن و ماچ دەکەن و سێکس تێیدا تابوو و بڤە و حەرامکراوێک نییە. ئەگەرچی بەردەوام هۆش و بیری پەری شێواو بوو! سپێدان قاوەی پاڵێوراوی دەهێنا، کە هیچ لەو قاوە تورکییە کەم شەکر و بە کەفە نەدەچوو کە پێی ڕاهاتبوو. دەهات دادەنیشت و لە خەلکیەوە ڕادەما. سەرنجی لەو مامۆستا و خوێندکارانە دەدا، کە بە ڕوخسارێکی دەفکران ڕۆچوو و بە دەستی پڕ لە کتێب و دەفتەرەوە لە بینایەکەوە ڕووەو بینایەکی دیکە ڕایان دەکرد، پەری حەزی دەکرد بزانێت "لەنێو ئەمانەدا تۆبڵێی چەندیان بزانن ژیان لە شوێنێکی دیکە چۆن دەگوزەرێ؟". چەندە ئاسان بوو گومان بۆ ئەوە بکەیت ئۆکسفۆرد -یان هەر شوێنێکی دیکە- ناوەڕاستی گۆی زەوییە.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە کاتێک تاریکان کەوت لە کتێبخانە هاتە دەرەوە. نزیکەی سێ دەمژمێر بوون بێ پسانەوە

دەبخوێندەوە. سەری پڕ لە چەندین بیر و خەیاڵ بووبوو. هەندێکجار وای گومان دەکرد هەموو ئەو شتانەی خوێندوویەتییەوە، یان بیستوویەتی و بینیویە لە حەشارگەکانی نێو زیهنیدا هەڵدەگیرێن، لەوێ شەنوکەو دەکرێن و بۆهەمیشە دەخرێتە نێو ونگەکانەوە و هەڵدەگیرێن. واتە دەکرێ بگوترێ مرۆڤ بە دروستی نازانێ چ زانیارییەک لە مێشکیدا هەڵگیراوە.

بڕیاریدا لێرە بەدواوە ڕابکات. بە مەبەستی دانانی ئەو کتێبانەی خواستبوونی و لەپێکردنی پێڵاوەکانی گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. دواتر کەم کەم خێراییەکەی زیاتر دەکرد و ڕووەو کۆڵانی هۆڵی وێڵ هەڕاکەی لێ کرد. چێژی لەو شتە بە دەبینی کە بەر ڕوخساری دەکەوت. لەنێو تاریکیدا بەلای ئەو پاسکیلانەدا تێپەڕی کە چراکەیان چاویان وە شەوارە دەخست. مرۆڤەکان بۆ هەموو شوێنێک -بۆ دوکانەکان، ڕیستۆرانت و خوێندنیان- هەر بە پاسکیل هاتوچۆیان دەکرد، جارێ بینینی مامۆستا پلە باڵاکان لەسەر پاسکیل و بە جبە لەبەر با شەکاوەکانیانەوە لە دڵخوازترین دیمەنەکان بوو بۆ پەری. وێنش پاسکیلێکی وەرگرتبوو، بەلام چەندجارێک هاوسەنگی خۆی لەدەستدابوو. ئەمەش یەکێک بوو لەو شتانەی کە دەبوو فێریان بێت - هاوشێوەی بەختەوەر بوون.

بە درێژایی ئەو ڕێگایانەی کە ئەو هەستە بە مرۆڤ دەدەن کە ڕێگای هەمیشەییان گوم کردوە، ڕایکرد. بەدەم هەڵمژینی بۆنی درەختە بێ ناوەکانی زستانەوە لە گۆشەیەکەوە وەرچەرخا، لەپڕ وەستا، پشووسوار بووبوو. لووتی تەقی بە پۆستەرێکەوە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

زانکۆی ئۆکسفۆرد گەنگەشە لەبارەی خوداوەند
پێشکەش دەکات.
پرۆفیسۆر ڕۆبەرت فۆولەر، پرۆفیسۆر جۆن پیتەر
وە پرۆفیسۆر ئەی. زێد. ئازوور
گەنگەشەی بیرە هەرە ڕۆشنەکانی ئەم چاخە لەکیس خۆتان
مەدەن!

چاوەکانی پەری ئەبڵەق بوون. ئەی. زێد. ئازوور. ئەوە ئەو پرۆفیسۆرە بوو کە شیرین سەرمەست و حەیرانی بووبوو. تەماشای ڕۆژ و ڕێکەوتی نووسراوی سەر پۆستەرەکەی کرد. ئەمڕۆ بوو. کاتژمێر پێنج. لە مۆزەخانەی مێژووی سروشت. پاتێڵەکە دەمێک بوو دەستی پێکردبوو. شوێنەکەیشی بەلایەنی کەمەوە یەک کیلۆمەتر لە شوێنی پەریەوە دوور بوو. ئەگەر پێشتر ئاگات، بلیت نابێت. ئەگەری پەیداکردنی بلیتیش هەبێت پارەی پێ نییە! وەلحاڵ بەبێ ئەوەی هیچ بیرۆکەیەکی لەسەریدا هەبێت هەر لەوێکانە بڕیاریدا و ڕووەو مۆزەخانەکە وەرچەرخا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و پێی بە غارێوە نا... هێندە ماخۆلیای ئەوەی لەسەردا بوو تا بزانێت ئەو کەسەی ناوی ئازوورە کێیە.

Scanned with CamScanner

# ڕێگەی سێیەم

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٠

کاتێک پەری بە قژی ئاڵۆسکاو و دڵۆپە ئارەقی سەر تەوێڵییەوە بە ئامانجەکەی گەیشت خۆر تیزماڵە ئاسمانێکی کەهریمانی لەدوای خۆی بەجێهێشتبوو و دەمێک بوو ئاوا بووبوو. بە هەناسەبڕکێوە لەو بینا نیو-گۆتیک ـە بە باهۆیەی کە لەسەر شێوازی "کاتیدراڵی زانست" دروستکرابوو، نزیک کەوتەوە. بیناسازی لە ئۆکسفۆرد بەسەر دوو کاتیگۆریدا دابەش بووبوو: بیرخەرەوە و خەیاڵ بۆ کراو. مۆزەخانەی مێژووی سروشت لە هەمان کاتدا هەم بیرخەرەوە هەم خەیالکرد بوو. پەری بەسەر بەردەچەقڵەکاندا هەنگاوی دەنا و بە سەرسامییەوە لە بیناکە ڕامابوو.

لە دەروازە سەرەکییەکەدا دوو خوێندکار، کیژێک و کوڕێک بە کراسی شینی کاڵ و ڕوخسارێکی شەکەتەوە وەک پاسەوان وەستابوون.

"هاتوومەتە دیار گەنگەشەکە" پەری وای گوت، هەوڵیشی دەدا هەناسەکانی ئارام بکاتەوە.

"بلیتت هەیە؟" کوڕەکە پرسی. یەکێکی کەتەی قژسووری گوێیان بوو. کەمێک کەوچەش بوو.

"ئێ.. نەخێر" پەری بە ڕاڕاییەوە ئەمەی گوت. "جزدانەکەشم پێنییە."

"پێشتبوایە جیاوازی نەبوو." کوڕەکە سەری بۆ ڕاست و

Scanned with CamScanner

چەپ بادا. "چەند هەفتەک دەبێت بلیت تەواو بووە."

پەری خۆی پێ نەگیرا. "یا، ئاخر لەهۆوە را تا ئێرە رامکردووە!"

کچەکە لەهەمبەر ئەو وڵامەی پەری بە سادەیی و لەناخەوە دایەوە، بە تێگەیشتنەوە پێکەنی. "بڕوا بکە خەریکە کۆتایی پێدێ، دەرەنگ هاتی."

وەک ئەوەی دەست بە سەرەداوی ئومێدێکەوە بگرێت، "هەر هیچ نەبێ دەکرێ چاوێک بە ژووریدا بخشێنم؟" پەری پرسی.

کچەکە شانێکی هەڵتەکاند. ناڕەزا نەبوو. وەلێ کوڕەکە ئیزنی نەدا. "نابێ، پێشێلکردنی یاسای ئێرەیە" بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆی لە پێگەی دەسەڵاتدارێتیدا بینی وبە تۆنێکەوە ئەمەی گوت کە تا ماوە دەیەوێ سوود لەو پێگەیە ببینێت.

"سەرلەبەری گەنگەشەکە تۆمار دەکرێت. دواتر بێ بەرانبەر پەخش دەکرێت" کچەکە وای گوت.

پەری دڵی بەرایی نەهات. دیسانەوە سەرێکی هەڵتەکاند. "باشە، سوپاس."

پشتی لێ کردن. کاتێک بە زیزی لەژێر چرا کزەکانی دارێلەکانی سەر شەقام هەنگاوی هەڵدێنان دەتگوت منداڵێکە دڵیان شکاندووە. ئەگەر کەسێک هاتبا لێی پرسیبا بۆچی هێندە حەز دەکات بچێتە ژوورێ، تەنێ یەک بەرسڤی دەدایەوە: زیری. دەنگێک لە ناخییەوە پێیدەگوت بەشێکی گرنگی ئەو پرسیارانەی کە ماوەیەکی زۆرە ختووکەی بیر و هۆشیان دەدا لەم پانێلە دەتوانێ وەچنگی بخات. بەم زیرییەوە بوێرانە لەباتی ئەوەی ڕووەو دەرچە سەرەکییەکەی چوونەدەرەوە هەنگاو

هەڵێنی خۆی گنخاند[1]. کاتێک لەسەر شانەوە هەروایی ناوڕێکی لە دەروازەی چوونەژوورەوە دایە سوسەی شتێکی چاوەڕوانەکراوی کرد. کیژە دەرکەوانەکە لەوێ نەمابوو. کوڕەکەش بۆ ساتێک وەستا و دواتر چووە نێو بیناکەوە و لەبەرچاوان ونبوو.

پەری تەکانێکی دا خۆی و وەجووڵە کەوت. بەسوودوەرگرتن لە نەمانی دەرکەوانەکان چووە نێو مۆزەخانەکە. ئەمە لە کاتێکدا هەمیشە پابەندی یاساکان بووە. لەناکاو بوێرییەکی شێتانە تکابووە ناخی. لە ژووری بە ئاگاییەوە هەنگاوی دەنا؛ لەترسی ئەوەی کوڕەی دەرکەوان هەر ساتێک بێت بێتە بەردەمی و دەریبکات، هەموو هەستەکانی لەسەرپێ بوون. بەڵام کەس پێشی پێ نەگرت. ئاماژە و نیشانەکانی گەنگەشەی خوداوەند ی گرتەبەر و هێندەی نەبرد خۆی لەنێو سالۆنێکی گەورە و قەرەباڵخدا بینییەوە.

ژوورەوە لە خوێندکار و ئەکادیمیستەکان پێکهاتبوو کە بە پرسەرنجییەوە دانیشتبوون و بەوپەڕی سەرنجەوە لە سەکۆیەکە ڕامابوون. یەکێک لەوان ڕۆژنامەنووسێکی ناوداری BBC بوو ڕێکخەری گەنگەشەکە بوو. ئەو سێیەی دی ئاخێوەران بوون. پەری بەوپەڕی سەرنجەوە لێیان ڕاما، زۆر مەبەستی بوو بزانێت کامەیان ئازوورە، گوێی ڕادێرا.

یەکەم ئاخێوەر -بە نیگای ژیرانەیەوە، چاو وردیلە و خۆیشی باریکەلە- قژ رووتاوە بوو. وادیارە هەر جارێک شتێک ببیستێ کە بە دڵی نەبێت ڕیشە ماش و برنجییەکەی خۆی ڕادەکێشێت. بە تاقمێک جلی خۆڵەمێشی، کراسێکی خانە خانەی پەمەیی، بە

---

(١) گنخاندن: خۆ هێشتنەوە، وەستان و چاوەڕوانیکردن. خۆ دواخستن: وەستان و چاوگێران بۆ هەلێک.

شابلێکەوە، جار جارەش لەژێر بزە و خەندەکانییەوە ئەدگارێکی نووڕە و زیری دەردەکەوت.

بەتەمەنترین پرۆفیسۆریش بە ڕوخسارێکی پان، گۆنای ئاڵ و قژی ڕووتاوە کاتێک دەخرۆشا لەبیری دەچوو ورگە زلەکەی کۆبکاتەوە و نەفەسکێشی بکاتەوە. ئەو پاڵتۆ قاوەیی-سوورەی کابرا لەبەری کردبوو یان بۆی تەسک بوو یان ئەوەتا تێیدا ئاسوودە نەبوو، هەروەها بە دانیشتنە قەمبوور و داڵغەبردنەوەی دیار بوو کە ئائارامە. وەک باپیرەیەکی شیرین هاتە بەرچاوی پەری کە بخوازێ لەباتی ئەوەی بهاتبا سەر سەکۆ و گەنگەشەی خوداوەند بکات، لەگەڵ نەوەکانی خۆی کاتی بەسەر بردبا.

ئاخێوەری سێیەم بە جودا لەوانی تر بە تاکی تەنیا لەلای چەپی ڕێکخەری گەنگەشەکە دانیشتبوو. قژە قاوەییە مەیلەو زەردەکەی تا سەر شانەکانی پەرێشان بووبوو، لووتێکی زل، بگرە وەختە بڵێم بە هەیبەت دەهاتە بەرچاو. چەناگە تیژ و ئێوچاوان پان بوو. بە تیزەبزەیەکەوە لە ئامادەبووان ڕادەما، چاوەکانی لەپشت شووشەی چاویلکەکەیەوە وەک ئەستێران دەدرەوشانەوە. ئەگەرچی سەخت بوو تەخمینی تەمەنی بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا جەستە و شێوازی دانیشتنی لەچاو ئەوانیتر گەنجتر دیاربوو. پەری دڵنیا بوو ئەو پرۆفیسۆرەی شیرین بێ پسانەوە باسی دەکرد ئەمەیە.

"گوێبیستی گەنگەشەیەکی نایاب بووین. گوێمان لە فیکرگەلی هاندەرانە و جوڵێنەرانە کرد. بەناوی خۆم و هەمووتانەوە سوپاسی ئاخێوەرانمان دەکەم" لەکۆتاییدا ڕێکخەرەکە ئەمەی گوت. شەکەت دیار بوو. پەری کە هەستی بەوە کردبوو لەژێر ناوی ئەکادیمیدا پشێوی دروست بووە، داخیشی بۆ ئەوە خواست تۆ بڵێی بەر لەوەی ئەو بێ باسی چی کرابێت.

ئامادەبوواتمان. بەر لەوە دەدەینە سەرنجدان بواری ئێستا "
دەمەوێ هەندێک ڕێنمایی بنچەینەییتان بیربخەمەوە:
پرسیارەکانتان کورت و تایبەت بێت. تکایە چاوەڕێی بەرزەگۆ
(مایکرۆفۆن)ی گەڕۆک بن، بەر لەوەی دەست بە قسەکردن
بکەن، خۆتان بناسێنن."

خرۆشانێک لەنێو سالۆنەکەدا چێ بوو، دەتگوت بایە و بەنێو
بەرێژی گەنمدا هەڵیکردووە. چەند دەستێک بە زوویی ڕەهەوا
کەوتن؛ دیار بوو لە بوێر و بێ باکەکان بوون.

یەکەم کەس کە قسەی کرد، کوڕە خوێندکارێک بوو.
دوای ئەوەی بە کورتی خۆی ناساند، لە یۆنانی کۆن و ڕۆماوە
پێداهات تا چاخەکانی ناوەڕاست باسێکی درێژی لەبارەی مێژوو
و فەلسەفە پێشکەش کرد. کەسانی وا بەردەوام هەر پەیدا دەبن،
کەسانێک کە زیاتر لەوەی مەبەستیان بێ پرسیار بکەن دەیانەوێ
گوتاری خۆیان پێشکەش بکەن بکەن. کاتێک کوڕە گەیشتە
سەر باسی ڕێنیسانس گوێگرەکان بێزار بوون، ڕۆژنامەنووسەکە
هاتە بەر باسەکەی؛ "ئێ باشە، دەتەوێ پرسیارەکەت بکەیت، یان
خوتبەمان بۆ دەدەیت؟"

دەنگی پێکەنین بەرز بوویەوە. خوێندکارەکە سوور هەڵگەڕا.
دواجار -کە هێشتا تاکە پرسیارێکیشی نەکردبوو- ماڵئاوایی لە
مایکرۆفۆن کرد. هەڵبەتە بە نابەدڵی.

کەسی دووەم کە هەستایەوە سەرپێ، پیاوێکی جبەرەشی
ئایینی بوو؛ ڕەنگبێ قەشەیەکی ئەنگلیکانیی بوو بێت، پەری
ئەوانی لێک جیا نەدەکردەوە. گوتی کە چێژی لە گوێگرتنیان
دیوە، بەڵام هاوڕای یەکەم ئاخێوەر نییە. ئەوە بگوترێ کە ئایین
بەربەستی لەبەردەم گەنگەشەی ئازادانە دروست کردووە ڕاست
نییە، مێژووی کڵێسای کریستیانی پڕە لە نموونەی پێچەوانەی ئەم

بۆچـوونە. پێنگـافی یەکەمـی زۆر زانکـۆ لە ئەوروپـا، بە ئۆکسفۆردیشـەوە بنەچەکەیـان لە تیۆلۆژیاوە بـووە. واتە ناوەنـدە ئاینییەکان گەشەیان بە زانکۆکان داوە. ئەتایستەکان بۆیان هەیە بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان بـخەنەڕوو، بەڵام بە مەرجی ئەوەی لە ڕاستی لانەدەن.

پەری درکی بەوە کـرد پرۆفیسۆرە ڕیشن و قژڕووتاوەکە ئەتایستە. لەنێوان ئەو و پیاوە ئاینییەکەدا گەنگەشەیەکی کورت ڕوویدا. پرۆفیسۆر بڕوای وابوو؛ لاگیری ئاین بۆ گەنگەشەی ئازاد بە لایەک، بەڵام لە هەمان کاتدا دوژمنێکی ئەزەلیشیەتی. کاتێک سپینۆزا پرسیاری دەربارەی ئەو شتانە دەکرد کە حاخامەکان فێریان دەکرد هیچ کەسێکی پەسنی عەقڵی ئەو فەیلەسووفەیان نەکرد. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە کەنیسە دەریانکرد. هەمان کاردانەوە لە مێژووی ئایینی کریستیانی و ئیسلامیشدا هەیە. وەک کەسێک کە خۆی ڕادەستی زانین و بیری ڕۆشن کردووە نیازی بەوە نەبوو خۆی بخاتە ژێر ئەزموونی ئایینەوە.

ئەوی لەپاش پیاوە ئاینییەکە دەستی ڕاهێشتە مایکرۆفۆنەکە ژنێکی تەمەن ناوەندی شۆخ و شەنگ بوو. نموونەی بە ناوی ئەو فەیلەسووفانە هێنایەوە کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتداریتی ئایینییەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە، پێیوابوو کە ئایین و زانست هەرگیز پێکڕا هەڵناکەن. ڕووی دەمی وێش لە دووهەم فەیلەسووف بوو. پەری حاڵی بوو کە ئاخێوەرە شۆخەکە ئەکادیمیسیەنێکی دیندارە.

دووهەم پرۆفیسۆر؛ ئەگەرچی هێندەی هاوکارە ئەتایستەکەی لە وتارداندا بەهێز و تواناش دیار نەبووبێت، بەڵام کاتێک بە ئینگلیزیە ئاکسەنت ئایرلەندییەکەی دەدوا دەتگوت پەیڤەکان

خواردنێکی بەتامن و لازمە لە دەمدا تام بکرێتەوە، شێوازەکەی نەرم بوو، بەڵام بێزارکەر بوو. بڕوای بەوە هەبوو کە هەموو ئەو زانایانەی لە بوارەکەی خۆیاندا سەرکەوتوون، لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا تا دوائەندازە بڕوادارن. ئەوەیشی گوت کە داروینیش خۆی بە ئەتایست نەزانیوە. ئەمڕۆ زۆر زانا کە وەک "ئەتەیستی لەرزۆک" ناویان دەرکردووە، لە ڕاستیدا بڕوادارن.

پەری کە تا ئەودەم کورسییەکی چنگ نەکەوتبوو لەسەری ڕوونیشێ؛ پاڵی بە دیوارەوەدا. بە وردی لە ئازوور ڕامابوو، کە قژی هاتبووەوە سەر نێوچاوانی و چەناگەی لەسەر لەپی دەستی خۆی دانابوو و بە وردی گوێی بۆ قسەکان ڕادێرا بوو. پرۆفیسۆر زۆر لەو بارەدا نەدەمایەوە. هەروەها پرسیاری داهاتوو ئاڕاستەی وی دەکرا.

لەو دەمەدا کچێک هەستایەوە سەرپێ. بە نێوشانێکی ڕاست و قژێکی درەوشاوە، کە بەوای ئەو ڕووناکیانەی لە بنمیچەکە درابوون دەدرەوشایەوە، ڕاوەستا. ئەگەرچی لەپشتییەوە بوو، بەڵام پەری ناسییەوە: شیرین بوو!

"پرۆفیسۆر ئازوور من خۆم بە ڕۆحێکی ئازاد و سەربەخۆ ناوزەد دەکەم. هیچ کاتێک تەبای ئەو دین و کولتووره نەبووم کە تێیدا لەدایک بووم. بەرگەی ئەوانە ناگرم کە حوکمی ئایینیم بەسەردا دەدەن. خۆشم لە بیچمی لەخۆڕازیانەی هیچکام لە حاخام، ڕاهیب و ئیمامان نایەت. قسە و گوفتاری کلێشەیی بەکەڵکی من نایەن. ببوورە بەڵام قەت بە کەڵکم نایەن. لە کتێبەکانی ئێوە هەست بە دەنگێک دەکەم کە لە تووڕەیی و ڕەخنەکانی من تێدەگات. لە پرسە هەستیارەکاندا تەمامی بێ ئالی و لایەنن. کاتێک کتێبێک دەنووسن چۆن خوێنەرێکتان لەبەرچاوە؟"

ئازوور بە بزەیەکی قەدیفەییەوە سەری بەلادا لار کردەوە. بە دەنگێکی هێمن، قسەکانی پێکار و سەرڕێژ و پڕ بوون. بەلام پەری زۆر لە قسەکانی پرۆفیسۆری گوێ لێ نەبوون. هەروەها دروست لەو ساتەدا کراسێکی شینی بەرچاو کەوت. هەمان ئەو دەرکەوانە قژکاڵ و گوێپانەی دەرێ بوو. لەترسی ئەوەی نەکا کوڕە بەدوای ویدا بگەڕێ تەمامێ خۆی بە دیوارەکەوە نووساند. ئەوە لەکاتێکدا کوڕە ڕێک و ڕاست و بە نیگایەکی ڕژدەوە تەماشای سەرسەکۆکەی کردبوو، بە تایبەت چاوی لە یەکێک لە ئاخێوەران بڕی بوو: ئازوورا

هەر کە شیرین دانیشتەوە هەمان کوڕ پەری بە مایکرۆفۆنەکەدا کرد و لەدەستی ویی دەرهێنا. ئەگەرچی کەمێکیش حەپەسان و شڵەژان لەنێوانیاندا چێ بوو، وەلێ پەری بۆ ساتێک نەیزانی چی ڕوودەدات.

"منیش پرسیارێکم لە پرۆفیسۆر ئازوور هەیە!" کوڕەکە دەنگی بەرز کردەوە.

سێبەرێک نیشتە سەر ڕوخساری ئازوور. بە ڕاتەکاندنی شەکەتانەی سەرییەوە دیاربوو کوڕە گەنجەکە دەناسێت. "گوێمگرتووە ترۆی". بە دەنگێکی وەک سەهۆل سارد ئەمەی گوت.

"پرۆفیسۆر لە یەکێک لە کتێبە بەراییەکانتدا پێموایە لە کتێبی "ئارێکی بپێچەنەوە" دا نووسیوتانە کە ناتانەوێ نە لەگەڵ ئەتایستەکان نە بڕوادارەکان بچنە نێو گەنگەشەوە. بەلام ئەوەتا دەبینم ئێستا دروست ئەم کارە دەکەن! نەکا ئەوەی ئێستا لەهەمبەر من دانیشتووە هاوشێوەکەت بێت؟ چ شتێک گۆڕاوە؟ ئەودەم بەهەڵەدا چووبوون، یاخود ئێستا خەریکن هەڵەیەک ئەنجام دەدەن؟"

ئازوور بە خودباوەڕییەکی ساردەوە لە کوڕەکە ڕاما. "ئەگەر ڕەخنە لە گوتەکانم دەگرن دەبێ سەرەتا بە دروستی بەیادیاندا بهێنیتەوە. نەمگوتووە هەرگیز گەنگەشە لەگەڵ ئەتایست و بڕوادارەکان ناکەم. ئەوەی من گوتوومە..." بەدکارانە ئەبرۆیەکی بەرز کردەوە. "کەستان کتێبەکەی لەلایە؟ با تەماشا بکەین کە چیم گوتووە."

قاقای پێکەنین بەرز بوویەوە. پێشکەشکارەکە تەڕدەست کتێبەکەی بۆ ڕاهێشت. ئازوور هەرزوو ئەو ڕووپەلەی دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕا. "ئەوەتا!" بە هێمنی گەرووی پاککردەوە- ئەمەی بە شێوەیەکی شانۆکارانە کرد- دەستی بە خوێندنەوە کرد.

*"چەندین جار ڕێکەوتی ئەوەتان کردووە کە بڕوادار و بێ باوەڕەکان ئامادەنین واز لە پێداگریی خۆیان بهێنن. لێک تێنەگەیشتنی نێوان ئەم دوو بەرەیە دووپاتبوونەوەیە. بەردەوام و چەندبارە هەمان قسە بە یەکدی دەڵێنەوە. ئەمە وەرچەرخاوەتە سەر ئۆباڵ خستنەمل. گەنگەشەی هەبوون و نەبوونی خوداوەند ناپێویستە و تەنکاوێکە کە لازم بە گەنگەشەی قووڵ نییە. لە ڕاستیدا بەمە ناگوترێ گەنگەشە."* ئازوور بەر لەوەی کتێبەکە دابخاتەوە خۆی کێل کردەوە و لە ئامادەبووان ڕاما. ئەوەی دواتری لەنێو زیهنی خۆیدا خوێندەوە. "چوونە نێو گەنگەشەیەکی هۆشمەندانە وەک عاشقبوون وایە. هەر کە کۆتایی پێهات دەگۆڕێیت. دەبیتە کەسێکی تر. هەڵبەتە کەسی بەرانبەریشتان دەگۆڕێ. ئەگەر ئامادەیی ئەوەتان تێدا نەبێت بیرکردنەوەی خۆتان بگۆڕن ئەوا لە هیچ باسێک لەگەڵ هیچ کەسێک مەچوونە نێو گەنگەشەوە. تەنێ ئەو کەسانەی بۆ گۆڕانکاریی لە خۆیاندا ئامادەن بە تەواوی مانا دەتوانن گفتوگۆ

بکەن. ئەگەرنا ئێگۆکانمان بیر و هۆشمان دادەخەن. ئەوانەی بە خواستی ئەوەی هەر دەبێ ئەوان لەسەرحەق دەربکەون دێنە نێو گفتوگۆ؛ هەرگیز ناتوانن دیالۆگێک بسازێنن. ئەوکات ئەمەم گوتووە، ئێستاش هەمان شت دووپات دەکەمەوە."

لێرە و لەوێ دەنگی چەپڵە لەنێو ئامادەبووان بەرز بوویەوە. پێشکەشکارەکە وەدەنگهات: "بەداخەوە خەریکە کاتمان کۆتایی پێدێت. دوایین پرسیاری ئامادەبووان وەردەگرین."

پیاوێکی پیر هەستایەوە سەر پێ. "ئەگەر پرسیار لە مامۆستا بەڕێزەکانم بکەم کامەیە شیعری هەرە دڵخوازی خۆیان، کە لەبارەی خوداوەندەوە نووسرابێت... گرنگ نییە بڕوایان پێ هەیە یان نا."

ئامادەبووان بە خرۆشێکەوە لە شوێنی خۆیان وە جووڵە کەوتن.

"دڵخوازترین شیعر لای من بەگوێرەی ڕۆژ دەگۆڕێ" پرۆفیسۆری ئەتایست وای گوت. چەند دێڕێکی لە شیعری پرۆمێتیوس ی لۆرد بایرۆن گوتنەوە.

"لە ئەزبەرکردنی شیعر هیچ باش نیم" پرۆفیسۆری دیندار وای گوت. ئەویش هێندەی توانی بیهێنێتەوە بیری چەند دێڕە شیعرێکی ت. س. ئیلیوت گوتنەوە.

کە نۆرە هاتە سەر ئازوور، قەیرێ بێدەنگ ما. "شیعری دڵخوازی من لە مەملەکەتە کەڤنارەکەی فارسان، لە حافزەوەیە." بە دەنگێکی هێندە نزم دەپەیڤی هاوشێوەی زۆربەی گوێگرانی ئەوێ، پەریش کەمێک خۆی بۆ پێشەوە چەماندەوە.

*هێندە لە خوداوەند فێربووم*
*چیتر خۆم نە بە دیان، نە هیندوو، نە مسوڵمان*
*نە بودایی نە مووسایی دەزانم...*

*هێندەم حەقیقەت لا ڕوون بوو*
*چیدی خۆم نە بە پیاو، نە بە ژن و نە فریشە و*
*بگرە نە بە ڕۆحێکی ڕەوانیش دەزانم...*

ئازوور کە ئەم نیوەدێڕانەی دەخوێندنەوە لە سەرووی ئامادەبووانەوە لە بەرز ڕاما. ئەودەم پەری هەستێکی سەیری تێزا هەستێک وا بزانێت ئەو دێڕانەی بۆ ئەو خوێندبێتنەوە. هێندە گومان، خەیاڵ و ترسی هەبوو لە ئێستای خۆی دابڕابوو و لەنێو خەیاڵی ئەوەی لە داهاتوودا چی دەگوزەرێ، دەژیا.

پیشکەشکارەکە بە دزییەوە تەماشای کاتژمێرەکەی کرد. "تەنیا بەشی ئەوە کاتمان ماوە هەرکام لە پرۆفیسۆرەکانمان دواین ڕستەی خۆیان بڵێن. بەڕێزان، ئەگەر قسەکانتان لە یەک ڕستەدا کورت بکەنەوە چی دەڵێن؟"

پرۆفیسۆرە ئەتایستەکە وای گوت: "دەمەوێ بە دووبارەکردنەوە گوتەزایەک کۆتایی بە ئاخاوتنم بهێنم: *ئایین چیرۆکێکی بەر ئاگردانە کە بۆ ترسنۆکەکان هەڵبەستراوە.*"

"کەوابێ ئەتایزمیش چیرۆکێکی بەر ئاگردانە بۆ ئەوانە هەڵبەستراوە کە لە ڕووناکایی دەترسن." پرۆفیسۆرە کاتۆلیکە دیندارەکە بە ئەکسێنتە ئایرلەندییەکەی خۆیەوە ددانی بە (ر)ـەکانی نێو ئاخاوتنیدا دەگرت و وەها بەرپەرچی دایەوە.

هەموویان سەریان ڕووەو ئازوور وەرچەرخاند. "من چێژ لە چیرۆکەکانی بەر ئاگردان دەبینم" بە سیمایەکی شەکەتەوە ئەمەی گوت. "هەر دوو هاوپیشەکانم بە هەڵەدا چوون. یەکێکیان دەیەوێ ئیمان لەنێوببات، ئەوی دیکە گومان. ئەوەی لێی حاڵی نەبوون ئەوەیە؛ مرۆڤ بۆ ئەوەی بە مرۆڤیی بمێنێتەوە ئاتاجی هەم بە ئیمان هەم بە گومان هەیە. ئەوان بەدوای ڕەهاگەراییەوەن؛ هەرچی منم گومانباربوون نیعمەتێکە بۆخۆی.

ڕەهاگەریی بەرهەمی زیهنیەتی چەقیوە. هەرچی بەدواداگەڕان و ئەو شتانەی هۆش ئاڵۆز دەکەن نیشانەی هۆشمەندین. ناچارنین لە ڕەهاگەرایبەکەوە بۆ ڕەهاگەرایبەکی تر، لە هاوڕاییەکەوە بچینە سەر هاوڕاییەکی دیکە. ڕێگەی سێهەم هەیە! مەملەکەتێکی دیکە لەسەرووی دووڕیانەکانەوە. دەتوانین لەوێ دیدەنی یەکدی بکەینەوە."

پێشکەشکار، کە لەوە ترسا قسەکانی ئازوور ڕێگە لە بەردەم گەنگەشەیەکی تازە بکاتەوە هەرزوو وەدەنگهات: "ئیتر لێرەدا وێڕای سوپاسکردنی میوانەکانم، پانێڵەکە لێرە کۆتایی پێ دەهێنم." ئاماژەی بەوەشکرد ئەم پانێڵە نموونەی پانێڵە هەرە باشەکانی بەریتانیا و ئۆکسفۆرد بووە، کە بەبێ سانسۆر بەکۆتا گەیشت. "با ئاخێوەرانمان بە چەپڵەیەکی گەرم بەڕێ بکەین."

ئامادەبووان ماوەیەکی درێژ چەپڵەیان بۆ لێدان. لە کاتێکدا ئەوانەی هەوەسیان لێ بوو لەگەڵ پرۆفیسۆرەکان بپەیڤن ڕووەو سەکۆکە هەنگاویان دەنا، ئەوانی دیکەش لەنێوان خۆیاندا ورتە ورتیان بوو. ئەوانەی تریش ڕووەو دەرچەکانی چوونە دەرەوە ئاڕاستە بووبوون.

پەری بەدەم گوێگرتن لەوانەی لە ڕاست و چەپی وێدا پێکەوە قسەیان دەکرد، لەگەڵ دەستەیەک کەم کەمە شەقاوی هەڵدەهێنان. دروست لەو شوێنەدا کە خەریک بوو پێی لە دەرگاکە دەبرد بەودیودا ئاوڕێکی لە سەکۆکە دایەوە. دوو پرۆفیسۆرە بەتەمەنەکان لەگەڵ ناسیاوەکانی خۆیان دەپەیڤین، پێشکەشکار سەرقاڵی کۆکردنەوە رووپەل و جانتاکەی بوو. لەبەردەم کورسی چوارەمدا، واتە کورسییەکەی ئازوور ڕیزێکی درێژ لە هەوادارانی ئازوور وەستابوون. ئەگەرچی پەری لەنێو قەرەباڵخییەکەدا نەیدی، بەڵام دڵنیابوو شیرینیش لەنێو ئەو ڕیزەدا وەستاوە.

# هۆشداریی مەترسی

ئیستانبوڵ- ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١

پەری بەبێ ئەوەی بەخۆیشی بزانێت خولی یەکەم هەروا بەزوویی تێپەڕی و کۆتایی پێهات. کاتێک بۆ پشووی سەری ساڵ گەڕایەوە ماڵێ؛ وەها خۆی نواند کە هەستی بەوە نەکردووە تەندروستیی باوکی خراپتر و خووگرتنی دایکی بە پاککردنەوە تا ئاستی شێتگیریی بەرزبووەتەوە. بۆ شەوی سەری ساڵ باوک و کچ لەهەمبەر تەلەفیزیۆن ڕونیشتبوون، کەستانەیان دەخوارد و تەماشای سەماکارێکیان دەکرد -ئەمە خووی هەموو ساڵەی مەنسوور بوو لە شەوی سەری ساڵاندا. سەلما هەر لە زووەوە چووبۆوە ژوورەکەی خۆی- نەک بۆ ئەوەی بنوێ، چووبوو نزا و پاڕانەوەکانی بکات. دوای ئەوەی ئومێد و هاکانیش چوونە دەرەوە تەنێ ئەو دووانە بە تەنیا لە ماڵەوە مانەوە. کچ و باوک، ڕێک وەک جاری جاران. وەک ئەوەی بێدەنگی نێوانیان زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت هەروا بێ ئەوەی بئاخڤن دانیشتن. هەردووکیان بیری ئەو خووەی خۆیان کردبوو -هەنگاونانیان لە کەناراوەکان، دروستکردنی مەنەمەن[1]، لەپاڵ کاکتووسی سەر پەنجەرە و لەسەر مێزە خولاوەکە تاوڵە بکەن..

دوای هەفتەیەک پەری گەڕایەوە ئۆکسفۆرد. دوای ئەوەی

---

(١) خواردنێکی میللی تورکیە، هاوشێوەی هێلکە و ڕۆن، ئۆملێتە.

دووجار بەدوای یەک سەردانی ئیستانبولی کردەوە و ئەمەش هەموو پارەکەی تەواو کرد. بۆیە بڕیاریدا کارێکی نیوە-دانی بدۆزێتەوە. شتێکی دیکەشی لە خەیال دابوو: یەکتر ناسین لەگەڵ نازوورا!

* * *

خوولی دووهەم بەسووربوون و خەیاڵی تازە دەستی پێکرد. پەری بۆ ئەوەی ڕێنمایی لەبارەی پرسە ئەکادیمییەکانەوە وەربگرێت داوای وادەی دانیشتێکی لە سەرپەرشتیارەکەی وەرگرتن. د. ڕایمۆند بە چاویلکە چوارچێوەی ئاسنەکەیەوە پیاوێکی کورتەبنەی ڕووگرژ بوو. حاڵ و بارێکی وەها داماو و بەخەیاڵداچووی هەبوو دەتگوت بەردەوام خەریکە هاوکێشە سەختەکان لە بیر و هۆشیدا شیدەکاتەوە. دەیگوتە ئەو خوێندکارانەی سەرپەرشتی دەکردن کە هانیان دەدا بۆ دانانی *پرۆگرامێک تا بتوانن لە ڕێگەیەوە بە باشترین شێوە سەرچاوە فیکرییەکان بدۆزنەوە.* هەربۆیە خوێندکاران ناوی بەڕێز هاندان سیان لێ نابوو.

د. ڕایمۆند ئامۆژگاری دوور درێژی پەری کرد لەبارەی ئەوەی لە قۆناغی دووەمیدا کامە وانە وەربگرێت. لە ڕاستیشدا ئەوەندە ئاڵۆز نەبوو. جگە لە چەند وانەیەکی بژاردە پرۆگرامی وانەکان جێگیر و دیار بوو.

"وانەیەکی تریش هەیە دەمەوێ تێیدا بەشداربم. هەموویان دەڵێن زۆر باشە" پەری وای گوت. "مەبەستم هەموویان نا، بەڵام چەند هاوڕێیەکم وادەڵێن."

"باشە، ئەمە کامە وانەیە؟" د. ڕایمۆند بەدەم لەچاوکردنی

چاویلکەکانییەوە پرسی. بە درێژایی ساڵانی کارکردنی شایەنی بینینی ئەوە بووبوو کە خوێندکارەکان ڕێگەی جەوت بەکتری دادەنێن. ئەو وانەیەی کە بۆ یەکێکیان "زۆرباش" بوو، چارەنووسی ئەوی تری ڕەش دەکرد. هەر خۆی گەنجان بەردەوام فیکری خۆیان دەگۆڕی. وەک چۆن پێنج لە گۆرانییە هەرە دڵخوازەکانی خۆیان هەر هەفتەیەک چۆن گۆڕانکاریان بەسەردێ، بە هەمان شێوە وانەکانیشیان شلۆق و ناجێگیرن. لە سەرەتای قۆناغەکەیان وانەیەک تا ئاسمان بەرز دەکەنەوە، لە کۆتایی قۆناغەکەدا دەیخەنە ژێر خاکەوە. دوای بیست و سێ ساڵ وانەگوتنەوە بڕوای بەوە هێنابوو کە نابێ زۆر بژاردە بخەیە بەر دەست خوێندکاران. بژاردەی زۆر و سەرئاڵۆزکردن لای ئەو وەک دووانەی پێکەوە نووساون.

پەری بێ ئەوەی ئاگای لەو بیر و فیکرانە هەبێت کە بە سەری سەرپەرشتیارەکەیدا دێن و دەچن درێژەی دایێ: "سمینارێک لەبارەی خوداوەندەوە. ناوی پرۆفیسۆرەکە ئازوورە. دەیناسن؟"

لێوەکانی دکتۆر ڕایمۆند کە بزەیەکی بەسەر لێوەکانییەوە بوو بە جوڵەیەک کە هیچ ڕامانێک هەڵناگرێ، لول کردن. تاکە شتێک کە نارەحەتبوونی وی بەدەستەوە دا گرژبوونی ئەبرۆیەکی بوو. "هەڵبەتە دەیناسم، مەگەر کەس هەیە نەیناسێ؟"

پەری ئێستێکی کرد.ئینگلیزەکان وەستای ئاخاوتنی تونێکڵدار بوون - دوای کردنەوەی چەندین کۆد و گرێی کولتووری. هاوشێوەی تورکەکان تووڕەیی بە تووڕەیی، بەخیلی بە بەخیلی، کینە بە کینە دەرنابڕن. نەخێر، قسەکردنی ئەوان چین لەسەر چین بوو.

لەو کاتەدا دکتۆر ڕایمۆند بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری

هەرە گونجاو بۆ پرسێکی هەرە گرنگ دەگەڕا. کە دووبارە دەستی بە ئاخاوتن کردەوە هەر وشەیەکی بە ئاگاییەوە بەدەمدا دێنا و دانە دانە دەیگوتن. دروست وەک باوکێک کە لەبارەی ڕاستییە تاڵەکانی ژیانەوە قسە بۆ منداڵێکی زیز و تۆراوی بکات. "پروانە پەری، دڵنیای ئەوە نیم ئەو سیمینارە بۆتۆ بژاردەیەکی باش بێت."

"بەڵام ئاماژەتان بەوە کرد دەتوانم هەر وانەیەک لەوانە وەربگرم کە لەنێو لیستی وانە بژاردەکاندا سەرنجم ڕادەکێشن، ئەم وانەیەش لەنێو ئەو لیستەیەدایە."

"هممم... دەتوانی پێمبڵێی بۆچی دەتەوێ ئەم وانەیە وەربگریت؟"

"باسی وانەکە بۆ من گرنگە... بە هۆکاری خێزانی."

"هۆکاری خێزانی؟"

"بەڵێ، خودا لەماڵی ئێمەدا پرسێکی پڕ گەنگەشەیە. یان بڵێم ئاین دروستترە. دایک و باوکم خودان بۆچوونی تەواو پێچەوانەن. هەرچی منم دەمەوێ لە ڕوانگەی زانست و ئەکادیمییەوە لەم پرسە نزیک ببمەوە. بێ لایەنانە."

دکتۆر ڕایمۆند گەرووی پاککردەوە. "لێرە بەختی ئەوەمان هەیە خودان گەورەترین کۆکراوەی کتێبیان بین، لێرە دەتوانی چەندی حەز بکەیت لەبارەی خوداوە بخوێنیتەوە."

"بەڵام ئایا ئەمە بە ڕێنموونیی پرۆفیسۆرێکی شارەزا چاتر نییە؟"

دکتۆر ڕایمۆند نەیویست بەرسڤی ئەم پرسیارە بداتەوە. "ئەو پرۆفیسۆرەی پەیوەستە بەم پرسەوە... ئێ... ئازوور. تا دوا ئەندازە خودان ئیمکانیەت و زانستە.. بەڵام شێوازەکانی پەروەردەکردنی کەمێک نائاساین. وانە خوێندکارەکانی ئەم وانەیە بەسەر دوو

دەستەدا دابەش دەبن: بەشێکیان زۆر حەزیان لێ دەبێت، بەلام هەندێکیشیان بێ ئەندازە نیگەران دەبن. دواتر دێنە لای من سکالا دەکەن."

پەری بێ ئەوەی جوڵەیەک بکات ڕوونیشتبوو. سەیرە، ئەویستی سەرپەرشتیار هێندەی دیکە حەزی وێی بۆ ئەو وانەیە زیاد کرد، ئیدی وایلێهات وەرگرتنی ئەو وانەیەی پەڕیە سەری.

"لەبیرت نەچێت ئەوێ پۆلێکی بچووکە. ئازوور ژمارەیەکی کەم لە خوێندکار وەردەگرێت. دواتر چاوەڕوانی ئەوەی لێیان هەیە لە دوو خوولدا تەواوی سمینارەکانی تەواو بکەن. دەبێ زۆر خۆت ماندوو بکەیت."

"خۆم لە خوێندن نابوورێم." پەری وای گوت.

دکتۆر ڕایمۆند ئاهێکی هەلکێشا. "باشە، بڕۆ لەگەڵ ئازوور قسە بکە، داوای پێناسی وانە نووسراوەکەی وەربگرە." بە هێواشی ئەمەشی گوت: "هەڵبەت ئەگەر پێناسی وانەیەک لە ئارادا هەبێت."

"مامۆستا، مەبەستت چییە؟"

دکتۆر ڕایمۆند ئێستێکی کرد، نائارامییەک کەوتە سەر ڕووکەنیی. لەو ساتەدا شتێکی کرد کە لەو هەندە ساڵەی لە ئۆکسفۆردە هەرگیز کارێکی وای نەکردووە: بۆ یەکەمجار لەگەڵ خوێندکارێکی بە خراپی لەبارەی هاوپیشەیەکی خۆیەوە دوا. "بڕوانە، پرۆفیسۆر ئازوور کەمێک ڕێزپەڕ و نائاساییە، وەک کەسێکی سەیر ناسراوە. پابەندی هیچ کام لە یاساکان نابێت. فشار لە خوێندکارەکانی دەکات. پێیوایە کەسانی وەک ئەو "بلیمەت" نابێ پێبەندی یاسا و چوارچێوەی کەسانی ئاسایی بن."

"باشە..." پەری بە مەراقێکەوە وای گوت. "ڕاستە؟"

"چی ڕاستە؟"

"هەر بەڕاستی بلیمەتە؟"

دکتۆر ڕایمۆند هەستی بەوە کرد گاڵتە و تەنزەکەی بە هەڵە گەیشتووە. "ویستم ئایرۆنیکێک چێ بکەم."

"وانە بە گاڵتەت بوو؟ تێدەگەم..."

"پەلە مەکە، ئارامبە" دکتۆر ڕایمۆند وای گوت و بە ئاماژەی ئەوەی کە وادەی قسەکردنەکەیان تەواو بوو چاویلکەکەی کردەوە چاوانی "سەرەتا سەیرێکی بکە، بزانە پێناسی وانەکەت پێ چۆنە. ئەگەر ڕاڕابووی دیسان وەرە قسان دەکەینەوە، بژاردەیەکی دیکە دەدۆزینەوە. وانەیەکی گونجاوتر."

پەری ئەوەی ویستی بیبیستێ، بیستی و هەستایەوە سەر پێ. "سوپاست دەکەم مامۆستام!"

دوای ئەوەی پەری چووە دەرێ سەرپەرشتیارەکەی قەیرێ هەروا لێوی کرۆشتن و لە خەیاڵان ڕۆچوو. چەناگەی دەلەرزی، کونە لووتەکانی هێندە کرابوونەوە، پەنجەکانی خستبوونە ژێر چەنگانەی وەها وەستابوو. دواجار بڕیاری ئەوەیدا کە لەدەستی دێت و شانەکانی هەڵتەکاندن. ئەگەر ئەو کچە سەرشێتە هەڵەیەک بکات؛ بەر لە وێ خۆی تاوانباری ئەمە دەبوو.

# گەنجێتی

ئیستانبول، ٢٠١٦

"دایکە، ئیتر من دەمەوێ بڕۆم."

لەپڕ دەنیز لە پشت پەرییەوە دەرکەوت. هاوڕێکەیشی لە تەکی بوو. هەردوو کچە پێگەیشتووەکە بێزار دیاربوون. لەپاڵ ئەوەی کە هەلپەی ئەوەیان بوو بگلێنە نێو دونیای گەورەکان، لەو ژوورەی پالیان شەکەت بووبوون هێندەی گوێ بۆ قسەکانیان ڕادێرن.

"سەلیم دەمانگەیەنێتەوە ماڵێ" دەنیز وای گوت.

ئیزنی نەدەخواست، تەنێ دایابی ئاگادار دەکردەوە. کچەکەی دیکەش لەگەڵی دەبوو، وێش ئیزنخوازی لە باوانی دەکرد. لە زووێکەوە پلانی خۆیان داڕشتبوو.

"باشە شیرینەکەم" پەری وای گوت. متمانەی تەواو بە سەلیم هەبوو، کە چەندین ساڵ بوو لەلای ئەوان کاری دەکرد. "کەوایە ئێوە زووتر بڕۆنەوە، من و باوکیشت زۆر وەدرەنگ ناکەوین و دێینەوە."

میوانەکان خەنینەوە و نیگایان کردە کچەکان. ئەو قسانەی لەگەڵ منداڵەکان کران زۆر بە گوێی ئەوان ئاشنا بوون.

"بای[1] کچینە!" ژنەی ڕێکلامچی لەو سووچەوەی لێی دانیشتبوو وای گوت.

(١) لە دەقە تورکییەکەدا وشەی *Ciao* وەک خۆی نووسراوە.

"دەی کچینە با تا دەرەوە لەگەڵتان بێم" پەری کورسییەکەی کێشایەوە دواوەوە وای گوت.

عەدنـان هەسـتایەوە سـەر پـێ. "تـۆ دانیشـە گیـانەکەم، مـن باوەڕیان دەکەم."

کاتێک نیگایان یەکانگیر بوو؛ لە سیمای عەدنانـدا مـوحیبەت و ئەڤینی بەدیکرد. ئاسەوارێک لە تووڕەبوونەکەی لەسـەر وێنە پۆلاریدەکە نەمابوو. ئەو باسەی داخستبوو، عەدنان لەم بـارەیەوە زۆرزان بـوو، بەپێچەوانەی پەریـیەوە دەیتـوانی یەخەی ڕابـردوو بەربدات. چەند جیـاواز بـوو لە پەری! بـۆ پەری ڕابـردوو وەک پیرەدانیی پێشوولە وابوو؛ هەر بخورێتە بیخورێتە تـا دەبێتە بـرین. هەرچی عەدنان بوو مەیلی بەلای چارەسـەرکردن و هەتـوان لـێ هەڵسووتندا دابوو. پارچە شکاوەکانی چـاک دەکـردەوە سەرۆڤە تێکشکاوەکانیش. *وەگەر نا بۆ مەیلی بۆ مـن دەبـوو.* پەری وەهـا بیری کردەوە، *ئەو هەستی بەکێشکردنەی لە هەمبەر مـن هەیـوو بە چ ڕێگەیەکی تر دەیتوانی گوزارشتی لێ بکات؟*

کاتێک مێرد و کچەکەی بەلایاندا تێپەڕین پەری هەسـتایەوە سەر پێ. سەرباری ئەوەی دڵنیابوو پێدەچێ بەشێک لە میوانەکان وەک ئەتوارێکی نابەجێ، بگرە پێشـێلکردنی ئاکـار و ئەدەبیشی بزانن، بەڵام هەسـتایەوە و مـاچێکی لێوەکـانی عەدنـانی کـرد. "سوپاسـت دەکەم شـیرینەکەم." هەنـدێکجار کاتێـک بـۆ شـتی بچووک و ئاسایی سوپاسـی مێـردەکەی دەکـرد هەسـتێکی وای هەبوو کە خەریکە بۆ شتێکی گەورەتر سوپاسی دەکـات. بەڵێ، پەری سوپاسـگوزاری مێـردەکەی بـوو، سوپاسـگوزاری ئەو قەدەرەش بـوو کە بـۆ ڕەخسـا. لەسـای ئەو لەدوای ئابڕووچوونەکەی خۆی، جەسـتە و ڕۆحـی کۆکردبـووەوە. بەڵام ئەوەیشی دەزانی کە "سوپاسـگوزاریی" و "عەشـق" هەمـان شـت

نین. ئەگەر بە سوپاسکردن قەرزاری مێردەکەشی بێت، وەلێ ئەوەتا عاشقی نییە.

"گوێ بگرە مشکۆک، دوو جۆر پیاو هەن: ئەوانەی وردوخاشت دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی کە تیمارت دەکەن. شێت و سەرمەستانە عاشقی پیاوانی گرووپی یەکەم دەبین، بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوانی گرووپی دووەمەمدا دەکەین و ماڵ و حاڵ پێکەوە دەنێین." ژیان چەند سەیرە! تیۆرەکەی شیرینی وەراست گێڕا.

پەری بە میهرەبانی چاوانییەوە ڕووەو کچەکەی وەرچەرخا. دروست لەو کاتەدا ئەو پەیامەی *دایکە تکایە وامەکە، ئەم کارە لەبەردەم خەڵکی نابێت* لە چاوی کچەکەیدا بەدیکرد.

"خۆشمدەوێی" بە دەنگێکی نزم ئەمەی گوت.

دەنیز ئیستێکی کرد. "منیش تۆ، دەستت چۆنە؟"

پەری ئەو بانجەدەی خوێن بە لێوارەکانییەوە وشک بووبوو وەرچەرخاند. "باشە. تا بەیانی ئاسەواری نامێنێ."

"جارێکی تر کارێکی وەها نەکەیت" دەنیز بە چرپە ئەمەی گوت، دەتگوت ئەو دایکێکی نیگەرانە و پەریش کچە سەرشێتەکەیەتی. دواتر ڕووەو میوانەکان وەرچەرخان، "شەوی هەمووتان شاد!" بە ڕووێکی خۆشەوە. "بەسیە ئیتر جگەرە مەکێشن. وەها قەت نابنە نموونەیەکی جوان!"

"شەوت شاد!" ژنی بازرگانەکە لە پشت منداڵەکانەوە وای گوت. "چەندە حەز دەکەم کات بگێڕمەوە دواوە. تەمەنی شەست ساڵە نوێبوونەوەی تەمەنە بۆ چل ساڵەیی، وەها دەڵێن .... هەمووی درۆیە. هیچی وەک تەمەنی گەنجێتی نییە."

"بەڵام خێرا پیربوون ڕووداوێکی تایبەتە بە ڕۆژهەڵات" ڕۆژنامەنووسە ناودارەکە وای گوت. "تۆ سەیری ڕۆژئاواییەکان

بکە. چرچ و داچۆڕاو، بە تیسکی سپی پیریتی سەرییەوە لە
دەرەوەی وڵاتی خۆی وەک گەشتیارێک دەگەڕێن. کاتێک
باپیرەی ئەمریکایی بە گەشت لە ئایاسۆفیا یان وەک باڵندە
لەسەر بەردەکانی ئەفەس دەبینم شەرم لەخۆم دەکەمەوە. هەرگیز
کەسێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم نەدیوە لەتەمەنی حەفتا ساڵەدا
بێ و وەک گەشتیار بگەڕێ."

"بەناوی خۆتەوە قسان بکە." بازرگانەکە وای گوت. "من
گەنجم." ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە و چاوێکی لێ داگرت.

وەلێ ژنەکەی سەرقاڵ بوو، لە مۆبایلەکەیەوە پەیامێکی
دەنارد. کاتێک سەری بەرز کردەوە ڕووی دەگەشایەوە. "مژدە!
فالچی دە دەقەی دی نابا دەگاتە ئێرە. ئێستا هەواڵم لێ گرت."

"زۆرچاکە" ژنەی ڕێکلامچی وای گوت، پشتی بە
کورسییەکەی دادایەوە و بە ڕووی پەریدا پێکەنی. "زۆر شت
هەن لێ بپرسین. ئێستا کە منداڵەکانیش ڕۆیشتوون دەتوانین بێ
پەروا قسە بکەین. لێرە بەدواوە هیچ سانسۆرێک نییە،
شاردنەوەی نهێنی هەر هیچ! با هەموو شتێک عەیان بێت!"

# بیانی هەمەڕەنگ

ئۆکسفۆرد، ۲۰۰۱

پەری پێشتر قەت کاری نەکردبوو. نەیدەزانی لەکوێ بەدوای کاردا بگەڕێ و چۆن دەستپێبکات. سەرباری ئەوەی وانە و وەردانەوەی زۆربوو، وێڕای ئەوەی لە ماوەی هەفتەیەکدا تەنێ چەند کاتژمێرێکی دیاریکراو ڕێگەی چوونەدەرەوە بە خوێندکاران دەدرا؛ وەلێ پەری سوور بوو لەسەر دۆزینەوەی کارێک بۆخۆی. بۆیە هەستا دەرکەی هەموو ئەو هاوڕێ پر ژین و وزانەی خۆی کوتا کە لەهەر بوارێک بێت - ئەو بوارانەش کە هیچی لەبارەوە نەدەزانی- پرسیاری لێ کردن.

شیرین پێیگوت کە "دەبێ ڕیزێک لە ئەزموونی کاری ڕابردووت بنووسیت."

"باشە بەڵام من هیچ ئەزموونێکی کاریم نییە لە ڕابردوودا."

"ئێهـ، هەندێک شتێک لە خۆتەوە بنووسە! کێ بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکات داخۆ لە فڵان پیزایەی ئیستانبوڵ پێشخزمەت بوویت یان نا؟"

"مەبەستت ئەوەیە درۆ بکەم؟"

شیرین بە ئاماژەی جاڕس بوون چاوەکانی هەڵگێڕانەوە، "ئاهـ، وشەکان توانای چیان هەیە! کاتێک وەها دەڵێی ناخۆش دێتە گوێ. هێزی خەیاڵی خۆت بەکاربهێنە، ئەوەی دەمەوێ بڵێم هەر ئەوەندەیە. ماکیاژێک بۆ بایۆگرافییەکەت بکە. خۆ ناشڵێی دژی ماکیاژ کردنیشم!"

هەردوو کچ -یەکێکیان قژ بە بۆیە، ئەوەی تر تەواو بێ جوانکاری- قەیرێ لەیەک ڕامان. شیرین بێدەنگییەکەی شکاند. واچاکە یارمەتیت بدەم."

* * *

سپێدەی زووی ڕۆژی دواتر زەرفێکی بینی کە لەژێر دەرکەی ژوورەکەیەوە هەڵدرابووە ژوورێ. دیاربوو کە شیرین سی ڤی-یەکی بۆ ئامادەکردبوو. بەڵام چ سی ڤی-ییەک! خوێندنەوەی و ئاراستەبوونی پەری ڕووەو ژووری هاورێکەی هاوکات بوون. کە بینی دەرکە کراوەتەوە خۆی بە ژوورێ دادا. "ئەمە چییە؟ من هیچکام لەمانەم نەکردوون!"

شیرین، کە هێشتا لەنێو جێخەو و سەر لەژێر سەرین دابوو بەرسڤێکی خنکاوی لێوەهات: "ئاە ە ە، دەمزانی هیچ کارێکی باش بێ سزا نابێت."

"ئێ... سوپاس بۆ هاوکاریکردنەکەت." پەری وای گوت. "بەڵام نووسیوتە من لە پڕ هەراوزەناترین باڕی ئیستانبوڵ مەیگێڕیم کردووە - تا ئەوکاتەی ئاگری تێبەربووە! هەروەها نووسیوتە لەسەر دەستنووسەکانی دەورانی عوسمانی کارم کردووە! شارەزایی تەواوم لەبارەی پێشخزمەت و لێووکەکان هەیە. ها، شتێکی تر: هاوینان چاودێری هەزارپێی نێو ئاکفاریۆمیماڵباتێکی زەنگین و دارام کردووە!"

ئەمجارە شیرین بە پیجامەیەکی ڕەنگ پەمەیی سەلەمونی کێل بوویەوە و دانیشت. بەرچاوکەی، کە لە هەمان ڕەنگ بوو

لەسەر چاوانی لابرد. "ڕەنگە لە بەشی کۆتایی کەمێک پێمەوەنابێت."

"تەنیا لەو بەشە؟ ئەو پێوەنانانە چ سوودێکیان بۆ کاردۆزینەوەی من دەبێت؟"

"بڕوانە هۆکاری نووسینی ئەمانەم ... بۆ ئەوەیە تۆ بکەنە 'بیانییەکی هەمەڕەنگ'. متمانەت هەبێ ئینگلیزە خوێندەوارەکان سەرسامی کەسانی فرەکولتوورن. حەز دەکەن من و تۆ کەمێک سەمەرە بین. ئەگەر بیانییەکان کەمێک خرۆش -وە خواردنی بەتام- لەگەڵ خۆیان نەهێنن کێ کەیفی بە چارەی ئەوان دێت لە بەریتانیا؟"

پەری ورتەبەکیشی لێوە نەهات.

"دە پێمبێژە، ئینگلیزێک چەند لەبارەی وڵاتەکەی تۆوە دەزانێت؟ ئەگەر لێیان بپرسی؛ هەر وادەزانن لە تورکیا خەڵکی یان لەگەڵ نەهەنگەکان مەلەوانی دەکەن یان ئەوەی عەبایان پۆشیوە و دروشمەکانی ئیسلام دەڵێنەوە."

پەری کە سەری پڕ لە خەیاڵ بوو و ڕیزێک وێنەی بە زەیندا هاتن چاوانی چەندجارێک پێڵووەکانی لێکنان.

"مەبەستمە بڵێم یان وێنایەکی جوانیان لەسەردایە -خۆر، دەریا، کەنار دەریا، میوانپەروەریی تورک- یان وێنایەکی خراپ: لە ڕیشەوە دینداربوون، گەشتی *نیوەشەوان*. کەسە هەرە خوێندەوارەکانیشیان لە کلێشە و عەوامی بەدەر نین." شیرین هەستا لە دەستشۆرییەکەی پاڵ دیوارەکە دەموچاوی بشوات. "بە دڵتە بە دڵت نییە ئەوەیە، ئەوەی لە منییەوە دەبیستی ڕاستی تاڵن.

پەیکەربەندیی کولتوورەکـان دەهێـنم و کایەیـان پـێ دەکەم. خراپە؟ وەک چۆن گەپ و گاڵتە بە هەموو شتێک دەکەم."

بەمشێوەیە پەری ڕابردووە دروستکراوەکەی بەدەستەوەگرت و کەوتەڕێ. سەرەتا تەماشـای کـرد بزانـێ ئەو ئاگاداریـنامانەی کە لەسـەریان نووسـراوە "بەدوای کـارکەردا دەگەڕێـین" بە شووشەی دووکانەکانەوە هەڵسواراون. نەبوو. تاوی دایە خۆی و لە شیرینەمەنییەک چووە ژوورێ و قسەی لەگەڵ بەرپرسەکەی کـرد. بە ڕێـزەوە ڕەتیـان کـردەوە. دواتـر لەو مەیخـانەیە وەژوورکەوت، کە پێشـتر لەگەڵ دایـک و بـاوکی چووبـوون، لەوێش بەختی خـۆی تـاقیکردەوە. هەمـان ئەنجامی وەدەستهێنا. شوێنی سێیەم کە سەردانی کرد دڵخوازترین کتێبفرۆشـی خـۆی بوو. خاوەنەکانی لەهەمبەر ئەو ویستەی پەری سەرسام و حەیری نەبـوون. تـۆمەز بەردەوام خوێنـدکار هـاتوون و پرسـیاریان لە هەبوون و نەبوونی کاری نیوە-دان کردووە.

"پێشتر لەهیچ شوێنێک کارتان کردووە؟" پیاوەکە پرسی.

پەری شڵەژا. دڵـی نەدەهـات بیـانخەڵەتێنێ. "بەداخەوە نەخێر. بەڵام خۆشتان دەزانن چەندە کتێبم خۆشدەوێن."

ژنەکە خەنییەوە. "ڕۆژی بەختە! بەدوای کەسێکدا دەگەڕایـن تا لە چەند هەفتەی داهاتوودا هاوکارمان بێت. ناتوانین بـۆ دوای ئەوە بەڵێنی کارت پێ بدەین. بەشـکم مـاوە مـاوە، ئەو دەمـانەی کارمان بەسـەردا کەڵەکە دەبـن دێـی کارمـان لەگەڵ بکەیـت. دەڵێی چی؟"

"زۆر باشە!" پەری وای گوت، لەخۆشیان بڕوای نەدەکرد.

Scanned with CamScanner

کاتێک لە کتێبفرۆشییەکە دەهاتە دەرەوە لە سووچێک چوارینەکانی دڵخوازترین شاعیری باوکی؛ عومەر خەییامی بینی. نەیدەتوانی بڕوات و ئەو چاپە کۆنینە، جوان و وێنەدارە نەکڕێت. لە دەرێ تازەگی باران دادەباری. دڵۆپە بچووک و نەرمەبارەکان وەکەیفیان هێنا. خەنییەوە، سیفی-یەکەی خستە توێی کتێبەکەوە و تەماشای دەمژمێرەکەی کرد. هێشتا کاتژمێرێکی مابوو بۆ وانەی داهاتووی. ئیدی ئەو ساتە بوو بڕیاریدا بچێتە دیدەنیی پرۆفیسۆر ئازوور و وەرگرتنی ئەو وانە بەناوبانگەی لەبارەی خوداوەند.

# بەشی سێیەم

Scanned with CamScanner

# فێڕنە گوڵە[1]

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١

پەری، کە نەیدەزانی پرۆفیسۆر ئازوور لەکوێ بدۆزێتەوە، ئەخمینی وابوو ڕەنگبێ لە بەشی ئیلاهیات شوێنێکی هەڵگرێ. مادەم لەبارەی خوداوەندەوە وانەیەکی هەبوو، دەبوو هەر لەوێ بێت. بەمشێوەیە ڕێی ئەوێی گرتەبەر.

ئەو باڵەخانە بەشکۆیە، کە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە مابوویەوە، یەکێک بوو لە باڵەخانە هەرە کەڤارەکانی ئۆکسفۆرد. بە نەخشی دەوری کەمەری بیناکە و دەرکە نەخشدارە دارین و پایەنداکانییەوە، کاتێک لە دوورەوە تەماشات دەکرد زۆرتر لەوەی شاکارێکی بیناسازی بێت، دەتگوت تابلۆیەکی بۆیەی ئاویی نیگارکێشێکی خەیاڵپەروەرە. وێدەچوو ئەو بەردە کۆنانە لە شێوەی سەدان ساڵەی خۆیان بێزار بوونە و دەیانەویست ببنە شتێکی تر. دەتگوت چاوەڕوانییەکە بە هەواوە. یانی وا دەردەکەوت.

پەری بە ئەسپایی وەژوورکەوت. ئەو بنمیچەی ئاسەواری سەدەی پانزە بوو بینایی مرۆڤی لێڵ دەکرد. لەو ڕاڕەوەی کە پەنجەرەی شاولیی ڕۆشنیان کردبووەوە؛ جگە لەو خوێندکارەی، کە چوارمشقی دانیشتبوو و سەری ڕۆبردبووە نێو

---

[1] جۆرە باڵندەیەکە، ناوە زانستییەکەی *Carduelis spinus*ە و بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ: Eurasian Siskin. شێوەی لە پاساری دەچێت.

کتێبەکەی دەستی، هیچ کەسێکی دیکە لەوێ نەبوو. کاتێک کوڕە گوێی لە دەنگی پێڵاوەکانی پەری بوو سەری بەرزکردەوە. ئەگەرچی خەریک بوو بەهۆی ئەو گوڕزە ڕۆشناییە لارەی لە پەنجەرکەوە دەهاتە ژوورێ ئەدگاری دیارنەمێنێ بەڵام هەرزوو گوێیە پان و قژە زەرد و گوناخاڵخاڵەکانی دەرکەوتن. ترۆی بوو. ئەو خوێندکارە دەرکەوانەی، کە لە "گەنگەشەی خوداوەند" پەری وەستاند، دواتر چووە ژوورێ و هەوڵیدا قسەی زبری بەرانبەر بکات.

"هێی، سڵاو" پەری وریاکارانە وای گوت.

"ئا! چۆنی؟" کوڕەکە دەستبەجێ پەری ناسییەوە.

"دوێنێ لە مۆزەخانە بوویت. لەوێ کاردەکەیت؟" پەری لێی پرسی.

"ئا نەخێر، ئەو ڕۆژە خۆبەخش بووم. منیش خوێندکارێکی بێ نەوام، وەک تۆ."

پەری ترسا بەهۆی ئەوەی ئەو ڕۆژە بەبێ بلیت چووەتە نێو سالۆنی گەنگەشەکە سەرزەنشت بکرێت، بەڵام یان ئەوەتا ئەو ڕۆژە کوڕەکە سوسەی هیچی نەکردووە یانەخۆ ئێستا نایەوێ باسەکە بکاتەوە. لەباتی ئەمە پرسیاری لەپەری کرد خەڵکی کوێیە و چی دەخوێنێت. دۆستانە، بگرە وەک هاوەڵێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. باسیان لە فڵانە باس و فیسارە شت کرد.

"بەشوێن پرۆفیسۆر ئازووردا دەگەڕێم" دواتر پەری وای گوت، لە کاتێکدا ئەمەی گوت کە گفتوگۆکەیان وەستابوو. "دەزانیت ژوورەکەی کامەتا؟"

ڕوخساری ترۆی بۆ ساتێک هیچ گوزارشتێکی لێ نەدەخوێندرایەوە. گاهێ دووبارە دەستی بە ئاخاوتن کردەوە

دەنگی مینا باڵۆنێکی فس بوویەوە بەتاڵ بوو. "ئیرە نایدۆزیتەوە، هەم بۆچی بەدووی ئەو هەتیوەدا دەگەڕێی؟"

پەری کە هیچ چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ دەمی تەتەڵەی کرد. "ئەوە... چونکە بۆچوونەکانی سەرنجیان ڕاکێشاوم."

"ئەکا پێمبڵێی دەتەوێ بەشداری لە وانەی خوداوەندا بکەیت!"

"بۆچی نا؟" پەری پرسی. "چیەتی؟"

"مەگەر چی نییە؟" ترۆی وای گوت. "ئەم پیاوە گورگێکە بە قەدت و قیافەی مامۆستاوە!"

"زۆر خۆشتناوێ، ها؟"

"ئازوور منی لە سیمینارەکەی دەکرد. بێشەرمە. شکاتم لێ کردووە. تا بەردەمی حاکم پەلکێشی دەکەم."

"وای! بەڕاستە!" پەری گوتی. نەیدەزانی خوێندکاران دەتوانن ڕاستەوخۆ شکایەت لە مامۆستاکانیان بکەن. "ئەوە... خەمگین بووم بەوەی لە سیمینارەکە دەرکراویت."

ترۆی ئەبرۆی هێنانەوە یەک. "هەموو کەس سەرسامی ئەو هەتیوەیە، بەڵام من نیم. ئەگەر لەمن بپرسن دەڵێم ئازوور خودی شەیتان خۆیەتی. مەفیستۆ! دەزانیت مەفیستۆ کێیە؟"

"هەڵبەتە دەزانم، لە فاوستەوە."

ترۆی بەوەدا کچێکی تورک گۆتەی خوێندۆتەوە هەم سەرسام بوو هەم دڵخۆش. "بڕوانە، تۆ لە کچێکی باش دەچیت، بەڵام بیانیت؛ تۆ نازانی ئەو هەتیوە چ شێتۆکێکە. گوێ لە من بگرە. خۆت لە ئازوور بەدوور بگرە!"

"سوپاس بۆ هۆشدارییەکەت" پەری گوتی. کەشێکی سارد لەنێوانیان هاتە ئاراوە. "بەڵام خۆم بڕیاری خۆم دەدەم."

تڕۆی شانێکی هەڵتەکاند. "باشە، بڕیاری خۆتە. ژوورەکەی لە فێرگەکەی خۆیدایە. لە کۆڵانی مەرتۆن، ئەو بینا حەسارداره‌ی پێشەوە، بەلای چەپدا سێیەمین دەرکە. هەر خۆی لەوێ لیستێک ناوت دێتە بەرچاو."

پەری دووبارە سوپاسی کردەوە. پەری لەو خرۆشانە نەکەوت بەرانبەر ئەو کەسەی کە کوڕەکە بە "شەیتان" ناوی برد. وێدەچوو ئەو تڕۆیە هەم دوژمن هەم یەکێک بێت لە سەرسامانی ئازوور. هەندێک مرۆڤ ئەوانەی هەموو کەسێک پەسندیان دەکەن و خۆشیان دەوێن بەشێوەیەکی خۆکار و ئۆتۆماتیکی هەوڵ دەدەن بە بچووک نیشانی بدەن. هەمیشە دەیانەوێ جیاواز دەربکەون. جیاواز دەرکەوتن! هەندێک کەسیش خوو بە نەفرەتەوە دەگرن. هەر بۆیە لە ناخەوە گرنگی بەو کەسانە دەدەن کە نەفرەتیان لێ دەکەن، گەورەیان دەکەن، بگرە تا ئەندازەی ئەوەی خۆشیان بوێن. لەم دونیایەدا هیچ هەستێک لەوە سەمەرەتر نییە، کە نەفرەت تێکەڵ بە سەرسامی و خۆشەویستی دەبێت.

* * *

ژووری پرۆفیسۆر ئازوور کەوتبووە کۆڵانێکی پێچەڵپێچی بەردین. پەری بەژێر تاقێکی ڕەنگ هەنگوینیدا ڕۆیشت، بە ئاسانی بیناکەی دۆزییەوە. هەردوو لای دیوارەکانی دەرەوە بە تەباشیر ئەنجامی یاریی بەلەمەوانیی لەسەر نووسرابوو. لەسەر بەخشنامەیەک ناوی مامۆستاکان نووسرابوو: پرۆفیسۆر تی. جەی پاترسن، پرۆفیسۆر گی. ئێل. سپێنسەر، پرۆفیسۆر ئێم. لیترینگەر... وە پرۆفیسۆر ئەی. زێد. ئازوور. پەری بە درێژایی

ڕێڕەوە تەسک و زەمین بەردین و تاریکەکە هەنگاوی هەڵێنان. بەلای چەپدا دەرکەیەکی سەر بە نفیسەک، کە بە درێژایی ساڵان شەت بووبوو، هەبوو. دەرکەکەی بە هێواشی پاڵنا، کە بە کلێپسێک نووسراوێکی پێوە هەڵواسرابوو.

پرۆفیسۆر ئەی. زێلد. ئازوور

کاتژمێرەکانی دیدەنی: سێشەممە ۱۰:۰۰ -۱۲:۰۰ / هەینی ۱٤:۰۰-۱٦:۰۰

تیۆرە: پرسێک/پرسگرێکیکتان[1] هەیە دەتوانن لە کاتژمێرەکانی دیدەنیی من ببینن. دژە-تیۆرە: ئەگەر پرس/پرسگرێکەکەتان بەپەلە/گرنگ بێت، لە ڕۆژ/دەمژمێرەکانی تر ڕێگری ناکەم لەوەی سەردانی ژوورەکەم بکەن، بەلام بەڵێنی ئەوە نادەم بلێم دەتانبینم.

ئاگاداربە! تیۆرە یاخود دژە-تیۆرە بۆ بارودۆخی تۆ گونجاوترە، بەباشی بیری لێ بکەنەوە!

بەهۆی ئەوەی ئەو ڕۆژە نە سێشەممە بوو نە هەینی واباشتر بوو کاتێکی تر بێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بوێری لە دروستیی نووسراوەکە وەرگرت. لە دەرکەی دا. بەهۆی ئەو بێدەنگییە ڕەهایەی لە ژوورەوە حوکمی دەکرد درکی بەوە کرد هیچ کەسێکی لێ نییە وەلامی بداتەوە. بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە دووبارە دەرکەی کوتایەوە. لە قوڵایی ژوورەکەوە دەنگێکی هێندە نازەنینی لێوەهات کە قەت لە نەوەکانی ئادەم و کچانی حەوا نایبیستی. جەستەی پەری وەک کەوان جیڕ بوویوو، زەینی هەڵخست. دیسانەوە ئەو نێوە نوقمی بێدەنگییە ڕەهاکە بووبوویەوە.

---

(١) پرسگرێک: کێشە

مەراق لە ناخیدا شەپۆلی دەدا، ئەها ئەو دەڵێم کاتێک شتێک پێی ناگەین ئارەزووی دەستڕاگەیشتن تێماندا چەکەرە دەکات. بڕیاری دا چاوێکی هەروایی بەژووریندا بخشێنێ، بە هێواشی دەرکەکەی پاڵدا.

لەهەمبەر ئەو دیمەنەی کە بینی سڕ بوو. لەژێر تیشکێکی زەعفەرانییەوە، کە لە میانی ئەو پەنجەرە بەرزانەوە دەهاتە ژوورەوە کە بەسەر باخچەیەکی دڵگیردا دەیڕوانی لە ئەرزەوە تا بنمیچ ڕیزی درێژی پەرتووک دانرابوون، قوڵەی بەرز لە دەستنووس و کاری هەڵکۆڵینی تێدا بوون. ڕێک هاوشێوەی ڕستە و تەنافی هەڵواسینی جلوبەرگ لە گەڕەکەکانی ئیستانبوڵ لەنێوانی ڕەفە بەرانبەر یەکەکاندا یەکێک بەلای ڕاست و ئەوی دی بەلای چەپدا تێبینی بە قوڵاپی بچووک بە تەنافەوە هەڵواسرابوون. دروست لە بەرانبەر دەرکەکەدا مێزێکی کۆنینەی دروستکراو لە دارگێلاس و بە قاچی هاوشێوەی قاچی شێر دانرابوو، هەر سانتیمێکی سەر ئەو مێزەش پڕ بوو لە کتێب. پارچەی بچووکی کاغەزی ڕەنگ سوور لەنێوان کتێبەکانەوە بەدی دەکران. دەتگوت زمانن دەرهێنراون. قەنەفە، کورسی، مێز، بگرە بۆ سەر ئەو مافوورە بەدەستچنراوەی سەر ئەرزیش بەرگ بەرگ کتێب هەڵڕژابوون. پەری هەرگیز ئەو هەمووە بەرهەمە نووسراوەی بە پاڵ یەک و بەیەکەوە نەدیبوون. ئەگەر لە دونیادا پەرستگایەک هەبێت و تەرخان کرابێت بۆ کتێب و کەلام ڕەنگبێ ئێرە بێت.

بەڵام ئەوەی وایکردبوو پەری لە شوێنی خۆیەوە ئەژنۆی بشکێ نە زۆری ژمارەی کتێبەکان بوو نە پشێوی ژوورەکە بوو. باڵندەیەک لە ژوورەوە ڕێوێڵ بووبوو! بە پەڕی زەرد و سەوز و کلکە چەنگاڵییەکەیەوە: فیرنەگولەیەک بوو. داماوە ڕەنگبێ لە

پەنجەرە نیوە کراوەکەوە هاتبێتە ژوورەوە. بە شڵەژاوییەوە شاپەڕی بۆ ئەو ئازادییە دەکوتان کە قەیرێ پێش ئێستا لەدەستی دابوو. پەری چەند هەنگاوێکی بە دوودڵییەوە هەڵێنان و هەناسەی خۆی گرت. لەپی دەستەکانی کردنە کۆزێک و قۆڵەکانی درێژ کردن، هەوڵیدا بە هێوری و نەرمترین هەنگاونان لەو ئافریتراوە ناسکە نزیک ببێتەوە. بەڵام باڵندەکە کە هەستی بە هەبوونی وێ کردبوو لەوێدا شێتگیر بووبوو. بە شڵەژاوییەوە لە سووچێکەوە بۆ سووچێکی دی باڵەفڕکەی بوو، ئەگەرچی چەندجارێک لە پەنجەرە کراوەکە نزیک دەکەوتەوە، بەڵام ڕێگەی دەربازی نەدەدۆزییەوە.

پەری چوارینەکانی خەیامی لەسەر یەکێک لە بارستەکانی کتێب دانا و هەوڵیدا ئەو پەنجەرە سەنگین و کۆنینە کەمێکی تر بکاتەوە. بەڵام وێدەچوو لەسەرەوە جەڕ درابێت، نەدەکرایەوە. بە هەموو هێزی هەوڵیدا بیجوڵێنێ. باڵندەکە بەهۆی دەنگەدەنگەکەشەوە زراوی چووبوو، بەپاڵ پەرییەوە بە خێرایی خۆی بە شووشەی پەنجەرەکەدا کێشا -ئاسمانی بێ پەڵە و ساماڵ هێندە نزیک بوو لە هەمان کاتدا ئەوەندەش دوور. بە کاریگەری خۆ-پێداکێشانەکە لەرزی و بە وڕبوونەوە لەسەر یەکێک لە ڕەفەکان کەوت. پەری بە میهرەوە تەماشای ئەو زیندەوەرە نارینە کرد، زۆرباش لەو ترس و تۆقینە تێدەگەیی کە لەنێو ئەو شوێنە غەریبەدا دایگرتبوو.

دەبوو بەپەلە کارێک بکات. بەچواردەوری خۆیدا ڕوانی. کاتێک چاوی بە ڕاست و چەپدا دەگێڕان درکی بە شتێکی پەنهان کرد، بۆنی میوەی بەهەشت، کە لەنێو جامولکەیەکی دارینەدا بوو تێکەڵ بە بۆنی کتێبەکان دەبوو. زێدەتر لەو بۆنانە بۆنێکی دیکەشی هەست پێدەکرد. لەنێو قاپێکی برۆنزیدا

بخوورێکی شوولین دوکەڵی لێ هەڵدەستا و بەقەد پەنجەیەکیش خۆڵەمێشەکەی بەسەرەوە مابوو.
لە کۆتاییدا نامەبڕێکی دۆزییەوە. بە نووکە تیژەکەی فشاری خستە سەر ئەو قولاپەی کە تای پەنجەرەکەی لێ گیربووبوو. لەچوارچێوەکەی ترازا و توانی پەنجەرەکە تا نیوەی بکاتەوە. ئێستا ئەوەی پێویست بوو بیکات باڵندەکە بە ئاڕاستەی پەنجەرەکە هەڵفڕێنێت و بە ئازادیی خۆی شاد بکاتەوە. بلووسەکەی داکەند و بە هەوادا بایدا.
"ئەمە مۆدێلێکی تازەی سەمایە؟" لەپڕ دەنگێک ئەمەی پرسی.
پەری هەڵبەزییەوە. کاتێک ڕووەو دواوە وەرچەرخا پرۆفیسۆر ئازووری بینی، کە لە ئاستانەی دەرکە قۆڵێکی بە شیانەی دەرکەکە دابوو و ڕاوەستابوو. لێوی بە ئاماژەی کەیفکردن دەرخستنی بزە گاز دەکردن. پیاوەکە لێی ڕامابوو. قژە قاوەییەکەی لە نزیکەوە بە تۆنێکی زیوین دەردەکەوت. ئەمڕۆ چاویلکەی لەچاو نەبوو. چاوە شین-سەوزەکانی هێندە درەوشاوەبوون...
"داوای لێبوردن دەکەم" دەستبەجێ پەری ئەمەی گوت، کە ئەمەیشی گوت هەنگاوێک ڕووەو پیاوەکە چووە پێش. "ئەمدەویست بەبێ پرس هەروا پێ بنێمە ژوورێ."
"کەوایە بۆچی هاتوویتە ژوور؟" ئازوور هەر بەڕاستی پێیەوە دیار بوو حەز دەکا بزانێت بۆچی، هەر بۆیە ئەم پرسیارەی کرد.
"ئێ، باڵندەیەکم بینی."
"باڵندەی چی؟"
پەری پەشۆکاوانە بەڕاست و چەپیدا ڕوانی. هیچ باڵندە و

شتێک لەو نێوەدا نەبووا فیرنەگولەکە وەک بەرزەکی بانان[1] بۆی دەرچوویبوو. "ئێ، ئەوە... ڕەنگە لە دەمێکدا ئێمە قسەمان دەکرد لە پەنجەرەکەوە فڕێ بێت."

بۆ ساتێک ئازوور هیچی نەگوت. وەها سەرنجی پەریدا دەنگوت کتێبێکە، کە پێشتر خوێندوویەتییەوە و ئێستا بیری کەوتووەتەوە. "عەمبەر بوو؟" وای گوت.

"بەڵێ؟"

"باس لەو دوکەڵە دەکەم هەوکە سەیرم کرد. ڕۆژانی پێنجشەممە عەنبەر دەسووتێنم. هەر ڕۆژە و دوکەڵێکی جیاواز. حەز بە عەنبەر دەکەیت؟"

پەری کە تۆسقاڵێک چییە بیری لەم لایەنە نەکردبۆوە بە سەنگینییەوە سەری ئەرێی ڕاتەکاند.

"لە ڕۆمای دێریندا ژنان عەمبەریان بەخۆیانەوە دەکرد. بەشێک لە مێژوونووسان دەڵێن بە مەرامی بۆنخۆشکردن، هەندێکی دیش دەبێژن بۆ خۆپارێزی لە خێو و عیفریتان بووە."

چاوەکانی پەری ئەبڵەق مان. ئامۆژگاریی و هۆشدارییەکانی ترۆی هاتنەوە یادی. پیاوێکی چەند سەیرە ئەو ئازوورە.

"نەکا بترسی؟" پرۆفیسۆر پرسی، دیاربوو هەستی بە نارەحەتیی کچە کردبوو.

"لە عەنبەر؟"

"لە خێوەکان!"

"بێ گومان نەخێر" دەستبەجێ پەری بەرپەرچی دایەوە. ئەگەر ئازوور ئەوی لەدەمێکدا بینیبێت کە سەرنجی دوکەڵەی داوە، دەبێ لەو کاتەوە لە پشتی بووبێت کە فیرنەگولەکەش هەر لێرە

(1) لە هەمبەر ئیدیۆمە تورکییەکەدا ئەم ئیدیۆمە کوردییە تەواو شیاو و بەرانبەر بوو.

بــووە، دەنگێــک لە نــاخیەوە ئەمەی بە پەری دەگــوت. "هەر بەڕاســتی داوای لێبــوردن دەکەم بــێ پرســی هــاتوومەتە ژوورەکەتان."

ئازوور تەماشای کاتژمێرکەی دەستی کرد. "لە سێ دەقیقەدا دوو، وادیارە بۆ هەر دەقیقەیەک ٠،٦."

"ببوورە؟"

"حسابی ئەوە دەکەم چەندە داوای لێبوردن پاتە دەکەیتەوە."

گۆناکانی پەری سوورهەڵگەران. جا هەر بەڕاستی زۆر داوای لێبوردنی دەکرد -ئەگەر کەمێک لە وادەی ژوانێــک وەدرەنگ کەوتبایە، کاتێک بەڕێگایەکدا ڕۆیشتبا و بێ ویستی خۆی لەکەسێک نزیـک بووبـایەتەوە، لەسـەر پەیژەکـانی پەڕینەوەدا بەلارێدا هاتبـا، لە سوپەرمارکێت عەرەبـانەکەی لە عەرەبـانەی کەسێکی تـر نزیـک بووبـایەتەوە... بەردەوام داوای لێبـوردنی دەکرد، بەردەوا، بە سانایی، هەموو دەم. ئەگەر هیچ کەسێکیش داوای لێبوردنی لەوێ نەکردبا، وێ هەر دەیکرد.

"بـڕوانە گریمـانەیەکی زانسـتیی" ئـازوور ئەو تـاڵە قژانەی هـاتبوونەوە سـەر چـاوانی وەلای بـردن و وای گـوت. "ئەو مرۆڤـانەی نـابەجێ داوای لێبـوردن دەکەن، نـابەجێش مەیلیـان بەلای سوپاسگوزاریدا دەچێت."

پەری تفێکـی قووتـدایەوە. "بە ڕای مـن ئەو کەسـانەی زۆر داوای لێبوردن دەکەن تەنێ کەسانێکن بە ڕاڕایـی و دوودڵـیەوە هەوڵ دەدەن سـەرەدەری لەگەڵ ژیانـدا بـکەن. زیـان بە هـیچ کەسێک نـاگەیەنن، جگە لە خۆیـان. هەمـوو هەوڵێـک دەدەن تاوەکو تەبا و یەکێتی کەسانی دیکە بن، وەلـێ ئەوەش دەزانن ئەو جیاوازییەی نێوانیان پڕ نابێتەوە."

"ئەمە چۆن جیاوازییەکە؟" ئازوور پرسی.

Scanned with CamScanner

"وەک ئەوەی سەر بە ئێرە نەبێت." پەری ئەمەی گوت و دەستبەجێش پەشیمان بوویەوە لە گوتنی. بۆچی لەگەڵ بێگانەیەک باسی ئەمەی دەکرد، چجای ئەوەی مامۆستاکەی؟

ئازوور بەلای پەریدا تێپەڕی و لە پشت مێزەکەوە دانیشت. هەندێک شتی لەسەر ڕووپەلێک نووسی، دواتر خرپی کردەوە بە ئاراستەی تەنەکەی خۆڵەکە هاویشتی. "وادیارە پێتوایە لە هاوڕێ خوێندکارەکانی دیکەت جیاوازتری و لەوە دەترسی پەراوێزت بخەن؟"

"شتی وەهام نەگوتووە" پەری بە نارەزایی دەربڕینەوە ئەمەی گوت.

ئازوور خۆی لەبای گێلی دا. "پێمبێژە، چ شتێکە وات لێدەکات پێتوابێ ئۆکسفۆرد شیاو نییە و ناتوانی تەواوی بکەیت و دەرناچیت؟"

پەری ئەمجارە تا گوێیەکانی سوورهەڵگەڕا. "شتی ئاواشم نەگوتووە!" هەموو ماسوولکەکانی جەستەی کرژ بوون، ڕەق و تەق بووبوو. نیگاکانی بڕیبە فەرشە ئێرانییەکە. لەو مافوورانە دەچوو کە بە منداڵی لە باخچەی ماڵەکەیان دەیانشۆرد. لەو دەمەدا دانی پێدانا. "ئەوانەی لێرەن زیرەک و زانان. من لە ژینگەیەکی تەواو جیاوازەوە هاتووم. ئەگەر هاوپێی ئەوان نەڕۆم..."

"واتە چی دەبێت؟" ئازوور پرسی.

*باوکم تووشی خەیاڵشکان و نائومێدی دەکەم. ئەو تاکە مرۆڤەی کە تا دوا دراوی گیرفان و تینی دڵی بڕوای بە من هەیە و پشتگیریم دەکات...* هەڵبەتە ئەمانەی نەگوتن. قسەکانی قووتدانەوە. بێدەنگ ما.

"پێتوایە تۆ زیرەک نیت؟" ئازوور پرسیاری لێ کرد.

Scanned with CamScanner

"زیرەکم بەڵام دەبێ زۆر بخوێنم. خوێندکارانی دی زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ژیانی زانکۆیان گونجان. لە کاتێکدا بۆ من، مەبەستم بۆ کەسانی وەک من دۆخەکە ئاڵۆزترە" پەری ئەمەی گوت و لەو دەمەدا بیری کەوتەوە بۆ هاتووەتە ئێرە. "ئەوی ڕاستی بێت من هاتووم زانیاری لەبارەی وانەی خوداوەند وەربگرم. دکتۆر ڕایمۆند گوتی کە ڕاستەڕاست پرسیار لە خۆت بکەم."

"بڵێ دکتور ڕایمۆند؟ ئوی!"

لە تەرز و شێوەی پرۆفیسۆرەوە دیار بوو کە کەیفی بە ڕاوێژکارە ئەکادیمییەکەی پەری نەدەهات. بەڵام ئازوور باسەکەی نەپچڕاند. لەباتی ئەمە تێبینییەکی نووسراوی سەر مێزەکەی گلۆچاند و کردیە تۆپ، بە جوڵەیەکی لێزانانەوە خستییە نێو سەبەتەی زبڵ. سەبەتە! "وادیارە بیر لە قۆناغی داهاتووت دەکەیتەوە؟" وای گوت. "بەداخەوە شوێن نەماوە. هەروەها لیستی یەدەگیش هەیە."

پەری چاوەنۆڕی ئەمەی نەدەکرد. کە بیستی ناتوانێ بەشداری تێدا بکات هێندەی دیکە بۆ چوونە نێو وانەکەی ئازوور دڵی لە دڵێ دەدا.

"ئەگەرچی..." ئازوور کە حوزنی سەر ڕوخساری کچەی بینی ورتەیەکی لێوەهات. "یەکێک لە خوێندکارەکان دەستبەرداری وانەکە دەبێت. واتە شوێنێک بەتاڵ دەبێت."

ڕووی پەری گەشایەوە. بەڵام کاتێک شیمانەی ئەوەی کرد ئەو خوێندکارە ترۆیە نائارامییەک باڵی بەسەر هەوەسەکەیدا کێشا.

"کوڕێک بوو..."

"بەڵێ... کوڕێکی تووڕە" ئازوور وای گوت. "لەگەڵ کەسانی

نووڕە و تووش، تاک-گوفتار و لووتبەزر باسی خوداوەند ناکرێ. تەنێ دەتوانی لەگەڵ کەسانی موتەڕەدود، موتەکامیل، موتەفەنین، موتەوازیع و موڕتەفیع[1] باسی خوداوەند بێنیتە گۆڕێ."

پەری کە لە بیستنی ئەو هەموو وشە کۆنانە بەدوای یەکەوە سەری سوڕمابوو، بێدەنگ ما. ئازوور لە پشت مێزی کارکردنییەوە سەری بەرز کردەوە.

"ئێستا پێمبێژە بۆچی تۆ گەرەکتە بەشداری لەم سیمینارەدا بکەیت؟"

"چونکە لە ماڵباتەکەی مندا بڕوا، ئایین، خودا و ئەمانە، واتە هەموو ئەم باسانە ماکی گەنگەشە بوون. هەموویان زۆر هەستیارن و پەرچەکردار دەنوێنن. دایک و باوکم هێندە دژە بۆچوون کە..."

"بەڵام دایک و باوکت لێرە نین. من لە تۆ دەپرسم."

پەری سەری سوڕما. دەبوو چی بڵێ؟ "ئەوە... هۆشم ئاڵۆسکاوە. بە گشتی ئەو مرۆڤانەی بێباوەڕن بێ ئەندێشەن. ئەو کەسانەیش کە زۆر پرس و جۆ دەکەن دەبنە بێباوەڕ."

"هۆش ئاڵۆسکان نیعمەتێکە" ئازوور گوتی. "هەرچی مەراقە پیرۆزە. ئەو مرۆڤانەی خولیا و مەراقیان نییە پێشناکەون. ئەو کەسەیش کە پێشناکەوێ لەشوێنی خۆی خولدەخوات.."

لە دەرەوە دەنگی خوێندنی باڵندەیەک هاتەگوێ. "ڕەنگبێ ئەو فیڕنەگولە بوو بێت کە لە دیلیم قوتار کرد" پەری وەها بیری

---

(١) لە دەقە تورکییەکەدا ئەم پێنج وشەیە (دوودل، پێگەیشتوو، لێزان، خاکەڕا و بەرزەدەماخ) چۆن لە عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو تورکی وەها نووسراون. منیش بۆ پەیوەستکردنەوە بە دیتری دوای ئەم وشانە وەک خۆیم نووسینەوە.

کردەوە. چەندەش پڕ مەترسی بێت هەمیشە ئازادی جوانە. بەهۆی ئەوەی خەیاڵی ڕۆیشتبوو هەستی بەوە نەکرد کە پرۆفیسۆر دەستی ڕاهێشتووە و کتێبی چوارینەکانی عومەری خەیامی بەدەستەوە گرتووە.

"ئۆ! ئەوە چییە لێرە؟ چاپێکی کۆنی *چوارینەکان* ها؟" ئازوور گوتی. پێش ئەوەی پەری هیچ کاردانەوەیەک نیشان بدات کتێبەکەی کردەوە. لاپەڕەیەک لەنێو کتێبەکەوە کەوتە خوارێ. لاپەڕەی ڕابردووی کاریی بوو کە شیرین بۆی ئامادە کردبوو!

"ئای، ئەوە تەنیا..." پەری وای گوت و تەواوی نەکرد.

پرۆفیسۆر ئازوور لاپەڕەکەی لەسەر ئەرز هەڵگرتەوە، دەستی بە خوێندنەوەی کرد. "تۆ سەیری! وادیارە چاودێری ئەختەبووتیشت کردووە، ها؟"

پەری لەشوێنی خۆی سڕبردە بوو.

"ئەختەبووت ئافرێتراوێکی پڕ پەنهانە، تابڵێی زیرەکن" ئازوور وای گوت. "دەمارەخانە نەک تەنیا لە مێشکیاندا، بەڵکو لە سەرتاپای جەستەیاندا هەیە. ئەگەرچی خۆت ئەمانە باش دەزانیت."

پەری، کە جگە لە قەبوولکردن هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو سەرێکی ڕاتەکاند.

"ماوەیەکی زۆر هەموو کەس وای گومان دەکرد قەبارەی مێشکێک چەند گەورە بێت، ئافرێتراوی هەڵگری ئەو مێشکە هێندە زیرەکە. تێگەیشتنێکی چەند سێکیسانەیە! پیاوان لەچاو ژنان شانەی زیندەتری مێشکیان هەیە، ئەمە ڕوونە. وایانزانی پیاوان ژیرترن. ئەمە لەکاتێکدا ئەم ئەختەبووتە ناوازەیە دەرکەوت و هەموو ئەو تیۆرییە کۆنینانەی سەراوژوور کرد. بە هەر شەش قۆڵەکانییەوە - ئەوە بڵێم هەشت قۆڵی نین، بە هەڵە

قاچەکانیشی بە قۆڵ حسێب کراون. پرسەکە گەورەیە، نەک پەیوەندی بە مێشکێکی گەورەوە هەبێت. پرسەکە تەنێ پەیوەندی بە هەبوونی دەمارەخانەیەکی ئاڵۆزەوە هەیە."

پەری ڕاچڵەکی. نەکا ئەو قسانەی وەک پەیامێکی پەردەپۆشکراو بێن بۆ وێ؟ پەیامێک تێیدا بیەوێ بێژێ "لە ئاڵۆزی مەترسە". بەهەر جۆرێک بێت چێژی لەوە دەبینی گوێ لە ئازوور بگرێ.

"بەهۆی ئەوەی ئەختەبووت تا بەتەمەندا دەچێت زیرییەکەیشی زیاتر دەبێت، ئەگەر تەمەنی درێژتر بوایە دەبووە زیرترین بوونەوەر. ئەمە لەکاتێکدا بە دیدی فەیلەسووفی مەزن ئەریستۆتالیس ئەختەبووتەکان گێل و نەزانن. باشە ئەمە چ شتێکمان پێدەڵێ لەبارەی ئەریستۆتالیسەوە؟"

پەری هەستێکی سەیر دایگرت. وا گومانی دەکرد چیتر قسەکانیان لەبارەی ئەختەبووت و فەیلەسووفانەوە نییە و باس باسی خۆی و پرۆفیسۆرە. هەستی کرد پێویستە سەرنجێک بدات. "وادیارە ئەریستۆتالیس بە باشی سەرنجی نەداوە و لێی ورد نەبۆتەوە، قوڵایی ئەختەبووتی نەدیوە."

ئازوور خەنییەوە. "ڕاستدەکەیت... پەری" چاوێکی لە ناوە نووسراوەکەی سەر ڕووپەلی سیڤییەکە کرد و وای گوت. "ژنیک وەک ئەختەبووتەکەی ئەریستۆتالیس، خوداش پەنهانێکە چاوەڕێی پەردە لە ڕوو هەڵماڵین دەکات."

"باشە بەڵام لێرەدا 'بڕوا' دێتە نێو باسەکەوە" پەری گوتی. "پێویست بە *بڕواهێنان* بە ئەختەبووت ناکات، دەزانین کە هەیە. بەڵام کاتێک خودا دەبێتە پرسی بەرباس؛ هێشتا فیکر و بیرێکی ڕوونیشمان لەبارەی هەبوون و نەبوونییەوە نییە..."

ئازوور ئەبرۆکانی بەرزکردنەوە. "وانەکەی من هیچ پەیوەندی

بە ئایین و بڕواوە نییە. ئێمە هەڵوەدای زانینین. وەک چۆن لە هەموو ئایینەکاندا خوێندکارم هەن، بەهەمان شێوە بێ باوەڕیش هەن. جیاوازی لەنێوان هیچیان ناکەم! تەنێ خواستمە بێ زانیاری و نەزان نەبین.

"باشە کێ لە وانەکەتدا وەردەگیرێت؟"

"ئەوانەی لە پێشداوەری کردن بێبەرین. ئەوانەی زیهن و دڵیان بۆ هەمەڕەنگ و دەنگیی گەردوون کراوەیە. بۆ ڕۆحە گەڕۆک و کۆچەرییەکان. ئەوانەی هەمیشە بە ڕێگاوەن و لێگەڕن. ئەوانەی قەت ناگەنە هیچ کوێ و لە هیچ کەناراوێک قولایی لەنگەرگرتن هەڵنادەن. ئەوانەی کە هیچ پشک و بەشێکیان لە لووتبەرز و خۆبەزلزانیی نییە." ئازوور بۆ ئەوەی بوار بە پەری بدات ئەو هێندە قسانەی گوتنی قووت بدات بۆ ساتێک وەستا. "سیمینارەکەی من وەک پەناگەی زیهنە دڕدۆنگ و مەراقدارەکانە. هەر یەکەمان لە ژینگەیەکی جوداوە هاتووین، بەڵام خاڵێکی هاوبەشمان هەیە. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. دانەنانی بەها بۆ کلێشە گشتییەکان. خۆشویستنی خوێندنەوە، بیرکردنەوە، فەلسەف و لێگەڕین. تۆسقاڵێک بۆم گرنگ نییە تۆ بڕواداریت یانە نا. لە سیمینارەکانی مندا تاقانە گوناهێک هەبێت؛ تەمبەڵییە."

پەری ویستی لەم سەرەوە بپرسێت: "باشە ئەدی پلانی وانە؟.."

"ئاە، پلانی وانە!" بە نەرکەوە ئەمەی گوت. "ژینگەی ئەکادیمی نەفرەت لە هەڵەشەیی دەکات. پێویست دەکات مانگێک یان ساڵێک زووتر بە گەلی خوێندکاران بگوترێ دەبێ چی بخوێنن، ئەگەرنا دەشڵەژێن! چ بێمانایییەکە!"

لە کاتێکدا ئەمانەی دەگوت چەکمەجەیەکی کردەوە و پلان و خشتەی وانەکانی لەنێو دەرهێنا. ئەم خشتەیەی خستە توێی

کتێبی چوارینەکان و بۆ پەری ڕاهێشت. "فەرموو بگرە، ئەگەر زۆر پێویستە" وای گوت. سی ڤی-یەکەیشی گلدایەوە.

"سوپاست دەکەم" پەری ورتەیەکی لێوەهات. بەڵام گومانێک لە ناخی پەریدا هەبوو کە ئەو بەڵگەنامەیەی بەدەستییەوە بوو، ڕێک هاوشێوەی ئەو ئەزموونی ڕابردووەی شیرین بۆی ئامادەی کردبوو لە ڕاستی و هەقیقەتەوە دوور بوو.

"ها، بەر لەوەی بڕۆی با ئەوەشت پێ بڵێم" ئازوور وای گوت. "تەنیا ئەوانەی هۆشیان ئاڵۆزە و مەراقدارن نا، بەڵکو لە کەسێکیش دەچیت کە ژیان لە خۆی سەخت دەکات و قورس دەیگرێت. ڕەنگە ئەمە تۆ دڵخۆش نەکات، بەڵام تایبەتمەندییەکی باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە وانەی خوداوەند بەشداری بکەن."

پەری ئەگەرچی هێشتا دڵنیا نەبوو کە ئەمە مانای قەبوڵکردنیەتی لە وانەی خوداوەند لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاماژەی سوپاسکردن سەری دانەواند، دەرکەی بەهێواشی داخست و چووە دەرێ. کاتێک لە حەوشەکە بەودیودا چوو ئاوڕی دایەوە و تەماشایەکی بیناکەی کرد. هەوڵیدا ئەو پەنجەرەیە وەدۆزێ کە فیرنەگولەکەی خستبووە تەڵزگەوە. دوای قەیرێ لە پشت بەکێک لە جامەکانەوە سێبەرێک دەرکەوت. وەک ڕابخوشێ وەک سەربکات. تلژنی ئەدگار و فەسالێ پرۆفیسۆر ئازووری کرد. کێ دەڵێ وایە؛ ڕەنگێ تەنیا لە خەیاڵی خۆیدا بینیبێتی.

پلانی وانە

زیهنی خوداوەند/

دەروازەیەک بۆ خوداوەندی نێو زیهنمان

ڕۆژانی پێنجشەممە ١٤:٠٠ - ١٦:٣٠

پێناسی وانە

لەم وانەیەدا کە لە سیمیناری هەفتانە پێکهاتووە، هەڵوەستە لەسەر ئەو ئاریشانە دەکەین کە لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانەدا بۆ بێ هەژماری خەڵک بەهایەکی بنچینەیی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە زمانێکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەشی لەسەر بێتە ئاراوە. ئامانجمان ئەوەیە شێوازێکی تازە، بێ لایەن و زانستی لە گەنگەشە بهێنینە ئاراوە، زەمینەی دیالۆگێکی وەها کە داماڵدراو بێت لە هەموو جۆرە دەمارگیری و سەختگیرییەک. چاوەڕوانی ئەوە لە خوێندکارە بەشداربووەکانمان دەکەین لە چوارچێوەی وانەکاندا زۆر بخوێننەوە، ڤەکۆڵین بکەین و لە هەمووشی گرنگتر؛ ئەو فەیلەسووفانەش بخوێننەوە کە لە فیکر و دونیابینی خۆیانەوە نزیک نین.

ئەم وانەیە هیچ کام لە ئایینەکان پێشناخا، هیچ بڕوایەک وەلا نانێ، پروپاگەندە بۆ هیچ کەسێک ناکات. دەتوانی لە مسوڵمان، کریستیان، موسایی، هیندوو، زەردەشتی، بودیست، تاویزم، تیبت بودیست، مۆرمەن، بەهایی، ئێگنۆستیک، ئەتایست، میستیک، بگرە لە بۆچوون و تێگەی خودی خۆشتەوە دەستپێبکەیت. لەم وانەیەدا مافی پشکداری و ئاخاوتنی یەکسان هەیە. لە ژووری سیمینار بە شێوەی بازنەیی دادەنیشین، بە جۆرێک دوور و نزیکی هەمووان لە چەقی بازنەکە یەکسان بێت.

ئامانجەکانی وانەکە

١. بڵاوکردنەوەی دانایی هاوسۆزیی، زانست، درککردن و زانابوون.

٢. ڕەخساندنی کەشێک؛ خوێندکارەکان پەیوەندی لەگەڵ

ئەوانە بگرن کە وەک خۆیان نین و وەک خۆیان بیرناکەنەوە.

٣. نەک تەنیا لە بواری فەلسەفە و ئیلاهیات، بەڵکو هاندانیان بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و زانستی لەبارەی زانستەکانی وەک دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

٤. گەڕان بۆ هێنانەئارای زمانێکی گەردوونی کۆلەخۆگر.

٥. دوورکەوتنەوە لە کلێشەیی بوون، نەزانی، دەمارگیری و دانەبەخۆدانەگرتن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ترسی "با ئازاری کەسانی دیکە نەدەین".

٦. بە کورتییەکەی خوێندنەوە، بیرکردنەوە، فێربوون و پەرەبەخۆدان...

پێداویستییەکانی وانە

بۆ هەر خوێندکارێک بەپێی بڕیاری کەسی خوێندکارەکە بۆ خوێندنەوە، وانە وەردانەوە و نواندنی ڕۆڵە ئەکادیمیەکەی دیاری دەکرێت. ئەو ماتریالانە بخوێننەوە کە دژبەریی لەگەڵ فیکر و بڕواتان دەکەن و ئامادەبن بۆ ئەوەی لەسەریان بۆچوون و ڕاتان هەبێت (بۆ نموونە لەوەیە خوێندکارە ئەتایستەکان کتێبی نووسەرە دیندارەکانیان پێ بدرێت، خوێندکارە دیندارەکانیش کتێبگەلی ئەتایستان... تاد) ئەگەر تەنێ ئەوانە بخوێننەوە کە هاوشێوەی ئێوە بیردەکەنەوە /دەپەیڤن، مانای وایە ناخوێننەوە.

هەڵسەنگاندن

بپەیڤە! بەشداری گەنگەشەکانی پۆل بکەن.

بیهێنە! کەمتەرخەمی لە ئەرکە نڤیسکییەکانتان مەکەن.

دابنیشە! تاقیکردنەوەکانی کۆتایی لەدەست خۆتان مەدەن.

وەرن! هەرچی و چۆنێک بێت درێژە بە وانەکانتان بدەن.

چ شتێک لەم سیمینارانە چاوەڕێ دەکرێت؟

بەهۆی ئەوەی پرسی بەرباسمان خوداوەندە، وەک چۆن سەرەتاکەی دیار نییە دەشێ کۆتاییەکەیشی دیار نەبێت. ئەوەی لەم ئەزموونەدا چەند فێردەبیت و بە چ زانستێکەوە لێرە دەردەچیت، بەتەواوی بەستراوەتەوە بە خودی خوێندکار خۆی.

١. قولنگەکان: ئەوانەن کە دڵیان بە فڕین لە ئاستێکی ناوەندیی ئاو ناخواتەوە، دەیانەوێ لە سەرووی هەموان بە مامۆستاکەشیانەوە بفڕن. بەردەوام داوای خوێندنەوەی زۆرتر دەکەن، پرسیار لەبارەی پرسیارەکان دەوروژێنن، لە هەمبەر سەختییەکان نابەزن، لەسەرووی کێوەکانەوە دەفڕن.

٢. بایەقووشەکان: ئەگەر هێندەی قولنگەکانیش بەتاو نەبن، وەلێ گەورە بیر دەکەنەوە. لەباتی ئەوەی بەسەدان ڕووپەل بجوون و قووت بدەن، جەختیان لەسەر ئەو ماتڕیالەی لەبەر دەستیانە چڕ دەکەنەوە و تێیدا قووڵ دەبنەوە. گومان لە وانەکەیان دەکەن، لەوانەی دەیانخوێننەوە، گومان لە مامۆستاکەشیان دەکەن، بگرە گومان لە خۆشیان دەکەن. سەربار و کاریگەریان بۆ سەر سیمینارەکان قووڵ و بێوێنە دەبێت.

٣. پەڕەسێلکەکان: ئەگەرچی هێندەی قولنگەکانیش بە هیممەت یاخود وەکو بایەقووشەکان قووڵ و ڕژدیش نەبن، وەلێ پەڕەسێلکەکان تا دووورانی دوور دەفڕن. دوای تەواوبوونی وانەکە بگرە دوای تەواوبوونی خوێندنگکەش بۆ ماوەیەکی درێژ لەو بارەیەوە دەخوێننەوە و بیردەکەنەوە.

٤. باڵندەی بەرسوور[1]: ڕەنگبێ ئەوانەی کەمترین سوود لەم سیمینارانە وەردەگرن ئەو بەرسوورە ترساو و بێخواستانە بن، کە

---

(1) European robin

بە کەمترین ئاست ڕازین، لەباتی سەرقاڵ بوون بە پاشخانی ڕۆشنبیری زیاتر سەرقاڵی نووسینەوەی تێبینییەکانی کۆتایی سیمینارەکانن، لە ڕووکەشەیی بیرکردنەوە ناترازێن. لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی چاک دەنووسن.

## یاساکانی هەڵسوکەوت لەنێو پۆلدا

ئەم وانەیە بۆ هەموو ئەوانەی پشتگیری لە لێگەڕین، ئەو کەسانەی خودان بیرێکی کراوەن، کراوەیە. بەپێچەوانەی وانەکانی تر شت خواردن لەنێو وانەکەدا هیچ کێشەیەک دروست ناکات. بگرە هانی ئەوەتان دەدەم شتێک بۆ خواردن (بەخوێ، شوولی لێ هەڵمەکێشن) هەروەها خواردنەوە (بێ کهول بێت، پێویستە مێشکتان زیت بێت) لەگەڵ خۆتان بهێنن، چونکە هەم ورە و تینتان پێ دەداتەوە، هەم مرۆڤ کە (نان و نمەکی) لەگەڵ کەسێک بەش دەکات هێندە بە ئیسانی نایێتە دوژمنی. خواردنەکانتان لەگەڵ هاوپۆلەکانتان، بە تایبەت لەگەڵ ئەوانەی دژەبۆچوونی ئێوەن بەش بکەن! تاقییکەنەوە.

ڕێگە نادەم هیچ کام لە خوێندکارەکان زۆردەستی بکات و زمانێکی زبر و پڕ کینە بەکاربهێنێت. هەڵسوکەوتی نابەجێ و قەبە لە هەمبەر خوێندکارێکی تر (هەڵبەت مامۆستاش) قەبوڵ ناکرێ. جێی تووڕە و تڕۆیی نابێتەوە. لەگەڵ وەرگرتنی ئەم وانەیەدا بەڵێننامەی ئەوەش دەدەن کە ڕای خۆتان و هەستیارییەکانتان بۆخۆتان هەڵدەگرن. ئەگەر بەرگەی ئەوە ناگرن گوێتان لە بۆچوونێکی پێچەوانە و دژوازیی بۆچوونی خۆتان بێت، ناتوانین گەنگەشەیەکی ئازادانە بکەین. ئەگەر هەستان کرد هەستتان بریندارکراوە -کە ئەمە تەمامێ هەستێکی مرۆڤییە- گوێ لە ئامۆژگاریی شاعیرێکی ژیر بگرن: کەهەمبەر

هەموو ناریشەیەکدا سووردەبێتەوە و کینە هەڵدەگرێت، بێ ڕووماڵین ئاوێتەکەت چۆناهی دەدرەوشێتەوە؟"[١]

ئەگەر وابیردەکەیتەوە هەموو شتێک لەبارەی خوداوەندەوە دەزانیت و ئەم باسەت خەتم کردووە و بۆچوونی جودات زۆر بەلاوە گرنگ نییە، تکایە خۆت لەم وانەیە بەدوور بگرە. کاتی مـن و هـی ئێـوەش- بەهـادارە. ئەم سـیمینارە بـۆ ئەوانەیە هەڵوەدایین. بۆ ئەوانەیە "ڕازین بەوەی هەموو سپێدەیەک بینەوە خوێندکار"[٢] ئەگەر هەموو ئەمانە بۆ ئێوە ناپێویست و بێزارکەرن ئەمە بێننەوە یـادی خۆتـان: "گەورەتـرین جمـین کە مـرۆڤ ئەنجـامی دەدات فێربـوونە بە ئامـانجی تێگەیشـتن، چـونکە تێگەیشتن بەمانای ئازادبوونە."[٣]

---

(١) مەولانای ڕۆمی

(2) Meister Eckhart.

(٣) سپینۆزا

# ستراتیژیی بە بازاڕکردن

ئیستانبول، ٢٠١٦

دوو پێشخزمەت بە جلوبەرگی ڕەش و بەرکۆشی سپییەوە هاتن و قاپی کریستاڵیان بەدەستەوە بوو، کە دوومەڵی خڕی کلاییان لەسەربوو. هەردوو پێشخزمەتەکە هەوڵیان دەدا بەکار و هەستی سەر ڕوخساریان وەک یەک بێت.

"خەلکینە، هەر دەبێ تاقیبکەنەوە! ئەمانە کۆرپەلەکانی منن" ژنی پیاوە بازرگانەکە وای گوت.

ڕۆژنامەکانیش نووسیبوویان، کە کارگەیەکی چۆکلاتەی کڕیووەوە کە خاوەنەکەی قەللۆش بوبوو. وەک دیاری ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییان ژنەکەی کردبووە بەرپرسی بەرهەمهێنان و وەبازارخستن. ژنەش بۆ ئەوەی ناوی کارگەکە بەرزتر بێت کردبوویە "وەرشە". ناوی مارکەکەیشی بۆ "*Les Bonbons du Harem*" گۆڕی بوو. ئێستاش بە خرۆشانەوە دەنگی لە دەوروبەرەکەی خۆی هەڵێنا بوو: "هەر کەسێک دانەیەک لەمانە بخوات، بەخوا پەنجەی خۆیشی لەگەڵ دەجاوێ."

میوانەکان بە مەراقێکەوە لەو تۆپە خڕیلە چۆکلاتییانە ورد دەبوونەوە کە وردەکارانە لەسەر کاخەزی دانتێل دانرابوون.

"هەریەکە ناوی شارێکی جیهانمان پێداون" خودان ماڵ وای گوت. "لەنێو ئەمەیاندا شلەی توودڕک هەیە، ناوی ئەمستردامە. ئەمە هاڕاوەی بادەم، مەدرید. بە بیرە و زەنجەفیل. لەندەن،

وێنکی گەنێتراو. وەک دەبینن، خۆمان لە هیچ خەرجکردنێک نەبواردووە.

"ئەگەر دەکرێ لە هەمبەر قسەی دروست چ بێژین! پێبەوە گرتووم هەر دەڵێ سینگڵ ماڵتی هەژدە ساڵەیە! قەللۆشم دەکات."

میوانەکان پێکەنین. خودان ماڵ ئەگەرچی با مێردیشی بێت هیچ خۆشی لە قسەکەی نەهات باگوێ دایەوە: "من ئیتر ژنی بازرگانەکە نیم، ژنەبازرگانێکم کە دەکارێ لەسەر پێکانی خۆی ڕاوەستێت. وەها ناودێرم بکەن!"

میوانەکان چەپڵەیان بۆ لێدا.

ژنە بازرگانەکە کە بوێری تێزابوو درێژەی پێدا: "ڤێنیسیا، کهولی ڤیشنەیی. میلانۆمان بە ئامارێتۆ چێ کردووە. زیوریخمان بە کۆنیاک و میوە ئامادەکردووە. وە پاریس، ئۆلێی، شامپانیا!"

"دە باسی ستراتیژی وەبازاخستنیشان بۆ بکە خانم" بازرگانەکە وای گوت.

"بە دوو شێواز ئاهەنگگێڕی دەکەین. یەکێکیان بە کهولەوە، یەکیکیشیان بۆ مەی نەخۆرەوەکان. بۆ ئەورووپا و ڕووسیا چۆکلاتەی بە کهوول هەناردە دەکەین، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بێ کهول. زیرەکانەیە، وەنا؟"

"ئەو چۆکلاتە "حەڵاڵ"انەش ناویان هەیە وانییە؟" ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکە پرسیاری کرد.

"هەڵبەتا." ژنە بازرگانەکە ئاماژەی بۆ دەوریيە کریستاڵەکەی دیکە کرد. "ئەوەی بە خورمایە بۆ مەدینە. بۆ دوبەی بە گوێزی هیندی. بۆ عەممان بە کرێم و فندق. ئەم گوڵاوە پەمەییەش هەیە، ناوی ئیسفەهانە."

"چاکە، ئەدی ئیستانبوڵ؟" بیناساز پرسی.

"ئاها، چۆن ئەم تەکەیان لەبیر دەکەین!" ژنە بازرگانەکە وای گوت. "ئەوەی ئیستانبوڵ لە هاودژان پێکهاتووە: چۆکلاتەی بە ڤانیلا و بیبەری ڕەش بەیەکەوە!"

لە کاتێکدا میوانان لەلایەکەوە قرم و قالیان بوو و لەلایەکی تریشەوە چۆکلاتە تۆپەڵەییەکانیان ئاوقای دەمیان دەکرد، هاوکات پێشخزمەتان دەستیان بە تێکردنی خواردنەوەی گەرم کرد. زۆربەی ژنەکان چای یاخود چایی گوڵەبەیبوونیان داواکرد، زۆربەی پیاوانیش قاوە - ئێسپرێسۆ، ئەمریکانۆ. تاکە کەسێک لەسەر مێزەکە داوای قاوەی تورکی کردبێت پیاوە ئەمریکییەکە بوو. بە هەوەسی ئەوەی هەموو شتێک بە شیاویی خۆجێی بکات ڕوویدا قاوەکە: "کەسێک تەماشای فاڵی قاوەکەم دەکات؟"

"خەمت نەبێ" ژنەی بازرگان بە ئینگلیزی وای گوت. "گوێلەمست بە هاکا فالگرەوەکە هات!"

"ئای زۆر نائارامم تا دێت" کچە خۆشەویستەکەی ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکە وای گوت. "پێویستم بەوەیە کەمەکێک بە تەنیا لەگەڵ فالگرەوەکە بم."

پەری سەرنجی دایە ژنانی دەوروبەری خۆی. ئەمانە ئەو ژنانەن کە ترسی دەسەڵات، ترسی مێرد، ترسی جیابوونەوە، ترسی داکەوتن لە چینی خۆیان، ترسی تێکچوونی ڕێکوپێکیی، ترسی تیرۆر و ترسی قەرەباڵخیان هەیە، ماڵەکانیان هەمیشە درەوشاوەن، بە ڕوونی دەزانن چ شتێکیان لە داهاتوو دەوێت. لە دەورانێکی زووی ژیانیانەوە لە "خەتمکردنی هونەری ڕازیکردنی باوک" ەوە "گواستوویانەتەوە بۆ "خەتمی هونەری ڕازیکردنی مێرد. ئەگەرچی ئەوانەی لەمێژە شوویان کردووە بوێرانەتر گوزارشت لە بیری خۆیان دەکەن و بە دەنگی بەرز دەیبێژن.

لەگەڵ ئەوەشدا کامەتا ئەو خاڵ و سنوورەی کە نابێ بیبەزێنن.

پەری تەبـای وان ئەو نیگەرانیـانەی نەبـوون؛ نە لە بـاوکی ترساوە نە لە شووەکەی دەترسێ، هەرچی لە خـودایە؛ سووربوو لەسەر ئەوەی لەویش نەترسێ. هەروەها قەستی نەبوو بە ترسەوە لێی نزیک بێتەوە! چاوگەی نائارامییەکەی پەری چتێکی تر بوو. خۆی بوو، تاریکییەکەی ناخی خۆی بوو.

"ئاڵا، چ فالگرەوەیەکی شیرینە! لەگەڵ هەمـوو ژنە جوانەکـان دانیشتنی تایبەتی دەبێت؟ هەرگیز ڕێگە بەمە نادەین!" بازرگانەکە وای گوت. دوای ئەم قسەیە بە چرپەوە گاڵتەیەکی نابەجێی کرد و پیاوەکانی دیکە دایانە قاقـای پێکەنـین، هەرچـی ژنەکـان بـوو خۆیان بەسەرەوە نەبرد.

پەری وەبیـری هـاتەوە چـۆن شـیرین لەلای هەمـووان و بە سـانایی جنێـوی دەدان. لەم مەمـلەکەتە دوو جـۆر ژن هەبـوون: ئەوانەی دەمشـڕی دەکەن (کەمینـە) ئەوانەی هەرگیـز دەمشـڕی ناکەن (زۆرینە). ئەم خـانمە داوەتکـراوە چینـبەرزانە لە گرووپـی دووهەمـن. جـگە لەو کاتـانەی کە بە زمـانی ئینگلیـزی یـان فەرەنسی قسان دەکەن! کاتێـک بە زمانـانی دی قسـەیان دەکـرد بە هێـسـانی پەیڤـی نەشـیاویان لەدەم دەهـــاتە دەرێ. بەهەر هۆکارێک بووە کێشەیەک نەبوو ئەگەر بە زمانی بێگانـان جنێـو بـدەن. لە کاتێکـدا کە بە خەیاڵیشـیان دا نەدەهـات بە زمـانی دایکیـی خۆیـان جنێوێـک بـدەن کاتێـک بە ئینگلیـزی بـوایە تۆسقاڵێک هەستیان بە خەتاباریی نەدەکرد.

بە سـەرێکی تـر پیـاوان ئـازاد بـوون لە جنێـودان، ئەوانـیش زۆروزەوەند بەرهەمیان دەهێنانەوە، هەموو کاتێکیش بە توڕەییەوە بوو یان نـا. لە فەرهەنگـی پیاوانـدا جنێـودان و بەدگـۆیی ڕۆڵـی "مودێنی" دەبینی. چەسپێک بـوو هەمـوو ئەوانـی پێکەوە لێک دەدا.

"ئەوەش بڵێم چۆکلاتەیەک ماوە هێشتا ناومان نەناوە" ژنە بازرگانەکە وای گوت. "تـوێکڵی لە ڕەنـدەدراوی لیمـۆ و شێری[1]. پەری گیـان، ئەمشـەو سروشـت پێدام. بـا نـاوەکەی ئۆکسفۆرد بێـت!" ئەمەی گـوت و هەستا لە دەورییەکـان ڕاما. "هـاە، ئـا ئەمەتـا!" ئەنگوسـتەکانی هێنـانەوە یەک و تـۆپەڵی چۆکلاتەکەی کەرەمی پەری کرد. "دە تۆ تاقی بکەرەوە."

پەری لەبەر نیگـا و تێوەڕامـانی هەموویـان تۆپەکەی ئاوقـای دەمی کرد. سەرەتا تامی ترشی نارنجێک لە دەمـاغی دا؛ هەم لە خشـتەت دەبـات هەم بە هەڵەتـدا دەبـات، دروسـت هاوشـێوەی پرۆفیسۆر ئازوور.

(1) جۆرە شەرابێکی ئیسپانییە، تیژە.

# لاپەڕەی بەتاڵ

ئیستانبول، ٢٠٠١

"تۆ لێرە نەبوویت دراوسێی تازەمان هاتوون. ماڵباتێکی ڕێکوپێک و بە حەیان" سەلما وای گوت. "کوڕێکی هاوتەمەنی تۆیان هەیە. کوڕێکی چەندە ژیرە، تۆ بەس بیبینە!؛ قۆز و بە ڕەوشت..."

"تێگەیشتم. دیسانەوە مێردێکی گونجاوت بۆ دۆزیوەتەوە" پەری بە گازەندەوە ئەمەی گوت.

قۆناغی یەکەمی لە ئۆکسفۆرد تەواو کردبوو. هاتبووەوە پشووی هاوینەی لە ئیستانبوڵ بەسەر بیات. دایکی بەردەوام باسی ئەم یا ئەو گەنجەی دەکرد، دیار بوو لە ڕوانگەی سەلماوە خوێندن و ڕۆشنبیرییەکەی پەری لە هاوسەرگیرییەکی کەمێک دواکەوتە کورت دەبووەوە.

"واز لە کچە بێنە" مەنسوور وای گوت. "هۆشی ئاڵۆز مەکە. خوێندنی هەیە جارێ."

"دەی باشە، ئەو کوڕەش زۆر خوێندەوارە" سەلما وەها گازەندەی کرد. "دەچێتە زانکۆ، ئێستا با مارەیی ببڕن و دوای تەواوکردنی خوێندن هاوسەرگیری بکەن. چیان لەکیس دەچێت؟"

"هیچچچ! تەنیا ئازادیم، گەنجێتیم، سەلامەتی گیان و هۆشم" پەری وای گوت.

"واتلێهاتووە وەک باوکت قسان دەکەیت" سەلما وای گوت.

لە زانکۆ ئەمانەتان فێردەکەن؟ من بۆ بەختەوەریی تۆ ئەمە دەڵێم."

باسەکە داخرا - بۆ ئێستا.

* * *

پشووی هاوین لە چاوتروکانێکدا تەواو بوو. ئەگەرچی سەلما بەردەوام بەدوای مێردێکی گونجاودا دەگەڕا، وەلێ عەیامێ پلانەکەی بۆ خۆی هەڵگرت. پەریش هاوشێوەی هەموو ئەو گەنجانەی دوورەماڵن، وەک چاودێرێک دەیڕوانییە سەمەرەییەکانی نێو ماڵباتەکەی خۆی. بە خۆشەویستی و حەسرەتەوە، هەم بە کەڵێن و مەودایەکی دانەخراویشەوە.

ئەم ئاوایە وەرزی هاوینیش چووەسەر. پەری ویستی بەر لەوەی بچێتەوە و لە ئۆکسفۆرد دەست بە وەرزی تازەی خوێندنی بکاتەوە، بچێتە بازاڕ هەندێک شیتاڵ بکڕێت، بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژێکی سایەقەی ئیستانبوڵی بۆ ئەمە هەڵبژارد و لە ماڵ دەرچوو. بەهۆی ئەوەی لە بەریتانیا جلوبەرگ گرانتر بوو، کاری ژیرانە ئەوەبوو پێداویستییە سەرەکییەکانی هەر لێرەوە لەگەڵ خۆی بیبات. لە نزیک مەیدانی تاکسیم لە ئۆتۆبووس دابەزی و شەقاوی لێ هەڵێنان. لە جیهانگیر لەبەردەم یەکێک لەو چایخانانەی گەنجەکان لێی کۆدەبوونەوە قەرەباڵخییەکی دی. لەسەر پێپلکە و لە ئاستانەی دەرکە کراوەکان وەستابوون و تەماشای تەلەفیزیۆنی ژوورێیان دەکرد. پیاوێکی نێوشان پان دەستی بە ئەنییەوە گرتبوو، ئەبرۆکانی زامدار بووبوون. کچێکی قژکەزی وەها دیاربوو هەترەشی چووبێت، لەش و لاری ڕەق بووبوو. پەری سووسەی کرد و ڕووەو ئەوان هەنگاوی هەڵێنان.

Scanned with CamScanner

گەیشت و نەگەیی نیگای لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکە گیرسانەوە: فڕۆکەیەک، دوای ئەوەی لە پانتایی شینایی ئاسمان دەردەکەوێت خۆی بە ئاپارتمانێکی هەوربڕدا دەکێشێ. هەمان دیمەن بە هێواشی لێکدا لێکدا نیشان دەدرایەوە، دیاربوو هەر جارێک کە نیشان دەدرایەوە کەمتر هەقیقەتی هەڵگرتبوو. لە ئاپارتمانەکەوە دووکەڵ بەرزدەبووەوە. بێپەروا ڕووپەل بە هەوادا دەفڕین و پەرش دەبوونەوە، هاوشێوەی ئەو کۆلارانەی هەودایان دەپچڕێ. جەستە لە پەنجەرەکانی ئاپارتمانەکەوە دەکەوتنە خوارێ. پەری کاتێک درکی بەوە کرد بەشێک لەوان جەستە و شت نین و مرۆڤن کە ڕووەو مردن خۆیان هەڵدەدێرن؛ نوتقی گیرا.

"ئەمریکاییەکان..." ئەو پیاوەی لەپاڵییەوە وەستابوو وای گوت. "کاتێک لوتیان دەژەنە کاری خەڵکی دیکە ئەمەیان بەسەر دێت."

"وایاندەزانی سەرداری دونیان" ژنێکی گوارە زیوین وای گوت. "ئێستا لە ڕۆژەڕەشەی خۆیان تێگەیشتن. ئەوانیش وەک ئێمە فانین."

پەری لە قسەی کەسانی دەوروبەری خۆی جاڕس بوو. تیۆرەی پلانگێرانە بوون. هەمووان چەندە مەراقی ئەوەن هەر کامیان تیۆرەیەک بخاتەڕوو، تیۆرە لەسەر ئەو ئازار و خەمەی ئەوانیتر بەر لەوەی هاوخەمی خۆیان نیشان بدەن. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر تەماشای تەلەفیزیۆنت کردبا "ئەمریکاییەکان، "ڕووسەکان"، "فلانەکان"، "فیسارەکان" نەبوون، هەر ئەو مرۆڤە بێ گوناهانە دەبینران کە ژیانیان تارومار بووبوو. بەو پرسیارانەوە کە ختووکەی سەریان دەدا لەوناوە دوورکەوتەوە. *با پەیوەندی بە شیرینەوە بکەم* لەبەر خۆیەوە بیری لەمە

کردەوە. بە ویستی بیستنی دەنگی لە تەناهیدابوونی هاوڕێکەی تەلەفۆنێکی هەنبانەی پارەداری دۆزییەوە.

"شیرین... منم پەری."

"سڵاو مشکۆکە. چ دونیایەکی گوە، چەندە ترسناکە، وانییە؟"

"بڕوا بەوە ناکەم ڕوودەدات" پەری وای گوت.

گلۆڵەی ئەم دونیایە کەوتووەتە لێژی[1]" شیرین وای گوت، وەها ئەمەی گوت دەتگوت هاوار دەکات. "بۆچی، چونکە چەند مەخلوقێکی توونڕەو بە بەکارهێنانی ناوی خوداوەند تیرۆر و توونوتیژی بڵاودەکەنەوە. ئەمەیە ئایین! ئەم سەدەیە سەری لێ شێواوە. دونیا خراپتریش دەبێت، دەبینی."

پەری لەو ساتەدا درکی کرد کە بنێشت بە پشت مۆبایلەکەیەوە نووساوە - کێ و بۆچی کارێکی وەها دەکات؟ خراپییەکی چکۆلەیە، بەلام هەر خراپە...

"کارەساتە، ئەمە چۆن دەبێت؟"

"دڵنیام هەمووان گەنگەشەی ئەمە دەکەن. ڕۆژنامەنوس، پسپۆڕ و ئەکادیمیستەکان بە مانگ و ساڵان گەنگەشەی دەکەن. بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچ شتێکی شایانی باس نییە. ئایینەکان مرۆڤەکان پەرگیر و پەڕیوەی جەمسەرەکان دەکەن: 'ئەوانەی لە ئێمەن - ئەوانەی لە ئێمە نین'، 'بەهەشتییەکان - دۆزەخییەکان.' دەرەنجامی ئەمەش دانەبەخۆدانەگرتن، نەفرەت و توونوتیژییە."

"بەلام ئەم بۆچوونە ناهەقی نییە؟ چەندین دیندار هەن ئازاری مێروولەیەکیش نادەن. هۆکاری ئەم دۆخە ترسناکە ئایین نییە."

"دەزانی مشکۆک، هۆشی منیش هێندەی هی تۆ ئاڵۆسکاوە، گەرەکە هەر ئێستا بچم قسە لەگەڵ ئازوور بکەم، وەرنا شێتەبم."

---

(1) لە تورکییەکەی بە وەرگێرانی مانای وشەی پەیڤەکان نووسراوە: "ئەم دونیایە پیم/مێنخی دەرچووە"

پەری نوتقی گیرا. "دەچیتە دیدەنی ئازوور؟ بەڵام هێشتا وەرزی تازەی خوێندن دەستی پێنەکردووە."

"چقەیدی؟ بەیانی دەچمە ئۆکسفۆرد. دەزانم کە لەوێیە. لەبەر دەرکێیدا دەوەستم. دەی تۆش بلیتەکەت بگۆڕە و زووتر وەرە."

پەری زۆر گوێی بەم داوایەی نەدا. ئەگەر بەم ساتەوەختە بلیتیشی وەچنگ بکەوێ نەیدەتوانی زێدەبایی جیاوازیی نێوان بلیتەکانی بدات. تایەفەی زەنگینان وەهان. هێندە دوورن لە ڕاستینەی ژیان وادەزانن هەموو کەس وەک ئەوان خودان هەمان ستاندارتی ژیانە.

کاتێکیش گەڕایەوە ماڵەوە دایک و باوکی دیتن هێندەی وێ پەشۆکاو بەدیار تەلەفیزیۆنەوە دانیشتبوون. هەمان دیمەنی کارەساتبار لەسەر شاشەکە پاتە دەبووەوە.

"دەمارگیرەکان دەست بەسەر دونیادا دەگرن" مەنسوور وای گوت. ئەم ئێوارەیە لە زووەوە دەستی بە خواردنەوە کردبوو. خەمگیر بوو، لەخۆکەوتە. یەکەمجاری بوو دوودڵی لە ناردنەوەی کچەکەی بکات بۆ ئۆکسفۆرد. "دەڵێم ڕەنگە چاکتر بێ چیتر نەتنێرینە دەرەوەی وڵات، هیچ شوێنێک تەناهی و ئارام نییە."

"قەدەر..." سەلما گوتی. "ئەگەر بە مەرەکەبی نەبینراو لە نێوچاوانت نووسرابێت، حەز دەکەیت لێرەبە یان لە چین و ماچین، هیچ جیاوازییەکی نابێت. ئەوی میعادەکەی تەواودەبێت دەڕوات."

مەنسوور پری بەو پێنووسەدا کرد، کە بۆ دۆزینەوەی وشەی یەکتربڕ بەکاری دەهێنا. لەسەر نێوچاوانی بە ژمارەی نارێکەوە نووسی "١٠٠".

"چی دەکەیت؟" سەلما پرسی.

"دەستکاری قەدەری خۆم دەکەم! تا سەد ساڵ دەژیم."

سەلما شەرمی لە بێرێزییەکەی مێردی کردەوە و سەری بادا. پەری هێندە لەلایان نەمایەوە تا بزانێ وەڵامی دایکی چی دەبێت. هەداری ئەوەی نەبوو بەرگەی شەڕی دایک و باوکی بگرێت.

بە هەستکردن بە تەنیاییەکی زۆرەوە چووەوە ژوورەکەی خۆی. ڕۆژنڤیسکەکەی خۆی دەرهێنا. هەرچەند کۆشای شتێکی شایستە بنووسێت، نەیتوانی. ئەمڕۆ نەدەکرا. هێندە پرسیاری لەبارەی ئایین، بڕوا و خوداوەند لەسەریدا بوون، مەپرسە! ئەوە چۆن بوو خوداوەند ڕێگەی دەدا مرۆڤێک بە بەکارهێنانی ناوی ئەوەوە مرۆگەلی دیکە بکوژێت؟ هەروا لە ڕووپەلەکە ڕامابوو. بەتاڵی سەر ڕووپەلەکەی لەناخی خۆشیدا هەست پێ دەکرد.

تۆبڵێی کاتێک شیرین دەچێتە دیدەنی ئازوور، داخۆ پرۆفیسۆر چی پێ بێژێ؟ باسی چ دەکەن؟ چەندەی پێ خۆش بوو هاوشێوەی فیرنەگولەی گۆرین[1] لە پەنجەرەکەوە بچێتە ژووری و گوێی لە هەموو ئەو پەیڤ و قسانە بێت کە دەیڵێن. ئەوی ڕاستی بێت پەری پرسیاری خۆی هەبوون. بگرە زۆریشی هەبوون. ڕەنگبێ شیرین لەسەر هەق بووبێت کە پێداگر بوو لەوەی بەشداری ئەو سیمینارە بکات. پەری ئاتاجی بەوە بوو هەرچی زووە لەبارەی خوداوەندەوە بخوێنێتەوە. نەک بۆ ئەوەی لەبارەی هەبوونێکی مەزنەوە هەقیقەتی تازە بزانێت، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ناڕوونییەکەی ناخی خۆی ببێتەوە، ڕاستر ئەوەیە بۆ خۆناسینی.

---

(1) پێشوو

# بازنە

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١

لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی تازەی خوێندن پەری خۆی بۆ یەکەم وانە بەرەو *زیهنیەتـــی خوداوەند/ســـەرەتایەک بـــۆ خوداوەندی نێو زیهنمان* ئامادەکرد. تەنێ چەند ڕۆژێک بەسەر کردنەوەی سندووقی پۆستەی خوێندکاران تێپەڕی بوو، کە تێیدا زەرفێکـــی لە پرۆفیســـۆر ئـــازوورەوە بـــۆ هـــاتبوو. لەســـەر پۆســـتاڵکارتەکە بە خەتێکـــی لار نووســـرابوو، دیـــاربوو بە پەلەپرووزێ نووسراوە:

خاتوو ناڵبەندئۆغڵوی بەڕێز،

ئەگەر هێشتا بە ڕژدییەوە نیازتـان بە پشکداری لە سیمیناری خوداوەند هەیە، وانەکە لە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ڕێک لە کـاتژمێر ١٤:٠٠ دەسـتپێدەکات! ئەگەر حەزتـان کـرد دەتـوانن عەنبەریش لەگەڵ خۆتان بهێنن. بەڵام داوای لێبوردنی ناپێویست لەگەڵ خۆت مەهێنە.

ئەختەبووت چاوەڕوانتە.

ئەی. زێد. ئازوور

لەو ڕۆژەوەی نامەکەی خوێندۆتەوە چ لە وانەکانی بێت یان لە کـارە نیـوە-دانەکەی سـەری بەرز نەکـردووەتەوە. ئێسـتا، کە

بەرەو هــۆڵی ســیمینارەکە دەچێــت و دەفتەرەکــانی توونــد بە سنگییەوە نووساندوون، خەمگینە.

* * *

کە چووە ژووری نۆ خوێندکاری ژماردن: چوار کوڕ و پێنج کــچ. کاتێــک لەنێــو ئەوانــدا چــاوی بە مونــا کەوت، حەپەســا. هەڵبەت موناش بە بینینی پەری هێندەی وێ سەرسام بوو.

پەری ســەرنجی خوێنــدکارەکانی دیــکەی دا؛ بە ڕوانــین لە خوێندکارەکان، کە بە بێ ئەوەی زۆر لە یەکدی نزیــک بینەوە ڕوونیشتبوو. دەردەکەوت کە؛ ئەوە تەنیا خۆی نەبوو شڵەژا بوو. لە کاتێکدا بەشێک لە خوێندکارەکان نوقمی ئەندێشــەی خۆیــان بووبوون، هەشبوو بە دەنگێکی نەوی لەبەر خۆوە قسەی دەکردن یــاخود ناونیشــانی وانەکەی -کــێ چــووزانێ چەنــدجار- بە ورتە دەیخوێنــدەوە. کوڕێــک لەوان ســەری خســتبووە ســەر دەفتــەری تێبینییەکانی، دەبۆرژا[1].

پەری لە لای پەنجەرە لەسەر کورسییەک ڕوونیشت. ســەیری دەرەوەی کــرد و لەو داربەڕووە گەورەیە ڕامــا کە گەڵاکــانی زێڕین و یاقووتی بوون. دوودڵ بــوو لەوەی داخــۆ کــاتی ئەوەیە بچێتە توالێــت یــان نــا. بەڵام لە ترســی ئەوەی نەکــا تــا دێتەوە سیمینارەکە دەســتی پێکردبێت لە شــوێنی خــۆی نەجــوڵا. مونــا نەتەچــاو و بێــار دیــاربوو، ئەگەرچــی هێشــتا زوو بــوو، بەڵام دەتگوت درەنگانی بەسەردا هاتووە.

دروست لە وادەی خۆیدا دەرکە کرایەوە. پرۆفیســۆر ئــازوور بە دۆســییەیەکی قەبە و قووتووێــک قەڵەمــی ڕەنگاوڕەنــگ و

(1) بۆرژان: خەوەنووچکە

کاتژمێرە لمیەکەیەوە هاتە ژووری. پالتۆیەکی نیلی قەدیفەیی ئانیشک بە پێستە پینەکراوی لەبەردابوو. ئوتووکردنی کراسە پاکەکەی بێ قسوور بوو، بەڵام بۆینباخەکەی دەتگوت لە بەستنی هیلاک بووە، شل و خاو بوو. قژی ئاڵۆسکاو بوو. دۆخێکی هەبوو لەنێوان ئەوەی یان ئەوەتا بە ئاراستەی شێتەبایەک بە ڕێگادا هاتبوو، یاخود بەبێ ویستی خۆی بە پەنجەکانی قژی خۆی ئاڵۆسکاندبوو.

لە چاو تروکانێکدا هەموو شتەکانی لەسەر مێزەکە دانان. کاتژمێرە لمیەکەیشی لەسەر کورسیەکەی دانا و هەڵیگێڕایەوە. دانە دانەی لمەکە هاوشێوەی قافڵەی ئەو حاجیانەی دەچنە سەفەری پیرۆز، لە کەمووڵەی سەرەوە دەستیان بە تکان کرد بۆ نێو کەمووڵەی ژێری. پرۆفیسۆر ئازوور خۆیشی لەبەردەم تەختەکە وەستا. بەژن زراف و باریکێک بوو. بە دەنگ هەڵێنانێک کەشی کپی ژوورەکەی شێواند.

"سڵاو لە هەمووتان! *شەلۆم ئەلەیهەم!* سەلامون عەلەیکوم! لە ئەمانەتی ئاشتیدا بن! *ناماستێ! سات نام!* *سات سیری ئاکال!* دەمەوێ بۆ ئەوەی کە مەبەستیانە بزانن ڕیزبەندی سڵاوەکانم بەبێ هیچم مەبەستێک ئاوا بە دوای یەکدا هاتن."

*ئەلۆها*" کەسێک بە هەوای وەڵام ئەمەی گوت.

ئەوانی دیکەش دەنگیان لێ بەرز کردەوە. سڵاو و قاقاکێشانەکان تێکەڵ بە یەکدی بوون.

"فرە خاسە!" ئازوور لە کاتێکدا دەستەکانی لێک ڕەبا دەدان وای گوت. "هێندەی لەمنەوە دیارە هەمووتان متمانەیەکی زۆرتان بە خۆتان هەیە."

چاوەکانی لە پشت چێوەی چاویلکەکەیەوە درەوشانەوە، لە ڕەنگی چەوەبەردی جۆگەئاوان دەچوو. تۆنی دەنگی دەچووەوە

سەر تۆنی دەنگی گەڕۆکێک، کە لە وڵاتانی دوورەوە هاتووەتەوە و ماجەراکانی خۆی بۆ دۆستەکانی دەگێڕێتەوە، وەها دەنگی چین چین بڵندتر دەبوو، دەستخۆشی لە هەموو ئەو خوێندکارانە کرد کە بوێری خۆنووسینیان لەم سیمینارە نیشانداوە. هیواخوازیش بوو تا کۆتایی درێژەی پێ بدەن و شلی نەکەن. ئاخاوتنەکەی هێندە ڕاحەت و هاوکات هێندەش خێرا بوو سەخت بوو تێبگەی لە کوێ گاڵتە دەکات و لە کوێیی قسەکانیدا بە لێبڕاوانە دەدوێ.

"ڕەنگە سەرژمێریشتان کردبێت، لە پۆلدا یانزە کەسین - بە تایبەت یانزە، چونکە دە ژمارەیەکی تەواوە، تەواوەتیش شتێکی بێزارکەرە." بە ئەدگارێکی نارەزامەندانەوە ڕاما. "وادیارە کارمان هەیە. ئەمە چییە، دەڵێی لە گازگرتن دەترسین وا پەرشوبڵاو دانیشتوون. بەڵێ خانمان، پیاوان، ئەگەر ئەرک نەبێت، دەتوانن هەستنە سەر پێ؟"

خوێندکارە حەپەساوەکان بە دڵخۆشییەوە ئەوەی گوترا ئەنجامیان دا.

"چەندە گوێڕایەڵن! لە چاوی خوداوەند باڵاترین ئاکارن، وەها دەڵێن. ئێستا دەمەوێ بە کورسییەکانتان بازانەیەک چێکەن و ڕوونیشن. چونکە شیاوترین شێوەی ئەندازەیی بۆ ئاخاوتن لەبارەی خوداوەند، بازنەییە."

ئازوور باسی لەوە کرد باسی جودا، شێوە دانیشتنی جودای گەرەکە. بۆ قسەکردن لەبارەی سیاسەتەوە پەرشوبڵاو و بێ شێوە، بۆ ئاخفین لەبارەی سۆسیۆلۆژیا سێگۆشەیەکی ڕێک، ئەگەر باسەکە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بێت؛ ئاوێزەیەکی چوارگۆشەیی. بەڵام ئەگەر شایەت قسەکردن بێت لەبارەی خوداوەند؛ هەر دەبێ بازنەیی بێت. بەجۆرێک هەمووان بە هەمان مەودوا دوور و نزیکی چەقەکە بن.

"لەمەودوا دەمەوێ هەر جارێک هاتمە پۆل، ببینم بەشێوەی بازنەیی دانیشتوون."

ئەم کارە چەند خوولەکێکی برد. ئاڕاستەی کورسی و قاچەکانیان گۆڕین و دووبارە شێوەیەکی دیکەیان بە دانیشتنەکەیان دا. دواجار کە دانیشتن، ئەو شێوە تازەیەی دانیشتنیان هێندەی لە شێوەی لیمۆیەکی گوشراو دەچوو، هێندە لە بازنەیەک نەدەچوو، بەڵام قەیدی نییە. هەرچەندە پرۆفیسۆر ئازوور زۆریش ڕەزامەند نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی کردین. دوای ئەوەی ویستی بزانێت "لە کاتێکدا بۆ گەنجان ئەو هەمووە هۆکاری سەرگەرمییە هەن" بۆچی خوویان داوەتە پرسی خوداوەند؟

یەکەم ئاخێوەر مونا بوو. باسی لەوە کرد دوای کارەساتەکەی ١١ سێپتێمبەر لە ڕۆژئاوا نیگەرانییەکی زۆر سەبارەت ئیسلام هەیە. بەدەم هەڵبژاردنی دانە دانەی وشەکانییەوە گوتی کە شانازی بەوە دەکات کچە مسوڵمانێکە، ئایینەکەی خۆی لە دڵەوە خۆشدەوێت و خاوەنداری لێ دەکات، بەڵام هەموو ڕۆژێک ناچارە سەرەدەریی لەگەڵ ژمارەیەک پێشداوەرییدا بکات. "ئەو کەسانەی هیچ شتێک لەبارەی ئایینەکەم، پەیامهێن و بڕواکەم نازانن قسەی گەورە دەکەن، نەریتی دەئاخڤێن" گوتی. "لەبارەی سەرپۆشەکەشم" ئەمەشی خستەسەر. بەشداری لەم وانەیەدا کردووە چونکە ویستوویەتی تەقلی ئەو گەنگەشە-لێکۆڵینەوە دروست و بێ پێشداوەرییانە بێت کە قسەکردنن لەبارەی سروشتی بوونی ئافرێنەر. خوداوەند هەمووانی بە جیاوازییەکانیانەوە ئافراندووە. ئەو هەموو جیاوازییە هۆکارێکی هەر هەیە. وەها دوماهیی بە قسەکانی هێنا: "ڕێز لە جیاوازیی دەگرم، وەلێ چاوەڕێی ڕێزنوێنیی لە بەرانبەرەکەشم دەکەم."

Scanned with CamScanner

پیاوەکەی ڕۆخ مونا کە زانی نۆرەی ویە پشتی ڕاست کردەوە. ناوی ئید بوو. گوتی؛ بەهۆی ئەوەی لە ماڵباتێکی بێدینە، بێ لایەن و هێواش لە پرسی خوداوەند دەدوێ. بڕوای وابوو دەکرێ ئایین و زانست لە شوێنێکدا کۆببنەوە، وەلێ پێویست دەکات لایەنە نالۆژیکییەکانی ئایین -کە زۆرن- شەنوکەو بکرێن. "بابم جووە، دایکم پرۆتستانتە، وەلێ دیندار نین" ئەمەی سەرباری سەر قسەکانی کرد. "پێموایە منیش هاوشێوەی مونا، وەلێ لە ڕوانگەیەکی ترەوە، لە چاخی مۆدێرندا گرنگی بە پرسی ناسنامە و بڕوا دەدەم. ئەگەرچی ئەوەی ڕاستی بێت هیچ کاتێک خوداوەند خەم و باسی من نەبووە."

"کەوابێ بۆچی لێرەی؟" کوڕێکی مووزەردی ماسولکەداری ڕوخسار پڕ چاڵ و چۆڵ ئەمەی لێی پرسی، بە خێرایی قەڵەمدارێکی لەنێو پەنجەکانیدا وەردەسوڕاند. "وامدەزانی هەریەک لەوانەی لێرەن پرس و باسێکیان لەگەڵ خوداوەندا هەیە."

پەری سووسەی ئەوەی کرد کە ئید سەری بەرزکردەوە و تەماشای پرۆفیسۆر ئازووری کرد، ئەویش هەر بە سەر ئاماژەیەکی لێڵ و ناڕوونی بۆ کرد. دەتگوت پەیامێک لەنێوانیاندا هات و چوو، شیفرەیەک کە پەری بۆی نەکرایەوە.

ئازوور ڕووەو کوڕە مووزەردەکە وەرچەرخا. "عادەتم وایە چاوەڕوانی ئەوەم هەیە خوێندکارەکانم لەبارەی فیکر و بۆچوونی یەکترییەوە ڕای خۆیان دەربڕن، بگرە هانی ئەوەشتان دەدەم. بەڵام جارێ بۆ ئێوە زووە. وەک ئەو جووجەڵانەین کە تازە هەوڵ دەدەن لەنێو هێلکەکەیان بێنە دەرەوە. دەبا جارێ سەرمان لەنێو قەپێلک بێنینە دەرێ. دواتر دەست بە گەنگەشە دەکەین."

خوێندکاری دوای ئەو، ئۆلیڤیا بوو. کچێکی جوانکیلە کە بە ئەکسانتێکی ڕوونی ئیسپانییەوە قسەی دەکرد. چاوەکانی گەورە و قاوەیی ڕەنگ بوون، قژیشی ڕەنگێکی تۆخ و وەک پەمۆ نەرم دیار بوو. گوتی کە لە ماڵباتێکی کاتۆلیکی مەزن بووە و هێندە دیندارە کە هەموو هەفتەیەک دەچێتە ڕێوڕەسمی ئاینی. لە کۆمەڵەی کاتۆلیکەکانی ئۆکسفۆرد دۆستی چاکی پەیدا کردوون. لەگەڵ ئەوەشدا قەستی بوو ڕوانگەی خۆی بەرفراوانتر بکات. "گوتم بەشداربوون لەم وانەیەدا بۆ من سەرنجڕاکێشە. دەرچوون لەو چوارچێوەیەی پێی ڕاهاتووم، تا تێبگەم کەسانیتر چۆن لە خودا دەڕوانن... بۆیە..." ڕستەکەی خۆی تەواو نەکرد، وەک ئەوەی بیەوێ یەکێکیتر بیگەیەنێتە کۆتایی.

"پێموایە نۆرەی منە" کوڕە قژ زەردەکە وەدەنگهات، هێشتا پێنووسەکەی خێراتر لەنێو پەنجەکانی هەڵدەسووڕاند. "ناوم کەیڤنە، لە کالیفۆرنیاوە هاتووم، لەڕێگەی بەخششی زانکۆییەوە."

کەیڤن گوتی؛ هەر خۆی ئێرنست هەمەنگوای لە هەموو پرس و باسێک لەسەر هەق بووە، ڕاستبێژ بوو کە گوتی هەر کەسێک مێشکی کار بکات، دەبێتە ئەتایست. بۆ نموونە خۆی ئەتایستێکی سەرسەختە. "بڕوام بە هیچکام لەم قسە پووچانە نییە. بۆیە ئەوەتا لێرەم. ویستم بێمە نێو گەنگەشەکردن لەبارەی ئەو شتەی ئێوەی پێی دەڵێن خودا. ئەگەرچی دڵنیام هەمووان شێتگیر دەکەم."

کەسێک کۆکی، یان کاردانەوە بوو یان ڕێکەوتێک بوو.

ئەو کوڕەی دوای ئەو ئاخاوت، وەها خۆی داناساند: "سڵاو لە هەمووتان ناوم ئاقیبە. ئەندامی کۆمەڵەی شاباتی ئۆکسفۆردم. جگە لەوە لە کتێبخانەی یەهوودیی بە نیوە-دان خۆبەخشانە کاردەکەم."

ئاڤی گوتی؛ ئێستا بەشی ئەوە نەفرەت و نەیاریی هەیە لە دونیادا کە مرۆڤایەتی بگلێنێتە نێو جەنگی سێهەمی جیهانییەوە. خێوی مێژوو بەنێوماندا دەگەڕێ. وەک چۆن لە پاکتاوی نەژادی جووەکان و داڕماندنی هەردوو تاوەرەکە بینیمان، مرۆڤ ئامادەیی تێدا بۆ ئەنجامدانی هەر خراپەکەلێک کە عەقڵ و خەیاڵ دەرکیان ناکات. دەبوو لەنێوانی ئاینەکان دایەلۆگیکی ڕاستەقینە چێ بووبا. ترس لە خوداوەند، گەورەترین بەربەستی بەردەم مەیلی *ئادەمیزاد* بوو بۆ توندوتیژی. زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر، لە چاخی مۆدێرندا پێویستی بە خوداوەند هەیە.

ئاڤی حەزی لێ بوو چەند شتێکی تریش بێژێ، وەلێ کچە پڕ وزە و بێ ئارامەکەی تەنیشتی قسەکانی پێ بڕین. ناوی سوجاسا بوو. باسی لە جیاوازی نێوان فەلسەفەی ڕۆژهەڵات و یەکسانی ڕۆژئاوا کرد: "هەموو ئاینە ئاسمانییەکان لە هەمان ناوچە سەریانهەڵداوە. هەمان ڕەگ و ڕیشەیان هەیە. بەردەوام لەشەڕدان، بەڵام کاتێک لە دوورەوە لێیان ڕادەمێنی زۆر لەیەک دەچن."

سوجاسا بە جووڵەیەکەوە دروشمێکی لە فەلسەفەی هیندی گوت: "خۆت چۆن دەبینی، پاش ماوەیەک دەبێتە هەقیقەتت."

قەستی نەبوو هەستی هیچ کەسێک بشکێنێ، بەڵام پێیوابوو خودای ئاینە ئاسمانییەکان تووڕە، دادگاییکەر، مەودادار و دوورە. "من دەڵێم، 'هەموو شتێک خودایە' ، لە کاتێکدا ئێوە دەبێژن، "هەموو شتێک هی خودایە. ئەم پاشگری خاوەندارێتییە بچووکە جیاوازییەکی زۆر دەخاتەوە." سوجاسا باسی لەوە کرد بە چوارچاو ئاگای لەو گەنگەشە توندە دەبێت کە لەبارەی ئەو جیاوازە فەلسەفیانەوە دەبێت و بەمەش کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

لەگەڵ ئاخاوتنی هەر خوێندکارێک، پەری کەمێک بە

کورسییەکەیدا ڕۆدەچووە ژێر، دەشڵەژا. خۆزگە نابەرچاو دەبوو و لێرە دەترازا. گومان هەبوو پرۆفیسۆر ئازوور خوێندکارەکانی بەپێی چیرۆکەکەیان هەڵبژاردووە نەک بەگوێرەی لێهاتوویی ئەکادیمیان. دیار بوو هەر خوێندکارێکی بە جیا و بە تەنیا هەڵبژاردبووە. دەتگوت پرۆفیسۆر حەزی لەوە بووە لە پۆلدا هەم هەمەجۆری هەم پێکهەڵپڕان هەبێت. جگە لەوەش هاوڕابوونی ئەو کەسانەی لەو هەموو بنەچە جیاوازانەوە هاتوون سەخت بوو، بگرە ئەستەم بوو. ڕەنگە ویستی ئازووریش هەر ئەمە بووبێت: دژیەکی! ڕەنگبێ وەک مشکی تاقیگە مامەڵەی لەتەک ئەواندا کردبێت. ئەوانیش، خوێندکارەکان بەبێ ئەوەی هەست پێبکەن تاقیکارییان پێ دەکرا. ئەگەر وابێت، مەگەر چ شتێک تاقیدەکاتەوە؟ تێگەیەکی تازە بۆ خوداوەند؟

شتێکی دیکەش هەبوو کە پەری وەڕز کردبوو. شایەد ئەگەر ئەوانەی دەوروبەری بە تایبەت بۆ کێشانەوەی وێنەکەی بچووککراوەی باخە هەڵواسراوەکانی بابل[1] هەڵبژێردرابن، باشە بۆچی ئەمی بۆ ئەم سیمینارە هەڵبژاردووە؟ مەگەر پرۆفیسۆر ئازوور چی لەبارەی پەرییەوە دەزانی؟ بۆچی ئەمیشی خستووەتە نێو تاقیکارییەکەی خۆیەوە؟ قسەکانی دکتۆر ڕایمۆند لە زیهنیدا دەنگیان دەدایەوە: *ئازوور پیاوێکی سەیرە. شێوازی وانەکانی نائاساییە. ڕەنگە بۆ هەموو کەسێک باش نەبن. ئەمە وانەیەکە کە خوێندکارەکانی دوو چەشنن. لە کاتێکدا هەندێکیان حەزی لێ دەکەن، هەندێکی تر خەمگین دەکات.*

"سڵاو، من کیمبەرم." کچێکی قژ گف ولوول وای گوت.

---

(١) بەکارهێنانی "کێشانەوەی وێنەی بچووککراوەی باخە هەڵواسراوەکانی بابل" وەک میتافۆرێکە. کە مەبەست لێی ئەنجامدانی کاری مەحاڵ و دەگمەن و ناوازەیە.

هەرکاتێـک یـاری بە قـژی بکـردایە تاڵەکـان هێنــدەی دی هەڵدەچوون. "بۆچی«تەقلی»ئەم وانەیە بووم؟ دوو وەڵامـم هەن: یەکێکی کورت و یەکێک درێژ."

"لە درێژەکەوە دەستپێبکە" پرۆفیسۆر ئازوور وای گوت.

کیمبەر گوتی؛ کە باوکی لە کڵێسای مۆرمۆن ڕاهیـب بـووە. سەرجەم ئەندامانی ماڵبات، هاوڕێ و خزم و کەسەکانی مۆرمۆن بوونە. تاکە شتێک کە ماناى بە ژیانی داوە خودایەک تـاک و تەنیا بووە. بۆ ئەوەی باشتر لەو تێگات مەیلی چووەتە سەر ئەو وانەیە. خراپترین شت لەلای ئەوەبـوو گەنجی ئەم دەورانە تەنیـا گرنگی بە عەشق و مەشق، پارەوپوول و پیشەیان دەدەن. بڕوای وابـوو ژیـان لەوە زیـاتری پێویستە. "هەرکامـمـان بە ئەرکێکـی دیـاریکراو نێـردراوینەتە ژیــان. مـن بەدوای ئەرکـی خۆمــدا دەگەڕێم."

"باشە وەڵامە کورتەکە چییە؟" ئازوور پرسی.

کیمبەر خەنییەوە. "لەگەڵ هاوڕێیەکم شەرتم کرد. گـوتی کە وانەکانی تۆ لەم زانکۆیەدا بە سەختترین کۆشش وەدەستدێن و تۆش بە دەگمەن و کەم خوێنـدکارت بەدڵ دەبێـت. نمرەکـانی من هەمیشـە بەرزن. لە قۆنـاغی سـەرەتاییەوە هەروا بـوونە. بۆیە ئەمەم وەک مەیدانخوازییەک قەبوڵ کرد."

نەرمە بزەیەک کەوتە سەر ڕوخساری پرۆفیسۆر. "دۆزینەوەی هەقـیقەت هێنــدە دەگـمەن وەچنـگ دەکەوێ کە... گـوتنی چێژنکە."

پەری هەر لە شـوێنی خـۆیەوە ئەو نیـوەدێڕەی هـاتەوە بیـر. لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوە هات: "ئیمیلی دیکنسۆن."

"با بەردەوامبین، نۆرەی کێیە!" ئازوور وەها دەنگی لێ هەڵێنا. خوێندکارە نۆرەهـاتووەکە نـاوی ئادەم بـوو. لـووتێکی خڕ،

چەناگەیەکی چاڵی هەبوو، ئەبرۆکانیشی هەڵبڕاو دەتگوت بەردەوام شتگەلێک سەرسامی کردووە. "خوداوەند واتە خۆشەویستی" وای گوت. "بژی، خۆشتبوێ، فێربە." من بڕوام بەم بنەما گەردوونییە هەیە." هەروا قسەی لەبارەی لە ئێستا ژیان و یۆگا و تەکنیکەکانی مێدیتاسیۆن کرد.

"نۆرەی منە؟ ناوم ئێلیزابێتە" کچە خوێندکارەکەی تەنیشتی وای گوت. "من هەر لێرە لەدایک بووم و ژیاوم، ناکرێ بڵێم زۆر لەماڵ دوورکەوتوومەتەوە. من هیچ سەروسەودایەکم لەگەڵ خوداوەند نەبووە، بەڵام ڕەخنەی ئەوە دەکەم کە خوداوەند وەک نێرێک بناسێنرێ."

ئێلیزابێت گوتی؛ مرۆڤ پەیوەستیی خۆی لەگەڵ سروشت و دایکە خوداوەند پچڕاندووە. بەدرێژایی مێژوو مێیەتی سەرکوت کراوە. باجی ئەمەش بە بەشەرەکان، ئەو هەموو خوێنەی ڕژا و ئەو توندوتیژیەی سەردەکات، درا. گوتی؛ ئایینە کۆنینەکان، شامانیزم و بودیزمی تیبت سەرنجی ڕادەکێشن. "پێویست دووبارە بە دایکە سروشت پەیوەست ببینەوە." باسی لە گەرمبوونی گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگە کرد. گوتی؛ لەمەودوا واز لەوە دەهێنێ وەک نێرێک بیر لە خوداوەند بکاتەوە، پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە؛ پێویستە وەک وزەیەکی مێیانە قسە لە خوداوەند بکرێت.

بەمشێوەیە تەنێ دوو خوێندکار مابوون قسە بکەن: پەری و کوڕەکەی تەنیشتی. پەری بە دەست ئاماژەی نۆرەداریی بۆ کوڕەی تەنیشتی کرد، بەڵام ئەو خۆی نەبان کرد.

"کەوابێ، ناوم پەرییە..."

"وە ئەو نیوەدێڕە خوازەیەک بوو لە ئیمیلی دیکنسۆنەوە بوو، ئافەرین زانیت" ئازوور وەها کەوتە نێو قسەکانی وێ.

پەری هەستی کرد کە گۆناکانی سوورهەڵگەڕان. درکی بەوە نەکردبوو پرۆفیسۆر هەستی بەوە کردووە لەبەر خۆیەوە منگەیەکی کردووە. "لە ئیستانبوڵەوە هاتووم..." لەبیری کرد ویستی چیتر بڵێ، دەمی تەتەڵەیەکی کرد؛ لەباتی ئەوەی وەک ئەوانیتر هەندێک بێژەی فەلسەفی بڵێ، ناوی ئەو شارەی هێنا کە تێیدا لەدایک بووە، بەمە خۆی وەک گەمژەیەک هاتە بەرچاو. "ئێ.. من.. دڵنیانیم بۆچی لێرەم."

"کەواتە وازی لێ بێنە" کەیفن وای گوت. "بەمەش دەبینە ١٠ کەس، ژمارەیەکی ناوازە!"

شەپۆلێک قاقا ئەو ناوەی داگرت. پەری نیگای لە ئەرز بڕین. ئەو خوێندکارانەی تر ئەگەر لە سەرەتادا جیاوازیش بینرابن، وەلێ کە ئاخاوتن ڕەوان بوون. ئەوەتا لە کارێکی وەها سادەشدا پەکی دەکەوت وگیری دەخوارد. درێژەی پێ نەدا. بێدەنگ ما.

دوایین کەس کە ئاخاوت کوڕێک بوو ناوی برونۆ بوو. گوتی کە مارکسیست نییە. بەڵام تەواو هاوڕای مارکس بوو کە ئایین ئەفیونی گەلانە، کاتی خۆی تێڕوانینەکانی مامۆستا ئەنوەری لەبارەی ئایینەوە خوێندوونەتەوە و سەرسامیان بووە. هاوڕای وی بووە.

"گەنجە" ئازوور وای گوت، "کاتێک گوتەیەک لەوانیتر، بەتایبەت لەو فەیلەسووفانەی مەفتوونی وشە بوون وەردەگرین دەبێ بە ئاگاییەوە بێت!" گوتەی مارکس ئاواهی بوو: *ئایین، هەناسەساردی مەزلوومە، دڵی دونیایەکی بێ دڵە، ڕۆحی هەلومەرجێکی بێ ڕۆحە. ئایین ئەفیونی گەلانە!* "بەڵێ، بەڵێ. منیش هەمان شتم گوت." برونۆ هەر خێرا ئەمەی گوت. کەیفی بەوە نەهات قسەیان پێ بڕی بوو. دواتر لە هیکرا ڕووەو مونا

وەرچەرخا. وەک ئەوەی خۆی لە بەرکەوتنی مشتەکۆڵەیەک بپارێزێت چەناگەی هێنایەوە دواوە. گوتی ڕەنگە خۆشبیتان لە هەندێک لە قسەکانم نەیەت، بەڵام بەردەوام بە ڕاشکاوی قسە دەکات. گوتی کێشەیەکی لەگەڵ ئیسلام هەیە. "لەڕاستیدا کێشەم لەگەڵ ئایینە یەکخوداییەکاندا هەیە، بەڵام ئایینی کریستیانی و مووسایی ڕیفۆرمیان لەنێو خۆیاندا کرد، وەلێ ئیسلام ئەو ڕیفۆرمەی نەکردووە" وای گوت.

برونۆ گوتی؛ هەڵوێستی ئیسلام لە هەمبەر ژنان قەبولکراو نییە و شایەد ئەگەر وەک ژن و بە ئیسلامی لەدایک بووبام بەدبەخت دەبووم. "ڕەنگبێ سەری خۆم هەڵبگرتبا." بە قسەی بورنۆ بێت تا گۆڕانکاری تێدا نەکرێت ئیسلام بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم کتێبی پیرۆز هەم فەرموودەکان بە موتڵەقی دەبینرێن، بۆیە لە دۆخێکی وەهادا چاوەڕوانیی بۆ گۆڕانکاریی نەکردەیە. "ئەگەر گۆڕانکاریی قەدەغە بێت چۆن دەتوانین ئەم ئایینە سەرڕاست بکەینەوە؟"

مونا نیگایەکی ساردی بڕیە برونۆ. دەستبەجێ بەرپەرچی کوڕەکەی دایەوە: "ببوورە، بەڵام کێ مافی سەرڕاستکردنەوەی ئایینەکەی منی بەتۆ داوە؟ ئەمەت لەکوێوە هێنا کە ژنانی مسوڵمان پێویستیان بەوەیە لەلایەن کەسانی وەک تۆوە قوتار بکرێن؟"

"باشە دەی شەڕ مەکەن... زۆرباشە، دەستپێکێکی زۆر باشە!" ئازوور بە گوتنی ئەم قسانە هاتە نێو مشتومڕەکەیان. "سوپاسی هەمووتان دەکەم کە ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆتان خستەڕوو. بەڵام ئەوەتان بیربێت باسی ئێمە ئایین نییە. باسەکەمان فەلسەفەی خوداوەندە."

ئازوور لەنێو ئەو بازنەیەدا کە خوێندکارەکان پێکیانهێنابوو

بەشێوەی بازنەیی دەخولایەوە. "لێرەنین تا باوەڕمان لەبارەی ئیسلامیەت، کریستیانیی، جوولەکەیی یاخود هیندۆیزم ئالوگۆڕ بکەین. ئەم بنەچانە جار جارە گەنگەشە دەکەین، وەلێ مەرامی ڕاستەقینەمان بۆ تێگەیشتنە لەوەی فەلسەفەی خوداوەند چۆن پێکهاتووە. نابێ ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی باوەڕە کەسییەکانی خۆتان بدەن. هەست دەکەن کە تووڕە دەبن و هەڵدەچن، تکایە ئەم گوتەیەی بێرتراند ڕاسڵ بێننەوە یادتان: *مرۆڤ لەهەمبەر پرسێکدا چەندە نەزان بێت، هێندە هاوسۆزی دەبێت.*"

لە ئاسمانێ گوڵەهەورێک خۆری کزی شاردەوە. ڕووناکایی ژوورەوە لەپڕ مات بوو. چاوانی ئازوور لەنێو ئەو کزییەدا دەدرەوشانەوە.

"تێگەیشتن؟"

"بەڵێ" سەرجەم خوێندکارەکان بە یەک نەوا وەڵامیان دایەوە.

وەلێ دوای چەند چرکەیەک دەنگێکی ورتەئاسا هاتە بەر گوێ: "ئێ... نەخێر."

ئەمە پەری بوو. ئازوور وەستا. "چیت گوت؟"

"ببوورن.. تەنیا.... مەبەستم... پێموایە کە بەهەندوەرگرتنی هەست و سۆز شتێکی هەڵە نییە." کاتێک قسەی دەکرد زیاد لە پێویست جووڵەی بە دەستەکانی دەکرد، هاوشێوەی هەموو ئەو کەسانەی متمانەیان بە بێژەکانیان نییە. "لە ڕاستیدا زیاد لەوەی تەخمین دەکەیت بەپێی هەستەکانمان هەڵسوکەوت دەکەین. مەگەر وانییە؟ بۆچی دژی سروشتی خۆمان دەوەستینەوە؟ بۆچی هەستەکان بەکەم دەگرین؟" بەدەم ئەو ترسەوە کە پرۆفیسۆر لێی زویر ببێت سەری هەڵێنا.

ئەمە لەکاتێکدا بزەیەک بەسەر ڕوخساری پرۆفیسۆرەوە بوو.

"ئافەرین کچی ئیستانبوڵی، هەروا لەسەر مەیدانخوازیی بەردەوامبە."

پرۆفیسۆر گوتی؛ ئەوەی پێیدەگوترێ زانینگە ژینگەیەکە بۆ ئەوەی تێیدا فێرببی، بیربکەیتەوە، گەشەبکەی و تێبگەیت. ئەوانەی لە ئۆکسفۆردن ئەگەر لە دوماهی ئەو ساڵانەی لێرە بەسەری دەبەن خودان هەمان فیکری ساتی دەستپێکردنی ژیانی ئێرەیان بوون، واتە قەتیس بووبن و هەروا مابمەوە، ئەدی بۆچی هاتوون لێرە بخوێنن؟ ئەودەم هەم کاتی خۆیان هەم پارەی ماڵباتەکەیان بەفیڕۆداوە. واباشترە بپێچنەوە و بچنەوە ماڵی خۆیان. "ئامادەی گۆڕانکاریی بن. لەم دونیایەدا تەنێ بەرد و تاوێرەکان ناگۆڕێن - هەڵبەتە ئەوانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت."

ئازوور گوتی؛ ئەوەتا لێرە، لە کۆنترین زانینگەی جیهان بوون. ئۆکسفۆرد بە درێژایی سەدان ساڵ نەک تەنیا کاروباری ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی زانستی، بەڵکو لە هەمانکاتدا گەنگەشەی تیۆلۆژی و لێلی و ناڕوونییەکانی ئایینیشی ئەنجام دەدا. بۆ ئەوەی خولیای فەلسەفەی خوداوەندت هەبێت مەرج نەبوو هەر دەبێ "ئاییندار" بیت. وەک چۆن ژمارەیەکی زۆر دیندار هیچ خۆیان بەم باسەوە سەرقاڵ نەدەکرد، بە دیوەکەی تریدا چەندین "لیبراڵ"، "عەلمانی" و کەسی "ئاگنۆستیک"یش هەبوون. پێویست نەبوو هیچ کەسێک کەسێکی تر پۆلێن بکات.

ئازوور گوتی؛ لە ڕاستیدا هەموویان ئەو شتەیان دووپات دەکردەوە کە بە بیستنی ڕاهاتبوون. بە سروشتی خۆیان ئەتایست لە سۆنگەی ئەتایستییەوە، خوێندکاری مۆرمۆنی لە کولتوریی مۆرمۆنییەوە، فێرخوازی هیندی لە فەلسەفەی هیندییەوە، قوتابی مسوڵمانیش لە ڕوانگەی ئیسلام و تادوایی، دەیڕوانی. بەڵام

کاتێک ئەو هەموو ڕوانگە جیاوازانە کۆدەبنەوە دەیانتوانی بە زمانێکی هاوبەش بدوێن؟ فەلسەفەی خوداوەند دەیتوانی ببێتە ئەو چەترەی سەرجەم جیاوازییەکان لەخۆبگرێت؟

"خودان بەختن! بۆ قسەکردن لەبارەی خوداوەندەوە لە شوێنێکی دروستتدان!"

بەم ئاوایە یەکەم وانە دەستپێکرد. پرۆفیسرۆ کە دەستی بە ئاخاوتن کرد حاڵ و باری گۆڕا. سیمای کە تا ئەودەم هێمن و ئارام دیار بوو لەپڕ چرچ و هێڵەکانی سەر ڕوخساری دەرکەوتن. چیتر تۆنی دەنگی یەکنەوا و کۆک نەبوو، گڕدار بوو، پڕ سۆز بوو. زۆریش لەخۆی دڵنیا بوو. بەم حاڵەیەوە پشیلەکانی کۆڵان و داڵانەکانی ئیستانبوڵی دەهێنانەوە یادی پەری - قەستم ئەو بێچووە پشیلانە نییە کە سەرکز و زەندەقچوو لە مرۆگەل دەترسن، ئەوانە دەڵێم بەسەر دیوارە بەرزەکانەوە خۆیان گیف دەکەنەوە، ئەوانەی کە وادەزانن کۆڵانەکە قەڵەمڕەوی خۆیانە و پێیدا دەگەڕێن و فەرمان دەردەکەن.

"باشە، ئێستا پرسیارێکتان لێ دەکەم. ئەگەر ئێوە لە چاخی برۆنز[1]ی هاتبانە بوون، ئەو چاخ و دەورانە چۆناهی پێناسی خوداوەندتان دەکرد؟"

"میهرەبانە" مونا وای گوت. "ڕەحمان و ڕەحیمە."

"بێنیازە لە هەر کەسیتر" ئاڤی ئەمەی گوت. "پێویستی بە هیچ کەسێک نییە."

(1) سەردەمی برۆنز ٢٠٠٠ تاوەکو ٨٠٠ی پ.ز دەگرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی مێژوو، سەردەمێک کە مرۆڤ ئەم کانزایە دەدۆزێتەوە و بەکاریدەهێنێت. سەردەمی پێش برۆنز بە سەردەمانی بەرد و سەردەمی پاش برۆنز بە سەردەمی ئاسن ناسراوە. سەردەمی برۆنز لەگەڵ کۆتایی سەردەمی نیولیتیک ٦٠٠٠-٢٠٠٠ی پ.ز، دەست پێ دەکات.

"نێر نییە، وەلێ وەک نێر وێنا دەکرێت" ئێلیزابێت وای گوت.
"نە ژنە نە پیاو" کەیفن وای گوت. "ئێ خۆ هەموو ئەمانە سەفستەن."

"بۆچی وایە؟ برونۆ بەمە گازەندەی خۆی دەربڕی.

"چونکە بە هەمان زمانی باپیرانی پێستەپۆشی چاخی برۆنزیتان قسە ناکەن. چۆن دەتوانی باسی خودا بۆ ئەو کەسانە بکەیت کە قەت لە مانای ئێستایی خودا حاڵی نابن؟" کۆمەڵێک رووپەل و قەڵەم رەنگەکانی دەرهێنان. بەسەر هەموویاندا دابەشی کردن. "بە قەڵەمەکان ئیماژەکانتان دەربخەن!"

"چی؟" برونۆ نارەزامەندی خۆی دەربڕی. "واتە وێنە بکێشین؟ ئەرێ خۆ منداڵ نین؟"

"خۆزگە منداڵ دەبوون" ئازوور وای گوت. "هێزێکی مەزنتری خەیاڵکردنتان دەبوو."

مونا دەستی بەرز کردەوە. "مامۆستام، ئیسلام بتی قەدەغە کردوون. ناتوانین وێنەی خودا بکێشین ئێمە. بڕوامان بەوە هەیە کە خوداوەند لەودیوی سنوورەکانی هۆشەوەیە."

"باشە. تۆش، دروست ئەمەی دەیڵێی ئەوە بکێشەوە."

لە ماوەی دە دەقیقەدا خوێندکارەکان لێک نزیک کەوتنەوە، پیشیان هەڵدەکێشایەوە، بەڵام دواجار چەند وێنەیەکی کێشراو کەوتنە بەر دەست. هەندێکیان وێنەی گەردوونیان کێشابووەوە: ئەستێرەکان، گالاکسی و نەیزەکەکان. هەندێکیان وێنەی برووسکەیەکیان کێشا بوو کە لە هەورێکی دابوو. خودا لەسەرووی ئەمانەوە بوو. هەندێکیشیان وێنەی عیسا پێغەمبەریان کێشا بوو بە ئامێزی ئاوەڵاوە. هەندێکیشیان وێنەی ئەو مزگەوتانەیان کێشا بوو کە لەژێر تیشکی خۆردا وەک زێڕ

دەدرەوشانەوە. یاخود خودای هیندۆسییەکان گەناشا[1]ی بەسەرە فیلییەکەیەوە کێشا بوو. ماخوایەکی قەڵەویچکەی مەمکدار. کێی واش هەبوو وەک مۆمێکی نێو تاریکی وێنای کردبوو. کێی کەسە و بە دیدی خۆی وێنای خودای کردبوو. هەر بوو، دوای ڕاڕاییەکی کورت سەرەتا خاڵێکی کێشا، دواتر ئەمەی کردە نیشانەیەکی پرسیار.

"وادەکەتان تەواو بوو" پرۆفیسۆر ئازوور وای گوت. ڕووپەلی نوێی دابەش کردنەوە. "بەوپێیە وێنای خوداتان کرد و کێشایەوە، ئێستاش وێنەی ئەوە بکێشن کە چی نییە."

"واتە چۆن؟"

ئازوور ئەبرۆکانی بەرز کردنەوە. "برونۆ! واز لە گازەندە بێنە و کارەکەت بکە."

ئاخر دەبوو وێنەی چی بکێشن؟ هەندێکیان وێنەی ئیلیسێکیان کێشایەوە بە دوو چاوی زەردەوە. یاخود ماسکێکی ئاسنینی ترسێنەر. چەقۆیەکی خوێنین. ئاخر. سووتان. دیمەنێک لە دۆزەخ... سەیر بوو خەیاڵ بۆ ئەوە بکەیت خوداوەند چی نییە، زۆر سەختتر بوو لە نواندنەوەی خوداوەند کە چییە. ئەم کارە تەنێ بۆ ئێلیزابێت ئاسان بوو. وێنەی پیاوێکی کێشا.

"سوپاس بۆ ئەو هاوئاهەنگییەی نیشانتان دا" پرۆفیسۆر ئازوور وای گوت. "ئێستا دەتوانن ئەو وێنانەی کێشاوتانەوە بەپاڵ یەکدییەوە بەرز ڕایگرن؟ هەمووتان نیشانی بدەن."

ئەوەی گوتی کردیان. بە تیلەی چاو لە وێنەی یەکتری ڕادەمان داخۆ چیان کردووە.

"ئێستا وێنە کێشراوەکان ڕووەو خۆتان وەرچەرخێنن. باشە؟

(١) یەکێکە لە خوداوەندەکانی ئایینی هیندۆسی، کە لەسەر شێوەی فیل وێناکراوە.

زۆر باشە! ئێستا پرسیارێکتان لێ دەکەم کە بە درێژایی مێژوو دەیان فەیلەسووف، بیریار و ڕۆحانی کردوویانە: چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دوو وێنەیەدا هەیە؟"

"ها؟" ئەمجارە تەنیا برونۆ نەبوو گازەندەی دەربڕی.

"وێنەی یەکەم لەبارەی ئەوەی خوداوەند چییە بوو. ئەوەی دووهەمیش خوداوەند چی نییە. لێتان دەپرسم، وێنەی یەکەم وێنەی دووهەمیش لەخۆ دەگرێت، یاخود لەخۆبەدەری دەکات؟ بۆ نموونە، ئەگەر خوداوەند شایەد دەستباڵایی بەسەر هەموو شتێکدا هەبێت، ئەوە مانای وایە لاوازی ئەویش دەگرێتەوە؟ ئەگەر خوداوەند بە ڕەهایی باش بێت، ئایا خراپە وەک دەرە-هێزێک وایە کە ناچێتە نێو ئەو؟ دوو وێنەتان کێشان. دارشتنێک بنووسن. ئازا، بوێر و ڕاستگۆ بن. تێڕوانینی خۆتان بێت."

کەس نقەی لێوە نەهات. کێشانی وێنەکانیان لەلا ئاسان بوو. ئەگەر بیانزانیبا دوای کێشانی وێنەکان داوایان لێ دەکرێت لەبارە پەیوەندی هەردوو وێنەکەوە دارشتنێک بنووسن زیاتر بیریان دەکردەوە. بەڵام تازە کارەکەیان کەوتبووە ئەستۆ. لە پرسیارێکی سادە ئەرکێکی قورسیان کەوتبووە سەر شان.

"ئاوڕێک لە فەیلەسووفانی کەڤنارا بدەنەوە. تکایە خۆتان لە گەنگەشەکانی ئێستایی بەدوور بگرن. دەنا دیسان بەشەڕ دێنەوە. خۆو لە زیهنیەتی خۆتان بەدوور بگرن."

"خۆ لە زیهنی خۆمان بەدوور بگرین؟" کەیڤن دووپاتی کردەوە.

"کەوابێ ئەرکی هەفتەی داهاتووتان ئەمەیە. هەر چیتان لەدەست دێ بیکەن، بخوێننەوە، بەدواداچوونی بۆ بکەن. بزانین فەیلەسووف، زانا و پیاوانی ئایینی بە درێژایی مێژوو چۆن بەرسڤی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. سەرسامم بکەن! بەڵام

ئاگادارتان دەکەمەوە سەرسامکردنی من ئاسان نییە!" ئازوور وای فەرموو. دۆسییە، قەڵەم و کاتژمێرە لمییەکەی هەڵگرت، کە هەموو قومەکەی ڕژابووە کەمووڵەی ژێری و دەرچوو.

# ژانووس[۱]

ئۆکسفۆرد، ۲۰۰۱

لە کۆتاییەکانی هەفتە، ئەو کاتانەی خوێندکارەکان بۆ ڕاگەیشتن بەو کەیف و سەفایەی شایستەیان بوو دەچوونە مەیخانە و یانەکانی شەوانە، پەری لە کتێبخانە دەمایەوە و درێژەی بە خوێندنەوە دەدا. کاتێکیش دەنگی کۆکین، سرتە و دەنگی هەڵدانەوەی ڕووپەلەکان نەداما بێدەنگییەکی ڕەها دەبووە حاکمی ئەو شوێنە. پەری جار جارە لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە و تاریکی دەکرد. ئەگەرچی داخیشی دەخوارد کە هاوڕێی خوێندکارەکانی دیکە نییە، حەزی دەکرد لەنێو کتێباندا بێت. ئەمە هەستێکی ئازادی پێ دەدا کە هیچ شتێکی دیکە پێی نەدەدا. ئەم ڕۆژانە زۆربەی ئەو شتانەی دەیخوێندەوە پەیوەست بوون بە (خواستی) پرۆفیسۆر ئازوور. زۆر بە چاکی وانەکانی ئامادە دەرد و بە کاتژمێران دەیخوێندەوە. قەستی بوو لە پۆل زیرەکانە و بە پێزانینەوە ڕایەکانی خۆی دەرببڕێت و بە بۆچوونەکانی مامۆستا سەرسام بکات. وەلێ شەرمنی و خۆبەکێشی ڕێگەی لەمە دەگرت.

کامێرایەکی وێنەگریی پۆلارۆید لەسەر مێزەکە دانرابوو:

---

(۱) ژانووس، یەکێکە لە خودایانی یۆنانیی دێرین. خودای دووڕووخسارە» کە ئاماژەیە بەوەی کە ژانوس، پاسەوانی دەروازە و ڕێگاکانی هاتن و ڕۆشتنە و هەروەها خودای سەرەتا و کۆتایی پێهێنانە. بەیکەرەکەیشی سەرێکی دوو ڕووخسارە کە بە پاشەسەر بەیەکەوە نووساون.

دەبەر خۆی نەوەستا و پەیدای کرد، چونکە کاتێک لەو شوێنەی ڕایدەکرد بەلای دیمەنی ئەفسووناویدا تێپەڕ دەبوو: خۆرئاوابوون بە ڕەنگی مەرجانیی، خۆرئاوابوونی ئەفلاتوونی، مێرگە پەرژینکراوەکان. نیازی وابوو ئەو جوانییانە هەرماو بکات. کامێراکە بە گران لەسەری کەوتبوو، وەلێ شایستەی بوو. جگە لەوە پارەی زۆریشی بە کتێب خەرج دەکرد، هەروەها پلانی ئەوەیشی هەبوو لاپتۆپێک بکڕێت. "ئێ منیش چی دەکەم" بە مێشکیدا هات، "هەر کەمێک زیاتر کار دەکەم، پێکدێ."

هەستایەوە سەر پێ و قاچەکانی ڕاکێشان. دەورووبەرەکەی چۆل بوو. بەلام کاتێک بەنێو ڕەفەی کتێبەکاندا دەگەڕا، هەستی بە سێبەرێک کرد. بەخێرایی وەرچەرخا. ترۆی لەبەردەمیدا وەستا بوو.

"سلاو، نەمویست بتترسێنم."

"بەدوای مندا دەگەڕای؟" پەری بە گومانەوە پرسی.

"نەخێر... ئێ، لەڕاستیدا بەلێ. خەمت نەبێ هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنم." ترۆی بە تیزەبزەیەوە ئاماژەی بۆ کتێبەکەی دەستی پەری کرد.

"ئەریستۆتالس دەخوێنیتەوە. نەکا بلێی بۆ وانەی ئازوور دەیخوێنمەوە."

"بۆ ئەوەمە" پەری وای گوت، بە هەستکردن بە نائارامییەوە.

"پێمگوتی ئەو پیاوە شەیتانە، بەلام بەهەندم وەرناگرێت."

"بۆچی ئەفرەت لە ئازوور دەکەیت؟"

"چونکە سنووری خۆی نازانێت. تۆ ئەمە بە شتێکی باش دەزانیت، بەلام وانییە. کە گوتت مامۆستا دەبێ وەک مامۆستا ڕەفتار بکات. نابێ شوولی لێ هەلکا."

کوا چۆن ڕەفتاری کردووە؟"

ترۆی ئاهێکی هەڵکێشا. "هەتیوە فەلسەفەی خوداوەندتان فێر ناکات. دەشبینی، یاری بە خوداوەند دەکات. خۆی بە خودا دەزانێت و دەست وەردەداتە ژیانی خوێندکارەکانییەوە!"

"بەڕاستە؟" پەری ئەمەی پرسی، چونکە نەیدەزانی چی بڵێت.

ترۆی مینا کو ئەوەی ویستوویەتی زیاد لە پێویست ڕوونی کردبێتەوە هەنگاوێک کشایەوە. "بەهەرحاڵ، دەبێ دەبێ بڕۆم. هاوڕێکانم چاوەڕێمن، حەز دەکەیت لەگەڵ ئێمە بێیت؟"

"سوپاست دەکەم، بەڵام دەبێ سەعی بکەم" پەری وای گوت. لەلایەکیش دەیەویست تێبگات، ئایا "داواکاری بەیەکەوە چوونەدەرەوە"ی ناڕاستەوخۆی پێ درا؟

"باشە. یا ئەوەی کاتێکی تر، ها؟ دەی ئاگاداری خۆت بە. بیر لە قسەکانم بکەرەوە."

کاتێک پەری لە کتێبخانەکە هاتە دەرەوە دونیا تاریک داهاتبوو. ئاسمان هێندە نەوی بوو دەتگوت ئەگەر دەست ڕاهێژێ دەتوانێ بیگرێت و ڕایکێشێت، وەک شاڵێکی شین بیخاتە سەر شانەکانی خۆی. بەدەم ڕۆیشتنەوە سەری بەرز کردبووەوە. دەیڕوانییە ئەو پەیکەرە ناشرین و سڵەمێنەرانەی کە لە کەلێنی نێوان سپەرەکانەوە ڕادەمانە خوارەوە. بەهەر هۆکارێک بووە سڵەمییەوە. چ ناکۆکی و چ حیکایەتێکی تێدا ڕوو دابێت. زنجیری پاڵتۆکەی تا چەناگەی هەڵکێشا؛ پێویست بوو بەمزووانە مانتۆیەک بکڕێت. دەبوو پارەی بۆ کۆوەکا.

کاتێک لە سووچێک وەرچەرخا بەرەوڕووی دیمەنێکی نائاسایی بوویەوە. چەند مۆمێک لەسەر شۆستەکە داگیرسابوون. چەند کەسێک مۆمیان بەدەستەوە بوو و بێدەنگانە ڕاوەستابوون. چەند وێنەی پیاوێک بەپاڵ یەکدییەوە ڕیزکرابوون. یادکردنەوەی شەوێک بوو. نزیککەوتەوە، چاوی بەسەر ئەو

Scanned with CamScanner

گوڵ و وێنانەی لەسەر ئەرز دانرابوون گیرا. لەسەر یەکێک لە پۆستەرەکان "سربرێنیتس[1] لەبیر مەکە" نووسرابوو.

پەری لە ڕوخساری قوربانیانی نێو وێنەکان وردبووبووەوە: منداڵی بچووک، باوک، مێرد، باپیرە... یەکێک لەوان زۆر لە ئومێدی کاکی دەچوو. شێوەی لەو ڕۆژە دەچووەوە سەر شێوەی ئەو کاتێک دەستگیرکرا. زۆر خەمگین بوو. کاتێک سەری وەرسوڕاند، لە سەرووی ئەو گرووپەی ئەو یادکردنەوەیەیان ڕێکخستبوو پەری بینی. سەرپۆشێکی نەفتی، تا سەر شانەکانی داپۆشی بوو. وێنش پەری بینی، مۆمی بەدەستەوە بوون و بە خەندەیەکەوە لێی نزیککەوتەوە.

پەری ئاماژەی بە سیمای نێو وێنەکاندا. "زۆر خەمهێنە."

"زیاتر لەوەی خەمهێن بن" مونا وای گوت. "ئەمە کۆمەڵکوژییە. نابێ هەرگیز لەبیری بکەین." وەستا و لە پەری ورد بوویەوە. "بۆچی نایەیتە پاڵ ئێمە؟"

"ئێ، بۆ نا" پەری وای گوت. وێنەی ئەو کوڕەی هەڵگرت کە لە کاکی دەچوو، بەدەستییەوە گرت، لەسەر شۆستەکە شوێنێکی بۆخۆی گرت. لە دوورەوە تاریکایی شەو وەک ڕووبارێکی هەڵدەکشا.

"تەنیا خوێندکارە موسوڵمانەکان بەشداری لەم چالاکییەدا دەکەن؟" پەری پرسی.

---

(1) کوشتاری سربرێنیتسا یان جینۆسایدی سربرێنیتسا کوشتارێەک بوو، بۆسنە و هەرسک بە خۆیەوە بینی. لە 11ای تەمووزی 1995دا دوای ئەوەی شاری سربرێنیتسا لەلایەن یەکەکانی سربییەوە داگیر کرا و هاووڵاتییانی بۆسنی، ناوچەکە خۆیان لە ژێر کۆنترۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رادەستی سەربازانی هۆڵەندی کرد، پاشان رادەستی سربەکان کرانەوە. لەم کوشتاریەدا 8 هەزار کەس، بوونە قوربانی، ئەم کوشتارگەیە بە یەکێک لە ترسناکترین کوشتار بە کۆمەڵەکانی کیشوەری ئەورووپا دادەنرێت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

"یەکێتیی گەنجانی مسوڵمان ئامادەیان کردووە، بەڵام خوێندکارانی هەموو ئایین و میللەتان هاتوون پشتیوانیان لێ کردووین. کەسانێک هەن کە بەشداری لە سیمینارەکانی ئازووریش دەکەن. بڕوانە، ئید، لەوێیە."

هەر بەڕاستی لەوێ بوو. کاتێک مونا بە چەند شتێکی دیکەوە مژوول بوو، پەری چووە لای ئید.

"سڵاو ئید."

"سڵاو، پەری."

"سەرباری ئەوەی لە باڵکانەوە نەهاتوویت و مسوڵمانیش نیت، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیریکردنت لەم یادکردنەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا." پەری وای گوت.

"بەڵێ، وادیارە تاکە جووم لێرە. باشترە بڵێم نیوە-جوو." ئید بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت.

"دەکارم شتێکت لێ بپرسم. بۆچی دێیتە سیمینارەکانی وانەکانی خوداوەند؟"

"بەهۆی ئازوورەوە، ئەو پیاوە ژیانی منی گۆڕی."

"بەڕاستە؟" پەری وای گوت. لێک ئاڵانی نیگای ئەو و پرۆفیسۆری هاتەوە بیر.

"ساڵی ڕابردوو زۆر هاوکاری کردم. وێ دەمێ لە هاوڕێ کچەکەم جیا دەبوومەوە."

"گوتی جیامەبەوە؟"

"بە تەواوی ئەمەی نەگوت. سەرەتا گوتی پێویستە لێی تێبگەیت،" ئید وای گوت. "لەگەڵ هاوڕێ کچەکەم لە ناوەندییەوە بەیەکەوە بووین. وەلێ زۆر گۆڕا. چەند هاوڕێیەکی تازەی پەیدا بوون. وای لێهاتبوو نەمدەناسییەوە." ئید وابەستەی زانست بووبوو و کچەش زیاتر و زیاتر وابەستەی ئایین بووبوو.

خەرەندێک لەنێوانیاندا ئاوەڵا بووبوو. "نازانم بۆچی بەڵام چووم ڕاوێژم بە ئازوور کرد. دەمتوانی بچمە لای حاخامێکیش وەلێ پێموابوو ئازوور کەسە دروستەکەیە تا بچمە لای."

"چی پێ گوتی؟"

"شتی هێندە سەیری گوتن. 'ماوەی چل ڕۆژ گوێ لە هاوڕێ کچەکەت بگرە؛ بەبێ ئەوەی گازەندە بکەیت، بەبێ ئەوەی هەوڵی ماناکردنەوەی قسەکانی بکەیت. ماوەی یەک مانگ و دە ڕۆژ لە هەوڵی تێگەیشتن لێی. ئەگەر کەسێکت خۆشبوێ، ئەمە ماوەیەکی درێژ نابێت. بەیەکەوە شەبات[1] ئەنجام بدەن؛ وایگوت. 'با ئەو باسی بکات و تۆ گوێ بگرە.'"

"واتکرد؟"

"کردم. زۆر سەخت بوو. کاتێک گوێم لە قسەی پووچ و بەتاڵ بوو -ببوورە وەلێ هەموو ئەو قسە زیادەڕەوە ئایینیانە بۆ من وەهان- زیهنم قەبوڵی نەبوو. وەلێ ئازوور پێیگوتبووم، 'فەیلەسووفەکان دادگایی ناکەن، فەیلەسووفەکان هەوڵی

---

(١) شەبات' ڕۆژی شەممەیە، کە حەوتەم ڕۆژی هەفتەیە و لە ئاینی جوو ڕۆژی پشوە. تەنها بۆ پیرۆزکردنی، هەموو ئەو شتە جوانانەن کە خوا بەخشیویەتی، کاتی خودا ئەرزو ئاسمان و ژیانی دروستکرد لە شەش ڕۆژدا، لە پەیامێکی، خودا بۆ پێغەمبەر موسا دەفەرمووێ "شەش ڕۆژتان هەیە بۆ کارکردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، حەوتەم ڕۆژ واتە شەبات ڕۆژی پشوو و نزاکردنە، نزا بۆ هەموو ئەو جوانی، و خۆشییەی خودا بۆ مرۆڤەکان بەدیاری ناردویەتی. لە ئێوارەی هەینی، کاتی یەکەم ئەستێرە لە ئاسمان دەردەکەوێ هەموو ئەندامانی، خێزانە جووەکان لەسەر خوان کۆدەبنەوە و سوپاسی، خوا دەکەن، کە ئەو خواردن و خواردنەوە و ژیان و گیان و هەناسەیەی هەیانە تەنها خودا دەتوانێ پیدات بە هەموو گیانلەبەرێکی، سەرزەوی. تاکو ئێوارەی ڕۆژی شەممە بە بینینی، یەکەم ئەستێرە؛ شەبات تەواو دەبێ هیوای هەفتەیەکی نوێ و خۆش و سەلامەت بۆ یەکتر دەخوازن.

تێگەیشتن دەدەن.' ئید پێکەنی. "ئەمە هەمووی نەبوو."

"چیتر؟"

"دوای چل ڕۆژ، ئازوور بانگی کردم "ئافەرین" ی پێگوتم. "ئێستا نۆرەی هاوڕێ کچەکەتە، ئەمجارە ئەو هەوڵ دەدا لە تۆ تێبگات، ماوەی چل ڕۆژ تۆ بۆی باس دەکەیت داخۆ بۆچی بڕوات بە ئایین نییە، ئەویش گوێ دەگرێت.' "

"ئەمەت کرد؟"

"بێ گومان نەمکرد." ئید سەری بادا. "دواجار جیابووینەوە. وەلێ حاڵی بووم ئازوور ویستی چی بکات. ئەو پیاوەم خۆشویست."

پەری لە خرۆشانی ئیدەوە پەی بەو متمانە بێهاوتایە برد کە موریدێک بۆ شێخەکەی هەیەتی. ئائارام بوو. "بەلا ئێمە فەیلەسووف نین" وای گوت. "خوێندکارین."

"خۆی ئەمەش پرسەکەیە. مامۆستاکانی تر یا وەک منداڵێک مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، یان لە بەرزەوەڕا سەیرمان دەکەن - جگە لە ئازوور. ئەو وەک خۆی یەکسان دەمانبینێت، بۆیە فشارمان لێ دەکات. هەر پیشە و کارێک هەڵبژێرین هەڵی بژێرین بڕوای وایە هەر کامێکمان دەتوانین ببینە فەیلەسووفێک."

"ئایا ئەمە چاوەڕوانییەکی زیادە نییە لە خوێندکارێکی ئاسایی؟"

ئید لێی ڕاما. "ئێ خۆ تۆ ئاسایی نیت. هیچ کەسێک ئاسایی نییە."

پەری لێوی خۆی گەست. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی ئەم قسەیەی کرد.

"چی بوو؟ ئازوورت بە دڵە؟" ئید وای لێ پرسی.

"بەدڵمە، تەنیا..." پەری قسەکەی قووتدایەوە. "دوودڵی ئەوەم

ئابا ئاڤێکردنەوەمان پێ دەکات. ئەمەش دڵخۆشم ناکات."

"ئاڤێکردنەوە؟ شتی وا نییە" ئێد وای گوت. "ژیانی منی گۆڕی، بە ئاڕاستەیەکی دروست."

باران باری، سەرەتا بە نمە دەباری، بەڵام لە گوێن بوو بیکاتە ڕێژاو. ڕاگەیەندرا کە یادکردنەوەی ئەمشەو دواخرا. پۆستەر، مۆم و وێنەکان کۆکرانەوە. مونا بە ڕاست و چەپ هەڕاکەی بوو، چەند بەرپرسیاریتی هەبوون وە ئەستۆیان بگرێت.

پەری دەستی بۆئێد ڕاگرت، وەلێ ئێد بە هێواشی پەری بۆخۆی ڕاکێشا و لە ناخەوە لە ئامێزی گرت. "ئاگاداری خۆت بە. متمانەت بە ئازوور هەبێت، بەهەر حاڵ و بارێک بێت ئەویش مرۆڤێکە. بریا کەسانی وەک ئەو زۆر هەبان."

پەری، کە لەنێو تاریکەشەودا بە تەنیا مابوویەوە بە ئاڕاستەی خەوگە هەنگاوی هەڵێنان. خەمی بارانبارینی نەبوو. لەو بینایانە ڕامابوو کە سەدان ساڵ و بوو شایەتی گەنگەشەی گەرم بوون. چ شەڕگەلێکیان دی بوو... هەمووشیان بە ناوی خۆداوە. بۆچی، بۆچی وا بوو؟

تۆ بڵێی کامەیان لەسەر هەق بووبن، ترۆی، یان ئێد؟ لە شەوێکدا دوو بۆچوونی جیاوازی لەبارەی پرۆفیسۆرەوە بیستبوو و ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو هەردوو بۆچوونەکەیش لەلای وێ ڕاست بوون. ئازوور لە مانگی ئاسمان دەچوو. دیوێکی ڕۆشنی هەبوو؛ پڕ چریسک و ڕۆشن، داوەتکار، ئەفسووناویی، هەروەها دیوێکی تاریک، کە لەسەرەتادا خۆی بەدەستەوە نەدەدا.

# مەزڵوومەکان

ئیستانبول، ٢٠١٦

هێشتا پێشکەشکردنی Les Bonbons du Harem تەواو نەبووبوو کە سەگێک کلکەکەی لەسەر پشتە نەرمەکەی دەلەراندەوە و لە دەرکە کراوەکەوە هاتە ژوورێ. کولکێکی درێژ و چڕی ڕەنگ پاییزی پێوە بوو، سەرێکی گەورە و نیگاکانیشی نەرم بوون.

"پۆنپۆن، خۆشەویستم، بیری منت کردووە؟" ژنە بازرگانەکە وای گوت.

سەگەکەی لەسەر ئەرز هەڵگرت و نایە ئامێزی. ئاژەڵەکە بە چاوکوتانەوە تەماشای میوانەکانی کرد. شێوەی ڕوخسارە ڕێویناساکەی وەختەبوو سیمایەکی لێبوردانە وەربگرێت.

"دەزانن کەی درکم بەوە کرد ئەم وڵاتە گۆڕاوە؟" ژنە بازرگانەکە وای لە میوانانی پرسی. "کاتێک مانگی ڕابردوو پۆنپۆنم بردە لای ڤێتێرنەری."

بە گێڕانەوەی ژنەی بزنسمانەکە، بە عادەتی خۆی ڤێتێرنێرەکە خۆی دەهاتە ماڵیان، بەڵام پیاوەکە چەند هەفتەیەک پێش ئەوە قاچی شکاوە و ئەگەر وەکو جارانیش کار بکات وەلێ ناتوانێ وەک پێشان بچێتە ماڵان. ژنەش پۆنپۆنی خستووەتە بن هەنگڵی و چووەتە کلینیکەکەی. جاران خودان سەگەکان هەموویان لە یەک ئاست بوون -مۆدێرن، شارستان، عەلمانی، بە ڕۆژئاوایی بوو. بەهۆی ئەوەی موحافەزەکارە مسوڵمانەکان

سەگیان بە مەکرووهـ دەزانی لە شوێن و جێگەی ژیان حەزیان بە چارەیان نەدەکرد.

"بەخوا تا ئێستا تێنەگەیشتووم ئەو ماڵەی سەگی لێبێ یان وێنەی سەگی تێدا بێت بۆچی فریشتەی لێ نایەنە ژووری" ژنە بازرگانەکە وای گوت.

"بەگوێرەی فەرموودەیەکی بوخاری" خوودانی دەزگایەکی گەورەیی میدیایی وای گوت، کە تازەکی هاتووەتە نێو چینی ئەم کەسانەی لێرەن. کراسە سپییەکەی بێ یەخە بوو، نە ڕیش نە سمێڵی بەردابووەوە، قژی بە یەک نمرەی سەرتاسەری تاشی بوو. بە جیاواز لە هەموو ئەو کەسانەی لەسەر خوانەکە بوون یەکێک بوو لەو بۆرژوا ئیسلامگەرایانەی تازە سەریان هەڵدابوو. هەرچەندە مەیلی ئەوەی هەبوو هاودەمی لەگەڵ ئەو چینەدا بکات کە بە "بۆرژوای لەسەر شێوازی ئەورووپایی" ناودەبران، بەڵام هەرگیزیش ژنە حیجابەکەی نەدەهێنایە نێو ئەم جۆرە داوەتیانە. بەدەم پاڵدانەوەوە "تەنیا لەبارەی پۆرترێتەوە هۆشداری دەدات، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بتپەرستیی."

"ئێ، کەواتە ئێمە تیاچووین" بازرگانەکە وای گوت، بەدەم پێکەنینەوە هەردوو قۆڵەکانی ئاوەڵا کردن، ئاماژەی بەو تابلۆیانەوە کرد بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوون. "هەم سەگمان هەیە، هەم چەندین پۆرترێت و وێنەی ڕووت. ڕەنگە هەر ئەمشەو بەردمان بەسەردا ببارن!"

سەرباری ئەوەی دەیانزانی کابرا گاڵتە دەکات، چەند میوانێک بە نائارامییەوە بزەیەکیان کرد. پۆنپۆن کە هەستی بە دۆخە نیگەرانەکە کرد مرەیەکی کرد و ددانە درەوشاوەکانی وەدەرخستن.

"شششش، دایکە گیانت لێرەیە" ژنە بازرگانەکە بە سەگە

گوت. دواتر ڕووەو مێردەکەی وەرچەرخا. "تاکرێ قسەم پێ نەبڕی؟" هەر دەتگوت تووڕەبوون تینووی کردووە، ئەو هێندە ئاوەی لەنێو گلاسەکەیدا بوو خواردییەوە. "ئیتر ئاوا، کاتێک چوومە لای ڤێتێرنەری ژنانی حیجابم لە هۆڵی چاوەڕوانی بینی حەپەسام، هەر یەکە و سەگێکی لەپاڵ قاچەکانی بوو! لە جۆری جیاوا، شیتزۆ و سەگی تووکن. لە من زیاتر خولیای سەگ بوون! دیارە کە خاتوونە دیندارەکان دەگۆڕێن."

"من پێموانەبوو" خودانی دەزگا میدیاییەکە وەها بەرپەرچی دایەوە. "بڕوانن، هەرگیز مسوڵمانە دیندارەکان ئەو ئازادییەی ئێوە هەتانە نەیانبووە. تکایە مەیخەنە سەر خۆتان، بەڵام دەیان ساڵە جەوری ژێر دەستی ڕۆشنبیرانی وەک ئێوە دەچێژین."

"ئەمە زۆر لایەندارانەیە، بۆچوونێکە مێژوو ئاوەژوو دەکاتەوە" عەدنان وای گوت.

"ئەگەرچی ڕاستە، ئەگەر واشبێت ئەوڕۆژانە بەسەرچوون. ئێستا هەموو هێزەکە لەدەستی ئێوەدایە" بەرپرسی CEO وای گوت، دەتگوت ئەو قسانەی بیری لێ کردووەتەوە نەیویستووە بیانڵێ، بەڵام خۆی نەگرتووە، دەنگی گۆڕا.

خودان دەزگا میدیاییەکە دەموچاوی تێکنان. "هاوڕات نیم. ئەو کەسەی جارێک بووە مەزلووم هەمیشە هەر مەزلوومە. ئێوە تێناگەن مەزلوومیەت چییە."

"ئای، دە بڕۆ!" خۆشەویستەکەی ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکە وەها بەرپەرچی دایەوە. ژنەکە تەواو بەدمەست دیار بوو. "ژنەکەی تۆ مەزلووم نییە! تۆش نیت! مەزلووم منم!" بە پەنجەی ئاماژە لە سنگی خۆی دا. "بە قژە زەردەکەم، بە مینی ژۆپەم، بە ماکیاژ و ژنبوونمەوە... لەڕاستیدا ئەوە منم دەرگیر و پەککەوتەم."

چاوەکانی ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکە بە حەپەساوییەوە زەق بوون. لەترسی ئەوەی نەکا خۆشەویستەکەی خاوەن دەزگا میدیاییەکەی دەهری بکات و لە ئیشەکەی دەری بکات؛ هەوڵی دا لەژێر مێزەکەوە بە قاچ لە قاچی خۆشەویستەکەی بدات، بەڵام بەبێ ئەوەی قاچی بەر قاچی وێ بکەوێت هەر لە هەوا لەنگایەوە.

"نێ، ئەوەی ڕاستی بێت هەمووومان مەزلوومین" ژنە خاوەن ماڵەکە وای گوت، بۆ ئەوەی ئەو گرژییە ئەهوەن بکاتەوە.

"ئەوەی ڕاستی بێت زۆر ئاسانە،" دکتۆری جوانکاریی وای گوت. "مرۆڤەکان لەگەڵ ئەوەی پارەی زیاتر بەدەستدەهێنن دەیانەوێ شێوازی تازەی ژیان بژین. من ژمارەیەکی زۆر سەردانیکەری حیجابپۆشم هەن. کاتێک قسە دێتە سەر چرچ و لۆچی و قەپرەخەی ژێر چەنە هەموو ژنەکان وەک یەکن."

بازرگانەکە دەستبەجێ سەری لەقاند. "ئێ ئەوەتا هەر ئەمە تیۆرییەکەی من دەسەلمێنێ: تاکە چارەسەریی هەموو کێشەکانمان سەرمایەدارییە! تاکە چارەسەری دژە جیهادیی دەمارگیر بازاڕی ئازادە. ئەگەر سەرمایەداری ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر، هەرە دەرمارگیریان دێنێتە ژێر باری سیستمەوە."

لە کاتێکدا ئەمەی دەگوت، قوتوویێکی جگەرەی چرووتی کردەوە کە لە ڕەگی دارگوێز دروستکرا بوو و لە دیوی ناوەوەی قەپاغەکەی وێنەی فیدێل کاسترۆی پێوە بوو، بەدەم چاوداگرتنەوە بۆ ڕۆژنامەنووسە ناودارەکەی ڕاگرت. "بڕوانە ئەمانە دەگمەن دەستدەکەون، لە دیوتی فری بەیرووت کڕیومە، بەکی یەک دانە هەڵگرن."

پیاوە میوانەکان، بە شڵەژاوییەوە تەماشای خاوەنەکەیان کرد و هەریەکە و چرووتێکیان هەڵگرت.

گوێ بە ژنەکەم مەدەن" بازرگانەکە وای گوت. "لەم ماڵە ئازادی هەیە. Laissez-faire!"(1) و هەرا نارەحەت هەموویان پێکەنین. پۆنپۆن کە لەبەر دەنگ و هەرا نارەحەت بوو، حەوی.

پەری وەک قۆستنەوەی دەرفەتەکە جگەرەیەکی داگیرساند. پەری لە دەروازەی دەرکەوە خزمەتکارەکەی بینی بەسەری پەنجە هاتن و تەپڵەکی جگەرەیان بەسەر دانیشتوانی دەوری مێزەکە دابەش کرد. تۆ بڵێی ئەو ژنیژگەیە چۆن بیریان لێ بکاتەوە؟ لەنێو هەمان ماڵدا، خاوەنماڵ و میوانەکانیان لە دۆخێک و خزمەتکار و کارگوزارەکانیش لە دۆخێکی تەواو جیاوازدا. چەند سەیرە. لەژێر هەمان بنمیچیشدا چیرۆکەکان چین چینن.

"بۆچی وەها بێدەنگی پەری گیان؟" ژنە بازرگانەکە وای گوت.

پەری بەر لەوەی وەڵام بداتەوە مێردەکەی بینی بۆ بەردەم خۆی داهاتەوە، وەک ئەوەی نهێنییەک بڵێ. عەدنان قاوەکەی بەبێ شیر و خەست دەخواتەوە، بەدەم هەڵدانی پارچەیەک شەکر بۆ نێو دەمی. ئێستا، لە کاتێکدا کە شەکرەکە لەنێو دەمیدا دەتوایەوە "هەندێکجار وا هەستدەکەم پەری کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانی لە خەڵکی ڕاستەقینە زیاتر خۆشدەوێت" وای گوت.

"ئای چەند بە بەختیت، بەخیلیت پێ دەبەم" دیزاینەری ناوەوەی ماڵ وای گوت. "من قەت کاتم نییە بۆ خوێندنەوەی کتێب."

کە ژووری نوستن پەتی ڕاکێشاوە، بەسەر پەتەکەوە ئەو شیعرانەی هەڵخستوون کە حەزیان لێ دەکات، بەیانی کە

(1) گوتەیەکی فەرەنسییە. لەم کۆنتێکستە بە مانای دەی با بیکێشێن، هاتووە.

هەڵدەستێت یەکەم کـاری ئەوانە دەخـوێنێتەوە" عەدنـان وای گوت.

پەری پێکەنی. ئەمە یەکێک بوو لەو خووانەی کە پرۆفیسۆر ئازوور پێشنیاری بۆ کردبوو.

"ئاهـ، منیش سەرمەستی شیعرم" ژنەی ڕیکلامکار وای گوت. "هەندێکجار دێتە سەرم واز لە هەموو شتێک بهێنم و ڕوو لە باشوور بکەم. بۆ نموونە ڕوو لە گوندێکی ماسیگران بکەم. ئیستانبوڵ ڕۆحی سیس کردووین!"

"وەرە میامی؛ لە کەناری ئۆقیانووس خانوویکمان کڕیوە" بازرگانەکە وای گوت.

ژنەکەی ئەبرۆکانی بەرز کردنەوە. "تۆ سەیری دەبەنگی ئەم پیاوە ناکەیت! تێگەیشتنی لە هونەر سفرە. ئێمە باس لە ئەدەبیات دەکەین، ئەو باس لە مولکی میامی دەکات. ئۆفف نازانم چی بکەم لەگەڵ ئەمە!"

"ئەرێ دیسان چیم گوتووە ئاخر؟" بازرگانەکە بە گوتنی ئەمە گازەندەی خۆی لێ کرد.

هیچ کەسێک ڕەخنەی لە پیاوەکە نەگرت. هێندە دەوڵەمەند بوو کە ڕووبەڕوو ڕەخنەی لێ نەگریت. لەو ساتەدا زەنگی دەرگا لێدرا، یەک، دوو، سێ جار، تێکەڵەی کێشە، عوزوورخوایی و نائارامی.

"ئاه، دواجار گەیشت." ژنە بازرگانەکە لەشوێنی خۆیەوە دەربەڕی. "فاڵچیەکە هات!"

"هەربژی!" هاوارێکی هاوبەش بەرز بووەوە.

بۆنبۆن بە حەژمەتەوە حەپی و ڕووەو دەرگاکە چوو.

لە سەروبەندی ئەو هەرایەی دروست بوو، لە نزیکییەوە دەنگی کورتە زەنگێک هاتە گوێی پەری. بۆ لای تەلەفۆنەکەی

مێردی چەمابەوە و سەیری کرد. نامەیەک بوو لە دایکییەوە. وەک ئەوەی پەری پێی گوتبوو بەو شێوە نامەیەکی ئاماژەدار و سەربەدەرخۆنەی بۆ نەناردبوو، نامەیەکی ڕوون و ڕەوانی نووسی بوو: "ژمارەکەیم دۆزییەوە، زنجیرە تەلەفیزیۆنییەکەمم لەکیس چوو."

لە ژێریشدا ئەو شتەی پەری داوای کردبوو نووسرا بوو: "00441865...."

ژمارەکەی شیرین بوو! پەری پشی سوار بوو. ژمارەکان دەتگوت شیفرەی قاسەیەکن کە حەیامێکە داخراوە. بە جۆرێک بێت کە کردییەوە ئەوەی لەناویدا دەیبینێت هەرگیز تەخمینیشی نەکردبێت.

# لێکدەرەوەی خەون

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١

بۆ وانەکەی داهاتوو، پرۆفیسۆر ئازوور بە باوەشێک کتێبەوە هاتە ژوورەوە. بەر لەو پیاوێکی تر هاتە ژوورەوە. یەکێک بوو لە خزمەتکارەکان و عەرەبانەیەکی دەستی پاڵدەنا کە پڕی بوو لە تێڵای ئاسنین، تۆماری کاخەزی ڕەش، سی دی خوێن (سی دی پلەیەر) و سەرینی بچووکی هاوشێوەی ئەو سەرینانەی لەنێو فڕۆکەدا دابەشی دەکەن.

"هەر وانەیەک وەک پەردەیەکی شانۆ وایە" پەری لە دڵی خۆیدا وای گوت. "ئەو لەسەر سەکۆ شانۆکارەکەیە و ئێمەش بینەرین."

ئازوور وڕ دیار بوو، ئەمڕۆ چاوەکانی زیاتر خۆڵەمێشی بووبوون -هاوشێوەی ئەو جۆگەلە سەرشێتانەی بەنێو دارستانەکاندا ڕەت دەبن.

"زەحمەتیت کێشا جیم، سوپاسگوزارم" ئازوور وای بە خزمەتکارەکە گوت.

"زەحمەتی چی ئەفەندی."

"دوای وانەکەم لەبیرت ناچێ بێیتەوە، وانییە؟"

پیاوەکە سەری بە ئاماژەی "بێ گومان" ڕاتەکاند و چووە دەرەوە.

ئازوور تەماشای ڕوخساری ئەو گەنجە سەوداسەرانەی کرد کە بازنەیەکیان بەدەوریدا دروست کردبوو. "دەی بزانم چۆنن؟"

وەڵامەکان لە کۆرسێکی پڕ جۆش دەچوو.

"زۆر باشە، ئەگەر دوێنێ شەو بەهەر هۆکارێک خەو نەچووەتە چاوتان و دەتانەوێ ئەوە قەرەبوو بکەنەوە -کە ئەمە بە بەڵگەی زانستی سەلمێنراوە کارێکی نەکردەیە- فەرموون ئەوە دەرفەت. دەتوانن ئەم سەرینانە دابەش بکەن تکایە؟"

هەر خوێندکارەو سەرینێکی وەرگرت. لەو دەمەشدا پرۆفیسۆر بە تێلاکەوە سەرقاڵ بوو.

"مامۆستا ئاگر لە خوێندنگەکەمان بەردەدەین؟" کەیڤن وای گوت.

"ئەوە چۆنت زانی؟ نەخێر، هیچ شتێک ناسووتێنین. جارێ نا. ئەمە تێلایەکی ڕاستەقینە نییە."

ئەگەرچی ئەو پشکۆیانەی لەناویدا بوون وەک گەشابنەوە وا بوون، بڕواکردن بە قسەکەی ئەو سەخت بوو، بەڵام پرۆفیسۆر ڕاستی دەکرد. ئەمە تێلایەکی ئەلیکترۆنی بوو.

"دەی چاکە خانمەکان، کاکینە. سەرینەکانتان بەدەستەوەیە. ئێستا با وای دابنێین، تێلایەکی گەرمتان هەیە، دەرەوەش شەختەیە. جگە لە خەوتن چیتان لەدەست دێت؟"

خوێندکارەکان تەماشای یەکتریان کرد.

"لەژێر سەرتان دایبنێن!" ئازوور فەرمانی پێ کردن.

ئەوەی گوتی کردیان. جگە لە پەری، بە دوو چاوی زەقی پڕ لە گومانەوە، دەتگوت تێلایەکەی قووت داوە و ڕێک دانیشتووە.

"براڤۆ پەری! نەکەی متمانە بە من بکەیت. کێ چوزانێ، ڕەنگبێت نێو سەرینەکانم پڕ کردبێت لە پشیلەی تووڕە."

پەری سوور هەڵگەڕا، ئەمجارە ئەمیش بەگوێی کرد.

ئازوور لاپەڕە ڕەشەکانی دەرهێنان. هەروەها باندێک تیپ،

Scanned with CamScanner

دەستی کرد داپۆشینی جامەکان. ئەو ژوورە کە لە ڕووناکی دەرێ بێپار بوو نوقمی نێو نیوەتاریکی بوو. دواتر سێ دی خوێتەکەی هەڵکرد. مۆسیقا نەبوو، دەنگی لرفەی ئاگری ئاگردانێک بوو بە ژوورەکەدا بڵاوبوویەوە.

"ئەری ئەوە تۆ چی دەکەیت مامۆستا؟" دووبارە کەیڤن بوو پرسیاری کرد.

"سەردانی شوێنێک دەکەین کە دیکارت بەردەوام بۆی دەچوو. دونیای خەونەکان."

یەکێکیان بە گاڵتەپێکردنەوە پێکەنی، بەڵام ئەوانی تری نێو گرووپەکە هەموویان بە جۆش و خرۆش دیار بوون.

"ئەو شتەی ئێستا ئێوە ئەزموونی دەکەن، دەکارم بێژم دیکارتیش لە تەمەنی ئێوەدا بوو کە ئەزموونی کرد. ئێوەش هەریەکەتان خەیاڵی ئەوەتان هەیە ببنە فەیلەسووفێکی مەزن؟"

"ئەرێ دەی" برونۆ پڕ بە دەمی خۆی وایگوت.

ئازوور چاوەکانی هەڵگێڕانەوە. "سەردانی سێ خەونی ناوداری دیکارت دەکەین. لە یەکەمیان، فەیلەسووفێکی گەنج بە سەختییەکی زۆرەوە بە قەدپاڵی گردێکدا بەسەردەکەوێت. لە کەوتنەخوارەوە دەترسێت. لەوەی سەرکەوتوو نەبێت. دەزانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی دەبێ کۆششی زۆر بکات، بەڵام بەدوای کۆمەکی هێزێکی باڵادا -هێزی خوداوەند؟- دا دەگەڕێت.

پەری سەری لەسەر باڵین و بە چاوی نیوە کراوەوە گوێی گرتبوو.

"لە دووری دوورەوە کڵێسایەک دەبینێت -ماڵی خودا. بایەکی لەپڕ پەیدا قاچەکانی لە ئەرز دەکاتەوە و تا ئەوێی دەبات."

"پێمگوتن خۆ، لە خودا هیوابڕاو بن، گوتم ببنە ئەتایست." کەیڤن وای گوت.

ئازوور درێژەی پێدا: "دیکارت هەڵدەستێتەوە و خۆی رادەتەکێنێ. پیاوێک کە لە حەوشەکەیە کاڵەکێکی بۆ رادەگرێت - میوەیەک کە لە خاکێکی دوورەوە هاتووە. پڕ سیحر."

"هەی هاااا" ئید، کە لەتەنیشت پەری دانیشتبوو وەها لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوە هات. ئەو قوتووە تەنەکەیەی لەگەڵ خۆی هێنابوو کردییەوە. ئەو بیسکویتانەی لە ماڵەوە دروستکرابوون بە ڕاست و چەپدا دابەشی دەکردن.

ئازوور درێژەی پێدا: "کاتێک دیکارت وەئاگا دێتەوە شەلالی ئارەقە بووە. خەونەکە وەک پەیامێک لێک دەداتەوە؛ بەڵام ئایا لە خوداوەندەوەیە، لە شەیتانەوەیە؟ گومان، وەهم و ترسەکانی نێو هۆشمان لەکوێ کۆدەبنەوە؛ لە دەرەوە، لە ناوەوە؟ هەر بەڕاست خوداوەند چییە؛ هێزێکی دەرەکییە، یان دروستکراوی زیهنی خۆمانە؟ کاتێک دووبارە دەچێتەوە خەو، ئەوەی وادەکات خەونی دووهەم ببینێت ئەم پرسیارانەن."

ئازوور بردییە سەر تۆمارکراوی دووهەمی سێ دیبەکە. دەنگی برووسکە و هەورەگرمە ژوورەکەی داگرت. "کارەساتێک وا نزیک دەبێتەوە. 'دەبێتە هۆکاری شتی خراپ لە ژیاندا؟' دیکارت دەپرسێت. 'خودا چۆن ڕێگە بەو هەموو خراپەکارییە دەدات؟' وەها بیر دەکاتەوە؛ سەری لێ دەشێوێ. تاک و تەنیایە. خەونێکی تاریک و دەهریکەرە."

"باشە ئەدی سێیەمیان؟" ئەلیزابێس پرسی.

" ئاها، گرنگترینیان. دیکارت فەرهەنگۆکێک دەبینێت. زۆر دڵخۆش دەبێت. چونکە سەوداسەری پەیڤانە. کتێبێکی دەکەوێتە بەرچاو. Corpus Poetarum. هەروایی لاپەڕەیەکی دەکاتەوە. شیعرێکی Decimus Magnus Ausonius دەدۆزێتەوە."

کێ؟" برونۆ بە سەرسامییەوە دەپرسێت.

"شاعیرێکی ڕۆمایی، ڕێزمانزان و ڕەوانبێژ." ئازوور بە پەنجە ئاماژەی بۆ پەری کرد. "دەتزانی کە سەردانی شارەکەی تۆی - بە ناوی ئەو کاتییەوە کۆستەنتینیۆپۆلیس- کردووە؟ وانەی بە کوڕی ئیمپراتۆر کۆنستانتینۆسی یەکەم گوتووەتەوە."

پەری کە تا ئەوکاتە گوێی لە ناوی ئاسینیۆس نەبووبوو، سەری بە هەردوو لادا بادا.

"یەکەم نیوەدێڕی بەمشێوەیە: *تۆ بڵێی بە کامە ڕێگە بۆ ژیان بگرمەبەر؟*" ئازوور وەستا. "دواتر پیاوێک دەردەکەوێت و لەبارەی شیعرەکە پرسیار لە دیکارت دەکات. وەلێ فەیلەسووفەکە وەڵامی ناداتەوە. پیاوەکە پێی پێدەکەنێت و ونده‌بێت. دیکارت شەرمەزار دەبێت. مرۆڤ چەندە بخوێنێت هێشتا ئەوە دەزانێت زۆر کەم و سنووردارە. گومان لە خۆی دەکات؛ ڕێک هاوشێوەی هەموو مرۆڤە هۆشمەندەکان. باشە، ئێستا، کێ دەیەوێ سەرنجی خۆی لەسەر ئەم خەونە بڵێت؟"

"بەخوا ئەو کاڵەکەم هیچ بەدڵ نەبوو، زیان بە گوێ دەگەیەنێت!" برونۆ وای گوت. "یان ڕەنگە دیکارت بە دزییەوە هاوڕەگەزباز بووبێت، ئەو هەتیوەی ناو خەونەکە هەر کێ بووە عاشقی بووە."

"ڕەنگبێ." ئازوور پیشێکی هەڵکێشا. "بەڵام ڕەنگە فەرهەنگ نوێنەرایەتی زانین و زانستی کردبێت. هەرچی شیعرە هی فەلسەفە و عەشق! دیکارت خودا بۆ ئەو هەموو ئەمانەی بەڕێگەی عەقڵ بۆ کۆکردووەتەوە ئامۆژگاری ئەوەی کرد بڕیار بدات کە "زانستێکی دەرئاسایی" بخوڵقێنێت. ئەم بڕوایە سەرتاپای فەلسەفەکەی ڕۆشن کردەوە. پرسیاری من بۆ ئێوە ئەوەیە: ئێوەش دەتوانن لەکاتی لێکۆڵینەوە لە خوداوەند زانستی

دەرئاسایی خۆتان بنیاتبنێن؟ دەبێ هی هەرکامتان جودا بێت. نابێ لاسایی کەستان قەبوڵ بێت."

"چۆن ئەمە بکەین؟" مونا پرسی.

"هەمەزان[1] بن" ئازوور وەها بەرسڤی دایەوە. "سەنتێزی دیسپلینی جیاواز بکەن. ئەگەر خولیای خوداوەندتان هەیە، تکادەکەم چیتر تەنیا تیشکۆی سەر ئایین مەکەن. شەڕ و پێکهەڵپژانی ئایینی مرۆڤایەتی کەرت دەکات، مۆر لە زیهنتان دەدات. ڕوو لە ماتماتیک، فیزیا، مۆسیقا، وێنەکێشان، شیعر و سەما بکەن. هونەر خۆی لەخۆیدا گەڕانە. زانستیش گەڕانە بۆ خوداوەند. ئەمە ئەوە دەردەخات ئەگەر بڕواتان بە هەبوونی خودا هەبێت یان نا دەتوانن بەشێوازێکی داهێنەرانە لەم پرسە نزیک بینەوە."

پەری لە ناخیدا هەستی بە شەپۆلێک خرۆشان کرد. داخۆ دەیتوانی زانستێکی تایبەت بە خۆی و دەرئاسایی دروست بکات؟ چەند باش دەبوو!

ئازوور گوتی کە، "کاتێک لە خەونەکانی ورد دەبمەوە دەڵێم تۆ بڵێی فەیلەسووفەکە لەوە ترسابێت لەلایەن کەسانێکی ترەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت؟ ئەو بۆ ئێمە ڕێنێ دیکارتی مەزنە! بەڵام ڕەنگبێ ئەو خۆی زۆر بچووک، فانی و بگرە زۆر ڕیسواش بینیبێت. ئەگەر لەنێوتاندا کەسانێک هەبن بەپێی پێویست خۆی تایبەت نابینێت، بیرتان بێت دیکارتیش جارجارە هەستێکی وای هەبووە."

پەری چاوەکانی لە چاوەکانی هەڵبڕی. تێگەیشت ئازوور چی دەکات؛ بۆیە هەم سەرسامی بوو هەم کاردانەوەشی بەرانبەر

---

(١) یان فرەزان، بە ئینگلیزی polymath، بە عەرەبی موسوعی.

Scanned with CamScanner

هەبوو. بەڵێ، ڕەنگبێ پرۆفیسۆر بیەوێ هاوکاری پەری بکات بۆ ئەوەی خۆباوەڕییەکەی بەهێز بکات. ئەو قسانەی لە ژوورەکەی ئەو کردبوویان هێشتا هەر لە بیری بوون.

ئازوور قسەکانی تەواو کردن و دوایین پارچەی تۆمارکراوی سەر سی دییەکەی دایە بیستن. "Beethoven. Missa Solemnis" وای گوت. "خۆتان ڕادەستی مۆسیقا بکەن. دەی دیسان با خەو بتانباتەوە!"

سەریان نایەوە سەر بالیفەکانیان و چێژیان لە مۆسیقاکە دەبینی. کەس ورتەیەکیشی نەدەکرد. تاوەکو تەواو بوو کەس نەجولا.

"سیمینار تەواو بوو" پرۆفیسۆر ئاگاداری کردنەوە.

لەهەمان کاتدا بەهێواشی لە دەرکە درا. ئازوور بەو ئاراستەیەدا دەنگی هەڵێنا: "جیم، وەرە ژوورەوە. وەک هەموو جارێ دروست لەسەروەختی خۆت هاتی."

پیاوەکە هاتە ژوورەوە و ڕێک بەرەو تێلاکە چوو.

"دەی باشە" ئازوور وای گوت. "لەژێر ڕۆشنایی گەنگەشەی ئەمڕۆمان، لەبارەی دیکارت و خوداوەند لێکۆڵینەوەیەک بنووسن. ئەوەش بڵێم؛ کەستان لە دارشتنی وانەی ڕابردوو دەرنەچوون، با هەر بیزانن. ئەمجارە کارێکی باشتر بکەن. بەر لەوەی دەست بە نووسین بکەن تویژینەوەیەکی باش بکەن. تا زانیاری نەبێت عەقڵ کارناکات، ئەگەر کاریش بکات پرووپووچ دەبێت. تێگەیشتن؟"

"بەڵێ مامۆستا" خوێندکارەکان بە کۆرس وەڵامیان دایەوە.

***

کاتێک پەری چووە دەرەوە سەری دەزرینگایەوە.

Scanned with CamScanner

سیمبولەکان، شێعر، ئەو شتانەی لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەدان، تێکەڵوپێکەڵی زیهمان، ئەو شیفرانەی لەسەر خەونەکانمان دراون و وەک خەونبوونی ژیان، تەنیاییەکەی فەیلەسووفێکی گەنج، ئەمە نیوەدێڕی شیعرێکی کۆنە کە تاوەکو ئێستا مانای هەیە: *تۆ بڵێی بە کامە ڕێگە بۆ ژیان بگرمەبەر؟*

کاتێک گوێی لە ئازوور گرتبوو شتێک لە ناخیدا هەڵقولا بوو، هەرچەندە هێندە بچووک بوو کە هەستی پێ نەکرێ، بەڵام چاڵێکی قووڵی کردبووە دیواری ڕۆحی، چۆن بە قوڵایی کەسایەتییە گۆشەگیرەکەی گەیشت، حەسرەتی ئەوە بوو کەسێک بناسێت تووشی سەرەگێژەی بکات. بریا ئازوور قەت بێدەنگ نەبوویا، چەندین ڕۆژ بدوایا، بەڵام تەنێ بۆ پەری. تەنیا بۆ وێ.

لە کاتێکدا ئازوور باسی لە خوداوەند و ژیان، بڕوادار و زانست دەکرد، وشەکانی هاوشێوەی دەنکە برنج بەملا و ئەولادا بڵاودەبوونەوە. هێندە بە بەرەکەت بوون. کاتێک لای ئەو بوو پەری هەستی دەکرد بێ کەموکورتییە. دەتگوت جگە لەمە ڕێگەیەکی دیکەش هەیە. زیندێکی تر. بەدوای دەربازێک دەگەڕا تا لەو بازنە بەتاڵە دەربچێت کە لەژێر سایەی ناڵبەندئۆغلوییەکان تێیدا زیندانی بووبوو. کاتێک لەلای ئازوور بوو لە ئاڵۆزیی نەدەترسا. ژیان ڕەوان بوو. مرۆڤ زۆر بوون. پێویستی نەدەکرد هیچ لایەنێکی کپ بکات یان بشارێتەوە. جیهانی ئازوور لە دەرەوە دووڕیانە سەختەکان بوو. هەر وەک چۆن ڕۆمی دەڵێ، "لە سەرووی چاکە و خراپەوە" شوێنێکی دیکە هەبوو. پەری تێگەیشت ئەو ڕۆحەی وێ کە بەهۆی

شەڕی سالانی سالی دایک و باوکی شەکەت و بێزار بووە لە
کن ئازوور ئازاد بوو، دڵخۆش بوو. ئەگەر ئەمەی لای کەسیش
باس نەکردبێت لەناخەوە ئەم ڕاستییەی دەزانی، هەستی دەکرد
بەندکراوی دەستی مامۆستاکەیەتی.

Scanned with CamScanner

# سەرشان

ئۆکسفۆرد، ۲۰۰۱

"گوزارەی تازە -هەمیشە گەشە بکە- بدۆزنەوە" ئازوور وای گوت. لە کاتێکدا کە بە نێو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد.

پرۆفیسۆر گوتی، تا ئەم دواییانە هەرە بیرڕۆشنەکانیش پێیانوابوو لە سەدەی ۲۱ ئایین لەسەر ڕووی زەوی دەسڕێتەوە و نامێنێت. ئەمە لەکاتێکدا پرسی بڕواداری دروست هاوشێوەی هونەرمەندی ئۆپێرایی بەهێزەوە گەڕایەوە. سەرباری ئەمە ئەم سەدەیە، بە ئەگەری زۆر لە ڕووی دیمۆگرافییەوە زیاتر "دیندار" دەبوو. هەروەها لە هەموو دونیادا دیندارەکان زیاتر لە عەلمانییەکان هەوڵی دروستکردنی منداڵ دەدەن. بەڵام لەنێو ئەو هەموو ململانێ ئایینی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییانەدا شتێک هەیە بەردەوام لەبیر دەکرێت: خوداوەند. ئەمە لەکاتێکدا لە سەردەمانی پێشوودا فەیلەسووف و خوێندکارەکانیان، زیاتر لە ئایین بە فیکری خوداوەندەوە سەرقاڵ بوونە. هەرچی ئێستایە بەپێچەوانەوەیە. ئەو گەنگەشانەی بە ناوی "گەنگەشەکانی دیندارێتیدین" کە هەردوو بەری زەریای ئەتڵەسی دەکرێن و ناوبانگیان دەرکردووە لەباتی ئەوەی باسکردن بن لە هەبوونی خوداوەند، زیاتر لەبارەی پرسە سیاسییە هەنووکەیی و گەنگەشەی ئایینین. هێندەی بەردەوام لەسەر هەمان شت قسە بکەین توانای خەیاڵکردنمان لاواز بووە.

پەری دەبینی هەموو خوێندکارانی تر هەر وشەیەک لە

Scanned with CamScanner

دەمی دێتە دەرەوە دەیقۆزنەوە و یاداشتی دەکەن. هەرچی ئەوە
ئەنێ دەبەویست گوێ بگرێت.

"زۆر کەس هەن بەدەست عەین. بێ‌ـەوە نارەحەت بوونە"
ئازوور وای گوت. "کەس دەزانێ چییە؟"

کەیفن بە بوێرییەوە هەڵیدایە: "مرۆڤە ڕۆحزلەکان؟"

"بەکارهێنانی ژنان[1]؟" ئەلیزابێتیش قسەی خۆی کرد.

دەتگوت ئازوور چاوەڕێی ئەم وەڵامانەیە، پێکەنی. "عیللەتی بێ گومانی"

وەک چۆن خۆر باڵەکانی ئیکارۆس[2] ی تواندەوە، عیللەتی بێ گومانیش خولیای زانینی لەناوبرد. جگە لەمە بێ گومانێتی بێ گومانی، بێ گومانی خۆ بەگەورەزانین، کوێریی خۆبەگەورەزانین، تاریکایی کوێری و تاریکایی زیاتر دەهێنا. لەم وانەیەدا لە هیچ شتێک دڵنیا نەبوون، بگرە لە پلانی وانەکەش، هەروەها ئەمەش وەک هەموو شتێکی تر دەکرا لەپڕ بگۆڕدرێت. ڕەنگبێ ئەوان وەک ئەو ڕاوچییانە بووبن کە تۆڕ هەڵدەدەنە ئۆقیانووسەوە، دەشێ لە کۆتاییدا ڕاوکردنی

---

(١) ئەمە لەگەڵ ئەو پیتانە ناگونجێن لە ئازوور ئاماژەی پێداون. بەڵام لە تورکیدا دروست هەمان پیتن. لە کوردیدا مانایان دەگۆڕێ.

(٢) دیدالوس:دیدالوس، لە میتۆلۆژیای یۆنانی، کەونااردا هونەرمەند و ئارکتێکچەریست و دیزاینەری مەتاهەی لابەرنیس (labyrinth)بووە کەبریبووە لە دەهالیز و ڕێڕەوی پێچاوپێچ، ئەم شوێنەی لەژێر فەرمانی شامینۆس، دروستکرد بۆ بەندکردنی وەحشی، میناتۆر، دواتر کە شا لە دیدالوس(Daedalus) خۆی تورەبوو بڕیاری بەندکردنی، ئەو و کورەکەیشی، دەرکرد، بۆ دەربازبوون لەم بەندییە بۆخۆی و کورەکەی هەریەکە جووتێ باڵی، لەپەر دروستکرد بۆ فڕین، دواتریش، تینی، خۆر ئەو مۆمەی کە باڵەکانی کورەکەی ئیکاروس (Icarus) پێکبەستبوو، تواندنەوە.

تەمەنگێکی شمشێرداریش ڕاوبکەن یان ئەوەتا بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە.

ئازوور گوتی کە هەمووتان لەم سیمینارانەدا ڕێبوار بوون، هاوڕێگەی بوون؛ وەک چۆن هێشتا نەگەیشتوونەتە ئامانجێک، لە گوینە هەرگیزیش پێی نەگەن. تەنیا هەوڵ دەدەن و بەدوایدا دەگەڕێن. لەم دونیایەدا تاکە یەک شتی دیار و بەرچاو هەبوو: هەوڵدان لە تەمبەڵی باشترە. پەرۆشی لە شلوخاوی چاکترە. پرسیارەکان لە وەڵامەکان گرنگترن، خولیای زانین لە دڵنیایی باڵاترە.

ئەگەر دەرباز‌بوون لەعیللەتی بێ گومانی بەتەواوەتیش نەکردە بێت، دەکرا وەک داکەندنی سەرشانێک هەر هیچ نەبێ خەیاڵی بۆ بکرێت. "لەمەوبەدوا" ئازوور وای گوت. "دەمەوێ بەر لەوەی بێنە نێو پۆل هەمووتان سەرشانیی خۆبەگەورەزانین دابکەنن." لەمەدا خۆیشی تێدا دەبوو. "وای دابنێن پاڵتۆیەکی کۆن بووە، دایبکەنن و بە شەمعێکەوە هەڵی بواسن. دانەیەک شەمعم لەبەر دەرکە داناوە. ئەگەر دەتانەوێ دەتوانن بچن تەماشای بکەن."

ئەو خوێندکارانەی قەستیان بوو بزانن مامۆستا چەند لەمەدا ڕژدە چەند دەقیقەیەکیان لێ برد. یەکەم کەس کە هەستایەوە سەر پێ سوزاتا بوو. بەنێو پۆلەکەدا هات و چوو دەرکەی کردەوە. چووە ڕێڕەوەکە. هەر کە بینی بەڕاستی لەوێ شەمعێک هەیە ڕووی گەشایەوە. وەک ئەوەی بارێک بەسەر شانەکانییەوە بێت، دەستی بۆ سەرشانە گریمانەکراوەکەی برد و دایکەند، بە یەکێک لە هەڵواسەرەکانییەوە هەڵیواسی، بە جوڵەیەکی گوشادانەوە هاتەوە ژوورێ. خوێندکارەکانی تریش یەک بەدوای یەک هەمان شتیان ئەنجامدا. کاتێک نۆرە گەیشتە وێ،

پەری نووسراوی ژێر هەڵواسەرەکەی خوێندەوە: هەڵواسەری ئێگۆ

دواهەمین کەسیش پرۆفیسۆر ئازوور چووە دەرەوە. کاتێک لە جووڵەی دەستەکانی ڕادەمای وا دیار بوو سەرشانەکەی ئەو زۆر قورستر بوو. ئەویش هەمان جووڵەی ئەنجامدا و هاتەوە نێو پۆل. "زۆر باشە! ئیتر بەو پێیە خۆمان لە ئێگۆکانمان قوتار کرد - هەر هیچ نەبێ بەشێوەیەکی سیمبولی- دەتوانین ئێستا دەست بە وانەکەمان بکەین."

"ئێستا جا بۆچی ئەوەمان کرد؟" برونۆ بەدەم بۆڵەبۆڵکردنەوە ئەم پرسیارەی کرد.

"ڕیتواڵەکان گرنگن، بە کەمیان مەزانن" ئازوور وای گوت. "ئیمەش ڕیتواڵی تایبەت بە خۆمان دەبێت لەم وانەیەماندا."

ماجیکێکی هەڵگرت و لەسەر تەختەکە ئەمەی نووسی: خودا وەک وشە.

ئەمڕۆ هێندەی دەیزانین شارستانییەت تەمەنی شەش هەزار ساڵە، بەڵام مرۆڤەکان زۆر زووتر لەم وادەیە هەبوون، کەللەسەری ۲۹۰ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دۆزراوەتەوە. ئەوەی ئێستا لەبارەی خۆمانەوە دەیزانین لەچاو ئەو زانیارییانەی لە داهاتوودا ئاشکرا دەکرێن زۆر بێ بەهایە. بەڵگە ئارکیۆلۆژییەکان ئەوە دەردەخەن مرۆڤەکان بەدرێژایی هەزاران ساڵ خودا یاخود خودا لە فۆرمی جودادا -درەختێک، ئاژەڵێک، ڕووداوێکی سرووشتی یاخود کەسێک- ناسیوە. لە کاتێکدا ئەمە دەزانرا لەپڕ لەلاپەڕەیەکی مێژوودا هێزی سەرکردووی خەیاڵ خۆی نواند. لە خودایەک کە بەدەست دەگیرێت و بە چاو دەبینرێ پەڕینە سەر "خودا وەک کەلام". لەو کاتەوە ئیتر هیچ شتێک وەک پێشوو نەمایەوە.

ئازوور کە چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا، ئەوەی بەدی کرد کە تەنیا پەری تێبینی نانووسێت. "تا ئێرە تێگەیشتووی کچی ئیستانبولی؟"

پەری کە هەوڵی دەدا لەژێر نیگا شێتانەکانی پرۆفیسۆر سوور هەڵنەگەڕێ لەسەر کورسییەکەی خۆی قیت کردەوە. "بەڵێ، مامۆستا."

وەک ئەوەی شیمانە بکات بیەوێ هەندێک شتی تر بڵێت، ئازوور بە چاوی کراوە و نیگا پڕ لە متمانەبەخۆبووەکانی چەند چرکەیەکی تر بەسەر سیمای پەرییەوە مایەوە. "ئەگەر بە ئێوە بڵێم خودا لە پشت ئەم دەرکەیە، ناتوانن ببینن، بەڵام دەکارن گوێتان لە دەنگی بێت حەز دەکەن چیتان پێ بڵێت؟"

"حەز دەکەم ئەوەی لێ ببیستم کە منی خۆشدەوێت" ئادەم وای گوت.

"بەڵێ، منی خۆشبوێت و ئەوەش بڵێ کە دەزانێ من خۆشمدەوێت" کیمبەر وای گوت.

"خۆشەویستی..." ئەوانی تریش هەستی هاوشێوەیان بەیان کرد.

"هەق بە من بدات، خراپ نییە ئەگەر لێی ببیستم هەموو ئەو قسانەی لەبارەی ئەوەوە کراون پڕووپووچی شێتانە بووە" کەیڤن وای گوت.

"دەی باشە بۆ ئەوەی خودا ئەمەت پێ بڵێ دەبێ سەرەتا هەبێت" ئاڤی وای گوت. "تۆ لەگەڵ خۆت وێڕادەچیت."

کەیڤن ڕووی تێکنا. "من تەنیا بەشداریم لە یارییە قۆڕەکەی ئێوە کرد."

نۆرەی مونا هات. "من دەمەوێ ئەوە لە خودا ببیستم کە

بەهەشت ڕاستەقینەیە و مرۆڤە باشەکان لەوێ دەبن و لەوێ خۆشەویستی و ئاشتەوایی سەوز دەبێت."

ئازوور ڕووی لەپەری کرد، هێندەش بە خێرایی ڕووی تێکرد کە پەری نەیتوانی لە نیگاکانی خۆی بدزێتەوە.

"باشە ئەدی تۆ پەری؟ حەز دەکەیت خوداوەند چی بە تۆ، بە خودی تۆ بڵێت؟"

"حەز دەکەم داوای لێبوردنم لێ بکات" پەری وای گوت. خۆیشی لە وەڵامەکەی خۆی سەری سوڕما.

"حەز دەکەیت داوای لێبوردنت لێ بکات؟" ئازوور وای گوت. "لەپای چی؟"

"لەهەمبەر ئەو هەموو ناداد و ناهەقییەی کە هەیە..." پەری بەرسڤی دایەوە.

لە دەرەوە، گەڵایەکی داربەڕوو لەگەڵ بادا وەری و کەوتە سەر ئەرز. لە ژوورەوەش هەموویان وەها هەستیان ڕاگرتبوو دەتگوت دەکاری بێدەنگی بەدەست بگری.

ئازوور گوتی "وەک بینیتان لە گەنگەشەی ئەمڕۆمان دوو بۆچوونی جودا لەبارەی خوداوەند خۆیان دەرخست. هەڵبەتە سوپاسی کەیڤن دەکەین سەرباری ئەوەیە ئەتایستە لەم ئۆینەمان بەشداری کرد. ئەم دوو بۆچوونە چی بوون: یەکەمیان خودایان لەگەڵ خۆشەویستی پەیوەندی دەدایەوە. کاتێک بەدوای خودادا دەگەڕێن بۆ خۆشەویستی دەگەڕێن. دواتر شێوازەکەی پەری هەیە. بەدوای دادگەریدا دەگەڕێت. کاتێک دادگەریش نادۆزێتەوە تووڕە دەبێت."

تۆنی دەنگی ئازوور گڕ بوو. "بەڵام دادگەریی، وشەیەکی ئاڵۆزە. دادگەریی بەپێی کێ، بەگوێرەیی چی؟ توندڕەوە هەرە

سەختەکانی دونیا لەپێناو 'دادگەریی" نێو سەری خۆیان نادادپەروەرانەترین کردار دەنوێنن."

پەری نوتقی گیرا. دڵی خۆی بۆ ئازوور ئاوەڵا کردبوو، هەرچی ئەو بوو هەموو سەرنجەکانی خستبوونە سەر پەری، هێندەی نەمابوو بە دەمارگیریی گوڕی نادیار تۆمەتبار دەکرد. ئەو کچی باوکی خۆی بوو، دەیتوانی هەموو شتێک بێت تەنیا دەمارگیر نەبێت!

ئازوور هیچ کام لەو پرۆتێستۆ بێدەنگانەی نەدەبیست. بە پەنجە ئاماژەی بۆ پەری کرد. "ئەگەر لەهەمبەر ئەو 'دادگەریی"یەی زۆرت گەورە کرد هۆشیار بیت زۆر باش دەکەیت. کەسانی بیرکەرەوەی وەکو تۆ پیمی دونیایان دەرهێنا، دە تەماشا بکە."

دوای کەمێک سیمینارەکە تەواو بوو. پەری چەند دەقیقەی کۆتایی گوێی نەگرتبوو. هۆشی لە شوێنێکی تر بوو، سەری پڕ لە هەراوزەنا بوو. لە ترسی ئەوەی نەکا پێیەوە دیار بێت چەندە تێکشکاوە لەشوێنی خۆی نە دەجوڵایەوە نە دەشیتوانی سەیری هیچ کەس بکات. دوای دەرچوونی ئازوور و هەموو ئەوانی تر، لەگەڵ مونا بەتەنیا لە ژوورەوە خۆی بینییەوە.

"هێی، خەمگین مەبە" مونا وای گوت، کە ئەمەی گوت دەستیشی خستبووە سەر شانی پەری. "نازانم، بەڵام لوتبەرزانە مامەڵەی لەگەڵ تۆ کرد. واز لە پرۆفیسۆر بێنە، گوێی پێ مەدە، بەڕاستمە."

پەری کە هەستی کرد چاوەکانی پڕ بوون سەری دانەواندە بەر خۆی. "شیرین بەردەوام دەڵێ ئەو کەسێکی زۆر ترسێنەرە، بەڵام هێندە..."

"هەندێکجار لەبەرزەوەڕا دەڕوانێت" مونا وای گوت.

بەیەکەوە چـــوونە دەرەوە. "ئەگەر حەز دەکەیـــت واز لەم وانەیە بێنە" مونا وای گوت. "ئەگەر ئازارت دەدات."

"بەڵـێ" بەدەم هەڵکێشـانەوەی ئـاوی لـوتییەوە وای گـوت. "پێموابێ هەر وادەکەم."

***

بەیانی ڕۆژی دواتر پەری نامەیەکی لە سندووقە تـایبەتەکەی پۆستەی خۆی هەڵگرت.

بۆ پەری،

بـۆ ئەو کـچەی کە ئێمیلـی دیکنسـن و عـومەری خەیـام دەخوێنێتەوە و هەموو شتێک بە جددی وەردەگرێت... بۆ ئەو کچەی کە لە هەموو کەس زیاتر بەخۆیەوە سەرقاڵە، ئەو کچەی سەرسەختترین ڕەخنەگری خۆیەتی... ئەو کچەی بێ وادە داوای لێبوردن لە هەمـوو کەسێک دەکـات، هەروەها لە ناخیشـیەوە چاوەڕێی ئەوە دەکات خودا داوای لێبوردنی لێ بکات...

پێدەچێ وا بیر بکەیتەوە من کەسێکی ترسناکم، یا ڕەنگە بیر لەوە بکەیتەوە دەسـتبەرداری سیمینارەکانم بببیت. ئەگەر ئێسـتا دەستبەردار بببیت نـاتوانی لە ڕاسـتی و ناڕاسـتی ئەو گومانـانە بگەیت کە دەرهەق بە من هەتن. ئـارەزووی گەڕان بۆ سیفری هەقیقەتیش بەشی ئەوە ناکا دانبەخۆتدا بگریت؟

لە گاڵتە و فشارەکانم ببورە، درێژە بە ڕێگەکەت بـدە پەری؛ خۆناسین خستنەبەرچاوی خۆپارچەکردنە.

سەرەتا "مـن" پـارچە دەکەیـن. دواتـر لە هەمـان ئەو پارچـانە منێکی تازە دروست دەکەین. وازمەهێنە!

پەڕی نامەکەی خستە گیرفانییەوە و پێڵاوەکانی وەرزشی کردنە پێی، چووە دەرەوە بۆ ڕاکردن. بەدەم هەڵمژینی هەناسەی قووڵەوە زنجیری تراکسووتەکەی تا ژێرچەنەی هەڵکێشا کاتێک بەسەر خاکی شێدار و شنەی بای پاییزانەی کەشی ئەوسپێدەیەوە ڕایدەکرد جنێوێکی پڕ بە دەمی بۆ ئازوور لە زاری هاتە دەر، ئەو پەیڤانە وەک دەنکە خوێ کەوتنە سەر زمانی. تا ئەودەم لە ژیانیدا جنێوی بە کەس نەدابوو، دڵخۆش بوو بەمە.

مرۆڤ چەند هەست بە بارسووکی دەکات کاتێک شتێک کە گوتوویەتی "هەرگیز واناکەم" دەکات. بەدەم ئەو شنەبابەی هەڵیکردبوو جنێوی بە پرۆفیسۆر دەدا و ڕایدەکرد و ڕایدەکرد و ڕایدەکرد.

# پەیامی دەنگی

ئیستانبول، ٢٠١٦

لە کاتێکدا میوانەکان چاوەڕێی هاتنی فاڵچییەکە بوون پێدەنگییەکی پڕ هەیەجان مێزەکەی تەنی. هەر لە ژوورەوە، لە بانی دەرکە کراوەکەوە گوێیان لێبوو خودان ماڵ چۆن پێشوازی لە پیاوەکە دەکات.

"ئاه ئەوە لەکوێی تۆ؟ هەر چاومان لە ڕێی هاتنت بوو."

"ترافیک! ڕێک دەڵێی کابووسە" وایگوت، دەنگی گڕی پیاوێک هاتە گوێ.

"مەگەر نایزانین" ژنە خودان کارەکە وای گوت. "وەرە شیرینەکەم، لە ژوورەوە کەسانێک هەن بە نائارامییەوە چاوەڕێی هاتنی تۆن."

دوای چەند چرکەیەک فاڵچییەکە بە پانتەڵۆنێکی خۆڵەمێشی، کراسێکی سپی و ئێلەگێکی نەخشێنراوی ڕەنگ زیوینی نەخش سەوزی ئاوی، کە وا دەهاتە بەرچاو هی سەردەمێکی کۆن بێت. ئەو ڕیشە داوداوە لێرە و لەوێ سەریان دەرهێنابوو و درێژ بووبوون دەتگوت لە ڕێگە بەدەم هاتنی بۆ ئەم ئاهەنگەمان دەستێکی پێدا هێناوە. بە چاوە بچووک و لێک نزیکەکانی، لەگەڵ لووتە بچووک و تیژەکەی و ئەو چەناگەیەی کە دەتگوت دواتر بیریان هاتووەتەوە بۆی دابنێن لە ڕێوییەکی فێڵباز دەچوو کە بەدوای ڕاوەکەیدا بگەڕێت.

"چەندی میوان لێن!" پیاوەکە هەر کە هاتە ژوورەوە وای

گـوت. "ئەگەر هەمووتـان بتـانەوێ داهاتووتـان بـۆ بخـوێنمەوە، بەخوا دەبێ کامپ بخەم."

"ئای چەند خۆشە، لە ماڵی ئێمە نیشتەجێ ببە و تەواو." ژنە بازرگانەکە وای گوت.

"تەنیـا خانمەکـان دەیـانەوێ و گرنگـی پـێ دەدەن." بازرگانەکە لەو سووچەوەی کە دانیشتبوو وای گوت. بەقسەی ئەو بێت هیچ شتێک هێندەی گوێگرتن لە فاڵی کەسانی دیکە بێـزارکەر نییە. بـڕوای وابـوو کە هەر کەس بۆخـۆی شێوەی داهاتووی خۆی دەدات. لە کاتێکدا کە ژنەکەی سـەرقاڵی ئەو پڕوپووچییە بوو، ئەویش قەستی بـوو لەگەڵ بەرپرسـی CEO بانک قسە بکات. شتێک هەبوو نیگەرانـی کردبـوو. "خانمەکـان ئێوە بۆچی نـاچن لەسـەر قەنەفەکـان دابنیشـن؟ لەوێ ئاسوودەتر بۆخۆتان دادەنیشن" پێشنیارێکی وای بۆ کردن.

ژنە بازرگـانەکە، فـاڵچی و ژنەکـانی تـر هەموویـان بەیەکەوە ڕووەو قەنەفەکان چوون. ئاماژەی بە خزمەتکارەکە دا. "بۆ میوانە تازە هاتووەکەمان..."

"تەنیا ئاوێکی گەرم بەسە" فاڵچییەکە وای گوت.

"خواردنەوەیەکیش ناخۆیتەوە؟ بەخوا عاجز دەبم."

"بـا ئەرکەکەم تەواو بـکەم" فـاڵچییەکە بە ئەدگـارێکی لەخۆباوەڕانەوە وای گوت.

لەو کاتەشـدا پیاوەکـان لە سـووچی ئەوسـەری ژوورەکەدا لەژێـر پەیـکەری کـارێکی هـونەری ئینستاڵەیشـن حاسـییەکی گەورەی بەر لە مێـژووی لێـو بە سـووراو و سـەر بە کـڵاو-کۆبوویونەوە. بەهۆی ئەوەی دواجار لە خـانمە خـودان پایەکـان ڕزگاریـان بووبـوو دەیـانتوانی بە کـامی دڵ جنێـوان بـدەن، دەیانتوانی بە خواستی دڵ دووکەڵـی چرووتەکانیـان بەبا بـکەن.

بازرگانەکە ئامـاژەیەکی بـۆ هەمـان خزمەتکـار کـرد. "ڕۆڵە، کۆنیاک و بادەممان بۆ بێنە."

پەری کە لەگەڵ ئەوانـی تـر لەسـەر مێزەکە هەسـتا بـوو، لەناوەڕاسـتی سـاڵۆنەکە خـۆی گیـر کردبـوو. لەم جـۆرە بارودۆخـانەدا وەک هەمیشـە هەسـتی دەکـرد کەوتـووەتە بەرزەخەوە. حەزی بەو جیاکـارییە ڕەگەزیـیە نەدەکـرد کە بەردەوام لە دانیشتنەکانی کۆمەڵگەی ئیستانبوڵدا دەگوزەرا. لەنێو موحافیزەکارەکاندا ئەو جیاکارییە دەگەیشتە ئەو ڕاددەیەی کە پیاوەکان دەخرانە شوێنی جیاوازی ماڵ و ژنەکـانیش بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تـاکە وشیەکەیان بەیەکەوە نەدەگـۆڕییەوە. کەپلەکـان هەر کە دەگەیشـتنە ئەو شـوێنە لێـک جـودا دەکـرانەوە و لە کۆتایی ئەو شەوەدا کاتێـک لە دەرکە دەچوونە دەرەوە ئەودەم پێک دەگەیشتنەوە. کەسانی لیبراڵیشدا بەتەواوی جودا نەبـوو لەم ڕێککـارییە بـێ مانـایە. دوای نـانخواردن ژنەکـان بە ویسـتی دڵدانەوەی یەکتری و پێدانی دڵنیایی لە سووچێک کۆدەبوونەوە. دەمیـان لە باسـی جیـاواز دەژەنـی: ڤیتامینەکـان، تـاریفی نـابەپێز، منداڵەکانیان و خوێندنی هاوینەیان، پیلاتیس، یۆگا، فیتنێس، ئەو ئابڕووچوونـانەی لەلای هەمـووان ئاشـکران... وەهـا قسـە دەکەن وەک ئەوەی زۆر دۆستی کەسە بەناوبانگەکان بن، وەهاش باس لە دۆستەکانیان دەکەن وەک ئەوەی زۆر بەناوبانگ بن.

هەرچی پەری بوو، ئەو زیاتر حەزی لە گفتوگۆی نێو پیاوان بوو لەچاو هی ژنان، هەرچەندە هـی پیاوەکـان زیـاتر پەیوەنـدی بەخۆیانەوە هەبـوو. جـاران بەبـێ ئەوەی بیر لە شتێک بکـاتەوە دەچووە نێو گەنگەشەی پیاوان، ئەو دەمە باسیان لە هەر شتێک کردبـا تەقلـی وان دەبـوو: ئـابووری، سیاسـەت. تـۆبڵێی پـێ... پیاوەکـانیش هەنـدێک لە خۆیـان حسێبیان بـۆ دەکـرد و لە

ئامادەبوونی نارەحەت نەدەبوون. بێ گومان شتێک هەبوو کاتێک کە ئەو لەگەڵیان دەبوو قەت باسیان نەدەکرد: سێکس. هەڵبەتە ئەم هەڵسوکەوتەی پەری سەرنجی ژنانی دیکەی رادەکێشا و تووڕەی دەکرد. بگرە پەری بە سەرسامییەوە درکی بەوە کردبوو بەشێک لە ژنەکان نارەحەت دەبوون کاتێک پەری لەکن پیاوەکانیان دادەنیشت. هەڵبەتە بە تێپەڕبوونی کات دەستی لەم یاخیبوونەی هەڵگرت - هاوشێوەی دەستهەڵگرتنی لە زۆر یاخیبوونی دیکە.

هەرچی ئێستایە حەزی نەدەکرد نە بچێتە لای پیاوەکان نە کن ژنان، تاکە ویستێکی ئەوەبوو بە تەنیا بێت. چووە ژێر بێلایی. لەگەڵ ئەو شنەیەی لە دەریاوە هەڵی دەکرد تەزووێک بە گیانیدا هات. بۆنی قەوزەی هاتە لووت. لەبەرانبەر گەروو، لەبەری ئەنادۆڵەوە ئاسمان لەوپەری شینی تۆخدا بوو. تەنەکە تەمێکی هاوشێوەی تووڵێک لە ئاوەکە بەرز دەبووەوە. لە دوورەوە بەلەمێک خۆی ئامادە دەکرد بۆ گەشتی نێو دەریا. پەری بیری لە ماسیگرەکان دەکردەوە، ئەوماسیگرە دوورەپەرێزانەی چاوی تیژیان لەو دەریایە بڕی بوو کە ڕزقی خۆیانی لێوە وەدەست دێنن، لەترسی ئەوەی نەکا ماسییەکان بپرینگێنەوە دەنگیان لە خۆیان بڕی بوو. بە هەستێک حەزی لێ بوو لەنێو ئەو بەلەمە، لەنێو ئەو بێدەنگییەدا بێت.

لەو کاتەدا، ئاژێری پۆلیس وەک ئەوەی گاڵتەی بەو ویستەی پەری بێت لەبەری ئەوروپاوە بەنێو هەوادا بڵاوبوویەوە. لە کاتێکدا ئەو لەوێ وەستا بوو و سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد، لەو پەڕی شار، لە کەسێک دراوە، کەسێک لێدانی خواردووە، یان کەسێک دەستدرێژی کراوەتە سەر... هەموو ئەمانە لە یەک ساتدا. هەڵبەت -دروست لەو ساتەدا- کەسێک عاشق دەبوو.

تەلەفۆنی مێردەکەی لەنێو چنگی دەستی چەپی دابوو. پەنجەکەلەی خستبووە سەر ناوی کەسێکی ناسراو: مەنسوور. لە تەنیشتی ناوەکەیشی نووسرابوو "باوکە". چەند سەیر بوو ئەو بیرکردنەوەیە. ئاخر مەنسوور چۆن دەبووە باوکی عەدنان، تەنیا لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ پەری کردووە؟ نەریتەکانی هاوسەرگیری -دایبابی هاوسەرەکەت بەشێوەیەکی خۆکارانە دەبوونە دایبابی تۆش، دەتگوت ئەو خۆشەویستیی، نائومێدی، خراپکردن و جاڕسییەی بە ساڵان کۆیکردووەتەوە هەمووی ڕۆژێک بە واژۆیەک ڕادەستی کەسێکی تری دەکەیت. داینامیکیەتی هاوسەرگیری چەندە ڕووکەشانە و زۆرلێکردنە.

وادیارە مێردەکەی، دوای مردنی لەناکاوی ناوی مەنسووری نەسڕیبووەوە. یان ڕەنگبێ ئەمە یەکەم ئاماژەی پیربوون بێت - بە نەسڕینەوەی ناوی دۆست و خزمانی کۆچکردوو درێژە بە ژیانی گریمانەیی و ڕۆحانەیەتی دەدرێ. ڕەنبگێ ئەمە لەبەر ئەوە بێت دڵمان نەیەت بیانسڕینەوە، یان لەبەر ئەوەی نەکا ڕۆژێک بێت ناوی ئێمەش بچێتە ڕیزی ئەو ناوانەی کە سڕاونەتەوە.

بەخێرایی ئەو ژمارەیەی لە دایکییەوە بۆی هاتبوو لێیدا. چاوەڕێ مایەوە، ئەوە ساتی بۆشایی نێوان هەموو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوو.

"پەری، نایەیتەوە؟" دەنگێک بەرز بووەوە.

تەلەفۆنەکەی بە گوێیەوە گیر کرد و ئاوڕی دایەوە. عەدنان پەرداخێک ئاوی بەدەستەوە بوو و سەری لە میانی دەرکەی بێلایەکەوە هێنابووە دەرەوە. ئەگەرچی ئەوە پەری دڵخۆش کردبوو کە عەدنان بەپێچەوانەی باوکی مەیزەدە نەبوو و ئەگەری ئەوەش نەبوو هەرگیز ببێتە مەیخوار، بەڵام هەندێکجار پەری دەیەویست عەدنان پەرت ببێت و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات.

"هەموویان دەپرسن دەڵێن چی لێهات" عەدنان وای گوت.

دروســـت لەو کـــاتەدا، لەوبەری وڵات و دەریاکـــانەوە، لە بەریتانیـــا، بە ئەگەری زۆر لە مـــاڵێکی زۆر جیـــاوازتر لەم مـــاڵە زەنگی تەلەفۆن لێیدا.

"ئێستا دێم" پەری وای گوت.

عەدنـــان تەنـــکە ســـێبەرێک کشـــایە ســـەر ســـیمای، ســـەری ڕاتەکاند. "باشە گیانەکەم. دوامەکەوە."

پەری سەیری مێردەکەی کرد کە ڕووەو میوانە بە قریوە و کەیســـفازەکان هەنگـــاوی دەنـــا. ژمـــاردی: یەک، دوو، ســـێ... تـــوتەیەک. لەکاتێکـــدا چاوەڕێی ئەوە بـــوو گـــوێی لە دەنگـــی شیرین بێت دەتگوت دڵی ڕاوەستاوە. هەر بەڕاســـت دەنگـــی وێ بوو، بەڵام بە جۆرە میکانیکی و ساردەکەی. پەیامی دەنگی بوو.

"سڵاو، ئێوە پەیوەندیتان بە ژمارە تەلەفۆنی شیرینەوە کردووە. بەداخەوە ئێستا لەماڵەوە نیم. ئەگەر نیازتان وایە شتێکی خۆشم پێ بێژن، تکایە دوای دەنگەزەنگەکە پەیام و ژمـــارەی تەلەفـــۆنی خۆتان بڵێن. وەگەر نا مەبەستانە شتێکی ناخۆشم پێ بڵێن بەر لە دەنگەزەنگەکە قسە بکەن بۆ ئەوەی هەر گوێم لێ نەبێت. هاها! جارێکی تریش پەیوەندیم پێوە مەکەنەوە!"

پەری دەستبەجێ تەلەفۆنەکەی داخستەوە. نەفرەتی لە پەیـــامی دەنگـــی و ئەو گیـــانە ســـاختەیە کـــرد. بەڵام هەر زوو دووبـــارە ژمارەکەی گـــرتەوە. ئەمجارە پەیـــامێکی بـــۆ بەجێهێشـــت. "ســـڵاو شـــیرین... مـــنم، پەری." حەزی بە بێهێـــزی دەنگـــی خـــۆی نەبـــوو. "ڕەنـــگە نەخـــوازی قســـەم لەگەڵ بکەیـــت، خەتابـــارت نـــاکەم. ساڵانێک تێپەڕین..." نوتقی گیرا. دەمی وشک بوو. "پێویستە قسە لەگەڵ ئازوور بکەم. دەبێ لە زاری خـــۆیەوە گـــوێم لێبـــێ داخـــۆ دەمبەخشێت یان نا."

دەنگی بیپێک هاتە گوێی. تەلەفۆنەکە داخرایەوە.

بەری بۆ ئەوەی هەرسی ئەو قسانە بکات کە لە دەمی هاتنە دەرەوە قەیریێ هەروا ڕاوەستا. بەهەر هۆکارێک بووە هەستی دەکرد بارسووک بووە. چیتر زیهنی تۆرکیستڕای ڕاڕایی، خۆزگە و ئارەزووە سەرکوتکراوەکانی نەبوو. ئەوەی پێویست بوو بیکات، کردی.. پەیوەندی بە شیرینەوە کردبوو. هەرچی ڕوویدەدا با ڕوویدابا، ئامادەبوو سنگی خۆی بنێتە بەر. هەستی بە شەو کرد، لە دەرەوە و دەوروبەری خۆی نا، لە ناخەوە، لە هەناویدا. شەو لەنێو سنگیدا دەکشا، لەنێو سییەکانیدا دەگڕا، بەنێو دەمارەکانیدا هاتوچۆی دەکرد. هیچ هەستێک هاوشێوەی ئەو هەستە نەبوو کە مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو ترسە بێنێتەوە کە ساڵانێکە هەڵیگرتووە.

Scanned with CamScanner

# لیمۆزین

ئۆکسفۆرد، ۲۰۰۱

شیرین جانتایەکی بەتایەی بەدوای خۆیدا رادەکێشا و هاتە ژووری پەرییەوە. بۆ پشووی سەری ساڵ دەچووەوە لەندەن بۆ لای ماڵباتەکەی. هەموویان دەچوونەوە ماڵی خۆیان، خوێندکارەکان، مامۆستا و کارگوزارانی زانکۆ. بەهۆی ئەوەی ئەو پارەیەی بۆ ئەم وەرزە پەری هەیبوو هەمووی خەرج کردبوو، نەیتوانی بوو بلیتی گەڕانەوە بکڕێت. بەناچاری پشووەکەی لە ئۆکسفۆرد بەسەردەبرد.

"دڵنیای کە ناتەوێ لەگەڵ من بێیت؟" شیرین لێی پرسی، ڕەنگبێ دەهەمین جار لێی پرسیبێتەوە.

"بەدڵنیاییەوە، لێرە زۆر ئاسودەم، خەمت نەبێ" پەری وای گوت.

ئەوەی ڕاستی بێت ڕێک "لێرە" نەدەبوو. پێویست بوو خوێندکاران لە کاتی پشوودا ژوورەکانی ئۆکسفۆرد چۆڵ بکەن، چونکە ئەپارتمانەکان بۆ بەشداربووانی کۆنفرانسەکان ئامادە دەکران. بۆ خوێندکارانی هاوشێوەی پەری کە دەمانەوە و نەدەچوون لەلایەن زانکۆوە شوێنی جێگرەوە ئامادە دەکران.

شیرین هەنگاوێکی ڕووەو پەری هەڵێنا و ڕاستەڕاست سەیری چاوەکانی کرد. "بڕوانە مشکۆل، من بەڕاستمە. ئەگەر فیکرەت گۆڕی پەیوەندیم پێوە بکە. دایکم دەیەوێ بتناسێت. زۆر دڵخۆش دەبێت هاوڕێیانم بێن لای ئێمە بمێننەوە، لەبەر ئەوەی بە

دڵ گازەندەم لێ دەکات و باسی منداڵیتی من دەکات.
کامی خێزانێکی سەمەرەین، یەکدی هەر بە کاڵی دەخۆین، بەڵام لەگەڵ کەسانی دەرەوەی خێزانەکەمان زۆر نەرمونیانین. دڵنیابە بەباشی میوانداریت لێ دەکەین."

"سوپاست دەکەم. ئەگەر زۆر هەستم بە تەنیایی کرد پەیوەندیت پێوە دەکەم، بەڵێن بێت." پەری وای گوت.

"دەی چاکە. لەبیر مەکە، کە گەڕامەوە لە خەوگە باردەکەین، کاتی ئەوە هاتووە ماڵی خۆمان هەبێت."

پەری چاوەڕێی ئەوە بوو شیرین ئەو بیرۆکەیەی لەبیر کردبێت. بەڵام وادیارە هەر لەبیریەتی. ئەو کچە ئێرانییە پێداگرە لەسەر ئەوەی باربکەین. لە ژمارەبەدەر خوێندکارانی زانکۆی ئۆکسفۆرد بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتبوون. سەرەتا لە ئامێزی میهرەبانی خەوگەدا گوزەراندوویانە، بەوەی کە تاڕادەیەک ژیان تێیدا ئاسانترە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم ژیانی خەوگەیە بە بێزارکەر دەزانن و لەگەڵ هاوڕێیانەیان کە لەگەڵ یەکتری دەگونجێت بە نیازی بەکرێگرتنی خانووێک لە خەوگە دەردەچن. هەر خۆی بەهۆی ئەوەی لە خەوگەدا ژووری پێویست بۆ هەموو خوێندکاران نییە دوای ماوەیەک ڕۆیشتنی خوێندکاران لە خەوگە بە ئاسانیی قەبوڵ دەکرا.

تاوەکو ئێستا هەرجارێک شیرین ئەو باسەی کردبێتەوە، پەری بەرێزەوە، بەڵام بە سووربوونەوە ڕەتیکردۆتەوە. بەڵام شیرین وەک بزن عیناد بوو. شیرین بە نووسینگەکانی خانووبەرەدا دەگەڕا و ئەو خانووانەی پێشنیاریان بۆ دەکرد دەچوو وێنەی دەگرتن و بۆ پەری دەناردن. "لەبارەی پارەوە خەمی لێ مەخۆ" وایدەگوت. هەر خۆی کرێکەی دەدا. ئەگەر پەری داواکەی قەبوڵ بکردبا چاکەیەکی زۆری لەگەڵ دەکرد،

چـونکە شـیرین گوتبـووی ئەفـرەت لە تەنیـایی دەکـات و هەرگیزیش ناچێت بەتەنیا لە ماڵێکدا بژیت. واتە هیچ هۆکارێک نەبوو تا خۆی بە قەرزاربار بزانێت.

"با بیرێکی لێ بکەمەوە." پەری بە دوودڵییەوە وای گوت "هی بیرلێکردنەوە نییە. ژیانی خەوگە بۆ ساویلکەکانە. تەنیا ئەو ترسنۆکانە لێرە دەمێننەوە کە زات ناکەن خانووێک بگرن، هەروەها ئەوانەی وەک مانگان."

"یان ئەوانەی کە پارەیان نییە."

"پـارە؟" شـیرین وای گـوت. وەک ئەوەی وشـەیەکی زۆر ناخۆشی بیستبێت دەموچاوی تێکنان. "تۆ خەمی لێ مەخۆ. باسی پارە بۆ من لێگەڕێ."

بەتێپەڕبـوونی کـات ئاشکرا بـوو کە ماڵبـاتی شـیرین داران، ڕاستە لە ئێران ڕایـانکردبوو، بەڵام مـاڵ و مـولکێکی زۆریـان هەبـووە. ئەوەی لە پەری چاوەڕێی دەکـرد تەنیـا ئەوە بـوو کە کتێب و جلەکانی بخاتە نێو چەند باوڵێک و بێتە نێو ئەو مـاجەرا تازەیەوە.

"دەی باشـە شـیرینەکەم، دەبـێ بـڕۆم" شـیرین وای گـوت. هەردوو ڕوومەتی پەری ماچ کردن و لە هەمـوو لایەکەوە عەتر پەری داپۆشـی. "سـاڵی تـازەت پیـرۆز! پەلەی سـاڵی ۲۰۰۲ مە! هەستێکی وەهام هەیە جوانترین ساڵ دەبێت لە ژیانماندا."

پەری جامی ئاوی سەر مێزەکەی هەڵگـرت و تـا بەر دەرکە لەگەڵ هـاوڕێکەی چـوو. دەرکەوانەکە لە حـاڵەتی ئامادەباشـیدا ڕاوەستا بوو. پیـاوەکە هەمـوو خوێنـدکارەکانی بە نـاو دەناسین. "پشوویێکی خۆشت هەبێت شیرین، ساڵی داهاتوو دەتبینـمەوە" بە دڵخۆشـییەوە ئەمەی گـوت و هەروەهـا گـوتی "بۆتـۆش هەروا پەری."

کاتێک سڵاوی لە پەری کرد دەنگی بۆ تۆنێکی میهرەبانانەتر گۆڕا. بەئەگەری زۆر بۆی بە داخ بوو. هەرچۆنێکە ئەو تاکە خوێندکار بوو کە نەدەچووەوە ماڵەوە.

لە دەرەوە لیموزینێکی ڕەشی قەترانی بە شۆفێرەکەیەوە چاوەڕێی بوو. شیرین بە پێڵاوە پاژنە بەرز و جانتا پەمەییەکەیەوە بەهێواشی بەسەر بەردە چەقڵییەکاندا هەنگاوی دەنا. کاتێک پەری وەها لێی ڕامابوو هەستگەلێکی تێکەڵوپێکەڵی هەبوون. لەهەمبەر مانەوەی لەهەمان ماڵ لەگەڵ پەری و کاراکتەری بەهێزی هاوڕێکەی هێندەیتر هەستی بە ناڕەحەتی کرد. ئەمە ڕیسکێک بوو. جگە لەوە نەیدەویست قەرزاری شیرین -یان هەر کەسێکی تر- بێت. لەلایەکی دیکەشەوە زوو یان درەنگ دەبوو خەوگە بەجێبهێڵێت. دەی شتێکی زۆر خۆش نەدەبوو ئەگەر ماڵی خۆیان هەبوایە؟

کاتێک ئۆتۆمبێلەکە دوورکەوتەوە پەری ئاوی لەدوا ڕشت:

*وەک ئاو بە ڕەوانی بڕۆیت و بێیتەوە هاوڕێکەم.*

# کلوەبەفر

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١

سەری ساڵ بە هەموو جۆش و خرۆشییەوە لە ئۆکسفۆرد تێپەڕی. پەری کە بە ئاهەنگی ئارامتر و خامۆشتری ئیستانبوڵ ڕاهاتبوو، لێرە بە سەیر تەماشای ئەو ئامادەکاریانەی دەکرد کە بە زیادەڕەوییەوە کرابوون -ئەو شەقامانەی بە وردە چرای ڕووناک ڕازێترابوونەوە، دوکانەکان جامخانەکانیان پڕ کردبوو لە دیاری سەری ساڵ، ئەو کۆرسانەی بە چرای دەستیانەوە لەنێو تاریکیدا وەک قالۆنچە دیار بوون ئیلاهیاتی نوئێلیان دەگوتەوە. سەرباری ئەو هەموو شەهامەتە، بە نەبوونی خوێندکاران ئۆکسفۆرد کپ و مات بوو. لێرە سەخت بوو لە شەوی سەری ساڵ بەتەنیا بیت. بگرە بۆ کەسێکی وەک پەریش کە بە حاڵی خۆیەوە گلەییەکی لە تەنیایی خۆی نەبوو. هەموو ڕۆژێک بەتەنیا دەچوو لەو چێشتخانە بچووکە چینییەی کە تەنیا سێ مێزی هەبوون سکی خۆی تێردەکرد. بە گشتی خواردنەکانیان خۆش بوون، بەڵام جار جارەش تامێکی ناخۆشی لێ دەکردن. ڕەنگە چێشتلێنەرەکە نۆرە پەستیی هەبوو بێت؛ بارودۆخی دەروونی لە خواردنەکانی ڕەنگی دەدایەوە.

گەڕابووەوە سەر کاری نیوە-دانی لە کتێبفرۆشییەکە. خاوەن دوکانەکان بۆ ئەوەی کڕیار ڕابکێشن دەیانەویست جامخانەی بەردەم دوکانەکەیان تازە بکەنەوە. "درەختێکی ئاسایی کریسمیست پێ چۆنە؟ بە کتێبی قەدەغەکراو ڕازێترابێتەوە."

پەری وای گـوت. ڕێـک هاوشـێوەی درەختـی زانـین کە میوەکانیان قەدەغەیە، ئەو درەختانەش ئەو کتێبانەیان بە لقەکانەوە دەکرا کە لە سەرانسەری دونیا سانسۆر کرابوون.

بێ وێنەیە!" خـاوەن دوکانەکـان وایـان گـوت. هەمـوو ئەرکەکەیان خستە سەر شانی وێ.

بەوجـۆرە پەری لەناوەڕاسـتی جامخـانەی دووکـانەکە درەختێکی زیوینی دانا. بە لقەکانییەوە کتێبی هەڵواسیین: ئەلس لە زێندی سـەمەرەکان، ١٩٨٤، بەنـدی ٢٢، دونیـای نـوێی بـوێر، خۆشەویستی خـاتوو چاتەرلی، لۆلیتـا، خـوانی ڕووتـی، مەزرای ئاژەڵان... کافکـا، بێرتۆڵـت برێخـت، شـتێفان سـڤایگ، جـاک لەندەن، عومەری خەیام، نـازم حـیکمەت، فـاتیمە مەرنیسـی... بە هەموو شوێنێکەوە کارتی هەڵواسیت: "قەدەغە کـراوە"، "سانسـۆر کراوە"، "دادگایی کراوە"، "سووتێنراوە" تەنیا لە تورکیا لیستی ئەو کتێبـانەی قەدەغە کرابـوون هێنـدە درێـژ بـوو کە دارسـتانێکی دەگرت.

خەیـاڵی بـۆ سـەری سـاڵێکی چەنـد سـاڵێک پێشووتر چوو: ڕەنگە دە- یانزە ساڵان بووبێت. مەنسـووری بـاوکی درەختێکـی نـوێلی مەزنــی هێنــابووەوە مــاڵێ. ئەگەر لە دوکــان و لە سوپەرمارکێتەکانیش بەرچاو بـکەون، لە هـیچ کـام لە ماڵەکـانی گەڕەک درەختێکی وەها نەبوو.

درەختەکە تا لەبەر دەرگاوە گەیەنـدرایە ئەو شـوێنەی دەبـوو لێی دابنرێ، دروست هاوشێوەی پاڵەوانی ئەو حیکایەتەی کە بـۆ پێزانینەوەی ڕێـگەی گەڕانەوە بـۆ هـێلانەکەی ورتـکە نـان فـڕێ دەدات وابوو، ئەمیش پارچە وردە پلاسـتیکی لـێ بەردەبوونەوە. مەنسـوور و پەری بە ڕژدیـی و مانــدووبوونێکی زۆرەوە درەختەکەیان ڕازانـدەوە ـشریتی ئەسـتێرەدار، تـۆپگەلی بە سـیم

رووپۆشکراو، کە هیچ نەمایەوە بۆ جوانکاری، کەلوپەلی جوانکاری خۆیان هێنا: گوێزی بۆیەکراو و بەری سنەوبەر، سەرە شووشە، ئاژەڵی لە تەپەدۆڕ دروستکراو. درەختەکە ناڕێک و هەرزان دیار بوو، لەگەڵ ئەوشدا زۆر دڵنیان پێ خۆش بوو.

سەلما کە دەمەو ئێوارە لە بازاڕکردن هاتەوە کاتێک ئەمەی لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا بینی دەموچاوی گرژ بوو. "چ پێویستی بە شتێکی وەها دەکرد؟"

"ئائا! ئەی ساڵی نوێ نییە" مەنسوور وای گوت، وای گوت وەک ئەوەی ڕەنگبێ ژنەکەی ئاگای لەمە نەبێت.

"ئەمە نەریتی کریستیانەکانە" سەلما وای گوت. "مسوڵمانەکان شتی وا ناکەن."

"ئای بابە! دوو شتی جوانکاریمان پێوەکردووە ئێستا لەدین دەرچووین؟ هەقی ئەوەمان نییە تنۆکێک خۆشی ببینین؟" مەنسوور چاوەکانی هەڵگێڕانەوە. "بەوەی درەختێکمان ڕازاندۆتەوە خودا لێمان بەری دەبێت؟"

"تا ئەو خۆشی بوێت خۆ هیچ هەوڵێک نادەیت پیاو، خودا بۆچی تۆی خۆشبوێت؟ ڕای لە کوێت بێت؟"

پەری سەری دانەواند. هەستی بە خەتاباریی کرد. باوکی بۆ دڵخۆشکردنی وێ ئەو سنەوبەرەی کڕی بوو. خۆی بە خەتابار دەزانی دەرهەق بەو پشێوییەی ماڵەکەی داگرت. ناچار بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو کارە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە. بیرۆکەیەک بە مێشکیدا هات! ئەو منداڵە ئەو شەوە نەخەوت و چاوەڕێی کرد تا هەموویان دەخەون، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی وەک سێبەر بەبێدەنگی ڕاخوشی.

بەیانی ڕۆژی دواتر کاتێک ناڵبەندئۆغلوویەکان هاتنە نێو هۆڵەکە درەختێکیان لەهەمبەر خۆیاندا بەدی کرد کە

بەشێوەیەکی نهێنیامێز ڕازێنرابووەوە. تەسبیحەکانی سەلما، ئەسپی فەخفووری، سەرپۆشی بچووک بچووک هەڵپرابوونەوە و بە لقەکانەوە داهاتبوونە خوارێ. لە سەرووی درەختەکە تابلۆی مزگەوتێکی بچووک دانرا بوو، لە پاڵیشیدا بە وردەکارییەوە چەند نزایەک جێگیر کرابوون، کتێبی فەرموودەکان.

"بڕوانە، دەبینی، چیتر کریستیانیی نییە" بە بزەیەکی درەوشاوەوە پەری وای گوت. "ئیتر درەختەکەمانم کردە مسوڵمان. ئیستا بە دڵتە دایکە گیان؟"

سەلما لە شوێنی خۆیدا سڕ بوو. نەیدەزانی چی بڵێت. ڕەنگە ویستبێتی شتێک بڵێت. بەڵام هەر زوو مەنسوور کە لە پشتیانەوە وەستابوو و بە حەریری و سەرسامییەوە لەو پەیکەرەی کچەکەی دروستی کردبوو دەیڕوانی دەستی بە حیلکە حیلک کرد. سەلما کە وایزانی مێردەکەی گاڵتەی پێ دەکات زوویر بوو، بە ڕق و خێرایی لە هۆڵەکە چووە دەرەوە. پەری کە دەیەویست هەم دایکی هەم باوکی دڵخۆش بکات دیسان لەو نێوەندەدا مایەوە.

چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕین، بەڵام هەر نەیزانی ئەو ڕۆژە، بە هۆشی منداڵانەی خۆیەوە کاتێک "درەختیی ئیسلامی بابەنوئێل" ی دروست کرد دایکی چ تێڕوانینێکی بۆ هەبووە.

* * *

ڕۆژێک بەر لە شەوی سەری ساڵ، پەری هەر لە کتێبفرۆشییەکەدا کاری دەکرد. جگە لە پیرەژنێک کە بۆ ئەوە هاتبووەوە ئەوێ تا ئێسقانەکانی خۆی گەرم بکاتەوە، کەسی تری لێ نەبوو. خاوەنانی دوکان چوبوونە سەردانی هاوڕێیەکیان، کارگوزارەکانی تریش مۆڵەت درابوون.

پەری تۆزی لەسەر ڕەفەکان سڕی و قاوەیەکی ئامادەکرد. لەو شوێنەدا، کە تا دەهات زیتر خۆشی دەویست هەستی بە ئارامی دەکرد. کاتێک ئیش و کاریشی تەواو دەبوو یەکێک لە کتێبەکانی ئازووری بەدەستەوە دەگرت و لەسەر قەنەفەیەک گرمۆڵە دەبوو. هەموو کتێبەکانی پرۆفیسۆری لێرە دۆزیبوونەوە - بە ناونیشانە سەرنجڕاکێش و دیزاینە ئەندازەیی و ڕووبەرگەکانیانەوە ڕێک نۆ کتێب. کاتێک سەیری تیراژەکەی دەکرد فرۆشێکی باشیان هەبووە. ئەوەی ئێستا دەیخوێندەوە یەکێک بوو لە کارە بەراییەکانی ئازوور: *ڕێبەری زیهنە ئاڵۆزەکان.*

ئەو پیرەژنەی کە لە قەنەفەی بەرانبەر پەری ڕوونیشتبوو چاوەکانی داخستن، سەری بە لایەکدا لاربووەوە. هێندەی پێ نەچوو خەوی لێ کەوت. پەری بەتانییەکی دۆزییەوە و بە هێواشی دایپۆشی. کات هاوشێوەی ئەو کەتیرەی بە سنەوبەرەکانی ئەنادۆڵ دادەچۆڕێن درێژبووەوە. لە کاتێکدا ئەو هەموو کتێبەی لە دەوروبەر بوون و خۆیشی کتێبی ئازوور بەدەستەوە بوو بە جۆرێک هەستی بە دڵخۆشییەک دەکرد، کە ساڵانێک بوو هەستێکی وای نەبووە. بەڵێ، هێشتا لە پرۆفیسۆر تووڕە بوو، بەڵام دەستبەرداری کتێبەکانی نەدەبوو. وە دەستبەرداری وانەکەیشی نەبوو، نەدەبوو.

هێشتا تەنێ بەشێکی لە کتێبەکە خوێندبووەوە کە دەرکەی دوکانەکە کرایەوە. بە هاوەڵی بایەکی سارد پیاوێک هاتە ژوورەوە: ڕێک پرۆفیسۆر ئازوور خۆی! پاڵتۆیەکی ڕەنگ ئەبەنووسی درێژ، ملپێچەکەیشی تا ئەو ڕاددەیەی کە کەشیشەکانی بودایی بەخیلی پێ ببەن زەعفەرانی بوو. ڕێکپۆشییەکەی شەپقەیەکی پەڕۆیین بوو کە بە زۆر قژە بژەکەی کۆکردبووەوە.

دەتوانین بێینە ژوورەوە؟" رووەو ژوورەوە دەنگی لێ هەڵێنا.
پەری وەک تیرێـک لە شـوێنی خـۆیەوە دەرچـوو. بەهـۆی شڵەژانەوە قاچی هەڵەنگووت، هێندەی نەمابوو بکەوێت. کاتێـک لە دەرکەکە نێزک بووەوە تێگەیشت کە بۆچی ئازوور هێنـدە قسە دەکات. پرۆفیسۆر ئازوور لەگەڵ خۆیـدا سـەگێکی کـوڵی نووک درێژی لووت تیژ هێنا بوو.
ئـازوور بە سەرسـامییەوە لێـی رامـا. "سـڵاو پەری. ئەوە چ سوپرایزێکە. چی دەکەیت لێرە؟"
"لەم کتێبفرۆشییەدا بە نیوە-دانی کار دەکەم."
"بێوێنەیە! باشە، چی لە سپینۆزا بکەم؟"
"ببورە چی؟"
"سـەگەکەم" ئـازوور وای گـوت. "لەبەر ئەوەی دەرەوە زۆر ساردە."
"کێشـە نییە، دەتـوانی بیهێنیتـە ژوورەوە. سـپینۆزا... لە نزیـک دەرکە بێت؟"
بەڵام پرۆفیسۆر ئازوور بە سەگەکەیەوە دەمێک بـوو هـاتبووە ژوورەوە. هەردووکیشیان سەریان بەرز کردووەوە و ڕاستەڕاسـت لێی ڕاما بوون، وەک دوو پیتی هیرۆگلیفی میسری.
"زۆر دەمێکە نەهـاتوومەتە ئێـرە" بەدەم ڕوانـین لە دەورووبەری خۆی ئەمەی گوت. "گۆڕاوە. جـاران گەورەتـر دیـار بـوو - وە زۆریش ڕووناکتر بوو."
"دیسانەوە شـێوەمان پێـدایەوە، کەلـوپەلە کۆنەکانمـان فڕێـدا." پەری وای گوت.
پەری لە سپینۆزا ڕاما بوو کە چاوێکی بەدەوروبەری خۆیـدا گێـڕا، دواتـر نەرمتـرین نیـودەری ڕەچـاو کـرد و جـوان چـوو لەسەری ڕاکەوت.

پرۆفیسۆر بەشێوازی تایبەت بە خۆی دەنگی بەرز و نزم دەکردەوە چووبووە سەر باسێکی تر. "لەنێو جامخانەکەدا درەختی قەدەغەکراوەکانم زۆر لا جوان بوو، بیرۆکەیەکی بێ وێنەیە."

پەری پێکەنی. دەیەویست بەمە بە ئازوور بڵێ کە ئەمە بیرۆکە و کاری خۆی بووە. بەڵام لەباتی ئەمە یەکەمجار چی بە مێشکیدا هات ئەوەی گوت. "کتێبێکی تایبەت هەیە کە بۆی هاتبن؟"

"ئێستا نا." ئازوور وای گوت. "وەشانگەرەکەم گوتی بنێم و ئەو کتێبانەی کە ماون بۆ خوێندکاران واژۆی بکەم. منیش بەڵێنم پێدا کە ئەمە دەکەم." سەرنجی چووە سەر ئەو قەنەفەیەی کەمێک بەر لە ئێستا پەری لەسەری دانیشتبوو. "تۆ دەیخوێنیتەوە؟"

پەری بە نائارامییەوە قاچەکانی بەسەر زەمینەکە ڕاکێشان. "بەڵێ، تازە دەستم پێکردووە."

ئازوور چاوەڕێ بوو بۆچوونی خۆی دەرببڕێ، بەڵام پەری بێدەنگ بوو، دەتگوت هێشتا ئەو زمانەیان نەدۆزیوەتەوە تا بەیەکەوە قسە بکەن. دواتر پەری ئاماژەی بە مێزەکە کرد و "فەرموون دابنیشن" وای گوت. "منیش کتێبەکانت دەهێنم بۆ واژۆکردنیان."

ئەو هەمووو کۆپییەی هەبوون. حەوت لە کتێبەکانی لە کۆگادا بوون، دووانەکەی تری داواکرابوون. لە هەر کتێبێک دە- پانزە دانەی کۆکردبانەوە دەبووە قەڵایەکی بچووک. پرۆفیسۆر ئازوور کورسییەکی ڕاکێشا، پاڵتۆکەی خستە سەر، قەڵەمێکی پاندانی دەرهێنا و بە جێگیری دەستی بە واژۆکردنیان کرد. پەری قاوەیەکی بۆ مامۆستاکەی هێنا. دواتر چووە

سودچنکەوە بۆ ئەوەی لە نائاگایی ئەودا سەیری بکات.

دوای ئەوەی نیوەی کتێبەکانی واژۆ کردن ئازوور وەستا و نیگای لە پەری بڕین. "بۆچی سەری ساڵ لەگەڵ خێزانەکەت پیرۆز ناکەیت؟"

"ئەمتوانی بگەڕێمەوە" پەری وای گوت، وەک ئەوەی ئیستانبوڵ هەر لێروکانە، هەر لە پشت ئەم دەرکەیەوە بێت ئاوا بەدەست ئاماژەی کرد. "زۆریش کێشە نییە، نوئێل بۆ ئێمە هێندەش گرنگ نییە."

ئازوور نیگایەکی درێژ و کارتێکەرانەی بڕیە پەری. "واتە نیگەرانی ئەوە نیت لەم پشووەدا لەگەڵ خێزانەکەت نیت، وانییە؟"

"مەبەستم ئەوە نەبوو. مەبەستم ئەوەیە ئەم کاتەی ساڵ زیاتر بۆ خوێندکارە کریستیانەکان گرنگە." وەستا. تۆ بڵێی شتێکی هەڵەی گوتبێت؟ بە دیقەتەوە پەیڤەکانی هەڵدەبژاردن، وەک ئەوەی بەسەر سەهۆڵدا بڕوات بە هۆشیاری ڕێی دەکرد، دەوەستا و کۆنترۆڵی ئەو شوێنەی دەکرد کە پێی لەسەر دادەنا داخۆ درزی بردووە یان نا.

لەم کاتەشدا ئازوور ڕێک و ڕاست سەیری وێی کردبوو، درەوشانەوەیەک لە چاوانیدا هەبوو وەک ئەوەی تا قوڵایی ناخی ببینێت. "دایبابت دیندارن؟"

"دایکم و برا بچووکەکەم دیندارن" پەری وای گوت. "بەڵام باوکم و برای گەورەم دیندار نین."

"ئاهـ، چۆن دابەش بوونێک" ئازوور بە گرنگپێدانەوە وای گوت. "بوەستە با منیش تەخمین بکەم، تۆ لە باوکت نزیکی."

پەری نوتقی گیرا. "ئێ... بەڵێ، ڕاستە."

ئازوور سەری بادا و گەڕایەوە سەر کارەکەی.

Scanned with CamScanner

"باش، ئەی ئێوە؟" پەری پرسی، بە دەنگێکی شەرمنانەوە. "لەگەڵ ماڵباتەکەتان پیرۆزی دەکەن؟"

ئازوور وەک ئەوەی گوێی لێ نەبوویێت بەردەوام بوو لە واژۆکردنی کتێبەکانی. بۆ ساتێک جگە لە هەناسەهەڵکێشانی کۆلی، پرخەی کرپارە پیرەکە و دەنگی چرکەژمێری کاتژمێرەکە و ڕاخوشینی پێنووسە پاندانەکە بەسەر لاپەڕەکاندا هیچ دەنگێکی تر لە دوکانەکە نەدەهات. پەری ڕوانییە چەناگەی گرژبوو و چاوە دۆشداماوەکانی ئازوور. دەتگوت هەموو جەستەی و سەرتاپای بوونی لە بزاوتی بەردەوامدایە. کاتێک لەلای پرۆفیسۆر بوو نە ڕابردوو نە داهاتوو هەبوو، تەنیا ئێستا هەبوو، ئەو ئێستایەش بە زوویی تێدەپەڕی و دەڕۆیشت.

ئازوور قومێکی لە قاوەکەیدا. "خێزانی من ئیتر سپینۆزایە."

ئیتر. شێوازی گۆکردنی ئەم وشەیە نهێنییەک بوو کە نەدەبوو پەری دەستی بۆ ببات. "داوای لێبوردن دەکەم."

پاندانەکە وەستا. "وەرە با لەگەڵ تۆ ڕێککەوتنێک بکەم" ئازوور وای گوت. "تاوەکو ئێستا ئەوەندەت داوای لێبوردن لە من کردووە کە لەمەودوا شتێکی زۆر ترسناکیش بکەیت نامەوێ داوای لێبوردنم لێ بکەیت، بەڵێن دەدەیت؟"

پەری هەستی کرد دڵی قەفەسەی سنگی دەکوتێ. لەم دونیایەدا ئەوەندە سۆز و پەیمان هەبوون کە ئەگەر چیتر نەبن باشترە. سەرباری ئەمەش دوودڵی لێ نەکرد. "بەڵێن بێت."

"زۆر باشە!" دوای ئەوەی ئازوور هەموو کتێبەکانی واژۆ کردن هەستایەوە سەر پێ. "سوپاس بۆ قاوەکەت."

"تێبینییان لەسەر دەنووسم" پەری وای گوت. "تێبینی کتێبی واژۆکراو."

"زۆر باشە" ئازوور بە پێکەنینەوە وای گوت. ئاوڕی لە سەگەکەی دایەوە. "دەی سپینۆزا!"

پرۆفیسۆری قژبۆر و کۆلی تووک درێژ وەک ئەوەی چەندین ساڵ دۆستایەتی باشی خۆیان پەرە پێدابێت ڕووەو دەرکە هەنگاویان هەڵێنا. ئازوور لەو دەمەدا کە دەستی بۆ کیلۆنی دەرکەکە برد وەستا و ئاوڕی دایەوە، سەیری پەری کرد. "بڕوانە چی دەڵێم، چەند هاوپیشە و یاریدەدەرێکین لە شوێنێک کۆدەبینەوە و نان دەخۆین، یەکێک لە یاریدەدەرەکان هاوتەمەنی تۆیە. حەزی پێ دەکەیت. پێویست ناکا شەوی سەری ساڵ بەتەنیا بیت. بەریتانیا شوێنێکی سەیرە. وا لە مرۆڤ دەکات هەم هەست بە ئازادی بکات هەم بە تەنیایی. دەتەوێ لەگەڵمان بێیت؟"

پەری هێشتا هیچی نەگوتبوو کە ئازوور دەفتەری تێبینییەکانی دەرهێنا و لاپەڕەیەکی لێ کردەوە، ناونیشان و کاتی خوانەکەی لەسەر نووسی.

"بگرە. بیرێکی لێ بکەرەوە، خۆت مەخە ژێر فشارەوە. ئەگەر حەزت کرد وەرە. هیچ شتێکیش لەگەڵ خۆتدا مەهێنە. نە گوڵ، نە شەڕاب، نە لوقمی تورکی، تەنیا خۆت بێنە."

دەرکەی کردەوە و چووە دەرێ. بەفر دەباری. کلوەبەفرەکان بێ پەروا لەگەڵ بادا بڵاودەبوونەوە، بە جۆرێک دەتگوت لەباتی ئەوەی لە ئاسمان ببارن، لە زەوی بەرز دەبوونەوە. ئۆکسفۆرد لە شاری نێو شووشەبەفرین دەچوو.

"ئاوازەیە!" ئازوور لەبەر خۆیەوە وای گوت.

"زۆر جوانە" پەری لەبەر دەرکە بەم قسەیە پەسندی ڕایەکەی ئازووری کرد، بێدەنگانە. دواتر شتێکی چاوەڕوانەکراوی کرد. کات درەنگە، کەشوهەوا ساردە، ئازوور خەریکە دەڕوات، خۆیشی لە حاڵێکدا بوو کە قۆڵەکانی بلووزە خورییەکەی هێنابوونەوە سەر سنگی و هەڵدەلەرزی، لەپڕ لەبارەی کتێبەکەی

ئازوورەوە دەستی بە قسەکردن کرد. کاتێک قسەی دەکرد هەڵم لە دەمی دەهاتە دەرەوە. خۆی پێ نەگیرا:

"پرۆفیسۆر، شتێک هەیە لێی تێناگەم. دەڵێی ژیانی ئێمە یەکێکە لە هەزاران ئەو ژیانانەی کە دەگوزەرێندرێن. دەڵێی کە بە قووڵی هەمووومان ئەو ڕاستییە دەزانین. واتە لە هاوسەرگیرییە بەختەوەرەکان و هەر کارێکدا هەمیشە گومانێک هەر هەیە. دردۆنگییەک. ڕێگەیەکی تر.. ڕێگەی تر -هەمووومان- هەڵمانبژاردبا هەمووومان خولیامانە بزانین. دەڵێی کە خوداوەندی نێو سەرمان و زۆربەی بیرۆکەکانی خوداوەندیش هەموویان هەر یەکن. واتە 'چ ئەتایست، چ دیندار بین، لەبارەی پرسی خوداوەندەوە هیچ جیهانێک بۆ هەڵسوکەوتێکی دۆگمایانە نییە' وادەڵێیت."

"ڕاستە" ئازوور وای گوت. لە کاتێکدا لە چاوی بە سیمای پەریدا دەگێڕان. سەرسام بوو لەوەی کچەکە توانیبووی لە پڕ هێندە باش گوزارشت لە هەستی خۆی بکات.

"بەڵام لەم دونیایەدا زۆر کەس هەن هاوشێوەی دایکی من پشتەستوورن بە دین و لەوێ هێزی بەرگرتن وەدەستدەهێنن. بەتایبەت ژنان. ئەوان وادەزانن کە تاکە یەک ڕێگەی گەیشتن بە خوداوەند هەیە وە بڕوایان وایە هەر خۆشیان ئەو ڕێگەیە دەزانن. ئێستا ئاخۆ هیچ مانایەکی دەبێت ئەگەر بەو مرۆڤانە بڵێین 'بۆ فیکری دیکەش کراوەبن، هێندە دڵنیامەبن لە ڕاستینەکانی خۆتان' ؟ ئاخۆ ئەوەی دەستی پێوەدەگرن لە دەستیان دەربهێنین؟ ئەگەر بڕوایەک نەبوایە دەستی پێوە بگرێت، دایکم شێت دەبوو."

"بەبێ لێتوێژینەوە و خوێندنەوە، تەنیا بڕوابوون بە لەبەرکرد و ئەزبەرکردن بژاردەی ڕێگەی کەسێک کە هێشتا لە منداڵی

خۆی تێنەگەیشتووە و هەموو تێگەیشتنی خۆی ئاراستەی خوداوەند دەکات، کە ئەمەش بە تاکە ڕێگەی باڵا دادەنێت، ئەمە ساویلکەییە. هەرچی ڕەهاییە لاوازییە" ئازوور وای گوت. "دینداریی ڕەها و ئەتایزمی ڕەها. بۆ من هەردووکیان بە هەمان ئەندازە کێشەدارن. کاری من ئەوەیە هەر بێبڕوایەک کەمێک بڕوا و هەر بڕوادارێکیش کەمێک گومانی تێکەڵ بکەم. شێواندنی سنوورەکان و لێکۆڵینەوە لە کاتەگۆرییەکان."

"بەڵام بۆچی؟"

دەتگوت نیگاکانی ئازوور ئەویان دڕی. "چونکە یەکجۆری شتێکی باش نییە بۆیە. لە شوێنێک یەکجۆری هەبوو نە فەلسەفە سەرهەڵدەدات، نە هونەر." کلووێک بەفر هات و لەسەر کڵاوەکەی کەوت، یەکێکی تریش کەوتە سەر قژی. "بڕوانە، بڕوادارەکان لە بەهای بیری ڕەخنەگرانە و گوماندار تێناگەن، لە دونیای زانستیشدا ژمارەیەکی زۆر ئەکادیسمیست بڕوا بۆ مرۆڤ بە گرنگ نازانن. هەرچی منم بەدوای زمانێکی تەواو نوێدا وێڵم. دەمەوێ هەموو هەستەکانم لەسەر پێ بن، ئەها وەک ئەو ئەختەبووتە ناوازەیە. فەلسەفە، شیعر، هونەر، زانست... تێکەڵ بکەین. با دوالیزم لەنێو ببەین. لەم سەردەمەدا هێندە سەری خۆمان بە ناسنامە یاساکان و جیاکارییەکان شێواند تا لە فەلسەفەی خوداوەند دوورکەوتینەوە. ئەدی ئەگەر لە هەموو شتێک بەهەڵە تێگەیشتبین چی؟"

ئیتر هیچ شتێک نەمابووەوە بۆ گوتن. ئازوور دەستی ماڵئاوایی بەرز کردەوە و پەریش بەسەر ئاماژەی دایەوە. پیاوەکە و سەگەکە بەنێو ئەو تاریکییەی لەبەردەمیاندا درێژ دەبووەوە ڕۆیشتن. پەری لە ناخیدا لاوازی و لە هەناسەشیدا هەستی بە شێواوی کرد. لە کەناری شتێکی پڕ نهێنیدا ڕاوەستا بوو. هەم

خرۆشا بوو هەم دەلەرزی. تا لە سووچێکدا پێچیان کردەوە لێیان ڕامابوو. ئەمە ساتێکی ئاسایی نەبوو. مرۆڤ هەمیشە ئەو ساتەی دەناسییەوە کە تێیدا خۆی ڕادەستی عەشق دەکرد.

Scanned with CamScanner

# فاڵچی

ئیستانبول، ٢٠١٦

هەر کە گەڕایەوە ژوورەوە، بـۆنی ئەو عەتـرە گرانبەهایـانە تێکەڵ بە بۆنی قـاوە و دووکەڵـی چرووتەکـان هـاتە بەر لـووتی پەری. هێشتا کە هۆشی بەلای ئەو پەیامە دەنگییەوە بـوو کە بۆ شیرینی بەجێهێشتبوو، لەپڕ لە چەند مەترێک وێوەتر فـاڵچییەکەی ڕەچـاو کـرد. پیـاوەکە بە پێکەنینـێکەوە کە لە حـاڵی خـۆی خۆشـنوود بێـت و بە فەنتازیـای سـوڵتانێکی ڕۆژهەڵاتـی گرۆتسیک[1]ـەوە دانیشتبوو، ئەو ژنانەی دەیانەویست خۆی لـێ نزیکتر بخەنەوە هەموویان بەسـەر قەنەفەیەکەوە داچەمـابوونەوە و وەک ئەوەی ئامێزیـان کردبێـت لەسـەر قەنەفەیەک دانیشـتبوو. بەڕێوەبەری پشکی پیتاکی کۆمپانیا ئەمریکییەکەش بە نائارامییەوە چاوەڕێی ئەوەبوو قاوەکەی بۆ بخوێنێتەوە.

پەری بەبـێ لەبەرچـاوگرتنی یاسـا کۆمەڵایەتییەکـان بە ئاڕاستەی ئەو شـوێنە ڕۆیشـت کە پیـاوان تێـدا کۆبووبـوونەوە. لەژێـر هەوری ئەو دووکەڵە خۆڵەمێشـی- شـینەی چرووتەکـان دروستیان کردبوو، لەناوەڕاستی گـرووپەکەدا لە هەمبەر مێردی دانیشت.

عەدنـان دەسـتی خسـتە سـەر شـانی پەری و بە هێواشـی

---

(1) شێوازێکی هونەری تێکەڵکێش و تەنزئامێزە.

ڕایگوشی. پەریش دوو جار دەستی ئەوی گوشی. ئەمە مانای "باشم" بوو.

"ئەمە لە شوێنێک بنووسن، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیسانەوە شێوەی پێ دەدرێتەوە" لەو کاتەدا بیناسازە نەتەوەپەرستەکە وای دەگوت. "هێزە ڕۆژئاواییەکان پڕۆژەی مەزنیان هەیە."

"ئاه، هەرگیز نایانەوێ مسوڵمانان بگەنە خۆشگوزەرانی" موحافیزکارە خاوەن دەزگا میدیاییەکە وەها هاتە نێو قسان.

"بەڵێ، بەڵام تورکیا چیتر هەمان تورکیا نییە." بیناسازەکە وای گوت. "بەرخی خەواڵوو نین چیتر. هەرگیز کوشتەی ئەوروپاش نین. هێندە لە ئێمە دەترسێن و ئەو ناوە وەها دەشێوێنین هیچ نامێنێ نەیکەن."

ڕوون بوو کە خاوەن دەزگا میدیاییەکەش لەسەر هەمان باوەڕ بوو. "ئەوان دەزانن چۆن فەسادی بڵاودەکەنەوە، پەنجە بە دوگمەیەکی نەبینراوەوە دەنێن، هەموو شتێک لەپڕ گڕ دەگرێتەوە، خوێن و توندوتیژی. پێویستە هەموومان هۆشیار بین."

پەری کە ئەم جۆرە قسانەی بە جددی وەرنەدەگرت و نەیدەتوانی هەزمی تیۆرەی پیلانگێڕیی بکات، هەستا. چووە کونجەکەی تری ژوورەکە و لە گرووپی ژنان نزیک بووەوە.

ژنە ڕیکلامکارەکە هەر کە ئەوی بینی نوشتایەوە و دەستبەجێ قسەیەکی چرپاندە گوێی فاڵچییەکە. پیاوەکە ئەبرۆکانی هێنانەوە یەک و گوێی لە قسەکانی گرت. دواتر سەری بەرزکردەوە و تەماشای پەری کرد.

"بۆچی میوانەکەتان نایەت لەگەڵمان بەشدار بێت؟" فاڵچییەکە لە ژنە بازرگانەکەی پرسی، لە نزیکی ئەو دانیشتبوو و

پۆنپۆنی لە کۆش نابوو. هاوشێوەی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە بە بەهەندوەرگرتن و گرنگی پێدان ڕاهاتوون و هەر کەسێک گرنگیان پێ نەدا هۆشیان بەسەر ئەوەوە دەبێت، ئەویش وابوو بەرانبەری. واتە بەرانبەر پەری.

ژنە بازرگانەکە دەستبەجێ هەستایەوە سەر پێ. دەستێکی لەژێر سکی پۆنپۆن وبە دەستەکەی تری پەری گرت و بە نەرمی، بەڵام بە پێداگرییەوە لە میوانە شەرەفمەندەکەی نزیکخستەوە.

"لەگەڵ پەری یەکتر دەناسن؟" ژنە بازرگانەکە بە فاڵچییەکەی گوت. "ئەویش وەکو ئێوە درەنگ هات. لە ڕێگادا کە هاتووە تووشی ڕووداوێک بووە."

"خۆتان سەلامەت بن. وادیارە بێبەڵا لێی دەرچوویت" پیاوەکە وای گوت. کە ئەمەی دەگوت سەیری دەستی باندجکراوی پەری دەکرد.

"شتێکی وا نییە..." پەری وای گوت.

"پێموایە هەقی پێدانی دیارییەکت هاتووە دوای ئەو هەموو نەهامەتییە. با بزانم داهاتووی تۆ چی تێدایە..." کاتێک هەستایەوە سەر پێ چاوێکی لێ داگرت و ئەمەیشی بۆ زیاد کرد: "بە بەلاش."

ئەو دوو ژنەی کە لە هەردوولای پیاوەکە دانیشتبوون و بە نائارامییەوە چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکرد -خۆشەویستی ڕۆژنامەنووسەکە و ژنە ڕێکلامکارەکە- خۆشیان لەم کارە نەهات.

"با سەرقاڵتان نەکەم. هەن بەر لەمن چاوەڕێی نۆرەی خۆیانن." پەری وای گوت.

"تکا دەکەم. من بۆ هەمووان لێرەم." وەک ئەوەی پلانی

هەبووبێت شتێکی تر بڵێت، بەڵام دواتر لە ناخی خۆی پەنگی پێدایەوە وابوو، خەندەیەک سیمای پیاوەکەی تەنی.

"سەرباری ئەوەش حەز ناکەم سەیری فاڵ و شتی وام بکەیت." پەری بە پێداگرییەوە ئەمەی گوت.

پیاوەکە پێکەنی، بەڵام ترووسکەیەکی تیژ چاوانی داگرت. "بیست و پێنج ساڵە ئەم کارە دەکەم. هێشتا ژنێکم نەدیوە نەیەوێ داهاتووی خۆی بزانێت."

" باشەی ئەی ڕابردووت؟" ژنە ڕیکلامکارەکە بە سوودوەرگرتن لەو دەرفەتە وای گوت.

"زۆر بڕوام بە شتی وا نییە" بە بوێرییەکی کتوپڕەوە وای گوت. "حەزیشم لێی نییە."

"تێدەگەم" پیاوەکە وای گوت و دەستی ڕاگرت. "لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵم بە ناسینتان."

پەری کە هەر وا ڕاوەستابوو وەک کاردانەوەیەک دەستی بۆ درێژ کرد. لەباتی تەوقەکردن فاڵچییەکە مەچەکی گرت، چەند چرکەیەک هەروا گرتبووی. دەتگوت شتێک لەنێوانیان ئاڵوگۆڕ بوو -هەستێکی دەرزیئاژنکردن، دەتگوت دەیان دەرزی هاوکات تێراچوون."

"بڕوا بە فێڵبازان مەکەن" پیاوەکە وای گوت. "بەڵام بڕوا بە فاڵچی ڕاستەقینە بکەن."

"ئای، فاڵچی ئێمە باشترینە، لەوانی تر ناچێت" ژنە بازرگانەکە بەمە پشتگیری لێ کرد.

"باشترە بۆ کاتێکی تر" پەری بەدەم کشاندنەوەی دەستی خۆی وای گوت.

هێشتا هەنگاوێک وەدوورنەکەوتبووەوە کە فاڵچییەکە لە پشتی پەرییەوە دەنگی هەڵێنا. "بیری کەسێک دەکەیت."

پەری لەسەر شانییەوە لە پیاوەکە ڕاما. "چیتان گوت؟"

پیاوەکە زیاتر لێی نزیککەوتەوە. "کەسێک کە خۆشتدەوێت، ئەو کەسەی لەدەستت داوە."

پەری بەخێرایی هۆشی کۆکردەوە. "بێگومان هەمان شتە، ئەمە بۆ نیوەی ژن و پیاوانی دونیا ڕاستە."

فالچییەکەی بە دڵخۆشییەکی ساختەوە بەدەنگ پێکەنی. "بەڵام ئەمە جیاوازە."

پەری بەبێ ئەوەی هۆشی بەسەر خۆیەوە بێت هەردوو قۆڵی لەسەر سنگییەوە لێک هەڵپێکان. سووربوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەو پیاوە زیتر لەسەری بڕوات.

"یەکەم پیتی ناوی ئەو کەسە دەبینم" فالچییەکە وای گوت، وەک ئەوەی نهێنییەکی پێ بڵێت دەنگی نزمکردەوە، سەرباری ئەوەش هەموو ژنەکان گوێیان لێ بوو "پیتی ئا."

"زۆربەی ناوی پیاوان بە ئا دەستپێدەکات" پەری وای گوت. "لە هەموو دونیادا."

"هممم. دەزانی چی دەکەم، بۆ ئەوەی شەرمەزارت بکەم بە بەرچاوی هەمووانەوە لەسەر پارچە قوماشێک دەینووسم."

"کچەکەم ڕاکە!" ژنە بازرگانەکە بە جووکەیەک وای گوت. "قەڵەمێکمان بۆ بێنە، پەلە بکە!"

ژنە ڕێکلامکارەکە بە بەدییەوە خۆی خستە نێو قسان: "مادەم حیکایەتێکی کۆنە، دەبوو ئێمەش بیبیستین."

"کێ گوتوویەتی کۆنە؟" فالچییەکە وای گوت، بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر پەری هەڵبڕێت. "هێشتا زیندووە، تازەیە، هەناسە دەکێشێت. ڕابردووی ئێستاش هەرمانە."

هەرچەندە لە ناخی پەریدا فرتەنە بوو، بەڵام سەرکەوتوو بوو لەوەی ئارام دیاربێت. تاکە خواستی ئەوە بوو فالچییەکە

Scanned with CamScanner

دەستبەرداری بێت. نەک تەنیا هەر ئەو، هەموو ئەو ژن و تەواوی ئەو پیاوانە و ئەو شارە پشێوییی دوانەهاتووەش... لەو ساتەدا قەستی بوو لە هەموویان دوور بێت.

خزمەتکارەکە، بەو شتەی داوا کرابوو هێندە بە خێرایی گەڕایەوە ئەوەی بینیبای دەیگوت چاوەڕێی ئەو ساتەی کردووە. فالچییەکە بە جوڵەیەکی نمایشکارانەوە، پەڕۆیەکەی وا کۆکردەوە بە جۆرێک ئەوانی تر نەیبینن شتێکی لەسەر نووسی.

"با دیاری من بێت" کاتێک دایە دەستی پەری وای گوت.

"باشە، سوپاس."

دیسانەوە ناپێویستانە سوپاسی کردەوە. وەک ئەوەی بخوازێت تیۆریەکەی ئازوور وەراست بگێڕێ. لە ژنان وەدوورکەوتەوە، دووبارە چووە پێش بێلاییەکە. سەیری دەریای کرد. دەمێک بوو بەلەمی ماسیگرەکان ڕۆیشتبوو. ئۆتۆمبێلێک بە دەنگی بەرزی ماکینەکەیەوە بەڕێگادا تێپەڕی، لە جامە کراوەکانییەوە هوررژم دەنگی مۆسیقا دەهاتە دەرەوە. دەبێ کێ بێت بەم درەنگانی شەوە هێندە بەرز دەنگی داینێتە میوزیک؟ پیاوێکی چۆنە (هەر پیاو بوون ئەو شۆفێرانەی کاری وا دەکەن)؟ دەبێ چ شتێک هۆکاری ئەوە بووبێت کەسێک بە ویستی مەیدانخوازیکردن لەگەڵ شاری خەوتوو و شەودا گۆرانییەک بە زمانێکی بیانی، وەک ئەوەی مارشی خۆی بێت تا دوا ئاست دەنگی بەرز بکاتەوە و لە ڕێگە چۆڵەکان وەها بە خێرایی لێبخوڕێ؟

ئەو پەڕۆیە دەقکراوەی فالچییەکە پێیدا کردییەوە. لەسەری، لەسەر ئەو ڕووە چرچبووەیدا سێ فیگوری ژنانەی کێشا بوون - هاوشێوەی سێ مەیموونی زانا. شیرین، *مونا*، پەری... لەژێر ناوی یەکەم و دووەمدا ئەمانەی نووسی بوون: "شتێکی خراپی

بینی: "شتێکی خراپی بیست." لەژێر ناوی سێیەمیشدا ئەم ڕستەیە نووسرا بوو: "شتێکی خراپی کردا!"

پەری بە دیقەتەوە لە ئاژەڵەکە ڕاما. دەستێکی بانجەدی پێوە بوو. بەڵێ، هیچ گومانێک نەبوو. مەیموونی سێیەم، ئەو مەیموونەی کارێکی خراپی کردبوو، خۆی بوو.

# بەشی چوارەم

Scanned with CamScanner

# تۆو

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١

لە ڕۆژی کۆتـــایی ئەو ســـاڵەدا پەری شـــوێن بەخـــۆیەوە نەیدەگرت. سـپێدە بـۆ ڕاکـردن چـووە دەرەوە، بەڵام چەنـدی کردی نەیتوانی ڕیتمی ڕاکردنی خۆی کۆک بکات، بۆیە ناچار وازی هێنـا. کاتێـک لەسـەر مێـزەکە دانیشـت بە هیـوای ئەوەی شتێک بخوێنێتەوە وشەکان لەسەر لاپەڕەکان بووبوونە مێرووله و دەجولانەوە. نەیدەتوانی جەخـت بکـات. گەدەی دەخوێـولایەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی هەر کاتێک شپرزە دەبوو زیـاد لە پێویست مەیلی بەلای خواردنـدا دەچـوو دەترسـا ورگـی بئاوسێت. بۆیە هەولیدا ئەو ڕۆژە تەنیا بە خواردنی سێو و پرتەقاڵ بەسـەر بیـات. بۆ ئارامبوونەوە گوێی لە ڕادیۆ دەگـرت. گـوێی لە هەواڵەکـانی دونیا، هەواڵە بەلگەنامەییەکـان، گەنگەشـە سیاسییەکان، بگـرە لە BBC تەواوی دۆکیـۆمێنتەرییەکی لەبـارەی ئیمپراتـۆریەتی ئازتیکەکان[1] گوێ لێگرت. هیچیان نەیـانتوانی کەمێـک هۆشـی

(١) شارسـتانیەتی ئازتیکەکـان بە شارسـتانی مرۆڤخۆرەکـان ناسـراوە، هەنـدێک لە مێژوونووسـان گەلـی ئازتیـک بە تـۆقێنەرترین گەلـی مێـژوو لەقەڵەم دەدەن، هەندێک کەسیش نەریت و ئاینەکەیـان بە بێڕەحمـانەترین نەریت و ئایین دادەنێن. ئەوان لە ناوەندی مەکسیکی ئێستا نیشتەجێ بـوونە. ئەوان دەسـتڕەنگین بـوونە لە هـونەری تەلارسـازی ونەخشـو نیگـار و شارسازیدا. پایتەختەکەیان تینوچتیتلان لە ئەمریکـای کۆنـدا بە گەورەتـرین شـاری سـەردەمی خـۆی دانـراوە، کە هەرەم و پـرد و کەنـاڵی ئـاوی و باخچەی سەرئاوکەوتوو و پەرستگەی سەرنجڕاکێشی تێدا بوە و نـزیکەی

پەرت بـکەن. بەردەوام بیـری لە ژەمەکەی ئێـوارە دەکـردەوە. تۆبڵێی چی ڕوویدات، چۆن تێبپەڕێت؟

دواجار کاتی خۆئامادەکردن هات.

بۆ ساتێک لەهەمبەر ئاوێنەدا هاوشێوەی ئەو ژنانەی ماکیاژ نـاکەن و ناشـزانن بـیکەن تووشـی هەمـان سترێسـی ئەوان بـوو. ماسکارا، قەڵەمی چاو ڕەشکردن، سووراوی درەوشاوەی لێو، هەر هێندەی کرد. لە دەموچاوی خۆی ورد بوویەوە. ئەو بە هێڵە بەرچاوەکانی، لێوە پڕ و چاوە گەورەکـانییەوە کچێکـی جوان بوو، سەرباری ئەمە ئەو لاگیری ڕالەخۆنەبوون بـوو. بۆ نمـوونە ئەو لـووتەی لە دایکیـیەوە بـۆی بە میـرات مـابووەوە. ئەگەر کەلـوپەلە جوانکارییەکـان لەبارییانـدا هەبـووایە کە لووتیشـی شووشـوباریک نیشـان بـدەن، بەڵام ئەو بچـووکترین بیـرۆکەی نەبـوو تـا بزانـێ چـۆن دەکـرێ. ئەگەر شـیرین لەلای بـوایە پێشنیارێکی بۆ دەکـرد هەڵـبەت. بەڵام ئەگەر شـیرینیش لەلای بـوایە ڕەنـگە شـیرین نەیتوانییـا بچێـتە ژوانـی خـوانی ئـازوور. پرۆفیسۆر پێی گوتبوو پێویست *ناکا شەوی سەری ساڵ بەتەنیا* بیـت. خوایـار بەهـۆی ئەوەی بەزەیـی پێـدا هـاتووەوە داوەتـی نەکردوە.

خەمێ لە هەموو خەمان گەورەتر ئەوەبوو کە چی بپۆشێت! بەهۆی ئەوەوە نـا کە زۆر بژاردەی لەبەردەسـت بـوون. بەهـۆی ئەوەوە بـوو کە چەنـدی دەیکـرد نەیـدەتوانی بڕیـار بـدات. بەو چەند پارچەیەی بەردەستی چەندین شێوە و فەسـاڵی لێکهێنـان و دانە دانە دەیگـۆڕین. مینیژۆپێکـی کـاوبۆیی ڕەش و بلـووزێکی دەڵب، بلـووز و کـۆت پـانتەڵۆن، کـۆت پـانتەڵۆن و چـاکەتێکی

---

دووسـەد هەزار کەس تێـدا ژیـاون. شارسـتانییەتەکەیان لەسەردەسـتی ئیسپانییەکان لەنێوچووە. (و. ک)

شین... نەیدەویست وەکو خوێندکارێک دیار بێت، بەڵام ئاشکرایی ئەوەی کە نایەوێ وەک خوێندکار دیار بێت زۆر خراپتر بوو، ئەوەی قەت نەدەویست. دوای ئەوەی گیشەیەک لە جلوبەرگ لەسەر تەختەخەوەکەی هەڵدرابوونە سەر یەک، دواجار لەسەر مینیژۆپێکی قەدیفەیی و بلووزێکی شینی ئاسمانی شێوە کەشمیری (کە کەشمیریش نەبوو) یەکلا بووەوە. پۆشاکەکەی بە ملوانکەیەکی مووروویی شین بە کام گەیاند.

ئەگەرچی ئازوور پێی گوتبوو هیچ شتێک لەگەڵ خۆی نەبات، بەڵام لە دایکییەوە ئەوە فێربووبوو هەرگیز بە دەستی بەتاڵ نەچێتە هیچ میواندارییەک. لە پاستەخانەیەک هەشت تورتەی بچووکی کڕین. لەناخەوە داخی هەڵکێشا، ئەمە لەکاتێکدا پاستایەکی بچووکی کڕیبا زۆر هەرزانتر دەکەوت.

چوو لە وێستگە وەستا و چاوەڕێی کرد. هێندەی پێ نەچوو ئۆتۆبووس هات. بەڵام پەری لەشوێنی خۆی نەجما. لە شوێنی خۆیدا وەستا و چاوەڕێی کرد داخۆ دەرکەکانی ئۆتۆبووسەکە دەکرێنەوە ناکرێنەوە. دواتر گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. مینیژۆپ و بلووزەکەی داکەند. لەباتی ئەمانە عەزێکی ڕەشی درێژ و پووتی ئەستووری لەپێ کردن. ئاوا باشتر بوو.

* * *

ئازوور لە دەرەوەی شار، لەسەر شەقامی وودستۆک ـەوە بە ئاراستەی سەرەوە بە ئۆتۆبووس نزیکەی بیست دەقیقەیەک دوور لە گوندی گۆدستۆو نیشتەجێ بوو. ئەوێ بەهاران ئەو دەشت و دەرە یەکپارچە سەوزایی لەخۆبایییانە دایدەپۆشی. پێدەچوو لە سەرووی تەپۆلکە بە چیمەن داپۆشراوەکانەوە

قوللـەکانی ئۆسـکفۆرد دیمەنێکـی ناوازەیـان سـازاندبێت، بەڵام ئێسـتا تاریکـایی دایپۆشـی بـوو. لەو سـاتەدا کە پەری لە ئۆتۆبووسەکە دابەزی دووبارە بەفر دەبارییەوە. کلـوە گەورەکـان بەسەر قژ و مـانتۆیەکەی دەنیشتنەوە. سەرسام نەبـوو بەوەی کە هیچ ماڵێک دیار نەبوو. دەیزانی پرۆفیسۆر دیوێکی یـاخی و ڕام نەبووی هەیە.

مـاڵێکی بەردینـی دیـار و بەرچـاو بـوو بە ڕووکـارێکی لێکچووەوە. دروست هاوشێوەی خاوەنەکەی ئەستەم بوو بزانیـت خانووەکە تەمەنی چەندە. لە شوێنێک دەچوو کە ڕابـردووی پڕ هەڵچـوون و داچـوون و حیکـایەت بێـت. پەری بەدرێژایـی ئەو پیادەڕێیەی لە هەردوو بەریدا بە درەختی گەڵاوەریـوی داربەڕوو هەبوون بە دیقەتەوە، بۆ ئەوەی هەڵنەخلیسێ هەنگاوی دەنـا. با دەگەییە سەر ئێسقانی. دەلەرزی، بەڵام ئەم لەرزە چەنـدە بەهـۆی باوە بوو هێندە بەهۆی خرۆشانەوە بـوو. بە نیگەرانییەوە وەسـتا و ئاوڕی بۆ وێستگەی ئۆتۆبووسەکە دایەوە. تۆ بڵێی نیوەشەو چۆن بتـوانێ بگەڕێـتەوە؟ بەڵام هەر چۆنێـک بێـت چەنـد کەسـێکی ئۆکسـفۆرد لە ئـاهەنگەکە هەر لێـوو، یەکێـک لە میوانەکـان نەزاکەتی ئەوەی نیشان دەدا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بیگەیەنێتەوە. هاتبا و دایکی بەم حاڵەیەوە بیدیبا جا چەندە بە عەیبەی دەزانـی! هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. دیسان هەمان شتی کردەوە: هۆش، خەیاڵ و وەهمەکانی ئاڵۆسکان. هێشتا ئێوارەکە نەهـاتبوو، بەڵام ئەو هەر لە ئێستاوە بیری لە کۆتـاییەکەی دەکـردەوە و نیـگەران بووبوو.

ئەو ڕۆشـناییەی لە پەنجەرەکـانی بەشـی پێشـەوەی مـاڵەکەوە دیـاربوون گەرم و ڕەنـگ هەنگـوینی بـوون. پەری قوتـووی پاستایەکەی بە سنگییەوە نا و لەبەر دەرکە ڕاوەسـتا و گـوێی بۆ

ئەو دەنگەدەنگە گرت کە لە ژوورەوە دەهات: گفتوگۆیەکی کەیفسازانە، قاقای پێکەنین و بەرزبوونەوەی دەنگی میوزیک بوون.

لەپڕ گوێی دەنگێک بوو. هەرچەندە ئاوڕی دایەوە و تەماشای ڕێگەی پشت خۆی کرد بەڵام نە دەنگی ئۆتۆمبێلێک نە دەنگی پاسکیلسوارێک دەهات لەنێو ئەو کەشوهەوا خراپەدا. لەو دەمەشدا بەشێک لە هۆشی ئەوەی پێ دەگوت کە دەنگەکە لە نزیکتر هاتووە. چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. چاوی چووە سەر ئەو دڕک و داڵە بەرزانەی لەلای دەستە چەپی بوون. تاریکاییەک، لە شوێنی خۆیەوە سڕ بوو. دڵی خێراتر لێیدەدا. ئیتر دڵنیا بوو. لەوێ کەسێک خۆی حەشارداوە.

بە شڵەژاوییەوە دەنگی لێ هەڵێنا: "کێ لەوێیە؟"

تارماییەک لە پشتی دڕکەکانەوە هاتە دەرەوە. هەنگاوێکی هەڵێنا.

"ترۆی، ئەوە تۆیت؟"

کوڕەکە شەرمەندە و زەردهەڵگەڕاو دیار بوو.

"خودایە، منت ترساند" پەری وای گوت. "ئەوە نەکا شوێنپێی منت هەڵگرتبێت؟"

"هی تۆ نا شێتە!" ترۆی وای گوت، بە سەریش ئاماژەی بۆ ماڵەکە کرد. "من بەدوای ئەو ئازوورە شەیتانەوەم." وەستا. "تۆ چ کارێکت هەیە لێرە؟"

"بانگهێشت کراوم" پەری وای گوت. "دیارە بە دزییەوە تاقیی مامۆستا دەکەیت! زۆر عەیبە!"

"پێمگوتی، ئەو هەتیوە دەدەمە دادگا. پێویستم بە بەڵگەیە."

لەو دەمەشدا دەنگی قاقایەک لە ژوورەوە بەرز بووەوە. ترۆی یەکپێ ڕایکردەوە نێو دڕک و داڵەکە. "تکایە بە هیچ کەس مەڵێ کە منت لێرە دیوە." ئاوا لێی پاڕایەوە.

پەری ئەبرۆکانی تێکنان. "بڕوانە، مافی ئەوەت نییە ئەم کارە بکەیت. دەچمە ژوورەوە و دە دەقیقە چاوەڕێت دەکەم. دواتر دێم و دیسان چاو بێرەدا دەگێڕم. ئەگەر تا ئەوکاتە نەڕۆیشتبی، سوێند دەخۆم بە ئازوور دەڵێم. بەڵکە تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات."

"دەی باشە، ئۆفف!" ترۆی وای گوت، دەستەکانی هەڵبڕین. "تەقەکە مەکە، ئەوە دەڕۆم."

پەری بەمشێوەیە کوڕەکەی بەجێهێشت. ڕووەو ئەو دەرگە ڕەنگ بنەوشەیی، زومڕوودی و نیلییە وەرچەرخا. لە ناوەڕاستی چوارچێوەی دەرگاکەدا نەخشەسازییەک هەبوو: هەمان شێوە بوو کە لە ئۆفیسی ئازوور -وە ژووری شیریندا بینی بووی- ئەمەی سیمبولی چی بوو؟

بە خێرایی زەنگی لێدا. زەنگەکە لەسەر تۆنی دەنگی باڵندەیەک بوو. نەک هاوشێوەی دەنگی خوێندنی کەنارییەکی شیرین یاخود بولبوولێکی ئەفسوونی نەبوو، دەنگی خوێندنی بایقوشێک بوو کە هەواڵی هاتنی میوانێکی ڕەزاگرانی دەدا. ئەو هەراوزەنایەی لە ژوورەوە دەهات بۆ ساتێک کپ بوو، دواتر بە هەمان خێراییەوە دەستی پێکردەوە. لە جامی نێو دەرکەکەوە سێبەرێک دەرکەوت. نزیکبوونەوەی دەنگی پێ. پەری ویستی بریسکەی سەر لێوەکانی بسڕێت، بەڵام تازە درەنگ بوو.

دەرکە کرایەوە.

ژنێک، بەجۆرێک کە دەروازەکەی داخستبوو، دەرکەوت. کچە قژزەردێکی باڵابەرز و خودان بەدەنێکی جوان بوو. بە خەندەیەکی نەخشینەوە سەرتابەخوار لە پەری ڕاما. دەیزانی کە سێکسی دیارە، ئەو عەزیە ڕەنگ شینی ئاسمانییە بێ لاچکەی لەبەری کردبوو هاوشێوەی کاتژمێری لمین درزی مەمکەکانی

دەرخستبوو. "دڵنیام کە ئەکادیمیست نییە." پەری لەبەر خۆیەوە وای گوت. دڵخۆش بوو بەوەی کە بلووزە شینەکەی گۆڕی بوو. لەبەر هەر هۆکارێک بووە نەیدەویست هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو ژنە هەبێت. ئەو شتە ئەگەر ڕەنگی جلوبەرگیشی بووە.

کاتێک ئازوور سەردانی کتێبفرۆشییەکەی کردبوو گوتبووی جگە لە سپینۆزا هیچ کەسێکی تری وەک خێزان نییە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نەدەهات کە خۆشەویستیشی نییە. نەکا ئەو قژزەردە ژنی بێت؟ ئەگەرچی ئازوور ئەڵقەی هاوسەرگیریشی لە پەنجەدا نەبوو، بەڵام خۆ ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە لەم سەردەمەدا هەموویان ئەڵقە ناکەنە پەنجەیان. دەبێ بۆچی پێشتر ئەوەی بەبیردا نەهاتبێت داخۆ هیچ کەسێک لە ژیانی پرۆفیسۆردا هەیە یان نا؟ ڕوخساری پەری کەمێک گرژ بوو.

"بەخێر بێیت! چەند جوان و گەنجیت" ژنەکە وای گوت. فوتووەکەی لە دەستی پەری وەرگرت. "دبێ تۆ ئەو کچە تورکە بیت، باسی دەکەن."

دروست لەو کاتەدا ئازوور وەک هاوەنێکی مینیاتوور دەرکەوت، شووشەیەکی نەکراوەی شەرابیشی بەدەستەوە بوو. چاکەتێکی خوری-کەشمیر ی یەخە بەرزی ڕەنگ دارچینی لەبەردا بوو. لە ڕۆشنبیری فەرەنسی لویس ئاڵتۆسێر دەچوو - دروست لەو کاتانەی پرۆفیسۆر دەچوو کە هێشتا ژنەکەی خۆی نەخنکاندبوو.

"پەری، دیارە هاتیت!" پرۆفیسۆر بە دڵخۆشییەوە وای گوت، نێوچاوانی بە ڕووناکییەکان دەدرەوشایەوە. "لەوێ مەوەستە سەرمات دەبێ، وەرە ژوورەوە، وەرە!"

بەدوای ئەواندا بەرەو ژووری میوان چوو. دیوارەکانی ئەو

ڕیزەوە هەموویان بە وێنەی فۆتۆگرافیی داپۆشرا بوون. پۆرتریتی خەڵک لە شوێنە جیاوازەکانی دونیاوە هەڵواسرا بوون، لە هەموو نەتەوە و میللەتێک. ڕەنگەکان هێندە پڕ ژیان و وێنەکان هێندە ناوازە بوون کە پەری نەیدەتوانی چاویان لەسەر هەڵبڕێت. دەتگوت کەسانی نێو وێنەکان بە هەڵگرتنی نهێنییەکی وەها پڕ سیحر لە پەری دەڕوانن کە هێشتا ئەو کەشفی نەکردووە.

"چەنـــدە کـــاریگەرن، ئەوە کــێ گرتـــوویەتی؟" پەری بە ورتەیەکەوە وای گوت.

ئازوور وەرچەرخا و بە ئازارەوە چاوێکی لێ داگرت. "من."

"ئێ؟ بەڕاست؟ ئەو هەموو گەشتەت کردوون."

"ئێهـ کەمێک" بە خاکەڕاییەکی واوە کە قسەکەی بڕوانەکردە بێت. "چوومەتە تورکیاش، دەزانیت؟"

"بۆ ئیستانبوڵ؟"

ئـازوور سـەری بـادا. نەخێـر، سـەردانی ئەو ئیسـتەنبوڵەی نەکردبوو، کە دەکرێ بڵێم هەرچی گەشتیارە سەردانی کردووە یان حەز دەکات سەردانی بکات. ئەو چووبوو لە شوێنێکی دیکە گەڕا بوو. لەسەر کێوی نەمرووود، لە نزیک ئەو پەیکەرە گەورانەی خوداوەندەکان ڕۆژی کردبووەوە، سەرسام بووبوو بە پەرستگەی سوومەلا، کە دەکەوێتە سەر بەرزاییەکی سەختەوە. لەسەر چیای ئاگری، لەو شوێنەی کە کەشتییەکەی نووح تێیدا لەنگەری گرتووە لێکۆڵینەوەی کردووە، لەگەڵ دێهاتییەکانی ئەو ناوە قسـەی کـردووە... پەری بەهـۆی ئەوەی هـیچ کـام لەو شــوێنانەی نەدیبــوون لەترســی ئەوەی نەکــا مامۆســتاکەی لەبارەیانەوە پرسیارێکی لێ بکات نوتقی گیرا بوو. هاوشێوەی زۆربەی ئەو گەنــجە ئەنکەرەییــانەی کە هێشــتا ڕۆژهەڵاتــی شــارەکەیان نەدیبــوو، کاتێــک ئەویــش لەگەڵ بێگــانەیەک

بەرەوڕووە کە زیاتر لە خۆی تورکیا گەڕاوە، زمانبەستە و دەستەپاچە بوو لە بەرانبەریدا کە چی بڵێت.

چوونە نێو ژووری دانیشتن. دوو دیواری بەرانبەر یەک لە عەرزەوە تا بنمیچ بە کتێب پڕ کرا بوو. لەنێوان ئەو دوو دیوارەشدا چەند کەسێکی پۆشتە، بە دەستی بە بادەوە بەپێوە ڕاوەستابوون، بە گەرمی گفتوگۆیان دەکرد.

ئازوور لەنێو میوانەکاندا دەنگی لە پیاوێکی گەنج هەڵێنا. "دارەن، تا ئێرە وەرە تکایە. دەمەوێ بە کاراترین خوێندکاری خۆمت بناسێنم." هەر کە کوڕەکەی بینی بە ئاراستەی ئەوان دێت پرۆفیسۆر ونبوو. هەردوو گەنجەکەی بەتەنیا لەگەڵ یەک بەجێهێشت.

دارین خوێندکاری بەکالۆریۆسی باڵا بوو لە بەشی فیزیا. بە شێوازێکی ناسک و بە حورمەتەوە سەری قسەی لەگەڵ پەری داهێنا. شێوە ئاخاوتنی بیانیانەی پەری بەهەند وەرگرت. کاتێک ئەمەی گوت دیار بوو کە مەبەستی پێداهەڵگوتن بوو. ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ حەز ناکا لەبارەی شێوازی ئاخاوتنەوە قسەی بێتەوە سەر، بە تایبەت کاتێک هەوڵ دەدا بە زمانی بێگانان قسە بکات.

ئەگەرچی کوڕە پرسیاری لەبارەیماڵباتی پەری و ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووە دەکرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت زیاتر حەزی دەکرد پەری باسی خۆی بۆ بکات. زیرەک بوو، بەپەرۆش بوو هەروەها زۆریش تینووی خۆشەویستی بوو. یەک بەدوای یەک نوکتەی دەکردن تا بتوانێ وابکات پەری پێبکەنێت. لە شوێنێکدا ئەوەی خوێندبووەوە؛ ژنان حەزیان لەو پیاوانەیە وایان لێ دەکەن پێبکەنن. ئەگەرچی تێگەیشتنی لەبارەی گاڵتەوە کەموکورتیش بوو، بەڵام کوڕێکی باش دیار

بوو. "لەو جۆرە پیاوانەی کە ئازاری خۆشەویستەکەیان نادەن، دایناوەشێنێت، وەک ڕەقیبێک سەیری ناکات و تێکیناشکێنێ." پەری وەها بیری لێ کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی لە تروسکاییەکی کورتخایەن بەولاوە هیچ بۆخۆکێشکردنێک ڕوونادات و ناتوانێ دڵی بە دارین بدات. بۆچی دەبوو هەر وابێت؟ بۆچی ئەو کوڕە بەڕێز، نزیک لە گیان، هاوتەمەن و بە ئەگەری زۆریش شیاوەی بە سەرنجڕاکێش نەدەزانی؟ لەباتی ئەوە بۆ مامۆستاکەی -کە هەرگیز بەدەستی ناهێنێت، وێڕای ئەوەی بەتەمەن لەخۆیشی مەزنترە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی کەسێکی هەڵە و ترسناک- دەسووتا. نەکا نەیویستبێت بەختەوەر بێت؟ بۆچ ئەو "بەختەوەریی"یەی بووەتە باسی ئەو هەموو کتێب و کۆنفرانسە بۆ وێ ویستی هەرە لە پێشینەی ژیانی نەبوو؟ هەڵبەتە نەیدەویست بەدبەخت بێت. بەڵام بەهەر هۆکارێک بووە ئەو پیاوانەی هەڵنەدەبژارد کە دەکرا بەختەوەری بکەن. ئەگەر نا بۆچی دەبێ بۆ پیاوێکی نەکردەی وەک ئازوور بسووتێ؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا. بە تیلەی چاو سەیری دەوروبەری خۆی کرد. بوێرییەک کە لەخۆی چاوەڕێ نەدەکرد و هەر نەشیدەزانی لەباریدا هەیە، وەک بۆنێکی سەرگێژکەر بە هەموو لایەکیدا بڵاوبووەوە. دەیزانی گۆڕانکارییەکی ناخەکی بەسەردا هات. ئاخۆ لە دەرەوە ڕا ئەو گۆڕانکارییە ناخەکییەی دەدیترا؟ بە چاوەکانییەوە دیار دەبێت؟ بەدەوری هەموو ئەو بیرکردەوە و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەدا هێڵێکی باریی کلێشەیی هەبوو، ئەگەر ئەو هێڵە تێبپەڕێنێ چی ڕوودەدا؟ ئەدی ئەگەر بیەوێ لە پۆلێنی "کچە تورکە بە ناموس، سادە و پەروەردەکراوەکان" دەربچێت و ڕزگاری بێت؟ بۆ جارێک لە ژیانیدا بیەوێ سەرشێتییەک بکات؟ ئازاد بوون. لەو سنوورە بێمانایەی کە

"کچانی باش" و "کچانی خراپ" لێک جیا دەکاتەوە نزیک بێتەوە و نزیک بێتەوە... لەپڕ بە هەنگاوێک هۆپ بچێتە ئەوبەرا هەر بەڕاست کێیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات چی "ئەخلاقییە" و چی "نائەخلاقی"یە؟ قەت بیری نایەتەوە ڕۆژێکیش دایکی بۆ براکانی قسەی لەبارەی ئەخلاق و نامووسەوە کردبێت. بەڵام بۆخۆی، تەنیا لەبەر ئەوەی کچە، دەیانجار گوێی لەو تێبینی و وتارانە بووە. خۆزگە خۆی لە هەموو خوێندکارەکان بەدوور دەگرت. بۆ تاکە شەوێکیش بووە هەستی بە بارسووکی دەکرد، لە شوێنێک کە ئەرز تەواو دەبێت و پێیەکانی بەرز دەبنەوە خۆی ڕەها دەکرد، بێ کێش و بێ خەم و "بێ ئەخلاق" بوایە، دەبێ شتێکی چۆن بێت؟

"کاتی نانخواردنە..." دوای کەمێک ئازوور لەوسەری ژوورەکەوە وای گوت. خەندەیەک بەسەر ڕوویەوە بوو، بەدەستێکیشیەوە چەتاڵێکی پێبوو دەتگوت دەیەوێ لە کەسێکی رابکات.

پەری بۆ ساتێک نیگایان لەگەڵ مامۆستاکەی یەکانگیر بوون، چەند سەیر بوو، ئەمجارە خۆی لە نیگاکانی نەدزییەوە. نە کەسێکی سەرشێت بوو نە بزێو. نە ڕادیکاڵ، نە شۆڕشگێڕ. لە خاڵێکی ئەو چوون و هاتنەدا ڕیزێک توخمی مێیانە کەوتبووە دڵییەوە و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات چەکەری کردبوو، ئێستا چاوەڕێی پشکووتنی بوو. نازپەری نالبەندئۆغلو؛ ئەو خانمۆڵە خانمانەیە، بەردەوام هاوسەنگ و لەسەرخۆ و هەڵسوکەوتزانە لەڕاستیدا هەمیشە ویستوویەتی سنوورەکان، سنوورەکانی خۆی تێک بشکێنێت.

# خەتاباریی

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠١-٢٠٠٢

پەری لەگەڵ هەمـوو ئەوانـی تـردا بە ئاڕاسـتەی ئەو مێـزە گەورەیە چوون کە دەکرێ لە شانۆییەکی سەدەکانی ناوەڕاستدا وەک دیکۆر بەکارهێنرابێت. لە دەوری هەمان ئەو خوانەدا لۆرد و خـانم و سـوارچاکان دانیشـتبن، هەروەهـا دیـمەنەکە وا لەرچاوی پەری زینـدوو دەبـووەوە کە لەسـەر مێزەکە بەرخ و دۆڵمەی گۆشتی تاووس و جەلی درەوشاوە دانـراون. بەڵام لەو کـاتەی ئەوان تێیـدان نە جلوبەرگی زیـوین هەیە، نە کـوپەی زێڕین، تەنیا قاپی سادە.

لەپشـت مێزەکەوە ئاگردانێـک هەبـوو کە ڕووی پێشـەوە بە خشتی ئیتاڵی نەخشێنرا بوو. لەسەریشیەوە وێنەیەکی ڕەش و سپی هەڵواسرا بوو. پەری لە گڕ و لـرفەی ئەو ئـاگرەی تێیـدا دەگڕا نزیک بووەوە. کە لێی نزیک کەوتەوە بینی لەسەر هەر خشتێک کاراکتەرێکی جیاواز نەخشێنراوە - ئەگەرچی زۆرینەیـان پیاو بوون، بەڵام هەندێک ژنیشی تێدا بوون. جلوبەرگی فیگورەکان هی سەردەمێکی تر بـوون، بە سیمایەکی ڕژدەوە. ئەمـانە وێنـای پێغەمبەرەکان، ئەنبیائەکان و قەشەکان بوون. نـاوی هەندێکیشـیان نووسرا بوو: حەزرەتی سولەیمان، قەشـە فرانسیسـکۆ، حەزەرەتی ئیبراهیم، بودا، ئەزیزە تێرێسا، ڕامانانداd... بەشێک لە فیگورەکـان ئاویـان هەڵگرتبـوو، هەنـدێکیان لەسـەر پێسـتە شتیان دەنووسی، لەگەڵ خوێندکارەکانیان قسەیان دەکردن یان لە بیابانێکدا بەتەنیا

دەڕۆیشتن. وا دیار نەبوو بەپێی ڕیزبەندییەک ڕیزکرابن. بینینی ئەوانە هەموو لەتەنیشت یەکەوە شتێکی سەیر بوو. دەتگوت بەیەکەوە قسە دەکەن. ئاسان بوو ئەو کەسایەتیانە بە جیاجیا بێنیتە بەر چاوت، بەڵام بینینی هەموویان بەیەکەوە سەیر بوو. پەری چاوی بۆ حەزرەتی محەممەد گێڕا، خولیای بوو بزانێت داخۆ ئەویش لەنێو ئەواندا هەیە یان نا. ئەویشی تێدا بوو، سواری ئەسپەکەی بووبوو بەرەو بەهەشت هەڵدەکشا، ڕوخساری دیار نەبوو، هاوشێوەی نەخشی سەر مینیاتوورە ئێرانییەکان سەری بە تیشکێک داپۆشرا بوو، کە پیرۆزییەکەی دەردەخست. دایکە مەریەم و عیسای ساوا بە یاوەری فریشتەی باڵدارەوە دەهاتنە بەرچاو. پێستی مەریەم سپی وەک بەفر وابوو. حەزرەتی مووساش لەسەر ئەو خشتانە کێشرا بووەوە، بە پەنجەی ئاماژەی بۆ عەساکەی دەکرد کە لەسەر ئەرز بووەبووە مار.

تۆ بڵێی بۆچی ئازوور ئاگردانەکەی بەو وێنانە ڕازاندبووەوە؟ باشە ئەگەر بژاردەیەکی ستاتیکی نییە، ئایا ڕوانگەی خۆیەتی دەیەوێ لەمەدا دەریبخات؟ وە ئەگەر ئەمە بێت، باشە ئەم پیاوە بە دروستی باوەڕی بە چی هەبوو؟ پەری تا ئەوکاتە کتێبەکانی خوێندبوونەوە، گوێی لە قسەکانی گرتبوو، بەڵام هێشتا مامۆستاکەی وەک مەتەڵێک وابوو. کاتێک هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم پرسیارانەی نەدۆزییەوە، سەرنجی خستە سەر وێنەی سەر ئاگردانەکە.

ئەمە وێنەیەک بوو کە ساڵانێکی زۆر پێشتر لەم ماڵەدا گیرا بوو، کاتێک لە وێستگەی پاسەکە دابەزی و ئەو ڕێیەی گرتە بەر، هەمان ئەو داربەڕوو و ڕێگەیەی پێیدا هاتبوو هەر وەک خۆی مابوونەوە. باخچەیەکی پڕ لە گوڵ کە تا بێلایی سەرەوە بەرز بووبووەوە و بەو پەڵە هەورە پرتی پرتیانە وای دەنواند

شوێنەکە بچووکتر بووبێت. ڕەنگە بە تێپەڕبوونی ساڵان فراوان کرابێت. ئەگەرچی وێنەکە بەرەکەتی بەهار و جوانی سروشتی دەنواند، بەڵام لە شوێنێکی ئێو وێنەکە حوزن و قەتیس بوون نابەرچاو بوو. هەستی کرد ئازوور ڕابردوویەکی هەیە، کە بۆ کەسی باس نەکردووە. خولیای بوو بیزانێت. ئاشق بوون بە کەسێک مانای خولیای شێتانەی زانینی هەموو بەسەرهات، نهێنی و کەموکورتییەکانی بوو.

ئیتر هەموو میوانەکان بە بادەی دەستیانەوە بەدەوری مێزەکە کۆبووبوونەوە، چاوەڕێی ئەوە بوون خودان ماڵ یەک بە یەک پێیان بڵێ کێ لە کوێ دادەنیشێت.

"ئازوور دە پێمان بڵێ، چۆن دابنیشین؟" پیاوێکی ڕەقەڵەی چەناگە تیژ ئەمەی پرسی. پەری دواتر ئەو زانیارییەی وەردەگرت پیاوەکە ناوێکی ناسراوی بواری فیزیای کوانتەمە.

"ئەرێ وەک ئەوەی خاوەن ماڵ خۆی باش بزانێت! چەندین ساڵە ئازوور دەناسم، کێ چۆنی پێ خۆش بوو لەم ماڵەدا وا هەڵسوکەوت دەکات" پیاوێکی تا بڵێی ورگ زل بوو ئەمەی گوت. پرۆفیسۆری تیلۆژیا و فەلسەفەی ئایین بوو. کۆنە دۆستێکی ئازوور بوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر باش ئازووریان دەناسی. بۆ ئەوەی ئەو قسەیەی کردوویەتی بیسەلمێنێ کورسییەکی ڕاکێشا و دانیشت.

ئەو کەسانەی ئەویان بە پێشەنگی خۆیان زانی یەک یەک دانیشتن. کاتێک پەری شوێنێکی لە دەوری مێزەکە بۆخۆی دۆزی، دارین هات لە تەنیشتی دانیشت. کچە قژزەردە جوانەکەش لەولای تری، لە نزیک ئازوور.

پرۆفیسۆری تیلۆژیا پاڵی بە پشتی کورسییەکەی دایەوە و گوێی بۆ ئەو میوزیکە ڕادێرا کە هێشتا دەبیسترا. دواتر بادەکەی بەرز کردەوە:

Scanned with CamScanner

بە خۆشی عالیجەناب و خاوەنەکەمان" وای گوت. "سوپاسی دەکەین کە لەم شەوە سارد و سەقەمەدا ئێمەی بەدبەخت و ئەوانەی لە تەنیاییدا خەریکە شەق بەرن، کۆکردووەتەوە."

ئازوور پێکەنی سەیری ئەو مۆمدانانەی دەکرد کە بە ڕووی دیوارەکەوە سێبەریان دروست کردبوو.

لەو کاتەدا پەری سەیری هەموو ئەوانەی کرد کە لەگەڵ وێنان دەخۆن: مامۆستا و یاریدەدەر و خوێندکاری خودان دیسپلینی جودا بوون. سەرەتا کە هات وایدانابوو هەموو ئەو کەسانە خاوەن تایبەتمەندییەکی هاوبەشن: ژیری. "مادەم کەسانی نزیکن لە ئازوور دەبێ کەسانی بژاردە و دەگمەن و نائاسایی بن" وای بیر کردبووەوە. بەڵام وادیارە بەهەڵەدا چووە. خاڵی هاوبەشیان ئەوەبوو کە لەوەدا بووە هەموویان بەتەنیا شەوی سەری ساڵ بەڕێ بکەن. بەڵام ئازوور هەستاوە، وەک چۆن بەسەر لمی کەناری دەریادا توێکڵی مەرجان کۆبکاتەوە، وەها کۆیکردبوونەوە.

"هۆکارێکی تریش هەیە کە وادەکات بادە بۆ خاوەن ماڵ بەرز بکەمەوە" پرۆفیسۆرە بەتەمەنەکە بەمە درێژەی بە قسەکانی دا. "سەرنج بدەن بەردەوام دەنگی میوزیکی باخ دەبیستین. ڕەنگە ئەگەر هەموو کەسێک ڕۆژێ دە دەقەیقە گوێ لە باخ بگرێت، ژمارەی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە زیاد بکات."

ئازوور ئەبرۆکانی بەرز کردنەوە. "دیار نییە. وەک خۆشت باش دەزانیت باخ مۆسیقاژەنێکی ئاڵۆز بووە. کێڵگەی مینی تیۆلۆژیک! وەک چۆن مرۆڤ گیرۆدەی بڕوا دەبێت، بەهەمان شێوەی گیرۆدەی گومانیش دەبێت. کەسانێک هەن بە گوێگرتن لە باخ خودا دەدۆزنەوە، هی واش هەن دەبینی بەتەواوی پشت دەکەنە ئایین."

میوانەکان پێکەنین.

"تکایە دەستپێبکەن" ئازوور هەردوو باڵەکانی کردنەوە و وای گوت.

لەپڕ هەموو میوانەکان سەرنجیان دایە سەر خوانەکە. لەناوەڕاستی مێزەکەدا سێ قاپی گەورەی خواردن دانرا بوون. لە یەکەمیان فاسولیای کوڵاو، لە دووهەمیاندا برنجی ڕەش، لە سێهەمیشیان قەلێکی هاوشێوەی ڕەنگی هەنار بە فڕن برژاو. سوراحیەکیش بە ڕەنگی سووری یاقووتی. هەموو خوانەکە ئەمە بوو. نە سۆس هەبوو، نە بەهارات. هەر ئاوا تابلێی سادە. پەری بیری لە دایکی کردەوە و لەبەر خۆیەوە بزەیەکی کرد. سەلما مردنی پێ باشتر بوو نەک خەلکی بە خوانێکی وەها خاکەڕایانە داوەت بکات. نهێنی خوانێکی سەرکەوتووی بە کچەکەی دەگوت "هەر میوانەی دوو جۆری لەبەردەمدا بن" وای دەگوت. "بۆ چوار میوان دەبێ هەشت جۆری خواردن هەبن، بۆ پێنج میوانیش دە." ئەم شەو بۆ دوانزە میوانی سەر خوانەکە، تەنیا سێ جۆر خواردن هەبوون. دایکی ئەمەی بینیبوایە شێتگیر دەبوو.

میوانەکان قاپەکانی خواردنەکانیان لەنێوان خۆیان دەستاودەست دەکرد. کاتێک نۆرە گەیشتە سەر خۆی، پەری ئەوەی هاتەوە بیر کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە هیچی نەخواردووە، بۆیە بەشێکی گەورەی هەڵگرت.

قژزەردە ناونەزانراوەکە بەلای ئازووردا لاربووەوە. "خۆت هەموویان لێناون؟"

پەری دڵخۆش بوو. مادەم ژنەکە پرسیارێکی وەهای کرد، دیارە ژنی نییە.

"بەڵێ، بزانم بەدڵتان دەبێت" ئازوور وای گوت. دواتر ڕوو لە هەموان ."عافیەتتان بێت."

لەژێر لەرزانەی تیشکی مۆمەکاندا ڕەنگی چاوەکانی

دەچوونەوە سەر سەوزایی دارستانێک لە هاویندا، بەسەر بزانگەکانییەوە trووسکایی زیوین سەمایان دەکرد. پەری تا ئەوکاتە بوێری ئەوەی نەبوو سەیریان بکات چجای ئەوەی لێیان ورد بێتەوە، بەڵام کە چاوی کەوتنە سەر، لێوەکانی ئازوور هەمان تۆنی ڕەنگی ئەو شەرابەیان هەبوو دەیخواردەوە. دەبێ ماچی پرۆفیسۆر چۆن بێت؟ هەستکردنی لێوەکانی ئەو لەسەر لێوان...

وەک ئەوەی ئازوور هەستی بە لێڕامانی کردبێت لەپڕ ڕووی وەرچەرخاند و سەیری پەری کرد. وەک بڵێی پەری بەسەر تاوانێکەوە گیرا بێت سوور هەڵگەڕا. خێرا ڕووی بەرەو دارەن وەرگێڕا. بەدرێژایی کاتی نانخواردن هەوڵی دا زۆر سەیری مامۆستاکەی نەکات. بەڵام خۆ نەدەکرا.

* * *

دوایین شت کە هێنرایە سەر خوانەکە شیرینی هەڵووژە بوو. ئازوور هەندێک لە شەرابی براندی بەسەر ئەو شیرینییەدا کرد، کە هێشتا گەرم بوو و ئاگری پێوەنا. بەسەر ڕووی شیرینییەکەوە لە هەموو لایەکی گڕی شین بەرز بووەوە، بە هەراوزەنا و سڵەمینەوە خرۆشان. ئەمە نمایشێکی چەند ساتیی بوو. ئازوور بە جوڵەی لێزانانەوە شیرینییەکەی بەش بەش کرد، لەگەڵ کرێم پێشکەشی هەموو میوانەکانی کرد. ئەو میوانانەی کە بە ڕێزەوە سەیری ئەو نمایشەیان کردبوو هەر کە پارووی یەکەمیان لە شیرینییەکە خوارد، کەوتنە پێداهەڵگوتنی خودانماڵیان.

"تۆ واز لە فەلسەفە بێنە، کتێبی چۆنیەتی دروستکردنی

خواردن بنووسە" ئەو پرۆفیسۆرە فیزیاییەی لەوێ بوو وای گوت. "زۆر بەتامە، ئەوە چۆنت دروست کردووە؟"

ئازوور ورتەیەکی لێوە هات. "ئێهـ، مرۆڤ بە ناچاری فێر دەبێت."

ئەم قسانە سەرەداوێک بوون بۆ پەری لەبارەی ژیانی تایبەتی ئازوورەوە. وادیارە سەڵتە. ئەگەرچی خوازیاری ئەوە بوو کەسێک ئەو باسە بگۆڕێت، بەڵام کەس ئەمەی نەکرد، لەباتی ئەمە باسیان لە داگیرکاریی ئەفغانستان کرد. کاتێک هەندێک لە میوانەکان نارەزایی خۆیان بەرانبەر تۆنی بلێر خستەڕوو کەشی مێزەکە گۆڕا. بەڵام کەس هەڵنەچوو، تووڕە نەبوو، دەنگی بەرز نەکردەوە. ئینگلیزەکان کاتێک گەنگەشەش دەکەن ئارامن. ئەم وزەیەی لێرە هەبوو هیچ پەیوەندی بەو کەشوهەوایە نەبوو کاتێک لە تورکیا باس لە سیاسەت دەکرا و پەری لەسەری ڕاهاتبوو. وادیار بوو کە گەنگەشە سیاسییەکانی وڵاتی دایکی وێ لەژێر گەمارۆی ئەم سێ وشەیەدا دەکران: تووڕەیی، نەیاریتی، هێرشکردن. بەڵام لێرە کاتێک بەرگریان لە بۆچوونێک دەکرد ئارامیان تێکنەدەدا، ئەگەرچی ڕەخنەشیان لەیەکتری دەگرت هاوکات بەیەکەوەش بادەیان بەرز دەکردەوە. کاتێک زیهنی چووبووە سەر ئەو بەراوردکارییە کولتوورییانە سەرەباسەکەی لەدەستچوو. هەر بۆیە کاتێک لەپڕ هەموویان سەیری وێیان کردبوو بە زوویی هۆکارەکەی نەزانی چییە.

پرۆفیسۆرە بەتەمەنەکە گەیە هانای. "ئەوە باسی ئەوەمان دەکرد وڵاتێکی سەرنجڕاکێشتان هەیە."

پەری بەدەم بەبیرهاتنەوە وشەی "سەرنجڕاکێش" لە فەرهەنگی شیریندا ئاوڕی دایەوە و سەیری مامۆستاکەی کرد.

Scanned with CamScanner

نازوور چاوی تێ بڕی بوو و بە پەرۆشەوە چاوەڕێ بوو بزانێت چی دەڵێت.

"ئێوە دەڵێن چی؟ تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا قەبوڵ دەکرێت؟" ژنێکی گەرموگوڕ، کە قژە سپییەکەی تاڵ تاڵ وەستا بوو ئەمەی لێ پرسی. ئەم خێزانی پرۆفیسۆرە بەتەمەنەکە بوو.

"بەو هیوایەم" پەری وای گوت.

"بەڵام تورکیا لەڕووی کولتوورییەوە لەگەڵ ئەورووپا ناهاوتایە" قژزەردەکە پرسی.

"کاتێک دەڵێی *ناهاوتا* نازانم بە دروستی مەبەستت چییە" پەری وای گوت. درزێکی کردبووە ڕۆحی. لەلایەکەوە هێندە شتی ناخواستە لە وڵاتەکەیدا هەبوو، کە لەناخەوە پێی خۆش بوو ڕەخنەیان بکات. لەلایەکی تریشەوە حەزی دەکرد وڵاتەکەی لای ئەمان خۆشەویست بکات. هەستێکی پارێزکارانە دایگرت. هەستی بەرپرسیارێتی. پێشتر هەستی ئەوەی نەبووە وا خەریکە نوێنەرایەتی لە گشتێک دەکات.

"باشە، ئایین وەک بەربەستێک نابینیت؟" پرۆفیسۆر پرسی. "خەمی ئەوەت نییە تورکیاش وەک ئێرانی لێبێت؟"

"ئەو مەترسییە هەمیشە هەر هەیە، توندوتیژی شتێکی ترسناکە" پەری وای گوت. "لەلایەکی دیکەوە ئێران وڵاتی یادگە و نەریتە. ئێمە تورکەکان لە لەبیرکردن وەستاین، بێ یادگەین."

"بەڕای تۆ کامەیان باشترە؟" دارەن پرسی. "بیرهاتنەوە، یان لەبیرکردن؟"

"بێگومان زیادەی هەردووکیان زیانە" پەری بەرسڤی دایەوە. "بەڵام ئەگەر بۆچوونی خۆم بڵێم؛ ڕابردوو بارە، ئەرکێکە. ئەگەر

نەتوانین هیچ شتێکی بگۆڕین هاتنەوە یاد چ سوودێکی هەیە؟"

"تەنیا گەنجەکان ویستی لەبیرکردنیان هەیە" پرۆفیسۆر وای گوت.„ "کاتێ پیربوون ئەمجا مرۆڤ لە بەهای یادگە تێدەگات."„

پەری سەری دانەواند. نەیویست وەک خوێندکارێکی بێ ئەزموون قسە بکات. نیازی بەوە بوو بە ژیرانە و زانایانە قسە بکات. هەر باش بوو کە بینی ئازوور سەری ڕاتەکاند و قسەکانی پەری پەسند بوون. "ئەگەر بژاردەیان خستبامە بەر دەست منیش دەستبەرداری یادگە دەبووم. هەر خۆم پەلەی ئەوەمە هەرچی زووە تووشی زەهایمەر ببم."

قژزەردە جوانەکە دەستی ئازووری گرت. "ئەوە چ قسەیەکە؟ ئەو ڕۆژە قەت نەیەت!"

پەری لە داخان چاوی بەرایی نەدەهات. ئەو کەسانەی نەدەناسین، ڕابردوویانیشی نەدەزانی، پەیوەندی نێوانیشیان بەو نامۆ بوو. دەیتوانی لەو قسە و باسانەی لە دەوروبەری دەکران تێبگات، بەڵام واتایەکی بۆ نەدۆزییەوە. هەمیشە خۆی خەتابار کردووە کە نەیدەزانی چۆن بەکەیف بێت. کاتێک هەر لە خۆیەوە خەمگینی دایدەگرت حەتمەن شتێکی هەڵە دەکات. بەڵام ڕەنگە دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی دڵخۆشی خەتای خۆی نەبێت. خەمگین بوون تاوانێک نییە مرۆڤ بە ویستی خۆی بیکات. ڕەنگە ئەو لە ئەزەلەوە وابێت. هەوڵدان بۆ ئەوەی هەر دەبێ دڵخۆش بیت هێندەی هەوڵدان بۆ درێژبوونی باڵا بێ هوودە بوو.

لە کاتی گەڕانەوەیدا، کاتێک بە ڕێڕەوە وێنەدارەکەدا دەڕۆیشت وێنەیەک بووە هۆکاری ئەوەی لە شوێنی خۆی بوەستێت.

ژنەکەی نێو وێنەیەی بە ئێسکی گۆنای بەرز، دووچاوی

Scanned with CamScanner

کەمێک شاش و لێوی پڕییەوە- جگە لەو قوماشەی بە خوار کەمەرییەوە بوو وەگەر نا ڕووت بوو. قژی بە نارێکی لە دواوە کۆکرابووەوە، شانەکانی هاوشێوەی ددانی فیل سپی و ساف بوون. مەمکەکانی خڕ و زل بوون، گۆی مەمکەکانی لە ناوەڕاستی بازنەی قاوەییدا بەرز و قیت بوون. ناوکی کەمێک بەدەرەوە بوو، بە دەستێک ئەو قوماشەی قاچەکانی داپۆشی بوون گرتبوو، وەک ئەوەی ئێستا نا دەمێکی تر دەستی لێ بەربدات وابوو. بەو بزەیەی سەر لێوانی وای دەردەخست دڵخۆشە کە وێنەی دەگیرێ. هەروەها ئەوەی دەردەخست بەباشی فۆتۆگرافەرەکە دەناسێت.

پەری سەرسام، هەستێکی وای هەبوو دەتگوت پێی ناوەتە نێو ناوچەیەکی قەدەغەکراوەوە. سڕ بوو. لە شوێنێکی ماڵەکەوە دەنگی چرکەژمێری کاتژمێرێک دەهاتە گوێ. لەپڕ ڕاچڵەکی. منداڵەکەی نێو تەم لێرە بوو، هێندە نزیک بیخاتە لەرز. منداڵەکە دەیەویست شتێکی پێ بێژێ -نهێنییەک لەبارەی ژنەی نێو وێنەکە. چارەنووس. ئەو هەموو چارەنووسە لە دەوروبەری ئەو پۆرترێتەدا هەبوو. ئایا پەری خۆی ئەو وزەیەی هێناوەتە ئارا، یان هەر خۆی لێرە بارستاییەک لە حوزن هەبوو، دڵنیا نەبوو کامیانە.

"لێرە بڕۆ!" پەری چرپاندی، ڕووەو منداڵەکەی نێو تەم. تاقەتی ئەوەی نەبوو خۆی پێیەوە سەرقاڵ بکات. هیچ نەبێ ئێستا نا. بە تایبەت لێرە هەرگیز.

منداڵەکەی نێو تەم لێوەکانی داقورچاندن.

"دەتەوێ چیم پێبڵێی؟" پەری وای گوت. "نابێ بێیتە ئێرە."

هێندە نەمابوو وا هەڕەشەی لێ بکات کە لە دواوە دەنگێکی بیست.

"ئەوە قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟"

Scanned with CamScanner

کاتێک پەری وەرچەرخا ئازووری لەهەمبەر خۆیدا بینی، چاوە زەردە درەوشاوەکانی هیچیان بەیان نەدەکرد.

"من... سەرنجم بەسەر ئەو وێنەیەوە مابووەوە" پەری بە ئاماژەدان بە دیوارەکە وای گوت. کاتێک بە تیلەی چاوی ڕوانی منداڵەکەی نێو تەم وەک هەڵمێک پەرش دەبێتەوە و ون‌دەبێت، ئارام بووەوە.

"ژنەکەمە" ئازوور وای گوت.

پەری ڕاچڵەکی. "ژنەکەتان؟"

"چوار ساڵ پێش ئێستا لە وەرزی بەهار کۆچی دوایی کرد."

"ئاه، زۆر بەداخەوەم بۆت."

"دیسان داوای لێبوردنم لێ دەکەی؟" ئازوور ئەمەی لێی پرسی لەکاتێکدا نیگاکانی لەسەر وێنەکەوە گواستنەوە سەر وێ. "ڕۆژێک دێت واز لەو خووەت بێنی وانییە..."

"هم هم، ئەدگاری لە ڕۆژهەڵاتییەک دەچێت" پەری خێرا ئەمەی گوت بۆ ئەوەی خۆی لە باسەکە بدزێتەوە.

"بەڵێ، باوکی جەزائیری بوو. بەربەری، هاوشێوەی قەشە ئاگۆستینۆس."

"واتە چۆن؟ بەڵام ئەو کرسیتیانە."

ئازوور لێی ڕاما، ڕەنگە وا بیری کردبێتەوە چەندە گەنج و سادەیە. "مێژوو سەروبنی دیار نییە. کاتی خۆی بەربەرییەکان جوو، کرسیتیان، بگرە گاوور بوونە. هەروەها مسوڵمانیش. ڕابردوو پڕە لە شتی وا کە ئێستا لەم سەردەمەدا بۆ ئێمە سەیرە و لە سەروەختی خۆیشی زۆر ئاسایی بووە."

هەرچەندە قسەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە وێنەوە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخی پەریدا دەریچەیەکی تری کردەوە. ئەو پێی وابوو نەک تەنیا ڕابردوو ئێستاش شتی وای تێدایە کە لەگەڵ عەقڵ و لۆژیک ناگونجێن.

"پێنووسوار دیاریت" ئازوور بە دەنگێکی نەرمەوە وای گوت.

ئەوە ئەو کاتە بوو پەری بۆ یەکەمجار ناخی خۆی بۆ مامۆستاکەی هەڵڕشت. هەر لەو شوێنەی ڕاوەستا بوو، کە لەولاترەوە دەنگی میوانەکانی تر دەهاتە بەر گوێ باسی ئەو "شتە دەرئاسا"یانەی کرد کە لە منداڵییەوە فامی بەسەردا نەشکاوە و بەسەری هاتووە. کاتێک ئەمەی بۆ دایک و باوکی باس کردووە باوکی بە گوتنی "بیری پرووپووچ" لەکۆڵ خۆی کردووەتەوە، هەرچی دایکی بووە لەترسی ئەوەی نەکا جنۆکە دەستی لێ وەشاندبێت بردوویەتییە لای مامۆستایەک. هیچ کامێشیان دەرمانی دەردی وییان نەکردووە. لەوکاتەوە ئەم باسەی لەگەڵ کەس نەکردووەتەوە.

ئازوور کە بە حەپەسانەوە گوێی بۆ گرتبوو. "من قسە لەسەر ئەو شتە *دەرئاسایە* ناکەم. بەڵام بە ڕوونی دەتوانم شتێکت پێ بڵێم: لەوە مەترسە جیاواز بیت."

لەپڕ دەنگی گفتوگۆی گەرم و بەکەیفی ژووری میوانان بڕا.

"ئەوە بووە نیوەشەوا!" ئازوور وای گوت. "بەڵام با هەر ئەوەندە نەبێت، بەدڵنیاییەوە دواتر بە درێژی قسەی لەبارەوە دەکەین!"

لە پەری نزیکبووەوە و هەردوو لا ڕوومەتی ماچ کردن. "ساڵی نوێت پیرۆز بێت!"

دواتر وەرچەرخا و چوو ئەوانی دیکەش ماچ بکات.

"ساڵی نوێت پیرۆز مامۆستا!" لە پشتیەوە پەری ورتەی لێوە هات، هێشتا تینی گەرمایی ئەوی بەسەر ڕوومەتەکانی خۆیەوە هەست پێدەکرد.

* * *

دوای تێپەڕینی نیوەشەو هەموو میوانەکان ڕۆیشتن. پەری ئەو

کاتە ترۆی هاتەوە بیر کە بەنێو سەرمای شەوەکەدا هەنگاوی هەڵدێنان. بە تووڕەییەوە ئاوڕێکی بۆ لای دڕکەڵانەکە دایەوە. جگە لە تاریکی شەو هیچ شتێک بەدینەدەکرا لەو ناوەدا.

جگە لە پەری و دارەن وا دیار بوو هەموو ئەوانی دیکە ئۆتۆمبێلی خۆیان هەیە. قژزەردە جوانەکە داوای لێ کردن خۆی تا تا ماڵەوە بیانگەیەنێتەوە.

ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئۆکسفۆرد کورت بوو، هەروەها دوای ئەو هەراوزەنایەی لە ئێوارەوە ڕێگەکەیان بە بێدەنگیش بڕی. لە ڕادیۆی BBC بەرنامەیەکی تایبەت لەبارەی نامە دڵدارییەکانی گۆستاف فلۆبێر هەبوو. ئەو وشە پڕ شەهوەت و ئارەزووانەی ئۆتۆمبێلەکەیان پڕ کردبوو بووبووە هۆکاری ئەوەی هەستی تەنیایی بنیشێتە سەر دڵی سەرنشینەکانی. وەک سووسەکردنی ئەڤینێک کە هێشتا دەستی پێنەکردبوو. پەری کە لەپاڵ شۆفێرەکە دانیشتبوو هەستی بە نیگاکانی دارەن دەکرد لەسەر خۆی. نێوچاوانی بە جامەوە نابوو و لەو ڕێگەیەی ڕوانی بوو کە بەشێکی بەهۆی لایتەکانی ئۆتۆمبێلەکە ڕووناک بووبووە و وێوەتریش ڕێگەکە لەنێو تاریکییەکی نووتەکدا نقوم دەبووەوە. بیری لە ئازوور دەکردەوە. بیری لەو پێکەنینەی کردەوە کاتێک میوانەکان قاپەکانیان پڕاوپڕ لە خواردن دەکرد، هەروەها ئەو کاتەی کوپی قاوەکەی بە هەردوو دەستییەکەوە گرتبوو و بە ڕوومەتی خۆیەوە دەنا، کاتێک شەو هەموویانی بەڕێدەکرد چۆن مانتۆی خانمەکانی ڕادەگرت، بیری لەوە دەکردەوە چەند جیاواز بوو لەو مامۆستایەی پۆلەکەیان -کەمتر ترسناک و بەئەندازەیەکی سەرسامکەریش خوێنشیرین- بوو.

لە ئۆکسفۆرد پەری و دارەن بەیەکەوە لە ئۆتۆمبێل دابەزین. سەرمای ئێوارە شوێنی بۆ کزەبایەکی سارد و وشک چۆڵ

تا ئەو شوێنەی پەری تێیدا دەمایەوە بەدەم قسەکردنەوە کردبوو. لەژێر چرای کۆڵانێکدا وەستان. ماچیان کرد. لەنێو ڕۆیشتن. تاریکیدا جارێکی تریش. هەر جارێک لەوەی پێشووتر بوێرانەتر. بەهۆی شەرابەکەوە لە چاو ئێوارەکەی زۆر سەرخۆشتر بووبوو. "ڕەنگبێ" لەبەر خۆیەوە وا بیری کردەوە، پێویستە لە کچانی میناساوی وەک شیرین نا، بەڵکو لە کچانی لەخۆدەرچووی وەک منی بە ئەدەب و ڕەوشت بترسن. لەڕاستیدا ئەوە ئێمەین پڕین لە هەژەندەی چاوەڕێنەکراو!"

"دەتوانم لەگەڵت بێمە سەرەوە؟" دارەن بە ئەدەبەوە پرسی.

پەری لە پرسیارەکەیەوە هەستی بە خرۆشان و ویستی زۆری کرد. ئەو بەرانبەر ژنان زۆر بە ئەدەب بوو. ڕەنگبێ لە دایکییەوە فێربووبێت پێویستە چۆن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەری هەڵسوکەوت بکات. ئەگەر پێی گوتبا "نەخێر، ناتوانی بێیت" پێداگری نەدەکرد. ئەگەر تووشی خەیاڵشکانیش بوایە بەبێ ئەوەی لەخۆی دەربچێت ملی ڕێگەی خۆی دەگرت و دەچوو. ڕۆژی دواتریش پەری ببینیایە بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد، پەریش بەرانبەر ئەو. ئەوەی پێ خۆش بوو کە کوڕە فشاری لێ نەکرد، ئازادی کرد و هەڵسوکەوتێکی پێگەیشتووانەی لەگەڵ نواند.

"بەڵێ، وەرە" بەدەم جوڵەیەکی خێراوە وای پێ گوت.

دەیزانی سپێدە زوو بە هەستێکی نەفرەتی تاوانبارییەوە لەخەو بێدار دەبێتەوە. لەژێر باری هەستی پەشیمانی خەوتن لەگەڵ کەسێک کە ئاشقی نەبووە و هەرگیزیش ئاشقی نابێت، نیگەرانی ئەوەی متمانەی باوکی دەدۆڕێنێ وە گەورەترین ترسی دایکی وەڕاست دەگێڕێ، دابوو.

بەڵام شتێکی تریش هەبوو ئارامی لێ هەڵگرتبوو: لە کاتێکدا

Scanned with CamScanner

کە تەبای دەستلێدان و ماچەکانی دارەن دەبوو خەیاڵی لەلای کەسێکی تر بوو. کاتێک سێکسیان دەکرد لەگەڵ ئەو کەسە نا کە لەگەڵی بوو، ئارەزووی ئازووری دەکرد و بیری لەو دەکردەوە.

ئەها ئاڵێن لە ساتە بەراییەکانی ساڵدا مرۆڤ چ هەستێکی هەبێت تەواوی ئەو ساڵە دەکەوێتە هەمان دۆخی ڕۆحییەوە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست نەبوایە زۆر باش دەبوو. بۆیە پەری یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی بەو هەستە تێکەڵانەوە دەستپێدەکرد کە گەمارۆی دڵیان دابوو.

Scanned with CamScanner

# درۆ

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢

دواجار پەری بڕیاریدا داوەتییەکەی شیرین قەبوڵ بکات -وە کەمێک لە دارەن دووربکەویتەوە- بۆیە بەر لەوەی پشوو تەواو بێت سواری شەمەندەفەر بوو و چووە لەندەن. لە سواربوونی خوێندکار و ماڵباتە بە منداڵەکان ڕامابوو. لە واگۆنەکەی ئەودا -بەهەڵە بلیتی واگۆنە یەکەمینەکانی بڕی بوو- سێ پیاوی ڕێکپۆش و تەمەن مامناوەند و ژنێکی قژقاوەیی لێ بوو کە بە شێوەیەکی ڕێک قژی داهێنا بوو. وەها سەیریان کرد وەک بڵێن *تۆ شیاوی سواربوون نیت لەم واگۆنە* وابوو.

ژمارەی کورسییەکەی خۆی دۆزییەوە و دانیشت. سەری نایە نێو کتێبی پەراوە ڕۆحانییەکان-ی میستەر ئێکهارت. لەسەر ئەو ڕۆژنفیسکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بووی نووسی: *من بە چ ڕوانگەیەک لە خودا بڕوانم، ئەویش وام دەبینێت، ئێکهارت وادەڵێ. ئەگەر هاتوو من خودا وەک ستەمکارێک ببینم، ئەویش ستەمکارانە لێیم نزیک دەبێتەوە. ئەگەر من بە خۆشەویستییەوە لە خودا بڕوانم، ئەویش من بە خۆشەویستییەوە دەبینێت. چاوی من و چاوی خوداوەند یەکێکە.*

پاش کورتەدەمێک یەکێک لە کارمەندەکان بۆ دابەشکردنی خواردن و خواردنەوەی بەیانییان، کە لەسەر سینی پلاستیکی بوون و لەسەر عەرەبانەیەک دانابوو هاتە نێو

واگۆنەکەیان. کاتێک لە پەری نیزک بووەوە گوتی تەنیا دوو بژاردەی هەن. مینوی یەکەم: ڕانەبەراز و کراوسانی بەپەنیر. مینوی دووهەم: هێلکەی ئامادەکراو بە سۆسی بەراز.

پەری ئەبرۆکانی بەرز کردنەوە. "هیچ شتێکی تر نییە؟"

"ڕووەکیت؟" کارمەندەکە پرسی.

"نەخێر، پەیوەندی بە گۆشتی بەرازەوە هەیە." پەری وای گوت.

چاوە قاوەیی و پووکاوەکانی بۆ ساتێک بەسەر پەریدا گێران. نیگای پەری چووە سەر ناوی کابرا کە بە بەرۆکییەوە بوو: "عەبدوڵڵا" نووسرابوو.

"دەبا تەماشایەکی بکەم، بزانم چیتر دەدۆزمەوە" کابرا وای گوت و ون بوو.

پاش دەقیقەیەک کارمەندەکە ساندویچێکی مریشکی بەدەستەوە بوو و هاتەوە. بە خەندەیەکەوە بۆ پەری ڕاگرت. تا نەڕۆیشت پەری ئەوەی بە خەیاڵدا نەهات کە ڕەنگبێ پیاوەکە خواردنی خۆی بێت پێی دابێت. ڕەنگبێ خواردنی نیوەڕۆی بووبێت. بە گەڕان بە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا ئەوە دەردەکەوێت؛ ئەو بیانیانەی هەڵیدێنن کە هەردووکیان سەر بە هەمان ئایین یان نەتەوەن هەر بەزوویی لێکتێگەیشتن و نزیکایەتیان لەنێوان وەدی دێت. بگرە لە بچووکترین وردەکاریشدا -خەندەیەک، جووڵەیەکی سەر یاخود ساندویچێک- ئەو هەستە خۆی دەردەخات. بەهەر هۆکارێک بێت پەری هەستێکی وای بۆ دروست بوو ساختەکارە. ڕەنگە پیاوەکە ئەوی وەک مسوڵمانێکی باش دانابێت، بەڵام ئاخۆ وابوو؟

هیچ گومانێک لەوە نەبوو بە کولتووری مسوڵمان بوو. ئەو

کولتوورەی لە ڕۆژهەڵات لەسەری پەروەردە بووبوو ئەوە بوو. بەڵام ژمارەی ئەو نزایانەی دەیزانین لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک تێپەڕیان نەدەکرد. نە هاوشێوەی مونا بەپێویستی دەزانی ئەرکە ئایینییەکان بەجێ بگەیەنێت، نە دەشیتوانی وەک شیرین بۆ هەموو کەسێکی بەیان بکات چەندە تەرکە دینە. ڕەنگە هیچ تۆمار، مۆر و سەرپێبوونێکی نەدەویست. بڕوا باسێکی ئاڵۆز بوو، دەبوو بەردەوام پرسیاری لەبارەوە بکرێت. گەڕێک بوو بۆ ئاڵۆزی هۆش. ئەزەلی و ئەبەدی. ئەگەر لەم ژیانەدا شوێنێکی هەبووایە، ئەو لە پاڵ گومانداراەکان دەبوو. ئەگەر ئەمەی بە عەبدوڵڵای کارمەند گوتبا، تۆ بڵێی ساندویچەکەی لێ سەندبایەوە؟

* * *

ئەو دەمەی پەری بچووک بوو هەموو جەژنانی قوربان لە ماڵەوە دەیکردە هەرا و شەڕ. مەنسوور بە تەواوی دژی قوربانیکردن بوو. بڕوای وابوو ئەو پارەیەی لەمە خەرج دەکرێت بدرێتە ئەو کەسانەی پێویستییان پێیە باشترە. "بەمشێوەیە هەم سکی برسییان تێر دەکەن، هەم ئاژەڵەکانیش نامرن." وای دەگوت. وە ئەم قسانە هەموو ساڵێک دووپات دەبوونەوە.

هەرچی سەلما بوو تۆسقاڵێک هاوڕای نەبوو. "هۆکارێکی بەهێز لەپشت ئەمەوە هەیە کە خودا ئەم داوایە لە بەندەکانی دەکات، هەڵبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لێی تێدەگەن" وای دەگوت. "ئەگەر زەحمەتییەک بدابایەتە بەر خۆت و قورئان بخوێندایەتەوە، تۆش تێدەگەیشتی پیاوەکە."

"خوێندوومەتەوە" جارێک مەنسوور وەها وەڵامی دایەوە.

"واتە لەبارەی ئەم باسەوە هەندێک شتم خوێندۆتەوە. بەڵام دیسان نەچووە عەقڵم."

"چی بوو نەچووە عەقڵت؟" سەلما بە تووڕەییەوە ئەمەی پرسی.

"ئێستا ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو ئایینە ئاسمانییەکاندا هەیە. بەڵام خودای گەورە بە تەواوی ئەوەی لە حەزرەتی ئیبراهیم نەویستووە کوڕەکەی بکاتە قوربانی. ئەو پیاوە بەهەڵە تێگەیشتووە."

"بۆت نییە بەو بڵێی پیاوا!"

"دەی ببورە، هەر قسەی سەر زاری بوو. بەڵام دە تۆ گوێ بگرە خانم، حەزرەتی ئیبراهیم گوێی لەوە نەبووە کە خودا فەرمانی پێ کردبێت کوڕەکەی بکوژێت، لە خەودا دەیبینێت، وانییە؟ باشە ئەدی ئەگەر خەونەکەی بە هەڵە لێکدابێتەوە؟ ئەوە خەونە! بەڕای من خودای بەخشندە دەبینێ ئیبراهیم چەند بەهەڵە لە ئەرکەکەی تێگەیشتووە بۆ ئەوەی کوڕەکەی لەدەستی ڕزگار بکات مەڕێک دەنێرێتە خوارەوە."

سەلما پێشێکی هەڵکێشا. "نازانم بۆچی لەگەڵ تۆ وێرادەچم. وەک منداڵێکی بەدخوو وایت. سوپاس بۆ خودا منداڵەکانم گەورە کردن. بەڵام تۆ هەرگیز گەورە نابیت."

سەلما بۆ ئەوەی قوربانییەکەی بکڕێت بەدرێژایی ساڵ پارەی کۆدەکردەوە. ئاژەڵەکەی لەنێو حەوشە دەبەستەوە، خەنەی لێ دەدا، تا ئەو کاتەی دەینارده سەربڕین تێرەخۆری دەکرد. دواتر گۆشتەکەی بەسەر دەرودراوسێ و هەژار و نەداراندا دابەشدەکرد.

بەهەمانشێوە ساڵێکیان -لەوەدەچێ پەری سیانزە ساڵان بووبێت- دراوسێکان بڕیاریان دا پارە کۆبکەنەوە و گایەک

بکەن. چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد ئاژەڵێکی بەهێز و بەهەیبەت بە سێبەرە گرانەکەیەوە بێت. ئەو ئاژەڵەی هات گەورە بوو بۆ گەورەیی، بەلام مۆڕ، بگرە تووڕەش دیار بوو.

کاتێک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خستیانە نێو گەراجیش سەروەشبوونی ئاژەڵەکە هێندەی دیکەی زیادی کرد. شەوانە گوێیان لە خۆڕاپسکاندنی دەبوو، قەستی بوو ڕابکات. ڕەنگبێ هەستی بەوە کردبێت چی بەسەر دێت. ڕۆژی سێیەم، کە ویستیان بیهێننە دەرەوە لەدەستیان قوتاری بوو. کاتێک غاری دەدا بە ئاڕاستەی ئەو یەکەم پیاوەی کە هاتە بەردەمی چوو و تخێلی ئەرزی کرد. ئەو پیاوە کە لە ڕووداوەکە بێ خەبەر بوو و بەڕێگەی خۆیدا دەڕۆیشت بە ئاستەم توانی خۆی دەرباز بکات و لەپشت حاوییەیەکی زبڵ خۆی بشارێتەوە. قاقای ئەو کەسانە بەرز بووەوە کە لەو ناوە کۆبوونەوە. چەند کەسێک دەستیان بە پشتی ئەو پیاوە ڕزگاربووەدا دەهێنا. منداڵان بە ڕاکردنەوە هاتبوون تا بزانن ئەو گۆبەندە چییە. پەری کە بە دیواردا هەڵزنا بوو دەیبینی گایەکە سەری شاخداری بە ڕاست و چەپدا دەسوڕێنێ و بەتەنیا دەرەقەتی ئەوە دێت ئەو قەرەباڵخییە تارومار بکات.

گایەکە بە پێچەوانەی بەرخەکانی قوربانی شەڕکەرێکی چاونەترس و نەبەزیو بوو. لەهەمبەر نزیکەی ئەو بیست پیاوەی دەورەیان دابوو بەرەنگارییەکی زۆر باشی کرد. ئەگەر مەنسوور بە ئارەق و خوێتیشەوە هەوڵیدا ئاژەڵەکە لەو گرووپە قوربانیکەرە ڕزگار بکات بێ سوود بوو. قسەی بە گوێی کەسدا نەچوو. لەو ساتەدا گایەکە دەرپەڕی و خۆی لەنێو سوپایەک لە جانەوەری ئاسنیندا بینییەوە. نزیکەی سێ کاتژمێر خەریک بوون تا ئاژەڵەکەیان ڕام کردەوە. ناچار بوون بە تفەنگ دەرزیشاژنی

بکەن. دواتر هەندێک لە دراوسێکان گوتیان بەهۆی ئەو دەرزی لەهۆشچوونەوە گۆشتەکەی حەلال نییە. بەڵام ئیتر هیچ کەس گوێی بەم قسەیەی ئەوان نەدا.

کاتێک مەنسوور دەگەڕایەوە ماڵەکەی "ئەوە چ وەحشیەتێکە ئاخر" وای گوت. " دەڵێن 'ئایینەکەمان دەڵێ زیان بە کەس مەگەیەنە'، ئاژەڵەکانیش هەروەها. ئەو ئافرێتراوە داماوە بە ترسەوە مرد. ئەو ئاژەڵەیان ئەشکەنجە دا. گۆشتەکەی ناخۆم، مرداربووەوە."

سەلما بۆ ساتێک هیچی نەگوت. "مەخۆ، پیاوەکە. ڕەنگە منیش نەیخۆم."

پەری کە چاوەڕێ بوو شەڕ بکەن، بەڵام کاتێک بینی بۆ یەکەمجار دایک و باوکی هەمان بۆچوونیان هەیە سەرسام بوو. ئەو پشکە خێرەی ئەوان بەسەر هەژاراندا دابەش کرا.

بۆ ئێوارەکەی پەری سەرنجی ئەوەی دا کە باوکی بەردەوام زوو زوو پەرداخی ڕاکیەکەی تێدەکاتەوە. "ڕۆژێکی سەیر بوو، ها؟" مەنسوور بە دۆشدامانەوە وای گوت، دەتگوت هۆشی لە شوێنێکی ترە. "کاتێک ئێوە هەردووکتان لەدایک بوون هەر وەک ئێستا شەکەت بوو. شەوانی بێ خەوی بوون."

پەری کە لەو ساتەدا دەستی بۆ سوراحییەکە درێژ کردبوو هێندە نەمابوو بەسەر خۆیدا بکات. "مەبەستت چییە لە 'ئێوە هەردووکتان'؟"

مەنسوور بەبێ ویستی خۆی دەستی بۆ نێوچاوانی برد. شڵەژاویی کەسێک بە سیمایەوە دیار بوو کە هەستی کردبێت نهێنییەکی گرنگی لە دەم دەرچووە. دوودڵ بوو لەوەی درێژە بە قسەکردن بدات یان نا. "ئەوە، دڵنیام ئەو شتانەت لەبیرن."

"کامە شتانە؟"

کوڕێکمان بوو، دوانەی تۆ بوو، نەژیا."
سێبەرێک کشایە سەر قوڵایی زانگەی پەری. "بۆچی؟"
"ئاه، شیرینەکەم، دەی لەسەر مەچۆ. چ حوزنێک بوو. ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە" مەنسوور وای گوت، بەڵام دیسانەوە خولیای زانینی نوێ بووەوە و پرسی: "هەر بەڕاستی لەبیرت نەماوە؟"
"هەر ناشزانم باسی چی دەکەیت باوکە."
"بەڕاستە؟ چەند سەیرە... پێموابوو شتگەلێک هەن بەردەوام لەبیرتن."
کاتی زۆری دەویست تا پەری نهێنییەکانی ژێر زمانی باوکی هەڵدێنێ. کاتێکیش دەیزانین نەفرەتی دەکرد.

* * *

دواجار شەمەندەفەرەکە گەیشتە وێستگەی پادینگتن. شیرین بە مینیژوپێکی فەرووی ڕەنگ زیوینی تا سەر ئەژنۆکانی لە نزیک ئامێری بلیتبڕین وەستا بوو. وەک دڕندەیەکی بە پێدەشتەکانەوە هاتوو لەناوەڕاستی ئەو شارەدا وەستا بوو.
"تۆ بڵێی بۆ ئەو شتەی لەبەرتدایە چەند ئاژەڵ کوژرابن؟" پەری پرسی.
"خەمت نەبێ، فەرووی ڕاستەقینە نییە" کاتێک ڕوومەتەکانی ماچ دەکردن ئەمەی گوت.
پەری بە وردی سەرنجی ڕوخساری هاوڕێکەی دا. "درۆ دەکەیت وانییە؟"
"هاها" شیرین وای گوت. "یەکەمجارە بزانیت، دەستخۆشیت لێ دەکەم. دڵخۆشم بۆتۆ مشکۆک. خەریکە چاوت دەکرێنەوە."

پەری دەیزانــی شــیرین بە وێــیەوە گرتــوویەتی. چەنــدەش پێیکەنێت، بەڵام لەنێو قسەکانی هاوڕێکەیدا ڕاستینەیەک هەبوو کە وایدەکرد نائارام بێت: وادیارە شیرین پێشووتر درۆی لەگەڵ کــردووە، ڕەنگە زیــاتر لە جارێــک. بەڵام هێشتا نەیــدەزانی ئەو درۆیانە لەبارەی چییەوە و بۆچی کردوونی.

بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ دایکی شیرین ئاشنای یەکتری بــوون. بەپێی وەسفی هاوڕێکەی چاوەڕێی فیگوری دایکێکی ترســناک، بێــزارکەر و زاڵــی دەکــرد. ســەرباری هەمــوو ئەمــانە کەسێکی هەڵچــوو. بەڵام ژنێکــی پێگەیشتوو، هــێمن و خۆشــڕووی بینی. قــژی بە ســوور ڕەنگکــراوەکەی گەش و بەرچــاو بــوو. لەســەر خوانەکەی شەراب، لە باڵکۆن جگەرەی دەکێشا؛ ژیر، زەریــف، گــاڵتەچی و پــێچەوانەی کچەکەیشــی تــا بڵێــی بــڕوادار بــوو. ســەرباری حــوکمی مەلایــی و ڕژێمــی خــامنەیی و زەبــروزەنگە ئەخلاقییەکــان، لەگەڵ ئەوەشــدا کە ناچــار بــوونە بە خێــزانەوە لە ئێران ڕابکەن، زێدەباری ئەو هەموو ســەختییەی کە لە ئاوارەیــیدا دەیچێژن هێشتاش لە ئایین و مەملەکەتەکەی ســارد نەبووبــووەوە. بەپێچەوانەی هێنــدەی تــر ســەختگیر بووبــوو. هێــز و ورەیەکــی تــایبەت بەخــۆی هەبــوو. هەربــۆیە ڕێــگەی بەوە نەدەدا هــیچ کەسێک لێیبێچینەوەی لەگەڵدا بکات.

چەند سەیر بوو، لەژێــر هەمــان بنمیچیشــدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک تر، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی پرسی بڕواداریــی چەند دەگۆڕا. ئەندامانی هەمان خێزان کە هەمان ئەزموونی ژیان و ڕووداوەکانیان کــردووە ئەنجــامێکی تەواو جیــاواز لە یەکــدی وەدەستدەهێنن، هەمــان یــادەوەریی هەر کەســە و بە جۆرێــک بە یادیدا دێتەوە.

Scanned with CamScanner

# سەماکار

ئۆکسفۆرد، ۲۰۰۲

پەری جامەکەی کردەوە و چێژی لەو شنەبایە فێنکە بینی کە نەوازشی پێستی دەکرد. دڵخۆش بوو بەوەی دواجار پشوو تەواو بوو و گەڕانەوە خەوگەکەیان. کتێبێکی بەدەستەوە بوو، لە لێواری جێگەکەی دانیشت و ئەژنۆکانی بە سنگییەوە نووساندن. ئازوو لە سیمیناری ئەوڕۆیاندا داوای لە هەموو خوێندکارەکانی کردبوو لەبارەی "فیکری خوداوەند لە فەلسەفەی کانتدا" وتارێک بخوێننەوە سەرنجی خۆیان ئامادە بکەن. نەک تەنیا تیۆلۆگەکان، بەلکو منداڵە بزێوەکانی فەلسەفە، نیچە و داروینیش زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەری کانت. ئەو فەیلەسووفە ئەڵمانە زۆر لایەنی هەبوون. پەری بڕیاریدا کانتیش ڕێک وەک ئیستەنبوڵ وایە: ناجێگیر، چینین و ئاڵۆز.

بێ هۆکار نەبوو کە ئازوور کانتی خۆشدەویست. ئەویش ئاڵۆز بوو. دەتگوت کۆرسێک لەناخیدایە. ئەوی لە پانێلەکەدا دڵنیایانە گەنگەشەی دەکرد، ئەو ئەکادیمیسیەنە خود-ناوەنگیرەی لە ژیانی ڕۆژانەدا حەزی لە بایەخدانی بەردەوام بوو؛ لە پۆلیش ئەو مامۆستا جەبەرووتەی چاوترسێنی دەکردی؛ لە ئۆفیسیشدا خواستەکار و حاکمی لێ پرسینەوە؛ هەرچی لە مەحرەمی ماڵە خاوەنماڵی بەڕێز و میهرەبان بوو... زۆر لایەنی تریشی هەبوون؟ هۆشی پەری چووە سەر خوانی شەوی سەری ساڵ و ڕووداوەکانی دواتر. لەوێ ڕۆژێوە خۆی لە دارەن دەدزییەوە؛

ئەمە لەکاتێکدا کوڕەکە چەندین جار پەیوەندی پێوە کردبوو، هەمــوو جــارێکیش پەیــامی خەمنــاک و ئــازاراویتری بــۆ بەجێهێشتبوو. پەری ناهەقی بەرانبەر دەکرد. بەڵام نە دڵی بەرایی دەهات بەجۆرێکی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات نە لەدەستی دەهات. جگە لە چوونە نێو سیمینار و کارە نیوە-دانەکەی لە ژوورەکەی خۆیدا دەمایەوە، بەتەواوی خۆی پەنا دابوو، هەڵبەتە ئەگەر دۆزینەوەی بەهانەی جۆربەجۆر و زەنگی دەرکە لێدانی شیرین و جارجارەش بینینی موونای لێ بەدەر بکەین.

بەهـۆی ئەو بەکێشکردنەی لە ئـازووورە هەستی پـێ دەکـرد سیمینارەکان بۆ وێ بووبوونە زەجرکێشیی. هەوڵـی دەدا هەمـوو وشە و جوڵەیەکی ئەو پیاوە بخـوێنێتەوە، بە ئەگەری زۆریـش بە هەڵە لێکی دەدایەوە. بە چاوێکی بابەتییانەوە سەیری مامۆستاکەی نەدەکـرد. وەک کاهینێـک کە لە هەمـوو شتێکدا ئامـاژەیەکی خــودا دەبینێــت، هەوڵــی پەیامــدۆزی لە شــتە هەرە ئاســایی و بێماناکـان دەدا. دەیەویسـت کـاریگەری بخـاتە سـەر ئـازوور، زۆریـش مەبەسـتی بـوو. بۆیە وەک شێت دەیخوێند و سـەعی دەکرد. زۆربەی کاتیش لە پۆلدا شتێک بەری دڵـی دەگـرت و بێدەنگ دادەنیشت. جار جارەش بەجۆرێکی تـر دەبـوو. لەپڕ بوێرییەکی تێدەگەڕا یاخود بێچـارە دەبـوو، نـاڕەزایی دەردەبڕی گەنگەشەی دەکرد، مەیدانخوازیی دەکرد و دووبارە نـوقمی نێو بێدەنگی دەبوویەوە. ڕۆحی وەک بەندۆڵێک لێ هـاتبوو، بەملاو ئەولای دادەدا.

ئەوە لە کاتێکدا پێیوابوو هیچ کاتێک ئەم شتانە بەسەر خۆیدا نـایەن. ئەو لەو کـچە ساویلکانە نەبـوو کە بە پیرەپیـاوێکەوە دەنووسـێن. پێیوابـوو ئەوانەی وان لە ژیــانی خۆیانــدا بەدوای فیگوری بـاوکێکی نەبوودا دەگەڕێـن. وادیـارە لە لێپێچینەوە لە

کەسانی تر هەڵەی کردووە. پێیوابوو ئەو شتەی کە وا دەکات بۆ لای ئازوور بەکێش بکرێت لای هیچ کەسێک بگرە لای خۆیشی- باسی ناکات. نیازێکی وای نەبوو ئەو هەستەی بۆ مامۆستاکەی هەیەتی لای هیچ کەسێکی تر بدرکێنێت. هاوشێوەی ئەو دەفتەر یادگارییەی لە منداڵییەوە هەڵیگرتووە، یان وەک ئەو منداڵەی نێو تەم؛ ئازووریش بووەتە نهێنییەک کە دەبێ بە ئاگاییەوە بیپارێزێت. ئەگەرچی کەسیش نەیدەزانی، بەڵام شەوان بەر لە خەوتن خووی بەوەوە گرتووە یەکێک لە کتێبەکانی ئەو دەستبداتێ، بە یاوەری ئەو میوزیکەی خستبوویە سەر، لەنێو تاریکیدا، سەری پەنجەکانی بەسەر ناوی پرۆفیسۆردا دەهێنان. بەدرێژایی ڕۆژەکانیش لە دەوروبەری ئەو بینایەی پرۆفیسۆر تێیدا بوو دەگەڕا و بە هیوای ئەوەی لەو ناوەدا بێت چاوی دەگێڕان. بەیانیان ڕێگەی خۆی بە ئاراستەی ئەو قاوەخانەیە دەگۆڕی کە ئەو بەردەوام دەچوو قاوەی تێدا دەخواردەوە، بەڵام یەک دوو جار کە بینی ئەویش دێت ڕایکردووە و خۆی لە توالێتدا شاردووەتەوە. لە کاتێکدا هەموو ئەو شتە پێکەنینامێزانەی دەکرد، لەیەکەی تری لەو شتانەی کە ڕوویاندەدا نارەحەت دەبوو، پێی وابوو ئەمە وەرزێکی شێتییە و هیوای بە تەواوبوونی بوو.

پەری کە چیتر نە بەرگەی بیرکردنەوەکانی خۆی نە هی کانتی دەگرت پێڵاوەکانی وەرزشی دەکردنەوە پێی و دەچووەوە ڕاکردن. سەرباری ئەو ساردییە فیتکاییەکی لە هەوادا هەست پێدەکرد، تنۆکەکانی خۆشبینی هاوشێوەی شەونمە کریستاڵییەکان بە هەواوە بوون. ئەو بێدەنگییەی کە لەسەرەتای هاتنی لە ئیستەنبوڵەوە بۆ ئەم شارە هەستی پێ دەکرد چیتر سەرسامی نەدەکرد.

لە سەر سووچی شەقامی لۆنگ واڵ-دا کابینەیەکی تەلەفۆنی بینی. بەپێی جیاوازی دوو کاتژمێری کات دەبێ ئێستا باوکی لە ماڵەوە، لەسەر خوان دانیشت بێت. یان بە تەنیا یان لەگەڵ هاوەڵەکانی.

مەنسوور دەستبەجێ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. "ئەلوو؟"

"باوکە گیان... ببورە، لە کاتێکی خراپ پەیوەندیم پێوە کردوویت؟ کاتت هەیە؟"

"پەری، گیانەکەم" مەنسوور وای گوت. دەنگی دەلەرزی. "یانی چی کاتت هەیە؟ کەی حەزت کرد پەیوەندیم پێوە بکەوە رۆڵە. خۆزگە زیاتریش تەلەفۆنت بۆ دەکردم."

ئەو شێوازە قسەکردنەی باوکی پەری پشووسوار کردبوو.

"باشیت رۆڵە؟"

"باشم." پەری وای گوت. "دایکم چۆنە؟"

"لە ژوورەکەی خۆیەتی. دەتەوێ گازی بکەم؟"

"نا، کاتێکی تر قسەی لەگەڵ دەکەم." بە دەنگێکی نەرم ئەمەیشی بۆ زیاد کرد: "زۆرم بیر کردووی."

"ئاە، ئێستا دەمگریێنی."

"ئەم سەری ساڵە کە لە ماڵەوە نەبووم هەستێکی زۆر خراپم هەیە."

"دەی، کێ گوێ بە سەری ساڵ دەدات؟" مەنسوور وای گوت. "دایکت دیسان بەوەیەوە گرتووە قەلێک لێ بنێ و بیخاتە ژێر برنج. گەنمەشامی، کەستانە و لالەنگیمان خوارد. یاری یانسیمان کرد؛ دایکت بردییەوە. لە تەلەفیزیۆن سەیری سەماکارمان کرد، واتە من سەیرم کرد. هەر ئەوەندە. هەر خۆی سەماکاریش کەمبوونەتەوە! تا دێ ئەم کۆمەڵگەیە دیندارتر دەبێت. نەرمە نەرمە دیموکراسی لەژێرمان دەخزێ. هەر سەماکار

هەبوو کەیفمان ساز بکات ئەویش بەزۆر دەیبینن بۆمان. پاسەوانانی ئەخلاق. ئاخر کوڕم چاوە هی خۆمە، هەرچی گوناهە گوناهی خۆمە، بۆچی چاودێری تەلەفیزیۆنەکان دەکەن؟"

هەڵبەت هەندێک شتی تریش هەبوون بۆ وتن، لەگەڵ ئەوەشدا پەری ئەوانیشی بیستن: پێداگری مەنسوور تا ژنەکەی لەسەر شەرەفی سەری ساڵ لەگەڵیدا بادەی لە بادە بداتەوە، دەستلێدان لە سەماکارەکە، سەلما هیچ خۆشی لەمانە نەهاتووە و دەموچاوی تێکناون، شەڕیان بووە... لە هەمووی تێگەیشت.

وەک ئەوەی مەنسوور ئەو شتانەی بیستبێت کە پەری بەبیریدا هاتن، "هەڵبەتە یەک دوو بادەم خواردنەوە،" مەنسوور وای گوت. "خۆت دەزانی چی دەڵێن، ساڵی نوێ چۆن دەستپێبکەیت وەها بەردەوام دەبێت!"

دڵی پەری تەنگ بوو.

"خەم لەوە مەخۆ نەتتوانی بێیتەوە" مەنسوور وای گوت و درێژەی پێدا. "هێشتا ساڵانێکی زۆر ماون پیرۆزیان بکەین. مەکتەبەکەت لە هەموو شتێک گرنگترە."

مەکتەب... زانکۆ یان فاکەڵتی نا، مەکتەب. ئەم وشەیە سیحراوییە بۆ بێ هەژماری ئەو دایک و باوکانەی هەرچەندە خۆیان نەیانخوێندووە، وەلێ تا ئاستی پیرۆزی بڕوایان پێ هەیە و هەموو شتێکیان دەخەنە خزمەت داهاتووی منداڵەکانیان.

"کاکم چۆنە؟" پەری پرسی. پێویست نەبوو دەستنیشانی بکات کامە کاکی دەڵێت. دیار بوو مەبەستی هاکانە، چونکە بەدەگمەن باسیان لە ئومێد دەکرد و هەر کاتێکیش باسیان کردبێت بە تۆنێکی جیاواز باسیان کردووە.

"باشە، باشە، چاوەڕێی منداڵێکن."

"چی؟ بەڕاستە؟"

بەڵێ" مەنسوور وای گوت. بە شانازییەوە دەنگی لێ هەڵێنا. "کوڕە."

ساڵێک زیاتر بەسەر ئەو شەوە وێرانەی لە نەخۆشخانە بەسەریان برد تێپەڕی بوو، بەڵام هێشتا وەک ئێستای دەهاتەوە یاد. بۆنی دەرمانی پاککەرەوە، ڕەنگە دێزەکەی دیوار و ئاسەواری نینۆکەکانی بووک لەنێو لەپی دەستیدا... وە ئێستاش فەریدە یەکەم بەری میوەی ئەو هاوسەرگیرییەی پێگەیاندبوو. قسەکانی دایکی لەنێو سەریدا دەنگیان دەدایەوە: *زۆربەی هاوسەرگیرییەکان لەسەر بناخەی درزبردوودا بنیاتنراون.*

"باوکە گیان من هەرگیز کارێکی وەها ناکەم..."

"چی؟"

"هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک ناکەم کە خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووم. یان لێی جیادەبمەوە."

مەنسوور بە نەرمی ئۆفێکی کرد - کەمێک پیشی خواردەوە، وەک ئەوەی نیوە هەقی پێ بدات. "دایکیشت و منیش زۆرمان خۆشدەوێیت" وای گوت، بۆ ساتێک وەستا، ڕانەهاتبوو ناوی هەردووکیان بەیەک نەوا بڵێ. "تۆ چیت بوێت پشتگیریت دەکەین. تەنیا تۆ دڵخۆش بیت."

چاوەکانی پەری پڕ بوون. بەهەر هۆکارێک بووە لەهەمبەر میهرەبانیدا دادەڕووخا. نەیدەزانی چی بکات.

"چی بوو گیانەکەم؟ دەگریت؟"

پەری خۆی لە پرسیارەکە نەبان کرد. "بەڵام باوکە... ئەدی ئەگەر ڕۆژێک تۆم شەرمەزار کرد؟ ڕەتم دەکەیتەوە؟"

"ئەوە چ قسەیەکە، هەرچی بێت با بێت، چۆن کچی خۆم و گیانی خۆم ڕەتدەکەمەوە؟" مەنسوور وای گوت. دەستی بە گاڵتەکردن کرد. چونکە گاڵتە مەرهەمم بوو. "هەڵبەت ئەگەر

ڕێنپاتێکی توندڕەو بەناوی زاوا نەهێنێتە ماڵەوە. لەئێستاوە بزانە بەرگەی ئەمە ناگرم! ئا هەروەها ئەو بە ئاتۆیانە، خۆ تەمات وانیە لەگەڵ میوزیسیەنێکی قژبژ هاوسەرگیری بکەیت؟ چیان پێ دەڵێن بەوان؟ شەیتانپەرست؟ میتاڵی قورس؟ بۆ من کێشە نیە، بەڵام دڵی دایکە داماوەکەت بەرگە ناگرێت. واتە جگە لە پۆشاک پەشمینی قازیزادە و میتاڵی قورس بژاردەی زۆرت لەبەردەستە بێتە زاوا."

پەری پێکەنی. ئەوەی هاتەوە بیر کە باوکی فێرە فیکەلێدان، دروستکردنی باڵۆن بە بنێشت و کرتاندنی تۆو کولەکەی دەکرد بە ددان.

"هەر بەڕاست، ئەو کوڕە خودان بەختە کێیە؟" مەنسوور پرسی.

ئەو وشەی "کوڕە" هۆشی هێنایەوە سەری پەری. لە ڕوانگەی باوکییەوە پەری تەنیا دەیتوانی کوڕێک، واتە هاوتەمەنی خۆی خۆشبوێت. وای ئەگەر دەزانێت دڵی وابەستەی مامۆستاکەی بووە!

"دەی، خوێندکارێکە، شتێکی وەها جدی نییە. هێشتا گەنجم بۆ شتی جدی."

"بێگومان." مەنسوور ئارام بوویەوە. "ئەوانە دێن و دەڕۆن. تۆ ئاگات لە وانەکانت بێت."

"خەمت نەبێت، زۆر دەخوێنم."

"ئافەرین بۆتۆ. ها، لەبارەی ئەمەوە هیچ بە دایکت مەڵێ. دایکت لەبارێکدا نییە نیگەران بێت."

"دڵنیابە هیچی پێ ناڵێم."

دوای داخستنی تەلەفۆن پەری کاتژمێرێک ڕایکرد. هەرچەندە قاچیشی لەسەر شۆستە شەختەگرتووەکان دەخلیسکا

وەلێ نەوەستا. هێندە فشاری لەخۆی کردبوو کە گەڕایەوە خەوگەکەی بەلەکی وەژان هاتبوون، لەگەڵ هەر قوتدانەوەیەک گەرووی دەتێشا - ئاماژەی گرتنی پەتایەکی توند بوون. ڕاکشا و خەوی لێ کەوت، لە خەونیدا هێشتا هەر ڕایدەکرد، ئەو تێبینییە بچووکەی بەدەستەوە بوو کە شیرین نووسی بووی و لەسەر مێزەکەی بۆی بەجێهێشتبوو، وە بەر لەوەی خەوی لێ بکەوێت خوێندبوویەوە.

*"مشکۆک، ماڵێکم دۆزیوەتەوە زۆر شیاوە بۆ ئێمە! خۆت ئامادە بکە، باردەکەین!"*

# لیست

ئیستەنبول، ٢٠١٦

"گوێت لەوان بوو؟ وێرانە!"

ئەوە ژنەی ڕێکلامکـار بـوو وای گـوت. بـۆ ئەوەی بچێـتە توالێـــت لە ژوورەکە چـــووە دەرەوە، بەڵام بەپەلەپـــرووزێ گەڕایەوە.

"دیسان چی ڕوویدا؟" یەکێکیان وای گوت.

لە دونیادا دوو جۆرە شـار هەن: یەکەمیان، سبەی و هەمـوو ڕۆژەکانی دواتریان کەم تا زۆر وەک یەکن، هەروەها ڕێـک بە پێچەوانەی ئەمە، ئەوشارانەی هەموو ساتێک سەرسامت دەکەن، زۆرهـان، شـلەقیو و ئەو شـارانەی هەرگیـز بەڵێنـی یەک نەوا بەردەوامیت پێ نادەن. ئێستای ئیستەنبوڵ بەجۆرێک دەکەوێتە جۆری دووهەمیـان. بەردەوام دانیشـتوانەکەی ناچـار دەکـات سەیری تەلەفۆن، تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێتەکانیان بکەن. دەڵێن دەی دیسان چی ڕوویدا. بوار نییە بۆ بیرکردنەوەی قووڵ، لە کاتێکدا کات وەک تـانجی تێـدەپەڕێت. کاتێـک لە هەواڵێکی بەپەلەوە ڕادەکەنە هەواڵێکی بەپەلەی تر.

"لە تویتەر بینیم" ژنەی ڕێکلامکار وای گوت. "تەقینەوەیەک ڕوویداوە."

"لە ئیستەنبوڵ؟" یەکێکیان وای پرسی. "کەی؟"

سێ پرسیاری بنچینەیـی، هەمیشـە بەو ڕیزبەنـدییە دەپرسـران: چی؟ لەکـوێ؟ کەی؟ چـی: ڕایگەیانـد تەقینەوەیەکـی گەورە

بووە. لەکوێ: لە نیمچەدوورگە دیرۆکییەکەدا، لە یەکێک لە جەنجاڵترین گەڕەکەکان. کەی: بەر لە چوار دەقیقە. تەقینەوەکە هێندە بەهێز بوو جامی پێشەوەی هەموو بیناکانی ئەو ناوە شکاون، ئەوانەی بە پیادە بەو ناوەدا ڕۆیشتوون بریندار بوونە، ئاژیری ئۆتۆمبێلەکان لێیداوە، بۆ ساتێک ڕەنگی ئاسمان قاوەییەکی ژەنگاوی گرتووە.

ژنەی بازرگانەکە لەپێشەوە و زۆربەی میوانەکانیش بەدوایەوە بۆ تەماشاکردنی ڕووداوەکە چوونە سەرەوە. پەری بە هێواشی وەدوایان کەوت، بەدەم هەنگاونان بیری دەکردەوە، لە ژوورێکی ڕووناک و ڕەحەت "ژووری تەلەفیزیۆن" پێیان گەیشتەوە.

لەسەر شاشەکە پەیامنێرێکی پشووسوار و عەجەمی - ژنێک بوو، قژی هێندە درێژ بوو دەتگوت لە باتی سەرشان بەکاریدەهێنێت- بە هەردوو دەستی مایکرۆفۆنەکەی گرتبوو و بەپەلە قسەی دەکرد. "تاوەکو ئێستا نازانین چەند کەس مردوون و چەندیان بریندارن، بەڵام دۆخەکە باش نییە. تاکە شت کە دەیزانین ئەوەیە تەقینەوەیەکی بەهێز بوو. بەپێی ئەو لێدوانەی لە پارێزگا دراوە..."

بۆمبا. ئەو وشەیە بەبێ ئەوەی کەس بزانێت لە کوێوە هات لەنێو هەوای ژوورەکەدا بە هەڵواسراوی وەک دوژکەڵێکی ژەهرین مایەوە. تا ئەوکاتە میوانەکان لەناخەوە هیواخوازی ئەوە بوون تەقینەوەکە لە ئەنجامی دزەکردنی گازیی سروشتی یان تەقینەوەی بەرهەمهێنەری کارەباوە بووبێت. هەڵبەت ئەگەر بەو هۆیانەشەوە بوایە لە بەهای ڕووداوەکەی کەم نەدەکردەوە. بەڵام بۆمب شتێکی تر بوو. بۆمبا ڕووداوێکی تراژیدی یان کارەساتێکی سروشتی نەبوو. شەڕێکی بە ئەنقەست، بە زانینەوە

خراپەکاریی بوو. بەڵێ، هەموو جۆرە ڕووداو و بەڵایەک تاسێنەر بوو، بەڵام مرۆڤێک بەبێ سڵەمینەوە مرۆڤێکی تر بکوژێت، ئیتر ئەمەیان قووڵایی تاریکی بوو.

سەرباری ئەمەش زانیان کە بە بۆمبا -یاخود ئەگەری تەقینەوەی بۆمبێک- بووە. سەرباری ئەو هەموو ڕووداوە ترسناک و بێدەربەستانەیە هێشتا چەند شێواز و کلێشەیەک هەبوون که تیرۆریستەکان پێیانەوە پابەند بوون. بۆ نموونە هەرگیز بە شەوان چالاکییان نەدەکرد. وەختە بڵێم هەموو جارێک زۆرترین کەس و قەرەباڵخترین شوێنیان دەکردە ئامانج بۆ ئەوەی وە سەرەمانشێتی ڕۆژنامەکان ڕابگات بۆیە زیاتر بە ڕۆژ ئەم کارانەیان دەکرد. شەوانی ئیستەنبوڵ ئەگەرچی لە چەند ڕوویەکی ترەوە ترسناک و نالەبار بوون، لە ئەگەری تەقینەوەی بۆمب پارێزراو بوو. یان ئەوەتا تاوەکو ئێستا وایان زانیوە.

هەر بۆیە ژنەی بازرگان پرسی: "بۆمبا؟ بەم وەختە؟"

"ڕەنگە تیرۆریستەکان کەوتبنە نێو جەنجاڵی ترافیکەوە" مێردی بەمشێوەیە گاڵتەیەکی کرد. "ئیتر لە ئیستانبوڵ هیچ شتێک لە کاتی خۆیدا ناکرێت، بگرە کاری ئیزرائیلیش."

پێکەنین -قاقای کورت و بێ کەیف. لە کاتێکدا کارەسات ڕوویداوە گاڵتەکردن وای دەکرد مرۆڤ هەست بە پیسی و بگرە خەتابارێش بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا ترسی پەرت دەکرد و سەنگینی ئەو نادیارییەی کەمدەکردەوە. پەری بیری لە باوکی کردەوە. مەنسوور هەمیشە دەیگوت،"لە مەملەکەتێکی وەها بریندار و پڕ کێشەدا گاڵتە مەرهەمە."

لەو دەمەدا لەسەر تەلەفیزیۆن خەڵکی ئەو ناوە قەرەباڵخیان بەدەوری پەیامنێرەکەوە دروست کردبوو. بە هەیەجانی ئەوەی لەسەر شاشە دەردەکەون و بە ئومێدی ئەوەی لێدوانیان لێ

وەردەگیرێت بە دڵ و گیان گوێیان بۆ هەر پەیڤێکی پەیامنێرەکە ڕاگرتبوو.

لەپڕ دیمەنەکان لەو هەلیکۆپتەرەوە نیشان دەدران کە بە ئاسمانی گەڕەکەکەدا دەخولایەوە. ئەو ماڵانە هێندە بەسەر یەکەوە و بەپاڵ یەکەوە دروستکرابوون هەموویان وەک یەک قالب کۆنکرێت دەبینران. بەڵام ئەگەر بە سەرنجێکی وردترەوە سەیرت کردبان جیاوازییەکانت دەبینین. بەتایبەتی بینایەک، دەتگوت لەنێو شەڕی چەندساڵەی نێوخۆییدا هاتووەتە دەرەوە. پەنجەرەکانی تەقی بوون، دیوارەکانی سووتاو، جامەکانی شکابوون: تارومار بووبوو.

"بە ماڵ و منداڵەوە لە ماڵەوە بووین... هەموومان بەیەکەوە تەماشای تەلەفیزیۆنمان دەکرد، گرمەیەکمان بیست، ئەرز و ئاسمان لەرایەوە" شایەتحاڵێک وای گوت -پیاوێکی بەژن کورت، لەش پڕ و بە پیجامە و فانیلەیەکەوە بوو. وزەیەک لە دەنگیدا هەبوو بە ئەستەم کۆنترۆڵ دەکرا، هەم بەلایەوە سەری بوو هەم دڵخۆش بوو بەوەی ئێستا لەو تەلەفیزیۆنە دەرکەوتووە و ملیۆنان کەس دەیبینێت، کە چەند دەقیقەیەک بەر لە ئێستا خۆی بەدیارییەوە دانیشتبوو.

"چ هەستێکتان هەیە؟ دەتوانن هەستی خۆتانمان پێ بڵێن؟" پەیامنێر وای گوت.

ئەو پیاوەی کە بەدرێژایی ژیانی هەستەکانی خۆی -چ جای ئەوەی لەبەردەم هەموو کەس- بەیان نەکردووە چاوەکانی تروکاندن. دروست لەو کاتەدا کە بەهۆی عەشقی کامێراوە خەریک بوو گوزارشتی لە هەستەکانی خۆی دەکرد لە شریتی ژێرەوەی شاشەکە ژمارەی کوژراوان بڵاوکرایەوە.

لەو ساتەشدا میوانەکان، بۆ ئەوەی ڕووداوەکە بەوانی تر

بگەیەنن یەک بە دوای یەک گەڕانەوە هۆڵەکە. "پێنج کوژراو، پانزە بریندار."

"بەداخەوە ئەو ژمارەیە زیاد دەکات. بەشێک لە بریندارەکان برینەکانیان سەختە." وای گوت، ئەو ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەی کە تەلەفۆنی بۆ ئۆفیسەکەی کرد و زانیاری لێ وەرگرتبوون.

وەک چۆن لەسەر مێزەکە مەزەیان لەنێوان خۆیاندا دەستاودەست دەکرد، ئێستاش زانیاریان لەبارەی خوێن و دەهشەت لەنێو خۆیاندا دەگۆڕییەوە. هەمان باس دووبارە و سێبارە دەهاتەوە گۆڕێ. تراژیدیاش وەک هەموو شتێکی تر هەزم دەکرا - چ بە تاک بێت چ بە گشتی.

خۆشەویستەکەی ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکە هەناسەیەکی پڕ بە سییەکانی هەڵمژی. "وای. کەواتە لەماڵی خۆیان بۆمبا دروست دەکەن" وای گوت.

"بیربکەنەوە. پارچەکان پێکدەگەیەنن، وەک لێگۆیەکی شەیتانیی. لەپڕ بوووم! لەدەستیاندا دەتەقێتەوە. هەواڵێکی خۆش: تیرۆریستەکە لەشوێنی ڕووداوەکەدا مرد. هەواڵی ناخۆش: دراوسێی سەرەوەی خانووەکەی ئەوانیش گیانی لەدەستداوە. پیاوەکە مامۆستایەکی خانەنخشیکراو بووە."

"بەئەگەری زۆر دەبێت مامۆستای جوگرافیا بێت داماوە" بازرگانەکە وای گوت. "تۆ سەیری ئەم چارەنووسە... چەندین ساڵ دەفتەرەکانی تاقیکردنەوە بخوێنەوە، هەوڵ بدە دوو قرووش پێکەوە بنێیت، جلوبەرگێکی شڕ بپۆشە، هەوڵبدە هاونیشتمانییەکی باش بیت. دواتر خانەنشین ببە. بەهۆی خەیاڵی خوێندکارەکانتەوە ماندوو و شەکەت ببە. دواتر یەک گرووپ هەستن بێن لە نهۆمی ژێرەوەتدا نیشتەجێ ببن... دەست بە دروستکردنی بۆمب بکەن... نەفرەتی خودا لە هەموویان بێت..."

بووم! ئەمە سەرەنجامی مامۆستا. لەباتی ئەوەی بۆ خوێندکارەکانی باسی چیا و دۆڵەکان بکات زۆر باشتر بوو بۆیان باسی ئەوە بکات ئەم جوگرافیایە چەندە سەخت و خوێنینە!"

میوانەکانی تر هەر بەسەر پشتگیری قسەکەیان کرد. دەستیان کرد بە دانانی "لیستی دە بەناوبانگترین جۆری مردنەکانی ئەم جوگرافیا سەخت و خوێنینە" : ١- ڕووداوەکانی هاتوچۆ. ٢- کەوتنە نێو ئەو زێرابەی کە سەرقاپەکەی پێوە نەماوە. ٣- کاتێک لە بالکۆن دانیشتووی کاتێک هەڵدەستی دەبیتە قوربانی دەستی ئەو هاندەرە سەرەڕۆیانەی سەرکەوتنی یانەکەیان پیرۆز دەکەن. ٤- لە کاتێکدا بەسەر شۆستەکدا دەڕۆین ئۆتۆبووسێک کە ستۆپی نەماوە پان و پلیشت دەکاتەوە. ٥- هێرشی تیرۆریستی. ٦- ئەو کەسانەی نەخۆشی سترێس هەیە بەهۆی ترسانیان لە مردنیان بەدەستی هاندەرە سەرەڕۆیەکان، یان تیرۆریست و کەوتنە نێو زێراب...

تا ئەوکاتەی کەسێکی تر قسەی کردەوە، بێدەنگییەک هاتە ئاراوە. "مەگەر نازانین کێن ئەو کەسانەی تەقینەوەکان دەکەن؟" ژنەی ڕیکلامکار پرسی. "مارکسیستەکانن؟ کوردپەروەرەکانن؟ یان ئیسلامگەراکان؟"

بیناسازە کە تووڕەبووبوو، بزەیەکی کرد. "چەندە بژاردەمان هەن. تۆ سەیری ئەم مەملەکەتە!"

پەری هەستی کرد مێردەکەی بە نەرمی گەرووی خۆی پاککردەوە. "کێشەکە تەنیا مەترسیداریی تیرۆر نییە." عەدنان وای گوت. "کێشەکە ئەوەیە بەو جۆرە هەواڵانە ڕابێین. سبەی تا ئەم کاتە چەند کەس مامۆستاکەی لەبیر دەمێنێت؟ لە ماوەی هەفتەیەکدا لەبیر دەکرێت."

Scanned with CamScanner

پەری سەری دانەواند، هەستی بەو خەمە کرد لە وشەکانی مێردەکەیدا هەبوون.

وەک پشکۆیانەی لەنێو خۆڵەمێشی ئاگرینکدان ئاوا ناخی سووتاندبوو.

Scanned with CamScanner

# چاکراکان(1)

ئیستەنبول،٢٠١٦

"مامۆستا خانەنشینەکەش لەبیر دەکرێت" عەدنان جارێکی تریش وای گوت."ئیتر هیچ شتێک نییە شۆکمان بکات. هەستەکانمان لەدەستداون. تەواوی میللەت وەک خەوڕۆی لێهاتووە."
"ئاهەقی ناکەیت شیرینەکەم؟ مەگەر دەکرێ چیتر بکەین؟" ژنە بازرگانەکە وای گوت. "بەپێچەوانەوە شێت دەبووین! بە کۆمەڵ هۆشمان لەدەست دەدا!"
لەسەر ئەم قسانە فاڵچییەکە سەری ڕاتەکاند و هاتە نێو قسەکانەوە. "نەتەوەکانیش هاوشێوەی مرۆڤەکان بورجی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم وڵاتە کەی لەدایک بوو؟ ٢٩ ئۆکتۆبەر. واتە ڕێک وەک دووپشکێک، لەژێر کاریگەری مارس و پلۆتۆن دایە. مارس کێیە؟ خودای شەڕە. پلۆتۆن کێیە؟ خودای ژێرزەوییە. هەسارەکان هەموو شتێک دەردەخەن. کارمان سەختە."

"ئەستێرەناسیی قسەی بێ واتایە" موحافیزکارە خودان کۆمپانیا میدیاییەکە بەمە نارەزایی دەربڕی. "لەکاتێکدا هەموومان بڕوامان

(1) ناوەند، یاخود مۆڵگەکانی وزە لە لەشی مرۆڤدا. لە لەشی مرۆڤدا حەوت شوێنی ناوەندی سەرەکی یاخود مۆڵگەی سەرەکی چاکرا هەن. هەندێک کەس پێیدەڵێ چاوی سێیەم. بەڵام بە گشتی لە یۆگادا پێی دەگوترێ چاکرا.

بە خودایەک هەیە کە دەڵێن 'خوداکان' مەبەستان چییە؟ تێنەگەیشتم."

فاڵچییەکە پشتی ڕاست کردەوە. "ئەفەندی، بەر لە هەرشتێک من کەسێکی بڕواداری تەمام عەیارم! ئەوەی دەمەوێ بڵێم ئەوەیە؛ وەک نەتەوە چاکراکانمان داخراون. تا چاکراکانی خۆمان نەکەینەوە بەردەوام پشێوی توندوتیژی دەبێت."

کەوابێ چاکراکانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داخراون" ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکە وای گوت.

"هیچ بەدوور نییە" بازرگانەکە وای گوت. "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکەسەکان تاکە "وزە"یەک دەناسن ئەویش نەوتە. هیچ ئاسەوارێک لە وزەی مەعنەوی نییە."

"باشە، بەپێی شارەزایی تۆ چاکرا داخراوەکانمان کامانەن؟" ژنە بازرگانەکە وای گوت، بە جۆرێک کە خۆی لە قسەکانی مێردەکەی نەبان کرد.

"دووهەم و چوارەم بەباشی کار ناکەن" وەڵامی فاڵچییەکە بوو. "شەشەم تاڕاددەیەک، بەڵام خراپترینیان پێنجەمینە."

لە دەرەوە گوێی لە دەنگی نەورەسێک بوو. پەری لێوی خۆی گەست. ئەوەی ڕاستی بێت ویش حەز دەکرد بزریکێنێ.

"ببوورە، پێنجەمیان چییە؟" ژنە ڕێکلامکارەکە، کەمولەی مەراق وای پرسی.

"پێنجەمین، چاکرای گەرووە" فاڵچییەکە وەک ئەوەی نهێنییەک بدرکێنێ دەنگی نزمکردەوە وای گوت. "بیرکردنەوە کپکراوەکان، ئەو ئارەزووانەی گوزارشتیان لێ ناکرێ لەوێدا کۆدەبنەوە. لە ژێرەوەی دەمەوە دەستپێدەکات، لە بۆری خواردنەوە بۆ گەدە، لەوێشەوە کاریگەری لەسەر هەموو لەش دادەنێت."

چەند میوانێک بەبێ ویستی خۆیان دەستیان بۆ ملیان برد.

"باسی گەرووت کرد، گەرووی منیش وشک بووە، دەبێ چاکراکەم بکەمەوە" بازرگانەکە وای گوت. "کچەم، ویسکیمان بۆ بێنە."

فالچییەکە درێژەی بە قسان دا. "بۆ کردنەوە چاکراکانی نەتەوە تەکنیکێک هەیە..."

"نەکا ناوی دیموکراسی بێت؟" پەری هاتە نێو قسەکان و وای گوت.

"من باس لە سیاسەت ناکەم خانمەکەم!" فالچییەکە بە توورەییەوە ئەمەت گوت.

پزیشکی جوانکاریی کە بەشێوەیەکی گشتی بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە بەبێ دەنگی دانیشتبوو، سەیری کاتژمێرەکەی کرد. "ئای خودایە، درەنگە. بەیانی زوو سەفەری فڕۆکەم هەیە." ئەگەرچی چەند ساڵێکی پێشووتر لە ستۆکهۆڵم ژیاوە، بەهۆی پەیوەستبوونە کارییەکانی ئێرەوە -وە بەپێی قسەڵۆکەکان بێت، لەپێناو دۆستەکانی- زوو زوو سەردانی ئیستانبوڵ دەکات.

ژنەی ریکلامکار بە تۆنی دەنگێکی زبر "ئۆهـ، چەند خۆشە سبەی بۆخۆت دەڕۆیت، کێشمەکێشمی ئێرەش بۆ ئێمە دەمێنێتەوە،" وای گوت.

ئیدی بەو شێوەیە بوو. ئەوانەی بۆ دروستکردنی ژیانێکی تر روویان لە وڵاتێکی تر دەکرد بەردەوام هەم بە بچووک سەیر دەکران، هەم بەخیلیان پێ دەبردرا، هەم خۆشیانەدەویستن، هەم وەک غەریبەیەک سەیر دەکران. مەسەلە کۆچکردن نەبوو بۆ شارگەلێکی وەک نیویۆرک، لەندەن و ڕۆما. خودی بیرۆکەی ژیان لە شوێنێکی تر بوو سەرنجی ئەوانی تری ڕادەکێشا. بەردەوام خولیای ئەوەیان هەبوو لە شوێنێکی بەردەوام گۆڕاو و

Scanned with CamScanner

لەژێر ئاسمانێکی نوێدا بژین. بە جیاواز لە زۆر چین و دەستەی دیکەی کۆمەڵگە، ئەوانەی لەو خوانەدا ئامادەبوون باری داراییان گونجاو بوو بۆ ئەوەی "لێدەن و بڕۆن" - بەلایەنی کەمەوە بە گوێنە. هەر کاتێک نانی بەیانی یاخود برەنچ[1] یان دەخوارد، یان لە هۆڵە وەرزشییەکاندا ئارەقەیان دەڕشت یاخود لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا باسیان لە بارکردن و ژیانیان لە دەرەوەی وڵات دەکرد. هەمیشەش مەبەستیشیان لە دەرەوەی وڵات، ئەورووپا بوو. وەک قەڵایەکی لمینی بەردەم شەپۆلی هەڵچوو کەم کەمە پلانی پەرت بوو و سەرتاپاگیریان دەکرد. لە ڕاستیدا لێرە، لە هەناوی ئەو کولتوورەی پێی ڕاهاتوون، لەو کۆڵانانەی شارەزایان بوون، لەنێو ئەو کەسانەی کە هەمان ڕابردوو تێگەیشتنیان هەبوو باش و ئاسوودە بوون. خزم و کەس، هاوڕێیان و یادەوەرییەکان، ئەوان لەو دوورگەیەدا ڕاگرەی لەنگەرگرتنی ژیان و پەیوەندییەکانیان هەڵدەدا و دەوەستان، ئەو هەستی تەناهی و ئارامییەی کە ڕۆتینیش پێی دەدان مشەخۆری بوو. چەندین جار پلانیان ئامادە دەکرد و خەیاڵیان دەچنی و چەندین جاریش پلان و خەیاڵیان هەڵدەوەشاندەوە و دەستبەرداری سەرەداوەکانیان دەبوون. تا ئەو کاتەی ڕۆژێک، تا ئەو کاتەی بە کەسێک گەیشتن بیرۆکەی "با لێرە بڕۆین"یان هێنایە ئاراوە. لەو کەسە بێزار بوون. ژنان هەمیشە لەوانەی دەڕۆیشتن و سەری خۆیان هەڵدەگرت توورە دەبوون.

"سوێدیش بەهەشتێک نییە" پزیشکی جوانکاری وای گوت، بۆ ئەوەی ئەو کەشە شلۆقە ئارام بکاتەوە.

پێویستییەکی ناخۆش کە هیچ کامی ڕازی نەدەکرد، سبەی

---

(١) نانی بەیانی و نیوەڕۆ بەیەکەوە.

دەگەڕێتەوە ئەوروپا، ئەوان بە کێشەکانیانەوە بەجێدەهێڵێت. لەکاتێکدا ئەوان وەک کۆمەڵگەیەکی لەژێر فشاردا بە ناسەقامگیری هەرێمی، هەڵچوون و داچوونی سیاسی، بۆمب و جەمسەرگیریی سەرقاڵ دەبن، ئەو بە ئەگەری زۆر لە قاوەخانەیەک دانیشتووە و قاوەکەی دەخواتەوە.

پەری بە تێگەیشتنەوە بە پزیشکی جوانکاری پێکەنی کە لەپڕ پەراوێزخرا بوو. "ڕۆیشتنیش هاوشێوەی مانەوە، ئاسان نییە."

هەروەها پەری ئەوەیشی دەزانی کە ئەوانەی دەمێننەوە، سەرباری هەموو ئەو سەختیانە، دۆستایەتی و هاودەمییە هەردەمی و تەندروستەکەیان، تۆڕی فراوانی کۆمەڵایەتی و هاوبەندییە خێزانییەکانیان درێژە پێ دەدەن. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەوانەی سەفەر دەکەن، یاخود ڕۆحە کۆچەرییەکان زۆر تەنیاتر بوون، هاوشێوەی پەزلە پارچە کەمەکان، بەردەوام نیوە بوون...

"ئا بەڵێ، بەڵێ! دەبێ زۆر سەخت بێت لە دەوروبەری ئالپ بژیت" بە گاڵتەوە وای گوت، سەرباری ئەوەی ڕۆژنامەنووسە خۆشەویستەکەی ئانیشکێکیشی لێدا کچەکە هێشتا دەیخواردەوە و ئەمەی گوت.

"ئالپ لە سوید نییە، لە سویسرایە" یەکێکیان ویستی بەم شێوەیە بۆی ڕاست بکاتەوە، بەڵام کچە- خۆشەویستەکەی- ڕۆژنامەنووسە- بەنێوبانگەکە هەر گوێشی لێ نەبوو.

سکی خۆی لەنێو مینیژۆپە تەسکەکەی بردەوە ژوورەوە و هەستایەوە سەر پێ، بە پەنجەی ئاماژە کە نینۆکەکەی خواردبوو ئاماژەی بۆ دیکۆریستەکە کرد. "ئێوە هەمووتان ڕاکردوون! ترسنۆکن! ئێوە دەچن و بە ئاسوودەیی لە ئەوروپا، ئەمریکا و ئوستورالیا دەژین و سەرەدەریکردن لەگەڵ ئەوەش بۆ ئێمە دەمێنێتەوە: لەگەڵ دەمارگیری و ڕیشەگەری و ڕەگەزگەرایی و

ئۆتۆریتەریانیزم و دیکتاتۆریەت وکۆنپاریزی و باوکسالاری و ئالاتورکایی [1] ..." هەموو ئەو چەمکانەی بەدوای یەکدیدا گوتن، وەک ئەوەی بەدوای وشەی تردا بگەڕێ سەیری دەوروبەری خۆی کرد. "ئەوەی لێرە لە مەترسیدایە ئازادییەکانی منن... کەسانی وەک من گەمارۆ دراوین، دەوروبەرمان گیراوە، هەتا هەناسەشمان بۆ نادرێ."

"مەبەستت چییە لە مەترسی..." خاوەن ماڵ ئاوڕی بۆ فاڵچییە دایەوە. "گیانەکەم، هەر دەبێ نێو ماڵەکەمت نیشان بدەم. قەزا و بەڵایەک نەماوەتەوە بەسەرمان نەهاتبێت، ئەها بە تەلەفۆنیش پێم گوتی. بۆرییەکان تەقین، ئاو هاتە نێو ماڵمان، برووسکە لێیداین. ئەدی ئەوەی بەلەمەکەت بیست، ڕێک هات تا کەناری ئاوەکە، دەتگوت فیلمی ئەکشنە!" ئاوا چاوێکی لە مێردەکەی کرد تا بزانێ داخۆ هیچی لەبیر نەچووە.

"درەختەکە" بازرگانەکە بە ئەدگارێکی کۆمەککەرانەوە وای گوت.

"ئاهـ ئەرێ، درەختێک بەسەر بانەکەماندا بەلادا هات، زۆری ترا! تۆ بڵێی بەچاوچووبین؟"

"وایـــــدەچێت" فـــــاڵچییەکە وای گـــــوت. "زووری خزمەتکارەکانتــان پشــکنیوە؟ ڕەنــگە یەکێکیــان جــادووێکی کردبێت."

"هیییی! ئەوە بەڕاستتە؟ زاتی ئەوە دەکەن؟ بچووکترین شت بدۆزمەوە دەستبەجێ هەموویان دەکەمە دەرەوە." خودان ماڵەکە دەستی خستە سەر دڵی، وەک ئەوەی بیەوێ دڵنیا بێتەوە داخۆ بە ئاسایی لێدەدات. "حەز دەکەیت لەکوێوە دەستپێبکەیت؟"

---

(١) ئالاتورکا: شێوازی تورکیایی، ستایلی تورکی.

"لە نهۆمی ژێرەوە ڕا. هەمیشە پێویستە لە سووچە تاریکەکانەوە دەستپێبکرێت."

کاتێک فاڵچییەکە و ژنە بازرگانەکەی خودان ماڵ هەستان و ڕۆیشتن پەری هەستی بە لەرزەیەک کرد. بۆ ئەوەی تێیگات هۆکارەکەی چی بوو دەبوو چەند چرکەیەکی تر تێپەڕن: تەلەفۆنی مێردەکەی بوو. ڕەنگی پەڕی، ئەوە هەمان ئەو ژمارەیە بوو کەمێک پێشتر تەەفۆنی بۆ کردبوو. شیرین بوو پەیوەندی پێوە دەکردەوە.

# ڕوخساری ئەویتر

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢

لە دەرەوەی دەرکەی باخچەکەدا تاکسییەک وەستا بوو. هەردوو هاوڕێکە سواری تاکسییەکە بوون. هێشتا بێدەنگی لەنێوانیاندا حاکم بوو، تا ئەو کاتەی پەری بە پڕمینێک دڕی بە بێدەنگییەکە دا.

"هێشتا بڕوا بە خۆم ناکەم خەریکم لەگەڵ تۆ بار دەکەم و دەبینە هاوماڵ!" پەری بە بۆڵەبۆڵەوە ئەمەی گوت.

شیرین سەرکەوتوو بووبوو لە ڕازیکردنی بەرپرسی خەوگەکە کە لە ناوەڕاستی ساڵی خوێندنی ئەکادیمیدا باربکەن و شوێنیان بگوازنەوە ماڵێک. هەر بەو هیممەتەی خۆی هێندەی پێ نەچووبوو تا خانووێکی دۆزییەوە. بە کارکردنی مێشەهەنگانەی خۆی هەم کرێی دابوو هەم پێشەکی، ئیدی کەلوپەلە سادەکانی خۆیان خستبووە نێو ئۆتۆمبێلێکی کرێ. هەموو شتێکی هێندە بێ کەموکوڕی ئامادە کردبوو، کە بۆ ئەو ڕۆژەی باریان کرد هەر هێندە بۆ پەری مابووەوە مانتۆکەی هەڵگرێت و بێتە دەرەوە.

"ئارامبە، دەبینی چەند کەیف دەکەین" شیرین بە خرۆشانەوە وای گوت. "هەرسێکمان!"

پەری هەناسەی لەبەر خۆی بڕی. "یانی چی هەرسێکمان؟ کێی تریش دێت؟" شیرین وەک ئەوەی پێش وەڵامدانەوە پێویست بێت دەموچاوی خۆی کۆنتڕۆڵ بکات لەنێو جانتاکەیدا

قوتوویێکی بۆدرەی دەرهێنا و لە ئاوێنەدا سەیری خۆی کرد.

"موناشمان لەگەڵ دەبێت."

"چی؟ وە ئێستا ئەمە بە من دەڵێیت؟"

"مادەمماڵەکەمان هاوبەشە سێ کەس لە دووان باشترە."

ئەگەر سەیری پێکەنینەکەیت بکردبا دەتبینی شیرین خۆیشی بڕوا بە قسەکەی خۆی ناکات.

پەری دەموچاوی تێکنان. "دەبوو پرسم پێ بکەیت."

"داوای لێبوردن دەکەم، لەبیرم نەبوو. زۆر سەرقاڵ بووم." تۆنی دەنگی شیرین نەرم بوویەوە. "چی بووە، بۆچی زیز بوویت؟ وامزانی مونات خۆشدەوێت."

"بەڵێ، من خۆشمدەوێ، بەڵام تۆ خۆشتناوێت. هەرگیز بەیەکەوە هەڵناکەن!"

"ڕێک وایە!" شیرین وای گوت. "هەر بۆیە ویستم ئەمە ئەزموون بکەم."

"مەبەستت چییە؟"

شیرین بۆی ڕوون نەکردەوە. گەیشتبوونە ئەو ناونیشانەی بە تاکسییەکەیان دابوو. ماڵێک بە پەنجەرەی گەورەی بالکۆنەدار، بنمیچی بەرز و باخچەی بچووکەوە، خانوویێکی سەردەمی ڤیکتۆریا بوو.

مونا بە جانتا و قوتووەکانی لەسەر پلیکانەی بەر دەرگە چاوەڕێیان بوو. دەستی سڵاوی بۆ بەرز کردنەوە و هاتە خوارەوە، نارەحەتی بە سیمایەوە دیار بوو. لەو ساتەدا بوو پەری درکی بەوە کرد موناش -هاوشێوەی خۆی- کەوتووەتە نێو ئەم یارییەی شیرین.

"سڵاو مونا،" شیرین کاتێک پارەی دایە شۆفێری تاکسییەکە و دابەزی وای گوت.

لە سێهەم پەیژەدا وەستان و سڵاویان لە یەکدی کرد. مونا مانتۆیەکی قاوەیی-سوور و چەفیەیەکی بێجی لەسەر بوو. هەرچی شیرینە ماکیاژێکی زۆری کردبوو، مینیژۆپێکی کورتی لەبەردا بوو کە بە حاڵ ڕانەکانی داپۆشی بوون، هەروەها جزمەی پاژنەبەرزی لەپێ کردبوون، پەریش کۆت پانتەڵۆن و ڕەبنکۆتە سادە و شینەکەی لەبەردا بوو. جیاوازی تەرز و شێوازیان زۆر لەنێواندا بەدی دەکرا.

"سێ کۆپی لەسەر ئەمە دەکەین" شیرین بەدەم لەرزاندنەوەی کلیلەکەی دەستی وای گوت. "دووانیان لەلای خۆم دەبن، هەرچۆنێکە دانەیەکی هەر ون دەکەم."

ئەمەی گوت و دەرگەی کردەوە، بە سەخت و زۆرییەوە چووە ژوورەوە. دوای وێ مونا چووە ژوورەوە، سەرەتا پێی ڕاستی نایە ژوورەوە و بە لێوە بە لەرزاندنی لێوەکانییەوە نزای دەخوێند: "بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ"

دواین کەسیش پەری. بەهۆی ئەوەی پەتاکە لێی توونە کردبوو کۆکە و پژمینی تێکەڵ بوون. سەرباری ئەوەی وێنەکانی ئەو ماڵەی بینی بوو و ناو ماڵەکە هەندێک کەلوپەلی تێدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەتاڵ هاتە بەر چاوی. ئەوەی لەگەڵ کەسانی تر لەژێر هەمان بنمیچ بژی و هەمو ڕۆژێک سەوسەودای لەگەڵ هەبن و بە ناچاری لێیانەوە نزیک بێت چاوترسێنی کردبوو. ویستی خۆی لە نیگەرانییەکانی خۆی نەبان بکات، بەڵام نەکردە بوو، چارەنووس قوماربازێکی سەرشێت بوو، کە بەردەوام برەکەی لێ زیاد دەکرد. پەری پێی وابوو کە لە کۆتایی ئەم

ئەزموونەدا یان دەبنە دۆستی وەها کە نەتوانن لێک داببڕێن، یاخود ئەم ماجەرایە بە شەڕ، لێکدان و شکست کۆتایی پێدێت.

* * *

پێدەچوو بیناکانیش لە مرۆڤ بچن، ئەم ماڵە دەکرێ بگوترێ وەک هەرزەکارێک بوو. جگە لەوەی کە بەردەوام گلەیی هەبوو. پەیژەکانی جیکەیان دەهات، زەمینەکیە قلیشا بوو، ئەنجامەی دەرکەکان سیرەیان دەهات، بەفرگرەکەی خیزەی چیزەی دەهات، دۆلابەکان جیرەیان دەکرد، ماکینەی قاوەدروستکردنەکەش وەک ئەوەی هەر دڵۆپەیەک لەو قاوەیەی لێی دەهات لەدڵ بگرێت بۆڵەبۆڵی دەکرد. سەرباری ئەمانەش شتێکی بێ وێنە بوو کە شوێنێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو. بگرە باخچەیەکی بچووکیشیان هەبوو بۆ کاتێک کەشوهەوا خۆش بێت تێیدا شت ببرژێنن.

لە سێ ژووری خەوتنی سەرەوە دوویان تارادەیەک وەکو یەک بوون، یەکێکیان بچووکتر و کەمێک تاریکتر بوو. پەری پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ئەو ژوورەی دواییان بۆخۆی بێت. ئەگەر بەپێی ئەو بەشە کەمە بێت کە سەرباری خەرجییە هاوبەشەکەی دەکرد بەو شێوەیە دادگەرانە بوو. وەک بەڵێنی دابوو شیرین کرێیەکەی دەدا. مونا پارەی پسووڵەکانی دەدا -کە بە ئەگەری زۆر ئەو بڕەش زیاتر نەبوو لەو بڕە پارەیەی بە پسووڵەکانی ژووری خەوگەکەی دەدا. هەرچی پەری بوو، ئەو تەنیا بەشێک لە پارەی خەرجی ڕۆژانە دادەنا. بەو بار و حاڵە نەدەکرا ژوورە گەورەکە وەربگرێت.

"قسەی قۆڕ!" مونا بە بزەیەکی شیرینەوە ناڕەزایی دەربڕی.

Scanned with CamScanner

دەبێ تیروپشک بکەین. کێ دۆڕاندی ئەو ژوورە بچووکەکە وەردەگرێت."

"کارەکە بۆ چارەنووس بەجێدەهێڵێت؟" شیرین پرسی، لە کاتێکدا بەسەرسامییەوە سەری بادەدا.

"تۆ چی پێشنیار دەکەیت؟" مونا پرسی.

"بیرۆکەیەکی باشترم هەیە،" شیرین وای گوت. "با بە نۆرە بێت، هەر مانگەو لە ژوورێک دەبین، هاوشێوەی کۆچەرییانی کەونار. هاوشێوەی هوونەکان(1). بەوشێوەیە هەموومان یەکسان دەبین."

"سوپاس بۆ هەردووکتان، لوتفتان نواند. بەڵام هەگیز ئەوەم قەبول نییە" پەری وای گوت. "یان ژوورە بچووکەکە بۆ من دەبێت یان دەڕۆم."

شیرین و مونا سەیری یەکتریان کرد. هەرگیز پێشتر پەریان نەدی بوو وا قسە بکات.

"دەی باشە!" شیرین وای گوت. "بەڵام تکایە لەمەودوا خەم لە پارە مەخۆ. ژیان کورتە. کێ ناڵێ لە داهاتوودا من قەرزداری تۆ نابمەوە؟ ڕەنگە وانەیەکی وەهام پێ بدەیت زۆر بەبەها بێت، ها؟"

لە ژیاندا قسەگەلێک بەبێ بیر لێکردنەوە دەکەین، واتە هەروایی، هەندێکجار بەجۆرێکی چاوەڕێتەکردە دەبنە پێشبینی و کەرامەت...

* * *

(1) هوونەکان گەلێکی کۆچەری بوون، لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسیا و ئەورووپای ڕۆژهەلات لە سەدەکانی چوار تا شەشی میلادی ژیاون.

کاتژمێری دواتر بە هەریەکە چوون بە ڕێکخستنی ژوورەکانیانەوە خەریک بوون. بەپێچەوانەی ڕووبەرەکەی ژوورەکەی بەسەر باخچەی پشتەوەدا دەیڕوانی، ئەمەش سەرنجی پەری ڕاکێشا بوو. چرپایەکی توولداری تەختەی قورسی هەبوو. کاتێک لەسەر ئەو چرپایە ڕاکشا کە لە یادگاری سەردەمێکی کۆن دەچوو و پەردەکانی دادانەوە وای هەست دەکرد سواری کەرەڤانێک بووە و چووەتە گەشت. لە لێواری پەنجەرەکەدا بالکۆنێکی بچووک هەبوو. قەنەفەیەکی لەوێ دانا و وەک "سووچی خوێندنەوە" ناودێری کرد.

کە وادەی نانخواردن هات لە دەرکەی مونای دا. هەردووکیان بە هەوەسی ئەوەی یەکەم نانی ئێوارەیان لەم ماڵەدا ئامادە دەکەن بەیەکەوە چوونە خوارەوە بۆ ناندێنەکە. سەرسام بوون بەوەی کە شیرین دەمێکە چۆتە خوارەوە و لەسەر مێزەکە دانیشتوە؛ شووشەیەک شەراب، شەربەتی سێو و هەندێک پەنیر و زەیتوونی داناوە.

"دەبێ ئاهەنگی بۆ بگێڕین!" شیرین وای گوت. "سێ کچی گەنجی مسوڵمان لە ئۆکسفۆرد! یەکێکی گوناهکار، یەکێکی بڕوادار و ئەوی تریش ڕاڕا."

کاتێک مونا و پەری بە بیرکردنەوە لەوەی کامە پاشناو هی کێیە مژوول بوون، بێدەنگییەک هاتە ئاراوە. پەری بادەی شەرابەکەی بەرزکردەوە. "کەواتە دەێ، نۆش بۆ خوشکایەتیمان!"

"بۆ تەنگانەی بوونگەرایانەمان" شیرین وای گوت.

"هەر تەنیا لەباتی خۆت قسە بکە" مونا وای گوت، قومێکی لە شەربەتی سێوەکە دا. "من لەنێو هیچ کێشەیەکی بوونگەرایانەدا نیم."

"ها! تۆ تا دەتوانی حاشای لێ بکە" شیرین وای گوت.
زۆربەی مسوڵمانەکان کێشەی ناسنامەیان هەیە. بەتایبەتی ژنان.
هەرە زۆریش خانمانی وەکو ئێمە!"
"ئەمە مانای چییە؟"
"مانای ئەوەیە: ئەوانەی کە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی دوو کولتوور، ئەو کەسانەی هەم ئاشنای ڕۆژهەڵاتن هەم ڕۆژئاوا و نەیانتوانیوە هیچ پردێک لەنێوانیاندا هەڵبەستن! لەنێوان هەردووکیاندا کەوتوونەتە تەنگانە. با ژان پۆل سارتەر لە گۆڕەکەیدا بتەقێ لە داخا! کێشەی بوونگەرایی ڕاستەقینەوە ئەوەتا لای ئێمە!"
"زۆر حەزم لەم قسانە نییە" مونا وای گوت. "ئەمەت لەکوێ هێنا کە ژنانی مسوڵمانان هێندە جیاوازترن لە ژنانی تر؟ کەسێک گوێی لێبێ وادەزانێ لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووین!"
شیرین قومێکی خێرای لە شەرابەکەی دا. "ئەلۆ، هەستە لە خەو، خوشکێ! لە دوروبەرمان بە ناوی دین، واتە بەناوی ئاینەکەمان، ڕەنگە چیتر ئایینی من نەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە ناوی ئاینەکەی تۆوە کەسانێکی دەمارگیر هەن شت بە ناوی ئاینەکەی تۆوە دەکەن. ئەمە بە هیچ شێوەیەک کاریگەریت لەسەر دروست ناکات؟ خەمگینت ناکات؟"
"یوهـ، ئەو دەمارگیرانە چ پەیوەندییەکیان بە منەوە هەیە؟" مونا بەدەم بەرزکردنەوەی چەناگەیەوە وای گوت. "چاوەڕێی ئەوەی بەرەوڕووی هەر کریستیانێک بوویتەوە لەبارەی دادگای لێپرسینەوە[1] داوای لێبوردن بکات؟"
"ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیابام حەتمەن چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد."

---

[1] inquisition دادگای لێپرسینەوەی بڕواداریبە لە ئایینی کرسیتیانی-کاسۆلیکیدا.

"هـا، واتە لە کۆنـدا کێشـە هەبـووە، بەڵام ئێسـتا هەمـوو کریسـتیان و جووەکـان فریشـتەن، وایە؟" مونـا وای گـوت. "چـوویەتە غەزە، لە دەروازە سـنوورییەکانی ئەوێ چـوویەتە ژوورەوە؟ پێموانییە!"

"ئێهـ، ئەوە... دەتـوانن واز لە شـەڕکردن بهێنن؟" پەری وای گوت. هەستی دەکرد تای زیاتر لێ هاتووە.

شـیرین پێـداگری دەکـرد. "هەڵـبەتە لەنێـو کریسـتیان و جووەکانیشدا کەسانی پارێزکـار و تونـدڕەو هەن. لە هەر نەتەوە و ڕەگ وڕیشـەیەک بێـت دەبـێ شۆڤێنیزم ڕەخنـە و نەفرەتبـار بکەیـن، بەڵام نـاتوانی حاشـا لەو ڕاسـتییە بکەیـت کە ئەو ناوچەیەی ئێمە لێیەوە هاتووین دەمارگیرتر و ڕەگەزپەرستترە. بۆ نموونە تۆ بەبێ ئەوەی دەستدرێژیت بکرێتە سەر یـاخود قسـەت پێ بگوترێ دەتـوانی بەنێـو شـەقامەکانی قـاهیرەدا بگەڕێیـت؟ لە شام؟ دوای ئەوەی تاریکان دەکەوێ چوونە نێو شەقامەکان لەبیر بـکە! مـن خـۆم ژنـی وام ناسـیوە لە خـاکە پیرۆزەکانیشـدا دەسـتدرێژییان کـراوەتە سـەر. بە ڕۆژی ڕوونـاک! بەبەرچـاوی پۆلیسەکانی سعودییەوە! بۆچی ئەو پۆلیسانە یارمەتی ژنان نـادەن؟ لە دۆخی وادا بێدەنگ دەبین، چونکە شەرم دەکەین. بۆچی لەو جوگرافیـایە مسـوڵمانەکان تێیانـدا باڵادەسـتن ژنەکـان دەچەوسێندرێنەوە و وەپاشدەنرێن؟ شت زۆرە کە دەبێ قسـەی لەبارەوە بکەین و لێی بپرسینەوە."

"من یش لێپرسینەوەی بۆ دەکەم" مونا وای گـوت. "دادگـای مێژوو دەکەم، دادگای سیاسەت دەکەم. هەژاری، سـەرمایەداری، نادادی، خەرەندی دەستهات. کۆچی هۆش، پیشەسازی شەڕ. ئەو میراتەش لەبیـر مەکە کە داگیرکـاریی بەجێیهێشـتووە. دوای ئەو تاڵانی و داگیرکـارییەی ڕۆژئـاوا ڕۆژهەڵاتـی دامـاو وای بەسـەر

هات. هەر ئەوان بوون ڕاست و چەپ سنووریان کێشاون. هەر بۆیە ڕۆژئاوا دەوڵەمەندە و ئێمە هەژارا! پێت چۆنە واز لە ئیسلام بێنین و قسە لەسەر ئەسڵی مەسەلەکە بکەین، ها؟"

"ئەوە قسەی نموونەیی" شیرین دەستەکانی بەرزکردنەوە و وای گوت. "بۆ کێشەکانی *خۆمان* کەسانی تر تۆمەتبار دەکەین. نیش و کارمان هەر ئەوەیە هێزە دەرەکییەکان تۆمەتبار بکەین. بۆچی؟ چونکە ئەوە ئاسانترە لەوەی ڕەخنە لە خۆمان بگرین!"

"ئێ... نان بخۆین؟" پەری بە گوتنی ئەمە ویستی دووبارە بەختی خۆی تاقیبکاتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت چاوەڕێی هیچ وەڵامێکی نەدەکرد. دووبارە کەوتبووەوە نێو پشێوییەک کە لە ڕابردوویدا باش تێیدا ژیا بوو. دەتگوت دووبارە گەڕاوەتەوە نێو جوغزی دایک و باوکی. تووڕەیی لە هەردوولاوە، خەتابارکردن و تێگەیشتنی بە هەڵە. لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی ئێرە ئاسانتر بوو. هێندەی شەڕی نێو خێزانەکەی کاریگەری لەسەر دروست نەدەکرد. هەرچۆنێک بێت ئەوە شیرین و مونا بوون دەستیان نابووە بینی یەکتری، نەک دایابی خۆی بن. مەرج نەبوو هەر دەبێ پێکیان بگەیەنێت. کاتێک بەرپرسیارێتی سۆزمەندانەی نەبوو زیهنی بە ئازادانە دەیتوانی لێکدانەوە بۆ قسەکانیان بکات. لە ڕاستیدا لەناخەوە بەخیلی بە ئەوان دەبرد. لە دژی بۆچوونە دیار و بنچینەییەکانی یەکتری بە یەک ئاست پێداگر بوون. مونا بڕوایەکی پتەوی هەبوو، هەرچی شیرین بوو یاخیبوونێکی پتەو. ئەدی پەری چی هەبوو پێی لەسەر دابگرێت؟

"هەموو مەبەستی من" شیرین درێژەی پێدا، "ئەو کێشە فەلسەفی/ سیاسی/ ئاینییانەی ئەمڕۆ لەبەردەم گەنجێکی مسوڵمان دان لەچاو ئەو کێشانەی لەبەردەم کەشیشێکی بودایی یان یاخود مۆرمەنێک دان زۆر قووڵتر و ئاڵۆزترن. هەر هیچ نەبێ با ئەوەندە قەبوڵ بکەین."

Scanned with CamScanner

"هیچ شتێک قەبوڵ ناکەم" مونا وای گوت. "تا ئەو کاتەی تۆ لەهەمبەر ئایینەکەی خۆت پێشداوەری بکەیت، لەنێوانمدا هیچ گفتوگۆیەکی ڕێکوپێک دروست نابێت."

"دەی فەرموو" شیرین وای گوت، دەنگی بەرز کردەوە. "هەر کە دەمم کردەوە و بۆچوونی خۆمم بەیان کرد تێدەگەیت. کەسێک نییە پێمبێژێ بۆچی گەنجانی مسوڵمان هێندە بە ئاسانی زویر دەبن؟ زۆر هەستیارن!"

"ئەکا بەهۆی ئەوەوە بێت بەردەوام لەژێر هێرش و گوماندایین و ناهەقیمان بەرانبەر دەکرێت؟" مونا وای گوت. "بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکم کردبێت، ویستی ئەوەم هەیە بە بڕواداریی خۆمەوە بژیم، ناچارم هەموو ڕۆژێک بەرگری لە خۆم بکەم. دەبێ بیسەلمێنم کە ماتەی پشتێن بۆمبڕێژکراو نیم لێرە. هەر بابایەک لە سووچێکی دونیا کارێکی ترسناک دەکات ئەمجارە هەموو گومانەکان دەکەونە سەر هەموو مسوڵمانان. ئەوە باشە؟ بەردەوام هەست دەکەم چاودێری دەکرێم، دەزانی ئەمە چۆن وادەکات مرۆڤ تەنیاکەوتە بێت؟"

وەک ئەوەی بیەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئەو هەورانەی بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر شار کۆبووبوونەوە لەپڕ هەموویان دابارین و بەر پەنجەرە دەکەوت. پەری بیری لە ڕووباری تایمز کردەوە، کە لە نزیکیانەوە بوو. دەبێ ئێستا چۆن هەستا بێت.

"تۆ تەنیایت؟ نا!" شیرین وای گوت. "ملیۆنان لایەنگرت هەن. حکومەتگەل و سەرۆکی زۆر و دەیان سیستمی دەوڵەت. مزگەوت. دەزگای میدیایی. کولتوورێکی پۆلیولار. جەنجاڵی. خودان دەسەڵات. هەروەها بیر لەوەش دەکەیتەوە کە خودا لاگیرتە. مەگەر چەند هاوەڵی دیکەت گەرەکە؟ دەزانی کێ لە

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تەنیایە، تاکە و تەنیا؟ ئێزدییەکان. هاوڕەگەزخوازەکان. ژینگەپارێزەکان. ئەتایستەکان. بەرهەلستکارە بە ویژدانەکان. ترانسفێستەکان[1]. پەراوێزخراوە ڕاستەقینەکانی کۆمەلگە ئەمانەن. ئەگەر نەکەویتە نێو یەکێک لەم پۆلبەندییە، کەواتە گلەییش لە تەنیاکەوتنت مەکە."

"تۆ هیچ نازانیت، نەزانانە قسان دەکەیت" مونا وای گوت. "چەندین جار ڕووبەڕووی زۆردەستی و ناهەقی بوومەتەوە، لە سووچ و کۆلانەکاندا پاشناوی ناشرینیان پێوە کردووم، جارێکیان لەنێو ئۆتۆبووس دایانبەزاندم. ئەگەر خراپ مامەلەیان لەگەل نەکردبم وەک گەمژەیەک هەلسوکەوتیان لەگەل کردووم. وەک ئەوەی ئەگەر کچێکی گەنج چەفیە لەسەر بنێ، یان ئەوەتا "دەچەوسێندرێتەوە" یاخود "دەستوپێ سپییە" ناتوانی خەیالیش بۆ ئەوە بکەیت. تەنیا لەبەر ئەوەی سەرپۆشم لەسەرە بە جۆرێک پشێداوەریم بەرانبەر دەکەن خەیالیشی بۆی ناچێت! هەیە و نییە پارچە قوماشێکە ئاخر!"

"ئەگەر وایە بۆچی دەیکەیتە سەرت؟" شیرین دەستبەجێ وای گوت.

"ئەرێ بە تۆ چی؟ بژاردەی خۆمە، ناسنامەی منە" مونا وای گوت. "ئەو شتانەی تۆ دەیانکەی من بێزار ناکەن، تۆ بۆچی بە من بێزار دەبیت؟ لێت دەپرسم، لەو بارەیەوە تۆ "فیکر کراوەتر"یت یان من، بیرێکی لێ بکەرەوە!"

"باوەڕ بەو قسانە ناکەم" شیرین بەبێ ئەوەی بهێلێ ژێر بکەوێت. "هەموو شتێک سەرەتا لە پارچەیەک قوماشەوە دەستپێدەکات، دواتر دەبێتە دە، دواتر سەت، لەپڕ دەبینتە بە

(1) ئەو ژن یا پیاوانەی حەز بە پۆشینی جلوبەرگی ڕەگەزی بەرانبەریان دەکەن.

ملیۆنان. لەهیکرا دەبینی کۆماری باڵاپۆشان دامەزراوە! دایک و باوکم و براکانم بەوهۆیەوە ناچار بوون ئێران جێبهێڵن، سەرپۆشەکەی تۆ ئێمەی بە ئاوارەیی گەیاند!"

لەگەڵ هەر وشەیەک کە دەیانگوت پەری کەمێکی تر روخساری سیس دەبوو. خۆزگە وەها شەڕیان نەدەکرد. چاوی لەو مێزە بڕین کە سووچێکی ڕنا بوو. کەلوپەلەکانیش هاوشێوەی مرۆڤ ئاسەواری برینیان هەن.

"تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە پەری؟" لەپڕ شیرین لێی پرسی.

"بەڵێ، تۆ بڵێ کاممان لەسەر هەقین؟" مونا وای گوت.

پەری بە نائارامییەوە بزوا. لە هەندێک رووەوە شیرینی بە لاوە هەق بوو، لە هەندێک رووشەوە مونا. بۆ نموونە لە هەندێک شوێنی ئەورووپا کچێکی گەنجی باڵاپۆش بەڕاستی سەختی دەبینێت، پێشداوەری لەبارەوە دەکرێت. لەلایەکی ترەوە لەو کۆمەڵگانەی داخراون و چوونەتەوە ناو خۆیان و زۆرینە مسوڵمانن کەمینە بوون، یاخود بە جیاواز بیرکردنەوە زۆر ترسناکە. ئەوەی ڕاستی بێت هەردووکیان کێشەی لەیەکچوون: بەرگەنەگرتنی جیاوازییەکان. "پێموایە من لە شوێنێک هەر کێ کەمینە بێت، ژمارەیان کەم بێت، لە تەنگانە دابێت، واتە هەر کێ لە پێگەی "ئەویتر" دابێت مەیلم بەلای ئەودا دەشکێتەوە، دڵم بەلای ئەودا دەچێت. بۆیە لایەنگیرییەکی جێگیرم نییە. ئەگەر باڵاپۆشی سەرکوت بکرێ لاگیری ئەو و ئەگەر مینێژۆپپۆشەکان سەرکەوت بکرێن لاگیری ئەوم مەبەستە..." ویستی وا بڵێت، بەڵام وای نەگوت. نە توانی گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات نە توانی هاوڕێکانی ڕەزامەند بکات.

"دەمەوێ خاڵێک ڕوون بکەمەوە" مونا وای گوت، ڕووی لە شیرین کردەوە. "هیچ قسەیەکم لەسەر ئەتایست و

Scanned with CamScanner

هاوڕەگەزخوازەکـان نییە. بۆ ترانسفێستەکانیش. زیـان زیـانی خۆیانە. کێشەی مـن لەگەڵ ئەو کەسانەیە ئیسلامۆفۆبیایان هەیە. ئەگەر وەک کلاسیکێکی نوێباو بانگەشەکاری شەڕیت ئەوا من لەم ماڵە باریکەم باشترە."

"کلاسیکی نوێباو؟ هاها من؟" شیرین بە توونـدی بادەکەی بەسەر مێزەکە دادایەوە، شەرابەکەی ڕژا. "دەتەوێ بڕۆیت؟ باشە! ئەمە نـاوی هەڵپێکـردن و ڕاکـردنە. دەبـێ هەردووکمـان هەوڵ بدەین ئەویتر چی دەڵێت و لێی تێبگەین."

"هاوڕاتم" مونا وای گوت.

"زۆر باشـە، ئەوەتـا ڕێککەوتـین" شـیرین وای گـوت. "هەردووکمان سەرمان بە سەری یەکدییەوە دەنێین و مانیفێستۆی ژنانی مسوڵمان دەنووسین. میم. ژێ. میم لۆگۆیەکی جوان دەبێت. هەر چ شـتێک نارەحەتمـان دەکـات تێیـدا دەنووسـین. دەمارگیری، ڕەگەزپەرستی. بیرکردنەوەی تەسک. هۆمۆفۆبی."

"ئیسلامۆفۆبی" مونا وای گوت.

"ئێتـر دەسـت بە خـواردن ئامـادەکردن بکەیـن؟ گەدەم دەخوێنێتەوە" پەری وای گوت.

هەرسـێکیان پـڕ بە دەم پێکەنـین. بـۆ سـاتێک دەتگـوت گێژەنێک هاتووە وتێپەڕیوە. لە دەرەوەش باران کەمێک خۆشی کردبووەوە. لێلایـی ئێـورە کەوتبـوو. مانـگ وەک عەمـایلێکی سەدەفی بە سـکی ئاسـمانەوە بـوو. ڕووبـاری تـایمز، بەپاڵییەوە مێرگەلانـی پـۆرت، بە تەوژمـی بەرز سـەری دەکـرد، بەنێـو تاریکییەکەدا ڕێڕگەی زیوینی دروست دەکردەوە.

"دەزانی چییە؟" بەدەم پێشخواردنەوەوە وای گوت، دەتگوت دەیەوێ شـتێک بەیـان بکـات کە تێگەیشتنی مـاوەیەکی زۆری بردووە. گەنێـو تـۆکمەترین ئـایینی سـەر ڕووی زەوی لەدایـک

بوویـــت، ڕێـــبەرەکەت پـــایەدارترینی پێغەمـــبەرانە، بەڵام سوپاسگوزاری ئەوە نیت، لەباتی ئەمە هەوڵی ئەوە دەدەیت ببیتە مرۆڤێکـــی باشـــتر و بەردەوام گازەنـــدە دەکەیـــت. لەنێـــو ڕەتکردنەوەیەکی بێ دوایی دایت."

شیرین دۆشداما. "بێگومان هەڵەیە، هەر شتێک پێموابێ کۆنە ڕەتی دەکەمەوە. بەم شێوەیە نەبێت چۆن کۆمەڵگە مسوڵمانەکان چۆن پێشدەکەون؟ باسی پێغەمبەرت کرد، ئەوەی دەمەوێ لێتی بپرسم..."

"نەکەی ئەو باسە بکەیتەوە" مونا وای گوت. "دەتوانی من پارە بکەیت، کێشەیەک نییە. بەڵام ڕێگەی ئەوە نادەم کەساتێک کە هیچ شتێکی وا لەبارەی پێغەمبەرەکەمانەوە نازانن ڕەخنەی لێ بگرن. قەبوڵمە، لە دونیای ئیسلامدا ڕەخنە لە زۆر شت بگرە، بەڵام ئەو کەســـانی ســـەردەمی ئەو بـــخەرە دەرەوەی ئەو گفتوگۆیانەوە."

شـیرین بەبێـزارییەوە ئـۆفێکی کـرد. "بەبـێ ئەوەی بزانیـت دەمەوێ چی بڵێم بێدەنگت کـردم! ئـاخر تـۆ تێناگەیـت؟ ئەگەر ئێمە قسە نەکەین، کەسانی تر دێن و لەباتی ئێمە قسەی هەڵـیت و پەڵـیت دەکەن. ئەگەر لەنێـو خـودی کـۆمەڵگە ئیسـلامییەکاندا بۆچوونی پێشکەوتنخواز و نوێگەر بێنە ئاراوە باشـتر نییە؟ بەڵام هەر کەسـێک بۆچـوونێکی جیـاوازتری خسـتەڕوو دەسـتبەجێ بێدەنگی دەکەن. بۆچی هەندێک باس تـابوون؟ بـۆچی لە بیـری ڕەخنەگرانە دەپرینگێینەوە؟ بەتایبەت لەنێو کەشی زانکۆدا! بیـری ئازادت ناوێت؟"

"لەڕاســـتیدا تـــۆ تێناگەیـــت! ئەو شـــتەی کە تـــۆ بەلاتەوە "بیر کردنەوەی ڕەخنەیی"ـــە، ورێنەی پێشـداوەری کـردنن!" مونـا وای گوت، بۆ یەکەمجار بوو دەنگی دەلەرزی. "چونکە کەم و

زۆر دەزانم دەتەوێ چی بڵێیت و ئەوەش دەزانم بە ڕوانگەیەکی پاکەوە لێی ناڕوانی. ناتوانی بە چاویلکەی سەدەی بیست و یەک لە سەدەی حەوتەم بڕوانیت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت."

"ئەگەر سەدەی حەوتەم بیەوێ حوکمی سەدەی بیست و یەک بکات دژی دەوەستمەوە."

"خۆزگە شانازیت بە خۆتەوە دەکرد" مونا وای گوت. "بریا شانازیت بکردبایە بەو کولتوورەی لێیەوە هاتوویت و ئەو دینەی هەتە!"

"ئاه" شیرین وای گوت، دەتگوت ئازاری دراوە. "مرۆڤەکان بۆچی شانازی بە ئایین و ڕەگوڕیشەی ئیتنیکییانەوە دەکەن! چ جیاوازییەکی هەیە، ئەمریکایی بیت، عەرەب یان ڕووس... کریستیان بیت، جوو یان مسوڵمان؟ ئەو شتەی تۆسقاڵێک مافی هەڵبژاردنیم نەبووە بۆ دەبێ شانازی پێوە بکەم؟ ئەگەر لە ماڵباتێکی بودی لەدایک بووبام دەبوومە بودیست، ئەگەر کچی دایکێکی ڕووسی ئۆرتۆدۆکس بوایەم، ئۆرتۆدۆکسێکی ڕووس دەبووم و تەواو. خۆ من ئەوەم هەڵنەبژاردووە؟ ئەمە وەک ئەوەیە شانازی بەوە بکەیت بڵێی باڵام ١،٧٥ـە. یان وەک ئەوەی چونکە لووتێکی شووش و باریک، هەیە پیرۆزبایی لە خۆم بکەم. ئەمە بەختی جینەتیکییە!"

"بەڵام زۆر دڵخۆشی بەوەی کە ئەتایستیت" مونا وای گوت.

"پێشان ئەتایستێکی شۆڕشگێڕ بووم... سوپاس بۆ پرۆفیسۆر ئازوور منی گۆڕی، نەرمی کردمەوە، ئیتر بەو جۆرەی جاران نیم" شیرین بە جوڵەیەکی تیاتراڵەوە وای گوت. "بەڵام زۆر سەعیم بۆ ئەتایزم کرد، دەبێ ئەوە بڵێم. عەقڵ و دڵ و بوێریم خستە خزمەتی. خۆم لە گرووپە جاهیلەکان جودا کردەوە! واتە هەر لەخۆوە بێرە نەگەیشتووم. شانازی بەو ڕێبوارییەی خۆمەوە دەکەم."

مونا نەوەستا. "ئێ ئەوەتا لە کولتووری خۆت بێبەریت. هەروەها لە منیش. لە چاوی تۆدا "گێلێک" یان "مێشک شۆراوە"یەکم من. زوڵملێکراوم. من بە پێچەوانەی تۆ قورئانم خوێندەوە و سەعیم تێدا کرد. فێربووم و بەدواداچوونم کرد. چەندین مانگ و ساڵ کۆششم کرد. کتێبە پیرۆزەکەی خۆمم زۆر بە ڕەوانبێژ و پڕ زانیاری و ئاشتیخواز بینی. جوانترین شێوازی شیعریم لەودا بەدی کرد. خودای من بە بەزە و میهرەبانە. تۆ بەلاتەوە گرنگە؟ بۆچی لەگەڵ تۆ هاتوومەتە نێو هەمان ماڵ، نازانم!"

"واتە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پەشیمان بوویتەوە؟" شیرین وای گوت.

"ڕێک وایە!" دواتر مونا بە توندی پێی بە ئەرزدا دەکێشا و بە پلیکانەکاندا سەرکەوتە سەرەوە. زەمینە شکاوەکە لەژێر پێیەکانی ناڵەیان بوو.

شیرین کە دەهری بووبوو بادە بەتاڵەکەی هەڵگرت و بە دیواری دادا. شووشەکە هەزار پارە بوو.

پەری دەستبەجێ بۆ پاککردنەوەی لە شوێنی خۆیەوە دەرپەڕی.

"نەجوڵێ" شیرین وای گوت. "من ئەمەم کردووە و هەر خۆشم پاکی دەکەمەوە."

"باشە..." پەری وای گوت. ئەمە لەکاتێکدا دەیزانی کە شیرین تەنیا پارچە گەورەکان کۆدەکاتەوە، پارچە بچووکەکان دەچنە نێوانی ڕاخەرەکان و ڕۆژێک بەبێ ئەوەی پێیبزانێت قاچەکانی زامدار دەکات. "من دەچمەوە ژوورەکەم."

شیرین پێشێکی خواردەوە. "شەوت شاد مشکۆک."

پەری بە هەنگاوی سەنگینەوە ڕۆیشت، بەڵام زۆر

دوورنەکەوتەوە، چاوی هەر لەسەر هاوڕێکەی بوو.

پەری وایزانی بەتەنیا ماوەتەوە، بەڵام لێوەکانی شیرین لەرانەوە. "گوتیشی ئاسان نابێت، ئاگاداری کردمەوە" لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی وای لێوە هات.

"کێ ئاگاداری کردیتەوە؟" پەری دەستبەجێ لێی پرسی.

شیرین سەری بەرزکردەوە، پێڵوەکانی لێکدان. "هیچ" وای گوت. تیژییەک لە تۆنی دەنگیدا هەبوو کە پێشتر لێی نەبیسترا بوو. "دەی، دواتر قسەی لێ دەکەین، باشە؟ ئێستا دەبێ بچم دووشێک بگرم. ڕۆژێکی زۆر درێژ بوو."

پەری کە وازی لەوە هێنا بچێتەوە ژوورەکەی و لە ئاندیتەکە بەتەنیا مایەوە بادەیەکی تر شەرابی بۆخۆی تێ کرد. نەکا بە هەڵکەوت بەسەر نهێنییەکدا کەوتبێت. ئەو ڕستەیەی شیرین لە دەمی دەرچوو بەری هۆشی گرت. گومانی لەوە دەکرد لەپشت ویستی هاوماڵییەکەی شیرین قۆرخکارێک هەبوو: ئازوورا!

وەبیری هاتەوە. لە یەکێک لە کتێبە کۆنەکانی پرۆفیسۆر ڕێکەوتی ئەو بیرۆکە سەیرەی کردبوو؛ کە ئەو مرۆڤانەی لێک تێناگەن و یەکتری خەتابار دەکەن بیانخەیتە شوێنێکی داخراو و ئەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێنی چاو لە چاوی یەکتری ببڕن. بۆ نموونە؛ بەندکراوێکی سپی پێستی نەژادپەرست، وای دابنێین لەسەر دزی زیندانیکراوە، لەگەڵ زیندانیکراوێکی ڕەش پێست، کە لە هەلومەرجی ناهەمواردا ژیاوە هەردووکیان بخەیە ژوورێکەوە. دەبوو سەرکارێکی بەردە بەنرخەکان و زینگەپارێزێک خرابانە هەمان شوێن. یان تەنیا بۆ شکۆمەندی ڕاوچییەک و کەسێکی خۆبەخش کە ژیانی بۆ پاراستنی ئەو ئاژەڵانە تەرخانکردووە کە خەریکە بنەچەی لەنێو دەچێت دەبێ بخرێنە نێو هەمان ژوور. پەری هەستی کرد لەنێو گەمەیەک

دایە؛ لەژێر کۆنترۆڵی هۆشێکی دوور دایە، بەبێ ئەوەی پێی بزانێت ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە بۆی دیاری کراوە.

بە داتەپینەوە هەڵکشایە نهۆمی دووهەم. دەرکەی ژووری مونا داخرا بوو. دەنگی ڕژانی ئاو لە بانیۆی کۆتایی ڕێڕەوەکەوە دەهات. شیرین لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکی ئاشانی دەگوت.

پەری بەسەری پەنجەکانی هەنگاوی نا و چووە ژووری شیرین. هەموو لایەک پڕ بوون لەو کارتۆنانەی کە لازم بە کردنەوە بوون. دیار بوو کە هێشتا شیرین بنەجێ نەبووە. تەمبەڵی کردووە. لەسەر یەکێک لە کارتۆنەکان بە پیتی درشت نووسرا بوو کتێبەکان هەندێکیان خرابوونە سەر ڕەفەیەک. وادیار بوو شیرین بێزاربووە و نیوەچڵ بەجێی هێشتووە.

پەری نێو کارتۆنەکەی کۆڵییەوە. زۆری پێ نەچوو ئەوەی بەدوایدا دەگەڕا دۆزییەوە. هەموو کتێبە چاپکراوەکانی ئازوور لەنێو کارتۆنەکەدا بوون، یەک بەیەکی دۆزینەوە و دەریهێنان. یەکێکیانی بەدەستەوە گرت و دوو پەڕی لێ هەڵدانەوە. ڕێک وەک ئەوەی تەخمینی دەکرد، واژۆکراو بوو.

بۆ شیرینی شیرین،

ئاوارەی ئەبەدی، مینی سەرسەری، کەللەڕەق و یاخی،

ئەو کچەی کە لە پرسیارکردن و ڕاکردن بەدوای وەڵامەکاندا ناترسێ، بۆ کچەی لە سەرزەمینی عەجەمەوە ڕا هاتوو، بوێر و بزێو...

ئەی. زێد. ئازوور

پەری بە هەستی بەخیلی پێبردنەوە کتێبەکەی داخست. وەنەبێ نەیزانی بێت کە هاوڕێکەی بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی ئازوور دەکات و هەردووکیشیان زۆر لێک نزیکن، بەڵام ئەوەی لەسەر دڵ گران بوو هەست بکات شیرین لە

Scanned with CamScanner

ئەو پیاوەی خۆشی دەوێت هێندە بەهادار بێت. چاوی بە چاوی کتێبەکانی تریشدا گێڕا. ئەوانیش واژۆکراو بوون. لەسەر دوایین ئەو کتێبەی تەماشای کرد نووسینێکی درێژتر هەبوو.

بەپێچەوانەی مانای ناوەکەت،

هاوشێوەی هەنارەکانی مەملەکەتی فارس، کە دیاری شێری دڕ و خۆری سووتێنەریشە.

بۆ کچەی ترش- شیرین و تیژ، بۆ شیرین...

هیچ کەسێک بە کەم مەگرە، پەراوێزی مەخە، هەر هیچ نەبێت هەوڵ بدە لێی تێبگەیت،

هەروەها مرۆڤ تەنیا لە ئاوێتەی ئەویتردا، خودا دەبینێت.

خۆشتبوێ، گیانم،

ببینە، بناسە، تێبگە و خۆشتبوێ زڕخوشکەکەت...

ئەی. زێد. ئازوور

زڕخوشکی چی؟ پەری دەیزانی شیرین هیچ خوشکێکی وەهای نییە. نەکا ئەوە مێتۆفۆرێک بێت بە مانای "ئەو ژنەی تر" بێت؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. لەپڕ هەستی کرد کەوتۆتە نێو تەڵەیەکەوە. شیرین بە ئاشکرایی دین و دیندارانی بەکەم دەگرت. هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو لە هەموو شتێک زیاتر دژی ئەو عەقڵیەتە بوو کە وایکردبوو خێزانەکەی لە ئێران ڕابکەن. ئەمە ئاسەوارێکی گەورەی لەسەر وێ بەجێهێشتبوو. بەتایبەت هەستیاریی بەرانبەر ئەو ژنە مسوڵمانانە هەبوو کە سەرپۆشکردنە سەریان بە بژاردەی خۆیان بوو "مەلاکان و پۆلیسی ئەخلاق لە دەرەوە بێدەنگمان دەکەن، هەرچی ئەو ژنانەن بە پێویستی دەزانن بۆ ئەوەی پیاوان شێتگیر نەبن دەبێ خۆمان دابپۆشین لە ناخەوە بێدەنگمان دەکەن" جارێک وای

گوت. تا بیری دەکردەوە زیاتر بڕوای بەوە دەهێنا کە پرۆفیسۆر ئازوور شیرینی لەگەڵ "ئەوتر"دا، لەگەڵ زڕخوشکەکەی" واتە لەگەڵ مونا - ناچاری کردووە کە سەرەدەری لەگەڵدا بکات و خستوویەتییە نێو "تاقیگەی هاودەردی"یەوە.

ئەم دەرەنجامە تا بڵێی هەژێنەر بوو. پرسێکی تریش هەبوو پەری نیگەران دەکرد. بۆ جارێک خۆی لە چاوی شیریندا بینی کە نوتقی گرابوو. بێبڕیارییەکەی، ڕاڕاییەکەی، ترسنۆکییەکەی، نەکاریی و وەهمەکانی... هەموو ئەمانە وایدەکرد تایبەتمەندی شیرین بن بۆ لوتبەرزی و لەسەرەوە ڕا لێڕامانی. بەڵێ وابوو، شیرین نەک تەنێ مونا، ڕای لە پەریش نەبوو. سێ کچی گەنجی مسوڵمان لە ئۆکسفۆرد: *گوناهکار، بڕوادار و گومانبار*، بۆ ئەم تاقیکردنەوە سۆشیاڵە سەمەرەیە تەنیا مونا نەبوو لەگەڵ شیرین لە یەک شوێن دانرابوو. ئێستا تێگەیشت کە خۆیشی بۆ ئەمە هەڵبژێردراوە - زڕخوشکەکەی تر خۆی بوو.

کتێبەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە و کارتۆنەکەی داخستەوە و لە ژوورەکە هاتە دەرەوە. زۆر پەشیمان بوو لەوەی کە ئارامی و بێدەنگی خەوگەکەی بەجێهێشتبوو و هاتبووەماڵێک کە هەموو قسەکانیان بۆ پرۆفیسۆر ئازوور دەکرێتە ڕاپۆرتێک. وای هەست کرد مێشێکە و خراوەتە نێو کوپەیەکەوە. ئەگەر سەرەتا ماڵە تازەکەی بە ئەولە و گەرمیش بوو، بەڵام هەستی دەکرد دارو دیوار چاویان بڕیوەتە هەر جوڵەیەکی.

# ماڵی دیوار شووشەیی

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢

دوای ماوەیەکی کورت دەرکەوت هەر کچە و خۆی لە سووچێکی ماڵەکە پەنا داوە. خۆشترین شوێن بۆ شیرین بانیۆ بوو - بەتایبەت بە بانیۆ پێچکدارەکە. مۆم، درمانەکانی بانیۆ، کرێمەکان و ڕۆنەکان بە ماوەیەکی کەم کردبوویە پەرستگای کەیف و سەفا. هەموو ئێوارەیەک بەشێوەیەکی ڕۆتینی بانیۆکەی تا لێواری پڕ دەکرد لە ئاوی گەرم و هەندێک بۆنی سەروەگێژهێنی تێدەکرد. پاشان بەدەم خوێندەوەی گۆڤار و گوێگرتن لە میوزیک و سمێنی نینۆکەکانییەوە و خەیاڵکردنەوە بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەنێویدا دەمایەوە.

ئەو شوێنەی مونا پەسندی بوو ئاندێتەکە بوو. سپێدە زوو هەڵدەستا و نوێژی بەیانی لەکیس خۆی نەدەدا. دەستنوێژی دەگرت، ئەو بەرماڵە پەمۆیەی دیاری نەنکی بوو ڕادەخست و هەم بۆخۆی هەم بۆ کەسانی تر نزای دەکرد - لەنێو ئەو کەسانەدا شیرینیشی تێدا بوو کە بڕوای وابوو پێویستی بە ئامۆژەیەکی ئیلاهییە. زانینی تەقدیری ئەو نیشانەیەی بۆ خودا بەجێهێشتبوو، ئەو باشتری دەزانی. دواتر دەچووە خوارەوە بۆ ئاندێتەکە، نانی بەیانی -بەرۆک، ئۆملێت و هەویرکاری- بۆ هەمووان ئامادە دەکرد. شارەزا و کارامە بوو.

هەرچی پەری بوو، دڵخوازترین شوێنی وێ چرپا تولدارەکە

بوو. دوای ئەوەی شیرین سەرچەفێکی پەمۆی میسری پێدا بوو، کە هێندەی تووکی کەروێشک نەرم بوو، کە ڕایدەخست زۆر خۆش دەبوو. لەوێ وانەکانی دەخوێند. شەوانەش کاتێک لەنێو جێگەکەی ڕادەکشا، گوێی بۆ خشپەی ئەو گەڵایانە دەگرت کە با دەیلەراندنەوە، یاخود گوێی بۆ ئاژەی سەرکردنی ڕووبار دەگرت. لە دیواری بەرانبەریدا سێبەرەکان بە هێوری دەلەرانەوە. نەخشەی وڵاتانی - ڕاستەقینە بن یان خەیاڵ کرد، لە شێوەی ئەو سێبەرانەی سەر دیوارەکە بەدی دەکرد. ئەو خاکانەی چەند هەزار مرۆڤ لەپێناویدا کوژراون و خوێن ڕژاوەتە سەر خوێن. هەموو شەوێک بەهۆی خێرایی خەیالکردن و جەنجاڵییەکانی نێو سەری بە ماندوویتییەوە دەخەوت و ڕۆژی دواتر بە هیوای ئەوەی هەموو شتێک وەک خۆی بێت بەئاگا دەهاتەوە.

شیرین پرخەی دەکرد، سەرمەستی خەوی بەیانیان بوو، مونا سپێدە زوو بۆ نوێژخوێندنی هەڵدەستا، پەریش دەچووە ڕاکردن. لەکاتێکدا هەوڵی خێراتر ڕاکردنی دەدا، هاوکات بیریشی لە ئازوور دەکردەوە. تۆ بڵێی کاتێک ئەو سێ کچە پێک ناکۆکەی کۆکردوونەتەوە دەبێ هیوای چی خواستبێت؟ بەمە چی بەدەست دەهێنا؟ لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ئەو مەتەڵە هەڵبهێنێ زیاتر دڵگران دەبوو و تێکشکانیش وەک زەردەوایێک بەری گەرووی دەگرت.

زۆربەی نەیارییەکەی نێو ئەو ماڵە لە دەوری مێزی نانخوێنەکە کۆ دەبووەوە، لەنێوانی برژانی لەتە نانەکاندا. جارێکیان شیرین هاواری کرد چیتر بەرگە ناگرێت، هەستا و ڕۆیشت، وەلێ بۆ نانی ئێوارە هاتەوە. جارێکی تر مونا هەمان شتی کرد. گەنگەشەکان زۆربەیان لەبارەی خودا، ئایین، بروا و سیاسەت بوو. هەندێکجاریش لەبارەی سێکس و کوڕان بوو. شیرینیش

گاڵتەی بە هەموو ئەو شتانە دەهات. بڕوای بە تاکەهاوسەریتی نەبوو، تا کەسەکان ئازاد، پێگەیشتوو و یەکسان بن کێ حەز دەکات لەگەڵ کێ بخەوێت ئازادە. ئەوەی گرنگە ڕاستگۆییە. هەرچی پەری بوو نە پێداگر بوو لەسەر پاراستنی پاکیزەیی، نە لەگەڵ ڕەهایی سێکس بوو، هەر جارە و لەسەر ڕایەک بوو، وەک هەموو جار.

* * *

دوای نیوەڕۆیەک پەری هاتەوە ماڵەوە، بینی شیرین و مونا بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتریدا بکەن لە تەلەفزیۆن تەماشای دیمەنێکی پشێوییان کردووە. کامێرا بەدەم دەنگی ئاژێرەوە بەلای ڕاست و چەپدا وەردەچەرخا، لە سەر ئەرزدا پارچەی شووشە و خوێن هەبوون. تیرۆریستەکان هێرشیان کردبووە سەر پەرستگەیەکی جووەکان لە تونس. کامیۆنێکی پڕ لە بۆمبا ڕێک لەبەر دەرگەی بیناکەدا تەقیبووەوە، نۆزدە کەس کوژرا بوون.

مونا لێوەکانی خۆی گەستن. "ئای خودایە، تکایە با ئەو کەسەی ئەم کارەی کردووە کەسێک نەبێت بە خۆی دەڵێت مسوڵمان" وای گوت. ڕوخساری سپی هەڵگەڕا بوو.

"خۆت ماندوو مەکە" شیرین بۆڵەیەکی کرد.

مونا نیگایەکی ساردی تێبڕی. کە دووبارە دەستی بە قسەکردن کردەوە نەرمیی لە دەنگیدا نەما بوو. "تۆ گاڵتەم پێ دەکەیت؟"

"بە تۆ نا، ئەو نەزایەی کردت بەلامەوە نالۆژیکییە" شیرین بەرپەرچی دایەوە. "ڕووداوەکە ڕوویداوە تازە، چەندین کاتژمێر بەسەریدا تێپەڕیوە، دەتوانی بیگەڕێنیتەوە دواوە؟"

"وازم لێ بێنە" مونا وای گوت.

شیرین شانەکانی هەڵتەکاندن. "دووبارە کەسێک بە ناوهێنانی خوداوە گیانی سەندبوون. دەبێ هەموومان ڕابین! دەبێ وەک ئەو ژنانەی لە جوگرافیای وڵاتە ئیسلامیەکان لەدایکبووین دەست بە ڕیفۆرمێک بکەین! ریفۆرمی چی، دەکرێ شۆڕشێک بێت! ئایین زیانێکی گەورە لە مرۆڤایەتی دەدات."

"چۆن دەتوانی ئاوا بیگشتێنی؟ ئاسوودەیی بە منیش دەدات!"

"هیچ شتێک هێندەی ئەو مرۆڤە ترسناک نییە کە تێگەی خودا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەکاردەهێنێت." شیرین وای گوت.

"ناتوانی ئەو کارەی چەند تیرۆریستێک کردوویانە بیکەیتە ماڵ بەسەر هەموو بڕوادارەکان. بۆ من ئایین واتە ئاشتەوایی و سەلامەتی!"

"بۆ منیش شەڕ و کینەیە!"

شەڕی ئەو شەوەی مونا و شیرین لە هەموو شەڕەکانی تریان توندتر بوو. تا دەهات دەنگیان بەسەر یەکدیدا بەرز دەکردەوە و هاواریان دەکرد.

هەرچی پەری بوو بەبێ ئەوەی نان بخوات چووەوە ژوورەکەی خۆی، خۆی خستە سەر چرپاکەی و بۆ ئەوەی گوێی لە هەراوزەنای خوارەوە نەبێت گوێکانی داخستن.

"سبەی بەیانی" وای بیر کردەوە، "هەر خۆیان شەرم لەو قسانە دەکەنەوە بەیەکتری دەڵێن." بەلایەنی کەمەوە هیوایەکی وای دەخواست.

بە ئەگەری زۆر هەردووکیان لەبیریان دەکرد، هەم شیرین هەم مونا. تەنیا پەری بوو لەبیری دەما. تەنیا ئەو دەبوو هەر وشە و هەر تۆمەتێکی لە یادگەیدا دەمایەوە. لە منداڵییەوە ئەرشیفی دەکرد، کۆلێکشنی دروست دەکردن. دۆکیۆمێنتکاری ساتە

Scanned with CamScanner

حەزبــن و بــرینە تیمارنەبووەکــان بــوو. ئەگەرچــی ئەوەی کۆبدەکردەوە لەسەر دڵیشی گران بوو.

کە منداڵ بوو جارێکیـان لەبەردەم ماڵی خۆیانـدا ژیشکێکی مردووی لە ڕۆخ جادە بەدی کـرد کە ئۆتۆمبێـل لێیدابوو. لەبەر ئەوەی دایکی پێی گوتبوو نەخۆشت دەخـات، بۆیە هەر بە پێ سەرەنووکی لە کەلەشە بێگیانەکە هەڵـدەدا. ئەوە لەکاتێکـدا بـوو پەری قەسـتی بـوو مەراسـیمی ناشـتن بـۆ ژیشـکە مـردووەکە ڕێکبخات. بۆ ئەوەی "ئەو"یش بچێتە بەهەشت. سەلما ئەبرۆکانی بەرز کردبوونەوە. پێیگوتبوو کە بەهەشت شوێنێکی سنووردار و جیاوازە تەنیا کەسانی دەستەبژێر دەچنە ئەوێ.

"کێی تر ناچێتە بەهەشت دایکە؟" پەری پرسی بووی.

گوناهکارەکان، ئەوانەی نایەنە سەر ئایینی ئێمەوە.... ئەوانەی ئەو گیــانەی خــودا بەخشــیویەتی بەهەدەر دەدەن و خۆیــان دەکوژن."

ئەو ئێوارەیە پەری بەرگەی نەگرتووە و بە دزییەوە هـاتووەتە دەرەوە، بە دەســتەکانی چــاڵێکی هەڵکەنــدووە و ژیشــکەکەی ناشــتووە، تــا لەباریــدا هەبــووە نــزای خوێنــدوە. لەبەر ئەوەی هەروایی دەستی لە ئاژەڵەکە داوە ترسـاوە، وەک ئەوەی شـتێک لە کەلەشـەکەوە هـاتبێتە نێـو جەسـتەی وێ. سـەرباری ئەوەش درێژەی بە ڕێوڕەسمی ناشتنەکە داوە. ئیتر کچێکی ئاوا بـوو، ئەوانەی نـاچنە بەهەشـت بـا دەرفەتـی ئەوەیـان بـۆ برەخسـێ لە دەرکەی دواوەڕا بچنە ژوورەوە....

# سەربازی شەترەنج

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢

پەری بە جانتایەکی پڕ لە کتێب بە شانییەوە، هێشتووە ترێیەکی ماوەوە لە خوانی نیوەڕۆ پاسکلی لێ دەخوڕی و بە مەیدانی ڕادکلێف دا تێپەڕی. بەر لە کاتژمێرێک لە کافێیەکدا لەگەڵ مونا و برونۆ یەکدیان دیبوو، لە چارەی هەردوولادا نەفرەتی بەرابەری بەدیکردووە. ئازوور بۆ دوایین تاقیکردنەوەی ئەم وەرزە داوای لێ کردوون هەردووکیان ببنە تیمێک، مەرجی ئەوەی بۆ دانابوون هەردووکیان تا بەیانی لە کتێبخانەیەکدا بمێننەوە. هەردووکیشیان گازەندەیان لەو پێشنیارە هەبووە.

پرۆفیسۆر ئازوور ڕەخنەی لە مونای ئیماندار و ئیسلام پەروەر و برونۆی خودان هەستی ئیسلامۆفۆبی گرتبوو! ڕەنگە شێتگیر بووبێت. ئەگەر پێیوابووبێت دەکرێ لەنێوان ئەو دوو خوێندکارەدا پردی هاودەمی چێ بکرێت، بێ هوودەیە. نەکردە بووە. ئیتر پەری تەواو لەوە دڵنیابوو لە سیمینارەکانی ئازووردا هیچ شتێک لەخۆوە نەبووە. ورد ورد پلانی بۆ هەموو شتێک داناوە. هەر خوێندکارێک لە زیهنی ئازووردا سەربازێکی سەر تەختی یاری شەترەنج بوو. پەری دەیزانی خۆیشی یەکێکە لەوان. تا بیری دەکردەوە دەتگوت ئاگر لە ڕوومەتەکانی دەفواری.

لەبەردەم بینیا ڕادکلێفدا ترۆی بینی، کە لەگەڵ گرووپێک لە

هاوڕێکانیدا لەبەردەم بانکدا دانیشتبوون و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، هەر کە چاوی بە پەری کەوت ڕووەو وێ هەنگاوی هەڵێنان.

"سڵاو پەری. هێشتا بۆ ئازوور درێژە بە خوێندن دەدەیت؟"

"ئەدی تۆ... هێشتا بە دزی ئەوەوە چاودێری دەکەیت؟"

لە هەڵقرچاندنی لێوییەوە دیار بوو وەڵامەکەی چییە. "نابێ ئەو پیاوە لە دامەزراوەیەکی سەنگینی خوێندندا وانە بڵێتەوە. دەبێ لیسانسەکەی بەتاڵ بکرێتەوە! دەزانی کە تۆسقاڵێک بیر لە خوێندکارەکانی ناکاتەوە، وانییە؟ هەموو شتێکی پەیوەستە بە تێگۆکەی خۆیەوە."

"خوێندکارەکان ئەویان خۆشدەوێت."

"بەڵێ، بێگومان. بەتایبەتی خوێندکارە کچەکان... بۆ نموونە شیرین. هاوڕێکەت."

پەری پاژنەی پێڵاوەکەی بە ئەرزدا کێشا. "ئەو چییەتی؟"

"دە لاچۆ. وا دەنوێنی وەک ئەوەی نەزانیت." سەیری ڕوخساری پەری کرد. "هەر دەبێ بە ڕوون و ڕەوانی بیڵێم؟"

"مەبەستت لە گوتن چییە؟"

"تێگەیشتیت؟" چاوەکانی ترۆی درەوشانەوە. "ئازوور پەیوەندی لەگەڵ ویدا هەیە."

دڵی پەری هەڵبەزییەوە. دەنگی نووسا. "بەڵام شیرین خوێندکاری لەمێژینەی ئەوە..."

کۆن و مۆن، من ئەوە نازانم. ئەگەر لە من دەپرسی، کاتێک وانەیشی پێ دەدا لەگەڵی دەخەوت. ڕەنگبێ لەسەرجێ وانەی پێ دابێت. بە ئەگەری زۆر هۆکاری نمرە بەرزەکانی هەر ئەوە بووە."

پەری خۆی لە نیگاکانی دزییەوە. لە دەنگی کوڕەدا هەستی

بە بەخیلی دەکرد، بەڵام لەو ساتەدا هێندە لەنێو هەستەکانی خۆیدا نقووم بووبوو، حاڵی ئەوەی لێ نەبوو ئاگای لە هەستەکانی ئەو بێت. دەتگوت دەستێک هاتووەتە بینی.

"هەندێکجار دەچنە ژوورەکەی ئازوور لە زانکۆ، دەرکە لەسەر خۆیان گاڵە دەدەن. بەپێی ڕۆژ کارەکەیان لەنێوان دە تاوەکو بیست خولەک دەخایەنێت. لەبەر ئەوەی من لە دەرەوە چاودێریم کردووە ئەوە دەزانم."

"ئیتر بەسە، وا قسە مەکە" پەری وای گوت. لاجانگەکانی وەژان هاتبوون.

"داوای لێبوردنت لێ دەکەم شۆکم کردیت!" ترۆی بە گاڵتەوە وای گوت. "بەڵام باشترە بزانیت، ئەو هەتیوە ڕاوچییە. بەدوای زیهنی گەنج و جەستەی گەنجەوەیە."

"دەبێ بڕۆم" پەری وای گوت. ئیدی دەنگی وەک چرپەیەکی لێ هاتبوو.

* * *

هەمان ئەو ئێوارەیە، پەری شیرینی بەتەنیا لە نانێتەکە بەگیر هێنا. گوێی لە میوزیک گرتبوو، لەلایەک سەمای بەدەم میوزیکەکەوە دەکرد و لەلایەکیش بۆ زەڵاتەی ماسی توونە تەماتەی قاش دەکرد. شیرین هاوشێوەی باری ڕۆحییەکەی چاودێری لە کیلۆ زیادبوو و کەمبووەوەکانی خۆی دەکرد. تەنیا بوون. مونا لەگەڵ هەندێک خزمی خۆی کە لە دەرەوەی شارەوە هاتبوون وچووبووە نانخواردنی ئێوارە و درەنگ دەهاتەوە.

"دەبێ پرسیارێکت لێ بکەم" پەری وات گوت.

"بۆنا، بپرسە."

"ئەوە پلانی ئـازوور بـوو هەرسێکمان لە ماڵێکـدا نیشتەجێ بـبین؟ لە ڕاسـتیدا هاوڕێیەتییەکەمـان درۆ بـوو، ئەو هەر لە سەرەتاوە فشاری کردووە؟"

شیرین تـاکە ئەبرۆیەکـی بەرز کـردەوە. "ئەمەت لەکوێوە هێنا؟"

"تکـایە درۆ مەکە... چیتـر" پەری وای گـوت. "ئەمە بـۆ ئەو تـاقیکردنەوەیەکە، وانیـیە؟ تـاقیگەی کـۆمەڵایەتی ئـازوور. ئەو خوێندکارانەی بۆچوونی جیاوازیـان هەیە بەیەکەوە لە شوێنێک کۆدەکاتەوە، تـا کەمێـک تێکگیربین، دواتـر بزانێ هاودەمیـان لەنێوانیاندا دروست دەبێت! مەگەر ئێمە جرجی تاقیکردنەوەین؟"

"وای، ئەوە چ تیـۆرییەکی پلانگێـڕانەیە." شـیرین تەماتەکـانی خستە نێو لەگەنی کاهووەکان و چەند زەیتوونێکیشی تێکـردن. "چ کێشەیەکت لەگەڵ پرۆفیسۆر هەیە تۆ؟"

"خۆشـیم لەوە نـایەت لـووتی بـژەنێتە نێـو ژیـانی خوێندکارەکانی."

"هاهـا" شـیرین وای گـوت. "ئەگەر وانەکـا ئەدی چـۆن خوێنـدکارەکانی فێربکـات؟ پێتـوایە زاناکـان بە درێژایی مێژوو چـۆن خوێنـدکارەکانی خۆیـان پێگەیانـدوون؟ وەسـتا و شـاگردەکان. کـاری زۆری چەنـدین سـاڵە، یسپلین. هەمـوو ئەمانەمـان لەبیـر کـرد. ئیـدی هێنـدە خوویـان داوەتە خوێنـدکارەکانی زانکـۆ، وای لـێ هـاتووە ئەو خوێنـدکارانەی خەرجی خۆیان دەکەن خۆیان وەک خێزانی شا دێتە بەرچاو."

"ئازوور وەستای ئێمە نییە، ئێمەش شاگردی ئەو نین."

"بەلام من وام" شیرین بەدەم تێکەڵکردنی زەڵاتەکەیەوە وای

گوت. "من خۆم بە شاگردی ئەو دەزانم. دواتر دەمەوێ ببمە خەلفەی ئەو."

دەنگی پەری پچڕا، نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە.

"تاکە شتی هاوبەش لەنێوان من و مونادا، ئەو ڕێزەیە بۆ ئازوور هەمانە. تۆ چیت بەسەر هاتووە؟ پێموابوو مامۆستاکەمانت خۆشدەوێ."

پەری بۆ ئەوەی هەستەکانی لە چاوانیدا نەخوێندرێتەوە نیگاکانی دزینەوە. بەهۆی ئەوەی دەر و ناخی وەک یەک لێ هاتبوو نەفرەتی لە خۆی دەکرد. "ڕەنگە وا دیار بێت کە زۆر شتی لە ئێمە دەوێت، مەگەر مومکینە داواکارییەکانیمان پێ جێبەجێ بکرێت؟"

"ها، وادیارە ترست لەوە هەیە تووشی خەیاڵشکانی بکەیت" شیرین وای گوت، بە بزەیەکی مانادارەوە. لەگەنی زەلاتەکەی هەلگرت و ئاراستەی ژوورەکەی خۆی بوو. "کەواتە تووشی مەکە!"

"دەقیقەیەک بوەستە." پەری وای گوت.

دڵەکوتەی بوو. دەترسا ئەو پرسیارەی بۆی سەخت بوو بپرسێ، بەڵام ناچاریش بوو. "لەگەڵ ئەو... پەیوەندیتان هەیە؟"

شیرین کە گەیشتبووە نیوەی پەیژەکان لەپڕ وەستا. دەستێکی خستە سەر محاجەرەکە و بەرەو ژێر لە هاوڕێکەی ڕاما، چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری.

"ئەگەر ئەمە بە کونجکۆڵییەوە دەپرسی کێشەی خۆتە، وەگەر وانەبێت. کەوابێ لە بەخیلیان دەپرسی، ئەمەش هەر کێشەی خۆتە."

کونجکۆڵم نە بەخیل" پەری وای گوت. نەیدەتوانی نووڕەییەکەی کۆنترۆڵ بکات.

"بەڕاستە؟" شیرین قاقایەکی کرد. "لە ئێران دایکم پەندێکی پێشینانی فێرکردم؛ *ئەو کەسەی خۆی بکات بە مشک، زوو یا درەنگ دەبێتە ژەمی پشیلەکان.*"

"مەبەستت چییە؟"

"کارت بەسەر منەوە نەبێت مشکۆک، ئەگەر نا هەر بە کاڵی دەتخۆم، خۆشت دەزانیت!"

شیرین دوای ئەوەی ئەمەی گوت، پەری لە ناندیتەکە بە حاڵێکەوە کە هەست بە بێبەهایی خۆی بکات بەجێهێشت و بەدەم قاچکێشان بە ئەرزەکەدا چووەوە ژوورەکەی خۆی.

بێدەنگییەکی شووم تەواوی ماڵەکەی داگرت. پەری نەفرەتی لە ئازوور دەکرد، لە خۆبەگەورەزانییەکەی. لە بێپەروایییەکەی. هەرە زۆریش لە دۆستایەتییەکەی لەگەڵ شیرین. ئەمە لە کاتێکدا کە بەردەوام بەرانبەر وێ بێ هەست بووە. لەنێو ڕۆحیدا نەفرەت چەرخی دەدا. خۆیشی بەشی لەمەدا هەبوو. نە هاوشێوەی شیرین بوێر و متمانەبەخۆ بووو، نە هاوشێوەی مونا بڕوادار و بەرگەگر بوو. لەخۆی بێزار بووبوو. هیچ کەسێک نەیدەزانی پەری بوون چەندە شتێکی ماندووکەر بوو وە کەسیش نەیدەتوانی تێبگات.

ئەوشەوە منداڵی نێو تەمەکەی بینییەوە. ئەو ڕەنگە مۆرەی کە نیوەی دەموچاوی داپۆشی بوو بە هەموو جەستەیدا بڵاوبووبووەوە. منداڵەکە شتێکی بە چرپەوە پێ گوت. وە ئەمجارە پەری تێگەیشت چی گوت. حوزن و بێهیوایییەکەی

هێندە قووڵ بوو، سنگی توند بوو. بەڵێ، ڕەنگە کاتی هاتبێت. درەنگیش کەوتووە. دەبوو دەستبەرداری هەوڵەکانی بێت، ئەوەتا پێنەدەگەیشت. بەوانیتر، بە ژیان، هاوپێی خودا نەدەبوو. بێزار بووبوو.

بریا دەنووست و وەک کەسێکی تر لەخەو ڕادەبوو. یان هەرگیز بێدار نەدەبووەوە. ئەو ژیشکەی لەڕۆخ جادەکە کەوتبوو هاتەوە بیری. بە ئەگەری زۆر نە ئەو چووەتە بەهەشت، نە پەریش دەچوو - ئەگەر ئەو شتەی بە خەیاڵیدا دێت ئەمشەو بیکات.

Scanned with CamScanner

# ڕێڕەو

ئیستەنبوڵ، ٢٠١٦

پەری کە بە نیازی پەیوەندی کردن بە شیرین ڕووی لە پێش پێلایەکە کرد، دوو کەسی بەدی کردن کە لێک نزیک بووبوونەوە، لەنێو تەنکە سێبەرێک دابوون، بەڵام ناسینیشیان نەکردە نەبوو - بازرگانەکە و سەرۆکی جێبەجێکار بوون. نێو شانەکانیان دەرپەڕی بوو، سەریان دانەواندبوو، چاویان لە ئەرز بڕی بوو، وا دیار بوون قسە لەسەر پرسێکی زۆر جدی دەکەن.

"باشە چی دەکەیت؟" سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیا وای گوت.

"هێشتا هیچ بڕیارێکم نەداوە" بازرگانەکە بە دەم بەبادانی دووکەڵی چرووتەکەی وای گوت. "بەڵام خودا شایەتمە، بەڵام باجی ئەمە بەو منداڵە زۆڵانە دەدەمەوە. نیشانیان دەدەم خەریکن سەما لەگەڵ کێ دەکەن."

"ئاگادار بە، دڵنیا ببەوە لەوەی هیچ نووسراوێک نەبێت" سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیا وای گوت. "هیچ بەڵگەیەک بەجێمەهێڵە."

پیاوەکان سووسەی لەوێبوونی پەریان نەکرد کە لە نزیک دەرکەکە وەستا بوو. پەری بە ئەسپایی دوورکەوتەوە، ئەو قسانەی بیستبوونی سەرسامیان کردبوو، بیری لەو وێنانە کردەوە کە لە ژووری کارکردندا بینیبوونی، ئەو وێنانەی لەگەڵ

دیکتاتۆرەکان و سەرۆکی گرووپە مافیاکان گیرا بوون... کار و پەیوەندییەکانی خودان ماڵەکە گومانبار بوون و بە ئەگەری زۆر میوانەکانی ئەم تێوارە خوانەش زۆربەیان -لەنێویاندا هاوسەرەکەیشی- ئەمەیان دەزانی. ئەگەر نەشیانزانی بێت هەستیان پێ کردووە. مرۆڤ لە کوێدا دەبێتە هاوبەشی تاوان؟ لە کاتێکدا بەشێوەیەکی کارایانە ڕۆڵت تێدا هەیە، یان بەشێوەیەکی ناچالاک و بەبێ ئاگاییانە؟

لەنێوان نانەدێن و ژووری دانیشتندا ڕێڕەوێکی بە ئاوێتە داپۆشراو هەبوو. پەری لەوێدا وەستا، لەو شوێنە تەنگەبەرەدا، دەتگوت ترسی لەوە هەیە کەسێک تەلەفۆنەکەی لە دەست برفێنێ، توونە بەدەستییەوە گرتبوو. هەر کاتێک خزمەتکارێک لە دەرکە دوولایەکەدا دەهاتە دەرەوە و دەچووە ژوورەوە چاوێکی لە نانەدێنەکە دەکرد - چێشتلێنەکەرە سیری دەجنی، بە چەقۆکەی دەستی لە کاتی جنیندا سەمای ئیسپانی دەکرد. پیاوەکە توورە و ماندوو دیار بوو. دوای ئامادەکردنی ئەو هەموو خواردنە بەتامە، ئێستاش داوای ئامادەکردنی شۆربای گەدەی لێ کرابوو.

پەری تێبینی ئەوەی کرد چێشتلێنەرەکە شتێکی بە چرپە بە یاریدەدەرەکەی گوت و ئەویش قاقا پێکەنی. ڕەنگبێ هەر شتێکیان لە ژووری میوانانەوە بیستبێت بێن لێرە گاڵتەی خۆیانی پێ بکەن. دەرکە داخرا، چێشتخانەکە لە دونیا ڕەنگینەکە جودا بووەوە. کاتێک لەنێو ڕێڕەوەکەدا بەتەنیا مایەوە نیگەرانییەکی ئاشنا دایگرت. مرۆڤ کاتێک بە کارێک هەڵدەستێت کە دەمێکە دوای خستووە، وەک ئەوە وایە بیەوێ خۆی بخاتە نێو دەریایەکی سەهۆڵین. ساتێک ڕاڕایی هەموو بوێرییەکەی تێکدەشکاند. بەپەلە ژمارەکەی شیرینی گرتەوە. هەر لەگەڵ

بەکەم زەنگ وەلامدرایەوە.

"سڵاو شیرین، منم پەری."

هەناسەیەکی توندی دایەوە. "دەزانم."

دەنگی نەگۆڕا بوو - بەهەمان تۆنی پڕ ژیان، وزە و خۆباوەڕییەوە.

"دەمێکە قسەمان نەکردووە" پەری وای گوت.

"ئەرێ، ڕاستە، کاتێک گوێم لە پەیامەکەت گرت بڕوام بە گوێیەکانی خۆم نەدەکرد" شیرین وای گوت. "چەند سەیرە، لەڕاستیدا پرۆڤەی ئەم ساتەم کردبوو، پلانم دانا بوو ئەگەر جارێکی تر پەیوەندیم پێوە بکەیتەوە چی دەڵێم، بەڵام ئێستا...."

"چیت دەگوت؟ پەری لەکاتێکدا تەلەفۆنەککەی لە گوێیەکییەوە بردە پەنا گوێیەکەی تری ئەمەی پرسی.

"دڵنیام حەزناکەیت بزانیت، وازی لێ بێنە" شیرین وای گوت. "بۆچی تا ئێستا پەیوەندیت نەدەکرد؟"

"جاری یەکەم هەوڵمدا، وەڵامی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانمت نەدایەوە. دواتر منیش وازم لێهێنا. خەمی ئەوەم بوو گوتم ڕەنگە هێشتا لێم تووڕە بێت."

"بێگومان تووڕەم" شیرین وای گوت. "هێشتا نازانم بۆچی ئەمەت کرد. بەبێ ئەوەی داوای لێبوردنیش لەو پیاوە بکەیت."

"ڕێککەوتنێکمان کردبوو" پەری وای گوت. ڕستەکان لەنێو دەمیدا پەرت دەبوون، پارچە پارچە. زمانی بە چاکی نەدەگەڕا. 'هەرچی بێت هەرگیز داوای لێبوردنم لێ مەکە' وای دەگوت."

"دە بڕۆ."

"پەری نوتقی گیرا. "زۆر گەنج بووم."

"بەخیلیت بە ئێمە دەبردا"

پەری سەری ڕاوەشاند. "ڕاستە... بەخیلیم پێ دەبردن."

Scanned with CamScanner

دەرکەی ئاندێتەکە کرایەوە. خزمەتکارێک هاتە دەرەوە، سینییەکی گەورەی بەدەستەوە بوو، کە هەڵی لێ هەڵدەستا. بۆنێکی تیژی سرکە و سیر بەو نێوەدا بڵاوبوویەوە.

"ئێستا لەکوێیت؟" شیرین پرسی.

"لەکەناری دەریا، لە شوێنێکی زۆر جوان، لە ئاهەنگێکی شاهانەدا. ئاکفاریۆمەکان، جانتای دروستکراوی دەستی شارەزایان، چرووت... ئەگەر بیبینی نەفرەت دەکەیت..."

شیرین قاقایەکی کرد.

"ڕۆژێکی ئەوەندە سەیرم بەڕێ کرد" پەری وای گوت. هەر کە دەستی بەم قسەیە کرد وشەکان لەخۆیانەوە بەدوای یەکدیدا ڕیز دەبوون. "جانتایان لێ ڕفاندم. هێندەی نەمابوو دزەکە بکوژم." باسی ئەوەی نەکرد کە خەریک بووە پیاوەکە دەستدرێژی بکاتە سەر. ئەگەر شتکی هاوشێوە بەسەر شیریندا هاتبوایە بەبێ ئەوەی لەخۆی بگرێتەوە باسی دەکرد. "دەبێ دەستدرێژیکارەکان شەرم لە خۆیان بکەنەوە" وای دەگوت. "بۆچی دەبێ ئێمە شەرم بکەین؟" پەری و شیرین چەندە جیاواز بوون؛ سەرباری تێپەڕینی ئەو هەموو کاتە هێشتا جیاواز بوون. "ئەو وێنەیەمان کە لەنێو جوزدانەکەمدا شاردبوومەوە دۆزییەوە."

"چی؟ وێنەی ئێمە لەگەڵ خۆت هەڵدەگریت؟" شیرین پرسی. "کامەیانە؟"

"لەبەردەم کتێبخانە، ئەوەی زستان، هاتەوە بیرت؟" چاوەڕێی ئەوەی نەکرد شیرین هیچ بڵێت. "تۆ، من و مونا... پرۆفیسۆر ئازوور. لەپێناو گرتنی ئەو وێنەیە چەندە سەرمامان بوو." بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. "دڵنیا بووم لە بەجێهێشتنی ئۆکسفۆرد، بەڵام ئەو هەموو ساڵە خۆمم خەڵەتاندووە. مرۆڤ لە ژیانی گەنجێتیدا چیرۆکێکی نیوەناچڵ ژیابێت، هەروا بە ئاسانی لەبیری ناکات."

ئەوە لە حاڵێکدا هێندەش دەتخوێند. باشترین خوێندکار تۆ بوویت. بڕوام بەوە نەدەکرد ئەکادیمیا بەجێبهێڵیت."

زۆر گۆڕاوم" پەری وای گوت. "هەندێک شتی تر بوونە لەپێشینەی ژیان: هاوسەرگیری، دایکایەتی... ڕاسپێردراوی دامەزراوەیەکی خێرخوازیم. دایکم دەیگوت، 'پیاوەکان وەزیری دەرەوەن، لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، خانمەکانیش وەزیری نێوخۆن، لەماڵەوە کار دەکەن' وای دەگوت. نەفرەتم لەو قسە گەمژانانەی. بەڵام ئێستا سەیر دەکەم خۆشم بوومەتە وەزیری ناوخۆ. ئەوەی سەیرە ئەوەیە گازەندەکیشم نییە. ڕاهاتووم، خۆشیم لێ دێ - بە زۆری. هەندێکجاریش حەز دەکەم بقیژێنم، ئەمە جیایە."

شیرین، "بڕوانە، کەمێک خواردووتەتەوە؟" پرسی.

"بەڵێ، ڕەنگە زیادەڕەویشم کردبێت."

دەنگێک هات لە خشپەی گەڵاکان دەچوو. لەو دەمەدا شیرین قسەیەکی کرد بەڵام پەری گوێی لێ نەبوو. هەروەها دروست لەو ساتەدا فاڵچییەکە و ژنە بازرگانەکە قۆڵیان نابووە قۆڵی یەکتری و لە گەڕان بەدوای جنۆکە و نوشتە دەگەڕانەوە. پیاوەکە، وەک ئەوەی بە لێو پێی بڵێ "دەزانم قسە لەگەڵ کێدا دەکەیت" ئاوڕی لە پەری دایەوە و چاوێکی لێ داگرت.

"دووانەکەتان چۆنن؟" شیرین پرسی.

"چۆنت زانی کە دووانەمان هەن؟"

"بیستمەوە." هێندە زەحمەت نەبوو تەخمینی سەرچاوەکەی بکات. هەم شەیرین هەم پەری جار جارە قسە لەگەڵ مونا دەکەن و ئاگایان لە یەکدی هەبووە. مونا گەڕابووەوە ئەمریکا. لە واشنتن لە ئینستیتوتێکی توێژینەوەدا کاری دەکرد. هاوسەرگیرییەکی بەختەوەرانە و چوار منداڵی هەبوون.

"وا گەورە دەبن. کچەکەم شەڕی ساردی لەگەڵ ڕاگەیاندووم. بۆ ئێستا ئەو براوەیە."

شیرین بە ئاماژەی ئەوەی لە حاڵی تێبگات ئاهێکی هەڵکێشا. زۆر باش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد، باشتر لەوەی پەری چاوەڕێی دەکرد. لەمەدا سەمەرەیەک هەبوو.

"ژیانی تۆ چۆنە؟" پەری پرسی. وێش هەندێک شتی بیستبوون. دەیزانی کە شیرین لەگەڵ کوڕە خۆشەویستەکەی، کە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بوو چەندین جار لێک دابڕاون و چەندین جار ئاشتبوونەتەوە.

"باشە... ئەوەی ڕاستی بێت دووو گیانم، لە مانگی پێنج منداڵم دەبێت."

وادیارە هەر ئەمە بووە. هۆڕمۆنەکان. شیرین لەسەر موو و ڕۆژی خۆی بوو ببێتە دایک. بۆیە ئێستا وەها نەرم، میهرەبانتر و هەستەوەرتر بوو. لە کاتێکدا ئامادەکاری بۆ ژیانێکی تازە دەکرد ئەستەم بوو درێژە بە کینەی ڕابردوو بدات.

"بەڕاستە؟ پیرۆزە، هەواڵێکی زۆر خۆشە" پەری وای گوت. "زۆر دڵخۆشم بۆتۆ. کوڕە یان کچ؟"

"کوڕە."

"هیچ ناوێکت دیاریکردووە؟" هەر پرسی و قسەکەی قووت دایەوە.

"ڕەنگە تەخمین بکەیت چی دەبێت... هیچ ناوێک هەیە لە ئازوور خۆشتر بێت؟" شیرین وای گوت. بێدەنگییەکی کورت هاتە ئاراوە. "هێندە نەفرەتم لە تۆ کرد، پێموایە تەواو بووم."

"دەزانم" پەری وای گوت. "خەمگینم، ئەدی ئەو؟... ئەویش نەفرەتم لێ دەکات؟"

نزیکەی چواردە ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو. لەو ماوە درێژەدا

گوێی لە دەنگی پرۆفیسۆر نەبوو بوو. هەندێکجار گومانیشی لە مانی دەکرد. ڕەنگبێ هەموو شتێک تەنیا خەیاڵێک بووبێت.

"پەیوەندی پێوە بکە، خۆت لێی بپرسە. ئازوور ئێستا لە ماڵەوەیە. قەڵەمت پێیە؟"

پەری کە چاوەڕێی ئەمەی نەدەکرد بە حەپەساوییەوە سەری چواردەوری خۆی کرد. "ساتێک بوەستە."

تەلەفۆنی بە بن گوێیەوە بوو، پاڵی بە دەرکەی ناندێنەوە نا و چووە ژوورەوە، دەستی بە باندج بۆ ئامادەکردنی نووسین بەرزکردەوە. چیشتلێنەرەکە لە گیرفانی بەر سنگی پێنووسێکی پاندانی دەرهێنا و بۆی ڕاگرت، هەروەها لەسەر بەفرگرەکە لاپەڕەیەکی لە دەفتەری تێبینییەکان بۆ لێکردەوە.

"پەری دووبارە گەڕایەوە شوێنەکەی پێشوی. "بەڵێ، گوێمگرتووە."

شیرین دووجار ژمارەکەی دووبارە کردەوە. "حەتمەن پەیوەندی پێوە بگریت!"

دروست لەو کاتەدا زەنگی نهۆمی خوارەوە خانووە کەنار ئاوییەکە لێیدا. خزمەتکارێک بۆ کردنەوەی دەرکە لە ناندێنەکەوە دەرپەڕی. لەنێو لەپی دەستیدا خواردنێکی شاردبووەوە. ڕەنگە ژنێژگە برسی بووبێت، جار جارە شتێکی خواردبێت. پەری خولیای بوو بزانێت؛ داخۆ پێشخزمەتەکان تامی ئەو لەزەتانەیان دەکرد کە ئامادە و پێشکەشیان دەکرد؟ یاخود ئەو هەموو ماوەیە برسی و تینوو کاریان دەکرد؟

گرمەی شتێک بیسترا - ئەو دەرگایەی کرایەوە بە توندی

# پەرداخێک لە شەرابی شێری

**ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢**

بینای فەرمی سەرۆکی زانکۆ تەواوی ئەو بینایەی پێشەوەی داگرتبوو کە لە سەدەی دەیەمەوە مابووەوە. ئازوور زەنگی ئەو دەرگا نەخشێنراوە ڕەشەی لێدا. دوای چەند چرکەیەک پیاوێك دەرکەوت. پلەبەرز، بەتەمەن و لەڕ و لاواز بوو.. فەرمووی نێو هۆڵەکەی لە ئازوور کرد. "تکایە لێرەوە پرۆفیسۆر..."

ئازوور بەسەر پلیکانە دارینەکەدا سەرکەوت و بە ڕێڕەوی بە تەختە ڕووپۆشکراودا تێپەڕی.

* * *

لەو کاتەشدا سەرۆکی زانکۆ لە ژووری کارکردنی خۆیدا چاوەڕێی ئەوی دەکرد. هەر کاتێک ناچار بێت چاوی بە کەسێک بکەوێت -وەکو ئێستا- بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەییەکەی بەڵگەکانی بەردەم خۆی ڕێکدەخستنەوە. دۆسییە گرنگەکانی دەخستنە نێو ڕەفە سپییەکە، ئەوانەی بە پلەی مامناوەند گرنگ بوون دەخستنەڕەفەی قاوەیی، ئەوانەیش کە دەمانەوە دەخستنە ئەوەی پرتەقاڵی. قسەکردنێکی سەختی لەبەردەمدا بوو، چەندی دەکرد هۆشی خۆی بۆ کۆنەدەکرایەوە. بۆیە ڕووی دایە ڕێکخستنی سەر مێزەکەی خۆ، لاپەڕە

بچووکەکانی تێبینی نووسین، دەرزیکێش، ئامرازی کردنەوەی نامە، کە وەک سەدەف وابوو و بە زیو ڕووپۆش کرابوو... هەموویانی کۆکردنەوە وخستنییە نێو قوتووە لوولەکییەکە.
لەگەڵ ئەوەی بەتووندی لە دەرکەکەی درا ڕاچڵەکی "فەرموون."
ئازوور چاکەتێکی نیلی مەیلەوشینی لەبەردا بوو و هاتە ژوورەوە. بلووزێکی مل بەرزی لەبەردا بوو کە کەمێک تۆنەکەی کاڵتر بوو لە هی چاکەتەکەی. قژیشی، وەک هەموو جار ئاڵۆز بوو.
"بەیانیت باش لیۆ، دەمێکە یەکتریمان نەدیوە."
"ئازوور، بینینی تۆ چ خۆشییەکە" سەرۆکی زانکۆ وای گوت. خۆبەگەورەزانی و خۆشیی لە دەنگیدا هەبوو، بەڵام هێندەی ئەمانەش نارەحەت بوو. "هەر بەڕاستی دەمێکە، ئەوە منیش خەریک بووم چاییم دەخواردەوە، دەتەوێ یاوەریم بکەیت؟ یان کاتژمێر چەندە، بۆ پەرداخێک شێری، ها؟"
ئازوور لەو مامۆستایانە نەبوو کە خوویان بەوەوە گرتووە بەر لە نانی نیوەڕۆ شێری دەخۆنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵی سەرۆکی زانکۆی نەشکاند. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەویش پێویستی بە خواردنەوەیەک هەبوو. "بۆچی نا؟"
پێشخزمەتە دیسان دەرکەوتەوە؛ چارەی بەیەکدا دابوو، ساڵانی خزمەتکردن پشتی چەماندبووەوە. دروست هاوشێوەی بۆرترێتەکانی ڕووی دیوارەکان و ئەو کورسییانەی لەبەردەم جامەکاندا بوون. ئەویش وەک یەکێک لە کەلوپەلەکانی ئەو زانکۆیەی لێ هاتبوو.
هەردووکیان ماوەیەک هیچیان نەگوت. لەباتی ئەوە سەیری پێشخزمەتێکیان کرد کە دەستێکی نابووە پشتی و بە دەستە

لەرزیوەکەی تری پەرداخەکانی پڕ لە شێری دەکرد. سووراحییە زیوینەکە و پەرداخە کریستاڵییەکان، بادەمە بە خوێ... هەموو شتێک ئامادە بوو.

"ئەو ماوەی ڕۆیشت چاوپێکەوتنەکەتم لە ڕۆژنامەی The Times خوێندەوە، زۆر باش بوو" سەرۆکی زانکۆ وای گوت، ئەمەی لە کاتێکدا گوت کە دواجار هەردووکیان بە تەنیا مابوونەوە.

"سوپاس لیۆ. پێمخۆشە بە دڵت بووە."

"دەزانی من چەندە سەرسامی تۆم" سەرۆکی زانکۆ وای گوت. "کە لەنێو دەستەکەی ئێمەدایت بەختێکی باشە. ئەنیساشم زۆر خۆشدەویست."

"سوپاست دەکەم لیۆ. بەڵام من پێموایە بۆ ئەوە بانگهێشتی ئێرە نەکراوم تا قسە لەبارەی ژنە کۆچکردووەکەمەوە بکەمین" ئازوور وای گوت. "بەشی ئەوە دەتناسم کە تێبگە شتێک بێزاری کردوویت. مەسەلە چییە، پێمبڵێ."

سەرۆکی زانکۆ باندی پەڕەکانی تێبینیی دەرهێنان. سەرەتا بەپێی ڕەنگەکانی ڕیکی خستن -زەردەکان، سەوز، پەمەیی. سەری بەرز کردەوە و بەبێ ئەوەی تەماشای ئازوور بکات ورتەیەکی لێوە هات: "لای من شکاتیان لێ کردوویت."

ئازوور لە سەرۆکی زانکۆ ڕاما - سەیری تاڵە سپییووەکانی لاجانگی کرد، نێوچاوانە خەتدارەکەی، دەمە گرژبووەکەی. "شکاتی چۆن؟ خۆشت دەزانی، دەتوانی بە ڕاشکاوی قسەم لەگەڵدا بکەیت."

"بەڵێ، هەڵبەتە. ئێمە دۆستی کۆنینەین. هەر کاتێک کەسێک هێرشی کردبێتە سەرت، کە هەر خودا دەزانێت چەند جار ڕوویداوە... کە هەندێکجار بە هۆکاری ڕوانگەکانت، و جاری

واش هەبووە بە هۆی شێوازی فێرکردنەکەت... وانە مامۆستایەکی خۆشەویستی، بەهەڵە تێیمەگە، بەلام دیارە کە هەمووان خۆشیان ناوێت، هەڵبەتە خۆشت باش ئەمە دەزانیت... بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەردەوام پشتم گرتوویت."

"دەزانم" ئازوور بە هێمنی وای گوت.

سەرۆکی زانکۆ بە پەڕەکانی تێبینی قەڵایەکی بچووکی دروست کرد. "هەمیشە بڕوام بە هەگبەی زانستی و ڕاستگۆییت هەبووە بۆیە بەردەوام پشتم گرتوویت. ڕێزم لەوە گرتووە کە وابەستەی زانسیت و بیری ئازادیت." پێشێکی خواردەوە. "ئەگەر پێت بە سەر پێی ئەو هەموو مرۆڤە نەنابا نەدەبوو؟ بۆچی ناتوانی لەگەڵ ئەوانیتر هەڵبکەیت؟"

"بۆ ئەوەی سەرەدەری لەگەڵ هەمووواندا بکەیت دەبێ وەک هەوا وابیت، بێ ڕەنگ و جەستە. من بۆچوون و بەهای خۆم هەن. ئەو شتانەی کە بڕوام پێیان هەیە. شتگەلێک هەن کە حەزیان پێ ناکەم."

"ئەرێ بێگومان بەلام..." ئەگەر سەرۆکی زانکۆش بەدەمیدا نەهێنابا هەردووکیان دەیانزانی. ئازوور جار جارە لە ڕووی زیهنییەوە دەشلەقێنێت،هەر کاتێک بچووکترین تەمبەڵییان لێ ببینێت دەیشکاندنەوە و شەرمەزارید ەکردن. ئەوانیش بە چاوی پڕ فرمێسکەوە دەهاتن بۆ شکاتکردن. "ئایا کەمێک زیاد لە پێویست فشار لە خوێندکارەکان ناکەیت؟"

"دەبێ فشاریان لێ بکرێت" ئازوور وای گوت. "ئێرە دایەنگە نییە. خوێندنگەی سەرەتایی نییە. زانکۆیە. کاتی ئەوەیە گەورە بین. ناکرێ هەر ڕەخاوەتی لێ بکەن، وابکەن گرنگی بە هیچ شتێک نادەن. خوێندکارەکانمان پێویستیان بە بیستنی فیکری تازە، کۆششی زۆر و تێگەیشتن لە دونیا هەیە. ئەگەر لە ڕووی

فیکرییەوە فشاریان لێ نەکرێ ئەمە چۆن بەدی دێت؟"

"بەڵێ، بەڵام ئەمە بە تەواوی لە چوارچێوەی ئەرکەکەی تۆدا نییە."

"بەڕای من وایە."

"کاری تۆ ئەوەیە فەلسەفەیان فێر بکەیت."

"دروست وایە!"

"ئەو فەلسەفەیەی لەنێو کتێبەکاندایە."

"ئەو فەلسەفەیەی لەنێو ژیاندایە."

سەرۆکی زانکۆ پیشێکی تریشی خواردەوە. "مەسەلەکە هەر تەنیا ئەوە نییە..." سەرۆکی زانکۆ قەڵای پەڕەکانی تێبینی تێکدا. "شتێکی تریش هەیە، پرسێکی گرنگ."

"ئەو چییە؟"

"کچە خوێندکارێک."

پەیڤەکان پەرتوبڵاوبوونەوەیان ڕەتدەکردەوە و بە هەواوە دەوەستان.

"دەڵێن زۆر لە یەکترییەوە نزیکن" سەرۆکی زانکۆ وای گوت.

"ئەوە پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە نییە، وانییە؟ تا ئەو کاتەی هیچ کەسێکم بەکارنەهێنابێت."

سەرۆکی زانکۆ سەری بە هەردوو لادا بادا. "ئەمە باسێکە گەنگەشە هەڵدەگرێت."

"ئەمە پەیوەندی بە شیرینەوە هەیە وانییە؟ بەر لە هەر شتێک ئەو خوێندکاری من نییە، ئەوە بزانە. واتە چیتر خوێندکاری من نییە."

"هممم... نەخێر، لە نووسراوی ئەو شکاتەی بۆ من هاتووە ئەو ناوە نییە."

ئازوور برۆی هێنانەوە یەک و بە نیگایەکی پرسیارکەرانەوە
راما. "دەی لەواتە باسی کێ دەکەیت؟"

"خوێندکارێکی تورک. لە پۆلەکەی تۆیە." سەرۆکی زانکۆ چاوە ماندووەکانی بەرزکردنەوە. "دوێنێ شەو هەوڵی خۆکوشتنی داوە."

ئازوور ڕەنگی پەڕی. "پەری؟ خودایە! ئەو باشە؟"

"بەڵێ، باشە... گەنجە ئیتر" سەرۆکی زانکۆ وای گوت. "بڕێکی زۆر پاراسیتامۆڵی خواردووە. هەر باشە جگەری بەهێز بووە."

"بڕواناکە، ئەوە چۆن ڕوویدا؟" ئازوور لەو شوێنەی دانیشتبوو هێندەی دی داتەپی، دەتگوت هەموو خوێنی لە دەموچاویدا کۆبووەتەوە.

"وەک دەگوترێ... بەهۆی تۆوە بووە. پەیوەندیتان هەیە. وازت لە کچەکە هێناوە."

"چی؟" ئازوور وەک ئەوەی بۆکسێکی لێ درابێت شێتگیر بوو. "ئەو خۆی ئەم شتانەی گوتوون؟"

"نەخێر، ناشێ بڵێم ئەو خۆی. ئێستا کچە لە حاڵێکدا نییە بتوانێ قسە بکات" سەرۆکی زانکۆ وای گوت. "ئەمانە ئەو کورەی کە دۆزی لە دژی تۆ کردووەتەوە، تۆی وادەڵێت... هەڕەشەی ئەوەی لێ کردووین کە ئەمە دەگەیەنێتە میدیا. زۆر بێزار دیارە، بەتۆیەوە گرتوە. نووسراوێکی لەبەر دەستمدایە."

"دەتوانم ببینم؟"

"بەداخەوەم نەخێر. دەبێ بینێرمە دامەزراوەی ئێتیک. دەبێ بچیتە بەردەم ئەو دامەزراوەیە."

"دڵنیات دەکەمەوە هیچ شتێک لەنێوان من و پەریدا نییە. شتی وام بە خەیاڵیشدا نەهاتووە. ئەوەی پێویست بێت بیکەم

ئەوەیە ڕاستەڕاست لە خۆی بپرسم، ئەو خۆی ڕاستییەکان دەڵێ."
"بروانە ئازوور، تۆ مامۆستایەکی زۆر باشیت، بەڵام بەر لە هەر شتێک ئەندامێکی لەم زانکۆیەدا. ناشێ ڕێگە بە لکەداربوونی ناوی زانکۆکەمان بدەین. لە ماوەی چەند ساڵێکدا دوژمنی زۆرت بۆ خۆت پەیدا کردوون، خۆشت ئەمە دەزانی." سەرۆکی زانکۆ قومێکی لە شێرییەکەی دا. "دەتوانی خەیاڵ بۆ میدیا بکەیت... وەک گورگی برسی پەلاماری ئەم چیرۆکە دەدەن."
"قسەکانمان بە کوێ دەگەیەنیت؟"
"ئێ... دەڵێم ڕەنگە بیر لەوە بکەیتەوە کەمێک پشوو بدەیت. ماوەیەک وانە نەڵێیتەوە... تا ئەو کاتەی ئەو پرسە ڕوون دەبێتەوە. با دامەزراوەکە لە دۆسییەکە بکۆڵێتەوە، با لێکۆڵینەوەکان تەواو ببن، حوکم دەربچێت. کاتێک کچەکە ئیفادەی دا هەموو شتێک دێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی. تا ئەو کاتە ئەو...ناچارین *سکاندالە* لە ناوەوەڕا لێبکۆڵینەوە."
ئازوور سەیری سیمای سەرۆکی زانکۆی کرد، بە نیگای لێپێچینەوەکارانەوە. دواتر هەستایەوە سەر پێ. "لیۆ، ماوەیەکی زۆرە دەمناسیت، هەرگیز لە دەرەوەی ئیتیک هەڵسوکەوتم نەکردووە. بەڵێ، لەگەڵ شیرین لێک نزیک بووین، بەڵام لە کاتی وانەپێداندا هەرگیز، واتە خوێندکاری من نییە، لەنێوانماندا هیچ پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخوازانەم نەبووە، جگە لەمە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە. دەستم لە پەری نەداوە."
سەرۆکی زانکۆش هەستایە سەر پێ. "گوێبگرە..."
ئازوور قسەی پێ بڕی. "ئیفادەکەی ترۆی مەرامدارە، بە نیازێک وای کردوە. ئانایز نین چی گوتووە؟ *ڕووداوەکان*

*وەک چۆن هەن نایانبینین. وەک خۆمان دەیبینین.*"

بۆ خاتری خوا، ئانابیز نین دەبێ لەم دۆخەدا دوابین کەس بێت قسەی لێ بهێنێتەوە."

"چاوەڕێ دەکەم تا پەری ڕاستییەکان دەڵێ" ئازوور وای گوت، خەمگین و بێتاقەت بوو. "کچەی داماو، بۆچی وای لە خۆی کردووە؟"

دواتر هەستا و ڕۆیی. بە هەنگاوی سەنگین بەڵام بەهەنگاوی دڵنیاوە لە بیناکە چووە دەرەوە. لەژێر ئەو بارانەی کە لە بەیانییەوە دەباری بە ئاڕاستەی نێو شار ڕۆیشت. باراناوەکە شوێنپێی هەنگاوەکانی دەسڕییەوە، دڵۆپ دڵۆپ...

Scanned with CamScanner

# ئەو بۆشاییەی کە
# خوداوەند لە دڵتدا دروستی دەکات

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢

لە نەخۆشخانەی جۆن ڕادکلیف لە ژوورێکی بەشی نەخۆشیزانیی دەروونی چاوەکانی هەڵێنان. نەیدەزانی چۆن هێنراوەتە ئێرە و هیچ شتێکی لەبیر نەما بوو. ماوەیەکی زۆری پێچوو نەیدەزانی لەکوێیە. ڕەنگەکان بۆ وێ برندە و هێرشکار بوون؛ سەرچەفەکان زیاد لە ڕاددەی خۆیان سپی بوون، ڕووپۆشی چرپاکەی شینێکی بریسکەدار، وەختە بڵێم فسفۆری دەدرەوشایەوە. ئەو ڕەنگە خۆڵەمێشییە ئاسمان کە لە پەنجەرەکەوە دیار بوو، لەو پارچە مسە خۆڵەمێشییانە دەچوو کە دایکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چاوپیسی تواندبوویەوە. ڕەنگەکان لەبەر چاویدا پەڵە پەڵە دەبوون: گوێژی، مەرجانی، ئەرخەوانی، چاڵی چاو، کافووری. لەنێو کەللەسەریدا گوێی لە غەڵبە دەبوو. نائارام بوو و دووبارە هەوڵی دا چاوەکانی دابخاتەوە، بەو خواستەی دەنگەکان کپ ببن. بەڵام ئەو نەخۆشەی لە پاڵیدا ڕاکەوتبوو -ژنێکی شەست ساڵان بوو- زۆر حەزی لە قسەکردن بوو.

"دواجار! دواجار چاوەکانت کردنەوە ڕۆڵە! وامزانی ئیتر بۆ هەمیشە چاوەکانت داخستوون."

وەک چۆن لە ناخییەوە دەهات بە دەنگێکی شاد و پەست

ـەی دەکرد، گوتی چل ساڵە هاوسەرگیری کردووە، لەو ماوەیەدا ئەوەندە هەوڵی خۆکوژی داوە و هێندە هێنراوەتە نەخۆشخانە کارمەندانی نەخۆشخانە وەک خێزانەکەی خۆی دەناسێت. دەنگی وەک باڵۆنێکی پڕ هەوا کراو زوورەکەی پڕ کردبوو و فشاری دەخستە سەر پەردەی گوێیەکانی پەری.

"بەداخم، زۆریش گەنجیت. بڕوانە، ئەوە یەکەمجارتە، یاخود وەکو من هەر دووپاتەی دەکەیتەوە؟" ژنەکە وای پرسی.

پەری وەڵامی نەدایەوە. تامێکی کیمیایی ناخۆشی لە دەمدا بوو. هەوڵیدا گەرووی پاک بکاتەوە و دەنگی وەک خۆی لێ بێتەوە. سەری بە هەردوو لادا بادا، نەیدەتوانی قسە بکات. یادەوەرییەکانی ڕۆژی پێشووتر زیندوو بوونەوە، خۆی نابووە نێو سەرچەفەکان و ڕووی لە پەنجەرە کردبوو. کارێکی چەند ترسناکی کردووە! هەوڵی دابوو گیانی خۆی بسەنێت. کەوتبووە نێو ئەو هەستی بەهانەزانینەی کە هەرگیز پێشتر داینەگرتبوو. تەنیاییەکی وا تێکەوتبوو کە ناچارانە و نەفرەت لێکراو بوو. ئەو هەستی بەتاڵییەی لە سنگیدا بوو هێندە قووڵ بوو کە، تەنیا دەیتوانی لەگەڵ بۆشایی نەبوونی خودا بەراوردی بکات. بەڵێ، ڕەنگبێ هەر ئەمە بووبێت. بۆشایی خودای لەنێو خۆیدا هەڵگرتبوو. پشتبەخوا بەستوو نەبوو، زۆر بەلایەوە قورس بوو.

کاتێک بیری لە باوکی کردەوە دڵۆپێک فرمێسک داباریە سەر گۆنای. تۆ کچە ژیرەکەی منیت. هۆی شانازی ناڵبەندئۆغڵوییەکان، ئەو ڕۆڵە نموونەییەی کە پارەوپووڵیان بۆ پێکەوە ناوە و ناردوویانەتە ئۆکسفۆرد، لەباتی سەرکەوتن بووبووە هۆکاری سەرنەکەوتن، لەباتی بێتە جێی شانازی

بووبووە مایەی شەرمەزاریی. هیچ هەستێک لەوە خراپتر نییە کە مرۆڤ نەفرەت لە خۆی بکات. پەری دەستی بە گریان کرد. ئەو نەخۆشەی تر کە خەمی ویّی بوو دەستی بە دوگمەیەکەوە نا و بانگی پەرستارەکەی بۆ کرد. دوای چەند دەقیقەیەک شلەیەکیان دەرخوارد دا کە بۆنی لە تامەکەی سەیرتر بوو. سەری نایەوە سەر سەرینەکەی، پێڵووی چاوەکانی گران بوون.

لەنێو ئەو حاڵە بزرکانەی خۆیدا تاکە سیمایەک ویستیێتی بێتە بەرچاوی منداڵەکەی نێو تەم بوو. ئێستا کە زۆر پێویستی پێیەتی دەبێ لەکوێ بێت؟ هەر بەڕاستی هەیە؟ واتە توانایییەکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆی هەیە؟ یاخود تەنیا لێکەوتەی خەیاڵە؟ ئاخۆ تەنیا یارییەکی زیهنی خۆیەتی کە پڕیەتی لە خۆخەتابارکردن؟

دایک و باوکی بە پارێزەوە تا گەورە بوو لێیان شاردەوە، تەنیا جارێکیان مەنسوور بەهەڵە لە دەمی دەرچووبوو و ڕاستییەکەی پێ گوتبوو، ئەمەش دوای چەندین ساڵ. *کاتێک ئێوە هەردووکتان تازە لەدایک بووبوون بەم شێوەیە ماندوو بووم. لە شەوانی بێخەویمدا.* بەڵێ، ئەوە ڕاست بوو کە سەلما لە تەمەنێکی گەورەدا دووبارە دووگیان بووبووەوە، بەڵام بە تەنیا منداڵێک نا، دوو منداڵی هێنابوونە دونیا. پەری و پۆیراز. کچێکی سۆما ئاڵتوونی، کوڕێکیش کە لە ڕۆحیدا بایەکی توند هەڵی دەکرد.

کاتێک چوار ساڵان بوونە، دوانیوەڕۆیەکی هێمن، سەلما هەردوو منداڵەکەی بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر قەنەفە بەجێهێشتووە و چووەتە ناندێتەکە. مرەبای هەڵوژەی دروست

دەکرد. بەشێکی لەو میوە زۆرەی لە بازاڕ کڕی بووی لەسەر مێز، لەنێو کاسەیەک دانا بوو، چاوەڕێ بوو ئەوەی تری لەسەر مێزی نانخۆرەکە، لەسەر ئاگر بکوڵێت و بیێتە مرەبا. وزەیەکی ئەفلاتوونی ماڵەکەی داگرتووە.

پەری کە هێندەی نەبردووە بێزار بووە و هەر خۆی لەسەر قەنەفەکە هاتووەتە خوارەوە و دەستی بۆ هەڵووژەیەکی نێو کاسەکە بردووە، دوای ئەوەی بە سەرنجەوە لێی ڕاماوە گازێکی لێ گرتووە. تامەکەی بەلاوە ترش بووە. بڕیارەکەی گۆڕیوە و بۆ براکەی ڕاگرتووە، ئەویش ئەو دیارییەی قەبوڵ کردووە. هەموو شتێک تەنیا چەند چرکەیەکی خایاندووە، زیاتر نا. پۆیراز بەبێ ئەوەی بیجوێ ئەو پارچە گەورەیەی قووتداوە. بۆری هەناسەی گیراوە. ئەگەرچی پەری ویستوویەتی یارمەتی براکەی بدات، بەڵام بەهۆی شلەژانەوە قاچەکانی سڕ بوونە. نەیتوانیوە لە شوێنی خۆیەوە بجوڵێ.

کاتێک سەلما هاتووەتەوە نانخۆرەکە ئیتر زۆر درەنگ بووە، کوڕە بچووکەکەی خنکاوە، ڕوخساری هەمان ڕەنگی ئەو میوەیەی گرتبوو کە خنکاندبووی.

پەری کە چرکە بە چرکە شایەتی مردنی براکەی بوو شۆک بووە، وەک گەڵای داران لەرزیوە. چەندین هەفتە و مانگ یەک قسەی نەکردووە.

"بۆچی کاتێک براکەی دەخنکا پەری گازی نەکردوو؟ بۆچی بانگی نەکردوو؟"سەلما هاواری کردووە، کاتێک دوای ناشتن هەموویان لە ماڵەوە کۆبوونەتەوە، بە کەسانی دەوروبەر و دەرودراوسێ. "کچەی بەڵای خودا! براکەی بەبەرچاوییەوە مردوو و خۆی لە گووڕە نەبردووە!"

"وامەڵێ، خوشکێ" دراوسێکان وایان پێ گوتووە. لەبەر ئازاری لەدەستدانەکە وادەڵێت."

ئەو کەلێنەی کەوتە نێوان دایک و کچەکەی هەرگیز پڕ نەکرایەوە چەند سەخت دەبێت بە هاوارگەیشتنی کچێکی چوار ساڵان؟ *دەبوو بانگم بکا، قیژەیەکی کردبا، لە نانەدێنەکەوە ڕا رامدەکرد، پۆریازم ڕزگار دەکرد.* پەری دەیزانی دایکی بۆ هەمیشە ئەو بە هۆکاری ئەو ڕووداوەی بەسەر دووانەکەیدا هاتن دەزانێت. ئەو خۆیشی بە خەتابار دەزانی. هەرگیز هەستی شەرمەندەیی، پەشیمانی، خەم و بێیەهایی یەخەی بەرنەدەدا. چەندین جار بیری لە مردن کردوە. مردنی خۆی دەهێنایە بەر چاوی.

دوای مردنی پۆریاز مەنسوور بەتەواوی دەستی بە خواردنەوە کرد، سەلماش تارادەی ئاڕاستەبوون بۆ شێخەکانی تەریقەت بووە دیندار. هەمان ڕووداو هەردووکیانی بە دوو ئاراستەی جودادا برد. بۆیە، هەر بەو هۆیەوە پەری لە ناخەوە خۆی بە هۆکاری پەرتەوازەبوونی هاوژینیی دایک و باوکی دەزانی. ئەو هەموو شتێکی تێکدا بوو.

بێ هەستی. ئەمە تاکە داوای پەری بوو. خۆزگە دەیتوانی هیچ شتێکی نەیەتەوە یاد. بەڵام چەندەش هەوڵی دەدا، ڕابردوو دڵۆپ دڵۆپ لە درزەکانییەوە دەتکا. لەو نیوەڕۆیە بەدواوە یادەوریی، تارمایی برا دوانەکەی، بۆ هەر کوێ دەچوو لەنێو تەمدا یاوەری دەکرد.

* * *

بەیانی ڕۆژی دواتر چارەسەرکارێکی دەروونی سەردانی پەری کرد. شارەزایەکی گەنج بوو، نیگاکانی پڕ میهر بوون. دوای هەر ڕستەیەک کە دەیگوت "چی دەڵێیت؟ بە دڵتە؟"

Scanned with CamScanner

خووی پرسیارێکی وای هەبوو. چارەسەرکارەکە پێی گوت کە ئەو تەنیا نییە. بەیەکەوە کاریاند ەکرد. پەرییەکی نوێی لێ چێ دەکات. دەبووە دروستکاری ڕۆحی خۆی. لە ماوەی وەرگرتنی چارەسەرییدا ئەگەر خۆکوژی بەتەواوی لەنێو نەدەچوو بەڵام فێردەبوو چۆن سەرەدەری لەگەڵدا بکات. وەک ئەوەی باس لە کارەساتێک بکات باسی لە خۆکوژی دەکرد. ناتوانی پێشی پێ بگری بەڵام ئەگەر چەترێکت بەدەستەوە بێت دەتوانی خۆت لە تەڕبوون بپارێزیت.

"شتێکی تریش هەیە" چارەسەرکارەکە وای گوت. "نابێ زۆری لە خۆت بکەیت بۆ خۆئامادەکردن - لەبارەی مامۆستایەک بە ناوی ئازوور چەند پرسیارێکت لێ دەکەن. تۆمەتی ئەوەی لەسەرە کە فشاری لە خوێندارەکانی کردووە و تۆی عاجز کردووە. زانکۆ لێکۆڵینەوە بۆ ئەمە دەکات، بۆ چاکەی تۆ و هەموو ئەوانیتر. هیچ پەلەیەک نییە بۆ خۆئامادەکردنت، دەبێ ئیفادەی خۆت بدەیت. ناوت لە دۆسییەکەدا هاتووە، چی دەڵێیت، بەدڵتە؟"

کەوابێ پێیانوایە ئازوور هۆکاری هەوڵی خۆکوژییەکەیەتی! هەرچەندە پەری لەگەڵ بیستنی ئەوە حەپەسا، بەڵام هیچ وەڵامێکی چارەسەرکارەکەی نەدایەوە. پاڵی دایەوە. سەری ئاڵۆسکا بوو. بەڵکە لەسەر هەقیش بن. ڕەنگە هەبوو شتێک بەهۆی ئازوورەوە بووبێت.

چەند هەڵەیەکی گەورەیە ئەو حوزن و خەمەی بەدرێژایی ژیانمان کۆیدەکەینەوە دواتر هەمووی بخەینە سەر ئەستۆی تاکە کەسێک. بەڵام مێشکی مرۆڤ کارامەیە لە خەڵەتاندنی خودانەکەی.

# کاژی سوور

ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢

ئەو بەیانییە پەری کە پێویست بوو بچێتە بەردەم دامەزراوەی ئیتیک، چوو لە باخچەی درەختەکانی نزیک پردی ماگدەلەن بەتەنیا دانیشت. هەرجارێک هاتبێتە ئێرە وەک ئەوەی چووبێتەوە نێو یەکێک لە شوێنەکانی سەردەمی منداڵی هەستی بە ئارامی و ڕاحەتی کردووە. لە سەرووی ئەو شوێنەی تێیدا دانیشتووە دار کاژێکی سووری بیست و پێنج مەتری - ئەو ناوەی چەند خۆشدەویست- باڵای کردبوو. ئەو درەختە کە پێشتر تەنیا وادەزانرا بەبەردبووێکە، لە چین، لە دۆڵێکی بچووک دۆزراوەتەوە. پەری کەیفی بەو حیکایەتە ڕووەکناسییە دەکات.

پشتی کردە خۆر و قاچەکانی بۆ سنگی هێنانەوە، چەناگەی خستە سەر ئەژنۆکانی، لەنێو ڕووەکی دەگمەندا و لەژێر درەختەکاندا هەستی بە ئارامی دەکرد. ئەو پەرداخە گڵاسییەی پێی بوو بە ڕوومەتیی خۆیەوە نا، گەرمایی قاوەکە هێندەی گەرمایی خۆشەویستێک دڵنەوا بوو.

دەنگی شیرین لە گوێچکەیدا دەزرینگایەوە. "بۆچی هەمیشە خۆت خەمگین دەکەیت مشکۆک؟ کەی فێری کەیف و دڵخۆشی دەبیت؟"

لەکاتێکدا ئازوور هەرگیز فشاری نەدەخستە سەر بۆ ئەوەی دڵخۆش بێت. بگرە دەیگوت ڕێگەی خوێندنی "فەلسەفەی

خوداوەنـد" بە دینـداری و شـتی وادا نـا، بەڵکـو بە تەنیاییـدا تێـدەپەڕێت. ڕێـکەوت نەبـوو کە هەمـوو ڕۆحانییەکـان بە گۆشەگیریدا تێپەڕی بوون. مرۆڤ کاتێک لەلای ئەوانی تر دەبوو کەمتر خۆشبین و زیاتر بە پەرچەکردار بوو. کاتێک تەنیا دەبـوو کەمتـر پێشـداوەر و زیـاتر کـراوە دەبـوو بـۆ هەمـوو دەنگەکانی گەردوون.

بەڵـێ، دەچـوو لە بەرژەوەنـدی ئـازوور ئیفـادەی دەدا. قەرزاریاری ئەو بوو. هەڵبەتە مامۆستاکەی هۆکارێک بوو بۆ دڵخۆشنەبوونی، بەڵام بەرپرسیاری هەوڵە خۆکوژییەکەی نەبوو. هەروەها سوپاسگوزاری ئەو بوو. ئازوور هۆکـار بـوو بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە لە قوڵایی هۆشیدا مت بووبوون وەئاگا بێنێتەوە. چاوەڕوانی ئەوەی لە خوێندکارەکانی خۆی هەبوو کە سەرەتا درک، دواتر دەستبەرداری پێشداوەریی بین. مامۆستایەکی ناوازە و ئەکادیمیسیەنێکی زۆر باش بوو.

سەرکەوتوو بووبوو لە ڕاچڵەکاندن و هانـدان و زۆرلێکردنی پەری. لەبەر خـاتری ئەو هـیچ وانەیەکـی هێنـدەی وانەی ئەو نەدەخوێنـد. دەرکەی سـیمینارەکانی بـۆ هەمـوو کەسێک، چ ئەوانەی لەگەڵی بوون یان جودا بیریـان دەکـردەوە کـراوە بـوو، هەمـوو خوێنـدکارەکان مـامەڵەی یەکسـانانەیان لەگەڵ دەکـرا. شتێک هەبێت کە ئازوور بە پیرۆزی بزانێت ئەویش زانست بوو، هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو. جگە لەمە هیچ پیرۆزییەکی تری نەبوو.

حەیرانی ئەوە بوو کاتێک خۆر دەکەوتە سەر قژی ڕەنگی زەعفەرانـی دەنوانـد، یـاخود کاتێـک باسـی کتێبێک یـان گریمانەیەکی زانستی دەکرد چاوەکانی دەدرەوشانەوە. مەفتوونی عەشقی فێرکردن بوو. لەکاتێکدا چەندین مامۆستا چەنـدین ساڵ

بەهەمان شێواز وانەکانیان دەگوتەوە و خۆیان دووبارە دەکردەوە، هەرچی ئازوورە هەموو ڕۆژێک بەگوێرەی سروشتی حاڵ و باری دەروونی خۆی بوو. هیچ شتێکی ڕۆتینی نەبوو لەودا، تەنیا تاقیکردنەوە و ڕیسک هەبوو. دەهاتەوە بیری کە ئەم گوتەزایەی لە چیسترتۆن[1]ی دەخستنە ڕوو: *"دەشێ ژیان لەچاو ئەوەی دەبینرێ زیاتر ماتماتیکی و ڕێکخراو بێت، ئەمە لەکاتێکدا کە کەموکوڕییەکان شاراوەن، دڕندە لەپەناگەی تەکمانەوە چاوەڕێیە."*

لەلایەکی ترەوە هەرچەندە حەیران و مەفتوونی ئازوور بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەفرەتی لە وا خۆنیشاندانی بە باڵاتر لەچاو ئەوانی تر دەکرد. پرۆفیسۆر ئەو فشارە دەروونییەشی دەخستە سەر خوێندکارەکانی، بە ئەندازەی ئەوەی کە هەستیان ئازار بدات، بگرە دایانشکێنێ.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شت زیاتر ئازاری پەری دەدا وێناکردنی شیرین و ئازوور بوو بە پاڵ یەکترییەوە. دەستی ئەوی دەبینی لەنێو قژ و ملی شیریندا دەجوولایەوە. بیری لە هەردووکیان دەکردەوە؛ لە کاتێکدا قسەیان دەکرد، پێدەکەنین، ماچیان دەکرد. شەوانە کاتێک سەری دەخستە سەر سەرین بەردەوام ئەم وێنانەی دەهاتنەوە بەر چاوی. لە کاتێکدا ئازوور هێندە بە مەوادا و دەستپێڕانەگەیشتنەوە مامەڵەی لەگەڵ پەری دەکرد، کەچی چەندە لە شیرین نزیک بووبووەوە.

تەنیا یەک جار، ئەویش لە کاتێکدا ئەزموونی بینینی منداڵەکەی نێو تەمی پێ گوتبوو ئازوور کەمێک گرنگی پێ دابوو. بۆ ئەو ئەمەش یەکێک بوو لە تاقیکردنەوە زانستییەکان،

(1) G. K. Chesterton

سەرچاوەی لە خولیایەکی ترەوە وەردەگرت بۆ ئەو. هاوشێوەی منداڵێکی هاروهاج کە لە یارییەکی کۆنی بێزار دەبێت ئاوا دەستبەجێ گرنگیپێدانەکەی بڕی بوو. پەر حەزی بەو پێداگرییەی لەپشت زیهنی لێپرسینەوە و ئەو خۆباوەڕییەی کە خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تەرخان کردووە نەدەکرد. تۆڵێی کامەیان بێت وایکردووە زیاتر تێکی بدات: ئایا ئەوەی کە بە دزییەوە چاوی بە شیرین دەکەوت، یاخود ڕەتکردنەوەی خۆشویستنی ئەو بوو بە هەمان ڕاددە؟ ئازوور بۆ ساتێک هاتووەتە نێو ژیانییەوە و لەدوای خۆیدا وێرانەیەکی بەجێهێشتووە. ڕەنگبێ باشترین شت ئەوە بێت کە بچێت دژی ئەو ئیفادە بدات. ئەگەرچی شیرین لێی پاڕابووەوە بچێت ئازوور بپارێزێت. داوای لەو "لە مشکۆک" کردبوو پرۆفیسۆری خۆشەویستی بپارێزێت. هۆکاژری ئەمە ئەوە بوو کە متمانەی پێ هەبوو و بە نزیک و هاوەڵی خۆی دانابوو، یان بیرکردنەوەی بوو لەوەی کە دەتوانێ بە ئاسانی پەری بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە؟ *ئەسپی هێواش زۆری بۆ هەبوون.* وای بیر کردەوە. وێ کەمی هەبوون. *ڕەنگبێ ئێستا نۆرەی من بێت.*

*بابەتیانە بیر بکەرەوە،* بەو شێوەیە خۆی ئاگادار کردەوە. *خۆت لە هەستەکانت بەدوور بگرە. بە بەخیلییەوە هەڵسوکەوت مەکە، هەر هیچ نەبێ بەشی ئەوەندە قەرزاربیاری ئازووریت. هەستەوەری ئاساییە بەڵام زیاد لە پێویست زیانمەندیە. ئەو ئەمەی فێرکردیت.* ئەگەر بێینە سەر پەیوەندییەکەی لەگەڵ شیرین، دوو کەسی پێگەیشتوون کە بە ڕەزامەندی دڵی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردووە، پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای مامۆستا-خوێندکار نییە، هیچ کەس ئەویتر بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارناهێنێت. هەروەها ئەو ترۆیە کە قەستی بوو ئازوور

Scanned with CamScanner

بشکێنێ، کەسێکی سەمەرە و ناڕەحەت بوو. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لەوە تێگەیشتبوو کە کوڕەکە سەرمەستی شیرین بووە، دەیزانی کاتێک تێگەیشتووە شیرن سەوداسەر پرۆفیسۆر بووە نەک ئەو، تەواو نەفرەتی لە پرۆفیسۆر کردوە.

کاتێک لەو باخچەیەدا لەسەر کورسییەکە دانیشتووە ئەو پرسیارانەی مێشکیان داگرتبوو یەکدیان ڕاودەنا. یەکێکیان مەیلی بەولادا و ئەویتر مەیلی بە لای دیکەدا. چارەسەرکارە دەروونییەکە پێی گوتبوو تا ئەوکاتەی هەست دەکەیت باشی هیچ بڕیارێک مەدە. بەڵام لەژێر ئەو هەلومەرجەدا ئەمە چۆن دەکرا؟ هەستی دەکرد ونبووە. ئەو پەتەی ئەوی بە زەوییەوە دەبەستەوە لە شوێنە باریکەکەیەوە پچڕا بوو، بەبێ ئەوەی بزانێت بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات وەک ساڵێکی نێو دەریایەکی بە گاپێل دەهات و دەچوو. کەمێکیتر دەچووە بەردەم ئەندامانی دامەزراوەی ئیتیک. چی پێدەگوتن؟ یاخود ئەوان لە هەمبەر وێدا چ پرسیارگەلێکیان دەکرد؟ هەستەکانی هاوشێوەی مێزراح دەخولانەوە. دڵنیا نەبوو لەوە مەرامەکەی چۆن بە دەمدا بێنێ، بە تایبەت لەبەردەم بێگاناندا.

سەیری کاتژمێری کرد. دڵی وەها خێرا لێیدەدا دەتگوت ئێستا لە سنگی دێتە دەرەوە. هەستایەوە سەر پێو بە ئاراستەی ئەو بینایە ڕۆیی کە کەمێکیتر پرۆفیسۆر ئازووری تێدا دادگایی دەکرا.

* * *

لەو کاتەدا ئازوور لە ژوورەکەی خۆی لە زانکۆ، لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو ولە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکرد.

Scanned with CamScanner

هەوڵی دەدا هۆشی بەو ئەنجامانەوە خەریک نەکات کە لە کۆبوونەوەی دامەزراوەکە دەردەچوون. بەڵام خەمی ئەوەی ئازاری ئەو کەسانەی دابێت کە خۆشیاندەوێت بارێک بوو بەسەر ویژدانییەوە. دەیزانی شیرین بە پرسیارکردن لەبارەی پەیوەندییەکەیانەوە شەرمەزار دەکەن. وێش لەپێناو پاراستنی ئازوور ڕاستییەکانی دەشاردنەوە، بێهوودەیەم وای بیر کردەوە، ئەمە گەرچی دەمێک بوو بڕیاری دابوو هەموو شتێک وەک خۆی باس بکات. هیچ شتێکی نەبوو بیشارێتەوە. هیچ شتێکی هەڵەی نەکردبوو.

سەرنجی ترۆیشی ڕادەکێشا. یەک بەدوای یەک درۆی ڕیز دەکردن. درۆ و قسەی قۆڕ. قەت بەرانبەر ئەو کوڕە دڵگەرم نەبووە. فێڵبازە. باشی کرد لە وانەکەی وەدەری نا. دەیزانی نەیارەکانی ئەو، کە ژمارەشیان کەم نەبوو هەموویان دەستیان نابووە دەستی یەکتر و دوای ئەو سکاندالە بە هەوەسەوە چاوەڕێ بوون. کەسی واش هەبوون بە ڕوون و ڕاشکاوی دەیانەویست لە زانکۆ دەربکرێت. جۆرە مرۆڤێک هەبوو لە دونیادا کە حەزیان دەکرد ئەوانیتر کارەساتیان بەسەر بێن. هیچ شتێک لەوە بێماناتر هەیە کەسانێک پێیانوابێت بە برسی بوونی ئەوانیتر، سکی خۆی تێر دەبێت؟

وە پەری... پەری شۆخ و ترسنۆک و تێکشکاو. دەبێ ئەو چی بڵێت؟ ئەگەرچی ئازوور هیچ گومانێکی سەبارەت بە وێ نەبوو. هەرچۆنێک بێت هەموو ئەو تاوانبارکردنانەی دەرهەق بە پەری بوون بێ بنەما بوون، سەرباری ئەوەی کە دڵنیا بوو پەری لۆژیکی و ڕاستگۆ دەبێت. ئەگەر بە خاتری ئازووریش نەبێت لەپێناو سەرڕاستمانەوەی بەرانبەر بە ڕاستگۆیی وەها ئیفادەی خۆی دەدا، کە هەردووکیشیان لە هەمان دەرکەوە دەهاتنە

دەرەوە.

ئازوور ئەو هۆکارانەی بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەرییان لەسەر دۆسییەکەی دەکرد خستنە سەر لەپی دەستی، وەک کێشێکی خەیالکرد هەڵیسەنگاندن. لە دژی: هەندێکیان کاتێک تاقیکردنەوەی پێ داون وایان داناوە کە فشاریان لێ دەکات، ئەو خوێندکارانەی کە نەفرەتیان لە یەکدی کردووە و ئەویش ڕەخنەی لێ گرتوون، ئەوانەی کە بوونەتە هۆکاری دابارینی فرمێسک و تێکشکانی ڕۆحیی هەندێک لە خوێندکارەکان وە هەڵبەتە پەیوەندی شیرینیش. لە بەرژەوەندی ئەویش: ئەو وانانەی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە گوتوونیەتەوە، ئەو لێکۆڵینەوە و بەداوداچوونانەی ئەنجامیداون، ئەو تێکڕاوەی کە لە بواری ڕۆشنبیری و زانستیدا هەیبووە، وە شیرین -کە لە دۆسییەکەدا تاکە باسی "ئەخلاقی" ئەو بوو- لەو ماوەیەدا کە خوێندکاری بووە پەیوەندییان نەبووە. سەرباری هەموو هەوڵەکانی ترۆی و هاوەڵەکانی، دۆزی دژی ئەو زۆر لاواز دەبینرا.

هەمیشە دەیگوت ئەو کەسەی نەیەوێ مستی بەرکەوێ زۆرانبازی ناباتەوە. ئێستا کاتی ئەوە بوو بۆکسێک بخوات. سەرباری ئەوەش کە ئاوڕی بۆ ڕابردووی خۆی دەدایەوە دەیبینی چەندە لوتبەرزانە هەڵسوکەوتی کردووە. بەهەموو نەزانی و پێداگرییەکەیەوە دەیەوسیت باسی خوداوەند بکاتە زمانێکی هاوبەش و گەردوونی. هێنانە ئارای شێوازێک کە هەمووان لە ئامێز بگرێت مومکین بوو؟ خوداوەندی نەک وەک هێزێکی سەرکۆنەکار و ترسێنەری سەرووی هەورەکان و وەک تەوتەمی خێڵ، بەڵکو وزەیەکی یەکخەر و گەڕانێکی هاوبەش خستبووە ڕوو. ئەوەی دروستە دۆزینەوەی وەڵام نییە بەڵکو پرسیارکردن بوو. گەیشتن نا، چوون، لە ڕێگەدابوون! ویستوویەتی بوارێک

بکانەوە کە تێیدا داماڵدراو بێت لە هەموو ڕەمز و دۆگمایەک، گەنگەشەیەک بێنێتە ئاراوە، ئەتایستەکانیشی لەنێودا، کە هەمووان بەهای پێ بدەن. ئایا فەلسەفەی خوداوەند ڕۆڵی ئەوەی دەبوو کە بەدواداچوونێکی یەکخەر بکەن کە هەمووان لەم دونیا شێواوەدا تێیدا ڕۆڵیان هەبێت و بەدەر بێت لە بڕوا و سیستمی عەقیدەیی؟ ئەوە تاقیکارییەکی زیهنی بوو، شایەد ئەگەر وەک حافز گوتوویەتی هەر ڕۆحێک کە لەم گەردوونەدا هەیە تەواوکەری خوداوەندە، واتە فەلسەفەی خوداوەندە سەرچاوەی لە جیاوازییەکانەوە وەربگرێت نەک لە وێکچوونەکان، کەواتە ئەگەر مرۆڤە هەرە ناتەباکان بەیەکەوە بخەینە ژوورێک و چاو لە چاوی یەک ببڕن تۆ بڵێی چی ڕوویدات؟ قەبوڵی ئەوەی دەکرد کە هەندێکجار زۆر تەڵەبکار و ئاڕاستەکەر بووە. ڕاستە پۆلەکەی وەک تاقیگەیەک بەکارهێناوە. بەڵام لەپێناو ئامانجێکی باشدا، لەپێناو هاودەردیدا.

خوێندکارەکان... چەندە بوێر و بزێو بوون هێندەش شەرمن و پێشداوەریکار، بۆ لاسایش بەپەلە بێ بەدواداچوون خۆپەرست بوون. هەرگیز ئەوەیان بە بیردا نەدەهات کە مامۆستایانیش دەکرێ حیکایەتی جیاواز، کێشەیەک و ژیانێکی جیاوازتریان هەبێت لەوەی کە لە ناوپۆل دەیبینن. ئازوور ویستبووی لەگەڵ ئەواندا تاوەری بابل دروست بکات. ئازوور داوای لێ کردبوون تاوەرێکی بابلی دروست بکەن. خوێندکاری هیندوو، کرژدیستیان، جوو، مسوڵمان، ئیسلامۆفۆبیک، ئەتایشت، دایکە خوداوەند، ڕۆحانی، و گومانکار... لە هەموو جۆرێک خوێندکاری کۆکردبوونەوە. تا لە توانای دا هەبوو فشاری خستبووە سەر زیهنیان. ئێستا تێدەگەیشت کە، تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتبووانە نەبوون. دۆڕاندبووی.

یەکێـک لە هەڵەکـانی ئەوە بـوو مـاوەیەک لە پەری نزیـک بووەتەوە. ئەوە سەرنجی ڕاکێشا بوو کە کچێکی هێندە بێدەنگ و شـەرمن دیـوێکی هەبـوو کە نـاوی نـابوو "سـەروو ئاسـایی". ئەوەی ڕاستی بێـت هـیچ کـام لە بەشـداربووانی سیمینارەکانی هێنـدەی پەری خـۆی سـەرقاڵی خوداوەنـد نەکردبـوو: ئەمەش سەرنجی ئازووری ڕاکێشا بوو. سەرباری ئەوەی دەیزانـی کـچە بەرانـبەر ئەو هەسـتگەلێکی هەن -کە نەدەکـرا نەبینـرێن!- بـۆیە کاتی زیاتری لەگەڵ ویدا بەسەر بردبوو، بۆ ئەوەی لێی تێبگات. پەری زۆر گەنج بوو. زۆر لاواز بوو. دەبوو ئازوور زۆر وریـاتر بێت، نەدەبـوو ڕێـگە بـدات کـچە ئاشـقی ببێـت، بەڵام کـوا ئەو کەی بوو دوایینجار بە وریاییەوە مامەڵەی کردووە؟

ئـازوور لە مـاڵێکی ئـایینپەروەردا پەروەردە نەبـووە. بـاوکی بازرگـانێکی ئینگلیـزی دارا و دڵخـۆش و سـەرکەوتوو بـووە، هەرچی دایکیشی بووە پیانۆژەنێکی خەلکی چیلی بووە کە ژیان هەرگیـز ئەو ناوبـانگەی پـێ نەداوە کە خواسـتوویەتی. بەهـۆی ئەوەی کاری دایـبابی لە هاڤانـا و کوبـا بـووە بـۆیە ئـازوور هەر لەوێ لەدایـک بـووە. بـاوکی کـاتی خـۆی لەگەڵ ئەرنیسـت هێمنگوای چووەتە ڕاوی قرش، بەڵام جگە لە چەنـد وێنـەیەک هـیچ شـتێک لە هاوڕێیەتییەکەیـان نەمـاوەتەوە. ئـازوور ئەو چاوەڕوانییەی خێزانەکەیـان لێیـان هەبـووە شـکاندووە و خـووی داوەتە فەلسـەفە. بـۆ ئەوەی بـاوانی دڵخـۆش بکـات ڕازی بـووە بەوەی کە ڕوو لە ئـابوورخوێنیی بکـات. لە هارڤـارد سـەرەتا ئابووری و دواتر فەلسەفەی خوێندبووە.

لە دوا قۆنـاغی خوێنـدنی لە زانکـۆی بۆسـتن، دوای ئەوەی وانەی لە مامۆسـتایەکی بەناوبانـگ وەرگرتـووە کە لە بەشـی ڕۆژهەڵاتناسیدا بـووە هەمـوو ژیـانی گـۆڕاوە. پرۆفیسـۆر نەسـیم

بەجۆرێک فشاری خستووەتە سەر ئازوور کە پێشتر هیچ کەسێک وای لێ نەکردووە. مامۆستا کە لە خێزانێکی کۆچەری جەزائیرییەوە هاتبوو ئازووری ئاشنای کولتووری جیاواز، گۆشەنیگای جودا و پرسیارگەلی ئاڵۆز کردبوو. هەروەها بیری عاریفەکانی - ئیبن عەرەبی، ئیسحاق لۆریا، مایسترا ئێکهارت، فەرەیدوون عەتتار، ڕابعەی عەدەوی. دایکە تێریسا- پێی ناساندبوو.

دوای نیوەڕۆیەک ئازوور، سەردانی ماڵی پرۆفیسۆر نەسیم دەکات لە برووکلاین. هەر لەوێ و لەو ڕۆژەدا ئاشنای کچە بچووکەکەی نەسیم، ئانیسا بووبوو. کەڵەگەت، چاوکاڵم قژ ڕەنگ تۆخ و لوول، بە نەشئەیەکی واوە کە باندۆری لە هەر کەسێکی دەوروبەری خۆی دەکرد. بەبێ وەستان قسەیان کردووە - لەبارە کتێب، مۆسیقا، سیاسەت. ئانیسا خواستی بووە ماڵی خۆی هەبێت. "بەڵام لە هەرکوێیەکدا بژیم، دەبێ لە ئاوەوە نزیک بم" وای گوتووە.

خانەوادەکە پێداگرییان کردوە تا ئازوو بۆ نانی ئێوارە لە کنیان بمێنێتەوە. خواردنەکان زۆر خۆش بوونە، بەتامتر بووە لە هەر خواردنێک کە پێشتر خواردوویەتی، بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سیحری لێ کردووە، قاقا لێدانەکانی سەر خوانەکە، گۆرانی عەرەبی و ئەو دڵۆپە خۆشەویستییانە بوونە کە بە هەواوە وەستاون. نیگاکانی ئانیسا لەژێر ڕۆشنایی مۆمەکاندا بە سیمای ئەودا گەڕاون. "بریا خێزانەکەی من بەو شێوەیە بوایەن" لە ناخەوە وای گوتووە. چەند جیاواز بووە لەو ڕێزە سنووردارکراوە و کولتوورەی ماڵی خۆیان. ئازوور تا ئەمڕۆش دڵنیا نییە ئاخۆ سەرەتا ئاشقی ئانیسا بووە یان هی خێزانەکەیان. دوای حەوت هەفتە ئاهەنگی هاوسەرگیریان سازکردووە.

Scanned with CamScanner

هێندەی نەبردووە تێگەیشتوون دوو کەسی چەند لێک جیاوازن. ئەنیسا زۆربەی کات لە دونیای خەیاڵدا ژیاوە. بێئەندازە غیرەی کردووە، زۆر هەستەوەر بووە؛ بەهۆکاری زۆر سادە تووشی فشار بووە، ئەودەمە ئازوور زانیوەتی ژنە گەنجەکەی لە تەمەنی هەرزەکارییەوە دەرمانی بەکارهێناون.

ئانیسا زڕخوشکێکیشی هەبوو، کە هی یەکەم هاوسەرگیری پرۆفیسۆر نەسیم بووە. ناوی نوور بووە. نووری تێگەیشتوو و ژیر و ناسک، هەر کاتێک خێزانەکە هەموویان کۆبوونەتەوە لەسەر مێز لە تەنیشت ئازوور دانیشتووە و گوێی لە گفتوگۆکانی ئەو و باوکی گرتووە و پرسیاری قووڵی کردوون. ئازوور وردە وردە ئەوی بە ڕۆشناییەکی جوداوە بینیوە؛ ئەو نیانییەی لە خەندەکانیدا هەبووە، ئەو بریسکەیەی لە نیگاکانیدا هەبووە، ئەو جوانییەی لە پەنجەکانیدا هەبووە، ئەو بیرتیژییەی هەیبووە. هەردووکیان بەرابەری زۆر ڕێزی یەکتریان گرتووە. ئازوور تا ئەوکاتە نەیزانیوە کە ئەو ڕێژە بەرابەرییەی لەنێوان ژن و پیاوێکدا هەیە سەرنجکێشییەکی ڕەگەزی دروست دەکات. هەمان ساڵ، لە کۆتایی هاویندا بەڕووی یەکیدا کراونەتەوە. لێک هاتوون. هێندەی پێ نەچووە خێزانەکە بەمەیان زانیوە. پرۆفیسۆر نەسیم - ئەو پیاوە بەڕێز و بەتەمەنە- دەنگی بەسەر ئازووردا بەرز کردووەتەوە، دەمارەکانی لاملی وەک ڕووباری بەخوڕ ئاساون. ئازوور بە شەیتان چوواندووە. گوایە هاتووەتە نێو ماڵەکەیان و ئارامیی لێ شێواندوون.

ئازوور و ئانیسا توانیویانە پەیوەندییەکەیان چاک بکەنەوە. پێکهاتوونەتەوە. باشترین شت ئەوەبووە بڕۆن لە دووری بۆستن نیشتەجێ بین، هەر واشیان کردووە. دوای ئەوەی دەرفەتی کار بۆ ئازوور لە ئۆکسفۆردەوە هاتووە، هاتوونەتە بەریتانیا. لە

کاتێکدا کە ئانیسا بە زووی پێرە ڕاهاتووە، ئازووریش وا
بەزوویی پلەی بەرز بووەتەوە. ئۆکسفۆرد لە ڕووی کارەکەیەوە
خێری بۆ ئەو پێوە بووە. ئەو شتەی هیچ کام لەو کەسانەی
ئاشنای ئانیسا بوون بەدییان نەکردووە ئەوتاریکییە بووە کە لە
قوولایی ڕۆحیدا بووە. کاتێک دڵخۆش بوو وەختە بووە بفڕێت.
کە خەمگینیش بووە چووەتەوە نێو خۆی. چ دڵخۆش بووبێت
یان خەمگین هەمیشە لەوپەڕیدا بووە. بەردەوام لەنێوان
زیادەڕەوی و کەمتەرخەمیدا هاتووە و چووە. نموونەی خەمۆکی
بووە.

کاتێک ونبووە چوار مانگ بووە دوو گیان بووە. بەیانییەک
بۆ پیرەوی چووەتە کەناری ڕووبار و نەگەڕاوەتەوە. پۆلیسەکان
دوای بیست و شەش ڕۆژ لە گەڕانی بەردەوام لەنێو ڕووبارە بە
شەپۆلەکەدا توانیوانە تەرمەکەی بدۆزنەوە. لە ڕۆژنامەی
ئۆکسفۆرد *مەیل* لەبارەی ڕووداوەکەوە وێنە و زانیاری ئانیسا
بڵاوکراوەتەوە. گوتەبێژی پۆلیس گوتوویەتی لە تۆماری مردنیدا
نووسراوە بە*هۆکاری ناڕوون*. بەڵام هیچ گومانێک سەبارەت بە
کوشتنی نەبوو. ئازوور بەرانبەر ئەو گوتەیەی نێو ڕاپۆرتەکە
حەپەساوە: "هۆکاری ناڕوون" بەڵێ، شتی ناڕوون و نەگوتراو
هەن لە ژیاندا. بۆ نموونە بۆچی مرۆڤ تووشی دڕندەی
خەمۆکی دەبێت؟ هەندێک کەسی تریش تووش نابێت.

پرۆفیسۆر نەسیم، سەرباری ئەوەی دەیزانی کە ئانیسا لە
بنەڕەتەوە کێشەی ڕۆحی هەبوونە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو
کارەساتە ئازووری بە هۆکار داناوە. هاوسەرگیرییەکەیان بۆ
کچەکەی بە خێر نەبووە. خێزانەکە هەرگیز لێی خۆشنەبوونە.
هەڵبەتە ئازووریش لە قوولایی دڵییەوە لە خۆی خۆش نەبووە.
ڕەنگە هەر ئەمە بووبێت وایکردبێت ئەو بەرانبەر داوای لێبوردن

Scanned with CamScanner

هەستیار و سەخت بێت. نەفرەتی لەوە دەکرد کە؛ لەکاتێکدا لە ژیاندا شتی نەگوترا و داوای لێبووردنی گرنگتر هەبن بۆچی دەبێ بۆ شتی بێ بەها داوای لێبووردن بکرێت. لەنێوان یاساکانی دونیای ئەکادیمی و بێ پەروایی دونیای دەرەوەی ئەکادیمییەتدا شوێنێکی بۆخۆی گرتبوو. ئەو بە شتی نەگوتراو و ناڕوونەوە سەرقاڵ بووبوو. مادەم ناڕوونترین شت خودایە، بۆیە ئەویش لەو بارەوە سیمینار ساز دەکات، کتێبان دەنووسێت، قسە دەکات و کەشفی نەزانراو دەکات.

* * *

لە کاتێکدا بای بەیانی داکەوتووە و بووەتە شنەیە، پەری وەک ئەوەی لە خەونێکدا بێت بە ئاراستەی ئەو شوێنە ڕۆیشتووە کە دەبوو تێیدا گوتەی خۆی بێژێ. قاچەکانی گیراو و سەنگین بوون. خۆر خۆی لە پشت هەورێکدا شاردووەتەوە. باڵندەیەکی ئەبابیل لە بەرزیدا فڕیوە و ئەو وەک ئاماژەی گۆڕانی وەرز داینــاوە، دەتگوت پاش ئەوەی لە باخچەی بۆتانیک و دارکاژە سوورەکان وێوە هاتووە، دونیا گۆڕاوە.

کاتێک لە بیناکە نزیک بووەتەوە ترۆی بینیوە لەبەر دەرگە هاتوچووە. شیرینیش لەسەر پەیژەکە دانیشتووە و قۆڵەکانی لەسەر سینگ لێک هەڵپێکاون. چاوەکانی لەبەر گریان ئاوسابوون. هەردووکیشیان بە دیقەتەوە سەرنجی هاتنی پەریان داوە، قەستیان بووە بەلای خۆیاندا ڕاییکێشن. لە شوێنێکی نێو ئەو بینایەشدا کەسانێک بە سیمای لە گوزارشت نەهاتووەوە هەبوون چاوەڕێی بوون کە پرسیاری وایان هەبوو ئارەقەیان پێ دەڕشت.

تۆ بڵێی ئازوور لەکوێ بێت، چی بە خەیاڵدا بێت؟ پەری زۆر حەزی دەکرد لەو ساتەدا لەلای بوایە، خۆزگە هەردووکیان دەیانتوانی بەیەکەوە لێرە ڕابکەن. بریا شەو بوایە و ئازوور بۆ وێ باسی لە شیعر، فەلسەفە و پارادۆکسی خوداوەند بکردبایە. هەردووکیان بەتەنیا لەژێر ئاسمانێکی بێ ئەستێرەدا بوایەن، پەری خستبایەتە سەر شانی ئازوور. درێژ قسەیان لەسەر زانین و نەزانراوەکان بکردبایە. ئازوور بەلای ویدا لار بوایەتەوە و نەوازشی ڕوخساری بکردبایە، لێوەکانی ماچ کردبان، وەک وشەیەکی سیحراوی ناوی هێنابوایە. خۆزگە دەیتوانی ئەو عەشقەی شیرین کە لە دڵی ئەودا هەبوو لەناوبیردبایە. لەژیانیدا هیچ شتێکی هێندە بەسەریەکەوە نەخواستووە.

هەرچەندە سەرماش نەبوو بەڵام پەر توونند پاڵتۆکەی لەخۆیەوە وەرپێچا بوو. ئەگەر بچێت و لە بەرژەوەندی گومانبارەکە ئیفادە بکات (کە دروستترین بڕیار ئەوە بوو، کە بە پێچەوانەی تاوانبارکردنەکە هیچ کاتێک پرۆفیسۆر لەگەڵ ریتەبووە)، ڕەنگە بەمە ئازوور لەوە تێگەیشتبا چەندە خۆشیدەوێت... ڕەنگە لەو سکاندالەوە خۆشەویستییەکی چاوەڕوانەکراو دروست بووبا. بەڵام لە ناخەوە دەیزانی ڕوودانی پێشهاتێکی وا مەحاڵە. ئەگەر ئیفادەیەکی گونجاویش بدات، ناوی ئازوور پاکدەبێتەوە، ئەویش دەچوو لەگەڵ شیرین ناهەنگی ئەمەیان دەگێڕا ـ لەگەڵ ئەو شیرینەی کە هەموو کاتێک هەرچی ویستوویەتی بەدەستی هێناوە.

پەری بیری لەمانە دەکردەوە. گوێی لە ویژدانی نا، بەڵکو لە بەخیلییەکەی گرت. سەیری بیناکەی کرد. دواتر بەهێواشی

پشتی تێ کرد و دوورکەوتەوە. ئیفادە و شتی نەدا. نە ئەوسا و نە دواتر. ئەو نەک ئەکتەر، بینەر بوو. ئەمە کێشەی *ئەوان* بوو. شانۆیی ئەوان بوو.

بەدرێژایی ژیانی هیچ شێوازێکی دیار نەبوو. کاتێک برا جمکەکەی خنکاوە لە سووچێک حەپەساوە و جووڵەی نەکردووە. هەر کاتێک دایک و باوکی شەڕیان کردووە هەمیشە لە نێوەندا بووە. وە کاتانەی شیرین و مونا بەیەکەوە وێڕاچوونە هەوڵیداوە لە هەردووکیان تێبگات. کەوتبووە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بەڵام هەمیشە و هەمیشە لە بەرزەخدا.

ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئیفادە نەدا و ڕاستییەکان ڕوون نەبنەوە، ئەودەمە تۆمەت و گومانەکانی سەر ئازوور بەهێزتر دەبن. ئەوەش بۆ دۆسییەی پرۆفیسۆر زیاد دەکرا "بوونە هۆکاری هەوڵی خۆکوژی کچە خوێندکارێک".

هەندێکجار بێ دەخالەتی، هیچ نەکردن، لە خەتاکردن باشتر بوو. بیری لەوە نەکردەوە پاسیڤبوونەکەی دەبووە هۆکاری سڕینەوەی ئەو پیاوەی کە خۆشیدەویست. زۆر دواتر لەمە تێگەیشت. دوای ئەوەی کار لە کار ترازا...

Scanned with CamScanner

# دۆلاب

نیستانبول، ٢٠١٦

سێیەم کەسی ڕوو بە ماسک هاتە پاڵ ئەو دوو پیاوە ماسکدارەی هەڵیانکوتابووە سەر ماڵەکە. بە شێوازی ئەکردنەکەی دیاربوو کە بەرپرسیانە. لەکاتێکدا کە هەردووکی تر هاتوونەتە نێو ماڵەکە، ئەو لە دەرەوە، لەلێو باخچەکەدا چاوەڕێ بووە.

"ئەگەر هەمووتان ئەوەی دەیڵێم بیکەن ئازاری کەس نادرێ" پیاوەکە لەو ساتەدا ئەمەی دەگوت. نە خرۆشان نە تووڕەیی لە دەنگیدا نەبوو، تەنیا سارد بوو، مەودادار بوو "ئیدی بژاردەی خۆتانە."

پەری هێشتا لە ڕێڕەوە بچووکەکەی نێوان ناندین و هۆڵەکەدا بوو. بۆ ساتێک بیری لەوە کردەوە ڕابکاتە ناندین، بەڵام پەشیمان بوویەوە. لە هۆڵەکەوە دەبینرا. بەبێ ویستی خۆی هەنگاوێک کشایەوە دواوە. هەستی کرد کە دەستی بەر ڕووی ئاوێتەکەی پشتی کەوت. بە نەرمی لەنگایەوە. ئەو شتەی پێی وابوو ئاوێتەیە دۆلابێکی نەخشێنراو بوو.

بە هێواشی دۆلابەکەی کردەوە. پاڵتۆ، قوتوو، پێڵاو و چەتری تێدا بوون. بێ بیرکردنەوە چووە ناوی، بە ئەسپایی دەرکەکەی داخستەوە. لەنێو تاریکیی نێو دۆلابەکەدا خۆی گرمۆڵە کرد. ڕێک وەک چۆن لە منداڵیدا دەیکرد، جارێکیتر خۆی لەنێو دۆلابدا حەشاردا.

خزمەتکارەکان کۆدەکرانەوە. چێشتلێنەر، یاریدەدەرەکەی، خزمەتکارەکان و ئەو پێشخزمەتانەی بۆ ئەمشەو بەکرێ گیرابوون، هەموویان دەردەست کران. دەنگی هەنگاوی بە پەلەپرووزێ دەهات. بە ئەرز کێشانی پۆستاڵ. چپەی خنکاو. ترس.

لەنێو دۆڵابەکەدا، پەری پەنجەی بە دوگمەی بێدەنگکردنی تەلەفۆنەکەوە نا، پەیامێکی بۆ دایکی نووسی. *پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە، زۆر بەپەلە. هەڵیانکوتاوینەتە سەر. خۆت دەزانیت لەکوێین.*

"بەنەفرەتی بی!" هەر کە ناردی وای گوت. ڕەنگە سەلما تا سپێدەی بەیانی ئەم پەیامە نەبینێت. ڕەنگە ئێستا خەوتبێت. هەر باشە دەنیز و براکەی لە ئەماندا بوون ئێستا. بەڵام عەدنان لە ژوورەوە بوو، مێردەکەی، باشترین هاوڕێی.

دڵی ئێشا.

تەقەیەکی بیست. ژنێک قیژاندی. هاوارێکی وەک قاقایەکی هیستریایی بیست. ڕەنگبێ خۆشەویستەکەی ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکە بێت. "نەتبینی کە هاتوون؟ خۆشی پێ فاڵچییە! فاڵچی قوونم!"

"دەم داخە ژنەکە!" گوێی لە دەنگێک بوو.

پەری دەلەرزی. ئەو پیاوانە کێن؟ تیرۆریستن؟ مافیان؟ دزن، چین؟ قسەکانی بازرگانەکەی لە پێش بێلاییەکە هاتنەوە بیر. کێ دەزانێ لەم ماڵە درەوشاوەیەدا چ نهێنییەکی تاریک شاردراوەتەوە.

دونیا پڕ بوو لە مەترسی. شەڕ و پێکهەڵپژان لە هەموو سووچێکدا هەبوو. ئەو شتانەی بەسەرمان دێن هۆکاری ئەو کارانەن لە ڕابردوودا کردوومانن، یاخود فێڵی ئارەزووی

چارەمانە؟ ئەگەر ئارەزووە بنەما بێت، ئاخۆ هەوڵدان بۆ بوونە مرۆڤێکی باشتر هیچ مانایەکی هەیە؟ پەری هەوڵی دابوو ببێتە مرۆڤێکی باشتر -جگە لەو پیاوەی کە چەندین ساڵ پێش ئێستا خۆشیویستووە و ئێستاش لە قوڵایی دڵیدا خۆشی دەوێت لەگەڵ هەموو ئەوانیتر بەباشی هەڵسوکەوتی کردبوو.

ئازوور فێری ئەوەی کردبوو کە ئاڵۆسکانی هۆش شتێکی بەهادارە. بەڵام ئەدی ئەگەر ئەوەی ئاڵۆسکاوە هۆشمان نەبێت و دونیا بێت، گەردوون بێت؟ ئەی ئەگەر هیچ نەزم و سازێک نەبێت و تەنیا و تەنیا پشێوی هەبێت؟

بە شڵەژانەوە پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد. کارمەندێک وەڵامی دایەوە و دەستبەجێ پرسیاربارانی کرد، وەک ئەوەی گومانلێکراو نەبێت و تاوانبارێک بێت وەها هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. پەری بە دەنگێکی زۆر نزم قسەی بە پیاوەکە بڕی: "دەڵێم چەکدار هاتوونەتە سەرمان..."

"خانم گوێم لێت نییە. بە دەنگێکی بەرزتر قسە بکەن" کارمەندەکە بەم شێوەیە سەرزەنشتی دەکرد.

پەری هەوڵی دا ناونیشانی پێ بدات.

"ئێوە ئێستا بۆچی لەوماڵەدان؟" کارمەندەکە وای گوت.

"میوانم" بە چرپە وای گوت. "پیاوەکان چەکیان پێیە. پۆلیس بنێرن!"

"لەکوێی ماڵەکەدایت؟" کارمەندەکە ئەمەی پرسی، بەڵام چاوەڕێی وەڵامدانەوەی نەکرد. دەیەویست ناوی، چ کارێک دەکات و لەکوێ دەژیت بزانێت. پرسیاری ناپێویست و فزولی. پەری ئەو هەموو ماوەیە هاونیشتمانییەکی سەرڕاست بوو، بەڵام لە دیدگای دەوڵەت تەنیا هەبوونێکی دیجیتالی بوو، تەنیا ژمارەیەکی بێ حیکایەت بوو. وەک هەموو ئەوانی تر.

دواجار کارمەندەکەی پۆلیس، "پەری"، وای گوت. "تیمێک دەنێرین."

دواتر پەری چاوی لە شەحنی مۆبایلەکەی کرد. تەنیا دە - پانزە خولەکێک بەشی دەکرد. نەیدەزانی دوای ئەوە چی دەبێت. لەگەڵ ئەوانی تر بە بارمتە دەگیرێت، یاخود پۆلیس دێت و رزگاریان دەکات؟ یاخود رەنگبێ تا تەواوبوونی وزەی پاتری مۆبایلەکەی شەڕ دروست دەبێت و هەموو شتێک وەک *دوایین ژەمی خواردنی تورکە بۆرژواکان*- تەواو دەبێت.چاوەکانی پڕ بوون لە ئەسرین. مرۆڤ پێوابوو ژیان نادادە، بەڵام نادادپەروەرانەترین شت مردن بوو.

دیسان دەستی کولایەوە. لەکاتێکدا لە دەرەوە مێرد و هاوڕێکانی بە بارمتە گیرا بوون، خۆیشی لە ژوورەوە لەنێو پاڵتۆ و پێڵاوەکاندا لە تەنگەبەر دابوو، شاشەکەی بۆ ئەو ژمارەیەی کە شیرین پێیدابوو ڕۆشن کردەوە.

پەیوەندی بە ئازوورەوە کرد.

Scanned with CamScanner

# ئابڕووچوون

ئۆکسفۆرد، ٢٠١٦

پرۆفیسۆر ئازوور هەموو ئێوارەیەک لە دەمی خۆر ئاوابووندا دەچووە پیاسە. ڕێچکە کەڤنارەکەی دەگرتە بەر و لە ناوچە دارستانییەکان تێدەپەڕی، زەوییە بە هەڵدێرەکانی دەبڕی و چەندین کیلۆمەتر دەڕۆیشت. لە هەوای کراوەدا ڕۆشنایەک دەزایە زیهنییەوە، لە بیرکردنەوە ڕووکەشییەکان قوتاری دەبوو و دەیتوانی بە قووڵی بیربکاتەوە. مرۆڤ مەخلووقێکی سەمەرەیە. دەیتوانی ئەزمێک بۆ شەرماوەری و ئابڕووچوونیش بسازێنێت. زۆر شت کە نەیویستووە بەسەری هاتوون. لەلایەن کەسانی دیکەوە سەرزۆکنە کراوە، دادگایی کراوە و پەراوێزخراوە. بووبووە باسی گاڵتە و دەمەدەم. ئەگەر توانیبای بگەڕێتەوە تافی لاوی و کەسێک هاتبا پێی گوتبا لەو ئەکادیمیایەدا کە زۆرت خۆشدەوێت جێگەت نابێتەوە، ڕەنگە باوەڕی نەکردبایە. ئەگەر باوەڕی بکردبایە زۆر پەرێشان دەبوو. پێیوادەبوو کە ناتوانێ سەرەدەری لەگەڵ کارەساتێکی وەها ناخۆشدا بکات. ڕەنگە ئازووری گەنج زانیبای دەکەوێتە نێو بێشەرەفییەکی وەهاوە مردنی هەڵدەبژارد نەک ئەمە. بەڵام ئەوەتا هێشتا لێرە بوو، زیاتر لە دە ساڵ بەسەر ئەو ئابڕووچوونەدا تێپەڕی بوو. هەرچەندە حاشای لەوە نەدەکرد کە لە قوڵایی دڵییەوە زامدار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە ژیاندا بوو. فێربووبوو گوێ بەوە نەدات ئەوانی تر چۆن بیر دەکەنەوە. ئەمە بە ڕێگەی سەخت و زەحمەت

فێربووبوو.

بەر لە چواردە ساڵ ناچار بووبو واز لە ئەرکی مامۆستایەتی بهێنێت. لەوکاتەوە، سەرباری ئەوەی کە پەیوەستی خۆی لەگەڵ ئەو زانکۆیەی ڕۆژانێک پێی وابوو لانەی ئەوە پچڕابوو، بەڵام هێشتا درێژەی پێ دەدا - هاوشێوەی ناوکێکی سۆزدارانە کە چەندی دەیکرد نەیدەتوانی بیبڕێت. کەس نەهاتبوو داوای لێ بکات بێت و دووبارە دەست بە وانەگوتنەوە بکاتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەویش بۆ ئەوەی فاکەڵتییەکە و بەشەکەی خۆی بخاتە تەنگاسییەوە هەوڵی گەڕانەوەی نەدا بوو. ئەگەر مەبەستی بوایە دەیتوانی بچێت لە ئەمەریکا یان لە ئوستورالیا درێژەی پێ بدات. بەڵام مانەوەی هەڵبژاردبوو. کە بەرپەرسیاریتی کارگێڕی و باری وانەگوتنەوەی لەسەر شان نەما بوو کاتی زیاتری دابووە خوێندنەوە، دیفچوون و نووسین. ئەگەر بۆ ئەمانە ئەو ئاگرەی ڕۆحی داگرتبوو زیاد بکەین ئەوا بەو هاندانەوە کتێب لە دوای کتێبی دەنووسین. هەر کتێبێک کە لە ماوەی ئەو ساڵانە بڵاوکردبوونەوە ناو و ناوبانگی پتری بۆ ئەو دەستەبەر کردبوو.

لە هەموو سووچێکی دونیاوە خوێنەر و هەواداری هەبوون. بەجۆرێک بوو ئەگەر هاتبا و تاوەکو ئێستا لە ژیانی ئەکادیمیدا مابایەوە هەرگیز بەو پێگەیەی ئێستا هەیەتی نەدەگەیشت. ڕەنگە پلوتارک[1] لەسەر هەق بووبێت. ئەوانەی بە نووسراوی چارەنووس ڕازی بوون، دەستی دەگرتن و ئاڕاستەی دەکردن، هاوشێوەی خۆی، ئەوانەی لەهەمبەر ئەودا دەجەنگان بەزۆر ئاڕاستەی دەکردن.

هێشتا لەو ماڵە دا دەژیا کە پەنجەرە بالکۆنەکانی بەسەر

(1) Plutarch

دارستاندا دەیانڕوانی. لە باخچەکەیدا گیای خواردن، سەوزە و میوەی چاندبوون، تەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵک هاودەمی دەکرد. حەزی لە خواردن ئامادەکردن بوو. ژیانی بێدەنگ و بە نەزم بوو، حەزی دەکرد هەرواش درێژەی پێ بدات. جارجارە خۆشەویستی دەبوون، چیتر بۆی گرنگ نەبوو داخۆ ئەوژنانەی جێخەوەکەی لەگەڵ بەش دەکردن پەیوەندییان بە زانکۆوە هەیە یاخود نا. هێندەی باڵندەکان ئازاد بوو. سەمەرەیە بەڵام ئەو مرۆڤەی بە ناهەق لەلایەن کۆمەڵگە پەراوێز دەخرێن و مۆریان لێ دەدرێ لایەنێکی ئەم کارە ئازادبوونیشی دەبوو، کاتێک مرۆڤ ڕێز و ئیعتیباری خۆی لەدەست دەدا باری سووک دەبوو، هەموو ڕۆڵەکانی لێ دادەماڵدرێن و بخوازێ یان نەخوازێت لە ناخی خۆیدا خولدەخوات.

جارجارەش لەلایەن ڕۆژنامەنووسێک کە مەبەستی بوو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکات یان لە خوێندکارێکەوە کە قەستی بوو لەبارەی بۆچوونەکانی ئەوەوە تێزێک بنووسێت تەلەفۆنێک یان پۆستێکی بۆ دەهات. هەندێکیانی قەبوڵ دەکرد، هەندێکیشیانی ڕەت دەکردەوە. سەرەتاکان هەرکەسێک کە دەیەویست سوود لە نیانییەکەی وەربگرێت بە پێداگرییەوە ڕەتی دەکردەوە. سەرباری ئەو هەموو کاتەی بەسەردا تێپەڕی بوو، دەیزانی یەکەم پرسیار کە لێی دەکەن لەبارەی ئەو ئابرووچوونەوە دەبێت. لە کاتی چاوپێکەوتندا ئەگەر پرسیاریشیان لەو بارەیەوە نەکردبا لە نووسینەکانیان باسیان لەمە دەکرد. تا توانی ڕەتی دەکردنەوە. بەڵام ئەو دەستپێرانەگەیشتنە هێندەی تر ئەوی "سیحراوی" کردبوو لە چاوی خوێنەرەکانیدا. خوێنەرگەلێکی بەئەمەک هەبوو کە هەر ڕستەیەک کە دەینووسی دەیانخوێندەوە و بەشیان دەکرد. وەک

ڕۆژنامەنووسێک گوتی، "لەنێوان ئەو کەسانەی بیریان لەو سەردەم دەکردەوە کەسی کە زۆرترین بەشی لە نەفرەت و خۆشەویستی هەبوو" ئەو بوو.

دوای مردنی سپینۆزا هیچ سەگێکی تری وەخۆ نەگرتبوو. ئەو بڕیارەی زۆر کاتی پێویست نەبووبوو. ڕۆژێک بێچووە سەگێکی شوانان ڕومەن، کە قردێلەیەکی کاخەزی تەنکی بە یەخەیەوە بوو لەبەر دەرکەی پەیدا بوو - دیاری شیرین بوو بۆ ڕۆژی لەدایک بوونی. هەموو شوێنێکی لەشی خاڵ خاڵ بوو، بە کولک، بە مرخە و پێستێکی سپی. ئەو ئاژەڵە بۆ ڕاکردن لەنێو دارستانەکان و چرپ و چاڵ باش بوو، ئارام و ژیر بوو. هەر کە بینی خوێتی بۆ ئەو سەگە جۆشا. ناوێکی لێ نا کە لەو بارەیەوە ناوبانگی لە -خودا، دونیا، مرۆڤایەتی- ڕەشبینی دەرکردبوو، ناوی فەلەسەکاری ڕومەنی لێنا، ئەو ناوە لەگەڵ باری ڕۆحیشی دەگونجا. لەوێڕۆژێوە لەهەر دەرچوونێکی ئازور سیوران یاوەری دەکرد.

* * *

ئەم بەیانییە، شیرین بە سکی ئاوساو و گۆنا سووربووەوەکانییەوە دەەرکەی ئەوی کوتا. حاڵی ژنێکی دووگیانی هەبوو؛ شیرینیش یەکێک بوو لە ئەوان. ئەگەر تابلۆیەکی قەشەیەکی گوناهکار بوایە، هەڵبەت شیرین لە ناوەڕاستیدا دەبوو.

"دێیت وانییە؟ تکایە مەڵێ نا. بەخوا ئەو ناوە دەشێوێتم." وای گوت، لەکاتێکدا نینۆکە دەستکردە بە بۆیەی زەرد بۆیەکراوەکانی بە مێزەکەدا دەکێشان.

شیرین بووبووە ئەکادیمیستێکی باش، دوای ئەو ئابڕووچوونە ڕووی لە ئەمریکـا، لە زانکـۆی پرینسـتن کردبـوو، دواتـر گەڕابووەوە و لە زانکۆ کۆنەکەی خۆیدا دەستی بە وانەگوتنەوە کردبوو. سـەرباری جیاوازی تەمەن، شێوازی جیاوازی ژیان و ئەوەی سەردەمانێک خۆشەویست بوونە، هێشتا هاوڕێیەتییەکەیان پاراستبوو.

ئەمڕۆ ئاخوێوەرێـک کە مـایەی گەنگەشـەی زۆر بـوو لە هۆڵەنداوە دەهـاتە زانکۆکەیـان. نـزیکەی دوو سـەدەیە بەکتێبی ئۆکسفۆرد بانگهێشتی ئەو کەسانەی دەکرد کە خودان بیری جیاواز بوون. بەڵام تـاوەکو ئێستا هیچ کەسێک هێندەی ئەو کەسەی ئەمڕۆ دەهات هەرای نەنابووەوە.

"بـڕوانە، ئەو گوتـاربێژە هۆڵەنـدییە کەسـێکی ترسـناکە. نەتەوەپەرست. دوژمنی ژیانە. دژی یەکسانی جێندەرییە. دوژمنی ئاوارەکانە. دوژمنی ئیسـلامە، مونـای دامـاو بینیای جەڵتەی دڵ لێیـدەدا. هەتیـوێکی فاشیسـتە! وە ئـایینیش بەکاردەهێنێت. بێ شەرمانە دەڵێ، 'کەلامی خودام بۆ هێناون.' "

ئازوور پێکەنی. "کەسانی وەک ئەو هەتیوە زۆرن، زۆر باش دەکەیت ئەگەر پێیان ڕابێیت."

"پێیان ڕانایەم" شیرین وای گوت. "تکایە وەرە."

"چی لە من چاوەڕێ دەکەیـت گیـانەکەم؟ ئامادەبوونی من لەوێ بۆ کـێ مـانـایەکی هەیە، بەتـایبەت ئەو هەتیـوە؟ لە چاوی ئەوانـدا ئـابڕووچووێکم. جـگە لەوەش وازم لە گەنگەشـەی خوداوەند هێناوە. چیتر کاری لەسەر ناکەم."

"تۆسقاڵێک بروام بەوە نییە. دە وەرە ئیتر، تکایە."

دوای ئەوەی شیرین ڕۆیشت چاییەکی بۆخۆی ئامادەکرد و لەسەر مێزی ناندێنەکە دانیشت. ئەو گورزە ڕووناکییەی خۆر کە

لە نێوانی گەڵاکانی دارچنارێکەوە دەکەوتنە سەر ڕووخساری شێوەی سەیریان دروست دەکرد، هێڵە بەرچاوەکانی دەموچاوی دیاردەخست. ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی بە دەقکراوی لەسەر مێزەکە بوو. وتارێک لەبارەی ئەو بیریارەی کە گەنگەشەی باسە گەرمەکانی دونیا ئیسلام، ئاوارە، یەکێتی ئەورووپا، هاوسەرگیری هاوڕەگەزان دەکرد لە ڕۆژنامەکەدا هەبوو. پیاوەکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕاستەڕاست پەیوەندی لەگەڵ خوداوەند دەگرێت، هاوشێوەی ئەندامێتی لە گرووپێکی جیاواز.

کاتێک ئازوور فنجانی چاییەکەی بەرز کردەوە بازنەیەک لە دەورووی سەری ئەو ئاخێوەرە دروست بوو. "ئێستا هەر بەڕاستی پیرۆز دیارە" ئازوور وای بیر کردەوە و پێکەنی. بە بڕیاردانێکی لەپڕەوە هەستایەوە سەر پێ، چاکەت و سویچی ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگرت.

* * *

دوی بیست خولەک، کاتێک تارمایی ئەو بینایەی بۆی دەچوو لەسەر جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەی دەرکەوت، ژمارەیەک خوێندکار، کە لە دەرەوە کۆبووبوونەوە و پانکارتی دژ بە ئەو ئاخێوەرەیان بەرزکردبوووەوە ڕاوەستا بوون. خوێندکارەکان داوایان دەکرد ئەو ئاخێوەرە هۆڵەندییە پێ نەخاتە نێو زانکۆکەیان.

کوڕێک ڕێگەی پێ گرت. لە خوێندکارێکی قۆناغی یەک دەچوو. ئازووری نەناسی.

"بۆ ڕاگرتنی ئەو گیانەوەرە کەمپەینی کۆکردنەوەی واژۆمان دەستپێکردووە، دەتوانی واژۆی بکەیت؟" ئینگلیزییەکەی

ەکسانتی هەبوو بەڵام ئاهەنگێک لە قسەکانیدا هەبوو.

"کەمێک درەنگ نەکەوتوون؟" ئازوور وای گوت. "پیاوەکە دوای دە دەقیقەی تر دەست بە ئاخاوتن دەکات."

"کێشە نییە. ئەگەر بە ڕاددەی پێویست واژۆ کۆبکەینەوە، جارێکی تر کەسانی وا بانگهێشت ناکەن. هەروەها پلانی ئەوەمان هەیە خۆمان بخزێنینە ژوورەوە و ڕێگە لە قسەکردنی بگرین." قەڵەمێکی و پەڕەیەکی بۆ ڕاگرت.

"داوای لێبوردنت دەکەم کە نائومێدت دەکەم" ئازوور وای گوت. "واژۆی ناکەم."

سیمای خوێندکارەکە ئەدگارێکی بەکەمزانینانەی نواند. "دەی تۆش، من تۆم بە پیاو دانا. دیارە لایگیری فاشیستێک دەکەیت؟"

"نەمگوتووە لایگیری دەکەم. بەپێچەوانەوە."

بەڵام خوێندکارەکە هەر گوێشی لێ نەگرت. ڕۆیشت و لەگەڵ ئەوانی تر دوورکەوتنەوە. ئازوور بۆ ساتێک بێ بڕیار بوو.

"بوەستە!" بەپەلە بەدوایدا چوو.

خوێندکارەکە وەستا، سەرسام بوو.

"تۆ مسوڵمانی وانییە؟"

سەرێکی ڕاتەکاند بە مانای "بەڵێ".

"حەتمەن مەولانات خوێندووەتەوە. ئەو نیوەدێڕەت لەبیرە: *بە هەموو سەختی و زەحمەتییەکەوە تووڕە دەبیت و پڕ لە کینە، ئیدی چۆن ڕوون و درەوشاوەی دەکەیتەوە ئاوێنەی ڕۆحی؟*

دروست بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام نیوەدێڕێک بوو لەم جۆرە.

"چی؟"

"ئەوەی دەمەوێ بێژم، لێگەڕێ با ئەو هەتیوە خراپە قسان بکات. بە فیکر وەڵامی فیکر دەدرێتەوە، بە کتێب باشتر، دەکرێ

بە کتێبی باشتر وەڵامی بدرێتەوە. لە هەمبەر تەنز هەر تەنزە. هەرچەندە مرۆڤەکان گەمژە بن ناتوانی ڤیتۆیان بخەیتە سەر و بێدەنگیان بکەیت. ئەگەر وابکەین خۆمان دەبینە فاشیست، تێدەگەیت؟ قەدەغەکردنی ئاخێوەران چارەسەر نییە. بەتایبەت لەنێو کەشی زانکۆدا. ناتوانین بیری ئازاد بە زۆرینە سەرکوت بکەین..."

"پێشنیارەکان بۆخۆت هەڵگرە" کورە وای گوت. "هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە سووکایەتی بە ئایین و پیرۆزییەکانی من بکات. ڕێگە بە کەسانی وا نادەم قسە بکەن، دەستبەجێ بێدەنگیان دەکەم."

"بەڵام ت بیر بکەوە، ئەو پیاوە بە زمانی نەفرەت قسە دەکات. ئەگەر تۆ بە هەمان زمان قسە بکەیت ئەو بەهێز دەکەیت. ئەگەر بتوانی شێوازێک بدۆزیتەوە لە سەرووی نەفرەتەوە بێت، ئازاد دەبیت. سووکایەتیکردن بە سووکایەتیکردن نا، دەبێ بە درککردن و زانست وەڵام بدەینەوە."

"ئەم قسەیەش هەر هی مەولاناکەتە؟"

"نا ئەمە لە هاوەڵە گیانی بە گیانییەکەی ئەوە، هی شەمسە..."

"هیچ بۆم گرنگ نییە، وازم لێ بێنە" کورە گەنجەکە وای گوت و چووەوە لای هاوڕێکانی و سرتەیەکی لەگەڵ کردن. هەموویان وەرچەرخان و ڕێک و ڕاست سەیری ئازووریان کرد.

بۆچی نەیدەتوانی زمانی خۆ بگرێت؟ ئەو زمانەی کە بەدرێژایی ژیانی بەپێی پێویست بەڵای بەسەردا هێناون. پەنجەی نانە نێو قژە بژەکەی و چووە نێو بینای یەکێتی ئۆکسفۆرد. بە

دەروازەی بیناکەوە سەرەباسی ئاوخاوتنی ئاخێوەرەکە هەڵواسرا بوو: "ئەورووپا بۆ ئەورووپاییەکانە!"

هەندێک لە هاوپیشەکانی دەستی سڵاویان بۆ بەرز کردەوە. هەندێکیشیان خۆیان لێ لەبای گێلی دا. سەرشانێکی شەرم و نابەرچاوی بوو. کاتێک دەچووە نێو کۆمەڵگە بەسەر پشتیدا دەدا. چیتر خەمی بەوە نەدەخوارد، بە لایەنی کەمەوە وەکو جاران بۆی گرنگ نەبوو کە مرۆڤەکان چەند بە ئاسانی ئەوانی تریان دادگایی دەکرد و پەراوێزیان دەخست. لەو کاتانەدا پەری داهاتەوە بیر، خولیای بوو بزانێت داخۆ لە ئیستانبوڵ چی دەکات و چ ژیانێکی بۆخۆی پێکەوە ناوە. ئەگەر ئازوور بۆ ماوەی چەندین ساڵ مەحکوومی ئابڕووچوونێک بووبێت، هەڵبەتە پەریش بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەرگیری ئازاری ویژدان بووەتەوە. کێ چووزانێ کامەیان بۆ ڕۆحی مرۆڤ خراپترە؟

شیرین کە هاتنی ئەوی بە دی کرد، دەستێکی خستە سەر سکی و دەستەکەی تری بۆ بەرز کردەوە. هەیەجانەکەی هێندە کاریگەر بوو کە ئازوور خەمگین بوو. ئەوە ترسنۆک و درۆزنەکان نەبوون کە زرنگی ئازووریان شکاند. بەڵکو ئەو مرۆڤانە بوون کە نەیاندەتوانی دەستبەرداری ببن و هێشتا خۆشیاندەویست. بەڵام هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بوو ئەوانیش ڕوون ببنەوە. هەرچی ئازوور بوو ئەوەی ڕەتکردبووەوە. بە کردنەوەی دۆسییە کۆنەکان فشاری دەخستە سەر پەری.

"سوپاست دەکەم" شیرین وای گوت. "دەمزانی دێیت."

"زوو دەڕۆم. ناتوانم زۆر بەرگەی ئەو هەتیوە بگرم."

شیرین هەقی پێدا.

ئاخێوەرەکە پاش کەمێک هاتە سەر سەکۆ، جلێکی کشمیری ڕەنگ قاوەیی کراوەی لەبەردا بوو، بۆینباخی نەبەستبوو، ماوەی

سـێ خـوولەک باسـی لەو مەترسـییانە کـرد کە ڕووبەڕووی شارستانیەتی ئەوروپا دەبێتەوە. دەنگی بە ڕیتێکی حسابۆکراوەوە کز دەبوو و جارجارە دەبووە چرپەیەکی خنکاو. کاتێکیش دەهاتە سەر ئەو قسانەی کە ترسیان بەدوادا دەهات دیسانەوە دەنگـی بەرز دەکـردەوە. بانگەشـەی ئەوەی دەکـرد کە نەژادپەرست نییە. جارێ بە هیچ شێوەیەک دوژمنی بێگانان نییە. دڵخوازترین پاستەخانەی ژن و مێردێکی عەرب بەڕێوەی دەبەن، پزیشـکەکەی بە ڕەگەز پاکسـتانییە. بەڵام دەیگـوت دەبـێ دەرکەکانی ئەوروپا توونـد دابخەیـن. بەڕای ئەوە ئەوە تـاکە چارەسـەرییە. دەیگـوت کێشـوەری ئەوروپـا مـاڵی ئەوانە. کۆچبارەکـانیش بێگانەکـان بـوون. مرۆڤەکـان خـۆ هەروا لە خۆیانەوە بێگانـان فەرمـووی ماڵی خۆیـان نـاکەن. *با لە دەرەوە بمێننەوە.* خەڵکی *کوێن با لەوێ بن.* پیاوەکە بە ڕەوانبێژییەوە دەپەیڤی، زیرەک بوو. هاوشێوەی هەموو دیماگۆگەکان دەیزانی لەکوێدا گاڵتەیەک دەکات.

کێشـەی ئەوروپا هەڵبڕانـی بـوو لە خوداوەنـد. ئەو کێشـوەرە گەورەیە بێـدین بووبـوو. ئەمە هەڵەیەکـی مێژوویـی بـووە. ئیتر کـاتی ئەوەیە کە ڕزگـارکەر بگەڕێـتەوە- بێـتەوە نێـو ژیـانی ئەکادیمی و ژیانی گشتی-. دەبوو ئایین باڵادەست بێت بەسەر ژیانی گشتییەوە. نابێ ئازادییەکان وابەستەی بێ خودایی بکرێت. لەکاتێکدا کە بەربەرەکان دەرکەیـان لـێ گرتـووین، ئەوروپا بە گەنگەشەی پڕوپووچ -هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکان بە نموونە- کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن. ئەگەر مرۆڤەکان هاوڕەگەزخوازییان هەڵبژاردبا، دەبێ قەبوڵی ئەنجامەکانیشی بکەن. بەڵێ، ئەوە بژاردە بـوو نەک لە لە ئەزەلەوە بێـت! ئەگەر خـودا هاوسـەرگیری -بەوەی ژن و پیاوێـک بەیەکەوە هاوسـەرگیری بـکەن- گوتبـا

نەودەم داوای ئەمەیان نەدەکرد. ئەو پشێوییەی ئێستا -تیرۆریزم، کێشەی پەنابەران، قەیرانی ئابووری- هەموویان وانەی خودا بوون بە مرۆڤەکانی دەدا. کاتێک کۆمەڵگەکان لە ئایین و ئیمان دەردەچن ئەوەتا ئەو جۆرە بەڵا و کارەساتانەیان تووش دەبن.

"خودا لێرەیە هاورێیان. هەوڵیاندا لە زانکۆکان وەدەری بنێن. بەناوی عەلمانیەتەوە ئایینیان سەرکەوت کرد. بەڵام ئەو، بە هەموو گەورەیی خۆیەوە لێرەیە. من تەنیا ئاخێوەرێکی ناچیزم. هەرچی لە دەمی منەوە دەبیستن بزانن کە کەلامی خودایە!"

ئازوور، کە لەنێو ئامادەبووانـدا دانیشتبوو بەرگەی نەگرت و بەدەنگ پێکەنی. ئەو دەنگە بوێرانەی بێدەنگی نێو هۆڵەکەی دڕی. هەمـــوو چاوەکـــان ڕووەو ئەو وەرچەرخـــان. چـــاوانی ئاخوێوەرەکەش هەروا.

"وای، وای! کـێ لەبەردەمـم دانیشـتووە؟ ئەگەر هەڵە نەبـم پرۆفیسۆر ئازوور تەشریفی هێناوە، بە ئامادەبوونـت شـەرەفمەندی کـردم" ئـاخێوەرەکە بە گـاڵتەوە وای گـوت. "ئەگەرچـی چیتـر پرۆفیسۆر نییە."

ئامـادەبووان -هاوپیشـە و خوێنـدکارەکان- بـۆ ئەوەی باشـتر ببینن ملیان درێژ کرد و ورتەورت شەپۆلی بەنێو هۆڵەکە دەدا. ئازوور بە ئەسپایی هەستایەوە سەر پێ. ڕوخساری شیرین، کە لە تەکیدا دانیشتبوو وەک خێوێک سپی هەڵگەڕا بوو.

"هەق بەتۆیە، چیتر وانە ناڵێمەوە."

لێوەکانی هەڵقورچانـدن، "بەڵـێ، بیسـتوومە" ئـاخێوەرەکە وای گوت. "ئەو هەواڵە تا هۆڵەندا بە ئێمە گەیشت." بە مانای ئەوەی کە لە حاڵی تێدەگات بزەیەکی ساختەی کەوتە سەر ڕوخساری. "بەڵام دەزانـم کە خـودای گەورە تـۆ بە ئیشـکی پەشـیمانی

ڕۆشناییت دەخاتە سەر. منیش لای خۆمەوە نزات بۆ دەخوێنم."

"پێویستم بە نزای تۆ نییە" ئازوور وای گوت. "جگە لەمە کێ گوتوویەتی من لە تاریکدام؟"

"ئێهـ، خۆی بەرچاوە..."

ئازوور ڕێک و ڕاست وەستا بوو. "ئەگەرچی گوناهکارم، ئەگەرچی هەرچی خراپەیە لەمندا هەیە. بەڵام ئەگەر خودا هەبێت و وەک تۆ دەڵێی ڕێگەت نیشان بدات، کەوابێ هەمووومان دەکرێ ئومێدمان هەبێت. چونکە ڕەنگە ڕۆژێک بێت هەتیوێکی توندڕەوی مێشک جاڵجاڵۆکەی وەکو تۆش دەگۆڕێت. ڕەنگە ڕۆژێک بێت، تۆش لە پێشداوەری پاک دەبیتەوە، کێ چووزانێ."

"وای چەند جوانە" ئاخێوەرەکە وای گوت. "با ڕۆژێک بەبەرچاوی هەموانەوە گەنگەشە بکەین.. زۆر خۆش دەبێت. بەڵام بۆ ئێستا بە یارمەتیت، ئەم خەڵکە هاتوون گوێ لە من بگرن، نەک تۆ."

وە دوای ئەوەی ئەمەی گوت، ئەو پیاوەی سەر سەکۆکە ئازووری وەها بەپێوە لەوێداهێشتەوە و دووبارە درێژەی بە قسەکانی دا.

* * *

شەو کاتێک ئازوور گەڕایەوە ماڵەوە مووچرکێکی پێدا هات. ماچێکی بە ئاراستەی ئەو وێنانەی بە دیوارەکەوە بوون، ئەو فەخفوورییانەی بە دەوری ئاگردانەکەوە بوون و پۆستەری ژنە کۆچکردووەکەی هەڵدا. ئەو لازانیایەی لە ڕۆژی پێشوو مابووەوە کەتێو بەفرگرەکە دەرهێنا، نیوەی دایە سەگەکەی.

ڕێک لەو کاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیدا. ژمارەیەکی نەناسراو بوو، دەتگوت ژمارەیەکی نێودەوڵەتییە. بەهۆی ئەوەی حەواسی قسەکردن لەگەڵ هیچ کەسێکی نەبوو بڕیاریدا هەڵینەگرێت. لەپڕ دەنگەکە پچڕا، بێدەنگییەکی کوشندە داکەوت. سیوران، کە لە بن پێیەکانی بوو بە هێواشی جوڵا. دیسان تەلەفۆنەکە لێیدایەوە. ئەمجارە دەنگێک لە ناخەوە چرپاندی کە پێویستە وەڵامی بداتەوە و دەشێ گرنگ بێت.

دەسکەوانەکەی هەڵگرت. لەوسەری تری هێڵەکە، لە ئیستەنبوڵەوە، پەری بوو.

# سێ خوو

ئیستانبول، ٢٠١٦

سەرجەم میوان و کارکەرەکان بەرانە سەرەوە، ژووری کارکردن. پەری لەنێو دۆلابەکەدا گوێی لە دەنگی پێیەکانیان دەبوو. بەڵام ئێستا بێدەنگییەکی ڕەها حاکمی شوێنەکە بوو. تەلەفۆنەکەی توند بەدەستییەوە گرتبوو و چاوەڕێ بوو زەنگی تەلەفۆنی ئەوسەری هێڵ لێ بدات. لەو ساتەدا کە لەپڕ گوێی لە دەنگی ئازوور بوو گەرووی گیرا.

"ئەلوو؟"

ئەو تۆنە ئاشنایە مووچڕکەی بە دڵیدا هێنا. زەمانی پارە پارە بوو. ئەو ڕابردووە هاوبەشەیان بووە ئاو، بە برینەکانیدا دەڵا. بۆ ساتێک هیچ قسەیەکی نەکرد.

"ئەلوو؟ کێیە قسە دەکات؟"

وشەکان هێندە شێتانە دەردەچوون پەری وەختەبوو تەلەفۆنە دابخاتەوە. بەڵام ئیتر ماندوو بووبوو هێندەی لەخۆی ڕابکات، کاتی ئەوەبوو بەرەوڕووی ترس و ئارەزووەکانی ببێتەوە.

"ئازوور... منم، پەری."

"پەری" ئازوور وەها دووپاتی کردەوە و وەک ئەوەی سەختی کێشا بێت لە هێنانەوەیادی ناوەکەی، وەستا.

دڵی پەری خێرا لێی دەدا. هۆشی جێگیر نەدەبوو. بەڵام کە دووبارە دەستی بە قسەکردن کردەوە دەنگی ئارام بوو. "دەبوو زووتر پەیوەندیت پێوە بکەمەوە. ترسنۆکم."

Scanned with CamScanner

ئازوور بێدەنگ ما. دەیزانی ئەو ڕۆژە هەر دێت، بەڵام هیچ پلانێکی بۆ دانەنا بوو.

"هەژەندەیەکی چەند جوانە گوێم لە دەنگتە" دواجار وای گوت. وەک بڵێی دەیەویست شتێکی تریش بڵێت، بەڵام پاشگەز بوویەوە. "باشیت؟"

"زۆر نا" پەری وای گوت، بەڵام زیاتر ڕوونکردنەوەی نەدا. نەیگوت لەوماڵەی تێیدا پیاوانی چەکدار هەڵیانکوتاوەتە سەر. ئەوەیشی نەگوت بەهۆی ئەوەی شەحنی کەمە لەگوێنە لەپڕ قسەکانیان بپچڕێ. تەبای دەنگی ئازوور دەنگی سەگێکیش هاتە گوێی. "سپینۆزایە؟"

"سپینۆزا مرد، گیانەکەم. هیوای ئەوە دەخوازم کۆچی دونیایەکی باشترت کردبێت."

پەری بێدەنگانە دەستی بە گریان کرد. "داوای لێبوردنێکت قەرزدارم ئازوور. دەبوو بێم و لەبەردەم دامەزراوەی ئێتیک قسە بکەم. تۆ هیچ خەتایەکت لە هەوڵە خۆکوژییەکەی مندا نەبوو."

"خۆت خەتابار مەکە" بە دەنگێکی نەرمەوە ئازوور وای گوت. "دۆخێکت نەبوو تا بتوانی بڕیارێکی لۆژیکی بدەیت. هەروەها زۆریش گەنج بوویت."

"بەپێی پێویست گەورە بووم."

"منیش دەبوو هۆشیارانەتر هەڵسوکەوت بکەم."

پەری چاوەڕێی بیستنی ئەم قسە نەبوو. وادیارە لەو ماوە درێژەدا بەقەد ئەوەی دەترسا هێندەش ئازوور نەفرەتی لێ نەکردووە. لەباتی ئەمە خۆی خەتابار دەکرد.

*دوایین کتێبەکەتم خوێندەوە، پەری ویستی ئەمە بڵێت. لەوکاتەوە هەر شتێکت چاپ بووبێت خوێندوومەتەوە... گۆڕاوی. شێوازەکەشت جیایە. چیتر بڕوات بە ڕێگەی سێهەم*

*نیـیە، بـۆچی؟ وەسـتاویت، هەر دەڵێـی ئەهـوەن بـوویەتەوە. وشەکانت وەک جاران ئاگرین نین. بەڵام نازانم ئەوە ئاماژەی باشەیە، یان یاخود خووەکەت لەدەستداوە؟ هیوادارم وا نەبێت.*

هـیچ کـام لەمـانەی نەگـوتن. لەپـڕ دەنگـی پێـی هەڵێـک و ڕاکەڕاک هـاتە گـوێ. دەنگـی تەقەتەقێکـی دور. ئـاڵۆزییەک. شتێکی قورس کەوتە سەر ئەرز. ڕەنگە کەلوپەلێک بووبێت، یا جەستەیەک. کەسێک قیژاندی. دەنگی تەقەیەک هەوای بڕی.

پەری لەرزی، دەنگی کرخەی گەرووی دەرچوو.

"ئەوە چی بوو؟" ئازوور پرسی.

"ئەوە... هیچ شتێک نەبوو." دەمی تەتەڵەی کرد. وەک چۆن لە منداڵییەوە جار جارە وای کردووە.

"ئەوە لەکوێیت؟"

*لەنێو دۆلابـی کۆشـکێکی شـاهانەدام، کە هەتیوگەلێـک بە چەکەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر.* نەخێر، شتی وای بەو نەدەگوت.

ئـازوور لەو شـتانەی بە خەیاڵیـدا دەهـاتن و ئەو دۆخە نـاهەموارەیش کە پەری تێـدا بـوو، بـێ ئاگـا بـوو. "کاتێـک یەکتریمان ناسی" وای گـوت، "بیرم لەوە کـردەوە ئەو کـچە بە خـۆی نازانێـت، بەڵام سـێ خـووی بنچینەیـی لەودا هەن کە بێرتراند ڕاسڵ باسی کردوون: تامەزرۆیی بۆ عەشق، گەڕان بۆ زانین، مەیلداری بەلای هەڵگرتنی خەمی کەسانی دیکە."

تەمێک کشایە سەر ڕووی پەری.

"هەرسێکیشـیان لەتـۆدا هەن" ئـازوور وای گـوت. "ئەو حەسرەتەی بۆ عەشق هەتە بێ پایانە. هەروەها هەوڵیشت بۆ زانین و فێربوون. ئەو میهرەی بەرانبەر ئەوانی تر هەتبوو قـووڵ بـوو، هەنـدێکجار لەسـەر حسـابی خـۆمەحفکردنەوەت. بۆتـۆ نیگەران بووم. ڕەنگبێ لە هەمـان کاتـدا لێشت تووڕە بووبم.

لەتۆدا ژنێکم بەدی دەکرد کە پێشتر ناسیومە."

"ژنەکەت؟" پەری بەپارێزەوە ئەمەی گوت.

"نا ئەزیزم. ژنێک بوو بە ناوی نوور. بۆ من زۆر تایبەت بوو. خەمی ئەوەم بوو چۆن ئازاری ئەوم دا ئازاری تۆش بدەم. ڕاستییەکەی ئەوەیە، من، بۆ هەموو ئەوانەی کەوتنە نێو بێبەختی خۆشویستنی من خەمگین بووم و داوەشام."

"جگە لە شیرین."

"ڕاستە، ئەو نەدەدۆڕا، واتە وا دەبینرا. گەنج بوو، بەڵام بەهێز بوو، پێداگر بوو. بەرانبەر ئەو خەمی هیچ شتێکم نەبوو. وەک ئەوەی هەرگیز هیچ شتێک بەرانبەر وی خراپ نەبێت."

"عەشقێکت دەویست کە بە هیچ شێوەیەک هەستی خەتاباری لەخۆیدا هەڵنەگرێت."

"ڕەنگبێ" ئازوور وای گوت. "دەبینی، تۆ چاوەڕوانی داوای لێبوردن کردنت لە خودا هەبوو، منیش بە دزییەوە بەدوای ڕێگەیەک دەگەڕام بۆ داوای لێبوردن کردن لە خودا."

شەحنی تەلەفۆنەکە سوور بوو. "ئەگەر تکات لێ بکەم دەتوانی شتێکم بۆ بکەیت؟" پەری وای گوت.

"دەی بێژە بزانم."

"با ئێستا وانەیەکی تر بخوێنین، بۆ دوایین جار."

ئازوور پێکەنی. "مەبەستت چییە؟ لەبارەی چییەوە؟"

"لەبارەی عەشق، لێبوردن و زانین! بەڵام ئەمجارەیان من مامۆستا دەبم، تۆش خوێندکار."

"مەرجە دەبێ تێبینی بنووسم؟" ئازوور بە تەنزەوە وای گوت.

"بە گیان گوێم گرتووە."

"باشە" پەری وای گوت. "وانەی ئەمڕۆمان لەبارەی ئیبن عەرەبی و ئیبن ڕووشدە. ئەو دوو عاریفە کاتێک بۆ یەکەمجار

بەیەک گەیشتوون ئیبن ڕووشد فەیلەسووفێکی پایەدار و ئیبن عەرەبیش خوێندکارێکی گەنج بووە. زوو لەوە تێگەیشتوون کە هەردووکیان سەوداسەری زانست و عەشقن، لێیان عەیان بووە. بەڵام زۆریش جیاواز بوونە."

"واتە چۆن جیاواز بوونە؟"

"مرۆڤ چۆن زانیاریی خۆی لەبارەی (جیهانی بچووک- Microcosmos) و بۆ گێتیش (گەردوون - Macrocosmos) پەرە پێدەدات؟ وەڵامی ئیبن ڕووشد بۆ ئەمە بیرکردنەوە بوو هەرچی ئیبن عەرەبی بووە پێیوابووە بە گەڕانی هۆشەکییانە. کاتێک بەیەک گەیشتوون ئیب ڕووشد لە ئیب عەرەبی پرسیوە: *ئاخۆ هەقیقەت بە عەقڵ و لۆژیک ئاشکرا دەکەین؟*"

"باشە ئیبن عەرەبی چی وەڵام داوەتەوە؟"

" 'هەم بەڵێ، هەم نەخێر' وای گوتووە. 'لەنێوان بەڵێ و نەخێردا ڕۆح لە ماددەکەی جیادەبێتەوە و عەقڵیش لە بەدەن' وای گوتووە."

"ڕوونی بکەرەوە. تێناگەم."

"من بەردەوام لە لێواری 'بەڵێ' و 'نەخێر' دا بووم. هۆشی ئاڵۆز کردم، ئەم دۆخە ڕۆحی خنکاندم. بەڵام منی کرد بە من. لە هەمان کاتدا تەنهاییمی قووڵتر کردەوە." هەناسەیەکی قووڵی هەلکێشا. "باسی منداڵەکەی ئێو ئەمم بۆ کردیت. ئەگەر بزرکاندن نەبێت، ئەوا جۆرێکە لە زانین کە تۆ پێشتر نەتزانیوە. ئەگەر لە جیاتی تۆ ئەکادیمیسیەنێکی تر یاخود زانایەک بوایە گاڵتەی پێ دەکردم، بەڵام تۆ نەتکرد. هەمیشە بۆ تازەگەری کراوە بوویت. بۆیە سەرمەستی تۆ بووم."

"باشە لە کوێدا ئاستەنگی تێکەوت؟"

Scanned with CamScanner

"من زیاد لە پێویستی سەرسامی تۆ بووم" پەری وای گوت. "هەندێکجار ئەو کەسەی ئاشقی دەبین هێندە لە زیهنی خۆماندا گەورەی دەکەین، لەپڕ سەیر دەکەین بووەتە خوداوەند. کاتێکیش وەڵامی عەشقەکەمان ناداتەوە ئەمجارە خوداکەمان دەکوژین، بە یەک هەڵمەت."

"لە ڕاستیدا عەشقیش وەک بڕوا وایە" پەری درێژەی پێدا. "بەبێ ئەوەی کۆتاییەکەی بزانیت خۆتی تێ فڕێدەدەیت. لەم دونیایەدا زۆر شت لەسەر بڕوا کار دەکەن. نووسینی کتێبێک. نیشتەجێ بوون لە شارێکی تازە. چوونە نێو ئەو ماجەرایانەی کە کۆتاییەکەیان نازانیت. هەموویان بە جۆرێک بڕوان. عەشق ئەم هەستە پەرچ دەکات. دۆخێکی شێتانەیە. جوانی وابەستەبوون بەکەسێک لەو دیوی سنووری خۆتەوە. بەڵام کاتێک مرۆڤ خووی بداتە عەشق -یاخود بڕوا-، هەموو شتێک دەبێتە دۆگما. نابێ زیادەڕەوی نە عەشق نە لە بڕوادا بکرێت. نابێ هیچ شتێک بە بت بکرێت."

بەو شێوەیە درێژەی پێدا. تا دەهات دەنگی بەهێزتر دەبوو، چاوی بە تاریکی ڕاهاتن، بە تەلەفۆنێک کە ڕۆشن دەبوو و دەکوژایەوە هەوڵی دەدا درێژە بە وانەپێدانی پیاوێکی بدات، کە لە دەرەوەی ئۆکسفۆرد لە ماڵێکدا بە تاکی تەنێ بوو. هەرچۆنێکە دەکرا بەپێچەوانەکەیشی بێت: دەکرا ئازوور لە مەترسیدا و پەری لە تەناهیدا بێت. ئەمڕۆ پەری مامۆستا بوو، ئازوور خوێندکار. لەم دونیایەدا بەردەوام ڕۆڵەکان دەگۆڕان، ئەتۆمەکان لە شوێنی خۆیاندا نەدەوەستان، بەردەوام لە حاڵەتی جووڵەدا بوون. شێوەی ژیان بازنەیی بوو، وە بازنەکەش بە دووری یەکسان لە چەقە بوو - دەتوانی ناوی خودا، یان عەشق، یاخود شتێکی تر لەو چەقە بنێیت.

دەنگی ئاژیری پۆلیس کە لە خانووەکە نزیک دەبوونەوە بیسترا. دوای چەند دەقیقەیەک هەموو شتێک دەگۆڕا - یان دەستپێکێکی نوێ یان کۆتاییەکی زووتر هاتوو. لەپڕ تەلەفۆن کوژایەوە. لە هەناسەی خۆیدا هەستی بە هەناسەکانی ئازوور دەکرد. دڵی لەنێو دڵی لێی دەدا. بە ئەسپایی دەرکەی دۆڵابەکەی کردەوە. چووە دەرەوە. پەری هەنگاوێکی بەرەو ئازادی هەڵێنا، هەنگاوێکی تریش.

TN 2016

Scanned with CamScanner

شیرین، مونا و پەری...

گوناهکار، بڕوادار و گومانبار، سێ کچی هێندە جیاواز چۆن بەیەکەوە کۆدەبنەوە! دەکارن ببنە هاوڕێ! بگرە ئەوەی ببنە دەستەخوشکی یەکتری! ئەلیف شەفەق بە زمانە ئەفسووناوییەکەی و لێزانیی چنینی ڕووداوەکانەوە دەمانباتە گەشتی گەڕان بەدوای بڕوا، بێباوەڕی و لێگەڕین و هەروەها گەنگەشە لەبارەی خوداوەند، زانست، ناسنامە، سەرپێبوون، ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا.

"سێ کچەکەی حەوا"

ڕۆمانێکە لە ڕێی کاراکتەرە بزێوەکانییەوە هەنووکەییترین گەنگەشەی دێنێتە ئاراوە، کە ئێستا لەنێوان تورکیا و ئەوروپا، دوێنێ و ئەمڕۆدا هەیە.




8,000 IQD
9 786050 935776

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAM PUBLICATION
+964 750 773 71 76
info@fam.pub • www.fam.pub
FAMpublication

Scanned with CamScanner